# پێشەنگ ژمارە: ٩

**پاییزی ١٣٨٤ی هەتاوی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



**تویێشووی داهاتوو:**

**سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی شاعیری چەپ و شۆرشگێر "نازم حیکمەت" ئەدوێ.**

**چاوەڕێی بابەتی هاوکارانی خۆشەویستین.**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد سالحی

سەرنوسەر: سەعید ئەمانی

سکرتێری نوسین: یونس. م

دەستەی بەرێوەبەر:

بێستون

کەیوان ئەفروز

شورش موحەممەدی

روبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی

ئیمەیل: peshang2@msn.com

تەلەفون:

07701934573
07701367543

قیمەت: ١٠٠٠ دینار / ٦٠٠ تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ڕاگەیاندنی کەڕوکوێر

ئەرکی ڕاگەیاندن چی بێت، ئەگەر باسکردن لە ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەك خۆی نەبێ؟

ڕاگەیاندنی خۆبەبەرپرسزان هەوڵ دەدات لە کاروانی گەیاندنی ڕاستییەکان بە جەماوەر بەجێ نەمێنێ و هەڵوێستی خۆشی لەسەر بڵێ.

هاوینی ئەمساڵ زنجیرەیەك خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری، کە چەغماغەکەی لە شاری مەهابادەوە لێدرا، زۆربەی هەرەزۆری شارە کوردنشینەکانی ئێرانی گرتەبەر. لەم ڕوداوانەدا لانی کەم ٢٠ کەس لەسەر شەقامی شارەکان خەڵتانی خوێن کران و گیانیان بەخت کرد. بۆ ماوەی نزیك بە ٤٠ ڕۆژ شارەکانی کوردستانی ئێران دیمەنی دەیان شانۆی پڕحەماسەیان بەدژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەخۆیانەوە دیت و مانگرتنی ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژیش لوتکەی ئەم بزاڤە شۆڕشگێڕانەیەی جەماوەری خەڵك بوو.

ئەوەی جێگای باسە و دەمهەوێ قامکی ڕەخنەی بۆ درێژکەم، هەڵوێست و خۆ کەڕوکوێرکردنی دەزگای ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستانی عێراقە کە سەربەخۆیە و لە جیات یەك، دوو حکومەتی کوردی تێیدا حوکمڕەوایە. شاراوە نییە کە ڕووداو و پێشهاتەکانی هەموو پارچەکانی کوردوستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر یەکتر کاریگەرییان هەیە و کار دەکەنە سەر یەك. حەرەکەتەکانی جەماوەری ٢ و ٣ساڵی ڕابردوو لە کوردوستانی ئێران شاهیدی ئەم ئیددیعایەیە. کۆڕەوەکە ئەم ئیددیعایە دەسەلمێنێ و دەیان و سەدان نمونەی تر..... .

ئەوەی جێگای تێڕامانە و بەڕاستیش جێگای ئەسەفە ئەوەیەکە، چ ڕاگەیاندنی ڕەسمی و حوکمی و چ ناحوکمی و بەناو ئەهلی، جگە لە چەند دانەیەکیان نەبێ، سیاسەتی بێدەنگییان گرتەبەر.

ڕەنگە بەلای ئەم دەزگای ڕاگەیاندنەوە، سەردانی بوش لە کێڵگەکەی، گرینگتر و هەواڵتر بێ لە خەباتی ٤٠ ڕۆژی خەڵکی پارچەیەکی کوردوستان کە ٢٠ کەسیان بووە قوربانی، لەدژی ڕژیمێکی هاروهەوسارپچڕاوی وەك کۆماری ئیسلامی.

یان ڕەنگە پێیان وابێ ئەوە تەنیا تانك و تەیارە و سەربازەکانی ئامریکان کە شاکار دەخوڵقێنن، نەك جەماوەرێکی مافخوازی ڕاپەڕیو، کە تەنیا و تەنیا داوای مافی ئینسانی خۆیان دەکەن.

بەڕاستی میدیای کوردی لەم پارچەیەی کوردوستان شاکاری خوڵقاند، پیرۆز بێ! سەلماندی میدیا لێرە خەسیوە و لاپەڕە ڕەشکردنەش تەنیا بۆ پارووییە.

ئەسەف بۆ میدیا و ڕاگەیەنەرە کەڕو کوێرەکان، کە هاواری کەڕی و کوێرییان زەمینی کەڕوکوێر کرد.

سکرتێری نووسین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- کورتە باسێك لە سەر ئەدەبیاتی داستانی دوای شورش ٦

ن : عەلی ئەشرەف دەروێشیان و: سەعید ئەمانی

- مێژووی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ١٢

ع.شوان بەشی دووەم

- براوانە کە عیشق چۆن دەئاژوێ ٢٧

ن: مەحمود موعتەقەدی و. مانی شەهامی

- شیعر هەستی باڵ گرتووی مروڤ بەرەو عەدالەتە ٣٢

ن: کاوە کەریمی

- ناتەبا ٣٥

ن: کاوە کەریمی

- فاشیزم ٣٨

"وتەکانی برتولت برشت لە یەکەمین کونگرەی جیهانی نووسەراندا"

پاریس، ژوئن١٩٣٥

و: مەجید مارابی

- ئیندێکسی بابەتەکانی گۆڤاری ((پێشەنگ)) ٤٣

لەژمارە (١-١٥) (١٩٨٥ ـ ١٩٩٥) زایینی (١٣٦٤ـ ١٣٧٢)هەتاوی

بەشی یەکەم گۆڤاری پێشەنگ بەکوردی ن: ئەنوەر حسێن

(أ.بازگر)




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# کورتە باسێك لە سەر ئەدەبیاتی داستانی دوای شورش

ن : عەلی ئەشرەف دەروێشیان
و: سەعید ئەمانی



ئەگەر لە دلّتا جێم هەیە تۆزێك
ساتێك لە شادی خۆبپارێزە ،
ئالەم جیهانە پڕ ناسۆرەدا، هەناسەكانت ئاوێتەی ژان كەو
بە سەرهاتی من بۆ گشت بەیان كە .
((هاملت )) شكسپیر

داهێنان و نۆی بوونی بەرهەمی هونەری ،بە تاییبەت ئەدەبیات ،بێشك سەر چاوە گرتوو لە ژیانی تاییبەتی هونەرمەند و نوسەرەوەیە .شوێنەوار و شوێن پیّ ڕەنگدانەوەی ئەزمونەكان ،تێك هەلّچوونە ئیدئۆلۆژیكیەكان و ژیانی هەر نوسەرێك لە بەرهەمەكانیدا بە چەشنێك ڕەنگ دادەداتەوە و دەردەكەویّ.پڕ ڕەنگی و كەم ڕەنگی دەركەوتنی ئەم ئەزموونانە بە تەواویپەیوەندی بە حەز و ئارەزووی نوسەر سەبارەت بە سەر بەخۆیی روحی و عیشق بە ڕزگاری و دیموكراسی بۆ ئەو كۆمەلّگایە هەیە كە لەو دا ژیان بە سەر دەبات .

نووسەرێكی كە لە جەنگەی ژیانی پڕ چەرمەسەریّی خۆیدا بە هۆی وەدەست هێنانی ئەزمونی جۆرا و جۆرە وە گەیشتۆتە ئەم ئاكامە كە دەبیّ دوژمنێكیسەر سەختی نابەرابەری كۆمەلاّیەتی بێت ،چۆن ئەتوانیّ لەم هەل و مەرجە دا و لە شەرایەتی ئێستا دا،كار بكات ،نووسراوەكانی هەر نووسەرێك ،نوێنەری دیدگا كۆمەلاّیەتی و سیاسیەكانی ئەوە .بە هەر ڕادەیەك نووسەر لە ڕوانگەی ئەدەبی یەوە هونەرمەند تر بێت ،یەك دەست كردنی تەرح و نەخشە ،كەسایەتیەكانی داستان و ڕوانگەی سروشتی تر و شیاوی پەسەند تر دەبێت و زۆر جار بەرهەمی نووسەرێك لە بەر لایەنگیری ئاشكراو كەلّك وەرگرتنی ڕوون و بە تەواوی بەر چاو لە كەسایەتی گەلێك كە هەلّگری ئەفكار و بیرو بۆچونێكی تایبەتین ،سەدەمەی ویّدەكەویّ . ڕەنگە نووسەرێك بتوانیّ ئەم كەمایەسیە تا ڕادەیەك بە هۆی شارەزایی و لێهاتوییەوە لە بواری گێرانەوە و ڕوایەت پەردازی و كەلّك وەرگرتن لە وت و وێژ گەلی سەرنج ڕاكێش و هێندێك جار لە ڕێگای توانایی خولّقاندنی كەسا یەتیگەلی زیندوو خاوەن ڕۆح و جێی باوەڕ، قەرەبوو بكاتەوە .بەلاّم خراپترین بەرهەمی نوسەرێك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو بەرهەمانەن کە شوێنەواری دەمار گرژی وشك و دژواریان پێوە دیارە .هەر یەك لە بەرهەمەکانی نوسەرێك کە تایبەت بە سەردەمەکەی خۆیەتی ،پێویستە سەنەدێك بێت بۆ مەحکومکردنی ئەو کۆمەڵگا نابەسامان و ستەملێد راوەی کە تێیدا ژیان دەباتە سەر .

کۆمەڵگایەکی کە تێیدا ئێسقانە باریك و ناسکەکانی مناڵان لە ژێر باری تاقەت پروکێن و لەبەر ئاگری کورەخانەکان و لە بەردەم داری سەر لە میچ قایم بووی قاڵی دا دەهاڕدرێ و ناڵە و هاواری ژنان و پیاوانی زۆر لێکراو بە گوێی کەس ناگات.هونەرمەندێکی هەستیار ناتوانێ لە بێعەداڵەتی و سەرکوتی سیاسی بە دور بێت .بێعەداڵەتیەکی کە لە بێ ڕەحمی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری سەرمایە داریەوە سەر چاوە دەگرێ و سەرکوتێکی سیاسی کە سەمەرەی کردەوەکانی هێندێك دەوڵەتی سەرکوت گەر و خود کامەیە.دەوڵەتێکی کە لەبەر خسڵەتی پاوان خوازانەی هێدی هێدی بە بارێك دا دەکەوێ کە ئاکامەکەی لەدەستدانی پەیوندی نێوان خۆی و جەماوەرە .وەها دەوڵەتێك تەنیا لە بیری پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی خۆی دایە لە ئاکام دا خەڵك تایبەتمەندیە باشەکانی خوڵقاندن و هەوڵ بۆ دەستە بەر کردنی سلامەتی ئەخلاق و باشتر ژیان لە دەست دەدات و دەبێتە قوربانی ئەو بەلا سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەیرانانی کە ئەو حکومەتە بۆی بە دیاری هێناون .لەوە ها هەل ومەرجێك دا ڕەنگە کۆمەڵگا جارناجارێك بە هۆی ناکامیەکان ،غەم و پەژارە و قینێکی کە سەبارەت بە سەرتاپای هەل و مەرجێکی کە لە ئارادا لە دڵ دا هەڵی گرتوە دەست بداتە شۆرش و دوای سەرکوتێکی وەحشیانە دیسان بکەوێتەوە سەر ڕواڵی ژیانی ئاسایی و بۆ دابین کردنی خەرج و مەخاریجی ژیانی دەست بداتە کار گەلێکی جۆراو جۆر ،بگرە کار گەلێکی بێ بایەخ و ناتەبا لەگەڵ شەئنی مرۆڤدا و بەردەوام لە مەسیری هاموشۆی دا چاو لە دەستی ئەم [redacted] و ئەو بێت تا بزانی چ جنس و کاڵایەکیان لە کیسە و [redacted] قرتاڵەکانیان دا هەڵگرتوە .

لەگەڵ باڵا دەستی ڕاگەیەنەرە گشتیەکانی وەك ڕادیۆ ،تلویزیون ،ماهوارە و ئینترنێت ،ئیستاش نوسەران (هەڵبەت کتێبەکان ) ڕۆڵێکی گرینگ لە ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگێڕن و هەر لەم ڕووەوەیە کە هێندێك لە دەسەڵاتەکان گوشار دەخنە سەر ئەم بەرهەمانە .بە بەراورد لەگەڵ مێژووی سەد ساڵەی داستان نوسین لە وڵاتی ئێمە دا ،ئەدەبیات و هونەر ،لەم ساڵانەی دوایی دا ،کارێکی گرینگ (کارێکی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی ئێمە بێت ) ئەنجام نەداوە .هەر ئەڵێی نووسەر ،تیژی و بە بڕشتی نووکی قەلەمە تەکاندەر و هێمنی هەڵتەکێنەکەی لە دەست داوە و چاوی بڕیوەتە ڕووداوەکانی دەوروبەری.

دەست بە ڕیاکاری کردن تەنیا بۆ گەیشتن بە ڕەفاه و ئاسایشی ئابوری و ئەشرافی گەری ،درۆو و گزە و دوو ڕوویی بۆ بە دەست هێنانی پلە و پایە ،هێز و جێگا و شوێن لە ڕیزی چینی سەرەوەی کۆمەڵ دا ،مەحافزە کاری لە بەرانبەر ڕووداوە چارەنوس سازەکانی کۆمەڵ دا ،بێ میلی سەبارەت بە تەسمیم گرتن لە بەرامبەر ئەم ڕووداوانە دا ،خۆ خواردنەوە ،چاو چنۆکی،ماڵ پەرەستی،دەسەڵات خوازی،مەسرەفزەدەگی ،تەکەبور و پووچی ئەخلاقی تاقمێکی تازە بە دەوران گەیشتووی کە بە هۆی هەڵکشان و داکشانی بێ حیسابی نرخەکان سەروەتیان کەڵەکە کردوە ،ئەمانە بابەت گەلێکن زۆر بە کەمی لە ئەدەبیات و هونەری ئەمڕۆ دا ڕەنگیان داوەتەوە .هەر ڕۆژەو شاهیدی دیمەن ،وێنە و سەحنە گەلێکین کە نیشاندەری بەرژەوەندی خوازی،چێژ خوازی ،هەست مردویی،خۆپەرەستی و پا بەند نەبوون بە بنەمای ئەخلاق و ستەم گەری سەبارەت بە کەسانێك کە لە بەرانبەریاندا بە ئاشکرا بۆ چونەکانیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەر دەبڕن بەڵام ، هیچ جۆرە شوێنەوارێك بەر چاو نایەت کە باس لە بێزاریەکی قووڵ لەم نەفس نزمی یە و توانایییەکی پڕ شۆڕی وا بکات کە چارە کەری ئەم گرفتە بێت .نەفس نزمیەکی کە زۆر نموونەی لە دەور و بەری خۆمان دەبینین.بێزاری لەم نەفس نزمیە پێویستە بە چەشنی وەزنەیەك ،قورسایی بخاتە سەر رۆحی نووسەرتا بتوانێ ئاژینیکاتە نێو بەرهەمەکەیەوە .لە لایەکی ترەوە نووسەرێکی کە خۆی گیرۆدەی ئەم نەخۆشیە بێت ،دەبێتە هۆکارێك بۆ بڵاو بوونەوەی هەرچی زیاتری لە کۆمەڵگا دا :چون مەیل بە دنیای دەور و بەری خۆی و توانایی ڕوانین بە شتەکانی ژیانی هەنوکەیی دا لە دەست داوە. ئەو لە زۆربەی ئەو مەسایلەی کە لە کەش و هەوای سیاسی و جوانی ناسی سەردەمی ئێمە دا باون بێ خەبەرە و تەم و مژی بە ڕواڵەت مۆدێرنیتە بەر چاوی گرتوە.

تێك ڕمانی بایەخە پووچ و ڕواڵەتیەکانی شاهەنشاهی و توانەوە و پاك بوونەوەی یەك جارەکی ئەو نیزامە ستەمگەرە،هەست بە ڕزگاریکردنێکی پڕ لە شادمانی بۆ ماوەیەك بەدی هێنا .(لە ڕەوتی مێژووی جیهان دا گشت بایەخە مرۆیی یەکان بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دان ئەم گۆڕانانە بە هۆی شۆڕشەوە خێراییەکی بەر چاو بە خۆوە دەگرێ.) هەڵبەت سەرمایە داری و شیرکەت گەل و کەرتی تایبەت کەلە ڕێگای داتەکاندنی گیرفانی خەڵکی زەحمەت کێشەوە،گەورە بوونەتەوە ،ئێستاش چێژی ئەو شادمانییە لە ژێر ددان دا هەست پێدەکەن و ئەمەش بۆ فەرهەنگێکی پوویا و لە بەند ڕزگار بوو یەکی کە دەیویست ئەو تەنگ نەزەری و سانسۆرە بێ ڕەحمانەی ڕژێمی پێشو قەرەبوو بکاتەوە،پڕ لە بێ هیوایی بوو.



هونەرمەند دوای سەر نخون بوونی ئەو شێوە بایەخانە ،بێ ڕاوێستان بە دوای زنجیرەیەك بایەخ گەلی نوێوەیە تا بیانخاتەجێی ئەوبایەخە بێ کەڵکانەی ڕابردوو:بەڵام ئەم بایەخە نوێانە لە پەیوەند لەگەڵ کۆمەڵگا دا ،لە پەیوەند لەگەڵ خەڵك دا ،لە دانیشتن و وت وویژی ڕوو بە ڕوودا لەگەڵ ئەویندارانی ئەدەبیات و هونەر دا دەتوانێ بە دەست بێت .لە لایەکی ترەوە نووسەر و هونەرمەندی بیر جیاوازی ئەمرۆیی خاوەنی وەها پەیوەندییەك نییە و خزاوەتە کونجی تەنیاییەوە و بۆدابین کردنی بژیوی ژیان ناچارە دەست بداتە کار گەلێکی تاقەت پڕوکێنی وەك کۆکردنەوەی بابەت گەلێکی قەبە کە هیچ هۆگریەکی پێیانەوە نییە ،لە حاڵێك دا کە دەبینێ نەفس نزمی و دڵ ڕەقی،تەماع و خۆ پەرەستی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لاپەرەی ڕۆژگاری لێڵ کردوە ،دەکۆشێ لە دەست ڕاستەقینەی درێوی کاسبکاری هەڵێت .

هونەرمەند بۆ دوزێنەوەی یاسای نۆی ،بە بێ ترس لە سانسۆڕ و بەربەست دەبێ بتوانێ بە ڕوانینێکی نۆی بێگانە ئاسا .بڕوانێتە دەوروبەری خۆی . هەر لەڕێگای ئەم ڕوانینەوە بوو نیوتۆن یاسا گەلی کێشان (جازبە )ی دۆزیوەتەوە :چون ئەو کەوتنە خوارەوەی سیوی لە دارەوە وەك دیاردەیەکی بێگانە و سەرنج ڕاکێش هاتە بەر چاو .برتولت برشت لە کۆتایی شانۆی دەگمەن و قاعیدە دا لە بینەرەکانی خۆی ویست کە :

بابەتە ئاشناکانتان کە بەردەوام دەقەومێن،دیتوە .
بەڵام تەمەناتان لێ دەکەم :
هەر چییەك کە بێگانە نییە ،لێی بە گومان بن !



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو شتە ئاساییەکان ،بە بێ تەوجی بژمێرن!
تەواوی شتە باوەکان وا لێبکەن کە جێی سەر سوڕ مانتان بن.
وە لە هەر کوێ پەیوەندی گەلێکی هەڵەتان بینی، ڕاستی کەنەوە.

نەبونی زانیاری ،بێ غەمی خۆ پەسەندی هێندێك لە لاوان کە لە شوێنە دەوڵەمەند نشینەکدا ژیان بە سەر دەبەن و بە بەڕیوە بردنی کێ بەر کێی ماشینەگەرانقیمەتەکان دەبنە هۆی لە مەترسی کەوتن و جاری وا هەیە لە بەین چوونی ژیانی مرۆڤە زەحمەتکێشەکان .تەنیا بە جەریمەکردن و گرتنی کاتی ناتوانێ چارەسەر بکرێ . تەنیا بەرهەمی هونەری ئەفشا گەرانە و سازەندەیە کە لە دەستی دێ ئەوان لە دەنیای بەر تەسك و داخراوی تایبەتیان بکێشێتە دەرێ. بەرهم گەلێکی کە گۆشە جۆرا و جۆرەکانی ژیان بەوان بناسێنێ و حاڵیبان بکات کە لە بنا گوێیاندا لاوانێکی زەحمەتکێشیش هەن کە ڕۆژانە لە کارگاکاندا ،ئەو کارگایانەی خاوەن هەل و مەرجێکی نالەباری شوێن و کاری دژوارن،خەریکی کار کردنن و سەرئەنجام هەر ئەم زەحمەتکێشانەشن کە،سەرچاوەی ئیلهام و نمونەی زیندوون لە کاتی ڕوودانی موسیبەت و شەڕ دا ،پیاوانە ڕادەپەڕن و دەچن بە یارمەتی هاوچارە نووسەکانیانەوە و بگرە گیانی خۆشیان دەنێنە پێناو مەبەستی ئینسانی و مەرامەکانیانەوە . ئەم نمونانە لە ڕیگای داستان ، شێعر و شانۆ نامە گەلی هونەرمەندانە و لە ڕوانگەیەی گشتگیر و بە دوور لە هەر چەشنە دەمار گرژییەك دەکرێ زیندوو بکرێتەوە نەك لە ڕیگای شوعار گەلی تێکراری تابلۆ وێنەییەکانەوە کە جاری واهەبووە ئاکامی ئاوەژووی بووە.ئەگەر بەرهەمی ئێمە لە ڕاستەقینەی مرۆڤانە و واقعیەتی ژیان داتەکابێ، بێ گومان ، خوێنەرانی خۆمان خەڵەتاندوە .نمونەیەکی لە مەڕ بڕتوڵت بڕشت دا هێنامەوە ،دەریدەخات هونەرێکی کە لە ڕوانگەی سیاسیەوە فۆمالیتەبێت چ گرفت و ئالۆزی گەلێکی دژوار دەخوڵقێنێ . بگرە نووسەر و نابیغەیەکی وەك ئەویش ناتوانێ لە ڕێگای چەمکێکی سیاسی حازر و ئامادە و فەرمایشیەوە کە لە زەینی دا جێگیرە ، بەر هەمێکی هونەری بخوڵقێنێ کە جێی پەسەندی خوێنەر بێت و ڕازی بکات .

کەسایەتیکان و جێگا و شوێنە چوار چێوەییە سیاسیە کان ، دەبنە لەمپەر لە بەردەم یارییەکی سەر بەخۆیانەی خەیاڵاتی هونەرمەند و لە ئاکام دا بە شێوەیەکی نەخوازراو کەسایەتی گەل و جێگاو شوێنێکی ئێجگار سادە و ساکارە دەخوڵقێنێ: بەڵام کاتی ئەنگیزەی سیاسی لە چەشنی ناڕاستەو خۆ بێت،کاتێ کە سەرچاوە گرتوو لە ئەزمون گەلی هونەرمەندەوە سەبارەت بەبێ عەداڵەتی و ڕەنجێك بێت کە جیهان هۆ کاریەتی ، و سەرئەنجام کاتێ بتوانێ لە غاوی خەیاڵاتی ڕەها بکات ، بە شێوەیەکی کە کەسایەتیەکان لە گشت زاویەکانی ڕەوەندیگەشەی سروشتییەوە،بە کەماڵ بگەن ،ئاکامی کارەکە نەك تەنیا لە ڕووانگەی ئینسانیەوە کاریگەریەکی قوڵتر و گەورەتری دەبێت ،بەڵکو لە لایەنی کۆمەلایەتی و سیاسیشەوە شوێنەواری زیاتر دادەنێت .

بێ گومان نووسەرانی بە دەرووست دەکۆشن بەرهەمەکانیان ببنە هۆیەکی کارا بۆ ئاڵو گۆڕی ڕاستەقینەی هەل مەرجی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ئینسان .ڕەنگە ئەم هەوڵانە ڕاستەو خۆ لەگەڵ ئاڵو گۆڕ لە هەستیاری مرۆڤ دا، لە فەزای کۆمەلایەتی و ڕووبەری ئەخلاقی دەوروبەری ئینسان دا هاو شان بێت .لە هەل و مەرجی دژوار و حاڵوهەوای بێ ئەندازە سەر سوڕ هێنەر و بێگانەی ڕۆژگاری ئێمە دا،زۆرێك لە نوسەران گیرۆدەی گزە و گێرە و کێشەن و لە وەها هەل و مەرجێك دا دیاری کردنی ئیدەیەکیش بۆ ئەوەی بتوانی ناوەرۆکێکی لە سەر پایە ڕێژی بکەی سەیر و سەمەرە و بێگانە دەبێت .ناچارەن سەمەرەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم هەڵبژاردنەش جار جارە نا ڕۆشن و دوور لە ڕاستی هاودەردی لە گەڵ ڕەنج و ئازارەکانی‌خەڵکی دانیشتوی حاشیەی کۆمەڵگایە.ڕونکردنەوەی بەرچاوی خوێنەر سەبارەت بە ڕاستیەکانە کە تێیدا کۆمەڵگا گەشە دەکات و ئەمەش پێویستی بەوەیە کە نوسەر،بە دەروەست بێت تا لە بارەی سەردەمەکەیەوە بنوسێ و بە ئاوڕ دانەوە لە مەسایلی ئاسای ڕۆژانە ،ڕۆژگار و سەردەمەکەی شەرح و شیبکاتەوە.هاینریش بێڵ دەڵێ«من دەمەوێ جوانی ناسی مرۆڤانە وێنا بکەم»مەبەستی لە، جوانی ناسی ئینسانی،چەمکی یەگانە و هەڵێنجراو نیە.«جوانی ناسی»واتە نووسین سەبارەت بەخەڵکێك کە لە دەوروبەری ئێمە دا دەژین و لەو بارەیەوە کە چۆن بە یەکەوە هەڵسو کەوت دەکەن،چۆن وڵات دروست دەکەن و بە چ شێوەیەك پوڵ ،ئەوین و ئایین لە سەر ژیانیان کاردانەوەی هەیە و شوێنەوار دادەنێ .ئەو لە سوخەنڕانیەکی دا،جوانی ناسی تایبەت بە خۆی لە بڕگەی خوارەوە دا چڕ کردەوە :«ئەدەبیات تەنیا شتێك دەتوانێ بکاتە دەست مایەی کاری خۆی کە کۆمەڵگا ئەو بە زیادەو بێ بایەخ بزانێ و خستبێتیە لاوە .» مەبەستی بێل لە، خرانە لاوە و شیاوی فڕێ دان، فەقیرە کان،دەر کراوان و ڕەنجبەرانی نێو کۆمەڵگایە.ئەم قوربانیە زوڵم لێکراوانە،بە سەر هێزێکی کە لەغاوی ژیانی ئەوانی لە دەست دیە ،نە دەستەڵاتێکیان هەیە و نە دەتوانن دەرکی بکەن. ژیانی ئەوان دەکرێ دەرخەری وەزعی بەشەر وەك نمونەیەك بێت.ئێرایە دانی گوزارشێکی زیندوو لە ڕووداوەکان و دەورەیەك لە مێژووی کۆمەڵگایەك لە مەودای ژیانی نووسەرێك دا (بە بێ مەبەست و مەرامێکی تایبەت ) دەورە جۆراو جۆرەکانی خولقاندن و داهێنانی ئەو نیشان ئەدات .فرێدانی مێعار گەلی جەزمی و سواو و کۆن بۆ هەڵسەنگاندی کەسایەتیەکانی داستانی، یەکێك لە ئەمتیاز گەل و خاڵە بەر چاوەکانی نووسەر بۆ پێشکەش کردنی وێنەیەکی واقیعی لە دنیای دەورو بەریەتی و تازەمانێك دەستی نەگاتە ئەم خاڵە بەر جەستەیە، ناکرێ بە شێوەی جیدی سەرنج بدرێتە بەرهەمەکانی .

هەر بەو چەشنەی کە دەردو ئازاری (( هاملێت )) بە بێ یارمەتی وەرگرتن لە زمان شیاوی وێنا کردن نییە ،ڕەنج و ئازاری نوسەریش دەبێ لە ڕێگای وشەوە دەربڕبردرێ تا قوڵایی و پڕاوپڕی پێویست دەستە بەر بکات . بە بێ میانجی کردنی زەمان دۆزینەوەی واتایی و گەیشتن بە ناخی خەڵك نامومکینە .

لە کۆمەڵگایەکدا کە وەشەکان لە کۆت و پێوەند دا بن ،زمان ڕۆڵ و نەخشی گەشەکردن و سازەندەگی خۆی لە دەست دەدات .ڕووانینی نوێ ،داهێنەرانەو گشتگیر بە ئەزمونی بەشەری کاتێ دەستە بەر دەبێ کە ئێمە بتوانین مرۆڤ لە گۆشە نیگای جۆرا و جۆریەوە لێك بدەینەوە و ئەمەش تەنیا لە کۆمەڵگایەك دا مویەسسەر دەبێت کە لەو دا ڕێز لە ئازادی دەگیرێ .ئاندرەیێ سیناوسکی لە ئاخرین دیفاعیەکەیدا لەبەردەم دادگا ،بەر لە مەحکوم کران دەڵێت :

((من لە قوڵایی دەڵەوە لە سەر ئەو بڕوایەم کەنابێ بە فۆڕمۆڵ گەلی حەقوقی سەبارەت بە ئەدەبیات داوەری بکرێ. چون سروشتی وێنەی هونەری شتێکە ئاڵوز و زۆر جار خودی نووسەریش ناتوانێ شیبکاتەوە تەوزیحی بدات .من پێم وایە ئەگەر لە شکسپیریان بپرسیبایە ((هاملێت بە چ مانایەکە ؟ مەکبەس یانی چی ؟ ئایا مەبەست و مەرامێکی تێکدەرانەی تیدا شاردراوەتەوە ؟ پێم وانیە شەخسی شکسپیریش بیتوانیبا وڵامێکی دەقیقی بە وەها پرسیارێك بدایەتەوە ... بە پێچەوانەی زاراوە گەلی حەقوقی ،سەرنج و دیقەتی مانا و مەفهومی وێنەی هونەری کاتێ زیاتر دەبێ کە لەگەڵ ڕووبەر و بڕینی مەودایدا لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ دابێت .))



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ هەر نووسەرێك ،ڕووداوێك ،نیشانەیەك بەجێ دێلێ و هەر نیشانەیەكیش جێگا برینێكە بە ئەندامی ئەوەوە . ئەو كارەساتانەی بە سەر نوسەرانی ئێمە دا هاتوون ، دەبوو بەرهەم ،نیشانە گەل و سەرەنجام ناسۆر گەلێكی قوڵتر و ترسناك تر لە مانەی لێبكەوتایەوە.ئێمە لە بەرهەمی كەمتر نووسەرێك دا برین و ناسۆرەكانی وابەسەر ماندا تێپەڕ بوون دەبینین.

ڕووداو گەلێكی كە خەو و خۆراك و ئاسایش لە كەسانی ئاسایی ش دەستێنێ چ بەگات بە هونەرمەندان و نووسەران كە چاو و ویژدانی كراوەو ئاگای كۆمەڵگان . تەنیا هونەرمەندانێكی كە بیر و بۆچونێكی تایبەت و سەربەخۆیان هەیە،دەتوانن ئەمرووداوانە سەر لە نوێ داڕێژنەوە و وەبیر ئەو كەسانەی بهیننەوە كە خاوەن فەرامۆشكاریەكی مێژویین. بە تاییبەتی وەبیر ئەو كەسانەی كە هێزی بیر هێنانەوەی مێژوییان لە دەست داوە و سەرخۆشی مەسرەفزەدەگین . پێویستە ئەو پاكی و فەزیلەت و رەحم و بەزەیی مرۆڤانە بنێتە بەرانبەر نا پاكی و ڕزالەت و كردەوەی وەحشیانەوە تا خوێنەر بتوانێ دەركێكی دروستی لە دنیای دەورووبەری خۆی هەبێت.

دەبێ بڵێم ئێستا زۆر زووە بێژم كام یەك لەو دنیایانەی كە هونەرمەندان و نوسەرانی ئێمە وێنایان كردوە و ئیرایەیان داوە،هەر ئەو دنیایەیە كە بە ڕاستی تێیدا ژیاوین.هەموو شتێك پەیوەندی بە ڕووداوەكانی داهاتووەوەیە .بێگومان هێندێك لە نوسەران لەگەڵ گشت گرفت و بەربەستە ئاشكرا و شاراوەكان دا ڕەنگە ڕاستی گەلێكی ڕۆژگاری ئێمەیان بە باشی دارشتبێتەوە ئەمەش شتێكە كە مێژووی ئەدەبیاتی داستانی ئێمە و سەرئەنجام مێژووی كۆمەڵایەتی ئێمە پێویستی پێیەتی.

هەر كاتێك بەوە بگەین كە ژیان تەنیا خاوەنی مانایەكی تەك بۆعدی نیە و كۆمەڵێك مانا لە خۆ دەگرێ،ئەو كات ئێزن ئەدەین كە نووسەران و هونەرمەندان لە گۆشە نیگای جۆراوجۆر و بە مەیل و سەلیقەی جیاوازەوە بڕواننە ژیان و مافی ئەوەیان هەبێت بەرهەم گەلی هەڵێنجراو و ئەزموونی خۆیان بخەنە بەر دەستی داوەران و ڕەخنە گرانی ئەدەبی و هونەرییەوە .لەو حاڵەتە دایە كە دەكرێ سەبارەت بە دەورەیەكی تایبەتی لە حەیاتی ئەدەبی كۆمەڵگایەك بە شێوەیەكی ڕاشكاوانە قسە بكرێ .لە گەڵكو سەردەمی ڕوونی ئەندێشەیەك لە ئاسۆ دەركەوێ و ڕزگاری ئەدەبیاتی داستانی لە ژێر دەمی تیغی سانسۆڕ برەخسێ ،پڕ سەمەری و گەشانەوەی ئەدەبیات و هونەر بە باشی هەست پێدەكەین .

* * *





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# مێژووی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری

ع.شوان

بەشی دووەم

ئەم تێکستیانە بێجگە لەدانەیەکیان وەك بەیاننامە بەناوی گۆڤارو پاشکۆ سیاسییەکەی ئەدەبی کرێکارییەوە ١٩٩١-١٩٩٦ بەتیراژی ١٠٠ تا ١٥٠٠ دانەیی بڵاوکراونەتەوە. چەندیان بۆتە مایەی قسەو باس‌و بێزارکردنی فلان‌و فیسار لایەنی سیاسی‌و.. چەندیشیان وەك هەڵوێست، بێئەوەی هیچ بخولقێنێ تێپەڕیوە.

**١) هێرش بۆ سەر کتێبخانەکان**

ئەوەی لەکوردستانی ئێراقدا -ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١- گوزەرا، شۆڕش نەبوو، بەو مانایەی مارکس بەکاریهێناوە، ئیتر هەرچ ناوێکی تری لێبنرێت لەجێی خۆیدایە، ئەم ڕاپەڕینە بەقەولی زووربەی زۆری خەڵکی، هەلومەرجێکی وای خولقاند، بووە مایەی چووزەرە دەرکردنی زۆر بابەتی نوێ: لەوانە حەرەکەی چاپ‌و بڵاوکرنەوە، یان حەرەکەی کەلتووری بەگشتی.

باڵاکردن‌و گەشەسەندنی ئەم حەرەکەتە بەهۆی عەناسرو گروهە کۆمۆنیست‌و ڕادیکاڵەکانەوە هان‌و جۆش دەدرێت. ئەو کتێبانەی یاساغ‌و قانوونی بوون، خەڵکانی کۆمۆنیست‌و ئۆپۆزسیۆنی لەسەر دەگیراو ئیعدام دەکران، ئێستا بەعالەمی ئاشکراو بێ پەساپۆرت لەکتێبفرۆشییەکاندا دانراون‌و دەکرێن‌و دەفرۆشرێن.

ئەم حەرەکەتە هەتا بێت باڵا بەرزتر دەبێت، ئەمەیش بۆ فەرمانڕەوایانی تازە پیاکەوتوو بۆتە مایەی نیگەرانی. نازانن چۆن بەری پێ بگرن، دڵی ئاغایانی سەرو خۆیانی پێرازی بکەن. چۆن دەبێت لەدوای تێکشاندنی بلۆکی ڕۆژهەڵات تازە بەتازە حەرەکەیەکی مارکسی خاراو لێرە خەریکی گەشەو نەشونماکردنە، بەربینی پێگرتوون‌و خەوی لێزراندوون.

بەئاشکرا لەحاڵی حازردا ناوێرن ئیعلانی جەنگ‌و قەدەغەکردنی ڕابگەیەنن، بۆیە ناشەرعییانە پاشقول دەگرن، بەخشکەیی‌و قورمیشکردن کەوتونەتە جوڵە.

ئەوەبوو لەماوەیەکی کورتدا لەهەردوو شاری سلێمانی -کتێبخانەی ڕاپەڕین‌و هەڵەبجە- کتێخانەی ئۆکتۆبەر، فرسەتیان هێناو دەستی خۆیان وەشاندو ئەو دوو مەکتەبەیان سووتاند، هەروەها محاوەلەی کوشتنی نوسەری مارکسی ناسراو بە(فوئاد مەجید مسری) کرا. ئەمە بێجگە لەهەڕەشەو گوڕەشەی ئاشکراو نهێنی لەم نووسەرو لەو نووسەری تر. لەبەرامبەر ئەو هێرشانەدا حکومەت ئەڵێی کەڕەی شەربەتە!؟

ئێمە لەلای خۆمانەوە، نەك ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستییانە بەتوندی دەکەین، بەڵکوو دەشڵێن: دەبێت دەست بەجێ حکومەتی کوردستان وەك چاو پارێزگاری لەسەرو ماڵی خەڵکی بکات، هەرچی زەرەروزیانە بۆیان بژمێرێت ئەو دەستەڕەش‌و مەخفییانە بگرن‌و دادگایی ئاشکرا بکرێن.

ئیدانەی ئەو لایەنانە بکرێت کەپشت‌و پەنای تاوانبارانن، هەروەها بانگەوازی کرێکاران‌و خەڵکی زەحمەتکێش دەکەین بەهەر شکڵ‌و شێوەیەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەگونجاوی دەزانن، نارەزایەتی خۆیان دەربڕنو فشار بخەنە سەر دەوڵەت تا حەدێك بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێت.

بژی ئازادی بیرورا و چاپو بڵاوکردنەوەو سۆشیالیزم. ٢٠ تشرینی دووەم ١٩٩٢

----

ئەم تێکستییە وەك راگەیاندنی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بەناونیشانی (دەربارەی هێرش بۆ سەر کتێبخانەکانو چەند لەنووسەران) بەتیراژی ٢٥٠ دانە بڵاوکرایەوە.

**٢) سەردانی یەکێتی نوسەران..**

ماوەیەکە دیاردەی سەردان وەك پەتا داکەوتووە، سەردان بۆ ماڵانو ئەم لاوو ئەولا نا، بەڵکوو سەردانو چاوپێکەوتنی ئەم سەرەك عەشیرەت، ئەو مەلا، ئەو پیاوی مەعقولی کۆنەپەرست، یان ئەم دەزگا، ئەو دەزگای ئەدەبیو هونەریو پیشەیی بۆ لای سەرانو کەسانی پلەو پایە بەرزی حکومەتی هەرێم.

ئەم سەردانانە زیاتر بەقورمیشو هاندانی کەسانی سەر بەلایەنەکانەوە ساز دەدرێ، یاخود سەردانکەران بۆ خۆبردنە پێشەوەو وەرگرتنی ئیمتیازو خۆپاکردنەوە بەو کارە هەڵدەستن.

ئەوەی جێی قسەمانە، نوسەرانی کورد (سلێمانیو کەرکوك) پاش بێنەو بەرەیەکی دوو هەفتەیی، بەفیتی چەند نوسەرێکی سەر بە(PUK)یەوە، بەهەزار حاڵ لەژمارەی (..) ئەندام زیاتر، توانیان (..) ئەندام کەمتریش ڕازی بکەنو لەرۆژی ١٤ی ئەیلول ١٩٩٣ سەردانێکیان بۆ لای بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بەڕێخست.

قسە لەسەر تاکە تاکەی ئەو نوسەرو ئەدیبانە ناکەین، کامیان چیی بوون یان چیی نەبوون، کامیان ئێستا چینو دەیانەوێ لەدوارۆژدا بین بەچی. هەروەها قسە لەسەر ئەوە ناکەین بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەپشت ئەم کەمپینە بەفراوانەوەیە، نیازی چییەو بەداوی چ سیاسەتێکەوەیە، یان چی ووتوەو باسی چی کردووە.

بەڵکوو.. بەڵکوو قسە لەسەر خودی پێشوازیە ساردو سڕەکەیە، کەهێژایانی نووسەر بەنسیبیان بوو. ئەو نووسەرانەی هەر هەمووی بەو نیازە بۆ لای بەڕێز جەلال تاڵەبانی چووبوون، وەك سەردانکەرانی پێش خۆیان، خواردنێکی سپێشەڵو دانسقە بخۆن، لەکۆتاییشدا بەچەند هەزار دینارێکەوە بگەڕێنەوە.

کۆمیدیاکە لەوەدایە، هێژایان بۆچی چوون، چییان تووش بوو، بەدەستی بەتاڵ بەرەو باوان بوونەوە. لەو سەفەرە پڕ شکۆیەدا دەستکەوت تەنیاو تەنیا یەك گلاس ئاوی.. ئاوی ساردی قەڵاچۆلانیان نۆش کردبوو.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی وەك فەرمانڕەواییەك عادەتییەتی محازەرە دابدات، لەو محازەرەیەشدا دبلۆماسییانە هێرشی کردۆتە سەر هێزێکی سیاسی رادیکاڵی سەر بەچینی کرێکار.. کەس لەو هێژایانە وەڵامییان نەداوەتەوە —لەوانەیە بڵێن کاری ئێمە نییە— ئێ باشە گریمان وایە!!

ئەی بۆ قسەی زلو بقدار، خۆ لەخەڵکی سادەو ساکار، لەنووسیندا بەپێشڕەوو عونسری ئاگاە لەقەڵەم دەدەن، ئازان!!؟ وەزعی ناهەمواری خەڵکی ڕەشووڕوتی کوردستانتان لەهەپاڵ نەگەیاند؟ بۆ ئەوەو ئەوەو ئەویترتان کەپەیوەندی بەوردەکارییەکانی ژیانی کرێکارو زەحمەتکێشانەوە هەیە نەخستە ڕوو..؟

بۆ ڕەخنەتان لەخۆیو ڕێکخراوەکەی نەگرت کەدەوریان لەخولقاندنی ئەم وەزعە ناهەموارەی خەڵکی ڕەشورووتی کوردستان هەیە؟ بۆ مەوقیفتان حەرج نەکرد؟!

حەیفو مەخابن، بە(سلێمان ڕوشدی) و (موزەفیر نەواب)و.. دەوترێ نووسەرو ئەدیب، بەئێوەش هەمان شت!! بەم چوونەتانو چوونەکانی داهاتووشتان، فزە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەکردنتان، لەوە دەرچوون ئێوە دەنگی زوڵاڵو ڕەسەنی میللەتی بندەست بن.. بەم چوونەتان لەوە دەرچوون ئێوە دەنگی نارەزایەتی میللەتی کرێکارو ڕەشووڕووت بن. ئێوە بەکودرییەکەی دەتانەوێ ببن بەڕۆبۆت یان ڕۆبۆتن.

---

ئەو چەند دێرە سەرەتا وەك بەیاننامە بەناونیشانی (سەردانی یەکێتی نوسەران بۆ لای جەلال تاڵەبانیو پەیامی ئەدیبو نوسەران؟) لەکاتی خۆیدا گەرماو گەرم لەسەر ڕووپەری نیو لاپەرە A4 بەتیراژی ٥٠٠ دانە، دواتریش بووە سەرووتاری گۆڤاری ئەدەبو هونەری کرێکاری لەژمارە ٢٢ ئەیلول ١٩٩٣، بڵاوکرایەوە.

**٣) ئیمزا کۆکردنەوە**

هەتوندی نارەزایەتیو بێزاری خۆمان بەرامبەر بەو هێرشە نا جوامێرانەیەی کراوەتە سەر کتێبخانەی (هەنگاو-رانیە) دەردەبڕین.

هێرشی لێرەو لەوێو بەردەوامی بۆرژوا کۆنەپەرستو پەرتوکاو بۆ سەر مەڵبەندە کەلتووریەکان لەدنیای بەناو ئازادو دیموکراتیدا، پێشێلکردنی ئاساییترین ئازادییە، کەئازادی هەڵسوورانو ئازادی بیرورا دەربڕینە.

ئەرکی هەر ئینسانێکی شەریفو ئازادیخوازە دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕێ چ بەنووسینی سەر ڕۆژنامەکان، چ بەئیمزا کۆکردنەوەو بەڕێخستنی ڕێپێوان، میتینگ لەبەردەم دامودەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم. ئەوە حکومەتی هەرێمە دەبێت قەرەبووی زەروزیانەکان بکاتەوە، پارێزەری سەروماڵی خەڵکی بێت.

بژی ئازادی بیرورا، هەڵسووران، چاپو بڵاوکردنەوە..

تێبینی: لەگەڵ ئەم تێکستیەداو لەپاین پەرەکەدا فۆرمی ناوو ئیمزا کۆکردنەوەیش چێکرابوو، بۆ خۆی وەك ڕاگەیاندنێکی گۆڤاری ئەدەبو هونەری کرێکاری سەبارەت بەو ڕووداوە بڵاوکرایەوە.

شەوی ٨ لەسەر ٩ نیسانی ١٩٩٣، جارێکی تر پەلاماری یەکێ لەمەکتەبەکانی کتێبفرۆشی لەشارۆچکەی (رانیە) هەنگاو درا.

ئێمە ٢٠٢ کەس لەکرێکار، بێکار، ڕۆشنبیر، نووسەرو هونەرمەند بەدەنگ بانگەواز -ڕاگەیاندنی گۆڤاری ئەدەبو هونەری کرێکارییەوە چووین. لێرەدا ئیمزامان کردووە. نارەزایەتی توندی خۆمان لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژییە پەیتا پەیتایانەی لێرەو لەوێ دەکرێتە سەر مەڵبەندە کەلتووریەکان دەردەبڕین.

دەڵێین ئەم کارە ژێر بەژێرانە مەگەر لەسەردەمە ڕەشەکانی چەرخی ناوەڕاستدا دەرهەق بەکتێبو کتێبخانەکان کرابێت، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤە.

ئێمە ڕایدەگەیەنین:

١-مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت لەدەربڕینی بیروڕایدا، بەبێ ئەوەی لەبەرامبەریدا تووشی هیچ مەترسییەك-ئیهانە، کوشتن، زەرەروزیانی ماددی،و.. بێتەوە.

٢-دەوڵەت دەبێت پارێزەری سەروماڵو ژیانی خەڵکیو مەڵبەندە کەلتووریەکان بێت.

٣-بژاردنی هەر زەرەروزیانێکی ماددی بگرێتە ئەستۆ.

٤-تاوانباران هەر کەسو لایەنێکی سیاسی بێت، لەبەردەم یاسادا بەرپرسو محاکەمەی ئاشکرا بکرێن.

٥-نەهێشتنی هەر بەربەستو سانسۆرێ لەبەردەم بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەو یەکسانیخوازیدا.

ئێمە ڕایدەگەیەنین، ئەگەر حکومەتی هەرێم ناتوانێ جڵەوی ئەو دەستدرێژییانە بگرێتو هیچ حەرەکەیەکی جدی بۆ ناکات. ئەوا بانگەوازی کرێکارو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەحمەتکێشان و گشت مرۆڤێکی ئازادیخوازو شەریف دەکەین دەنگییان بخەنە پاڵ دەنگمان بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان و هەر شێوەیەکی گونجاوی تری نارەزایەتی.

ئێمە ئەو کارە دژی کرێکاری و تیرۆریستییانە، یەك تۆز نامانترسێنێ، درێژە بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی خۆمان دەدەین.

بمرێ بۆرژوا کۆنەپەرستی پەرتوکاو، بژی ئازادی بیروڕاو چاپ و بڵاوکردنەوەو هەڵسووڕان و سۆشیالیزم..

---

ئەم بەشەی دوایی تێکستییەکە لەگەڵ ناوو ئیمزاکان وەك (نامەی نارەزایەتی بۆ بەردەم ڕای گشتی) گۆڤاری ئەدەی و هونەری کرێکاری وێڕای بڵاوکردنەوەی بەتێراژی ٤٠٠ دانە، لەڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان و..یش بڵاوکرایەوە.

### ٤) کوشتنی ئەبوبەکر عەلی

بەهۆی گەمارۆی ئابووری دووفاقیەوە – هاوپەیمانان و ڕژێمی بەعسی عەرەبی سەرمایە– کۆمەڵگای کوردستان، ڕۆژانێك دەگوزەرێنێ کەلەمێژووی هاوچەرخدا نەهامەتی و کارەساتێکی هەرگیز قورس و گرانی وای بەخۆیەوە نەبینیوە. پێشێلکردنی ئازادییە فەردی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەك باران بەسەر کۆمەڵانی خەڵك بەتایبەت کرێکارو زەحمەتکێشەکەی دادەبارێت!

ئەمە لەباری ئاساییدا، خۆگەر نارەزایەتی لەخۆ نیشان بدەن، ئەوا زۆر خراپ و بێڕەحمانە وەڵامی پێدەدرێتەوە!!؟ نمونە زۆرە، گەر بیانژمێرین بۆ نووسینەوەی کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی دەوێت.

شەهیدکردنی (ئەبوبەکری عەلی) شاعیرو زەحمەتکێش و نوێنەری خانووە بێتاپۆکانی گەڕەکی حامییە، لەرۆژی ١٩٩٤/٩/١دا بەدەستی ئەنقەست، وێنەیەکی تەڵخ و دزێوە کەهەتا هەتایە دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی ناتوانن بیسڕنەوە.

ئێمە دەنگی نارەزایەتی و تورەیی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەو دەنگانەی لەمەوبەر بەرزکراونەتەوە، تێکەڵ دەکەین و داوکارین:

١)پێکهێنانی لیژنەی تەحقیقی لەنوێنەرانی رێکخراوە جەماوەری و کرێکارییەکان و مافی مرۆڤو یەکێتی نووسەران و کەسانی بێلایەن و هەقخواز بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە.

٢)بکوژانی گەورەو بچووك بدرێن بەدادگای ئاشکرا.

٣) دابینکردنی هەموو حەقوحقوقێکی شەهیدانە بۆ خانەوادەکەی.

٤) ڕاگرتنی بڕیاری ڕوخاندنی خانووەکانی حامییەی، یان دانی تەعویزی گونجاو بۆ دانیشتوانی ئەو گەڕەکە، دیاریکردنی بڕی تەعویزەکە لەلایەن خەڵکەوەبێت.

ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٩٤

-----

ئەم چەند دێڕە وەك یاداشتننامەی گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری، وێڕای بەرزکردنەوەی بۆ بەرپرسان، بەتیراژی ٥٠٠ دانەیش بڵاوکرایەوە.

### ٥) بەیاننامەی کۆتایی

لەدوای جەنگی کەنداو ئێراق–کوێت لەم ناوچەیەدا هەلومەرجێك هاتە کایەوە، کەبووە مایەی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، ئەوەبوو دامودەزگا سەرکوتکەرو ئیستبدادییەکەی چەند ساڵەی بەعسی سەرمایە ڕامالرا، بەمەش خەڵکی بەتایبەت چینەکانی ژێرەوە ئاهێکیان پیا هاتەوە، توانیان لەبەردەم بۆژوازی رەنگاو رەنگدا جورئەتی رەتکردنەوەی زوڵموزۆرو ئیستبداد لەخۆ پیشان بدەن، دەیانویست لەچارەنووسی کۆمەڵگادا دەورو نەخشیان هەبێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەش بەلای بۆرژوازییەوە کاری نەکردەیە، چونکە بۆرژوازی کارێك ناکات لەدواییدا بەزیانی خۆی بشکێتەوە، خەڵکی رەشۆکی بەقەولی بۆرژوازی بیەوێ دەمدرێژی بکات.

ئەوەبوو لەدرێژەی بەرنامەیەکی دارێژراوو درێژماوەدا کاری دژە شۆرش‌و دەمکوتکردنیان خستە گەڕ، سەرەتاکەی بەپەلاماری شووراکان‌و کۆڕەوەکە دەستی پێکرا، بووترێ شەڕی ئێستای نێوان هەردوو باڵی راستی بۆرژوازی کورد ئەڵقەی کۆتاییەکەی بێت.

ئامانجی سەرەکی پرۆسەکەو ئەم شەڕەی دوایی کەبەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنراوە، زەمین خۆشکردنە بۆ گەڕانەوەی دۆخی ئیستبدادی شەرقی پێش راپەڕین.

ئێمە ئەدیب‌و شاعیرانی کۆوەبوو بەبۆنەی یادی مەرگی لینینەوە کەگۆڤاری ئەدەب‌و کرێکاری لەرۆژی ١٩٩٥/١/٢١ هۆڵی رۆشنبیری سازی کردووە، بێجگە لەوەی ئیدانەو رسواکردنی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان پارتی‌و یەکێتی دەکەین، لەهەمان کاتدا لەبەرامبەر خولقاندن‌و داسەپاندنەوەی هەر جۆرە کەشوهەوایەك لەهەر بۆرژوازییەکەوە بێت، ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئیستبداد ڕادەوەستین.

ئێمە ئەدیب‌و شاعیرانی مولتەزم بەچینی کرێکارەوە، هیچ خۆشحاڵی‌و تەوەهومێکمان لەبەرامبەر بۆرژوازیدا نییە، کەدوژمنی سەرسەختی ئێمەو ئینسانیەتن.

بۆیە پەیمان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چینەکەمان دەدەین تا مابین بەرهەمە ئەدەبییەکانمان نەخەینە خزمەتیانەوە، هەمیشەش بەهەوڵی دەست کەشفکردنیاندا بین، بەپێچەوانەوە بەرهەمەکانمان بۆ هەرچی زیاتر هۆشیارکردنەوەی ئاستی چینایەتی ئێوە بێت، هاوڕێیانی کرێکار.

----

بەیاننامەی کۆتایی یادی ٧١ هەمین ساڵرۆژی مەرگی لینین، گۆڤاری ئەدەب‌و کرێکاری ژمارە ٣٠ نەورۆزی ١٩٩٥ لاپەڕە (١٥).

٦) دراندن

ئەوە ماوەیەکە لێرەو لەوی بەهۆی شەڕە نەگریسەکەی نێوان پارتی‌و یەکێتی، زیاد لەپێویست هەڵسووڕانی سیاسی پێشێل دەکرێ، کەسانی سەر بەفلان‌و فیسار حیزبی سیاسی دەگیرێن، شیعار دەدرێنرێ، بەیاننامە مسادەرە دەکرێ، تەنانەت شیعارو راگەیاندنی کۆڕە ئەدەبییەکانیشی گرتۆتەوە(*)!

ئەم کارە پر مەترسیانە وای لەئێمە کردووە کەدەنگی ناڕەزایەتی لەدژی گشت ئەو پێشلێکردنانە هەڵبڕین، داواکارین لایەنەکانی فەرمانڕەوا لەهەر شوێنێك هەن، رێز لەقسەی‌و بەرنامەی حیزبەکانیان بگرن. بژی ئازادی بیروڕا.

---

(*) شەوی ٥شەممە ١٩٩٥/٢/١٦ شەمشەمە کوێرەکانی فەرمانڕەوایان کەلەبەر ئەوەی راگەیاندنی کۆڕەکە (مەبەست لەکۆڕی کورتە چیرۆکی کرێکاری خوێندنەوەی رۆژی ١٩٩٥/٣/١٨) لەسەر پەڕۆی سوور نوسرابوو، ئەنفالیان کردین! بۆ تەحدایان، لەهەمان شوێن بەردەرکی سەرا لەسەر پەڕی سوور راگەیاندنەکە دوبارە هەڵواسرایەوە. گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ژمارە ٣٠ نەورۆزی ١٩٩٥ لاپەڕە ١٧. لەکۆڕی چیرۆك خوێندنەوەدا کەبۆ هاوڕێ (ع.شوان) سازدا. لەکاتی وتوێژ لەسەر چیرۆکەکان ( Homer Mhemed) ناوێك، ئەندام عەفو قەرەقۆز لەتیپی شانۆی نینا (لەگەڵ رێزمان بۆ خودی تیپەکە) لەدوور لەئادابی ئینسانی، زۆر سادییانە بەچەند دێرێك کەپڕ بوو لەحەقد، بازاڕیانە کەوتە رشانەوەو پەلاماردانی هاوڕێی چیرۆکنووس. ئەو کاتە بۆ تێکنەچوونی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوڕەکە دانمان بەخۆدا گرت‌و سوپاسی قسە پڕ جنێوەکانی کرا.

ئەو قول گرتنە لەخۆڕاییە، بووە مایەی ناڕەزایەتی زووربەی زۆری ئامادەبووان. هەر ئەو کات لەسەر شانۆکەوە، چەند کەس هەڵسان‌و ڕەخنەیان لەناوبراو گرت. دیارە ئاژاوەگێڕێکی وا قورمیش کراوە، تا بەو شێوەیەو بەفیتی ئاغایانی وردودرشتی شەڕمان پێ بگێڕێت! نیگەرانن لەبەرامبەر هەڵسووڕانی چالاکانەی گۆڤارو خودی سەرنووسەر!

ئەگەر وانییە، بۆ پاشقولمان لێدەگرن‌و لەناخافڵ‌و لەپشتەوە خەنجەری ژەهراویمان لێدەدەن؟! ئەوانە موعجبن بەئەدەبیاتی بۆژوازی‌و لەبەردەمیاندا بەچۆکدا دێن! کەچی بەپێچەوانە نەك زمانی تەشجیعکردنیان ناگەڕێ، بەڵکو سەرە کۆنەمان دەکەن! بۆ ئێمە ئازان، هیچ بەخاڵۆی خۆی فێرە!

(ع.شوان)ێك، کەبەرەزە تەوەهمی لەبەرامبەر بۆژوازیدا نەبووەو نییە، هەڵقولاوی نێو کرێکارانە، هەموو ژیانی لەپێناو خەباتکردن بۆ چینەکەی تەرخانکردووە، خۆی بەمحامی‌و میوان نازانێ، چی کردووە تا بەو شێوەیە معامەلەی لەگەڵدا دەکرێ؟!

جا (هۆمیری کوڕی خیتاب)و ئەوانەی وەك ئەو وان، چ جیاوازییەکیان لەگەڵ خانەوادەی بۆژوازیدا هەیە؟! ئەوان بەعاملی ئاشکرا بانگی دژی کرێکار دەدەن‌و شەمشەمە کوێرانە بەشەو پەڕۆی سووری خودی کوڕەکەمان ئەنفال دەکەن!

ئەم لێبۆکەش لەبەردەم ٣٠٠ کەسدا بۆ ڕازیکردنی دڵ‌و چەپڵەی نەوەی نوێی بۆژوازی، بێشەرمانە سوکایەتی‌و ئیهانەت بەهاوڕێی لەخۆبووردوو (ع.شوان) دەکات!؟

ئێمە وێڕای ناڕەزایەتی توندمان لەبەرامبەر ئەو هێرشە بەعس ئاساییەدا کەدەرهەق بەگۆڤارو سەرنووسەرەکەی کرا، لەهەمان کاتدا هەزار بارەی دەکەینەوە هەرگیز ئەو کارانە ساردمان ناکاتەوە، گەرموگوڕانەتر پەیامی مێژوویی خۆمان دەگەیەنینە مەنزڵ، بەسووربوونمان ئەو سپڵی لاورگانە لەنێو بزووتنەوەکە وەدەردەنێین، دەریاش بەدەمی قمقمۆکە شلێو نابێ.

شایەنی باسە ئەم فسفس پاڵەوانە لەسەر هاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری مەحسووبە.

گۆڤاری ئەدەب‌و هونەری کرێکاری ١٩٥٥/٢/١٩

---

ئەوەی بەردمان تێگرێ، بەرقی تێدەگرین، ئەم تێکستییە وەك بەیاننامە بەتیراژێکی دیاریکراو بڵاوکرایەوە، دواتر لەگۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ژمارە (٣٠) نەورۆزی (١٩٩٥) لاپەڕە ١٧-١٨ دووبارە کرایەوە.

+وەڵامی کۆمۆنیستی کرێکاری

بەتەئریخی ١٩٩٥/٢/٢١ نامەیەکی هاوڕێیان کۆمیتەی ڕێکخستنی پارێزگای سلێمانی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراقمان بەدەست گەیشت، کەوەڵامە بۆ بەیاننامەیەکی ئێمە بەناونیشانی: (ئەوەی بەردمان تێگرێ، بەرقی تێدەگرین) کەلەڕۆژی ١٩٩٥/٢/١٩ دا بڵاومان کردۆتەوە.

بەگشتی نێوەڕۆکی نامەکە جێی ڕەزامەندیمانە، وەدەنگهاتنێکی گونجاوە، بەمەبەستی جەدەلکردن‌و ڕۆشنکردنەوەی مەسەلەکان، بەلامانەوە باشە درێژە بەقسەکانمان بدەین، لەسەر هەندێ خاڵی نامەکە وچانێك بدەین:

دەڵێن (.. لەم بەیاننامەیەدا دوای دووبارەکردنەوەی هەمان ئسلوبی ئەو هاوڕێیەی کەئێوە قەرارە ڕەخنەتان لێگرتبێ..) ئێمە کەسی ناوبراو -کەتنکەر- ئەگەر ڕێزێکمان لێنابێ بەهۆی تیپی نیناوە بووە، نەدەیناسین‌و نەهیچ ناکۆکییەکی شەخسی‌و ئایدۆلۆژیمان لەگەڵیدا هەبووە. بۆ سەعاتێکیش بووبێ لەگەڵیدا دانەنیشتووین، بەڵکو دەستگرۆیمان

کردووەو لەگۆڤاردا بەرهەممان بۆ بڵاوکردۆتەوە، ئیتر نازانین غەزەبی لێگیرا بوو وای ئێمەی وروژاند؟

نازانین چۆن لایی بەخۆیدا کاری وا بکات کەببووە مایەی رسوایی بەپلەی یەکەم بۆ خۆی؟! خوا بیکات بەقوربانی عەقڵی کۆمۆنیستیمان، ئەگینا موستەحەقی شتی تر بوو.. ئەو جۆرە کارانە لیمان ناوەشێتەوە، بەداخەوە زۆریش بەداخەوە ئەمە چەندەمین جارە لایەنگران و ئەندامان و کەسانی نزیک بەپارتی ئێوە شەڕو گێچەڵیان پێکردووین! بەرگریمان کردووە، دیارە کەوترا شەڕ دەست پاراستن و پرنگانەوە لەئێستاو داهاتوودا بۆچییە؟ پریشکیش بەر ئەمو ئەو دەکەوێ.

ئێوە دەڵێن ئەو هێرشە تەئیدو مۆری ئێمە نییە، بەڵام قسەی وا بەگوێدا ناچێ! حاشا لەڕووتان ئەمە عەینی هێزە بۆرژوازییەکانە! (فەرەیدون عەبدولقادر) ئەندامی سەرکردایەتی (PUK)ە، یەکێکە لەداڕێژەرانی سیاسەتی ئەو پارتە، لەTVەوە هێرشی غەیرە سیاسی کردە سەر KDP و بارزانی! ئەوە بووە مایەی نارەزایەتی و رەخنە، خێرا PUK بەگی دانا، وتیان: رەئی شەخسی خۆیەتی! ئەوان بەهۆی تەسەرفی نامەسئولانەی ئەفرادەکانیانەوە بەر نەفرەتی خەڵکی کەوتوون، ئەی ئێوە بۆ؟! ئەگەر جڵەوی هاوڕێیانتان نەگرن، بێ موستەقبەلن.

دەڵێن: (.. هێنانە ناوەوەی حیزب مەسەلەیە هیچ پەیوەندی بەکێشەی ئێوەوە نییە..) هەر لەمێژەوە وا رێکەوتووەو وا ناسراوە کەئەندامان و لایەنگرانی حیزبە کۆمۆنیستە جۆراوجۆرەکان، خەڵکی شەریف و ئازادیخوازو سیاسی و زۆر سیفەتی چاکەی ترو نمونەیی بوون.

کەسی ناوبراو لەوانەیە بەحسابی چەوتی خۆی وابزانێ کەفلان کەس لەحیزبەکەیدا نەما، ئیتر دەبێ لێی بدرێت و کەرامەتی بڕوشێنرێ تا ئافەرین لای حیزب حاسڵ بکات! کاریگەری حیزب و پەروەردەی حیزبی لەکوێیەو ئاوا دەبێ؟!

دەڵێن: (.. ئێمە پێمان وایە دەستێکیش لەپشتییەوە هەیە..) ئازیزان هەموو کەس باسی دەست بکات، بێ عەدەبی نەبێ، نابێ ئێوە توخنمی بکەون، چونکە ئەو دەستە لەنێو ئێوەدایەو بووە، لەکالیتانەوەیە بەرگریتان لێکردوون! سەرچاوەی تەنگەژەکان هاوڕێیانی سەر بەئێوە بوون:

وەستا سابیر

دڵشادە رەش

شوان محمود یان شوانی وێنەگری ڤیدیۆ

ئازادی رەوت ناسراو بەئازاد حەوت برۆ

هۆمەر محمودو کێ و کێی تر نەبوون کەناسیاسیانەو غەیرە کرێکارییانە جوڵونەتەوەو هاوسەنگەرانیان لێتەوە لاکردوون و لێکردوون بەدوژمن؟!

ئەی باشە کێ بوو لەگەڵ فلان و فیسار رێکخراودا قاڵب و قاڵبکاری بەکاردەهێنا؟ دەستی چەور بەکەس مەسڕن، سیاسەتی نادرووستتان بوو کەلەماوەی کەمتر لەساڵێکی تەمەنی حیزبەکەتاندا زۆر رەشیدانە زەربەتان لەبزووتنەوەی کرێکاری -ئەگەر وای ناو لێ بنێین- بەتایبەت دژی بێکاری وەشاند!

یەکێتی بێکاران لەدوای شوراکانەوە یەکەم رێکخراوەیەك بوو کەبەرەنجی گشت کۆمۆنیست و چەپی شاری سلێمانی بوو، شەق و نەزۆکتان کرد!؟ لەخیلالی ئەو ماجەرایەدا زۆر دەنگ هەبوو دەیانووت: کوڕینە وا نەبێ. کورە لوتتان دەدا لەعەرزی و دوایی کاڵەك بەئەژنۆ دەشکێنن.

کەچی بوون بەکەرەی شەربەت و قسان بەبا چوو! ئاخر پێمان ناڵێن هەوڵدانی بێسەمەری چەند مانگ لەمەوبەرو ئێستاتان بۆ لەحیمکردنەوەی هەردوو رێکخراوی بێکاران دەلیلی چییە؟

دەڵێن: (.. بەڵکو بەدژی حیزب نووسراوە..) گۆڤارو شەخسی (ع.شوان)یش ئەنتی حیزب نین، لەبەرنامەدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نییە، بۆ دژایەتی ئەم حیزبو ئەو حیزب بەتایبەت ئەوانەی ئیدعای نزیکبوون بەچینەکەمانەوە دەکەن، دروست نەبووە.

پێمان باشە ئەوانە نازر بنو دەستگرۆیمان بکەنو ئیلهامیان لێوەربگرن، بەڵام بەداخەوە نەك ئەوەیان نەکردووە، زۆر جاریش محارەبەکراوینو دەکرێین!؟ هەتا یەخەیان پێنەگرین، خۆیان نەیانوتووە ئەوە قسەمانە یان ئەوە یارمەتیمانە!

بەنسیبەت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێوەشەوە، گەر خۆ بەهەڵەدا نەبەن، ئێمە لەزۆر حیزبی تر موتەعاتیف تربووین لەگەڵتانا. دەپرسین: کێ بوو لەکۆڕی شێعر خوێندنەوە بەبۆنەی مەرگی هاوڕێ لینینەوە ١٩٩٥/١/٢١ بەشداری کرد؟ هاوڕێتان (تاهیر حسێن) نەبوو؟ ئەگەر دژتان بووینایە ڕێگامان پێنەدەدان، بەهەدەفی دیاریکراو ناوی ئێوەمان ترنجاندۆتە نێو ناوانەوە.

دەڵێن: (..ئێوە وەك دوو هەڵسووڕاوی مەیدانی ئەدەبو هونەری کرێکاری..) ئەم لێکچوواندنو هەڵسەنگاندنە زۆر گۆچانی دوور لەڕاستییەوەیە، تەنانەت بێئینسافانەشە! کەسی ناوبراو بێجگە لەوەی وەختی خۆی بۆ وەرگرتنی لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان (حەپە سەون)ەکەی بۆ ئاوقووت داوە!

پێمان ناڵێن لەبواری هونەرو نووسیندا چ شوێن دەستێکی دیارە؟ یان چ خزمەتو ئیزافەیەکی خستۆتە سەر بزووتنەوەی ئەدەبو هونەری کرێکاری؟! ئاخر خواتان بێ!

باسی خۆ کردن جایز نییە، بزووتنەوەو خەڵکی دەکەین بەحەکەم.. دەوری تەخریبی حیزبەکان لەم حاڵەتانەوە دەردەکەوێ: کابرا هیچ نییە، کەچی لەخەڵکی دەکەن بەشێرو پڵنگو زۆر شتی تر! بەداخەوە عادەتی تیورداتاشینو قەبەکردن، هەرچەندە شکستان تیا هێناوە، تەرك ناکەن!؟ لەگەڵ ئیحتراماتی بەندەی موخلیستان.

---

گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ژمارە (٣٠) نەورۆزی ١٩٩٥ لاپەڕە ١٨-٢٠.

**٨) الی الستاذ PUK**

ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٣١ نوێنەری بەشی هۆشیاریو ڕووناکبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی شاری سلێمانی (PUK) سەردانێکی نوسینگەی گۆڤاریان کرد، لەگەڵ خۆیاندا دەعوەتنامەیەکیان بۆ هێنابووین تا بەشداری لەو منازەرەیەدا بکەین، کەبڕیارە ڕێکی بخەن لەژێر ناونیشانی (ئەزموونی کۆمەڵگای مەدەنیو شێوازی کاری حیزبایەتی هاوچەرخ بۆ کوردستان).

بۆ وەڵام بەو بەڕێزانە بەباشمان زانی بەم بەیاننامەیە هەڵوێستی خۆمان ڕابگەیەنین:

کوردستانی عێراق بەهۆی کێشەی نەتەوەییەوە زیاتر لە٢٥ ساڵ دەچێت، بۆتە مەڵبەندی کێشمەکێشو بەرخۆدانی توندوتیژ لەنێوان خەڵکی کوردستانو حکومەتە داگیرکەرە یەك لەدوای یەکەکانی عەرەبی عێراقی، دیارە هەلومەرجێکی وا دەبێتە مایەی پاشکەوتنی ناوچەکە لەبواری کۆمەڵایەتیو شارستانیو ئابووریو.. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبین کوێرە دێیەك بووە بۆ خۆی!

لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١یشەوە ئەوە نەبێت حیزبو حکومەتی کوردی هەوڵیان دابێت لەدوای ئەوان دەستێك بەکۆمەڵگادا بهێننو بەرەو پێشی بەرنو ئەو شەبەقو کەلەبەرانە قەرەبوو بکەنەوە، بەڵکو بۆرژوازی مشەخۆری کورد هەروەك شەریکە بەشی بۆرژوازی عەرەبی ئێراقی نەك توخنی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگایان نەخستە ئەستۆی خۆ، زۆر نامەسئولانە ئەو تۆزە مەعالمە شارستانییەی کەبەهەر شەڕەشەقێ بەدی هاتبوو، لەپرۆسەیەکی بەرنامە داڕێژراودا پاکویاند!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆرژوای کورد هەر بەوەوە دانەساکا، زۆر حاقیدانەو داخ لەدڵانە، بەتەرەفێکی تر، ئەوا بۆ ماوەی ساڵێك زیاترە جەنگێکی ناوخۆیی کۆنەپەرستانەی بیٚ ئامانی وایان هەڵگیرساندووە، تا تەڕو وشك پێکەوە بسووتیٚ، ماڵوێرانی، کوشتوبڕو ئاوارەییو برسیکردن، ئابلۆقەی ئابووری چەند فاقە بکەنەوەو حساب بۆ هیچ هەوڵێکیش کەلەدەرەوەو ناوەوە دەدری بۆ راوەستانی شەڕ، ناکەن. تا بێت درێژە بەکایەی ئاژاوەو ئاشووبی خۆیان دەدەن!

بۆرژوازی کورد کەسەرچاوەو خوڵقێنەری وەزعێکی ئاوا مەینەتبارو نائینسانی بێت، ئەوە ماهییەتی بێت، بەچ هەقیٚ لەڕووی دێت دەم لەمەسەلەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادییە سیاسیو کۆمەڵایەتی، بەتایبەت مەسەلەی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردستان وەردەدا؟؟!

گۆڤاری ئەدەبی کرێکاریو پاشکۆ سیاسییەکەی نەك لەسیمینارێکی فریوکارانەی وادا بەشداری ناکات، بەڵکو بەئەرکی خۆی دەزانیٚ بانگەوازی رۆژنامەو گۆڤارە حیزبیو غەیرە حیزبییەکان، ئەوانەی یەك تۆز بەهەقی گیانی مەدەنییەت لەخۆدا شك دەبەن، بکات. بەشداری لەو مەهزەلەیەو منازەرانەی ئێستاو داهاتوو نەکەن.

هەر رۆژنامەنووسو رۆژنامەیەك بەهەر بیانوویەکەوە بەشداری بکات، یەعنی بەشدارە لەمیکیاج کردنی وەزعەکە کەهیچ ئینسانێکی مەدەنیو شەریفو ئازادیخواز پێی رازی نییە. یەعنی خۆشباوەڕیو تەوەهم بەدامودەزگای بۆرژوازی. یەعنی بەشدار لەچەواشەکردنی رای گشتی کۆمەڵ. یەعنی فەرزکردنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیو شەخسی بەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵ. یەعنی چوونە پاڵ دەستی بۆرژوازی ئاژاوەگێڕ. یەعنی..

ئێمە ئەو قسانە بریقوباقو پفدراوانەی لەنێو هۆڵەکاندا لەسەر وەزعی کوردستان دادمان نادات. ئێمە ئاوەدانکردنەوە پەیداکردنی کار بۆ بێکارانو ڕاگرتنی شەڕی کۆنەپەرستانە. رەهاکردنی ئازادییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانو.. مان دەوێت.

کرێکاران نەك مقاتەعەی ئەو سیناریۆیانەیان کردووە، بەڵکو ئامادەیش نین لەسەر شاشەی TVیش سەیری بکەن. گاڵتەیان بەعەقڵی خاوتان دێت. بەسە چیتر فریوکاری، خەڵکی کوردستان لەبرساندا سووكو سەلیمو ڕیسوا بوون.

١٩٩٥/٨

-----

ئەم تێکستییە بەیاننامەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بوو، بەناونیشانی (الی الاستاز PUK مع التحیات) بەتیراژی ٣٠٠ دانە بڵاوکرایەوە.

**٩) تیرۆرو موتەوەهیم بوون**

چەند برادەرێکی سادە لەوحی نزیك بەلایەنێکی چەپو خۆ بەڕادیکاڵزان (WCPI)، ماوەیەکە دەستیان بەکاریٚ کردووە، بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك لەدژی تیرۆر. ئەو بەڕێزانە لەمەوبەر بەهۆی وتارێکەوە جەنجاڵێکیان خوڵقاند، لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی هێرشێکی توند بوونەوە، خەریك بوو تووکی سەریان با بیبا. هەر ئەمەیش وای لێکردین پەنا بۆ کارێکی لەم جۆرە بەرن، ئەترسین ئەمەیشیان بەدەردی کۆمیتە سەرنەکەوتووەکانی تریان دەربچێت!؟

بەپێی ئەوەی تیرۆر روبەڕووی هەموو لایەك بۆتەوە، بۆ قورسایی پێدانی کێشەکەو بەجەماوەری کردنەوەی مەسەلەکە، لیژنەی ناوبراو بیٚ چاوپۆشی کەوتۆتە سەردانی ئەم حیزبو ئەو حیزب، پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەم کەسایەتی، ئەو کەسایەتی. یەکیٚ لەو حیزبانەی سەردانیان کردووە جگە لەوەی فەرمانڕەوایە، بەئاشکراو دزی پراکتیزەکەرو مرەوجی دیاردەکەیە، ئیتر نازانین ئەو برادەرانە سیاسیو ئۆپۆزسیۆن بوونەکەیان لەچیدایە؟!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەچەند رۆژ پێش سەردانەکەیان، چەکدارەکانی خانەخوێ PUK بەپێی پیلانێکی داڕێژراو لەناپیاوانەو بەدەستی ئەنقەست لەنزیك شارۆچکەی کۆیە پەلاماری سەرکردەیەك (هێمن حلاق)و زیاتر لە١٠ پێمیمی لایەنێکی سیاسی –پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان– دەدەن، بێجگە لەشەهید کردنیان، بەنیازبوون دیزە بەدەرخۆنەی بکەن! بەڵام، بەهۆی فشاری چەند لایەنی سیاسییەوە، پاش چەند رۆژ بەقێزوبێزەوە پەردەیان لەرووی کاری دزێوو ناشارستانیانەی خۆیان هەڵدایەوە!!

هەر دوای چەند رۆژ، پاش چوونی لیژنەی دژی تیرۆر بۆ لای PUK، ئاسایشە موحتەرەمەکان!! زۆر رەشیدانەو رووهەڵماڵراوانەو بەبەرچاوی ئەو عالەمەوە دەمژمێر ٢,٣٠ی رۆژی ١٩٩٥/١١/٨ لەنێو جەرگەی شاری سلێمانی پەلاماری دوو لافیتەی رەشیاندا کەبەر لەنیو دەمژمێر بەو بۆنەیەوە، بۆ ئەو پۆلە شەهیدە هەڵواسرا بوو، دڕێندراو بڕێ جنێوی مزریشیان دا!!

جا گەلی برادەرو خوشکینە

موفاتەحەکردنی حیزبی فەرمانڕەوا لەمەسەلەیەکی وادا، بێجگە لەنیشاندانی ترسو نیگەرانیو قبوڵکردنی باوکایەتییان نەبێت زیاتر هیچی تر نییە، لەهەمان کاتدا رەواج پێدانی تەوەهمو خۆشباوەڕی دەگەیەنێت!

١٩٩٥/١١/١٠

---

ئەم چەند دێڕە بەناونیشانی (تیرۆرو موتەوەهیم بوون بەبۆرژوازی) وەك بەیاننامە پاشکۆ سیاسییەکەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بەتیراژی ٢٠٠ دانە بڵاوکرایەوە.

١٠) پەیامی جمهوری جەهل

هەر کەسێ لەمعارەزەی ئێرانی ناو کوردستانو عێراق شتێکی بەسەر هاتبێ لەژێر سەرو بەئاگاهی (محمدی هیچپاگاهی) ناسراو بەئاغای قەیتانی کراوە! حکومەتی جەهلی ئیسلامی ئێران ئەو میرغەزەبە، ئەو سێبەری مەرگە، ئەو ئیزرائیلەی ناردووە تا ببێتە فریشتەی ئاشتی نێوان PUK و KDP!!

بۆ پێشوازی لەم جەنابە، بۆ ئیحترام لەحیاتی ئەوەی چەند حەیوان وەك عادەتە لەبەر پێی بدری بەزەویدا، چەند تێکۆشەر، چەند ئازیزی ماندوونەناسی معارەزەی ئێرانیان وەك قوربانی لەبەر پێیدا تیرۆر کرد! ئەمە چ پەیامێکە؟ پێو قەدەمی ئاغای قەیتانی هەروەك سیاسەتمەداری بستەباڵای ناوچەی سۆران مام (جەلال تاڵەبانی) فەرمووی: خێرو بەرکەتو بارانی لەگەڵ خۆیدا هێنا!

چ جەهاڵەتێکە؟

گەر دەجالی گەورە (رەفسنجانی) بهاتایە چی دەباراند؟ لەوانەبوو معجزە رووی بدایە: گەنم، گەنمی بۆ برسیانی کوردستان بباراندایە! هاوکات بۆ معارەزەی ئێرانی قەتڵوعام زیاتر هیچی تر نەدەبوو!

کرێکارو زەحمەتکێشان

دیقەت بدەنو ورد ببنەوە، تا ئێستا حاکمانی رەنگاو رەنگ بۆ بەرژەوەندی حکومەتی درو وەحشی وەکو جمهوری جەهلی ئیسلامی ئێران نمایشتان پێدەکات، لەسوجدە ڕاتان دەگرێ، ئیهانەتێکی ترتان دەکەنو چەند کەس لەو ئازادیخوازانە کەپەنایان هێناوەتە بەر ئێوە، لەباوەشی بێرەونەقی ئێوەدا، لەکوردستانی بەسۆماڵ بوودا ئۆقرەیان گرتووە، وازیان لێناهێننو تیرۆریان دەکەن!!

بەسە چیتر، قبوڵکردنی ئیهانەت، خۆ ئێوە وەك حاکمان دۆم –لەگەڵ ئیحترامی زۆر بۆ ئەو خێڵە– نیین، لەماڵی خۆتاندا ئیحترامی میوان نەگرنو لەماڵی خۆتاندا لێیان بدەن. دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوەو بەهەر شکڵو شێوەیەك کەبەگونجاوی دەزانن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پارێزگارییان لێبکەن، حاکمان بخەنە ژێر فشار تا حەدێ بۆ گشت ئەو دەستدرێژییانە دابنرێت.

بەڵام بەکێی دەڵێی؟ خۆشباوەڕی تاکەی؟ ڕوو ناکرێتە حاکمانی بێفەڕ. وەسیلەو شێوە خەباتی تر زۆرە، سەربەخۆیانە دەستی بۆ ببرێت.. کەواتە، ماتڵی چیین؟

١٩٩٦/١/٧

----

ئەو چەند دێرە لەشێوەی بەیننامەدا گەرماو گەرم بەتیراژی ٥٠٠ دانە بەناونیشانی (پەیامی جمهوری جەهل‌و حاکمانی کروردستان، برسێتی‌و تیرۆرو جەهالەتە!!) بەناوی پاشکۆ سیاسییەکەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکارییەوە بڵاوکرایەوە.

**١١)لابردنی گەمارۆ**

لەم ڕۆژانەدا، سەرەتای مانگی شوبات بەهۆی ملدان‌و ڕازیبوونی بکوژی یەکەمی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق بەکوردو عەرەبیەوە، سەدام حسێنی فاشیت، بۆ دانوسان لەگەڵ UN لەسەر ناردنی پیترۆل بەرانبەر بەخۆراك، نرخی کاڵاکان لەسەدا پەنجا دابەزی‌و هاتە خوارەوە.

کەچی لەم کات‌و ساتەدا، لێرە لەشاری سلێمانی ئیدارەی حوکم کەPUK کۆنترۆڵی کردووە، مووچەیان ڕاگرتووە! ئەم کارەیشیان بۆ ئەوەیە تا ئێوە بەو تۆزە پارەیە —خوا لەدەستیا بڕێ— کەپێتانی دەدەن، لەم فورسەتە سوود وەرنەگرن، پێداویستە سەرەتاییەکانتانی پێنەکڕن‌و ئاهێکتان پیادا بێتەوە!

لەم چەند ساڵەی ڕابردووەدا ئیدارەی حکوم ئەمە یەکەم کارو دواهەمین کاری نەبووەو نییە لەدژی ئێوە دەیکات. ئەوانە دەڵێی لەخوێندا گرتونیان تا هێندە داخ لەدڵ‌و ڕقیان لێتانە و واتان پێدەکەن، ئەوانە حەز ناکەن پشوویەکتان پیا بێتەوە! ئەوانەو زۆر حیزبی تر نایانەوێ گەمارۆی ئابووری وەحشیانەی ئیمپریالیستان لا بچێت، نانی گەمارۆ دەخۆن!

**کرێکارو کارمەندانی دەوڵەتی**

بۆ ڕاوەستانەوە لەدژی ئەم کارەو هەر کارێکی تر خۆ خواردنەوەو خۆ کرکردن دادتان نادات‌و داشی ئەوان سوارتر دەبێت، بۆیە تەنیاو تەنیا یەك کار لەبەردەمتانایە ئەویش: یەکگرتووانەو سەربەخۆیانە، بەبەرزکردنەوەو بەرێخستنی ناڕەزایەتی جۆراوجۆرەکانتان دەتوانن هەقی خوراوتان لەقوڕگیان دەربهێنن. دەهیمەت بکەن..

نەفرەت لەسەدام حسێن‌و داموەزگا سەرکوتکەرەکەی‌و گەمارۆی ئابووری ئیمپریالیستان، پایەدار بێت هێزی لەبن نەهاتووی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش.

١٩٩٦/٢/٥

----

ئەم تێکیستیە بەناونیشانی (بەلابردنی گەمارۆ نانبڕاو دەبن) بوو، وەك بەیاننامەی پاشکۆ سیاسییەکەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، بەتێراژی ١٠٠٠ دانە بڵاوکرایەوە.

**١٢) بزووتنەوەی ئیسلامی تەقە**

لەدوای ڕاپەڕینەوە —ئازاری ١٩٩١— کێشەو ململانێی نێوان بزووتنەوە ئەسڵییە —کرێکارو سەرمایەداران— کۆمەڵایەتییەکانی نێو دەروونی کۆمەڵگای سەرمایەداری کوردستان عوریانتر بۆتەوەو بەزەقی خۆیان دەرخستووە، هەر یەکەیان لەچەند مەیلی سیاسی جیاواز خۆیان تەعریف کردووە، ئەمەیش بۆ خۆی دیاردەیەکی نوێ‌و ئیجابی بەحساب دێت.

بەهۆی چەند عالەمەوە، ئەو مەیل‌و بۆچوونانە لەنێو خۆیاندا نەپرنگاونەتەوە لەهەر کارێکی نائسوولی‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نابەجێ لەبەرانبەر یەکتردا، بەپێی قانوونی جەنگەڵ لەهەوڵی خۆ سەپاندن‌و قۆرغ کردنی ناوچەی نفوزدا لەگەڵ یەکتر بوون!

دەستەو گرووپە ئیسلامییەکانی نامۆ بەکۆمەڵگای مەدەنیش هەلیان بۆ رەخساوەو بەگوورو تینێکی بێ وێنەوە، بەپێی تواناو لەرێگەی هەرەشەو گورەشە، گێچەڵ‌و شەرکردن بەم هێزو ئەو کەس، گۆمەکەیان شلێوو لخێن تر کردووە!

ئەمانە جیاوازیان لەچاو هێزەکانی تردا ئەوەبوو هێندە دژی لایەنە بچووك‌و موعاریزەکان –شیوعی، کۆمۆنیست، کرێکاری، پێشکەوتوخواز–بوون، نیو هێندە لەدژی حیزبە حاکمەکان KDP و PUK نەبوون! بەڵکوو لەزۆر باردا بەفیتیان جووڵاونەتەوەو تەواوکەری ئەوان بوون!!

بۆیە غەریب نییە، لەهەڵسوورانیاندا نەك هەڵخرێنەری جەماوەری زەربەلێدراوو برسی نەبوو، بۆ داخوازییە ئانی‌و دەستبەجێکانیان، بەڵکو هەمیشە خەڵکیان لەسەر قانعبوون‌و ملشۆری چاو لەدەستبوونی خێرو سەدەقەو خۆ هەڵگرتن بۆ بەهەشت‌و.. ڕاهێناوە!!

لەمێژووی ئەم پێنج ساڵەدا، کام گرووپی ئیسلامی بینراوە لەپشت ناڕەزایەتییەکی جەماوەرەیەوە ڕاوەستابێ‌و بووبێ؟ ئەمە کارنامەی گرووپە ئیسلامییەکان بێت، ئەبێ خەڵکی کوردستان چ چاوەڕوانییەکیان لێیان هەبێ؟ گەر وردتر بکرێتەوە، بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان بگێڕێ، کەخۆی لەشارۆچکەی هەڵەبجەی کۆندا بەحاکمی یەکەم دەزانێ‌و گوونی گوندار دەردەهێنێ، نەك هیچ ڕیفۆرمێك –ئیسلاحێکی بەقازانجی خەڵکی برسی نەکردووە، بەڵکو هەرچی مەعالمی مەدەنی هەیە نەیهێشتووەو کردوویەتی بەشاری (قم‌و مکە)!! نەك هەر ئەوە، لەبەرانبەر هەنگاوی مەدەنیانەی تردا، بۆتە لەمپەرو زۆر بەتوندی ڕاوەستاوەتەوە.

تازەترین یان بەقەولێکی تر عەیب‌و عارترین کارێك ئەوە بوو، کەڕۆژ ١٩٩٦/٣/١٧و لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا خوڵقاندیان: بەبەرچاوی هەزارەها کەسەوە پەلاماریان بردە سەر تیپێکی شانۆیی کەخەریکی نمایشکردنی شانۆیەك بوون، تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەقڵی مۆمیاکراوو قرونی وەستاییاندا نەدەهاتەوە!!

ئەو هێرشە بووە مایەی تێکچوونی ڤیستڤاڵەکەو بریندار بوون‌و گیان لەدەستدانی ژمارەیەك هاوڵاتی لەژن‌و منداڵ! بەوەیش کیمیابارانی هەڵەبجەیان بەشێوەیەکی تر خوڵقاندەوە!! هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشە نامەردانەیەدا لەناینا‌هەق پەلاماریان بردبووە سەر ژمارەیەك کادێرو ئەندامی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، کەبۆ کارێکی تایبەت چووبوونە ئەو شارۆچکەیە!!

بزووتنەوەی ئیسلامی، بەم فەزیحەیەی لاپەڕەیەکی تری خستە سەر مێژووی ڕەشی خۆی، ئیسپاتتری کرد هێزێکە گەر جڵەوی حکوم بگرێتە دەست، لەدەوڵەتە ئیستبدادییەکانی تری ناوچەکە هیچی کەمتر نابێ، بەڵکوو خراپتر دەبێ.

جا گەلێ بادەرینەو خوشیکنە:

ئەو کارە بێ پەردەو ڕوو هەڵماڵراوانەیەی بزووتنەوەی ئیسلامی کەدەرهەق بەخەڵکی برسی هەڵەبجە کردی، بێجگە لەوەی ئیهانەتێکە لەهەمان کاتدا زەنگێکی پڕ مەترسییە، دەدرێ بەگوێی خەڵکی کوردستاندا، قابیلی قبوڵی نەك خەڵکی مەدەنی‌و ئازادیخواز نییە، بەڵکوو لەو بڕوایەداین بەشێکیش لەهێزە ئیسلامییەکانی ترو خودی جەماوەری بزووتنەوەی ئیسلامی گئەوەیان پێ قووت ناچێ‌و بەنەفرەت‌و ناڕەزایەتی دەدەن.

بۆیە ئەرکی هەنووکەیی هەر ئینسانێکی ناڕازی‌و لایەنە عیلمانییەکانە لەبەرانبەر ئەو هێرشانە، لەهەر لایەنێکەوە دەکرێتە سەر جەماوەر، بێدەنگ نەبن. بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەربەست کردن و لەجێگا خۆدانانی ئەو مەدە کۆنەپەرستانەیە، بەهەر شکڵ و شێوەیەك کەبەگونجاوی دەزانن سەربەخۆیانە دەست بەکار بن، هاوکاری یەکتر بکەن.. بژی ئازادی بیرورا.

١٩٩٦/٣/٢

-------

ئەم نووسراوەیە بەناونیشانی (بزووتنەوەی ئیسلامی چی بۆ خەڵکی هەڵەبجە کردووە تا تەقەیان لێدەکات؟) لەو مێژووەی سەرەوەداو گەرماو گەرم وەك بەیاننامە بەتیراژی زیاتر لە١٥٠٠ دانە بەناوی پاشکۆی سیاسی گۆڤاری ئەدەبی کرێکارییەوە، بڵاوکراوەتەوە. لەهەمان کەناڵدا واتە لەلاپەڕە ١١ ژمارە ٥ی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا دووبارە کرایەوە.

### ١٣) تاوانی هەڵەبجەو گەمارۆ ئابووری

خەڵکی کوردستان بەتایبەت کرێکارو زەحمەتکێشەکەی بەدەست بۆرژوازی دواکەوتووی ناوخۆو ئیقلیمییەوە گیریخواردووە! سات نا ساتێك بەر رووی کارەسات و چوورتمی وایدەکەنەوە دەکرێت بووتری لەمێژووی بەشەری ئەم سەر زەمینەدا وێنەی تەڵخ و دزێوی لەو جۆرە نابینرێتەوە!!

کیمیابارانی شارۆچکەی هەڵەبجە کەبەر لە٨ ساڵ روویدا، یەکێکە لەو کارەسات و تاوانە وەحشییانەیەی کەهەندە جەرگبڕبوو، تەنانەت بەشێکیش لەبۆرژوازی نیگەران کرد. بەشەرییەتی مەدەنی هێنایە لەرزە.

بەڵێ، خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شارۆچکەیە لەناپناهەق بوونە قوربانی کایەیەکی رەزیلانەو کەسیفی بۆرژوازی عەرەبی و فارسی و کوردی.

جا گەلێ برادەرو خوشیکنە

کارەساتی هەڵەبجە بۆ ئێمەی کرێکارو زەحمەتکێش ئەوە دەگەیەنێ کەخێرو بێری سیستمی سەرمایەداری غەیرە برسێتی و ماڵوێرانی و تاوان و قەتڵوعام و.. شتێکی تر نییەو نابێت، تەنها وەڵامێکی ددانشکێن لەبەرانبەر ئەو سیستەمە زاڵمانەیەدا ئەوەیە:

یەکدەنگی و هاوپشتی و رێکخراوبوونی خۆمان گەشە پێدەین و بیپارێزین، هەوڵدان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان، کۆمەڵگایەك بەخواستی ئازادانەی خۆمان بچەرخێت.. نەفرەت لەخولقێنەرانی گەورەو بچوکی تاوانی وەحشیانەی هەڵەبجە.

١٩٩٦/٣/١٦

--------

ئەم چەند دێرە بەناونیشانی (تاوانی هەڵەبجەو گەمارۆی ئابووری تەنها لەسەرمایەداری دەوەشێتەوە) وەك بەیاننامەی پاشکۆ سیاسییەکەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بەتیراژی ٣٠٠ دانە بڵاوکرایەوە.

### ١٤) یەکسانی ژن و پیاو

٨ی مارس-ئازار رۆژێکی مێژووی و پرشنگداری بەشەرییەتی چەوساوەیە. لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا لەگۆشەیەکی ئەم دنیا پانوپۆڕەدا ژنانی کرێکار بەدەنگی تورە ئەما بڵند نرکاندیان:

بەسە چیتر کۆیلەیەتی، پلە دویین بێحورمەتی و بێبەشی و.. ئێمەیش مرۆڤین لەخوێن و گۆشت دروست بووین، حەق و حقوقی خۆمان هەیەو دەوێت، بژی یەکسانی نێوان ژن و پیاو.

بۆ ئێمەی کۆمۆنیست جێی شانازی و سەربەرزییە کەلەوکات و ساتەدا توانیومانە ببینە پشت و پەلانای بەلامنازعس ئەو بزووتنەوە ناڕەزایەتی و بەرهەقە، جێپەنجەی خۆمان بەجێبهێڵین، لەئاستی جیهاندا ٨ی مارس-ئازار بکەین بەرۆژی ژنان و ڕەسمیەتی پێبدەین.

هەر لەم بۆنەیەدا بەهەلی دەزانین وێڕای پیرۆزبایی لەژنان بەتایبەت ژنانی کرێکارو زەحمەتکێش بکەین. لەهەمان کاتدا وەك هەمیشە دەنگومان لەگەڵ دەنگیان ئاوێتەو تێکەڵ دەکەین. پێکەوە بەرەو داسەپاندنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داخوازییە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانمان، بەرەو کۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوە.. پایەدار بێت بزووتنەوەی یەکسانیخوازی.

١٩٩٦/٣/٨

------

ئەم چەند دێرە بەناونیشانی (لە٨ی مارس، بژی یەکسانی نێوان ژن و پیاو) وەك بەیاننامەی پاشكۆ سیاسییەکەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بەتیراژی ٢٥٠ دانە بڵاوکرایەوە.

**١٥) لەشکرکێشی جمهوری ئیسلامی ئێران مەحکومە**

ڕۆژی ٢٨ی تەمووز ١٩٩٦ هێزێکی گەورەی ئەرتەش و پاسدارانی سەرکوتکەری جمهوری ئیسلامی ئێران، بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوە بەبەرچاو یان بەچاوساغی دەسەڵاتدارانی (ینك) لەناخافڵ پەلاماری ئۆردوگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەدەوروبەری شارۆچکەی کۆیە داوە! کەبووە مایەی لەدەستدان و وێرانکردن و ئاوارەبوونی ئەو شۆڕشگێڕە ئازیزانەی کەلەتاو زوڵم و زۆری بێرەزای جمهوری ئیسلامی ئێران پەنایان هێناوەتە بەر سفرەی خاڵی و خاکی تینوی خەڵکی کوردستانی عێراق.

دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانی عێراق زۆر بێشەرمانە بێئەوەی ڕێزو نرخ بۆ خەڵکی و دەسەڵاتدارانی کوردستان دابنێن! ئەوە چەندەها جارە لەبەرانبەر هێزە معارزەکانی خۆیاندا مڵهوڕانە لەشکرکێشی گەورەو بچووکیان بۆ دڵ ڕازیکردنی ئەو دەوڵەتە چاوپۆشی لەزۆر کاری تیرۆریستی باندە مرۆڤکوژەکان کردووە!

هەروەك بیستمان لەپێناو بەرژەوەندی تەسیکداو بەهۆی شەڕی ناوخۆیەوە، بەبڕوبیانوی جۆراوجۆر بێجگە لەو ڕێگریی و بەربەستانەن ڕێگاشیان بۆ ئەم لەشکرکێشییەی دوایی خۆشکرد! ئەم سیاسەت و مەنتق و پەلەقاژێیە تەنها قابیلی (ینك)ە و لەو دەوەشێتەوە!

هەر لەم دیدو بۆچوونەوە ئێمە ئیمزاکەرانی لای خوارەوە، وێڕای مەحکومردنی ئەو هێرشە دژی ئینسانییەی جمهوری ئیسلامی ئێران. لەهەمان کاتدا نەفرەت و بێزاری لەبەرامبەر ئەو کارە سازشکارانەی (ینك) دەردەبرین.

---

کەڕووداوی ئاماژە بۆ کراو ڕوویدا من لەشەقڵاوە بووم، هەوڵمدا ئیمزا کۆبکەمەوە وابزانم چەند کەسیشم وەرگرت، سەرەوادنە کۆپیەکەیم هێندەی بیرم بێ دابەگۆڤاری گوڵان و برایەتی. بەڵام ڕووناکی نەبینی.

**١٦) بڕینی مووچە**

هەروەك دەبینین، ئەوە چەند پەیپی ناسك و شاعیری یەکێ لەسیاسەت داڕێژەرانی حکومەتی هەرێم- نا.. نا ببوورن حکومەتی KDP- ئەو KDPیەی کەچەند ساڵ لەمەوبەر، بەدەقیقی ماوەیەك پێش شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوخۆ، لەهۆڵی پەرلەمان بۆ دیفاع لەگوزەرانی فەرمانبەران، لەهەمان کاتدا بۆ مزایەدە کردن بەسەر PUKیەوە سەرسەختانە دەنگی بەزیادکردنی مووچەدا.

فیعلەن بڕیارەکە بۆ ماوەی دوو مانگ جێبەجێ کرا، فەرمانبەران بەری ڕەنجی ناڕەزایەتییان سەرکەوتوانە چنییەوە، ئاهێکیان پیاداهاتەوە. بەڵام، بەهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، بڕیارەکە قڵپ کرایەوە، لەقورقوراگەیان دەرهێنرایەوە!

دوابەدوای ڕووداوەکانی مانگی ئاب و کۆنترۆڵکردنی حکوم لەلایەن KDPیەوە، بەهاوکاری حکومەتە بەڕێزەکەی بەغا! لەجیاتی قەرەبوو کردنەوەو پێشاندانی وەفاداری بۆ فەرمانەبرانی برسی کراو، پێدانی هەموو حەق و حقوقەکانی لەوەبەریان، زۆر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئازایانە هاتن بەوێنەی دەستە خوشکەکەیان (PUK) بەبڕوبیانوی زۆر لاواز، گوایە نرخی دینار سێ بەرامبەری جارانە!! ناوکی فەرمانبەرانیان خست، دەستیان بەدابەشکردنی مووچە کرد بەبێ زیادەکەی پەرلەمانی مردارەوە بوو!!

تەنها قسەی پڕ بەپێست بۆ کردەوەیەکی دژی ئینسانیو دژی کرێکاری وا کەکاربەدەستانی تازە کورەی KDP پێی هەڵساون ئەوەیە: مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارەو بانێکەو دوو هەوا، هێشتا لای KDP زەمانی تەقیانووسەکەیە!؟

١٩٩٦/١٠/٥

-- ---

ئەم چەند دێڕە بەناونیشانی (KDP لەبرینی مووچەدا لاسایی PUK دەکاتەوە!!) وەك بەیاننامەی پاشکۆی سیاسییەکەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری بەتیراژی ٤٠٠ دانە بلاوکرایەوە.

١٧) گرتنی نووسەر

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٦/١٠/٨ لەبەر دەرکی سەرا، لەبەرچاوی خەڵکی لەلایەن سێ چەکدارەوە، برای نوسەر (ئازاد تۆفیق)و برای ڕۆژنامەنووس کاك (ئارام ئیسماعیل عەلی) ڕاپێچی شوێنێکی نادیار کراون!!

ئەو کارە بەهەر بیانوویەکەوە بێت بۆ خۆی پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤە، کەهێچ کەسێکی مەدەنی قبووڵی ناکات. لەهەمان کاتدا لادنێکی وازیحە لەو وەعدو بەڵێنانەی کەکاك مەسعود بارزانی دواییەتی بەجەماوەری خەڵکی کوردستان.

بۆیە لێرەوە خوازیاری بێقەیدو شەرتو دەستبەجێو ئازادکردنی ئەو دوو هاوڕێ نوسەرەمانیین، هەرچەندە ئایدیۆلۆژییەن لەگەڵییاندا نایەینەوە.. بەرقەرار بێت ئازادی قەڵەم.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزماندا

چوار شەممە ١٩٩٦/١٠/٩

تێبینی: ئەو نووسەرە بەڕێزانە لەهەمان ڕۆژدا دوای ٢٩ دەمژمێر ئازاد کران.

------

ئەو چەند دێڕە وەك یاداشتنامەی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، بۆ پارێزگاری سلێمانی بەرزکرایەوەو هاوکات بەتێراژی ٢٠٠ دانەیش بلاوکرایەوە.

*



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بڕاوانە کە عیشق چۆن دەئاژوێ

مەحمود موعتەقەدی
و. مانی شەهامی

***خوێندنەوەی شێعری***
***لە دایك بووی ئەوەی کە ئەویندارانەلە سەر زەری مرد***
*»ئەحمەد شاملوو«*

(1)
**بڕوانە چ لە خۆ بردوانە بە سەر زەویا خۆی دەکێشێ،**
ئەوەی کە نەمامی شلکی دەستانی
لە ئەوینی
خودایە
لە حاند سەرکەشی وی دا
بان جەهەنەمیش نزمە
لە کوێیە ئەوەی بە (ئەرێ)یەك دەمرێ
نە بە زامی سەد خەنجێر
تەنانەت مەرگیش هیچ
مەگەر لە یاوی داهیزاویا
.دیق بکا وبمرێ
قەڵایەکی گەورە
کە تەلەسمی دەروازەکەی
کەلامی بچووکی خۆشەویستی‌یە

(2)
**نەکۆڵی لە ئەوین**
ئەمجۆرەی کە سەرسەختانە پێت چەقاندووە
مەگەر کێردێکت
لە ناو قۆڵ دا حەشار دابێ
کە عاشق بۆ ئیعتراف لە بانگی داو
هەموو وجوودی بوو بە هاوار

(3)
**بڕوانە**
چ لە خۆبردوانە لە بەر دەرگەی رەسەنی دا
دەشکێتەوە سەر زەوی
ئەم رۆخسارەی کە تۆفانیش
.توانای مەسخی نی‌یە
چ لە خۆبردوانە لە ئاستانەی تۆدا،چۆك دادەدا
ئەوەی کە لە ناو چەقی دەریا دا
.دەستی گرێ دا
بڕوانە
چ مەزنانە سەر دەکاتە پردە بازت
ئەوەی کە
مەرگی
بە قەرا لە دایك بووی هەزار شازادە،دنیای وە جمین خست

١. بڕوانە!
٢. لە کەش وهەوای شێعری شاملوو دا،کۆمەڵە شێعری» ئیبڕاهیم لە ئاگر دا«،دوای کۆمەڵە شێعری »پشکۆتن لە مژ دا«لە پێوەندی دەگەڵ مرۆڤ ومەرگ دا باسێکی تازە دێتە ئاراوە.لەم فەزا دەست بە سەر داگیراوە دا،زایەڵەی مەرگێکی بە شکۆ بە سەر زەویەکی تینو،هاتۆتە دەور گێڕان. چوونکە دەیەی پەنجا،لە بیرۆکەی مێژوویی ئەو کەسانەی کە ئیتر لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

غەدری ڕۆژگار،وەزاڵە هاتبوون،یادگاری حەرەکەتێکی ئەویندارانە و مەرگ خوزانە،بۆ بەردەوامی ژیان بوو!چوونکە هەر لەو ساڵە ساتیانەوە،جوانترین و دڵ بزوێنترین حەماسە گەلی ئینسانی لە لایان خەباتگێرانی سیاسی،لە بەرانبەر چەوسێنەرانی زەمانە،هاتە ئاراوە.لەم ڕێبازەدا،ژنان وپیاوانێکی بە سۆز،بۆ گەیشتن بە ئازادی و چەندو چۆنی چەوسانەوە،ڕەندێکی نوێان بۆژیان دۆزییەوە.بەڵێ مەرگی ئەوان لە ئەدەبیاتی سیاسی ئێمە دا،لە دایك بوونێکی نوێ،بۆ سەربەرزی ئینسان و ئەوین بووە.

٣. ئیبراهیم لە ئاگر دا،پانتایەکی تاو ویاو گرتوو بوو بۆ ڕوێشتن لە»خۆ««و نیشان دانی ڕازی بێ تاوانی گەلێك بوو،کە بەردەوام لە دۆزەخێکی تاریك و تنووك دا،وەپەلەقاژە کەوتبوون.بەڵام»لە دایك بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکە دا مرد«ئاوڕدانەوەی هەستانێك لە »بوون« بوو کە ئامانجی تووڕەیی و ئازایەتی و شوور و شەوقی شۆڕشگێڕی بە نێوچاوانیەوە،وەبیرهێنەوەی ڕۆژانێکی پڕ لە دڵەراوکێ و نەگبەتی بۆ کەسانێك بوو کە دەگەڵ خۆیان ساغ ببوونەوە و کەوتبوونە گەڵ کاروانی ڕزگاریەوە.

٤. شاملوویی شاعیر کە ئیبراهیمەکانی ڕۆژگار،دایمە لە ناو ئاگری مەرگ و لاشەی کەوتووی ئەوانی دەدی،لەم تابلۆوە گەورەیە دا،دەگەڵ گەڵاڵە کردنی ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر،خەریك بووە و مەرگ وەك لە دایك بوویەکی نوێ،باس دەکا.

٥. شایانی باسە کە کارنامەی ئیبراهیم لە ئاگر دا،هەڵبژاردەیەك لە مەرگ،لە دایك بوون و سەر لە نوێ،پشکۆتنی دەستەیك لە خەڵك بوو.

٦. (1بڕوانە کە چ لە خۆبردوانە بە سەر زرەویا خۆی دەکێشێ(بەشی هەوەڵ(

٧. (2بڕوانە کە چ لە خۆبردوانە لە بەر دەرگای ڕەسەنی دا،دەشکێتەوە سەر زەوی(بەشی دووهەم(

٨. (3بڕوانە چ لە خۆ بردوانە لە ئاستانەی تۆدا دەستەو داوێن دەبێ(بەشی سێهەم(

٩. (4سەیرر کە چ مەزنانە سەر دەکاتە پردە بازت.(بەشی سێهەم(

١٠. (5بڕوانە(بەشی سێهەم(

١١. کلیلی چوونەژووری کەش و هەوای شێعری»لە دایك بوویی ئەوەی کە ئەویندارانە لە سەر زەویا مرد«لەم بابەتە شێعریە حەشار دراوە.

١٢. ئەو زەبرەی کە لە »بڕوانە«دا کوت و پڕ،بەرز دەبێتەوە و ڕێگەیەکی لە خۆبردوانە بۆ دیتن خۆش دەکا.

١٣. فەزای ناسیاوی شێعر بە سێ بەش و پانتایەکی ڕێك و پێکی ناو دەقی دابەش،دەکرێ کە بابەتی »بڕوانە چ لە خۆبردوانە«لە ئاستانەی ئەم کەش و هەوایە دا،هەوایەکی نوێ بە سەراپای شێعرەکە دەبەخشێ.

١٤. وشەکان بە ڕیتمێکی بەرز و هەستێکی حەماسە ئاسا،شوێنێکی کاریگەر لە سەر بیسەر دادەنێن.هەر جارەی کە هەستی لە خۆبردوویی و مەزنایەتی ئینسانی ڕەنجدەر لە بەر دەم خاك دا،چۆك دادەدا،خوێنەر خۆی جاری وایە وەجم و جۆڵ دەکەوێ،جاری وایە ڕاوەدەستێ و جاری وایە دەگری و سەرەنجام هەڵدەستێ و هاوکات دەگەڵ ئەو دەنگەی‌تر بۆ زەوی چۆك دادەدا.

١٥. بابەتی»بڕوانە«دەتوانین بڵێین هەوەڵین بروسکەی ئارمان خوازی،بۆ چوونە ناو فەزای هەڵماساو و خوێناویە.لەم ڕێبازە دا،شاملوو،بەستەیەکی نوێ،لە مەرگ ساز دەکا،کە شیاوی ئەوین و مرۆڤایەتی‌یە.هەروەها لەم ڕێگەیە دا،خوڵقێنەران،بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن لە مەرگی سوور،بانگەواز دەکا.چوونکە شاملوو شاعیرە و ناوی ئینسان بە شێعر،دەنووسێتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١٦. كۆپلەی یەكەم:بڕوانە چ لە خۆبردوانە بە سەر زەویا خۆی دەكێشیٚ/ئەوەی كە نەمامی شلكی دەستانی/لە ئەوینی/خودایە/لە حاند سەركەشی وی دا/بان جەهەنەمیش نزمە/لە كۆیە ئەوەی بە ئەریٚ-یەك دەمریٚ/نە بەزامی سەد خەنجێر/تەنانەت مەرگیش هیچ/مەگەر لە یاوی داهێزاویا/دیق بكا.

١٧. لەم كۆپلەیە دا،چۆنیەتی گێرانەوە،دیمەنیٚ وەسف دەكا كە هیچ كەس بە»ئەریٚ«یەك نامریٚ ونەمامی دەستەكانی لە بەرانبەر مەرگ دا،ئەركی خولْقاندنیان هەیە.شاعیر لە سوخەنرانیەكی ئەوەندە گەورە دا،باس لە كەسیٚ دەكا كە بە ئاگایەكی تەواوەوە،لەو پەڕی لە خۆبردوویی دا،لە مەرگ حاشا ناكا،بەلاْم لە بەرانبەر تووڕەیی بە شكۆی وی دا،ئاگری گەورەی دۆزەخ،بەو هەمووە هەراویە كە هەیەتی،هیچی هیچە!شاعیر لە مەیدانێكیتر و بە شكلْ و وێنەیەكیتر،حاشا هەلْنەگری مەرگ پێناسە دەكا.

١٨. شاعیر لە مەرگێكی ساكار كە چەق و چۆی داهێزراوانە بێت،لێی دەدویٚ.بە واتایەكیتر شاعیر دوو جۆرە مەرگ بەیەكەوە،هەلْدەسەنگێنیٚ و لەم پێوەندیە دا،ڕێگەی ڕادەربڕین بۆ خوێنەر دەهێلْێتەوە.هەلْبەت سەرەڕای ئەوەی كە ئاكاری زمان لەم پێوەندیە دا،هێندێك تایبەت مەندی خۆی هەیە،كە ئەم ئاوێتەبوون و پێوەندی مانایە،لە مۆتیڤە مێژوویەكان و باوەڕگەلی خەلْكیەوە،سەرچاوە دەگرن.

١٩. لەم كۆپلەیەدا،شاعیر سەرەڕای ڕەد كردنەوەی مەرگێكی ناڕاستەوخۆ،دێتە سەر باسی،لە خۆبردوویەك، كە دەگەلْ یاوی داهێزراوی دا،چەندین سالْیان مەودا،هەیە.چوونكە لەو ناوە دا،قەلاْیەكی مەزن/كە كەلامی بچووكی خۆشەویستیە/بۆ شاعیر گرینگە.چوونكە كەسێك كە لەم هەنگاو هەلْبڕینە دا،جۆرێكیتر،بێتە ناو گۆڕەپانی ئەوینەوە،بە دلْنیایەوە،تەلیسمی دەروازەی خۆشەویستی لە پشتە.بەلاْم لەتوێژی ناوەوەی ئەم باسە دا،تەنز و پرسیار لە هەموو كەس،هەر وا بەردەوامە.

٢٠. كۆپلەی دووهەم:حاشاكردنی ئەوین/ئەمجۆرەی كە سەرسەختانە پێت چەقاندووە/مەگەر كێردێكت/لە ناوقوْلْ دا حەشار دابیٚ/كە ئاشق بۆ ئیعتراف ،لە بانگی دا و هەموو وجوودی/بووبە هاوار.

٢١. ڕاستی شاعیر،لەم دیمەنە دا،دەگەلْ چ كەسێك ئاوا،دوو لایەنی قسە دەكا؟دەگەلْ ئەویندارێك كە سەراپای وجوودی بۆ ڕوێشتن،هاوارە؟یا لۆمە كردنی ئەو كەسانەیە كە بو حاشا كردن لە ئەوین پێیان،چەقاندووە و بۆ زەبر وەشاندن بە ئاشق،خەنجێرێكیان،لە ناو قوْلْیان دا،شاردۆتەوە كە ئەم لایەنەی دوایی،دەگەڕێتەوەبۆ شێوازی چەوسێنەران و هەلپەرستان كە باوەڕیان بە ئینسان نییە.

٢٢. بەلاْم لە ناوەوەی ئەم دەقە دا،چاوەگەلیتریش لە ئارا دایە كە ئەویش دەست شۆردنەوە لە خۆ و بەدەوری ئەوین داهاتن و هەروەهاباس كردن لە باوەڕگەلی خەلْكی كە لایەنە گشتیەكەی دەست بە سەر داگرتن بە كاروباریی سیاس و پشتیوانی كردن لە شوور و شەوقی شۆڕشگێڕی لە پێناوی ڕزگاربوون لە دەست بەسەری مێژوویە.هەر بۆیە لەم بەشەدا،لە بەرانبەر شاعیر،دوو جۆرە بۆچوون لە كردەوەی كۆمەلاْیەتی و ڕۆمانیستی شۆڕشگێڕی،بەدی دەكریٚ كە وێنەی بەرچاوی ئەوانە،هەنگاوە شۆڕشگێڕیەكان لە لایان ژنان و پیاوانی فیداكار بوو.شاعیر بەرخۆدانی ولە خۆۆبردوویی لە پەنا یەك دادەنیٚ!

٢٣. بڕوانە/چ لە خۆبردوانە لە بەر دەرگەی ڕەسەنی دا/دەشكێتەوە سەر زەوی،/ئەم ڕوخسارەی كە تۆفانیش/ توانای مەسخی نییە/چ لە خۆبردوانە لە دەرگانەی تۆ دەستەو دامێن دەبیٚ/ئەوەی كە لە چەقی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەریا/دەستی گریّ دا/بڕوانە چ مەزنانە سەر دەکاتە پردە بازت/ئەوەی کە/مەرگی/بە قەرا لە دایك بووی هەزار شازادە،دنیای وە جمین خشت./بڕوانە.

٢٤. لەم بەشەدا،زەربەی ئاخری،بە دوو پات کردنەوەی(بڕوانە)لە پەیکەرەی شێعرەکەوە،بۆ لای خوێنەر دەگەڕێتەوە و ئەو هەڵسەنگاندنەی شاعیر،لە لایەك باسی مەرگ و لە لایەکی‌تر،باسی لە دایك بوویەکی بە شکۆ دەکا.واتە مەرگێکی سوور ودڵخوازانە.شایانی باسە کە لەم پێوەندیە دا،توخم گەلی وەك دەرگا و ئاستانە وزەوی،هەرکامیان هەستێکی شاعیرانەن کە شاعیر لە ڕەنگدانەوەی،ئەوانە،لە وێنەگەلی وەك لە خۆبردوانە،هەتا تووڕەیی،هەتا مەرگی سوور،یارمەتی وەردەگریّ.شاعیر لە باوەڕی کەسێك دەدویّ کە بۆ رام کردنیی تۆفان،بە دەستە بە هێزەکانی،بەرینایی دەریا،لە ناو جەغزی خۆیدا،جیّدەکاتەوە.

٢٥. بڕوانە:وتەیەکە کە هەم بۆ ئینسانە دوورەکان دەبیّ و هەم بۆ قارەمانە نزیکەکان،کە بۆ ئاڵ و گوڕ،ڕێگەی مەرگیان،هەڵبژاردووە.بڕوانە! تەرجیع بەندێکی هەرمانە،بۆ هەمووی ئەو بەردەنگانەی کە ژیانێکی سوور،بە جۆرێکی‌تر دەناسن.بەڵام کردەوەی شاعیر لەم ڕێگەیە دا،راوکردنی ئەو ساتانە لە دیمەنی ئەوین و ئارمان خوازیە،کە بەردەنگ وادار بە دڕکاندنی دەروونی دەکا.

٢٦. ئەوەش بلێن کە لەم پانتایە دا،بیرۆکەی شاعیر،لە بەسەرهاتە گەورە و چکۆڵەکان،شوێن پێی هەڵگرتووە و ئەمە،بە جوانیی هەست پیّدەکریّ.چوونکە بیرۆکەی مێژوویی زەمانە،لەوساڵە تاریکانە،قسە وحەدیسی زۆری بە یادگار پیّیە

٢٧. شاملوو حاشاکردن لە ئەوین بە شێوازێکی ڕەندانە،دەڵێتەوە.لە بەر ئەوەی کە غەم و تووڕەیی،دەگەڵ شانۆی گەورەترین حەماسەکانی ئینسانی،لەم کەش و هەوایە دا،زۆرترین دڵەراوکێی شاعیری پێك هێناوە.ئەوە بە گشتی لە روخساری زۆرێك لە شێعرەکانی کۆمەڵە شێعری ئیبراهیم لە ئاگرش دا،دەبیندریّ.

٢٨. لە دایك بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکە دا مرد،لە روانگەی بنەما دەروونیەکان و زمانی مۆسقایی،کەش و ریتمی توندی هەیە.کە لە روانگەی بەیان کردنەوە،رەگ و ریشەی لە زمان و وشەگەلی کۆن دا هەیە. شاملوو لە رێك وپێك کردنی ئەم بنەمایانە،زۆر بە کارامەیی دەچێتە پێش و ئەوەی کە بیّ کەم وکوڕی ئاراستەی دەکا،نیشانەی ئاگایی و ئەوینی دەرهەق بە جەریانیی سەیال ولەغزەندەی شێعرە.

٢٩. بەڵام تایبەتمەندی گشتی ئەم شێعرە،لە خۆ گرتنی بارودۆخی مێژوویی شێعری پەسا نیمایی،شتگەلی دووپاتەیی،شتگەلی قرتێندراو،هاوئاهەنگی و بەرز نیشان دانی وشەکانە.لە لایەکی‌تریشەوە،کەڵك وەرگرتن لە (تەرکیباتی وەسفی و ئیزافی) بە شێوەیەکی شاعیرانە و لە بەر چاو گرتنی شوێنی دەسپێك و کۆتایی شێعرەکە.

٣٠. زەین وزمان لەم شێعرە دا،ڕەوڵی ڕێنومایشی گێڕاوە وشاعیر بە سەرهەڵبڕین لە سووچێکەوە بۆ سووچێکی‌تر،وهەروەها چەندلایەنی دیتنی بەردەنگەکانی لە هەنگاوێکەوە بۆ هەنگاوێکی نوێتر،ئەم ڕۆڵەی بیینیوە.

٣١. قەڵایەکی گەورە/کە تەلیسمی دەروازەکەی،کەلامی بچووکی خۆشەویستیە/

٣٢. ئەم بابەتە هەر ئەو ئاگرە هەڵکراوەیە کە هەموویانیی بۆ تێڕوانینێکی گەورە و لە بیرنەکراو،رادەکێشیّ.شاملوو لەم گۆڕەپانە دا،بە هێنانە ژێر پرسیاری ئەم وئەو،بەسەرهات و چەند دەنگی دیتنی ڕەوتە سیاسی-کۆمەڵایەتیەکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆژگاری خۆی،لە ڕاستەقینەیەکی بچووک،بەڵام ڕێك وپێك،بۆ بەرخۆدانی ڕادەپەڕێ.

.٣٣ ئەم زەربانە کە لێکدا لێکدا،لەم لە دایك بوونە بە شکۆیە دا،دێنە ناو زەینی بەردەنگەوە،هەژێنەر و جاری واشە،ئێرەیی بزوێنە.

.٣٤ لە دایك بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکە دا مرد،شەلاقێکی هەتاهەتایی‌یە،هەروەکوو دونیایەکی دژوار، بەڵام حەدیس شۆڕشگێڕان دژوارتـر لـــەمەو لە ئاکام دا،سوخەنڕانێکە کە لە ستایشی خوڵقێنەرانی شۆڕشگێڕ کە لە زیندان دان،هەتا دیاردەی مرۆڤ و ئەشق ئەزموون بەکەن.

لە دایك بووی ئەوەی کە ئەویندارانە لەم خاکە دا مرد،تێکەڵاوێکە لە ڕاوەستان،ڕوانین و ئەوکات کەوتنە سەر خاك بە فەرمانی گەورەی ئەوین!

.٣٤ **سەرچاوە:فرهنگ توسعه شماره ٤٧**

*





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# شێعر هەستی باڵ گرتووی مرۆڤ بەرەو عەداڵەتە

کاوە کەریمی



بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی هاوچەرخی ئێران مەنوچێهری ئاتەشی یەوە .

مەنوچێهری ئاتەشی شاعیری نوێخوازی هاوچەرخی ئێران لە ٢٩ی خەزەڵەوەری ئەمساڵ دا ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد..

مەنوچێهری ئاتەشی لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی لە ئاوایی «دیهروود»ی دەشتستان ی بووشەهر لە دیك بووە.

لە ساڵی ١٣٢٨ دا یەکەمین کۆمەڵە شێعری بە ناوی ئاهەنگ دیگر«هەوایەکی‌تر» بڵاو کردەوە .

خۆی سەبارەت بەم کۆمەڵە شێعرە دەڵێ،شێعرەکانی هەوایەکی تر پێهەڵاگووتن و لۆمەی کەسانێکی تایبەت بوو،واتە لۆمەی هەر ئەو کەسانە بوو کە بە شێعرەکانی هەوەڵیانم دا هەڵگووتبوو .

ئەو کەسانەش شاعیرانی بە ناوبانگی ئەو کات ، یانی فروغ،شەفیعی کەدکەنی و ئیسماعیلی خۆیی بوون.

بە شوێن هەوایەکی‌تر دا بەستەی خاك ی لە ساڵی ١٣٤٦ دا بڵاو کردەوە.لە ساڵی ١٣٤٨ دا دیدار لە فەلەق دا و بە شوێن ئەویش دا«لە سەر جەمسەری دەس پێك دا» و دواتریش «تا ئاخرین چکاوەك» و هەروەها سەفەری خاکستر و وەسفی گوڵی سور،لە کۆمەڵە شێعریەکانی ئەون.

ئاتەشی لە کاری وەرگێڕانیش دا قەڵەمێکی ڕەنگینی هەیە کە وەرگێڕانی» فانتامارا» لە بەرهەمەکانی ئینیاتیسیو سیلونە یەکێك لەوانەیە.

ئاتەشی لەم داویانە دا بەشی شێعری گۆڤاری کارنامە ، کە یەکێك لە گۆڤارە پڕبایەخەکانی ئەمڕۆی ئێران بوو، وەئەستۆ بوو،کە بێ گومان یەکێك لە عونسورە سەرەکیەکانی گۆڤاری کارنامە بوو

ئاتەشی سەرەڕای شێعر لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیش دا قەڵەمی بە هێز بوو کە نموونەی ئەم ڕەخنانە سەبارەت بە ڕەوتی شێعری ئەمڕۆی ئێران لە ژوومارەکانی گۆڤاری کارنامە دا بەرچاو دەکەوێ.

بەڵام ئەوەی کە لە شێعری ئاتەشی دا جێگەی سەرنجە،ئاوڕدانەوەی ئاتەشی لە سێ عونسور واتە سونەت،ئەندیشە و زمان–ە،کە ئەمانە چوار چێوەی شێعری ئاتەشی پێك دێنن.

هەروەك خۆی دەڵێ:بێ ڕابردوو ناتوانین نوێخوازی پێك بێنن و هەروەها،هاوکاتی ئەندێشە و زمان،لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تایبەت مەندیەکانی نوێخوازی ڕاستین.یا ئەوەی کە شێعر یانی هاوکاتی و هاوئاهەنگی هەمیشەیی دەگەڵ ژیان و کار ی بەشەری و سروشت،واتە یەك بوون دەگەل ژیان...

هەمووی ئەوانە و پوخت و پاراویەك لە شێعری ئاتەشی دا هەست پێدەکرێ،نەتەنیا ئیدعایەك،بەڵکوو ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە شێعر بە شێعری ئاتەشی لەو ڕاستیانەت دەگەیەنن.

چەند نموونە لە شێعرەکانی ئاتەشی:

***پەرێشانی***

مەعلوووم نیيە

لە کام لاوە بای دێ

خۆر تەم و تۆزێکی خۆفناك داپۆشیوە

هەورەکانیش کە هیچ لە هەور ناکەن

وەکوو هەزار میگ÷لی سەرگەردان

-بێ کانی و گۆل،بێ لەوەڕ،بێ شوان

بە یالی هالۆز و زین و بەرگی خوارو خێچ لە مەیدان

وەك هەزار کوێلەی مەحکووم،ڕووت و قووت،لە کۆڵانەکانی

زنجیر دا سەرگەردان

جار جارە

لەو پەڕی نزیکیدا

بە تنوکە تاڵ و قوڕاویەکانی دێتە خوار باران

مەعلووم نیيە

لە کام لاوە بای دێ،بەڵام

لە هەڵاو هەنگەمەی ڕەشایەکانی دار خورماکان ڕا

دیارە

کە پەرێشانی ڕووداوی،دێی

لە ناو تۆڕی سەوزی گەوەڕ،بە گاڵتەت گرتووە.

***دەتوان ین بە بەستێن بگەین*** .

خەمناکیت دەگەڵ من بەش کە

سەر خۆشیت دەگەڵ خاك

بەدەماریشت دەگەڵ جۆگەلەکەی ناو بەردەلان

کە وەك چۆلەکە باڵ لێدەدا و دەڕوا.

ئەسپە ڕووتەڵەی غیفڵەت،لە لەوەڕگەی ئەندێشەی ئێمە دا زۆرە

بە وشترە سیەکانی تاقەت،لە تامانی تەنیاییدا

دەتوانین بە بەستێن بگەین

لەوێشەوە

لە پرێکا

بە هەزاران گەمێوە

هێرش بەرینە سەر

دوورگە تازە دوزراوەکانی مەرجان

تۆ خەمت دەگەڵ من بەش کە

گیای سەوزی چاوەکانیشت دەگەڵ خاك

هەتا قەڵەمەکەم

لە «سەبەخ-»-ەڵانی سپی کاغەزا

باغێ لە شێعر بێنێتە بەرهەم

تا لە شوێنی بێ بڕوایی ڕا

بێشە کوڕەوە لە خەنجەر ڕاپەڕێ.

***وەکوو شەوێکی درێژ***

دەگەڵ هەرچی ڕۆژگار پێی دام

دەگەڵ هەرچی ڕۆژگار لێی ستاندم

وەکوو شەوێکی درێژ

دەچمە ناو ڕووباری پاکی زمزمەی خۆم

ئەستێرەکان دەگەڵ من دەس بە دوعای زمزمەی ئاشقانەن

شەهابەکانیش وەك ماسیە زێرینەکان

لە گۆمی بێ دەنگی چاوم دا

تا ئەوپەڕی ئاسۆکان خەریکی باڵ لێدانن

باڵندەکان دەگەڵ هەرجارە لێدانێکی دڵمدا

بە سەر بێشەڵانی شەو گرتوودا هەڵدەفڕن

گوڵە ئەسپە کیویەکانی ناو گەنمە جاڕیش

لە مەرگی عارفانەی پەپوویەکی غەریب

بە ئاە و حەسرەتی دەردەدارییەوە زار دەکەنەوە.

دەگەڵ هەرچی ڕۆژگار پێی دام-هەر هیچ و هیچ!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەگەڵ هەرچی رۆژگار لێی ستاندم
بە کۆلچەباری شەوێکی نسیان کراو
بە کۆڵەباری شەوێکی پر سەنگی ئەستیران
تەك و تەنیا،بە ناو جادەی شێدارا  ڕادەبوورم.
وەکوو شەوێکی درێژ
وەکوو شەوێك کە لەمدا چرای بەیانی بزر بووە
تا بەستێنی بانگی کەڵەشێر
تا بۆنی میگەلە مەڕ
-تا بەردەلانی رۆژهەلات،نەترسانە دەڕۆم
وهکوو شەوێکی درێژ.
.
..

*





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ناتەبا

کاوە کەریمی

*بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیر عومەر سوڵتانی«وەفا »*

ئەمن کوڕی خەم و هاواڵـــــی شینم ئەمن هەوری تەم و کڵپەی برینم

ئەمن چۆمی هەنیسك و چۆمی تاسەم پەژارەی مەینەتم،تەرمی ئەوینم

»وەفا«

کاك عومەری سوڵتانی«وەفا» یەکێك لە پێشڕەوانی شێعری نوێی کوردستانی ئێران ڕۆژی سێ‌شەممە ١ی سەرماوەز کۆچی دوایی کرد.

کاك عومەری سوڵتانی«وەفا» لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە دایك بووە.لەساڵی ١٣٢٢ لە قوتابخانەی شاپوری ئەوکات دەستی بە خوێندن کرد و یەکێك لە قوتابیانی زیرەکی ئەم قوتابخانەیە بووە.دواتر کە نەیتوانی دریژە بە خوێندن بدا،کاری ڕۆژنانە فرۆشی هەلبژارد.

لە ساڵی ١٣٣٢ دا بە هۆی فرۆشتنی ڕۆژنامەی شۆڕشگێری لە لایەن ڕژیمی شاوە دەستگیر کرا و ڕاپێچی زیندان کرا.هەر لەو ساڵانە دا بوو کە هەستی شێعری گەشەی کرد و یەکەمین شێعری لە گۆڤاری «تەرەقی» ئەو کات لە ساڵی ١٣٣٥ دابلاو کردەوە وداتریش لە گۆڤارەکانی‌تری وەك ئاسیای جەوان و ئومێدی ئیران دا بە چاپ گەیاند.

وەفا لە شێعر دا بە شوێن ڕێچکەی شاعیرانی نوێخوازی ئەو کاتی ئێران واتە نیما،سیمین بێهبەهانی و فروغەوە بوو.چوار ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٣٣٩ دا یەکەمین کۆمەڵە شێعری بە ناوی سرودی پەرستوو«واتە سرودی پەرەسێلکە» لە تاران بلاو کردەوە.

هەر لەو ساڵانە دا بە هۆی دۆستایەتی دەگەڵ سوارە و ئاشنایەتی دەگەڵ هاوار دوو کەس لە پێشڕەوانی شێعری نوێی کوردی لە کوردستانی ئێران،گووتنی شێعری کوردیشی دەست پێکرد و یەکەمین شێعری بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تاران دا بلاو کردەوە.سەرەتا بە شێعری عەروزی وەك شێعری لایەلایە و ڕەببی دەستی بە شێعر کرد و دواتریش چووە سۆراخی چوارێنە و بە شوێن ئەوەش دا ڕووی کردە شێعری نوێ ، بەم پێیە دەکرێ بڵێین وەفا یەکێك لەو شاعیرە نوێخوازانەیە کە لە کوردستانی ئێران دا بانگەشەی شعێری نوێیان کردووەوە.

ناوەرۆکی شێعرەکانی وەفا دەتوانین بە دوو لایەن دابەش بکەین.

یەکەم شێعری خۆشەویستی،کە باسی ژیان،سروشت و مرۆڤە باڵیان بە سەر شێعرەکانی دا کێشاوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دووهەم شێعری بەرەنگاری کە لەم قۆناغە دا زۆرتر زوڵم و زۆرییەکانی حاکمانی سەردەم و لەوانە ئاغا ودەرەبەگەکان دێنێتە ڕوو، کە شێعری بۆ پێشەوە جووت بەندە نموونەیەکی زیندووی ئەم لایەنەیە..

وەفا کۆمەڵە شێعرێکی کوردیشی بە ناوی چەپکە گوڵ ئامادەی چاپە کە بە هیواین بەم زوانە بڵاو ببێتەو..

بۆ ڕیز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی ئەدەبی چەند ساڵەی وەفا چەند نموونەیەك لە شێعرەکانی پێشکەشتان دەکرێ.

چەند چوارێنە:

گزنگی پێکەنینت،دڵ ڕفێنە
چڵی ئاوازی یادت،خەم ڕەوێنە
ئەگەرچی کوشتمی دەردی ئەوینت
بەڵام ئەودەردە بۆ شێعرم،هەوێنە.

لە چوار ێنە دەچیٚ ئەو لێوە ئاڵەت
لە شێعری نویٚ دەچیٚ،ئەو وردە خاڵەت
نیگاهت وەك غەزەل وایە،دەپێکیٚ
ئەویندارن و ،دڵ دێنێتە حاڵەت

خەیاڵم ڕادەژێنن،چاوی کاڵت
گڕوتینم وەبەر دێنن خەیاڵت
بە ئاواتی بە ناحەق کوژراوم
لە قەبریش دا وەدی دێنم،جەماڵت

چ خۆشە تیشکی کوڵمەت،تاوی من بیٚ
چ خۆشە بانگهوازت،ناوی من بیٚ
چ خۆشە یەك بزە،لەولێوە ئاڵەت
لە کاتی تونیەتی دا ئاوی من بیٚ.

ئەمەش دوو نموونە لە شێعرەنوێیەکانی:

**ناتەبا**

زەردەپەڕی ئێوارەیە
لە شەپۆلی شەقامێکی فیگرتوو دا
مەلە دەکەم
ێێێ
نیوەشەوە،
دەستم بۆ خۆشەویستی دەگەڕیٚ
خەونی کاڵ دەبینم
هەموو جیهانم پیٚ تەنگە
بە پێشوازی گومانەوە دەچم
ێێێێ
شەو،بە بەریەوە نەماوە
چرای ژوورەکەم
وەك چرای دڵم،
لە کوژانەوەیە
جوڵانەی گومانێکی لە مێژین
دەمبزوێنیٚ
ئەستێرەی شەو،
»هەوری لار«ی بەیانی دەچریکێنن.
ێێێێ
من لە کوێم؟
لە کوێوە هاتوم؟
چ دەکەم؟
بە دوای کام پرسیاری بیٚ وەڵام دا
وێڵم؟
ئەم جیهانە بەرینە
چەند بەرتەسکە!
تۆ چەندە گەورەی!

**تە نیا وشەیەك**

بۆ ئەحمەدی شاملوو

گوتبوت:
نەمدەویست ناوی چەنگیز بزانم
نەمدەویست ناوی تەیموور بزانم
ناوی نادر و ناوی موحەممەدی خواجە
ئەو تاوانبارنە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو خوێن مژانە
منیش نامەوێ ناویان فێر بم
ناومەوێ ناوی هیتلێر فێربم
ناوی ستالین و پینۆشە
ئەو دێوەزمانە
ئەو کاروانکوژانە
لە قولایی دڵەوە لەوان و لەوانەی لەوان دەچن
بێزارم.
ێێێێ
گوتبوت:
دەمەویست ناوێك فێر بم
دەمەویست بەلام فێر نەبووم
منیش:
دەردەکەم لە دەردی تۆ دەچێ
گەورەم منیش دەیان ساڵە
لە وشەیك دەگەڕێم
تەنیا وشەیەك
بەلام نایبینمەوە

*





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# فاشیزم

## "وتەکانی برتوولت برشت لە یەکەمین کونگرەی جیهانی نووسەراندا" پاریس، ژوئن۱۹۳۵

وەرگێران لەفارسیەوە: مەجید مارابی

دۆستان، ئەمرۆ بێ ئەوەی کە خاڵێکی نوێ بێنمە ئاراوە دەمەوێت لەگەڵ ئێوە چەند وشەیەك سەبارەت بە خەبات لە دژی زل هێزگەلێك قسە بکەم کە لە بۆسەدان فەرهەنگی رۆژئاوایی یان فەرهەنگێك کە بەرهەمی یەك سەدە چەوسانەوەیە لە نێو خوێن و لیتاوداودا لە نێو بەرن. دەمهەوێ سەرنجتان بۆ خاڵێکی گرنگ راکێشم، خاڵێك کە بە رای من، ئەگەر بمانەوێت بە شێوەی کاریگەر لە گەڵ ئەم هێزە ئەهریمەنیانەدا خەبات بکەین وئەم خەباتەمان هەتا لە ناو چوونی ئەم دەسەلاتانە درێژە پێ بدەین، نابێت لەو بوارەوە کەمترین گومان مابێتەوە.

نووسەرانێك کە خراپ کاری و کردەوە کارەساتبارەکانی فاشیزمیان بە گۆشت و پێستەوە تەجرەبە کردوە یان دیتوویانە کە چۆن خەڵکانی تر دەبنە قوربانی وەها کارەساتێك و لەم کردەوەیە بێزارن تەنیا بە متمانەی وەها تەجرەبە یان بێزارییەك ئامادەیی پێویست بۆ خەبات لە دژی وەها کردەوەگەلێکی خراپکارانە نابیننەوە. لەوانەیە هێندێك پێیان وابێت بە تەنها شی کردنەوە و دەربڕینی ئەم خراپیانە بەس بێت، بەتایبەت ئەگەر لێوەشاوەیی بێ وێنەی هونەری و توورەی رووت، ئینسان هاندەدات بە راڤە کردن و دەربرینی ئەم کارەساتە. بێ گومان، شیکردنەوە و دەربڕینی ئەم ئەم خراپیاتە ئەوەندە گرینگە، لێرەدا کارەساتێك روو ئەدات کە دەبێت بوەستێت" لەوێدا ئینسانەکان دەخەنە ژێر گورزو گۆپاڵەوە، وەها کردەوەییێکیش نابێ د ویات ببێتەوە.

ئەمانەش ئیتر پێویستیان بە شی کردنەوەو دەربرینی تێروتەسەل نیە. ئینسان سەبرو تەحەمولی بەسەر دەچێت، بە هەڵخراوی رادەپەرێ و دەکەوێتە داوی خوێنرێژەوە. دۆستان، ئەم بابەتە پێویستی بە ورد بوونەوەی زۆرتر هەیە، لەوانەیە ئینسان هەڵخرێت. ئەمە کارێکی ئەستەم نیە بەلاّم ئاکامەکەی گێرۆدە بوونە لەچنگی خوێن مژاندا، ئیتر ئەمە گران نیە. توورەیی خرۆشاوەو دوژمنییش دەر کەوتوە، بەلاّم دەبێ چۆن چۆکی پێ دا بدەین؟ نووسەر دەتوانێ بڵێ: ئەرکی من ئیدانە کردنی ماڨ کوژیە و ئەوە ئیتر لە ئەستۆی خوێنەرە کە دەبێ چ بکات. بەلاّم بە شوێن ئەودا، نووسەر ئەزموونێکی تایبەت بەدەست دێنێت. نوسەر تێدەگات کە توورەیش وەکوو هاودەردی واژەیەکی پێوانەییە: شتێك کە بەپێوانەیەکی دیاری کراو هەیە و تا ئاستێکی دیاری کراو دەتوانێ دەرکەوێ. هێندێك لە هاوکاران بەمنیان وتوە کە کاتێك بۆ یەکەم جار هەواڵی کوشتنی بە کۆمەڵی هاورێکانمان گەیشتە گوێیان، هاواری ڕق و بێزاری ئاسمانی داگرت و زۆر کەس ئامادەی یارمەتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کردن بوون. ئەمە کاتێك بوو کە سەد کەسیان بە کۆمەڵ کوشت. بەڵام کاتێك کە ڕێژەی قوربانیان لە هەزاران کەس تێپەری و تەواو بوونی کوشت و بر بە دی نەدەکرا.

بێدەنگی هەموو شوێنێکی داگرت و ئەو دەستانەی کەبۆ یارمەتی کردن هاتبونە پیش کەمترو کەمتر بوون. بەڵێ وەهایە: کاتیك کە جنایەت لایەنی بەربڵاوتری بە خۆوە دەگرت، لە زەیندا ون دەبوون. کاتیك کە رەنجەکان وئازارەکان لە تاقەت بەدەر بوون ئینسان ئیتر هاوارەکانی نەدەبیست. ئینسانێك کە کوتەککاری دەکرا بەرانبەرەکەی بە بینینی دەبوورایەوە. ئەمە بە تەواوەتی سروشتیە. بەلام کاتیك کە کردەوە کارەسات بارەکان، وەکو لافاو بلاو دەبنەوە ئیتر هیچ کەس بە نارەزایەتی دەنگ هەڵنابریت.

ئیستا دۆخەکە وایە. چۆن دەتوانرێ لە گەڵیدا بەرانبەرکێ بکرێ؟ ئایا هیچ ڕێگایێك نیە بۆ ئەوەی کە ببیتە کۆسپ لە ڕێی چاونووقانی ئینسان بە رووی کارەساتەکاندا؟ بۆچی ئینسان لە بەرانبەر کردەوە کارەساتبارەکاندا خۆی لە کوێری ئەدات؟ لە بەر ئەوەی کە ئیمکانێکی بۆ بەرانبەرکێ کردن لە گەڵیدا نیە. ئینسان خۆی بە دەردی کەسێکی تر کە هیچ یارمەتێکی بۆ لە دەست نایەت سەرقاڵ ناکات، ئینسان کاتیك دەتوانێت پیش بە هاتنی زەربە بگرێت کە بزانێت چ کاتێك زەربە ئاراستەی دەبیت لە کوێی ئەدرێ، بۆچی ئاراستە دەکرێ و ئامانجی چیە؟ تەنیا کاتێك کە ئینسان بتوانێت پێش لە هاتنی زەربە بگریت یان تەنانەت کەمترین ئیمکانی بۆپێش گرتنی هەبێت، دەتوانێت لە گەڵ قوربانیەکانیدا هاوخەمی دەرببرێت هەڵبەت کاتیك کە زەربە کارەسات بارەکان لە قوربانی دەدەن ئینسان دەتوانیت هاوخەمی دەربرێت بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت. بەراستی بۆ چی وەها زەربەیەك ئاراستە دەکرێ، بۆ چی فەرهەنگ وەکوو زبڵێکی بێ قیمەت فرێ دەدەن؟ مەبەستم ئەو ئاسەوارە بە جێ ماوەیەتی کە بۆمان ماوەتەوە. بۆچی بە ملیۆن ئینسان، کەم تا زۆر، لەمافی بوون بێ بەشن،بە ملیۆن ئینسانێك کە زۆربەیان هەژارو نەدارن؟

هیندێك لەئێمە بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکمان هەیە. دەڵێن:" هۆکاری هەمووی ئەم بشێویانە توند و تیژی و درندەییە" ئەمانە لەسەر ئەو باوەرەن کە شاهدی خرۆشانی سامناکی کۆمەڵێکی زۆر لە مرۆڤایەتین کە بەردەوام بەربلاو بەرینتر دەبێت. رەوتگەلێکی رق هەڵگر و بێ هۆ، خرۆشانێك کە لە ناکاو سەر هەڵدەدات و لەوانەیە بە هیوایەکی زۆرەوە، هەر لە ناکاویشدا دادەمرکێت" هەڵچوونێکی بێ سرەوتی سروشتی کە ماوەیەکی دور و درێژ سەرکوت کراوە یان لەخەوێکی ئارامدا رۆ چووە.

ئەوانەی کە وەها وەڵامێك دەدەنەوە بۆ خۆشیان وا هەست دەکەن کە ئەو وەڵامەیان زۆر بڕ ناکات. هەروەها بۆ خۆشیان بە باشی دەزانن کە ناتوانن توند و تیژی و کردەوەی درندانە بە هێزی زاتی و هێزی لە شکان نەهاتووی ئەهریمەنی پاساو بکەن. بەم جۆرە ، ئەمانە قسە لە شێوەی بارهێنانی مرۆڤ دەکەن: شتێك کە لەم نێوەدا لە بەر چاو نەگیراوە یان بە هۆی خێرایەك کە هەیبوە سەرنجی پێ نەدراوە ، ئیستاش دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. دەبێ بە مێهرەبانی و خۆشەویستی بەرەو رووی توند و تیژی بینەوە. بە چەمکی هەمیشە زیندووی" عەشق بەئازادی، ڕێزگرتن لە کەرامەتی ئینسان و عەداڵەت" – چەمکهایەك کە کاریگەریەکەیان لەبواری مێژوییەوە سەلمێندراوە. هەر بەم بۆنەوەیە کە سوێندە گەورەکان دەکەنە پاڵپشت. بەڵام بەرهەمی ئەوە چیە؟ کاتێك کە فاشیزم بە توونD و تیژی نێو لێ ببەن، ئەو بە پێدا هەڵدانی دەمار گرژانەی توندو تیژی وەڵام ئەداتەوە" ئەگەر بە دەمارگرژ تاوانبار بکرێ، ستایشی دەمارگرژی دەکات" وە کاتێك کە لە گەڵ تۆمەتی سووکایەتی بە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاك بەرەو روبێتەوە، بە ئاسوودەیی دەست دەكات بە نەڤ و لەناو چوونی خۆی.

فاشیزمیش لەسەر ئەو باوەرەیە كە لە پەروەردەی تاكی كۆمەڵدا كۆتایی كراوە. فاشیزمیش هیوایەكی زۆری بەستوە بە رۆچوونە نێو مێشكی ئینسانەكان و داگیركردنی دڵ و دەرونیان، فاشیزم، فێركردنی توندو تیژی لە خویندگەكان، رۆژنامەكان وشانۆكاندا بە توند و تیژی زاڵ لە شكەنجەگاكانی خۆیدا زیاد دەكات. بەڵێ، فاشیزم هەموو خەڵك وا پەروەردە دەكات و بە درێژایی رۆژ بە بێ راوەستان بەم دیاردەیەوە سەر قاڵە. فاشیزم ناتوانێ شتێكی زۆر بە جەماوەری خەڵك بدات، لە بەر ئەوەی كە بە توندی سەر قاڵی " بارهێنانی " ئینسانەكانە، شتوومەكی خواردنی بۆ خەڵك نیە، كە وایە دەبێ بەهێز كردنی ئیرادەو زاڵبوون بەسەر خۆدا پرو پاگەندە بكەین، ناتوانێت دیاردەی بەرهەم هێنان چارە سەر بكات و پێویستی بە شەڕ هەیە، كەوایە دەبێ خەریكی بەهێز كردنی بوێری و وەرەی سەربازیانە بێت. پێویستی بە فیداكاریە، كەوایە دەبێ دەست بكات بە هاندانی هەست بە فیداكاری كردن لە تاكدا، ئەمانەش بۆ خۆیان ئامانج گەلێكن، ئەو تواناییانەی كە لە ئینسان دەخوازرێت، تەنانەت هیندێكیان ئامانج و خواستە بەرزەكان بە ئەژماردێن، بەلاّم ئێمە دەزانین ئەم بۆچوونانە لە خزمەت كامە ئامانج دان. بارهێنەر كێیەو چ كەسانێك لەم بارهێنانەدا قازانج دەكەن: بێ گومان قازانج بەران، ئەوكەسانە نین كە پەروەردە كراون، بەلاّم ئامانجەكانی ئێمە چۆنن؟ ئەو كەسانە لەئێمەش كە هۆكاریی هەموو ئەم بشێویانە بە توندو تیژی دەزانن، هەر وا كە دەزانین تەنیا قسە لە پەروەردە و رۆچوونە نێو دەروونی ئینسانەكان دەكەن. لانی كەم هیچ جۆرە قسەیێك لە حاڵەتی تر ناهێننە گۆرێ. ئەمانە لە پەروەردەی رۆحی مێهرەبانی و خۆشەویستی لە ئینساندا قسە دەكەن. بەلاّم مێهرەبانی و خۆشەویستی بە تەنیا بە خۆزگە و ئارەزوی مێهرەبانی و خۆشەویستی بەدەست نایەت. لە رێگای خۆزگەوە ، لە هیچ هەل و مەرجێكدا، تەنانەت لە دژوارترین هەلوومەرجدا، مێهرەبانی و موحێبەت بە دەست نایێت. هەروەها توندو تیژیش تەنها لە رێگای خواستی تووندو تیژیەوە حاسڵ نابێت.

من وەكوو خۆم بڕوام بە بابەتی " توندو تیژی بەبۆنەی نە فسی توندو تیژییەوە " نیە. دەبێ لە مرۆڤایەتی بەرگری بكەین لە بەرانبەر ئەم تۆمەتەدا كە دەڵێت توندو تیژی لەزاتی مرۆڤ دایە، ئەگەر چی كڕیاریشی نەبێ . بەرای من، دۆستم "فویشت وانگر"تووشی بەلارێداچوونێكی فیكری گەورە دەبێت كاتێك دەڵێت" پیسكەیی چاكترە لە قازانج خوازی". ئەو لە هەڵەدایە. توند و تیژی پێك نایەت لە توندو تیژی لە خۆدا، بەڵكوو لە هاوسەنگی یێكدا سەرچاوە دەگرێت كە بە بێ كردەوەی توندو تیژی نامومكینە. بارودۆخی ئەو نیشتمانە بچووكەی كەمن لێوەی هاتووم هێندە ترس ناكتر لە زۆربەی ولاتانی تر نیە. بەلاّم لەوێ لە حەوتویێكدا پێنج هەزار سەر لە باشترین ئاژەڵە پەرواریەكان لەنێو دەبەن. ئەمە كارێكی ناشیرین و قیزەونە، بەلاّم ئامانجی هەڵچوونی نا بە وەختی تینوویەتی خوێن رشتن نیە. ئەگەر وەها دەبوو، درێویەكی كەمتری دەبوو. هۆكاری لەنێو بردنی ئاژەڵەكان و هۆكاری لەنێو بردنی فەرهەنگ، زاتی توندوتیژی نیە. لە هەر٢ حاڵەلەتدا هیندێك لە و شتوو مەكانەی كە بە رەنج وئارەق رشتنێكی زۆر بەرهەم هاتوون لە نێو دەچن. لەبەر ئەوەی كە وەكوو زێدە بارێكی سرشانی لێ هاتوە. بە سەرنج دان بە برسیەتی زال ُبەسەر پێنج قارەی جیهاندا، وەها حالەتێك بێ گومان لەجەنایەت زیاتر نێوێكی تری بۆ نیە، بەلاّم ئەم كارانە لە خۆدا روونادەن، لە هیچ روێكەوە وانیە، ئەمرۆكە ئێمە لە زۆربەی ولاّ تانی جیهاندا لە گەڵ بارودۆخێكی كۆمەلاّیەتی بەرەو رووین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کە تێیدا ئەنجامدانی ئەنواعی جەنایەت خەلاٌتی زۆرو زەبەندی هەیە، لەحالٌکێدا کە بۆ پێشکەوتنە ئینسانیەکان دەبێ باجێکی زۆر بدەین. " ئینسانی باش، بێ دیفاعە، ئەوەی کە بێ دیفاع بێت لەژێر زەبری مێکوتدا ورد دەبێ، بەلاٌم لە رێگای بەکار هێنانی توند و تیژیەوە هەموو شتێك دەتوانرێ بەدەست بێت، ناپاکی و خەبیسی بە پێشینەی دە هەزار ساڵەی خۆی پشت ئەستوورە، لە حالێکدا مێهرەبانی و خۆشەویستی پێویستی بە پارێزەر هەیەو پارێزەریشی بۆ پەیدا نابێت".

ئەگەر نەمانەوێت ئێمەش وەکوو خەلٌکانی تر خوازیاری شتی نامومکین بین، دەبێ مەودا لەوە بگرین کە بە ئاسانی بەزەیی و خۆشەویستی لە خەلٌك داوا بکەین! خۆمان نەخەینە بەر ئەم تۆمەتەوە کەبەدانی دروشم خوازیاری کردەوەیەك بین لە خەلٌك کە لە تواناکانی مرۆڤایەتی بەدەربێت، واتا لەخەلٌکمان بوێت کە بە یارمەتی ئەو خەەسلەتانەی کە لە توانای بەشەر بەدەرن سەپاندنی ئەم دۆخە بشێوو ترسناکە قبوولٌ بکەن، بارودۆخێك کە هەر چەند توانای گۆرانیشی هەبێت نابێت بگۆر درێت،-وەرن با بەتەنا لە فەرهەنگ نەدوێین!

وەرن با بەرانبەر بە فەرهەنگ دلٌسۆز بین، بەلاٌم سەرەتا بەرانبەر بە ئینسانەکان دلٌسۆز بین! فەرهەنگ کاتێك رزگاری دەبێت کە ئینسانەکان رزگاریان ببێت. وەرن خولیای ئەم ئیدعایە نەبین کە ئینسانەکان لە خزمەت فەرهەنگدان نەك فەرهەنگ لە خزمەتی ئینساندا! وەها ئیدعایەك ئینسان وەبیری بازارە گەورەکان دێنێتەوە، شوێنێك کە ئینسان لە خزمەت ئاژەلاٌندایە نەك ئاژەلاٌن لە خزمەت ئینسان! دۆستان، باهیندێك قوولٌتر سەیری یشەکانی بشێوی بکەین! مەکتەبێکی فکری بەبایەخ کە هەر رۆژ جەماوەرێکی بەربلاٌوتر لەخەلٌکی ئەم گۆی زەویە جوانە لەبەر دەگرێت و دەلٌێت ریشەی هەموو بشێویەکان، هەلٌسووکەوتەکانی خاوەنداریەتی زالٌە بە سەر کۆمەلٌگەی ئێمەدا، ئەم مەکتەبە فکریە، وەکوو هەموو مەکتەبە فکریە گەورەکانی تر لە نێو جەماوەردا بلاٌو دەبێتەوە کە زیاتر لە ئەوانی تر لە دەست هەلٌسووکەوتی خاوەنداریەتی حاکم و رێگا درندەییە کانی کە بۆ پاراستنی بەکاری دەهێنا ئازاری دەکێشا. زۆرێك لە ئێمە نووسەران کە کردەوە کارەساتبارەکان و گەندەلٌیەکانی فاشیزمیان تەجرەبە کردوە و لێی بێزارن هێشتا ئەم مەکتەبەیان نەناسیوە، و هێشتا بنەماکانی توند و تیژیان نەناسیوە. سەبارەت بەم کەسانە بەردەوام ئەم مەترسیە هەیە کە کردوە کارەساتبارەکانی فاشیزم بە بێ هۆکار نێو لێ ببەن، ئەمانە لایەنگری هەلٌسوکەوتەکانی خاوەنداریەتی ئێستان، لە بەر ئەوەی کە لە سەر ئەو باوەرەن کە بۆ پاراستنی پێویستیان بە کارەسات و توند و تیژیەکانی فاشیزم نیە. بەلاٌم بۆ پاراستنی هەلٌسوکەتەکانی خاوەنداریەتی ئێستا، ئەم جۆرە توند و تیژیە کارەسات خولقێنانە پێویستە. فاشیستەکان لەم بوارەوە درۆ ناکەن، ئەوان راست دەکەن، ئەو دۆستانەی کە وەکوو ئێمە لە فاشیزم بێزارن بەلاٌم لە هەمان حالٌیشدا دەیانەوێت ئاکارەکانی خاوەنداریەتی ئێستا پارێزراو بێت یان لە بەرانبەریدا هەلٌوێستێکی بێ لایەنانەیان هەیە و توانای خەباتی لێبراوانە یان لە دژی ئەم درندەیە کە رۆژ لەگەل ْرۆژ زیاتر دەبێ نیە، لەبەر ئەوەی کە نایانەوێت لەرێگای دامەزراندنی هەلٌسووکەوتێکی کۆمەلاٌیەتیەوە کە ئیتر جێگای کردەوەی درندانەی تێدا نابێتەوە بچووکترین هەنگاو هەلٌێنن. بەلاٌم ئەوانەی کە لەگەران بە شوێن بنەچەکانی ئەم بشێویانەدا رۆلٌی خاوەنداریەتیان هەست پێکردوە، هەموو دەرگا دۆزەغیەکانی گەندەلٌیان تێپەر کردوە و لە نێو ئەم جەهەنەمی گەندەلٌیانەدا بەو ئاکامە گەیشتوون کە کۆمەلٌێکی زۆر کەم لە ئینسانەکان دەسەلاٌتی بێ بەزەییانەی خۆیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به سەر هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا سەپاندوە. ئەم تاقمە دەسەلاّتی خۆیان لە سەر بنەمای جۆرێك لە خاوەنداریەتی تاکە کەسی دامەزراندوە کە خەریکی چەوساندنەوەی ئینسانەکانەو بەچنگ و ددان لە وەها ئاکارێك بەرگری دەکەن، لە رێگای فیدا کردنی فەرهەنگێکەوە کە بە هیچ جۆرێك رازی بەدیفاع کردن لە وەها نیزامێك نیە یان بە کەڵکی وەها بەرگریەك نایەت، و هاورێ لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاساکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، واتا ئەو یاسایانەی کە چەندین سەدە مرۆڤایەتی بەو پەری گیان بازیەوە بۆی تێکۆشاوە.

دۆستان ، وەرن با سەبارەت بە هەڵسووکەوتەکانی خاوەنداریەتی بدوێین!

ئەمە ئەو شتە بوو کە دەمویست سەبارەت بە کردەوە درندانە کان کە رۆژ لەگەڵ رۆژ لەزیاد بووندان بیڵێم, بۆ ئەوەی لێرەشدا ئەم قسانە کرابێت، یان باشترە بڵێم، منیش هێنابێتمە ئاراوە.

مەنووچێهری فکری ارشاد هێناویەتە سەر زمانی فارسی

*



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئیندێکسی بابەتەکانی گۆڤاری ((پێشەنگ))

لەژمارە (١-١٥)

(١٩٨٥.١٩٩٥) زایینی (١٣٦٤.١٣٧٢)هەتاوی

بەشی یەکەم

گۆڤاری پێشەنگ بەکوردی

ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)



سەرەتا:

گۆڤاری پێشەنگ. یەکێکە لەو گۆڤارە ئەدەبی و هونەری‌و روناکبیریەی کەلەسالآنی هەشتاو نەودەکان, یان لەدەسالّی(١٩٨٥. ١٩٩٥)دا جێگەو شوێنێکی شیاوی هەبوە لەناو ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەتی ئەدەبیاتی کرێکاری و توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بەچینی کرێکارو ئەدەبیاتی پرۆلیتاریا بکات و نەقشی خۆی لەسەر روداوو جەریانەکان جێبهێڵێت وببێتە گۆڤارێکی شیاو بۆ ئەوکات‌و سەردەمەو تائێستاش ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە.

گۆڤاری پێشەنگ, ئەگەر چی گۆڤارێکی کرێکاری چەپ بووە, بەڵام خۆی لەزۆر بواری تر داوە. دەبێ ئەوە بڵێم گۆڤاری پێشەنگ لەلایەن ((کانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان)) دەرچووەو ناوی هیچ حزب و رێکخراوێکی لەسەر نیە.

دەبێ ئەوەش بڵێم, جگە لەوەی گۆڤارەکە بەزمانی کوردی(١٥)ژمارەی لێدەرچووە. لەهەمانکاتدا تاژمارە(٥)بەشی فارسیشی وەکو پاشکۆ هەر لەگەڵ کوردیەکە لەبەشی دواوە دەرچووەو, بەڵام لە ژمارە(٥)وە بەشی فارسی بۆتە گۆڤارێکی سەربەخۆو بەشێوەیەکی تایبەت چاپ و بڵاوکراوەتەوە .

بۆیە ئەوەی لێرەدا دەیبینین. بەشی کوردی . ئیندێکسی (١٥) ژمارە کوردیەکەیە کەلەبەشی یەکەمدا لەسەر بناغەی ساڵ و ژمارەی دەرچوونی ئیندێکسی بۆ کراوە, لەبەشی دووەمدا ئیندێکسی بەشی فارسی بڵاو دەکەینەوە, لەبەشی سێ یەمدا لێکۆڵینەوەیەکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تایبەت لەسەر گۆڤارەکەو میتۆدی کارکردنیو ساغ کردنەوەی زۆر لایەنی گۆڤارەکە بلاو دەکەینەوەو چەندین دیداری دەستەی نوسەرانی ئەوکات و هەڵسوڕێنەرانی ئەوساو ئێستای گۆڤارەکە بلاودەکەینەوە. تاببێتە سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی. بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت گۆڤارەکە بناسن و ئەهمیەتو دەوری گۆڤارەکە تێبگەن و کارئاسانیەکیش بۆ هەموو ئەوانەی لەبواری رۆژنامەوانی کاردەکەن.

بەتایبەتی تائێستا ئیندێکسو بیبلۆگرافیایەکی وەها بۆ گۆڤارێکی تایبەت بەئەدەبی چەپو کرێکاری نەکراوەو لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەیەوە بکرێت کەئەمەش ئەهمیەتی ئیندێکسو لێکۆڵینەوەکە زیاتر دەکات.

پێویستە بڵێم, گۆڤاری پێشەنگ لەدەورانی یەکەمیدا (١٥)ژمارەی لیٚ چاپکراوە ئێستاش لەدەورانی دووەمیدایە بەشکلٚ و شێوازێکی نویٚ دەردەچێتەوەو تائێستا(چوار) ژمارەی لیٚ چاپکراوە بەوهیوایەی ئەم ئیندێکسە سودێك بگەیەنێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

ژمارە(۱) پایزی ۱۳٦٤(هەتاوی)-۱۹۸٥

| تێبینی | وەرگێڕان | لاپەڕە | جۆری بابەت (ژانی) | ناوی بابەت | ناوی نووسەر | ژمارە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ۱ | سەروتار | گۆڤارەکەمان چ دەکا..؟ | – | ۱ |
| | | ۹ | بەیاننامە | بەیاننامەی(کانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان) | – | ۲ |
| | | ۱۹ | بەیاننامە | پێڕەوی ناوخۆی (کانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری) | – | ۳ |
| | ڕێبوار | ۲۳ | شیعر | سپاس | برتولد برشت | ٤ |
| | | ۲۷ | شیعر | کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ؟ | ئەحمەد بازگر | ٥ |
| | | ۳٥ | بەسەرهات | خاك بەسەرتان فەرماندەهانی جمهوری ئیسلامی | – | ٦ |
| | | ٤۷ | گوزارشت | دوو کورتە گوزارشت | – | ۷ |

*وێنەی بەرگ: سادە

* یەکەم ژمارەی لەکۆتایی ساڵی ۱۹۸٥ دەرچووە

* بەشی فارسی وەکو پاشکۆ لەگەڵدایە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

ژمارە(٢) خاکە لێوەی ١٣٦٥-١٩٨٦

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | – | ساڵی نوێ | سەروتار | ١ | | – |
| ٢ | – | ڕاگەیاندنی کۆتایی دووەمین کۆبونەوەی گشتی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکار,کوردستان | بەیاننامە | ٣ | | – |
| ٣ | گورکی. پلیخانۆف | دووقسە لەگەڵ خوێنەرانی کرێکار | وەرگێڕان | ٥ | ن.ئەیار | |
| ٤ | – | سرودی ئەنترناسیۆنال, دەستکەوتێکی هونەری کۆمۆنی پاریس | وەرگێڕان | ١٥ | ڕێبوار | |
| ٥ | ڕێبوار | چەند دیمەنێك لەهونەر لە کوردستانی شۆڕشگێڕدا (بەیادی نەورۆزی ١٣٥٩) | ڕاپۆرت | ٢٢ | | |
| ٦ | ڕێبوار | شانۆگەری یاخی لەستەم | شانۆگەری | ٢٩ | | |
| ٧ | جوامێر (شێرکۆ بێکەس) | لەبو خارست | شیعر | ٤٢ | | |
| ٨ | ئەحمەد بازگر | نەورۆزانە | شیعر | ٤٥ | | |
| ٩ | شاعیرێکی نەناسراو ** | ڕێگات ڕێگام دڵنیامە | شیعر | ٤٨ | | |
| ١٠ | – | هەروا تاوێك | شیعر– وەرگێڕان | ٥٠ | ڕێبوار | |
| ١١ | م.خارا | کچە پێشمەرگە | شیعر | ٥٢ | | |
| | | | | | | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێران | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | – | یەکەمین فیستوالی هونەری لەلایەنکانوونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بەرێوەچوو | راپۆرتی هونەری | ٥٤ | | |
| ١٣ | – | نامەکان | گۆشە | ٥٥ | | |
| ١٤ | – | راپۆرتی هونەری | راپۆرت | ٦٠ | | |
| ١٥ | – | ریکلام | ریکلام | ٦٠ | | ریکلام یۆ بلاْبونەوەی کاسیتێکی کالْی |
| | *وێنەی بەرگی پێشەوە تایبەتە بەکۆمۆنەی پاریس (١٨مارس)<br>** هەندێك باس لەوەدەکەن ئەم شیعرە هی کچێکی شۆڕشگێڕی خەڵکی سنەیە<br>***وێنەی بەرگی پشتەوە, ئافرەتێکی شۆڕشگێڕ (٨ مارس) | | | | | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پیشەنگ**بەشی کوردی

## ژمارە(٣) گوڵانی ١٣٦٥-١٩٨٦

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | - | بژی یەکی ئایار | سەروتار | ١ | | |
| ٢ | - | کورتەیەك لەپێشینەی یەکی ئایار | وتار | ٣ | | |
| ٣ | کاکە*** | لەرۆژی یەکی ئایاردا | شیعر | ١٨ | | |
| ٤ | رێبوار | سەد ساڵە سەد ئەیار (بۆ یەکی ئایاری ١٩٨٦) | شیعر | ٢٥ | | |
| ٥ | - | لەرەگەوە | شیعر | ٣٣ | | پێدەچێت شیعری رێبوار بێ |
| ٦ | نەکەرۆز | بژیەیننەوە رۆژەکەی ئەیار | شیعر | ٣٤ | | |
| ٧ | م.خارا | ای ئەیاری ئەمجارە | شیعر | ٣٨ | | |
| ٨ | بژار | بۆیەکی ئەیار | شیعر | ٤٢ | | |
| ٩ | - | سرودی بڕیاری یەکی ئەیار | شیعر | ٤٥ | | پێدەچێت شیعری ئەحمەد بازگربێ |
| ١٠ | حوسێن عەبداڵی | دیوارەکان دەڕوخێنین | چیرۆك | ٤٩ | | |

*وێنەی بەرگی دەروە, وێنەی کارگەو کرێکارێك وبەشێك (سرودی ئینتەرناسیۆنال چاپکراوە/ناوەوە/هەمان وێنەی یەکی ئایار)

**ژمارە(٣) تایبەتە بەیەکی ئایار

***لەناوەو نوسراوە چاپی دووەم–ئینشاراتی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان–کۆڵن (واتا لەئەڵمان چاپکراوەتەوە)

****مەبەست سلێمان قاسمیانیە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ**بەشی کوردی

**ژمارە(٤)-١٣٦٥-١٩٨٦**

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | – | کورتەی باسەکانی دووهەمین کۆبونەوەی گشتی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان | راپۆرت | ١ | | |
| ٢ | ف-پشکۆ | مەرگی هێمن | لێکۆڵینەوە | ١٢ | | |
| ٣ | ئەحمەد بازگر | یادی قانع | لێکۆڵینەوە | ١٩ | | |
| ٤ | حەسەن عیلیپور | چەند سەرنجێکی رەخنەگران لەسەر چیرۆکی (دیوارەکان دەرووخێنین) | لێکۆڵینەوە( رەخنە) | ٢٧ | | |
| ٥ | م.خارا | دڵی گەڵا | شیعر | ٣٣ | | |
| ٦ | رێبوار | ئاسنگەران | شیعر | ٣٨ | | |
| ٧ | ئەحمەد بازگر | لەکوێوە بۆ کوێ..؟ | شیعر | ٤١ | | |
| ٨ | رزگار | هاوڕێ | شیعر | ٤٤ | | |
| ٩ | – | چەند هەواڵی هونەری | راپۆرت | ٤٥ | | |
| ١٠ | – | نامەکان | راپۆرت | ٥١ | | |
| ١١ | – | – | ریکلام | ٥٦ | | ریکلام بۆ کاسێتی(١٩٨٦ ) نەجمەدین غوڵامی کراوە |
| ١٢ | – | یارمەتی -ماڵی بۆ پێشەنگ | ریکلام | ٥٧ | | |

*بەرگی دەرەوە دیار نییە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ**بەشی کوردی

ژمارە(٥)-١٣٦٥-١٩٨٦

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێران | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | – | ناوەڕۆك | – | ١ | | |
| ٢ | – | کورتە گوزارشتێك لەسێهەمین کۆبونەوەی گشتی | راپۆرت | ٣ | | |
| ٣ | – | پێڕەوی ناوخۆی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان | راپۆرت | ٧ | | |
| ٤ | ئۆگۆست کورند | مارکس وهانریش هاینە | لێکۆڵینەوە | ١٠ | ئەحمەد ــك | |
| ٥ | سەلاحوددین موهتەدی | دەساڵ دوای کاك سوارە | لێکۆڵینەوە | ١٧ | | |
| ٦ | ئەحمەد بازگر | فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی وگۆڤاری سروە | لێکۆڵینەوە | ٢٧ | | |
| ٧ | – | بە یادی بێژەن | یاد | ٣٢ | رێبوار | |
| ٨ | هاینە | چیدی روت و رەجال نابین | شیعر | ٣٣ | رێبوار | |
| ٩ | سوارە | بۆچی گەرمایی روانینت نەماوە | شیعر | ٣٥ | | |
| ١٠ | بژار | پرسیارەکان بەسەرهاتێك ئەگێڕنەوە | شیعر | ٣٦ | | |
| ١١ | سامان | تۆشەی رێ | پەخشان | ٣٨ | | |
| ١٢ | ئەلبێرت ماڵتس | پیاوێك لەسەر جادە | چیرۆك | ٤١ | ن.ئەیار | |
| ١٣ | ئەحمەد بازگر | شەوێك لەماڵی مام حەمە گاوان | چیرۆك | ٤٩ | | |
| ١٤ | رسولْ سەیداوایی | دوکانەکەی میرزا رەشید | چیرۆك | ٥٨ | | |
| ١٥ | ئەحمەد بازگر | چەند سەرنجێك لەسەر ئەو شیعرانەی کەتائێستا بە پێشەنگ گەیشتوە | راپۆرت | ٦٣ | | |
| ١٦ | – | گوڵ چن لەناو شیعری خوێنەرانی پێشەنگەوە | کۆمەڵێك–شیعر | ٦٧ | | |
| ١٧ | – | وەڵام بۆ نامەکان | راپۆرت | ٧٣ | | |
| ١٨ | – | وێنەو کاریکاتێر | – | ٧٦ | | |

*وێنەی بەرگ–پێنج دەست هەماهەنگی دەکەن لەنێوان خۆیاندا

** لەم ژمارەیەوە بەشی فارسی بە جیا بڵاو دەکرێتەوە, بەشێوەی سەربەخۆو لەمبارەیەوە ئاگاداری لەلاپەرە (٢)دا بڵاوکراوەتەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ**بەشی کوردی

ژمارە(٦) بەفرانبار ١٣٦٦-ژانویەی ١٩٨٨


| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | - | ناوەرۆک | - | ١ | | |
| ٢- | - | چوارەمین کۆبونەوەی گشتی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان پێکهات | راپۆرت | ٣ | | |
| ٣- | - | بژی یادی هاوڕێ دکتۆر جەعفەری شەفیعی | یاد | ٧ | | |
| ٤- | رێبوار | خۆزگە چیرۆکت دەنوسی | لێکۆڵینەوە | ٩ | | |
| ٥- | هاینە | گۆرانی پارچە چنانی سلیزی | شیعر | ١٥ | رێبوار | |
| ٦- | لنگستن هیوز | هەرکوی بچم | شیعر | ١٧ | ن.ئەیار | |
| ٧- | ناڤم حکمت | لەوکاتەوە کەوتونەتە ناو سیاچاڵ | شیعر | ١٩ | محەمەد میصری | |
| ٨- | سوارە | بانگەوازی پەنجەرە | شیعر | ٢٢ | | |
| ٩- | - | لەگەڵ سروە هاوکاری مەکەن | راگەیاندن | ٢٤ | | |
| ١٠- | ئەلسکا ندەرۆ ساهیا | لاقە دارینە | چیرۆک | ٢٥ | رەحیمی تلوعی فەر | |
| ١١- | - | بەشێک لەبەیاننامەی کانون | راگەیاندن | ٣٥ | - | |
| ١٢- | بابا مقدم | کارێزەوان | چیرۆک | ٣٦ | روناک | |


* بەرگی دەرەوە. کاریکاتێرێکە بۆ شکاندنی تەلبەند لەناو نەخشەی ئێراندا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | مەحمود خارا– | شانۆ نامە رەش و سوور | شانۆگەری | ٤٠ | | |
| ١٤ | – | سرودێکی خەڵتانی خوێن | یاد | ٥٣ | | |
| ١٥ | ئاریان | چەند چرۆ (خۆشەویستیت) | شیعر | ٥٤ | | |
| ١٦ | ھەژان ھەورامی | ژەنگ | شیعر | ٥٥ | | |
| ١٧ | شەبەق | بوڵیلی بەیانیەك لەسەر نەکەرۆز | شیعر | ٥٦ | | |
| ١٨ | فەرھاد خەفاف | ئایارو خۆشی | شیعر | ٥٧ | | |
| ١٩ | – | ریکلام | ریکلام | ٥٨ | | ریکلام بۆ کاسێتی ابو بکری لەگزی |
| ٢٠ | – | ھەنگاوێکی تر | راگەیاندن | ٥٩ | | سەبارەت بەدامەزراندنی کانونی فەرھەنگی لاھوتی |
| ٢١ | – | وەڵامی نامەکان | راپۆرت | ٦٢ | | |
| ٢٢ | – | وێنەی کاریکاتێر | وێنەی کاریکاتێر | ٦٦ | | |
| ٢٣ | – | ریکلام | ریکلام | ٦٨ | | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ**بەشی کوردی

ژمارە٧) گەلاڕێزانی ١٣٦٧-ئۆکتۆبەری ١٩٨٨

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | - | سەروتار | وتار | ١ | | |
| ٢ | - | بژی یادی هاوڕێ دکتۆر جەعفەر شەفیعی | بەیاننامە | ٢ | | |
| ٣ | د.جەعفەر شەفیعی | بەشێك لەقسەکانی دکتۆر جەعفەری شەفیعیلەدووهەمین کۆبونەوەی گشتیکانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستاندا | وتار | ٤ | | |
| ٤ | د.جەعفەر شەفیعی | نامەیەك بۆ پێشەنگ | نامە | ٩ | | |
| ٥ | عەزیز | نامەیە*پارچە شیعرێك** | نامە | ١٢ | | |
| ٦ | - | دوو وێنەی د.جەعفەر*** | وێنە | - | | ئەم لاپەڕەیە ژمارەی لێ نەدراوە |
| ٧ | جوامێر | کوا وەختی بوو | پەخشانە شیعر | ١٥ | | جوامێر مەبەست شێرکۆ بێکەسە |
| ٨ | سەلاحەدین مهتدی | گلکۆی تازەی یار | پەخشان نامەیەك | ٢١ | | |
| ٩ | - | پارچەیەك شیعر+وێنەیەکی د.جەعفەر | شیعر | ٢٣ | | |
| ١٠ | - | چەند نامەی هاودەردی | نامە | ٢٤ | | |
| ١١ | ئەحمەد بازگر | پڕ بەپڕی خۆشەویستی | شیعر | ٣٠ | | |
| ١٢ | - | دوو وێنە د.جەعفەرد.جەعفەر-مەلەکەو بەیانی کچی | وێنە | - | | ژمارەی لێ نەدراوە |

*بەرگ-وێنەی شەهید د.جەعفەر شەفیعی لێدراوەو لەسەر رووپەڕی بەرگەکەی نوسراوە. ئەم ژمارەیە تایبەتە بۆ ڕێزگرتن لەیەکەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی د.جەعفەر شەفیعی.

**ئەم پارچە شیعرە دیار نیە هی کێیە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ**بەشی كوردی

ژمارە(٨)-١٣٦٧ژانویەی ١٩٨٩

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێران | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | – | ناوەڕۆك | – | ١ | | |
| ٢ | – | كورتە قسەیەك | سەروتار | ٢ | | |
| ٣ | – | گوزارشتێك لەپێنجەمین كۆبونەوەی گشتی كانونی هونەرو ئەدەبیاتی كرێكاری كوردستان | گوزارشت | ٣ | | |
| ٤ | – | بەبۆنەی ئیعدامی ژمارەیەك لەزیندانییانی سیاسی و كۆمۆنیست لەسیا چالاكانی جمهوری ئیسلامی | بەیاننامە(پ یام) | ١١ | | |
| ٥ | – | ئەوەیە رەوت و رێبازی ئێمە | وتار | ١٢ | | |
| ٦ | ن.حسامی | حزبی دیموكرات منداڵانی كوردستان چۆن پەروەردە دەكا..؟ | لێكۆڵینەوە | ١٩ | | |
| ٧ | ن.حسامی | من ژانی هاوبەشم , هاوارم كە | وتار | ٢٦ | ن.حسام ی | |
| ٨ | ف.پشكۆ | بۆكچە نان فرۆشی سەرجادە | شیعر | ٣٣ | | |
| ٩ | – | لەجەرگەی بڵێسەی سووردا | شیعر | ٣٦ | ئەحمەد. ك | |
| ١٠ | رێبوار | هەی داد | شیعر | ٣٧ | | |
| ١١ | یوهان رەبیچر | خیابان+پەپوول_شیعر | شیعر | ٣٨- ٣٩ | | |
| ١٢ | احمد بازگر | ئێوارەیەك لەمێژووم دا | شیعر | ٤٠ | | |
| ١٣ | لنگستۆن هیوز | من وخەونەكانم | شیعر | ٤٤ | ئەحمەد- ك | |
| ١٤ | چیرۆكی دۆمیترۆ- رادۆپۆپۆ سكۆ | بەرەو رووناكی | چیرۆك | ٤٥ | ن-ئەیار | |
| ١٥ | ئیوان كراوس | خەڵك | چیرۆك | ٥٧ | ن-ئەیار | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | شەبەق | تۆ کمۆنیستی | چیرۆک | ٥٩ | | |
| ١٧ | – | نامرێ ئاگر هەڤاڵان, ئێوە کڵپەی ئاگرن | سەرەخۆشی | ٦٨ | | |
| ١٨ | ب.امید– بهروز | من ئەژیم | شیعر | ٧٠ | ن.ئەیار | |
| ١٩ | – | لەستادیۆمی سانتیاگۆ رووی‌دا | یاد | ٧٢ | | |
| ٢٠ | – | کاریکاتێر | کاریکاتێر | ٧٣ | | |
| ٢١ | – | گوڵچنین لەشیعری خوێنەران | شیعر | ٧٤ | | |
| ٢٢ | ئاسۆ | شۆڕشی بەرد | شیعر | ٧٤ | | |
| ٢٣ | داستان | بیر لەمەرگ مەکەنەوە | شیعر | ٧٧ | | |
| ٢٤ | هەڵکەوت | رەنجدەران و ورەی بەردەوام | شیعر | ٧٩ | | |
| ٢٥ | ص.ع | گرنگترین بڕیار | شیعر | ٨٠ | | لەتیپی تۆمارکردنی شریت(کاسێت) |
| ٢٦ | خالید رەحیمی | با بەرهەمەکانمان هەرچی زیاتر بەرینەنێو کۆڕو کۆمەڵی کرێکاران و زەحمەتکێشان | ریکلام | ٨١ | | |
| ٢٧– | – | کاسێتی نوێی ابوبکری لەگزی | ریکلام | ٨٤ | | |
| ٢٨– | – | هاوکاری بۆ پێشەنگ (ناوەکان) | راپۆرت | ٨٥ | | |
| ٢٩– | – | وەڵامی نامەکان | نامە | ٨٦ | | |
| ٣٠– | – | لەدەربیجەی راو سەرنجی خوێنەرانی پێشەنگەوە | – | ٨٨ | | |
| ٣١– | – | دور رونکردنەوە | کاریکاتێر | – | | |
| ٣٢– | – | وێنە | ریکلام | ٩٤ | | |
| ٣٣– | – | بانگەواز | ئاگاداری | ٩٥ | | |
| ٣٤– | – | ئاگاداری | – | ٩٦ | | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گۆڤاری پێشەنگ**بەشی کوردی ژمارە(٩)-ئۆکتۆبەری ١٩٨٩

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | – | ناوەڕۆك | – | ١ | | |
| ٢ | وریا ناڤری | ماجەرای سەلمان روشدی و ئازادی بەیان | خوێندنەوەی کتێب | ٣ | | |
| ٣ | – | راگەیاندنی کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بۆ مەحکوکردنی فتوای خومەینی لەدژی نوسەری کتێبی (ئایاتی شەیتانی) | بایاننامە | ٩ | | |
| ٤ | ن.حسامی | نامەی ئەنگلس بۆمارگاریت هارکنیس | نامە | ١٠ | ن.حسامی | |
| ٥ | ئەحمەد بێ باك | نامەیەك | پەخشان | ١٤ | | |
| ٦ | صلاالدین مهتدی | کێ رچەی شکاند | چیرۆك | ١٨ | | |
| ٧ | هیوا | کامیل | چیرۆك | ٣٥ | | |
| ٨ | م.سامرەند | پور خاتوون | چیرۆك | ٤٢ | | |
| ٩ | – | وتوووێژی پێشەنگ لەگەڵ سلیمان قاسمیانی (کاکە) | دیدار | ٥٣ | | |
| ١٠ | کاکە | بۆ دەستەکانی ئولریکا | شیعر | ٥٨ | | |
| ١١ | ف.پشکۆ | بەسەرهات | شیعر | ٦٠ | | |
| ١٢ | جوامێر | سۆراخ | شیعر | ٦٧ | | |
| ١٣ | رێبوار | ئەم رێبوارە | شیعر | ٦٩ | | |
| ١٤ | ئەحمەد بازگر | زوڵفا | شیعر | ٧٣ | | |
| ١٥ | ئەحمەد شاملو | دوو شیعری شاملو(مندالانی نێو قوڵکەکان+تەنگانە) | شیعر | ٨٠+ ٨١ | ن.حسامی | |
| ١٦ | – | هەواڵەکان | راگەیاندن | ٨٣ | | |
| ١٧ | – | وەرگێردراوی کوردی مانیفێست | ریکلام | ٨٥ | | |
| ١٨ | رێبوار | ستونی ئازاد(رەمزی بەهێزبوونمان بناسنەوە) | بۆچونی ئازاد | ٨٦ | | |
| ١٩ | ئەحمەد بازگر | سەرنجێك لەسەر شیعری بەیان | لێکۆڵینەوە | ٩٦ | | |
| ٢٠ | ئەحمەد بازگر | بڵاوکراوەی تازە | ریکلام | ١٠٩ | | |
| ٢١ | – | وەڵامی نامەکان | – | ١١١ | | |
| ٢٢ | – | راگەیاندن بۆ یارمەتی | ریکلام | ١١٣ | | |
| ٢٣ | – | وێنە | کاریکاتێر | ١١٤ | | |
| ٢٤ | – | راگەیاندن | ریکلام | ١١٦ | | |
| *وێنەی بەرگ سادە | | | | | | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

زمارە(١٠) پایزی ١٣٦٤-١٩٨٥



| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | - | ناوەرۆك | - | ١ | | |
| ٢- | - | راپۆرت بەشەشەمین کۆبونەوەی گشتی | راپۆرت | ٣ | | |
| ٣- | برتولد برشت | فاشیزم | نامەیەکی کراوە | ١٤ | ع.ئەحمەد زادە | |
| ٤- | محەمەد مصری | تائێوە هەن, ئێمەش هەین | چیرۆك | ٢٠ | | |
| ٥- | وریا ناڤری | حەق بەزۆر نەبێ وەرناگیرێ | شانۆگەری | ٣٠ | | |
| ٦- | بیژەنی همزە | بزنە زێڕینە وئاواتی شاری خۆشبەختی | شانۆگەری | ٤٥ | ئاواتی کەمالی | |
| ٧- | ح.س.ح | قەڵەمێکی جەربەزە | شیعر | ٦٣ | | |
| ٨- | کاکە | بژیو لەگەرووی مەرگدا | شیعر | ٦٥ | | |
| ٩- | ناصر حسامی | حەسرەت | شیعر | ٦٨ | | |
| ١٠- | رەسول سەیدا وایی | شەپۆل | شیعر | ٦٩ | | |
| ١١- | چنار | گڕ | شیعر | ٧٠ | | |
| ١٢- | هیوا | بڵی دڵت چی تێدایە..؟ | شیعر | ٧٣ | | |
| ١٣- | محەمەد میصری | ئەگەر یەك بی | شیعر | ٧٦ | | |
| ١٤- | فیگوئەرا ئامد ریچ | من نامەوێ | شیعر | ٨٠ | هیوا | |
| ١٥- | سالار | خۆشەویستیت | شیعر | ٨٣ | | |
| ١٦- | نەورۆز | دیاری | شیعر | ٨٤ | | |
| ١٧- | حسام | بۆ نیسلۆن ماندیلا | شیعر | ٨٦ | رێبوار | |
| ١٨- | بیل بورن | ئاخێز | شیعر | ٨٧ | رێبوار | |
| ١٩- | ترسیی چایمەن | بۆ | شیعر | ٨٨ | رێبوار | |
| ٢٠- | رێبوار | فیدریکۆ گارسیا لۆرکا | شیعر | ٨٩ | | |
| ٢١- | گەلاوێژ رۆستەمی | نامەی دایکێك | نامە | ٩٣ | | |
| ٢٢- | شەبەق | بەهار+زیندان-گوڵدان | پەخشان | ٩٥ | | |
| ٢٣- | - | چاوپێکەوتینێکی کورت لەگەڵ مسئولی کۆڕی نەواری کانون | دیدار | ٩٨ | | |
| ٢٤- | رێبوار | ئایە کرێکاران دەتوانن؟ | ستونی ئازاد | ١٠١ | | |
| ٢٥- | - | هەنگاوە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکانی کانونی یارمەتی بۆ کوردستان-کۆڵن | راگەیاندن | ١٠٧ | | |
| ٢٦- | - | وێنە | کاریکاتێر | ١٠٨ | | |



*وێنەی سەر بەرگ: کاریکاتێر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی ژمارە(١٠) پایزی ١٣٦٤-١٩٨٥

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | - | ناوەرۆک | - | - | - | |
| ٢- | - | ساڵی نوێ | پەخشان | - | - | |
| ٣- | دوو میتیلا باریوس دوچونگارا | مانیفێست و وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی | لێکۆڵینەوە | ١ | حەسەن علیپور | |
| ٤- | - | بابۆت بدویم | چیرۆک | ١٦ | ن.حسامی | |
| ٥- | شەبەق | مامەی نەفتی | چیرۆک | ٤١ | | |
| ٦- | عەزیز تەحسین | بڕی نیشتمان | چیرۆک | ٥٩ | سەرگوڵ بەهمەنی | |
| ٧- | فریدون ناڤری | سەربەست | شانۆگەری | ٦٤ | | |
| ٨- | کاکە | ژان توفانێکی ئەسیر | شیعر | ٧٥ | | |
| ٩- | کاکە | کۆرپەی هێزم | شیعر | ٧٨ | | |
| ١٠- | صلاح | شیعرێکی تینو | شیعر | ٨٠ | | |
| ١١- | چنار | دانەبڕان | شیعر | ٨١ | | |
| ١٢- | صلاح | شەوارەی شیعر دەکیرم خوت ون مەکە | شیعر | ٨٢ | | |
| ١٣- | هیوا | بەهار بژێنەوە | شیعر | ٨٥ | | |
| ١٤- | - | نا ئیتر ناگەڕێمەوە | شیعر | ٨٧ | هیوا | |
| ١٥- | شاملو | ئایدیا لەئاوێنەدا. | شیعر | ٨٩ | ن.حسامی | |
| ١٦- | شلملو | عشقی هەموان | شیعر | ٩٢ | ن.حسامی | |
| ١٧- | - | وێنە | کاریکاتێر | ٩٤ | | |

وێنەی بەرگ: کاریکاتێر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

ژمارە(١١) –خاکەلێوی ١٣٧٠



| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | – | ناوەرۆک | – | – | – | |
| ٢- | فریدون ناقری | نینا لەچاوپێیاخشاندنێکدا | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١ | نینا رۆمانێکە حەمە کەریم عارف وەریگێڕاوە | |
| ٣- | رێبوار | حزبی دیموکراتیش هەژاری گرتە باوەش | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١٨ | | |
| ٤- | – | گوناهی کەبیرەی کەشیش ئاندەر | چیرۆک | ٢٥ | ن.حسامی | |
| ٥- | عەباس شوان | بیمە | چیرۆک | ٢٩ | | چیرۆکی منداڵانە |
| ٦- | عەباس شوان | بێکار | چیرۆک | ٣٠ | | |
| ٧- | فریدون ناقری | رێگای رۆڵەکەم | شانۆگەری | ٣٢ | ئەحمەد بازگر | |
| ٨- | وریا | جەوهیل | یاد | ٤٣ | – | |
| ٩- | جەوهیل | ئاخر داخواز کلووچە لەئاسمان | شیعر | ٤٦+ ٤٧ | رێبوار | |
| ١٠- | پیتر پویاس | دەرۆی وازم لێ دێنی | شیعر | ٤٩ | ن.حسامی | |
| ١١- | بژار | گەڕانەوە | شیعر | ٥١ | | |
| ١٢- | رێبوار | مونولۆگ لەگەڵ بەهار | شیعر | ٥٤ | | |
| ١٣- | – | رێژەی ئەوەڵی مەی | شیعر | ٥٦ | رێبوار | |
| ١٤- | شەبەق | مناڵینە | شیعر | ٥٨ | | |
| ١٥- | شەبەق | خەڵکی ماقوول | شیعر | ٥٩ | | |
| ١٦- | کەمال عەزیزی | سرودی مەرگ | شیعر | ٦٠ | | |
| ١٧- | کاوە | هاوپشتی | شیعر | ٦٢ | | |
| ١٨- | ن.حسامی | وەڵامی نامەکان | راپۆرت | ٦٣ | | |
| ١٩- | ناسری حسامی | دیدارێک لەگەڵ شیعرو شاعیران | راپۆرت | ٦٨ | | |
| ٢٠- | – | وێنە | کاریکاتێر | ٧٢ | | |





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

ژمارە(١٢) پوشپەڕی ١٣٧٠


| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | - | ناوەرۆک | - | - | - | |
| ٢- | فریدون نازری | نینا لەچاوپێیاخشاندنێکدا | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١ | نینا رۆمانێکە حەمە کەریم عارف وەریگێڕاوە | |
| ٣- | رێبوار | حزبی دیموکراتیش هەژاری گرتە باوەش | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١٨ | | |
| ٤- | - | گوناهی کەبیرەی کەشیش ئاندەر | چیرۆک | ٢٥ | ن.حسامی | |
| ٥- | عەباس شوان | بیمە | چیرۆک | ٢٩ | | چیرۆکی منداڵانە |
| ٦- | عەباس شوان | بێکار | چیرۆک | ٣٠ | | |
| ٧- | فریدون نازری | رێگای رۆڵەکەم | شانۆگەری | ٣٢ | ئەحمەد بازگر | |
| ٨- | وریا | جەوهیل | یاد | ٤٣ | - | |
| ٩- | جەوهیل | ئاخر داخواز کلووچە لەئاسمان | شیعر | ٤٦+٤٧ | رێبوار | |
| ١٠- | پیتر پویاس | دەڕۆی وازم لێ دێنی | شیعر | ٤٩ | ن.حسامی | |
| ١١- | بژار | گەڕانەوە | شیعر | ٥١ | | |
| ١٢- | رێبوار | مونولۆگ لەگەڵ بەهار | شیعر | ٥٤ | | |
| ١٣- | - | رێژەی ئەوەڵی مەی | شیعر | ٥٦ | رێبوار | |
| ١٤- | شەبەق | مناڵینە | شیعر | ٥٨ | | |
| ١٥- | شەبەق | خەڵکی ماقوول | شیعر | ٥٩ | | |
| ١٦- | کەمال عەزیزی | سرودی مەرگ | شیعر | ٦٠ | | |
| ١٧- | کاوە | هاوپشتی | شیعر | ٦٢ | | |
| ١٨- | ن.حسامی | وەڵامی نامەکان | راپۆرت | ٦٣ | | |
| ١٩- | ناسری حسامی | دیدارێک لەگەڵ شیعرو شاعیران | راپۆرت | ٦٨ | | |
| ٢٠- | - | وێنە | کاریکاتێر | ٧٢ | | |




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گۆڤاری پێشەنگ-پاشکۆی تایبەت بەژمارە (١٢)

## خەرمانانی ١٣٧٠

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەڕە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ڕێبوار | ناسیۆنالیزم لەپێشەنگ دا چ دەکا؟ | لێکۆڵینەوە | ١ | | |
| ٢- | ن.حسامی | ڕەخنە لەناسیۆنالیزم یان پاکانەی؟ | لێکۆڵینەوە | ١١ | | |
| ٣- | بژار | ڕەخنە لەپێشەنگ | نامە | ٣٨ | | |
| ٤- | شەبەق | ژیان و تابلۆکانی ڕەنج و ئارەزوومان | - | ٤٣ | | |

## گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

ژمارە(١٣) خەرمانانی ١٣٧٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | – | رەخنەکانی لینین دەربارەی تۆلستوی | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١ | شەبەق | |
| ٢- | فردريك انگلس | ویرس شاعیری پرۆلیتاریا | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ٨ | وریا نازری | |
| ٣- | انتونيو سكارميتا | داڕشتن | چیرۆك | ١٣ | مستەفا ساڵح کەریم | |
| ٤- | رەحمان بێساران | کەوشەکانی خوشکم | چیرۆك | ٢٠ | وریا | |
| ٥- | ب-سالاری | ئیختراح | چیرۆك | ٢٨ | | |
| ٦- | موسس ئارازی | خۆرەتاو | چیرۆك | ٣٣ | ن.حسامی | |
| ٧- | ئەحمەد شاملو | گۆرانی گەورەترین ئارەزوو | شیعر | ٣٥ | ن.حسامی | |
| ٨- | ئەحمەد بازگر | رانەهاتن | شیعر | ٣٦ | | |
| ٩- | ئەحمەد بازگر | چۆن بۆت بدویم | شیعر | ٣٧ | | |
| ١٠- | ن.حسامی | تەکان | پەخشان | ٤٢ | | |
| ١١- | شەبەق | من بەهارم خۆشدەوێ | پەخشان | ٤٣ | | |
| ١٢- | شەبەق | تا زەمزەکەی شایی بەهارێکی ئاگرین | پەخشان | ٤٤ | | |
| ١٣- | جەوهیل | هێز لە اتحادیە دایە | شیعر | ٤٥ | ڕێبوار | |
| ١٤- | جەوهیل | کچی شۆڕشگێر | شعیر | ٤٧ | ڕێبوار | |
| ١٥- | عبدالقادر سەعید | کارگا | شیعر | ٤٨ | | |
| ١٦- | کاوە | دەی هاوڕێیان | شیعر | ٥١ | | |
| ١٧- | سەعید قایشی | لەم جیهانە ئاوەژوەدا | شیعر | ٥٢ | | |
| ١٨- | داستان | بانگەوازێك | شیعر | ٥٣ | | |
| ١٩- | جان وید | دە رۆژێك کەدنیای لەرزاند | رانانی کتێب | ٥٥ | | |
| ٢٠- | شەوبۆ | یاداشتێك | یاداشت | ٥٦ | | |
| ٢١- | – | وەڵامی نامەکان | راپۆرت | ٥٨ | | |
| ٢٢- | ئاسۆ | نامەیەك | پێشنیار | ٦٠ | | |
| ٢٣- | – | پشکۆ | – | ٦٣ | | |
| ٢٤- | – | وێنە | کاریکاتێر | ٦٦ | | |
| وێنەی بەرگ: کاریکاتێر | | | | | | |




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی ژمارە(١٤) خەرمانانی ١٣٧٢

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێڕان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | - | ناوەرۆك | - | - | - | |
| ٢- | - | رونکردنەوەیەك | - | - | - | |
| ٣- | شەبەق | چەند بیرەوەری ماکسیم گۆرگی لەچەخۆف | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١ | | |
| ٤- | أ.عەزیز | حاجی ئاغاو ئاهەنگەران و فتوای حەلاڵ بوونی مۆسیقا | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١٦ | | |
| ٥- | ناصر حسامی | زمان لەخزمەت ناڕەوادا | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١٨ | | |
| ٦- | مەحمود کاکە وند | شورا | چیرۆك | ٢٧ | ن.حسامی | |
| ٧- | ماکسیم گورکیٚ | بەسەرهاتی ماسی گر | چیرۆك | ٢٩ | شەبەق | |
| ٨- | ن.حسامی | زبڵدان | رانانی کتێب | ٣٦ | | |
| ٩- | اسماعیل مبارز یکتا | کوێخا مەحمود | چیرۆك | ٤٦ | | |
| ١٠- | - | شیعرو پەخشان | - | ٤٩ | | |
| ١١- | لنگستن هیوز | دوو پارچە شیعر | شیعر | ٥٠ | محەمەد میسری | |
| ١٢- | حەمە سەعید حەسەن | سیٚ پارچە شیعر(قەڵم,یەکسانی,دیمەن) | پەخشان | ٥١+٥٢ +٥٣ | | |
| ١٣- | ئەحمەد شاملو | ئەمجارە زەوی هاتە قسە | پەخشان | ٥٥ | ناسری حسامی | |
| ١٤- | ن.حسامی | دەتوانن | شیعر | ٥٨ | | |
| ١٥- | ئەحمەد بازگر | مەیلی بێستان | شیعر | ٦٠ | | |
| ١٦- | ئازاد | لەپشت ئێوەوە | شیعر | ٦٢ | | |
| ١٧- | یون سوك چونك (کۆریایی) | نەقشەی جیهان | شیعر | ٦٤ | ن.حسامی | |
| ١٨- | اموزگار | نان | شیعر | ٦٥ | شەبەق | |
| ١٩- | شەبەق | بەبیٚ ئێوە | شیعر | ٦٦ | | |
| ٢٠- | - | پاشماوە | - | ٦٨ | | |
| ٢١- | - | وەڵامی نامەکان | راپۆرت | ٧٠ | | |

وێنەی بەرگ: کاریکاتێر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گۆڤاری پێشەنگ-بەشی کوردی

ژمارە(١٥) خاکەلێوی ١٣٧٢

| ژمارە | ناوی نووسەر | ناوی بابەت | جۆری بابەت (ژانی) | لاپەرە | وەرگێران | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | - | ناوەرۆک | - | - | - | |
| ٢- | مهدی سپهر | رەخنەکانی لینین لەتۆلستۆی(تولستۆی و خەباتی کرێکاری) | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١ | شەبەق | |
| ٣- | مهدی سپهر | بیست و پێنجەمین ساڵرۆژی مەرگی ئۆژین پوتیە | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ٥ | عارف سیامەکی | |
| ٤- | - | ئەنترناسیۆناڵ | شیعر | ٩ | رێبوار | |
| ٥- | فرخ نعمت پور | بیرتان یان خەیاڵ کامیان ئەمڕۆ پێویستترن لەهونەردا | رەخنەو لێکۆڵینەوە | ١٠ | | |
| ٦- | ماکسم گورکیٚ | کرێکار | چیرۆک | ١٦ | شێرکۆ محەمەد سەعید | |
| ٧- | ماکسیم گورکیٚ | وت وێژ لەگەڵ سوڵتانی نەوت وپۆلا | چیرۆک | ٣٥ | ب.ئارام | |
| ٨- | محەمەد فەریق حەسەن | هەڵەی سوێسکە | چیرۆک | ٦٠ | | |
| ٩- | باوکی ئارمان | تامی گۆشت | شیعر | ٦٣ | | |
| ١٠- | حەمە سەعید حەسەن | پێنج پارچە شیعری سویدی | شیعر | ٦٧ | | |
| ١١- | وەفا | تۆ بەیانی | شیعر | ٧٤ | | |
| ١٢- | قەلەندەر دادشا | چارەنوس | شیعر | ٧٦ | شەبەق | |
| ١٣- | سیاوش کسرایی | ئەمجارە | شیعر | ٧٨ | ب.ئارام | |
| ١٤- | شەبەق | یاد | شعیر | ٨٠ | | |
| ١٥- | چیا | شیعر چیە؟ | شیعر | ٨١ | | |
| ١٦- | سارا | جەژن و جەنگ | شیعر | ٨٢ | | |
| ١٧- | سارا | بەردو جنێو | شیعر | ٨٤ | | |
| ١٨- | - | بیرەوەرییەکانی کرێکارێك لەمارکس | بۆچوونی ئازاد | ٨٥ | علیرچا قادری | |
| ١٩- | شەبەق | وەڵامی نامەکان | راپۆرت | ٩٥ | | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



# چیرۆک


- بەفرینە ٦٦

  بەسەرهاتێک، لەنوسینی عەلی ئەشرەف دەروێشیان و: کەریم ئەمانی
- مان ٧٠

  ن: پەری کریمی نیا
- جگەرە کێش ٧١

  ن: دۆستێکی پێشەنگ
- قالاو ٧٢

  ن: رەسوڵ کەماڵی و: لە فارسیەوە: سەباح موورادی


PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەفرینە

## بەسەرهاتێك، لەنوسینی عەلی ئەشرەف دەروێشیان

وەرگێڕانی کەریم ئەمانی

سەلیمە بەهەردوو دەست بەسەرخۆیدا دا، سەرپۆشەکەی لەسەر کەوتە خوارێ، چنگی لەپرچەکانی گیرکردو ڕومەتی خۆی دارنی‌و بەئەژنۆ بێ هێزەکانی بەرەو ماڵەوە ڕایکرد. لەقەراغ نێو دێ گەیشتە بەرماڵی خالۆ مەولود. بارە چرپیەکەی هەروا لەپەنا دیواری حەسارەکە بوو. خالۆ مەولود، کۆم ببووەو پاڵی دابوو بەدیواری ماڵەکەیەوەو کاڵەیەکی نیوە چندراوی بەدەستەوە بوو. کلافە دەزووەکەی کەوتبووە خوارێ‌و تاڵە دەزوەکەی ژێر ددانی بەسەر لێویدا هەڵواسرابوو.

لەهەیوان، لەژێر شەبەقی مانگەشەوەکەدا دانیشتبون. بەفرینە پاڵی دابو بەسینگی دایکییەوە. دایکی، بەفرینەی لەنێو ڕانەکانی خۆی گرتبوو، قژەکانی بۆ شانە دەکرد. قژەکاڵەکانی بەفرینە بەسەر شانوملیدا پەرێشان ببون. لەناکاو بەفرینە هاواری کرد، وەی گوێچکەم، گوێچکەمت هەڵکەند"

دایکی وتی: چی بوو؟ "کەوابێت کوێچکەی تۆ لەکاغەزە. ئەگەر گوێچکەی ئینسان بەشانە هەڵکەندرابا. ئێستا لەدنیادا هیچ کەس گوێچکەی نەدەبوو." بەفرینە دەستی بەگوێچکەی خۆیدا هێناو بەوردی سەرنجی قامکەکانی خۆیدا تا دڵنیا بێت کەخوێنی لێنەهاتووە.

دایکی بەشۆخی بەبەفرینەی وت: هەی هەی، گوێچکەت لێبۆتەوە. دەبێ ئەمڕۆ بچمە لای مام مەقدور گوێچکە کاژیلەیەکت بۆ بکرم. کورێکی چکۆلە لەناو خاك‌و خۆڵی بەر هەیوانەکەدا، ژێر خۆی تەڕ کردبوو، خەریك بوو قامك، قامك لەقوڕەکەی ژێر خۆی دەخوارد دایکی ڕوی لەکوڕەکە کردو وتی:

ئاهای یوسف.. ئاخ.. ئاخ.. هەی تف لەکارو کردارت! چاو لێکە چ، ملچە ملچێکی وەڕێ خستووە، هەر ئەڵێی شتێکی زۆر خۆش دەخوات، بەدبەختە.

یوسف لەحاڵێکدا کەتۆقلەی کونە لوتی هەر هەڵدەماساو چکولە دەبۆوە، بەقونە خشکێ خۆی گەیاندە دایکی لەو دەرفەتەدا بەفرینە خۆی لەنێو ڕانەکانی دایکی ڕزگار کرد. دایکی بەداوێنی کراسەکەی لوتی یوسفی سڕی‌و قامکی لەزاری داگێڕاو لەتەقوڕێکی دەرهێنا. تۆقلەکەی لوتی یوسف کەبەگوڵی کراسەکەی دایکیوە نوسابوو وردە وردە چکۆلە بۆوە هەتا هیچی لێنەما. دایکی چار شێوە کۆنێکی هێناو لەسوچێکی تاریکی وەتاغەکەدا لەسەر عەرز ڕایخست‌و یوسفی تێ پێچا، بەفرینە لەدایکی هاتە پێشی‌و دایکی، یوسفی بەکۆڵدا بەست‌و وتی:

ئەگەر وەڕەزیی کرد، بیکەوە. هۆشت بێ نەی خەیت بەعەرزدا. ئاگات لەمریشك‌و جوجکەکان بێت. قامك نەکەی بەکونی مارو مێرولەو شتی وادا. شتی پیس هەڵنەگرییەوە بیخۆی. لەزەلاتەکەی شەوێ کەمێك ماوەتەوە، نیوەڕۆ بەنانەوە بیخۆ. نانە ڕەقەو قەندیشم لەتاقەکەدا داناوە، هەروەخت یوسف برسی بو، بۆی وردکەو بەئاوەوە بۆمی بگرەوەو پێی بدە. مەهێڵە مێش لەسەردەم‌و لوتی نبیشێت. لەگەڵ ئەم قسانەدا، چارەکە نانەکەی لەپشتی خۆی بەست‌و لەدیوارە قوڕینەکە نزیك بۆوەو لەبەرخۆوە دەیوت: ئەمە دۆدانەکەو.. ئەوەش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەورداسەکە. پاشان لەدیوارەکەی کردنەوەو لەخۆی بەستن و گوریسەکەی کەلەلای پلیکانەکان کەوتبوو هەلگرت و بەسەر شانی دا دا. ئێستا لاقی لەپلیکانەکە نەترازابوو کەبەفرینە یۆسفی لەسەر کۆلی خۆی سازاندو دەستی برد نامەیەکی گلۆلە کراوی لەگیرفانی دەرهێنا.

چەند خەت لەنامەکەی هێندەی قامك بەسەردا خشا بوو کەشوێنەواری نەمابوو. ملی بەلارەوە ناو، بەشەرمەوە بەدایکی وت: دایکە گیان، جارێکی تریش ئەم نامەیەم بۆ دەخوێنیتەوە؟ دایکی گەڕاوەو بەزەردەخەنەیەکی پڕ ماناوە، نامەکەی لەبەفرینە وەرگرت و کەمێك لەڕوخساری بێ ڕەنگی ئەو ڕاماو وتی: خەریکە وەخت درەنگ دەبێت. دوو ڕۆژە ئەم نامەیە هاتووە من هەزارجارم بۆ خوێندویەتەوە. بەخودا ماندوبوم. بەلام دلی بەحالی بەفرینە سوتاو دەستی بەسەر قژەکانی داکێشاو، وتی:

تۆ ئەمرۆ کچی چاك بەو ئەو شتانەی پێم وتی جێبەجێیان بکە، ئێوارە کەلەدارستان گەڕامەوە دوبارە بۆت دەخوێنمەوە. بەفرینە سەری نا بەسینگی دایکییەوەو هێواش کراسەکەی ماچ کردو نامەکەی لەگیرفانی خستەوە. هەردوو دەستی بەدەوری یۆسف دا توند لەپشتەو لەیەك هەلپێکا. یۆسف کەهەستی کردبوو دایکی لێی دوردەکەوێتەوە، لێوی هەلقرچاندو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی. بەلام بەفرینە بۆ ئەوەی یۆسف ژیر بێتەوە، چەندجار بەسەر کۆلیەوە هەلی تەکاندو بەڕاکردن یۆسفی برد بۆ لای کولانەی مریشك و جوچکەکان.. دایکی، لەکوچەوە گوێی لەپێکەنینی یۆسف بوو بەدلنیاییەوە ڕۆیشت.

سەلیمە، گەیشتە هەورازێك. پەتی دۆدانەکە دەستی ئازار دەدا، کردیەوەو دایە ئەو دەستەی دیکەیی و گوریسەکەی بەسەر ئەو شانەی دیکەیدا داو چاوی بریە ئەو ڕێگا مارپێچەی کەلەنوکی گردەکەوە، بەرەو خوارەوە دەهات پیاوێك کۆلە چرپیەکی بەسەر کۆلەوە بوو دەیویست لەو ڕێگا پێچ پێچە بیهێنێتە خوارێ، زۆر جار قورسایی کۆلەکەی، ئەوی بەم لاو بەولادا دەخست و گەلێك جار لەڕێگاکە دەترازاو تۆزو خۆلێکی زۆر بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوەو پیاوەکە بۆ ماوەیەك لەناو ئەو تۆزو خۆلەدا ون دەبوو.

مام مەقدوری شوان، هێندێك ئەولاتر لەمەڕەکانی، بەپیشکانەکەی کەنگرو گێلاخەمی هەل دەکەندو لەبەر خۆیەوە، ئەم گۆرانییەی دەوت:

بەگاسنی خەم، زەوی خەمم کێلاو تۆوی خەمم چاند.

حاسلم خەم بوو، بەداس خەم درووم، بردمە ئاشی خەم.

ئاردی خەمم، بەئاوی خەم کرد بەهەویر، بەتەنوری خەمم برژاندم.

نانی خەمم، لەسەر سفرەی خەم داناو، هاو سفرەم خەم بوو.

لەپەنای دا، دانیشتم و، لەگەل خەم خواردم.

دایکی بەفرینە لەمام مەقدور نزیك بۆوەو، وتی: سەلام و عەلەیکم مام مەقدور!

مام مەقدور، پشتی ڕاست کردەوەو ڕوی بۆ لای ئەو وەرگێڕاو وتی:

سەلام و عەلیکم وەعەلیکومە سەلام، سەلیمە خانم. لەحەمە چ خەبەر؟

سەلیمە، وتی: دوو سێ ڕۆژ لەوەپێش نامەی ناردبوو. نوسیبوی، تا چەند ڕۆژێکی دیکە مەرەخەسی وەدەگرێت و دێتەوە سەردانمان دەکات.

مام مەقدور وتی، پەنا بەخودا، بەخێرو سلامەت بێتەوە ئیشەلا.

سەلیمە، وتی: خۆش بیت مام مەقدور، خودا تۆش هەر پیرو جوان کاتەوە..

سەلیمە، گەیشتە سەر گردەکەو قەلە ڕەشەیەك کەلەسەر دارە بەڕووەکەی سەر گردەکەبوو دوو سێ جار قراندی.

سەلیمە بەقەلە ڕەشەکەی وت: خۆش خەبەر بی.. خۆش خەبەر بی..

بەقامکی، ئیشارەی، ئارەقەی ناوچاوانی سڕی درێژەی بەڕێگا مارپێچەکەداو لەنیوەی ڕێگا گەیشت بەو پیاوەی کەکۆلە چرپیەکەی بەکۆلەوە بوو، سەلیمە، دەیناسی، هاوسێی خۆی بوو، پێی وت:"ماندو نەبی خالۆ مولود". خالۆ مەولود وەلامی داوە، وتی: سلامەت بی خوشکم، چ بێوەخت هاتوی!

سەلیمە، هەناسەیەکی تازە کردەوەو وتی: ژنی مندالە بەر نیوەی ژیانی هی خۆی نییە، تا مندالەکانم حەواندەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو بەنیوەڕۆ. خالۆ مەولود وتی: با شیبیەکەی، ئەوەیە کەرۆژگاری بەهارە. و ئینسان بەهەموو ئاواتێك دەگات، هەتا بتهەوی رۆژ درێژە. دەستی بۆ شوێنێکی دوری سەرگردەکە درێژ کردو وتی:

لەناو دارستانەکەدا ئاگات لەخۆت بێ. گیانلەبەرەکان لەمەڕ گرمەی، میگ و میراژەکان.. وەگیان هاتونو لەناکاو پەلامار دێنن.

سەلیمە وتی: ئاگام لەخۆمە خالۆ مەولود. ئینسانی روت و ڕەجاڵ پاڵەوانی خودایە. بۆ خۆشم کەمتر لەئەوان نیم. بەهار هەموو شوێنێکی داگرتبوو. با، بۆنی تاڵی شکۆفەی بادامەکێوییەکانی، دەهێنا. سەلیمە ماندو هیلاك ببوو، بەتەورداسەکەی، لقوپۆپی دارەکانی دێنا خواری و تك، تك ئاراقەی دەڕشت و ڕوخساری لەبەر تینی خۆرەتاو سور هەڵگەڕابوو. لەنیوەڕۆ زۆر تێ پەڕیبوو. پاڵی بەکۆڵکە دارێکەوە داو ویستی پەتی زارکی دۆدانەکەی بکاتەوە کەلەناکاو گرمەیەکی توند دارستانەکەی لەرزاندو چەند شکۆفە لەدارە بادامە کێویەکە کەوتە خوارەوەو لێك بلاو بوون. سەلیمە بەترسەوە هەستا سەرپێوو، سێ فڕۆکە بەرەو ئاسمان بەرز دەبونەوە. لەو دیوی گردەکەش تۆزو دوکەڵی تەقینەوەیەك لەئاسمانی ئەو شوێنەدا بلاو دەبۆوە. با، بەئارامی دوکەڵەکەی بەرو ئاوای، ئەو ئاوییەی کەهەر ئێستا لەژێر پێی سەلیمەدا کپ و خامۆش راکێشرابوو، دەبرد. سەلیمە لەبەرخۆیەوە وتی: شوکر بۆ خودا، لەئێمە زۆر دورە.

بەگرمەی چەند تەقینەوەیەکی دیکە، باڵندەکان پۆل پۆل بەقاژو قیژ دارستانەکەیان بەجێهێشت و هەموو جێگایەك چۆڵ و بێدەنگ بوو. بۆنێکی ناخۆشی نا ئاشنا جێگای بۆنە تاڵەکەی بادامەکانی دەگرتەوە. سەلیمە هەستی بەوە کرد کەگەروی دەخورێ، بەدڵ نیگەرانییەوە کۆڵە چرپییەکەی بەکۆڵ دا داو بەڕێگا مارپێچەکەدا بەرەوماڵ کەوتە ڕێ. ئێوارەبوو، تیشکی خۆرەتاو دەهات تا دەشت و شاخەکان جێ بهێڵێت ئاوای لەژێر سێبەری گردەکەدا تارمایی دەداوە. سەلیمە جەم سەری گوریسەکەی توند لەدەستی خۆی پێچاو هێواش هێواش بەئارەق ڕشتن پێچ و خەمی ڕێگاکەی دەبڕی و، گوریسەکەی شل و توند دەکرد تا نەوەك کۆڵە چرپییەکە بەم لاو ئەولادا بکەوێت و ئەویش لەگەڵ خۆیدا بەرەو هەڵدێرەکان تلبدات.

گەیشتە دواین پێچی گردەکە، هەناسەی بەسەختی دەهاتە دەرێ. بۆنە نائاشناکە هەر وا لەهەوادا مابوو. جار جار زۆر بوو، جار جاریش بەشنەی بایەکە کەم دەبۆوە. دەستەکانی سەلیمە بەگوریسەکە بریندار ببون. زۆر بەزەحمەت گەیشتە لای دار بەڕووەکە، لەبن دارەکەدا قەلە ڕەشەیەك بەپشت دا کەوتبوو مام مەقدور ساکت و بێ دەنگ پاڵی دابو بەدارەکەوە. سەلیمە بەباشی لەوە تێنەگەیشتبوو کەمام مەقدور وەك هەمیشە، پێی وتبێت: ماندونەبی، بەخێر بێیت.

بەڵام سەلیمە، هەناسەیەکی ماندویی هەڵکێشاو هەروەك هەمیشە وەڵامی داوەو وتی: سلامەت بی مام مەقدور! پاشان بەگومانەوە چاوی لەلای مام مەقدور کردو دیتی مام مەقدور سەری لەسەر ئەژنۆکانی داناوەو پیشکانەکەی لەباوەش گرتووەو دەستەکانی بەرەو پێشەوە شۆڕ بونەوەو هێندێك کەنگری نیوە جوراو لەبەرپێدا تف کرابۆوە. سەلیمە وایزانی کەمام مەقدور خەریکی بەستنەوەی بەنی کاڵەکانییەتی. کۆکەیەکی کردو بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد، مام مەقدور تۆ کەهەمیشە لەخەودای. وا خەریکە تاریك بێت ئەدی کەی دەتهەوێ مەڕەکان ببەیتەوە بۆ ئاوایی، ماڵ ئاوەدان!

مام مەقدور لەجێگای خۆی نەبزوت. سەلیمە چاوی لەمەڕەکان کرد سەریان لەسەر پشتی یەکتر داناوەو ئارام و بێدەنگ، کاوێژیان نەدەکرد. سەگەکەی مام مەقدور ملی بەفێنکای عەرزەکەوە نوساندبوو. با، بەئارامی دەهاتوو بۆنەکەش هەر دەهاتوو کەمتر دەبوو. بەڵام گەروی سەلیمە هەروا دەخوراو دەکزاوە بەنیگەرانییەوە کۆڵەکەی فرێداو لەمام مەقدور چووە پێش. ترس و دڵە ڕاوکە سەلیمەی داگرتبوو. بەڵام هەر وا لێی چووە پێشەوەو بەگومانەوە دەستی لەسەر شانی مام مەقدور داناو وتی:

مام مەقدور، بۆچی..؟

مام مەقدور بەلادا کەوت و چاوی بەمۆلەق وەستا. سەلیمە قیژاندی و لەمام مەقدور دورکەوتەوە، هەر کەهەڵدەهات لاقی لەلاشەی مەڕێك هەڵکەوت و بەسەر لاشەی مەڕێکی دیکەدا کەوت. زۆر ترساو هاواری کرد.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەولاترەوە سەگەکەی مام مەقدور لەجێگای خۆی ویشك ببوو. سەلیمە بەهەردو دەست بەسەر خۆیدا دا. سەرپۆشەکەی لەسەری کەوتە خوارێ. چنگی لەپرچەکانی گیرکردو ڕومەتی خۆی داڕنیو بەئەژنۆ بەهێزەکانی بەرەو ماڵەوە ڕایکرد. لەقەراغ نێو دێ گەیشتە بەر ماڵی خاڵۆ مەولود. بارە چرپیەکەی هەروا لەپەنا دیواری حەسارەکە بوو.

خاڵۆ مەولود، کۆم ببۆوەو پاڵی دابوو بەدیواری ماڵەکەیەوەو کاڵەیەکی نیوە چندراوی بەدەستەوەبوو کلافە دەزووەکەی کەوتبووە خوارێو تاڵە دەزوەکەی ژێرددانی بەسەر لێوی دا شۆڕ ببووە سەلیمە هاواری کرد: خاڵۆ.. خاڵۆ، چ بەڵایەکمان بەسەرهاتووە؟

خاڵۆ مەولود، هەروا چاوی بڕیبووە چینی دیوارە قوڕینەکە، بۆنە نائاشناکە بەشنەی بایەکە کەمو زۆر دەبوو. سەلیمە بەکۆکە کۆك دەرگا دارەکەی حەساری خۆیانی، کەدیوار بەدیواری ماڵی خاڵۆ مەولودەوە بوو شکاندو بانگی کرد:

بەفرینە.. هۆی بەفرینە! جگەر کۆشەکەم لەکوێی؟ بەچەند هەنگاو خۆی گەیاندە کولانەی مریشكو جوچکەکانو بەگریانو هاوارەوە دەی وت، بەفرینە قژ کاڵەکەم، یۆسفە نازدارەکەم خەویان لێ کەوتووە. یاخودا بمرم بۆتان، نیوەڕۆ هیچتان خواردووە یان نا.

بەفرینە وەکو دایکێکی دڵسۆز یۆسفی لەسەر باسکە کزو باریکەکەی خەواندبوو. جوچکەکان لەپەنا دایکیان بێ هەناسە کەوتبوونو مریشکەکەش سەری نابووە ژێر باڵی خۆیو بۆ هەمیشە لەپەنا جوچکەکانی دا خەوی لێکەوتبوو.

سەلیمە دەستە چکۆلەکانی بەفرینەی ڕاوەشاند، بۆ ئەوەی کەخەبەری کاتەوە. نامەکە لەنێوان یۆسفو بەفرینەدا بەئارامی بەدەم باوە دەشەکاوەو چەند خەتە، کاڵ بۆوەکان، کاڵتر ببوونەوەو لەکۆتایی نامەکەدا نوسرابوو:

"چاوی کچە خۆشەویستەکەم "بەفرینە" لەدورەوە ماچ دەکەمو چەناگە جوانەکەی گاز لێ دەگرم.. تا چەند ڕۆژێکی دیکە لەخاوەن کارەکەم مەرەخەسی وەردەگرمو.. "

مێرولەیەکی مردوو لەسەر چەناگەی شین هەڵگەڕاوی بەفرینە بەوردە نانێکەوە نوسابوو.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# مان

پەری کریمی نیا



حەوتووی جارێ دەچووە سەر قەبرەکەی و بنە هەڵاڵە برایمەکە کە خۆی چاندبووی ، ئاوی دەدا . زڕەی تەلەفونەکە لە بیری خست.

- وەڵامەکەت بوو بە چی ؟
- من ژیانم وا بە ئاسانی نەگرتووە دەبێ قسەی لەسەر بکرێ .
- دەی باشە با لە ....... یەك ببینین .

تەلەفونەکەی دانا . جلەکانی لە سنگەکە کردەوە . قەڵەم چاوەکەی لە کومێدی جلەکەی دەرهێنا و چووە بەر ئاوێنەکە . جلەکانی لەبەر کردو قەڵەمێکی بە چاویا هێنا . ڕۆژمێرەکە کێشای بۆ لای خۆی . چاوی لێ کرد تا ئەم ڕۆژەی لەبەر چاو بمێنێ ( هەینی ) . لچێکی هەڵقوڕتاند و چووەوە بەر ئاوێنەکە . قەڵەمەکەی هەڵگرتەوە تا خاڵێك لە پەنای خاڵەکەی تری ناو چاوی بکوتێ . تەقەی دەرکە هەستا . کردیەوە . چەپکێ هەڵاڵە برایمە لەبەر دەرکە ڕاکێشرابوو . بە پەلە هەڵی گرتەوە . دەرکەی لە خۆی داخست . قەڵەمەکەی دوو کوت کرد .

(٢)

حەوتوی جارێ چومە سەر قەبرەکەی و بنە هەڵاڵە برایمەکە کە خۆم چاندبوم ، ئاوم دەدا .

زڕەی تەلەفونەکە لە بیرمی خست .

- وەڵامەکەت بوو بە چی ؟
- من ژیانم وا بە ئاسانی نەگرتوە دەبێ قسەی لەسەر بکرێ .
- دەی باشە با لە ...... یەك ببینین .

تەلەفونەکەم دانا . جلەکانم لە سنگەکە کردەوە . قەڵەم چاوەکەم لە کومێدەکە دەرهێنا و چومە بەر ئاوێنەکە . جلەکانم لەبەر کردو قەڵەمێکم بە چاوما هێنا . ڕۆژمێرەکە کێشامی بۆ لای خۆی . چاوم لێ کرد تا ئەم ڕۆژەم هەر لەبەر چاو بمێنێ ( هەینی ) لچێکم هەڵقوڕتاند و چومەوە بەر ئاوێنەکە . قەڵەمەکەم هەڵگرتەوە . خاڵێك لە پەنای خاڵەکەی ترم بکوتم . تەقەی دەرکا هەستا . کردمەوە . چەپکێ هەڵاڵە برایمە لە بەر دەرکا ڕاکێشرا بوو . بە پەلە هەڵم گرتەوە . پەرداخێ ئاوم هێنا و هەڵاڵە برایمەکەم تێخست و نامە بەر خۆرەکە . گەڕامەوە بەر ئاوێنە . خاڵەکەم کوتا و جانتاکەم هەڵگرت و دەرکەکەم لەو دیوەوە پێوەدا .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# " جگەرە کێش "

نووسینی: دۆستێکی پێشەنگ

که زەنگی دوا وێسگەی شەمەنەفەرەکە بە ئاگای هێنامەوە سەیرم کرد کات بەیانی یە منیش بێئەوەی هیچ شتێکی سەفەرم پێ‌بێ ئەوسا زانیم ئەمە پانتایی ئەو بیرکردنەوەیەبوو کە لە ئێوارەوە بە ئەندازەیەك تەنیبومیەوە ئێجگار بێئاگابوم لەوەی تاچەند هەم . هەر بۆیە دەستی ڕاستم کە لە ژێر سەرم دانابوو بە شێوەیەك سڕببوو هەستم ئەکرد جیا بۆتەوەلێم . چونکە بە درێژایی شەوەکە نەجولابوو .

کاتێ کە بە دەستەکەی ترم دەستم برد بۆ ئەو پەرداخەی لەسەر مێزەکەی‌لای سەرمەوە دانرابوو

تا کەمێ لەو ئاوە بخۆمەوە کە تێیدابوو سەیرمکرد ئەو جگەرەیەش کەلە یەکەم خاڵی بیرکردنەوەکەمدا دامگیرساندبوو لەدوای یەکەم نەفەسەوە کە دامنابوو لە ناو تەپڵەکەکەدا زۆر لەسەرەخۆ سووتابوو بە شێوەیەك کە سووتوەکەی لەیەك نەپچڕابوو...

بۆیە منیش لەو ساتەدا هەستمدەکرد ڕۆژێك دێت کە جەستەم بەهەمان سوتانی جگەرەکە دەچێت چونکە بەجۆرێك ئاسەواری بینینەکەی لە سەر دڵ و ناخ و مێشکم بەجێ مابوو نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێکیتر بکەمەوە تەنها چاوەکانی ئەو نەبێ چونکە بۆیەکەمجار چاوەکانی ئاوێنە بوون بۆ درکاندنی هەرچی ڕازونیازی نێودڵی بۆم. ئێستەش ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەبیرناچێ کەبینیم قژێکی کەمێ لولی لەدواوە بەر دابوەو عەینەکێکی ئاوی شێوە بازنیی لە چاو کردبوو جلەکانی بەری ڕەساسی بوون و جانتایەکی ڕەشی بە دەستەوە گرتبوو. جارجارێ بە دەستەکەی تری کە پارچەکلیسنیکی کەمێ‌چرچ بووی لە ناو دستابوو ئەو دلۆپە ئارەقانەی پێ دەسڕی کەلە دەم و چاویەوە دەخلیسکان بەرەو گردنی ، دیاربوو کەمێ هیلاك بوو هەر بۆیە پاڵی دایەوە بە یەکێك لەو دارانەی کە لە ناو پارکەکە دابوون . وتێیدەڕوانیم . هەرچەند

قسەی زۆر نەدەکرد وەك ئەوەی بیەوێ دەبێ لە ڕێگای چاوەکانیەوە هەنگاوبنێم بۆ ناو دڵی . ئیتر ئەمە بوە سەرەتای بیرکردنەوەم لێ هەر جارێ کە ئەم بیسنی خاوەکانی بەرانبەرم ڕادەگرت و تێم ڕادەما جار جارەش پێ‌ی ئەوتم ببورە کە ناتوانم ووشەی ناسك بدرکێنم چونکە من نامۆم بە عەشق. هەر چەندە من بڕوام وانە بوو پێم ئەوت من لە چاوی تۆوە فێری عەشق بووم ئیتر بە بەردەوامی بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانم فەرمانی ئەو هەموو خۆشەویستی‌یەم لە چوار چێوەی عەشقی ئەو دا کۆ بکەمەوە. ئەوە بوو کە بۆ دواجار بینیمەوە و پێ ووتم. من پەشیمان نیم لەوەی کە تۆم خۆش ویستوە و لە لۆمەی کەسیش ناترسم. بێ ئەوەی بهێڵێ یەك وشە بدرکێنم درێژەی بە قسە کانی دا ووتی :

"ژیان هیچ نی‌یە جگە لە عەشق ... عەشقیش بۆ هەموو ئەو ڕەنگانەی کە لە ئێستامدا هەست پێکراون ... ژیانێکی ئەبەدیە !"

جا ئەگەر ئەکرێت وەرە پێکەوە تابلۆیەك بکێشین، کێ ئەڵێ من و تۆ ناکەوینە دەرەوەی ڕەنگەکانی ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# قالاو

ن: رەسولٚ کەماڵی
وەرگێرانی لە فارسیەوە: سەباح موراد ی

دەستەقالاوێك لە سەر لوتكەی سەرم هێلانیان كردوە ..
نازانم كەچە ندساڵەهاتونەتە ئێرە.

یەكەم جار كە لە سەر دوكەڵكێشێكەوە بینیانم تا ئەو رادە هاواریان نەدەكرد.

ئیدی لەبیرمدا نیە، كاتێكە لەو پیاوەیكە لەوێوە رادەبورد، پرسیم: قالاوەكان لەو سەرەوە چی دەكەن"، وەلامی دامەوە: " كەسبی زانست، بونەوەرانێكی خوێندەوارن".

قالاوەكان بۆنی تالان دەدەن.

هێلانەكەیان پڕە لەو تالانانەی كە لە روداوگەلی من دزیویانە.

لە ژێر چەندچێویلكەیەكی هێلانەكەیاندا، چیروكگەلێكی نهێنی هەن.

ئەگەر چاوەكانم دروست دیتبێتیان، لەكافكا یا بورخس بووە.

دوێنیٚ یەكیٚ لە قالاوەكان، سەگی ئاندلسی دزیبوو.

قور بە سەری بنوئل!! كەری سەر پیانۆ بۆگەنی دەهات.!

چی رووی داوە!! دووبارە قالاوەكان هاوار دەكەن. لە كاتێكەوە هاتونەتە ئێرە بەردەوام ئەوكارەدەكەن.

ئەگەر بە سەر سەرمابأۆمە بان، دەبینم كە ئەوان لەسەر چیرۆكی شەر و ئاشتی پێكەوە لە شەردان.

پێدەكەنم. ئاشتیش هەر بەرادەی شەر، ئەحمەقانەیە.

هەردوك بۆ پاراستنی دەسەلات. بەلام قالاوەكان بوچی لە شەردان؟!

هێندیٚ جار كە شەأەكەیان درێژە دەكێشیٚ، جگەرەیەك دادەگرسێنم. دووبارە دووكەلٚ،هەڵیاندەخلەتێنیٚ. بیٚ دەنگ دادەنیشن.

وەكوو سەردەمێكە كە تەماع كار لەسەر دوكەڵكێشەوە دادەنیشتن، تا لە روداوگەلێك كە لەگەلٚ دوكەلٚ دەهاتە سەر شتهایەك فێربن.

ساتێك ئارام دەگرم، بەلام ماوەیەك دواتر دەنگی پێكەنیكەكانیان، ئازاردەرە.

ئەوان لە سووكی دووكەلٚ، كەوتونەتە پێوەندی وگاڵتە بە یەكدی دەكەن.

یەكێك لە ئەوان لە حالێكدا "بیرۆكەی" دروستی سێبەری راستی"ئەفلاتوون دێنێتە گۆریٚ، دەلیٚ: "دەمەوئێواران، دروستی شتەكان زۆرترە".

دوایی هەموو پێدەكەنن تا ئەویدی بلیٚ: "كەوایە شەوانە هیچ كەس راستی نیە، مەگەر لە ژێر رۆشەنایی گلۆپی كارە بادا.!

لە وشەكانیان وە تەنگدێم.

هاوار دەكەم، بێدەنگی هێلانەكە دادەگریٚ و قالاوەكان بە حەپەساوی دەروانن یەكدی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# شیعر


- من ژیوانم ٧٤
  ن: ئەمین محەمەد
- پێناسە ٧٧
  ن: بژار ٢٠٠٥/٤/٤
- چەند شێعری ناسری حەق پەرەست ٧٩
- نەورۆز ٨١
  مەحمود باوەرێز


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# من ژیوانم

شیعری: ئەمین محەمەد

تۆش بۆ ساتێ گوێ ڕادێرەوە
بەچاوی دڵ..
بەچاوی ڕۆح
لەدەلاقەی زامێکەوە
سەرنج بدەو ببینە، وا
وەك دیوەخان و پەرستگا
وەکو بیری ژەنگ لێ نیشتوو
چەشنی لارەسەنگیی یاسا
وەکو کەللەی بۆ گەن کردوو
لەئەفسانە هەڵکێشراوین
بەرپێی خۆمان نابینین و
شەوە زەنگ شەتەکی داوین
بەفریشتەی باڵ ڕەنگین و
بەجن و دێو تا سێنراوین
لەسێبەری ئەم مۆتەکە نەگریسەداو
لەئەزەلا..
بەر لەهاتنە خوارەوەی تۆ
یان بەر لەوەی..
هەر لەناخی منی پیاودا
منی ئادەم تۆ دەربێنن
دەستەویەخە
لەگەڵ شەیتان ڕاوەستا بووم
چ شەڕێکی نا دروست و نەویستە بوو؟!
چ شەڕێکی لابەلایی و نەکردەبوو؟!
نەئەو سوژدەی بۆمن بردوو

نەمنیش بۆتۆ، ئازیزم..
لەسەر ژیلەمۆی بورکانێك
تۆیشە بەرەی نامۆیمان کردبووەوە
سەردەمی پڕکێشمە.. کێش و
بێ بڕوایی..
کردینی بەدەریای بەستوو
کردینی بەسەهۆل بەندان
خاراو لەجەستەمان چۆڕا
درێژبوو وەرزی کڕێوەو
زۆری خایاند.. گەلێ زیاتر
لەو ستەمەی لەتۆکراو لەتۆ دەکرێ
گەلێ زیاتر لەپوچێتی هۆشی من و
لەو یاسایەی کەمنی پیاو
لەسەرەتای بوونمانەوە
بێ گوێ دانە ویستێکی تۆو
بێ باکانە پەیڕەو یەکەم
بیرتە کاتێ گۆریللا بووین
لەسەر پەلی دەرختێکا
بەئاماژە بۆ یەك دەدواین؟
ژینی سەربەست
کاری سەربەست پەیڕەو دەکراو
هەردوو ئازاد
وەك باڵندە کۆچمان دەکرد
وەك هەور دەبوین بەباران؟
ئەفسانەیە تەمەنمان و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یاساکانیش وەکو پرچت ئاڵۆسکاون
وەك ڕوومەتت شەقار.. شەقار
بیرم نایەت لەکەیەوە تۆم ناسیوە
یەکەم ژوانی نێوانمان کەی بوو؟
چۆن بوو؟
بەڵام هێندەی لەلام ڕوونەو
بێ گومانم.. کەتۆ نەبیت
منیش مشتێ لەسوتماکی
ئاگردانێکی کوژاوەم
تویژاڵێکی بەفری تەمەن کورت
لەبەر هەتاودا تواوەم
هەر تاوانێك کەبەرامبەر بەتۆ دەیکەم
پەڵەیەکی قەترانییە
بەتەویڵی منی پیاوی
گوێ ڕایەڵی یاساکان و
نابەرامبەریی ژینەوە
بیرم نایەت لەکەیەوە تۆم ناسیوە
هێندە نەبێ بۆ یەکەمجار
کەگوێ بیستی دەنگی تۆبووم
ئای لەدەنگت چ دەنگێ بوو؟!
چ زەنگێ بوو لەکلێسای ڕۆحی منا
بەژێی کەمانی بروسکە
ئاوازت بۆ دڵم دانا
کاتێ کەبەچرپە دەدوای
لەخوڕەی چەم ناسکترو
لەهاژە هاژی ڕووباریش
بەسوێ تر بوو
من نازانم لەکەیەوە تۆم بینیوە
هێندە نەبێ بۆ یەکەم جار
لەدۆزەخا کەتۆم بینی
وەك پەپولە بەیەکەوە دەسوتاین و
بێ شەرمانە بەنیگایە سەیرم کردی
ئای لەڕەنگت چ ڕەنگێ بوو!!

گوڵی چوالە لەتۆ دەچوو لەئازارا
دەبویتە پەلکە زێڕینە
لەهەتاوی دوای بارانا
وەڵێ ئەفسوس
منی مرۆڤی نا هەستیار
تۆی پیرۆزم وەك کاڵایەك بەکارهێناو
بۆ ساتێکیش تێکەڵ نەبووم بەئازارت
گویم ڕانەدێرا بۆ ژانت
لەسەرەتای بوونمانەوەو
لەدۆزەخا..
تۆ ماچت بەخشی بەمن و
منیش نێزە بەجەستەی تۆ
تۆ بزە ڕۆحی من و
منیش نەفرەت بەبوونی تۆ
لەپاداشتی دڵسۆزیشتا..
شیرینەکەم
منی پارچەیەك لەگومان
لەفەرهەنگی پڕ تاوان و بەدبینیما
زاراوەی نوێنم بۆ داهێنای
وەك گوڵ دامدا لەپەرچەمت
وەکو ووشەی ئەتك کردن
وەك کرداری لوت برین و گوێ برین و پرچ هەڵ پاچین
بەرانبەر بەتۆی دایك و
تۆی هاوسەرو
تۆی پارچەیەك لەجگەرم
بڵێسەی حەسرەتی ئێوە
سەرتاپامی هەڵپڕوکان
سۆمای چاوو هەناسەکانمی هەڵوەران
لەم گەشتە پڕ گومانەدا
نەبرینێ ساڕێژ کراو
نەسوێی ئازارێکمان شکان
چەند ستەم بوو ئەم ژیانە
لەسایەی سەردەمی بەردو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەیاسای جەنگەڵستانا
دامەمێنە.. هێشووە ترێی
وشکەڵاتوو.. دامەمێنە
بەهەناسەی گڕگرتوومان
شکا وەرزی سەهۆڵ بەندان
هەرەس دایپۆشیوە گومان
ببینە وا لەئاستی جیهان گیریدا
زەمەن هەڵوێستەیەك دەكاو
تۆش بەپەنجەی تەزیوی خۆت
بەڕۆحی هەڵوەریوی خۆت
لەهەناوی شەوە زەنگا
چرایەك دابگیرسێنەو
تەمی ئەفسانە ڕامالە
نوری دڵم..
سۆمای نیگام
ئەوەتەی هەیت..
قەتماغەی زامێکی سەختو
عیسایەکی بەخاچەوەیت
چاوەڕێی چیت؟
بێ گومان بە.. فریاد ڕەست
چاویلکەکەی وون کردووەو
تۆ نابینێ
دەسا.. وەرە
دەست لەپرچی
شیعرێکی تاساوم گیرکەو
بەپەیژەی ژانتا هەڵزنێ
دەهەڵکشێ بەرەو ئاسمانی باوەڕو
بەقەڵەمی سوراوەکەت
ئەم بیرۆدزی
حەقیقەتەم بۆ شیکار کەو
نەك هەر شێوەت..
سەر تاپات بکە بەگوڵوك
هەریەکەمان پارچەیەکین
لەڕاستە هێڵ
تۆ پارچە ڕاستە هێڵی میم
من پارچە ڕاستە هێڵی نون
بەهەردوکمان
یەك ڕاستە هێڵی تەواوین
لەخاڵێکدا ژین دەپێکین
کەیەکو یەك بکاتە یەك
ببورە لێم.. من ئەمێستا من..
ژیوانم لەڕابوردومەو
دەبمە کەنار
بەشەپۆلی ژانەکانت
دڵ لەسەر دەست
چاو لەڕێگام
بۆ جوڵەیەك
بۆ هییمەتێ..
بۆ هەنگاوت بەرەو هەوراز..

سلێمانی
ئازاری ٢٠٠٥





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پێناسە

ن: بژار
٢٠٠٥/٤/٤



ئەمڕۆکە با گزنگ کەهەڵدێ، پێ بکەنێ
نیوەڕۆش با هەتاو
ڕووناکی بەلێشاو بڕژێنێ
زەردەپەڕ کازیوە بنێتە ڕووخساری
ساماڵیش بۆ ئاسمان، ببێتە هەواری
ئەمڕۆکە با بەهار
ڕەشماڵی جوانیی خۆی لەشاران هەڵبدات
باڵندەو بێشەی گوڵ
ژوانیان، تاسەیان لەبەر پێ ڕابخات
دەریاکان پێکەوە، شەپۆلیان
بدەنە دەم یەكو
هاژەیان بگاتە کەشکەڵان
ڕەشەبا ببێتە شەماڵو کزەباش
ببێتە دەسڕی ئارەقی لاملان
بڕیارە کرێکار هەموویان دەرگای ماڵ
بخەنە سەر پشتو بۆ مەیدان بێنە دەر
بڕیارە ئاگری سینەیان وا هەڵکەن
دۆزەخی بۆرژوای جیهانیی بەنە بەر
ساڵ نییە شارەکان،
سیمایان لەم ڕۆژە نەبێتە ئاگرو
نەکەونە سووتانی پێدەشتی غەمەکان
ساڵ نییە دیدەکان
لەم ڕۆژە بەتیشکی ئۆکتۆبەر، پڕ نەبن
لەخۆشیی هاتنە دی ئاواتە مەزنەکان
ساڵ نییە لەئاستی سەر بەرزیی ئەواندا
لەڕۆژی ئەیاردا، لوتکەی شاخ نەنەوێ
ساڵ نییە لەئاستی وریایی ئەواندا
لەڕۆژی ئایاردا، گەردەلوول نەخەوێ
با شەقام وەنەوشەو ئاوریشم بکاتە
فەرش، بۆ پێشوازی خەڵکانی کرێکار
با ئەوەی باوەڕی بۆ ڕاستیی بێژنگە
بڕوانێ و تێبگات
سەرمایە چۆن دەبێت بە، دیلی، هێزی کار
وەرنە پێش، ئەمڕۆکە ئەیارەو
ئەوانەی ئاگریان گرتووە، جریوەی چاوانن
سینەیان مەڵبەندی پەیامی شۆڕشەو
بۆ خۆشیان ڕووناکی ڕژاوی ئاسمانن
وەرنە پێش، ئەوانە زنجیرێك دەپسێنن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئازادی لەوێوە تانوپۆ دادەگرێت
ئەوانە هێرشێك رێك دەخەن (باستیل)ی
شارەکان لەوێوە یەك بەیەك دادەخرێت
وەرنە پێش، وا مێژوو هاتووەو دەیەوێت
لەهێزی ئەو چینەی
پەروەردەی خۆیەتی، ڕامێنیّ و تێبگات
وا بوورکان هاتووەو دەیەوێت بزانێت
کرێکار چۆن ئاگری ناخی ئەو
لەدڵیا بۆ شۆڕش خۆش دەکات
وەرنە پێش، هەورەکان
شەقامی شارانیان
پاوانەو لەوێوە چەخماخە لێدەدەن
ترۆپکی چیاکان پێکەوە، هەموویان
دەرۆن و وانەمان بۆ هەڵسان دادەدەن
ئەم ڕۆژی ئەیارە هێندە گەورەو بەرییە
ناکرێت ئەم زەوییە بکرێتە پێوانەی
ڕۆژانی ئەم جەژنە ئەوەندە نگیینە
ناکرێت سامانی
ئەم دنیا بچێتە تەرازووی یەك دانەی
لەیەکی ئەیاردا چی بۆن و بەرامەی
گوڵ هەیە
بەلێشاو دەڕژێتە سەر شەقام
سارێژ بوون چی هەیە، تریفە ئاسایی
ڕێ دەبڕن، بەگورزە دەکشێن بۆ ماڵی زام
لەیەکی ئەیاردا، یەکسانی دەبێتە
وانەیەك هەموو کەس لێیەوە فێر دەبێت
خرۆشان دەبێتە نیشانەی شۆڕشێك
متمانە خۆی دەڵێت نزیکە بەر بگرێت
کرێکار بەکۆمەڵ لافاوی دەنگ هەڵکەن
دەریاکان ناوێرن بەئاسان لێی بدەن
کرێکار بەکۆمەڵ بڕوانن، خۆرەکان
ناوێرن بارانی تیشکەکان دا بکەن
لەیەکی ئەیاردا، مژدە بۆ سەرکەوتن
وەك پەلکە زێڕینە ئەم زەویە دادەگرێت
خۆشبەختی بەهیوای ڕزگاربوون
لەناخی مرۆڤی چەوساوەی جیهاندا پێ دەگرێت
سەیری کەن، چۆن هەموو بوونەتە ئەندامی
کۆمۆنەی پاریس و
نان و گوڵ لەهەردوو دەستیانا ڕوواوە
سەیری کەن، بۆرژوا چۆن ترسی ئەو هەموو
تاوانەی بەڕوویا شاڵاوی هێناوە
سەیری کەن، چۆن هەورە تریشقە لەگەرووی
ئەواندا بۆ ئەمڕۆ مەنزڵی خۆی دەخات
سەیری کەن، بۆرژوا چ ڕەنجێك دەکێشێت
تا ئابڕووی لەژێر پێی ئەواندا لا ببات
ساڵانە لەمڕۆدا ئالایەك هەڵدەکرێت
بۆ ڕەنگی، بەملیۆن دڵ، سەرەی گرتووە
ساڵانە لەمڕۆدا پەیمانێك دەبەسرێت
ئازادی خۆی هاتووە، تۆماری کردووە

*





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# چەند شیێعری کاك ناسری حەق پەرەست

## مانگ

زۆر سەیرە،
مانگ
بەو هەمۆ جوانیەیەوە
لە ئاسمانیکی
ئاوا بەرین
جێی ناکەنەوە
دویٚ شەو تا بەیانی
خزابووە حەوزە ئاوەکەی
حەوشەی مالی مەوە
بە درێژایی شەو
هێندەی ئاخی سەرد هەڵکێشا
بەیانی،تەنیا
تاتە سەهۆڵکی لیٚ مابۆوە

٨٤/٥/١٤

## بیابان

لەبیابانێکی
پر لە خۆڵ و خۆرەتاو
دارێکی
بەژن ئاسمانی
بە سەرما سێبەری کردووە
تەمەنی بە قەت ئاشنایی تۆیە
سەوزی
بەگەشی بەلێنیەکانت و
مانەوەی
بە کورتی
دڵراستی تۆ
ئازیزم !
خۆرەتاو گەرم
بیابان بەرین و
بیٚ سێبەرم ......................

٢٠٠٥/٨/٣



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# خۆکوژی!



دویٚ شەو
لە هەناوی تاریکی دا
بە سەر ئاسمانی شارەوە
بە چاوی خۆم
دیتم کە چۆن
لە ورشە کەوت،
ئەستێرەیەك تیژ تیژ راخووشی
گری گرت
رۆژنامەکان، نوسیان: خۆکوژی!
**********

تاوان : کچ بوون
تۆمەت : ماچ
پیشە : خۆشویستن
نیشتیمان: چارشێوو
حاکم : سوننەت و سەرمایە
یاسا : یاسای جەنگەڵ
***********

(.........) !
پێشکەش بەدوایین
نیگاکانت
لە ناو قرچەی ئاگردا
وە هەموو ئەوانەش
ئازاری تۆیان لە دڵدا

2005\12\10



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# نەورۆز

مەحمود باوەڕێز

وەرە هەی بادی نەورۆزی
دە تۆزێ خەم
لەڕوو لابە،
بەیانی زوو
هەڵی پێچە هەواری تەم
لەمەرگی شەو
خەبەر بێنە
هەواڵی تەڕ
لەگۆم‌و چەم، لەشاخی چڕ
لەوانەی وا کەهوشیارن
لەتۆڕی خەو..
خەبەر بێنە
کەمن ئەفسووس:
هەناسەو ئاهی دووری تۆ
گەڵاڕێزانی باخی لاو
تەناف‌و تەل
بەجێی سەوزایی
نەورۆزە.

بەندیخانەی سنە ١٣٦٧/١/٣
کاتژمێر ١,٥ شەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# وتو وێژ




- وتوویژ لەگەڵ دوکتور ئەمیری حەسەن پوور 83
  ماموّستای زانکوّی توّرێنتوّ لە بواری رۆژهەلاّتی ناوەراست دا
  ئا: یونس. م
- وتوویژ لەگەڵ شەهرزادی موجاب 97
  ئا: یونس. م




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## وتوویژ لەگەڵ

# دوکتور ئەمیری حەسەن پوور، مامۆستای زانکۆی تۆرێنتۆ لە بواری رۆژهەڵاتی ناوەراست دا

ئامادە کردنی: یونس. م

**یونس مەولود پور:**

**کاك ئەمیر، زۆر سپاس بۆ ئامادە بونتان بۆ ئەم وتوویژە، دوای گەڕانەوەتان بۆ کوردستانی عێراق لە چەندین کۆڕ و کۆمەڵ و سمینار و دیمانەی تەلەویزیۆنی دا بەشداریتان کرد. لە ناو ئەو باسانەدا کە لەم رۆژانەدا لەلایەن ئێوەوە هاتۆتە گۆرێ، میدیا و دەوری لە کۆمەڵگای ئەورۆیی دا و هەروەها ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، دوو تەوەری سەرەکی باسەکانتان بوون، هەر بۆیە ئێمەش پێمان باشە کە پرسیارەکانمان لە سەر ئەو دووبابەتە لە ئێوە بکەین و سەرەتاش بە باسی میدیاوە دەست پێ بکەین.**

**ئێوە بە گشتی دەوری میدیای ئەمرۆ و بە تایبەت لە پەیوەند لەگەڵ رەوتی نئۆلیبرالیستی زاڵ بەسەر ئابوری وسیاسەتی دونیای سەرمایەداری دا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

د.ئەمیر حەسەن پور:

میدیا دەورێکی یەکجار گرینگ دەگێرن لە ژیانی ئینسان لەو دەوروزەمانەی ئێمە تێیدا دەژین، بەلأم ئەوە لە زووەوە هەروا بوە، دەکرێ بڵێین تەنانەت پێش پەیدا بوونی میدیا، بەمانای ئەمرۆییەکەی نوسین بوە بە شەرگەیەکی خەبات بەینی هێزی دەسەلآتدار و خەڵکی تر. من نامەوێ بچمە ناو ئەو مێژوە بەلأم چون تۆ باسی ئێستا دەکەی کە نئولیبرالیزم دەسەلأتی پەیدا کردوە بەسەر بەشێك لە دونیادا منیش هەر لە سەر هەل و مەرجی ئێستادا تەئکید دەکەم.

میدیا خۆی کانگایەکی دەسەلأتە، بۆ وێنە ئەلجەزیرە، سی ان ان وەیان بی بی سی، هەرکامەیان خۆیان دەسەلأتن و هەم لە هەمان کاتدا پەیوەندیەکی بەرینیان لەگەڵ دەسەلأت هەیە وەك دەسەلأتی دەوڵەتی، دەسەلأتی پیاوەمزنی و دەسەلأتی دین. لە دنیای ئاکادمیك دا دەڵێن: میدیایەك کە سەر بە خۆبێت لە دەوڵەت، ئێستە سەر بە خۆیە و دەتوانێ بە شێوەیەکی عەینی یا مەوزعی رووداوەکان لێك بداتەوە، بەلأم ئەم ئیدعایانە رەد



کراونەتەوە. میدیا لە دنیایەك دا کە پرە لە ناکۆکی، ناکۆکی چینایەتی، ناکۆکی جنسیەتی بەینی پیاو و ژن، ناکۆکی نێوان دەوڵەتانی دونیا، ولأتی وا هەن دەوڵەمەندن هی وا هەن فەقیرن تەنانەت بەینی قارەکان، ئافریقا قارەیەکی فەقیرە خەڵك لە برسیەتی و لە هەژاری و لەبەر نەخوشی ئەیدز لە رۆژدا بە هەزاران کەسیان لێ دەمرێ. لە وەها دونیایەك دا هیچ میدیایەك ناتوانێ بێ لایەن بێت.

ئەگەریش میدیایەك پەیدابێت ئیدعای ئەوە بکات کە بێ لایەنە دیسان هەر ئیددعایەك زیاتر نیە، ئەگەر بۆ وێنە لە نیزامی پیاوەمزنی دا میدیایەك هەبێت کە ئیدعا بکات کە بێ لایەنە و کاری بەو باسانەوە نییە، ئەوە لە راستی دا یانی کاری پێی هەیە، کە دەڵێ کارم پێی نیە بە مانای ئەوەیە کە لایەنگری نیزامی پیاو مەزنی یە.

ئێستا بە بێ میدیا ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دنیا هەر ناکرێ هەر دەوڵەتێك بۆ بەرژەوەندی خۆی و بۆ مانەوەی بۆ درێژە پێدان بە دەسەلأتی خۆی لە لایەك پێویستی بە پۆلیس و ئەرتەش و دادگا و زیندان و ئامرازی سەرکوتگەری هەیە، لە لایەکی تریش پێویستی بە میدیایە. جا ئەو میدیایە چ دەوڵەتی بێت چ غەیرە دەوڵەتی بێت. زۆر جار دیتومانە لەو ولأتانەی کە کودەتا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکرێ ئاخرین سەنگەرێك کە رژیمی کۆن هەیەتی رادیو و تەلەفزیۆنە، هەمیشە رادیو وتەلەفزیۆن زۆرباش دەپارێزن، دەوڵەتیك کە توشی کودەتا یان توشی شۆڕش دەبێت لەوانیە ئەرتەشەکەی تێك شکابێ بەڵام ئەگەر رادیو و تەلەفزیۆنی هەبێ هێشتا هەر لە سەر کارە. جا بۆیە ئەو دەوڵەتانە بەدەستێك تفەنگیان هەڵگرتوە و بە دەستێکیش رادیو و تەلەفزیۆن.

**یونس مەولود پور:**

**کاك ئەمیر دەگوترێ کە هاتنی ئینترنێت بۆ ناو بواری میدیا هەموو ئەو بۆچوونانەی پێشووی گۆڕیوە و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەماوەری تووشی ئاڵوگۆڕی جیددی کردوە، ئێوە ئەو دیاردەیە چۆن دەبینن؟**

د.ئەمیر حەسەن پور:

بەڵێ ئێستاکە باسێك هاتۆتە گۆڕێ دەڵێن ئینترنێت ئەو پەیوەندیانەی تێك داوە. ئینترنێت میدیومێك یانی ئامرازێکە کە چاپەمەنی و رادیو و تەلەفزیۆنی تێکەڵ کردوە لەوانە زیاتر نوسین و زۆر کاری تری فکری تیکەڵاو کردوە. تۆ دەتوانی لە رێگەی ئینترنێتەوە بچیتە ناو کتێبخانەیەکەوە کتێب بخوێنیەوە و لە هەمان کاتدا گوێت لە رادیو بێت، چاوت لە تەلەفزیۆن بێت، فیلم چاو لێ بکەیت، تەواوی ئەوانەی تێکەڵ کردوە دەتوانی پەیوەندی بگری، نامە بنوسی، پەیام بنێری و پەیام وەربگری. ئیددعا دەکرێ کە ئەوە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی تێك داوە. دەپرسین مەبەست چیە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کە ژن ئیتر چیدی کۆیلە نییە و دەتوانێ ئازاد بێ چونکە دەستی دەگاتە ئینترنێت؟ یا چینی کرێکار کە هەمیشە چەوساوەتەوە دەتوانێ لە رێگەی ئینترنێتەوە ئەویش بەرابەر بێت لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری سەرمایەدار؟

لەگەڵ ئەوەشدا ئینترنێت میدیۆمیکە یانی ئامرازێکی وایە کە تەواوی ئەو میدیایانە کۆن وتازە تیکەڵ دەکات و شێوەی پەیوەندی تازەی هێناوەتە گورێ، بەڵام سەرباقی ئەوە رابیتەی دەسەڵات و پەیوەندی دەسەڵات هێشتا نەگۆڕاوە. ئینترنێت نەیتوانیوە پەیوەندی دەسەڵات وەها بگورێ کە چینی زەحمەتکێش مەیدانی تازەی وەگیر بکەوێ لەوخەباتەدا. پێشکەوتنی تازەی دەست بکەوێ یا خود ژنان لە خەبات لە دژی پیاوەمزنی دەسکەوتی باشیان هەبێت، بە داخەوە لەو کاتەی ئینترنێت پەیدا بووە ترافیکی ژنان یانی بردنی ژنان لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر بۆ لەشفرۆشی یان دەست درێژی کردن بۆ سەر ژنان لە رێگەی ئینترنیتەوە زیادی کردوە.

تەواوی ئەو شتانەی کە لە دنیای واقعی دا هەبووە لەسەر ئینترنێتیش هەیە. هەر کاتێکی کە میدیایەکی تازە پەیدا بووە وەك تلگراف، تەلەفون و تەنانەت دەزگای چاپ، عەکاسی، فیلم، رادیو و تەلەفزیۆن هەمیشە ئەو ئیددعایانە کراوە کە ئیتر دنیا ئەو دنیایە نیە ئیتر شتێکیتر دەبێ. ئەودەمی کە تلگراف پەیدا بوو نزیکەی ١٤٠ساڵ لەوە پێش ئەفسانەی سەیر سەیریان ساز کردبوو. دەیانگوت لە رێگەی سیمی تلگرافەوە لێرە بەدواوە هیچ ماڵێك ئەودەم کە زستان بوو سەرمای نابێ، گەرما بە خۆڕایی بۆ ماڵەکان دێنن. هی وابوو دەیگوت چەکمە و جل و بەرگ و شتی وا بە و سیمیانە دەنێرن بو ماڵی خەڵك، ئەفسانەی سەیر سەیریان ساز کردبوو ئیستاش ئەو ئەفسانانە ساز کراون بۆ ئینترنێت کە گوایە ئینترنێت پەیوەندی بەینی دەسەڵاتدارو ئەوەی کە دەسەڵاتی نییە دەگۆڕێ.

**یونس مەولود پور:**

**گرینگ ترین نەزەریەکانی میدیا کامانەن؟**

د.ئەمیر حەسەن پور:

بۆچون سەبارەت بە میدیا یەکجار زورە بەڵام ئەگەر بمانەوێ تەواوی ئەو بۆچونانە کورت بکەینەوە لە دوو بۆچوندا یەکیان بۆچونی لیبڕاڵیە سەبارەت بە میدیا یان تئۆری لیبڕاڵی میدیا. ئەوە تئۆرییەکی کۆنە نزیکەی ٣٠٠ ساڵێکی پێشینە هەیە و لە ئوروپا پەیدا بووە. ئەو بۆچونە لە سەردەمی رۆشنگەری ئەوزەمانەی کە بۆرژوازی وەك چینێکی تازە خەریك بوو پەیدا دەبوو، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، ئەو زەمانەیە بیرمەندەکانی سیاسی _ کۆمەڵایەتی وڵاتە رۆژئاواییەکان بە تایبەت ئینگلستان، فەرانسە، ئامریکا... پێیان وا بوو میدیای هەرە گرینگی ئەو زەمان کە رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە بوون، دەبێ ئازاد بێ، پێیان وا بو کە گشت کەسێك دەبێ ئازادی ئەوەی هەبێ کە میدیای خۆی هەبێت یان لە میدیادا شت بنوسێ و شت بخوینێتەوە، سانسور نەبێت، پروپاگەندە نەبێت، بۆ ئەو مەبەستە لایان وابوو کە میدیا پێویستە غەیرە دەوڵەتی بێت. کە وابوو خۆی لە سانسور دەکەوێ، سانسور ناکات، پڕوپاگەندەش ناکات. ئەوانە پێیان وابو کە دەوڵەت کانگای سانسۆرو پروپاگەندەیە. بۆ چی وایان دەگوت؟ ئەو زەمان لە ئوروپادا دەوڵەتی ئیستبدادی وسەرەڕۆی دیکتاتۆری لە سەر کار بوون، ئەوان بەڕاستی هەم سانسۆریان دەکرد هەم پڕوپاگەندەیان دەکرد. مەسەلەن کلیسای ئەو زەمان، واتیکان، کانگایەکی زۆر بە هێزی سانسۆر بوو، کەسێك ئەگەر بیگوتایە زەوی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ساف نییە بەڵکوو وەکوو گۆی وایە بەلادەر ناویان دەبردو دەیانکوشت.

زۆر کەسیان ئاوا کوشت زیندو زیندو ئاگریان تێ بەردەدان. جۆردانۆ برۆنو بۆ وێنە فیلسوفێك و ریازی زانێکی ئیتالیایی بوو دەیگوت زەوی ساف نییە بەڵکو خڕە وەك سێوێك وەك پرتەقاڵێك، گرتیان و ٨ ساڵ زیندانیان کرد کە تۆبە بکات بەڵام تۆبەی نەکرد، ئاخری بە زیندویی لە ئاگردا سوتاندیان، گالیلە بۆ وێنە زانست پەروەرێکی گەورە بوو، ئەو مەجبور بوو تۆبە بکات. ئەوکات پشکنینی بیرو باوەڕ بەڕێوەوە دەچوو. کلیسا دەیهەویست بزانێ کێ وەك ئەوان بیر ناکاتەوە سەرکوتی بکات و بیکوژێ.

لەهەل و مەرجێکی وادابوو کە میدیای تازە پەیدا بوو، بۆ وێنە گۆڤار و رۆژنامە و نامیلکە و کتێب، ئەو زەمان کانگای سانسۆر و پڕوپاگەندە دەوڵەت بوو کە دەوڵەتیش لەگەڵ کلیسا تەواو تیکەڵاو ببوو، کە وابو ئەو زەمان ئەوان راستی بۆچوو بون کە دەوڵەت کانگای دەسەڵاتە و دەوڵەت سانسور پڕوپاگەندە دەکات. چارەسەری ئەوەشیان بەوە دەکرد کە ئازادی چاپەمەنی هەبێ و ئازادی بەیان هەبێ یانی هەر کلیسا نەبێت کە ئازادی تەفسیر کردنەوەی دنیای هەبێ ئەوەی بۆ وێنە، ئازادی یان ماف بەیان کردن، ماف ئەوەی کە خەڵك ئازاد بێ لە بەیان کردندا یان لە نوسین دا یان لە چاپەمەنیدا. ئەو مافە لە فەلسەفەی سیاسیدا لە نوسراوە دا لە رۆژنامەکان و گوڤارەکاندا زۆر باسی کرابوو بەڵام ئەوەڵ جار کە بە شێوەیەکی زۆر رادیکاڵ لە دەستورێکی بنەڕەتی دا هات لە دەستوری ئامریکادا بوو کە دەیگوت کۆنگرەی ئامریکا حەقی نییە کە هیچ قانونێك پەسەند بکات کە ئازادی چاپەمەنی و ئازادی بەیان پێشێل بکات. لەو وڵاتانە کە پارلمان بەرزترین سەرچاوەی دیموکراسیە بێ بەش کرا لە ماف ئەوەی کە قانونی دژی ئازادی چاپەمەنی و ئازادی بەیان پەسەند بکات. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو باسانە ئەو زەمانە راست بووە کە دەوڵەتی ئیستبدادی سەرەڕۆ و دیکتاتوری هەبوو بەڵام دوای ئەوەی کە بۆرژوازی توانی دەوڵەتی خۆی دروست بکات وەك لە ئینگلستان لە کۆتایی سەدەی ١٧ لە فەرانسە لە شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩، لە ئامریکا ساڵی ١٧٧٦دوای ئەوەی کە بۆرژوازی خۆی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت خۆی بوو بە دەوڵەت ئیتر ئەو وەزعە گۆڕا. دیموکراسی بۆرژوایی هاتە کایەوە و لەو وڵاتانەدا میدیای ئەهلی یان خسوسی یەکجار زۆر بوون.

لێرەو بەدوا کانگای سەرەکی سانسۆڕ و پڕوپاگەندە میدیا خسوسی و ئەهلی بوون. بەڵگەیەکی یەکجار زۆر هەیە کە پێشانی دەدات کە سانسۆڕ هەیە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ئەم سانسۆڕە خودی میدیاکانن نەك دەوڵەت.

بۆ وێنە لە شەڕی هەوەڵی ئامریکا لە دژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ ئامریکا و زۆر کەسیتر دەیگوت عیراق دەبێ وەدەرکەوێ لە کوەیت، لە کۆنگرەی ئامریکادا لە دەوڵەتی ئامریکا دوباس دەکرا: یەکیان ئەوەی کە دەبێ چەك بەکار بهێنرێ لە دژی دەوڵەتی بەعس کە وەدەری بنێن لە کوەیت، یەکیش ئەوە بوو کە دەبێ گەمارۆی ئابوری بکرێ و زەختی ئابوری و دیپلۆماتیکی بۆ بهێنن کە وە دەر بنرێ، باسەکانی نێو دەوڵەتی ئامریکا لەوە زیاتر نەبوو باسی میدیایی ئامریکاش هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو. بەڵام باسێکی دیکەش هەبوو کە دەیگوت بەڵێ، دەوڵەتی سەدام دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و ئیستبدادی و شێوە فاشیستیيەو کوەیتی داگیر کردوە و دەبێ لە کوەیت دەربکرێ، بەڵام ئامریکا ماف ئەوەی نییە بۆ ئەو مەبەستە شەڕ بکات. بەڵام ئەو بۆچوونە لە میدیای ئامریکا دا رەنگی نەدەداوە، یان لە کاتی شەری وێتنامیش هەروا بوو. میدیا زۆرتر لە چوارچێوەی مەسڵەحەتی دەوڵەتی ئامریکا کاریان دەکرد. گەرچی ئێستا لە پێنتاگۆن بیرسی دەڵێن میدیا بوون بە هۆی ئەوەی ئێمە لەوێتنام شکستمان هێنا. ئیستا ئەو بۆچونە هەر ماوە کە گۆیا میدیا ئەو دەوریان گێراوە. دیارە میدیا لە ساڵانی ئاخری ساڵەکانی ٦٠ بەولاوە رەخنەیان دەگرت لە سیاسەتی شەڕی ئامریکا بەڵام ئەوە لێکولینەوەی لە سەر کراوە تەواوی سەر وتارەکانی رۆژنامەی نیویورك تایمزیان لێك داوەتەوە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ کە ئامریکا شەڕی دەکرد لە هیچ شوێنێك نەوتراوە کە ئامریکا دەست درێژی کردوە بۆ سەر ویەتنام. باسەکەیان ئەوە نەبوو کە دەست درێژی کراوە باسەکە ئەوە بوو کە ئامریکایی کەمتر بکوژرێن، ئامریکا تاوانبار نەکرێ بە جینۆساید.

کۆمۆنیزم دەبێ شکست بدرێ بەڵام بەشێوەیەکی باش شکست بدرێ کە ئامریکا ئیعتباری خەراپ نەبێت و ئامریکایی زۆر نە کوژرێن.

ئێستا دەکرێ بڵێین دو تئۆری لە بەرانبەر یەك دایە یەکێك تئۆری لیبراڵییە کە باسم کرد، پێیوایە میدیا دەتوانێ سەر بە خۆ و بێ لایەن بێ و هەڵوێستی هەبێ. تئۆریەکیتر، تئۆری "رەخنەگرانەی میدیا"یە. کە ئەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەند تئۆری لە ناو خۆیدا کۆ دەکاتەوە یەکێیان بۆ وێنە تئۆری مارکسیستی‌یە کە دەڵێ هیچ میدیایەك ناتوانێ سەربەخۆ بێت هەموویان لایەنگرن چ میدیای سەرمایەداری، چ میدیای سوسیالیستی، چ میدیای ئانارشیستی و هەروەها بۆچوونی فمینیستە، کەدەڵێ میدیا لایەنگرن. ئەوەم بە کورتی باس کرد تئۆری جۆراوجۆری تریش هەیە تەنانەت لە بەعزە بۆچونێکی نامارکسیستی یان نافمنیستیش دا دەکرێ بۆچوونی رەخنەگرانە ببینی کە بێ لایەن بوونی میدیان قەبوڵ نییە.

هەڵبەت ئەو باسانە زۆر قەدیمی‌یە کە دەڵێ هیچ کەس یان هیچ ئینسانێك ناتوانێ بێ لایەن بێ. بێ لایەن بوون بۆ هیچ ئینسانیك ئیمکانی نییە. زمان بێ لایەن نییە، دین بێ لایەن نییە، زانست بەلایەن نییە.

لە وڵاتانی گەورەی سەرمایەداری میدیا خۆیان بونیادی گەورەی ئابوورین. نیۆیۆرك تایمز یان سی.ان.ان. بۆ وێنە شەرێکەی زۆر گەورەی تیجارین. ئەوانە دەبێ قازانج بکەن. چۆن قازانج دەکەن؟ خەرجیان هەیە دەخڵیان هەیە دەبێ قازانج بکەن، خەڵکێکی زۆر کاریان بۆ دەکەن ئەوانە وەك پێکهاتەیەکی ئابوری خۆیان لەسەر بنچینەی سەرمایەداری کاردەکەن دەیانهەوێ قازانج بکەن. شەریکەیەکی ئاوا وەك نیۆیۆرك تایمز و سی.ان.ان کە شەریکەیەکی سەرمایەداریە چون ئیمە دەتوانێن چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە نیزامی سەرمایەداری پشتیوانی نەکات. ئاشکرایە کە دەیکات. ئەگەر رەخنەش لە دەوڵەت دەگرێ لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتەکە باشتر هەڵسوڕێ، بۆیە دەوڵەتەکە رەنگ بکا رۆنی تێ بدا و وەك مەکینەیەك کە دەبێ وشیاری بێ، دەبێ ڕونی هەبێ و بەنزینی هەبێ و باش کار بکات، ئەگەر ژەنگی هێناوە ژەنگەکەی چارەسەر بکەی و رەنگی لێی بدەی بو ئەوەی ژەنگ نەهێنێ نیۆیۆرك تایمز و سی.ان.ان و ئەوانەش کە رەخنە لە دەوڵەتی خۆیان دەگرن زۆرتر بۆ ئەویە کە مەکینەی دەوڵەت باش کار بکات نەك ئەوەی ئەومەکینەیە لابەرن و شتێکی لە دژی ئەو دابنێن.

**یونس مەولود پور:**

**بۆچوونێك هەیە کە دەڵێ میدیاکان، بیروبۆچوونی جیاوازیان تێدا هەیە و هەر ئەوە هاوسەنگی پێك دەهێنێ لە نێوان بۆچوونەکان دا، ئەگەر وابێ، میدیای دونیای سەرمایەداری بە چ میکانیزمێك کار دەکەنە سەر بیروڕای گشتی بۆ ئەوەی خەڵك بە لایەنێك، بە جیهەتێك دا ببەن؟**

د. ئەمیر حەسەن پور:

دیارە ئەو شتانەی کە من وتم هەموو بەو مانایەیە کە میدیا فکری خەڵکی شکڵ پێ‌دەدا، بەڵام بۆچونێکی تر تئۆریەکی ترە کە هەیە پێی دەڵێن: "دێراساتی کلتوری" ئەوە رەخنەی گرتوە لە تئۆری دوهەم لە تئۆری رەخنەگرانەی میدیا کەپێش تر باس کرا رەخنەکە ئەوەیە دەڵێن کە بینەر و بیسەر و خوینەرەوەی میدیا مەکینە نین کە هەرچی پێیان بڵێی وەری بگرن. مەکینە کار دەکا، دەی کوژێنیەوە رادەوەستێ ئەوانە خۆ وانین. دەڵێ: خوێنەرەوە یان بینەر یان بیسەر ئەوانە ئینسانن. ئەوانە خۆیان فەعالن یانی تێدەگەن لە دونیا دەزانن میدیا چی دەڵێن هەرچی میدیا پێیان بڵێ گوێ نادەنە ئەوان.

ئەو رەخنەیە لە جێگای خۆی نی‌یە بۆ وێنە هەمیشە مارکسیستەکان پێیان وابوە کە ئینسان خۆی هەڵسوڕاو و تیگەیشتوە، دەتوانێ تێبگات هەر بۆیە دەتوانێ دنیا بگۆڕێت یانی ئەگەر ئینسان هوشیاری سوسیالیستی پەیدا بکات دەتوانێ ئەو واقعەیە بگۆڕێ بەڵام ئیتر ئەوانەی کە لەو بۆچونەدان لەو تئۆریەدان یەکجار زۆر پێ لە سەر ئەوە دادەنێن کە نابێ تەنانەت باسی ئەوە بکەی کە میدیا بۆچونێك یان ئیدئۆلۆژیەکی تایبەتی بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ یانی تەنیا یەك ئیدئۆلۆژیان هەیە هەر وەکوو ئیوەش وتتان باسی ئەوە دەکەین کە رۆژنامەیەك بیری جۆراوجۆری تێدایە یەك بیروڕای تێدا نییە. بۆ وێنە جار و بار دەکرێ لە سی.ان.ان دا بیری جیاواز لە بیری دەسەڵاتدار یان دەسەڵاتی تێدا پەیدا بکەی، لێکدانەوەی جیاواز لە لێکدانەوەی دەسەڵاتی تێدا پەیدا بکەی. یەکیان ئەوەیە کە دەڵێن میدیا دەبێ ئاوا چاو لێ بکەی کەیەك بیرو بۆچون و یەك ئیدئۆلۆژی بەسەر خەڵکدا ناسەپێنێ. میدیا دەبێ وا چاولێ بکەی کە گورەپانی خەباتە کە تۆ دەڵێی چینی کرێکار ریگەی نییە لە سی.ان.ان دا، ئەو دەڵێ جارو بار ریگەی هەیە. یان دەڵێ نیۆیۆرك تایمز مومکینە زیاتر لە سی.ان.ان قازانج و بەرژەوەندی چینی کرێکاری تێدا بێت. تا ئێستا هەڵبەت کەس نەی‌دیوە شتی وای تێدا بێت بەڵام ئەوان وای تێدەگەن دەڵێن بۆ وێنە کرێکارێك یان کەسێکی کە چالاکە لە بزوتنەوەی کرێکاریدا دەتوانێ نامە بنوسێ بۆ نیۆیۆرك تایمز بڵێ ئەمن لەگەڵ ئەو بۆچونە نایەمەوە و نیۆیۆرك تایمزیش لەوانەیە نامەکەی بلاّوبکاتەوە. دەڵێن ئەگەر سی ان ان لە خزمەت نیزامی سەرمایەداری دایە، نیزامی سەرمایەداری پەرەی پێدەدا، باشە ئەوە سی.ان.ان باهەر وا بکات بەڵام خەڵکەکە خۆ بێ عەقل نین، خەڵکەکە تێ دەگەن ئەوەی کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سی.ان.ان دەیڵێ باوەڕی پێ ناکەن دیانهەوێ دەورێکی زۆر چالاکانە بۆ بینەر و بیسەر و خوێنەرەوە دابنێن. نابێ دەورێکی ئینفعالی بۆ دابنێ باسی ئەوان ئەویە.

گەرچی ئەو بۆچوونە لە ١٥–٢٠ساڵی رابردو هاتۆتە گۆڕی بەڵام لە راستی دا شتێکی تازە نییە لە سونتی مارکسیستی دا هەمیشە ئەو باسانە کراون. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٢٧ کە چەند ساڵێك بوو رادیو هاتبوە کایەوە، برتۆلت برێشت کە شاعیر وشانۆنوسێکی مارکسیست و کۆمۆنیست بوو، هەوەڵ رەخنەی زۆر گرینگی لە رادیو گرت. برتۆلت برێشت باسی ئەوەی کرد کە رادیو ئامرازێکی یەك لایەنەیە. ئیزگەی رادیویی قسەدەکات و خەڵکیش گوێی دەداتێ چەند کەسێك قسە دەکەن و خەڵکێکی زۆر گوێی دەگرن. ئەو پێی وابوو کە ئەو سیستمە باش نییە، پێی وابوو کە دەبێ وا دروست بکرێ، کە پەیوەندیەکە دوو لایەنە بێ، پێی وابو کە ئەوەی کە بەرنامە بڵاو دەکاتەوە دەبێ وەك خۆی ببێتە گوێگر، گویگر ببێتە بەرنامە بڵاو کەرەوە، بێ لە سەر رادیو قسە بکات، ئاوا پەیوەندیەکی دولایەنەو دیالکتیکی دەدرێ بە رادیو، کە ئەوە تا ئێستاش پێك نەهاتوە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوەی تئۆری دراساتی کلتوری دەیڵێ نەك هیچ شتێکی تازە نییە بەڵکو زۆر دوا کەوتوە لەوەی کە برتۆلت برێشت ساڵی ١٩٢٧ دەی گوت.

ئەگەر تئۆری رەخنە گرانە تەئکید دەکا لە سەر ئەوەی کە میدیا یەك ئیدئولوژی و یەك بۆچوون و یەك سیاسەت رادەگەیەنێ، تئۆری" دراساتی کلتوری" دەڵێ هیچ گرینگ نییە کە ئەوە یەك لایەنە ویەك فیکرەو یەك بیرە، دەڵێ گوێگر و خوینەرەوە و بینەر ئەوەندە خۆیان چالاکن کە هیچ قەیدێ ناکات خۆیان دەزانن لە دنیا دا چی دەگوزەرێ و ناکەونە ژێر تەئسیری میدیا. تئۆری رەخنە گرانە بە پێچەوانە دەڵێ تەئیسری میدیا لە سەر منداڵان هەیە، لە سەر پیاو و ژنی گەورە ساڵ هەیە، لە سەر چینی کرێکار هەیە، لە سەر ژنان هەیە، لە سەر کەمایەتیە زوڵم لێ کراوەکان هەیە، دەڵێ لە هەموو ئەوانەدا تەئسیر دەکەن و پەیوەندی دەسەڵات دوپات دەکەنەوە، پەیوەندی دەسەڵات بەرهەم دێنن و بەرهەم دێننەوە، دەڵێ میدیا ئەوە دەکەن ئەوان دەڵێن قەیدێ ناکات ئەوە گرینگ نییە بۆچی؟ چونکە بینەر و خوینەرەوە و بیسەر ئەوانە خۆیان تێ دەگەن ئەو پەیامانە ئەوانە ئەگەر بەکەیفیان نەبێ یا گوێی لێ ناگرن و یا لە دژی ئەو حەرەکەت دەکەن.

**یونس مەولود پور:**

**کاك ئەمیر، باسی میدیاتان لە جیهانی سەرمایەداری پێشکەوتوو بە گشتی کرد، ئێستا با بچینە سەر میدیای کوردستان، ئێوە مێژووی میدیای کوردی و بارودۆخی ئێستای چۆن دەبینن؟**

د.ئەمیر حەسەن پور:

میدیای کوردی دەکرێ بڵێین بە هەوەڵ رووژنامەی کوردییەوە دەستی پێ کرد. ساڵی ١٨٩٨ رۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆوە. پێش ئەوەی ئەو رۆژنامەیە بڵاوبێتەوە دیارە ئەو کۆڕ و کۆمەڵە رۆشنبیرو چالاکە سیاسیەی کە لە ئیستانبول بوون ئەوانە لە دەوری میدیای تازە تێگەیشتبوون. ئیستانبول شارێکی زۆر گرینگی ئەو دەمی دنیا بوو پڕ بوو لە رۆژنامەو گوڤاری عەربی، تورکی، فەرانسەیی، ئینگلیسی،ئاڵمانی و زمانانی تر. حاجی قادری کۆیی لە وێ دەژیا زۆر تەئسیری ئیستانبول لە سەر بیر و بۆچونەکانی هەیە. لە شیعرێکی دا حاجی قادر دەڵێ:

سەد قائمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوڵێ
رۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان

کە لە لێرەدا دیارە ئەو شاعیر بوو لە مزگەوتەکاندا دەرسی خویند بوو و لە حوجرەکاندا. زۆرتر کلتوری نوسین بە دەست بوو تا کلتوری چاپەمەنی، بەڵام لە ئیستانبول بەو ئاکامە گەیشت کە دەوری قائیمە و قەسیدە نەماوە. ساڵێك دوای ئەوە ئەو مرد، ئەوەڵ رۆژنامەی کوردی بڵاوبۆوە و دواییش تێکۆشانێکی زۆر بوو بۆ بڵاو کردنەوەی گوڤار، رۆژنامە و کتێب بە شێوەی چاپ، ئەو روژنامە سانسوری لە سەر بوو مەجبور بوو هەڵێ بۆ قاهیرە. لە قاهیرەش نەیانهێشت، چوو بۆ ژنێڤ. تەنانەت لە ژنیڤیش دەوڵەتی تورکیەی عوسمانی فشاری هێنا بۆ دەوڵەتی سوئیس. لە وێوە هەڵات بۆ ئینگلستان لە شارێکی بچوك کە پێی دەڵێن، فوکستۆن، لەوێ ماوەیەك بڵاو دەبوەوە.

دیارە کۆمەڵگای کوردیش نەخوێندەواری زۆر تێدا بوو ئیمکاناتی پەرە پێدانی میدیای تازە نەبوو زۆربەی خەڵك لە دێهات دا دەژیان و زۆربەشیان نەخویندەوار بوون. دەوڵەتی عوسمانی بەعزە چاپخانەیەکی لە شارەکانی کوردستان وەکو دیار بەکر و بتلیس و ئێرە و ئەوێ دانا کە ئەوانە زۆرتر کتێب و گوڤار و رۆژنامەی تورکی‌یان چاپ دەکرد.

گەرچی بەعزە رۆژنامەیەکی کوردی _ تورکی چاپ کرا بەڵام زۆرتر تورکی بوون دوای ئەوەش کە دەوڵەتی کۆماری تورکییە دروست کرا لە ساڵی ١٩٢٥ وە بە یەکجاری چاپەمەنی کوردی قەدەغە کرا.

میدیای تازە وەك رادیو کە لە ساڵی ١٩٢٧ بەولاوە پەیدا ببوو لە ئینحساری دەوڵەتەکان دا بوو هیچ کەسی دی حەقی نەبوو رادیوی هەبیٚ لە ئێران، لە تورکیە، لە عێراق، لە سوریە ئەوانە هەمووی دەوڵەتی بوون.

بۆ فیلم دروست کردن رێگە نەبوو چونکە کوردی نوسین قەدەغە بوو لە تورکیە لە ئێرانیش هەروەها کوردی قەدەغە بوو. لە ئەرمەنستان چەند فیلمێك دروست کران لە دەورانی یەکێتی سوڤیەتیش دا رێگایان پیٚ درابوو.هەروەها رێگە بە رادیوی کوردی لە ئەرمەنستان درابوو. لە ماوەی شەڕی جیهانی دوهەمدا بەعزە رادیویەکی کوردی دیکەش پەیدا ببوون. پێش ئەو ساڵی ١٩٣٩ رادیوی بەغدا هەوەڵ بەرنامەی کوردی دەست پیٚ کرد. ئەوە سەرەتای شەڕی جیهانی بوو کە پازدە دەقیقە بەرنامەی هەبوو. بەدوای ئەودا ساڵی ١٩٤١ ئیزگەی شەرق والئەدنا لە حەیفا لە فەلەستین کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل دامەزرا و بەرنامەیەکی کوردی دانا کە لە سلێمانی رەفیق چالاك و ماموستا گۆران لەویٚ بەرنامەکەیان دەگێڕا. لە بەیروت فەرانسەویەکان بەرنامەیەکی کوردیان دانا کە هەموو بۆ تەبلیغاتی زەمانی شەڕ بوو و بەدرخانیەکان دەیانگێڕا.

بە دوای ئەودا لە ساڵانی ١٩٦٠ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەلەویزیۆن هاتە گۆڕیٚ دیسان بەرنامەی کوردی هەر نەبوو. لە پرۆسەیەکی خەبات دا بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق دەوڵەتیان مەجبور کرد بەرنامەی کوردی دەست پیٚ بکات. وەزعی کوردستان ئاوا بووە لە نەبوونی دێموکراسیدا بە نەبوونی ئازادی میدیا، ئازادی چاپەمەنی یا دەسەڵاتی سیاسی کورد درەنگ دەستی گەیشتە رادیو بێجگە لە ئەرمەنستان کە ئەویٚ زۆر زوتر ئیمکانی ئەوەیان بۆ پێك هێنان. میدیاکانی تر وەك فیلم وتەلەفزیۆن زۆر دەرنگ دەستی گەیشتیٚ. ئیستاش ئینترنێت بە هۆی نەداری و هەژاری زۆربەی خەڵکی کورد زۆر بلاو نەبۆتەوە.

لە نە بوونی دیموکراسی دا و دەسەڵاتی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا میدیا خۆی بوو بە ئامرازێکی سەرکوتکردنی گەلی کورد و زمانەکەی و کلتورەکەی. بۆ وێنە لە ئێران کە رێگایان نەدەدا میدیا بە کوردی هەبێت، میدیا بە فارسی بوو و نەیاندەهێشت زمانی کوردی لە میدیادا بە کار بهێنرێت. هەروەها نەیاندەهێشت میدیای تورکیش هەبێت یا بەلوچی هەبێت یا بەزمانی تورکمەنی و ئەوانە کە نەتەوەکانی ژێر دەستەی ئێرانن میدیا هەبیٚ. میدیای فارس زمان ئامرازی تواندنەوەی ئەو گەلانە بوو، ئامرازی سەرکوت کردنی ئەو گەلانە بوو، ئامرازێك بوو بۆ ئەوەی زمانە کەیان لە ناو بچێت و زمانی کوردی ببێتە زمانی فارسی و بتوێتەوە. لە تورکیەش هەروا. لە عێراق کەمتر وا بوو لە عێراق ئازادی میدیا بە کوردی تا رادەیەك هەبوە نالێم زۆر هەبووە، بەڵام هەر لە پەیدا بوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەوەش هەبووە. لە سوریەش کە شەڕی جیهانی تەواو بوو لە ساڵی ١٩٤٩ئەو رادیو کوردیەش تەعتیل کرا. لە پێشیشدا سوریە کە تا ساڵی ١٩٤٦لە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسەدا بوو کوردان ئازادیەکی وایان نەبوو بۆ چاپەمەنی. دوای ئەوەی کە فەرانسەویەکان رۆیشتن و دەوڵەتی سوریە سەر بە خۆ بوو، ئیتر ئەوانیش ریگەیان نەدەدا چاپەمەنی کوردی هەبێت.

١٩٥٨کە دەوڵەتی پاشایەتی عێراق سەرونخون کرا عەبدولکەریم قاسم هاتە سەرکار، حیزبی شیوعی و پارتی دیموکرات و هەر وا پارتەکانی تر ئازاد بوون و پارتی تازە پەیدا بوون، ریکخراوەی ژنان، نقابەی ماموستایان، هەمووی ئەوانە پەیدا بوون، بزوتنەوەی خوێندکاری ئەوانە ئەغلەب گوڤاری خۆیان هەبوو، بەڵام ئەوە ماوەیەکی کەم درێژەی هەبوو تا ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦١ سەرکوتکران و دیسان خەباتی چەکداری دەستی پیٚ کرد. لەو ناوچانە کە خەباتی چەکداری بوو لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقدا نەبوو. پارتی دێموکرات ئەو دەم تاقە حیزب بوو گۆڤاری خۆی هەبوو و دوایش ئیزگەی دەنگی کوردستانیان دانا کە بەزمانی کرمانجی و سۆرانی قسەی دەکرد.

من تەواوی ئەو مێژویە ناتوانم باس بکەم چونکە وختێکی زۆری پێویستە. ساڵی ١٩٩١ دوای کۆڕەوەکە کە حیزبەکان هاتنەوە و دەوڵەتێکی شێوە سەربەخۆ دامەزرا پارلمان دروست کرا و ئەومیدیایەی کە لە پێشدا لە شاخ و کێوان بوون و بە نهێنی بوون، ئەوانە بوون بە میدیای دەوڵەتی.

ئەوە خۆی دەورێکی گرینگی گێڕا لە وەی ناوەرۆکەکان بگوریٚ. ئەگەر جاران لە دژی دەوڵەتی بەعس بوون و ناوەرۆکەکەیان زۆرتر باسی زوڵم و چەوساندنەوەی دەوڵەتی عێراق بوو، باسی خەبات لە دژی ئەو دەوڵەتە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو، ئێستا ئەوان خۆیان ببوون بە دەوڵەت، هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی دەوڵەتی بپارێزن. لە هەمان کاتدا رۆژنامە و رادیو و تەلەفزیۆنی دەستە و حیزب و گروپەکانی تریش پەیدا بوون لە ئیسلامیەکانەوە بگرە تا گروپی ناسیونالیستی، چەند حیزب و رێکخراوەیەکی کۆمۆنیستیش هەبوون کە میدیای خۆیان هەبوو. دەکرێ بڵێین وەزعێکی زۆر تازە پەیدا بوو. ژیانی میدیا زۆر ئاڵۆزتر لە هەر کاتێکی تر بوو، بێجگە لەوانە سەتەلایتیش پەیدا ببوو و ئینترنێتیش وردە وردە رێگەی خۆی دەکردەوە.

گۆڕانێکی گرینگ ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٥ هەوەڵ تەلەفزیۆنی نادەوڵەتی و سەتەلایتی کوردی پەیدا بوو کە لە ئوروپا دەستی پێ کرد چەند کوردیك کە زۆربەیان خەڵکی تورکیە بوون یان بوون بە هاووڵاتی ئینگلیسی ئیجازەیان وەرگرت کە بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەربکەن، بەڵام بەرنامە کەیان بە سەتەلایت دروست کرد وە هەوەڵ MTV هەوەڵ بەرنامەی سەتەلایەت تەلەفزیۆنی باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری کوردستانی گۆڕی وە شەڕێکی زۆر جیددی بەینی ئینگلستان و تورکیە دەستی پێکرد لە سەر ئەوەی کە ئەو ئێزگە بۆ لەوێ ئیجازەی پێ درابوو؟ ئەوە بۆ خۆی مێژوییەکی دور و درێژی هەیە.

هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانانە شتێکی تر پەیدا بووە کە پێم وایە ئەوە زۆر گرینگە. توێژێك رۆشنبیری کورد پەیدا بووە هەم ژن هەم پیاو کە ئەوانە شاعیرن، نوسەرن،شیعر دەڵێن، رۆمان دەنوسن، کورتە چیروك دەنوسن، مامۆستان لە مەدەرسەکان، زانکۆکان یاخوێندکاران لە کاری میدیا دان، مەحامین، وەکیلن، لە کاری هونەردان، لەگشت جۆرە هونەرێك لە مۆسیقا و گۆرانی بێژی توێژێکی رۆشنبیری ژن و پیاو پەیدا بوون کە زۆر زیاتر لە هەموو زەمانێکیتر چالاکن و بۆچوون و بیروڕای خۆیان هەیە، لێکدانەوەی خۆیان لە دنیایەك هەیە کە لەگەڵ لێکدانەوەی حیزبەکان جیاوازە. بەو جۆرە و بەو چەشنە دەکرێ بڵێین ئاڵترناتیوێکی تر هەیە لە لێکدانەوەی دنیایەکدا کە غەیرە حیزبییە، نا حیزبییە جا چ حیزبێك کە دەسەڵاتێکی دەوڵەتی هەیە و چ حیزبێك کە لە دەرەوەی دەسەڵات دایە و ئۆپۆزسیۆنە، هەم لە ئۆپۆزسیونی دەوڵەتی کورد و هەم لە ناحیزبییەکەش دا شتی ئاوا پەیدا بووە. باسی کوردستانی عێراقم کرد لە کوردستانی ئێرانیش هەروایە. ئێستا خوێندکاری کورد لە زانکۆکان گۆڤاری خۆیان هەیە کوردی_ فارسی، جاری وایە هەر کوردی. رۆژنامە وگۆڤاری غەیرە حیزبی پەیدا بووە، کە وا بوو ئێستا ئێمە سەر چاوەی جۆراوجۆری لێکدانەوەی دنیامان هەیە. لە دنیا میدیای کوردیدا وە ئەوەی زۆر گرینگە بۆ ئەوەی بزانین بۆ وێنە میدیای حیزبێکی شۆڕشگێڕ کە دەیهەوێ ئەو دنیایە بگۆڕی دەبێ چی بکا لە وەزعێکی ئاوا دا کە ئاڵۆزە و چەندین سەرچاوەی لێکدانەوە هەیە ئەوە گرینگایەتیەکی تایبەتی هەیە.

**یونس مەولود پور:**

**دەوری میدیای کوردستان لەم دەوریەدا کە بە پەلاماری دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، رژیمی سەدام لە عێراق روخا چۆن دەبینن؟**

د. ئەمیر حەسەن پور:

لەو شەڕەی کە ساڵی ٢٠٠٣ ئامریکا دەستی پێ کرد زوربەی کوردی کوردستانی عێراق وە زۆربەی کورد دەکرێ بڵێم پێی خۆش بوو رژیمی سەدام لە ناو بچێت ئیتر ئەوەی بۆ گرینگ نەبوو کە کێ لە ناوی دەبات و دیهەوێ لە باتی سەدام چ رژیمێك بێنێتە سەر کار. ئیتر ئەوانەیان زۆر بۆ گرینگ نەبوو جا بۆیە میدیای ئێرە چ دەوڵەتی و چ نادەوڵەتی دەکرێ بڵێم زۆربەی خەڵکیش هەر میدیاکان نا، پێی خۆشحاڵ بوون ئەو شەڕە بکرێ. ئەگەر میدیای کوردی چ دەوڵەتی چ غەیرە دەوڵەتی ویستبای دوربین بێ یا هەر دوربینش نەبێ هەروەك میدیای ولاتی خودی ئامریکا لێکی بداتەوە کە بوش بۆچی ئەو شەڕە دەکات بۆچونی جۆراوجۆر بوایە زۆر باشتر دەبوو. بۆ وێنە پێویست نەبوو ئێمە دوای ٣ ساڵان قسەی وا بکەین کە ئەمڕۆ جاروبار لە میدیای ئێرەدا دەکرێ. ئاشکرا بوو کە بوش بۆی موهیم نییە کە لە عێراقدا ئەو دەوڵەتەی کە لە سەر دەسەڵاتە دیموکراتە یان دیموکرات نییە ئەوەی بۆ موهیم نییە چونکە دەوڵەتی ئامریکا و خودی بوش لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری حوسنی موبارەك لە میسر نەك هەر پشتیوانی لێ دەکات بەڵکو ساڵی ٣ میلیارد دۆلاریشی دەداتێ بۆ ئەوەی ئەمنییەتی خۆی رابگرێ وهیچ کەس نەتوانێ ئەو دەوڵەتە سەرەونەخون بکات. میدیاکانی ئێرە پێویست نەبوو راوەستن کە مەبەستەکانی بوش دوای ٣ ساڵان دەرکەوێ، دەبوو هەر ئەو زەمانی بزانن کە بوش، رژیمی دیکتاتۆری زۆر بەلاوە باشترە لە رژیمی دیموکرات چونکە لەگەڵ رژیمی دیموکرات باش ناتوانێ بحەوێتەوە. بۆ وێنە لە کانادا رژیمێکی بورژوا دیموکرات هەیە، یان بڵێین لیبراڵ دیموکرات، گیرە و کێشەی هەیە لەگەڵ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئامریکا. ئامریکا دروستە کەڵەگایی لێ دەکات، بەڵام کەڵەگاییەکەی لەوێ حەدێکی هەیە. فەرانسە دەوڵەتێکی بۆرژوا دیموکراتە و لە سیاسەتی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوین زۆر رازی نییە. هەرچەند ئەوە دروستە کە ئامریکا کەڵەگایی لێ دەکات بەڵام خۆ ناتوانێ جەیشی خۆی بنێرێ و بیڕوخێنێ. دەبوو میدیای ئێرە لێی حاڵی بێ کە دەوڵەتی بوش فەرقێکی یەکجار زۆری نییە لەگەڵ دەوڵەتانی پێشوی ئامریکا. ئەوان کودەتایان دەکرد، دیکتاتۆریان دەهێنایە سەر کار، لە هەر جێیەك کە دیموکراسی هەبوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئامریکای باشور لە ئاسیا و لە ئافریقا سەرە ونەخونیان کرد. دەبوو ئەوانە تێی بگەن وەك میدیای ئامریکا کە بۆچوونی رەخنەگرانەیان هەبوو لێرەش دەبوو بۆچوونی رەخنەگرانەیان هەبێ بەڵام نەبوو. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و میدیا پێوەندی نێوان نەتەوە و میدیا. میدیا زۆربەیان لە نەتەوەی خۆیان پشتگیری دەکەن. دەوڵەتی بن یا نادەوڵەتی، قازانج و مەسڵەحەت و بەرژەوندی نەتەوەی خۆیانیان پێ گرینگترە لە شتی تر وە پێم وایە میدیای کوردستانی عێراق زۆرتر لەو روانگەوە چاویان لە رووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکان کرد. دیارە میدیای ئامریکاش لە نەتەوەی خۆیان و لە دەوڵەتی خۆیان پشتیوانی دەکەن بەڵام لەوێ تاڕادەیەك ترادسیۆنی ئەوەی کە تئۆری لیبڕاڵی دەڵێ دەبێ رەخنە بگری لە دەوڵەت و میدیا دەبێ سەگی پاسەوانی دەوڵەت بن و ئەگەر دەوڵەت بە رێگەی خواردا بڕوا بیهێننەوە سەر رێگەی راست. میدیای دەوڵەتیی کوردستان ئەو دەورەیان بۆ خۆیان دانەنابوو بەڵام میدیای ئامریکا ئەو دەورەی بۆ خۆیان دانا بوو. هەر بۆیە لە گەڵ ئەوەشدا کە سەرجەم لایەنگری دەوڵەت و سیاسەتەکانی بوون لە هەمانکاتدا، رەخنەشیان دەگرت بەرامبەر بە سیاسەتی دەوڵەتی ئامریکا لە عێراق.

خوێنەری بەڕێز! بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم وتووێژە لە ژمارەی داهاتووی پێشڕەودا بلاو دەبێتەوە.

**یونس مەولود پور:**

**کاك ئەمیر ئێستا ئەگەر رێگا بدەی باسەکەمان لە میدیاوە ئەگوازینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی بۆ هەل ومەرجی ئێستای عێراق. سەرەتا ئێوە تایبەتمەندیەکانی ستراتیژیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا چۆن دەبینن؟ گرینگی ئەو ناوچەیە بۆ ئەمریکا و بۆ دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری دیکەی دونیا لە چیدایە؟**

دوکتور ئەمیری حەسەن پور:

ئەو تایبەتمەندیانە هەم ئابوریە، هەم سیاسییە و هەم نیزامییە. تایبەتمەندی باری ئابوریەکەی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٢٠ کە نەوتی لێ پەیدا بوو. پەرەسەندنی سەرمایەداری پێویستی بەو ئینرژییە هەبوو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کانگای ئەو ئینرژیە بوو. ئەگەر چی ئێستا سەرچاوەی دیکەی ئینرژی پەیدا بوە، بەڵام تا ئێستاش نەوت گرینگی خۆی لە پەرەسەندنی ئابوری وڵاتان دا لە دەست نەداوە.

بۆ وێنە ئێستا زۆر باس دەکرێ کە ئابوری سەرمایەداری لە چین بە خێرایی خەریکە پەرە دەستێنێ و ئەو ئابورییە پێویستی بە نەوتێکی یەکجار زۆر هەیە، ژاپۆن کە هێزێکی ئابوری سەرمایەداری زۆر گەورەی دنیایە پێویستی بە نەوت هەیە روسیەش هەروا گەرچی روسیە خۆیشی نەوتی هەیە. هێندوستان هەروا پێویستی بە نەوت هەیە. مەسەلەی کۆنترۆڵی نەوت هەر ئەوە نیە کە ئامریکا خۆی ببێ بەخاوەنی ئەو نەوتە و بۆ خۆی بە کاری بێنی، بەڵکو نەوت چەکێکە لە دژی نەیارانی ئامریکا بۆ وێنە ئەگەر ئامریکا کۆنترۆڵی نەوتی عێراق و عەرەبستانی هەبێت دەکرێ بڵێین تاڕادەیەك کۆنترۆڵی چین و ژاپونیش دەکات. چون ئامریکا خۆی زۆر نەبستراوەتەوە بە نەوتی عێراق گەرچی نەوتی عێراق نەوتێکی زۆر باشە و هەرزانتر بەرهەم دێت. کێشەی ئامریکا ئەوە نییە کە خۆی نەوت لە عێراق وەربگرێ و بیباتە ئامریکا، کۆنترۆڵی ئەو نەوتە بەو مانایەیە کە کۆنترۆڵی ئیقتسادی ئوروپا دەکات. لە بەینی یەکێتی ئوروپا و ئامریکا ناکۆکی هەیە، بەینی روسیە و ئامریکا ناکۆکی هەیە بەینی هیندوستان و چین و هەروەها وڵاتانی تر بۆ وێنە کوریای باشور کە وڵاتێکی سەنعەتییە، تایوان، مالزیا، سەنگاپور، ئەوانە هەمووی وردە وردە بونەتە هێزی ئابوری سەرمایەداری.ئەوانە گشتیان پێوستیان بە نەوت هەیە ئامریکا ئەگەر کۆنترۆڵی سەرچاوە نەوتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات دەتوانێ ناکۆکی خۆی لەگەڵ ئەو رەقیبانەی خۆی بە قازانجی خۆی چارەسەر بکات، دەکرێ پێیان بڵێ ئەو نەوتە لە بەر دەستی من دایە تو ئەگەر پەل ببزێوی لەگەڵ من توشی کێشە دەبی یەعنی لە پراتیکدا ئاوای لێ دێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەزانین سەرمایەداری قەد ناتوانێ لە چوار چێوەی نەتەوەیی خۆیدا بمێنێتەوە، نیزامێك كە زیاتر لە گشت نیزامی پێش سەرمایەداری بەرهەم دێنی. لە نیزامی پێش سەرمایەداریدا خەڵك زۆرتر خۆیان شتێكیان بەرهەم دەهێنا و مەسەرفیان دەكرد. نیزامی سەرمایەداری وا نییە، نیزامی سەرمایەداری ئەوەندە بەرهەم دینێ كە ئەندامانی یەك نەتەوە لەیەك وڵاتدا ناتوانن مەسرەفی بكەن. ئەگەر ئەو شتەی بەرهەمی دێنی مەسرەف نەكرێ دەگەنێ و لە ناو دەچی و كۆمپانیاكان وەرشكست دەبن جا بۆیە ئەو شتەی كە بەرهەمی دێنن دەبێ بینێرن بۆ دەرەوەی وڵات هەروەها سەرمایەداری ناتوانێ هەر بەو كانگا سروشتیانە كە لە وڵات دا هەیە رازی بێت دەبێ ئەگەر شتێك لە وڵاتدا نەبێ لە دەرەوەڕا بیهێنێ ئەوە بەو مانایەیە كە دەبێ رێگا و بانەكان ئەمنییەتیان هەبێ. بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتانی گەورە دەبێ هەموو سەرچاوەكان و رێگا حەیاتییەكانیان لە كۆنترۆڵ دا بێ.

كێشەی دیكەش هەیە لە دنیای سەرمایەداری ماسی گەورە ماسی چكۆلە دەخوا شەریكەی چكۆلە زوو تێك دەچێ ئەگەر پەرە نەستێنێ. یا دەبێ گەورە بی و پەرە بستێنی یا بمری هیچ رێگەیەكی ترت نییە. شەریكەیەكی چكۆلە ئەگەر بیهەوێ بمێنێ لەو بازارە دا كە ئاوا قینە بەری هەیە دەبێ گەورەتر و گەورە تر بێت ئەگەر بێت و چكۆلە بمێنێ لە ناو دەچێ، كە گەورە بوو دەبێ لە رادەی زیاتر لە وڵاتی خۆی كاربكا. دەبێ بێتە ناو بازاڕی ناردنە دەرو هێنانە ژوور. جابۆیە دەوڵەتی ئامریكا كە هێزی هەرە مەزنی ئابوری دنیایە ئەگەر بێت و سنورەكانی خۆی دابخا نە شت بنێرێتە دەرەوە و نەشت بێنێتە ژورەوە ماوەی حەفتەیەكی پێ ناچێت تێك دەشكێ، لە ناو دەچێ و دەروخێ. بۆیە ئامریكا بو ئەوەی بتوانێ ژیانی ئابوری خۆی دابین بكات دەبێ دنیا بۆی ئەمن بێت. سەرمایە رۆنان و قازانج كۆكردنەوە بە بێ ئەمنییەت ناكرێ، ئەمنییەت چۆن دابین دەبێ؟ دەبێ دەسەلاتی عەسكەری پەرە پێبدات كە بتوانێ یان راستەوخۆ بە كاری بینێ یان هەڕەشەی پێ لە ئەم و ئەو بكات.

دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری لە درێژەی ئەو نیزامی گەریەدا هەر دوكیان لە ئوروپا دەستیان پێ كرد هەر دوكیشیان شەڕی دنیای سەرمایەداری بوو لە دژی یەكتری جابۆیە نیزامی سەرمایەداری ئامریكا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بۆ موهیمە.

پێش تر هەناردنی كالا و شت وەك بوو بۆ تەئمینی ئینرژی نەوت، بەڵام ئێستا دیارە سادر كردنی سەرمایەیە. بەپەیدا بوونی ئینحساراتی گەورە لە نیوەی سەدەی ١٩ بەولاوە سەرمایەداری هاتۆتە ناو دەورێكی تر لە ژیانی خۆی كە بە ئیقتساد زانی ماركسی و غەیرە ماركسی پێی دەڵێن ئیمپریالیزم جاران زۆرتریان دەگوت لە ئێستا وەلی من هێشتا هەر وای پێ دەڵێم. لە دەوری ئینحسارات دا سەرمایەش دەنێردرێ بۆ دەرەوەی وڵات هەرشت و مەك و كەل و پەل و كالانییە، جا بۆیە ئەوەش هەیە گەرچی ئەو سەرمایانە زۆرتر بۆ وڵاتە سەرمایەداریە پێشكەوتوەكان دەنێردرێن ئەوەش هەیە ئیتر یانی سەرمایەی ئامریكا بچێتە دەرەوەی وڵات ئەوەش دیسان پێویستی بە ئەمنییەتە ئامریكا وە هەر وەها بریتانیا و وڵاتانی سەرمایەداری دیكە بو ئەوەی كە ئەمنیەت تەئمین بێ زۆرتر یان لە راستیدا هەمیشە سیاسەتیان ئەوە بوە كە لەو وڵاتانە نیزامێكی دیكتاتۆری لە سەر كار بێت.

بە هۆی شەڕ، بۆ وێنە كاتێك ئەمریكا بە هەر هۆیەك بیهەوێ نرخی نەوت بێنێتە خوارێ دەبێ نەوتێكی زۆرتر واردی بازاری دنیا بكات ئەو ئەركە بە دەوڵەتی دیكتاتۆری عەرەبستان كە تەواو بەستراوەتەوە بە ئەمریكا دەسپێرێ و ئەویش ناتوانێ بە قسەی نەكات. بەڵام بۆ وێنە ئەگەر وای دابنێ ئەگەر فەرانسە دژی شەڕ بووبا و نەوتی بوایە ئامریكا نەیدەتوانی پێی بڵێ ئەتۆ مەجبوری نەوتێكی زۆر واردی بازاری دنیا بكەی. هەر بۆیەش ساڵی ١٩٥٢ كە دەوڵەتی موسەدق لە ئێران دەوڵەتێكی شێوە دێموكراتیك بوو سەنعەتی نەوتی ئێرانی میللی كرد. ئامریكا كودتای كرد لە دژی و موسەدقی سەرە و نخون كرد، بۆیە دێموكراسی لەو وڵاتانە لەگەڵ بەرژەوەندی ئامریكا نایەتەوە. حەتمەن دەبێ دیكتاتۆری بێ ئەمما دەبێ دیكتاتۆرێك بێ كە سەر بە ئامریكا بێ، كە ئامریكا گوێی بگرێ و پێی بڵێ وا بكە و وامەكە، ئەویش وابكات و وانەكات. جا بۆیە كە ئامریكا دەوڵەتی سەدامی لابرد نەك ئەوەی كە سەدام گوێ نەداتە ئامریكا بەڵام بەعزە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناکۆکییەك هەبوو لە نێوان ئامریکا و عێراق. بۆ ئەمریکا ئەوە گرینگ بوو کە دیکتاتۆریەتێك لە عێراق بێ کە بە تەواوی گوێگری ئامریکا بێت، دەوڵەتێکی ئاوای دەویست بۆیە سەرە ونخونی کرد.

**یونس مەولود پور:**

**دوکتور، هەر وەك دەزانین دوای داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئامریکاوە ئامریکا بۆ خۆی پرۆژەیەکی دانا بە ناوی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە. سەرەتای بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە لە روانگەی تۆوە بۆ کەی دەگەڕێتەوە وە مەبەستی ئامریکا لە دانانی ئەو پرۆژەیە چیە؟ بە پێی ئەو بەرژەوەندیانەی کە باستان کرد، پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە کە دەولەتی ئەمریکا دایهێناوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

دوکتور ئەمیری حەسەن پور:

ئەو پرۆژەیە شتێکی تازە نییە بەرنامەیەکە وا ئامریکا هەمیشە بوویەتی. زۆر زووتر پەیمانی بەغدا هەبوو ١٩٥٦ بە دوای ئەو بوو بە سنتو پەیمانی نیزامی تر هەبوو کە ناوچە لە ژێر دەستی ئامریکا و ولاتە رۆژ ئاواییەکاندا بمێنێتەوە پاکستان و ئێران و تورکیە و عێراقی پاشایەتی لەو پەیمانەدا بوون. پەیمانی بەغدا دوایە لە عێراق کە کودەتا کرا عەبدولکریم قاسم لەو پەیمانە هاتە دەرێ. ئامریکا زۆری هەوڵدا ئەفغانستانی ئەو زەمانە ببێتە ئەندامی ئەو پەیمانە، ئەفغانستان نەبوو. لە راستیدا بەرنامەیەکی تازە نییە بەلاَم دیارە شتی تازەشی تێدایە تازەبونەکەی لە هەل ومەرجێکی تازە دایە کە ئەو پرۆژەیە تێیدا هاتۆتە گۆرێ. ئەو زەمان یەکێتی سۆڤیەت هەبوو ئامریکا دەیگوت پێش کۆمۆنیزم دەگرێ بەلاَم بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی هەبوو لە ناوچەدا هەروەها حەرەکەتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی هەبوو لە ناوچەدا، ئامریکا دیار بوو ئەو زەمانە زۆرتر دەترسا لە حەرەکەتی رادیکالً و شۆرشگێرانە و سوسیالیستی. خەبات لە دژی کۆمۆنیزم بەرنامەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بوو. ئەو زەمان لە لایەکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی لە کۆمۆنیزم دەترسا لە لایەکیشەوە پێشی وا بوو دەوڵەتی سۆڤیەت یارمەتی ئەوانە دەدا لە لایەکیشەوە لە نێو خۆیاندا ناکۆکیان هەبوو. رەقابەتی ئامریکا و ئینگلیس، ئامریکا و فەرانسە ئەوانە ماوەیەکی زۆر لە ئارادا بوو و دەبو ئەوەش چارە سەر بکات.

ئێستا دروستە سۆڤیەت نەماوە بەلاَم بزوتنەوەی کۆمەلاَیەتی هێشتا ماون لە زۆر جێگای دنیا و قەتیش لە ناو ناچێ لە بەر ئەوە ئەو مەترسیەی بۆ دەوڵەتی ئامریکا کە حەرەکەتێکی شۆرشگێرانە هەبێ کە ولاتێك رزگار بکات بە دوای ئەودا ولاتی تر رزگار بن، زۆر دەترسێ. دەولەتی ئیسرائیلیش کە ماوەیەکی یەکجار زۆرە خەریکە نەتەوەی فەلەستین لە ناو دەبات ئەوەش موشکیلێکی هەرە گەورەی بۆ دەوڵەتە عەرەبیەکان و بۆ ئامریکا و بۆ هاوپەیمانانی ئامریکا دروست کردوە.



پرۆژەی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورە پرۆژەیەکە کە لە زەمانێکدا هاتۆتە گۆرێ کە ئامریکا تەنیا زلهێزی دنیایە بەلاَم دنیا کە نائارامتر بوە لە جاران، نائارامە لە بەر ئەوەی دنیای سەرمایەداری فەقیری و هەژاری زۆرتر کردوە، کۆیلایەتی لە برزیل ولە ئافریقا و لە سودان و بەعزە ولاَتێکی ئافریقایی و لە هیندوستان لە سەرڕا بوژاوەتەوە. زوڵم لە ژنان لە هەموو زەمانێکی تر زۆرترە هەر ساڵ نیزیکەی ٢ میلیۆن کچی گەنج لە ٥ ساڵەیی ڕا تا ١٥ ساڵەیی دەهێننە بازاری لەش فرۆشیەوە و زوڵمێکی بێوێنە لە دژی ژنان دەکرێ. لە ئافریقا نزیکەی ٤٠میلیۆن کەس لە مەترسی ئەوەدان بە نەخۆشی ئەیدز بمرن. دەرمان و دەوا وشتی وا نیە کە ئەو خەڵکە نەجات بدەن. نەتەوە بومیەکانی ئامریکای خوار و ئامریکا و کانادا زوڵمیان لێ دەکرێ. وەزعیکی یەکجار ناخۆش هەیە لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دنیادا لە بەر ئەوەی کە ئامریکا زۆرباش دەزانێ ئەو وەزعە ناخۆشەی کە خەڵکی دنیا و چینی کرێکار لە دنیا دا هەیەتی تەحەمولی ناکا و سەرچاوەیەکی زۆر گرینگە بۆ دژایەتی لەگەڵ دنیای سەرمایەداری ولەوەی زۆر دەترسێ. یەکی تر ئەوەیە کە وڵاتە سەرمایەداریەکان هەمیشە لە ناو خۆیاندا ناکۆکیان هەبووە. ئامریکا و ئینگلیس، ئینگلیس و فەرانسە، ئینگلیس و فرانسە و ئالمان، ئالمان وئەوانی تر ئەوانە هەمیشە بونەتە هۆی تەقینەوەی شەڕ لە نێو خۆیاندا. لە سەدەی ٢٠دا دوشەڕی جیهانی گەورە ٢شەڕی ئیمپریالیستین یەعنی ناکۆکی نێوان خودی وڵاتە ئیمپریالیستەکان بۆتە هۆی تەقینەوەی ئەو شەڕانە. ئێستاش پێمان وا نەبێ کە ئەو ناکۆکیانە تەواو بوون. ئەو ناکۆکیانە ئێستاش بەشکڵی ئەوەیە ئامریکا لە دژی یەکێتی ئوروپا کێشەیان هەیە لە سەر پوڵا لە سەر ئینرژی و لە سەر گشت بەرهەمی گرینگ، لەگەڵ روسیا کێشەیانە، ناکۆکییەکانی نێوان ئامریکا و روسیا و چین و ژاپۆن گەلێك ئاشکران. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە جار جارە یەك دەگرن بەڵام ئەو ناکۆکیانە هێشتا ماوە. ناکۆکی ئەوەڵ کە باسم کرد بەینی چینی کرێکار و گەلانی زوڵملێکراوی دنیایە دەبێتە هۆی شۆڕش دەترسین ئەوانە دەبێتە هۆی رزگار کردنی وڵاتێك یان ناوچەیەك. ناکۆکی دوهەم دەبێتە شەڕ لە ناو خۆیان شەڕی ناوچەیی یان شەڕی جیهانی، لەوەش تارادەیەك دەترسێن ئەو دو ناکۆکیانە سەرچاوەی مەترسییەکی زۆرە بۆ ئامریکا وە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست دەورێکی گرینگ دەگێڕێ.

بەرنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بۆ ئەوەیە کە ئامریکا بتوانێ ئەو دوناکۆکیانە چارەسەر بکات کە بتوانێ بە رەقیبە ئەمپریالیستیەکانی خۆیان بڵێ من نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستم لە بەر دەست دایە ئێوە دەبێ بەمەیلی من بجوڵێنەوە. بۆ بزوتنەوە رزگاری خوازەکان بۆ بزوتنەوەی چینی کرێکار ئەوانە پێیان دەڵێ ئێوە حەقتان نییە هیچ خەباتێك بکەن، حەقتان نییە هیچ چەکێك هەڵبگرن، رۆژهەڵاتی ناوەراست ناحیەیەکی ئەمنە، مەنتەقەیەکی ئەمنە بۆ من ئەگەر دەنگتان دەربێت سەرکوتتان دەکەم. هەر بۆیەش لە تەواوی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی گەلی فەلەستین پشتیوانی دەکا چوون گەلی فەلەستین خەباتەکەی بۆتە سەرچاوەیەکەی گرینگی ئیلهام بۆ گەلانی تری دونیا. دەوڵەتانی تری عەرەبی پێیان خۆشە کێشەی فەلەستین چارەسەر بێت بەوجۆرەی کە ئیسرائیل تەواو داگیری بکات یا گەلی فەلەستین تەفروتونا بێت چوون گەلانی عەرەبی دنیا زۆر ناراحەتن لەوەی کە دەوڵەتەکانی خۆیان بەشدارن لە سەر کوتکردنی فەلەستیندا.

دەڵێن دوڵەتی سەدام پشتیوانی لەگەلی فەلەستین کردوە من هیچ باوەڕەم بەوە نییە هەم دەوڵەتی بەعسی سوریە هەم دەوڵەتی بەعسی عێراق بە قسە وەك سەگێك دەوەڕن لە دژی ئیسرائیل، بەڵام هەمیشە گەلی فەلەستینیان سەرکوت کردوە و ویستویانە کۆنترۆڵی بکەن جا بۆیە چارەسەر نەکردنی ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی دێموکراتیك بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوچەکە نائەمن بێ. پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی بووش بۆ ئەوەیە کە ئەو ناکۆکیانە بە قازانجی ئامریکا و ئیسرائیل چارە سەر بکات ئەوە پروژەیەکی دژی رزگاری خوازییە، دژی ئازادیە، دژی دێموکراتیکەکانە.

دەیهەوێ دەسەڵاتی زلهێزێکی ئەو دنیایە دابین بکات بەسەر ناوچەیەك کە سەرباقی دەوڵەمەند بوونی سەرباقی ئەو هەمووە سەروەتەی هەیە خەڵکەکەی لە نیهایەتی فەقیری ونەداری و لە نیهایەتی زوڵم و لە ژێر دەسەڵاتی رژیمی دیکتاتۆری دا دەژین. ئەوە پرۆژەیەکە بۆ ئەوەی ئەم دیکتاتۆریانە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئامریکا دابن.

**یونس مەولود پور:**

**کاك ئەمیر ئەوا سێ ساڵە کە ئەمریکا رژیمی سەدامی روخاندوە و عێراقی داگیر کردوە، بەڵام لە هێور کردنەوە و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی عێراق بێ توانایە، هۆکاری وەدی نەهاتنی پێش بینییەکانی لە عێراق لە چیدایە؟**

د: ئەمیری حەسەن پور:

بووش دوای وەدەرنانی سەدام لە کووەیت حەسارێکی ئیقتسادی لە سەر عێراق دانا کە ئەو وڵاتەی وێران کرد. بە تایبەتی ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراق لە نەهایەتی فەقیری و بەدبەختیدا مانەوە، رژیمی سەدام هەروا لە سەر کار مابوو ئەو داهاتی نەوتەش کە قەرار وا بوو بدرێ بە خۆراك و دەوا بۆ خەڵك زۆرتر دەچوٚ نێو گیرفانی سەدام و جەیشەکەی پێ ساغ دەکردەوە. کوردستانیش ماوەیەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەزعێکی یەکجار خراپی هەبوو دوایە کە کەمێك لەو پارەیەیان بە کوردستان دا وەزعەکە کەمێك باشتر بوو، بەلاّم ولاّتەکەیان وێران کرد دیکتاتوریەت هەر مابوو لە ناوچە عەرەبیەکاندا. لە ژێر دەسەلاّتی سەدام فەقیری و نەداری ولە بەین چوونی ئەو نیزامەی کە لە کۆنەوە هەبوو تاڕادەیەك ساغ کرابوو کارەبا هەبوو، ئاو هەبوو، ... خوێندن و ئەوانە تا رادەیەك هەبوو، برسێتی کەمتر ببوەوە، نەك لە بەر ئەوەی سەدام باش بوو لە بەر ئەوەی پارە و دۆلارێکی یەکجار زۆری هەبوو ئەوەندە زۆر کە قەترەیەکی لەو دەریایە دەدا بە خەڵکی عێراق. ئەوانە هەمووی تێکچوون لە شەڕی ئەوەڵدا نارەزایەتی زۆر بوو پێش ئەو شەڕە و دوای ئەو شەڕەش. من زۆرتر باسی ناوچە عەرەب نشینەکان دەکەم. دوایەش کە هێزی ئامریکا هات بەشێوەیەکی زۆر داگیر کەرانە رەفتاری لەگەڵ خەڵکی عێراق کرد دەیهەویست بەزەبرو زەنگێك ولاّت بێنێتە ژێر سەیتەرەی خۆی، دیارە سەدامیش هەروا نەیدەویست بڕوا هێزێکی لە پاش خۆی بەجێهیشت کە چەکی بوو پارەی بوو ئیمکاناتی بوو ئەوانیش دەستیان کرد بە قەتڵ و کوشتار و بەربەرەکانی کردنی هێزی داگیرکەر دیارە هێزی ئیسلامیش هەبوون ئەوانیش لە پێشدا بەشێکیان لەگەڵ سەدام بوون. ئەوەی کە رزگاری لە دەست رژیمی سەدام لە رێگەی شۆڕشەوە نەبوو لە رێگەی داگیر کردنەوە بوو، داگیر کردن بوو مەبەستەکەش ئەوە نەبوو کە خەڵکەکە رزگار بکات.

بۆ وێنە لە ئێران ساڵی ١٩٧٨ _ ١٩٧٩ رژیمی پاشایەتی پەهلەویش رژیمێکی دیکتاتۆری و ئیستبدادی و فاسد و دژی خەڵك بوو ئەو رژیمە سەرەنخون کرا بەلاّم لە پرۆسەی شۆڕشێك دا سەرە و نخون کرا نەك بەدەستی جەیشێکی بێگانە. خەڵك هاو دەردی یەکتریان دەکرد کۆمەکی یەکتریان دەکرد ئاوا ولاّتەکە وێران نەبوو بەلاّم لە روخانی رژیمی بەعس دا هێزێکی داگیرکەر هات بەغدای وێران کرد شارەکانی تری وێران کرد ژێربەنای ولاّتەکە لە شەڕی ١٩٩١ دا وێران کرا بوو ساز نەکرا بوەوە، ئەوەندەی تر وێران بوو. دوای ئەو حەرەکاتی تیروریستی و ئەوەش ئەوەندەی تر وێرانی هێنایە گۆڕێ وەزعێکی هێناوەتە پێش کە ئێستا خەڵکی عێراق زیاتر لە ئامریکایەکان سەدەمە دەبینن و بە هۆی برسیەتی و نەداری و کوژران و برینداری زۆرتر لە هێزی داگیرکەر سەدەمە دەبینن.

**یونس مەولود پور:**

**ئایا بە رای تۆ رێگایەك هەیە کە خەڵکی عێراق پێیدا لەو هەل و مەرجە دژوارە دەربازبن؟**

ئەمیری حەسەن پور:

گرێی ئەو کارە بەدەستی حیزبە سیاسیە چەپ و رادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان دەکرێتەوە.

ئەوانە هەوڵ بدەن خەباتی چینایەتی، خەبات دژی پیاومەزنی، خەبات دژی ترۆریزم خەبات بۆ ئەوەی نیزامێکی سیاسی و ئابوری دێموکراتیك بێتە پێش خەبات بۆ سوسیالیزم بۆ نیزامێك کە ئالترناتیوێکە لە بەرامبەر کاپیتالیزم دا خەبات بۆ ئەوەی ئەو رژیمە دیکتارتوریانە لابچن و رژیمی دیموکراتیك بێنە سەر کار.

ئەو خەباتە کە ماوەی سەد ساڵێك زیاترە لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست دا دەکری ئالترناتیو لە جیاتی ئەوەیە کە لە جیاتی رۆژهەلاّتی ناوینی گەورە کە نیزامێکی دیکتاتۆری لە ژێر ئالای ئامریکادایە رۆژهەلاّتێکی رزگار کراوی گەورە کە لەوێدا گەلی کورد و عەرەب دژی یەکتر نەبن گەلی تورك و کورد دژی یەکتر نەبن و گەلی فارس و کورد دژی یەکتر نەبن. رەگەز پەرەستی نەمێنێ لە نیو ئەو گەلانە دا هێزی رەگەز پەرەست نەمێنی گەلی فەلەستین ئازاد بکرێ گەلی فەلەستین و یەهودی لە دەولّەتێکی دیموکرات ویەکگرتوودا پێکەوە بژین. ئەوانە هیچی شتێکی تازە نین ئەو بیروڕایانە هەمیشە هەبوون ئەو جۆرە سیاسەتە هەمیشە هەبوە، بەلاّم ئێستا هێزی هەرە دواکەوتوی دژی بەشەری، دژی ژن دژی ئازادی بونەتە ئالاّی بەربەرەکانێی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمیان هەلگرتوە کە ئەوانە بەهیچ جۆرێك لەو بەرەیە دانین، ئەوانە خۆیان بەشێك لە بەرەی ئیمپریالیزمن. ئامریکا و ئینگلیس و ولاتانی سەرمایەداری شەڕی خۆیان لە ئەفغانستان لە ژێر ئەو ئالایەدا بردەپێشەوە. ئامریکا لە تەواوی دەسەلاّتی و بەرنامەی خۆی لە رۆژهەلاّتی ناوین دا دوای شەڕی جیهانی دوهەم ویستویەتی، هێزی دین بە کار بێنی لە دژی بزوتنەوەی ژنان لە دژی بزوتنەوەی رزگاریخواز، لە دژی سوسیالیزم ئەوان دینیان کردە ئامرازی سیاسەتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆیان لە دژی حەرەکەتی پێشکەوتنخوازانە و ئازادی خوازانە وە ئەو وەزعەی ئێستا تارادەیەکی زۆر لە بەر ئەوەیە کە ئەو کارەیان کرد، لە ئەفغانستان کردیان لە ئێران کردیان لە فەلەسیتن تاڕادەیەك کردویانە لە تورکیە بۆ ماوەیەك کردیان، عەرەبستانی سعودی لە تەواوی حەیاتی خۆیدا چەکی دینی بە کار هێنا لە دژی بزوتنەوەی رزگاری خوازی عەرەب، لە دژی گەلی فەلەستین، لە دژی شۆڕش لە عومان لە زوفار لە سالانی ٦٠ تا ٧٥ لە دژی حەرەکەتی رزگاری خوازی گشت ناوچە.

**یونس مەولود پور:**

**کاك ئەمیر، میدیای رۆژئاوا، بەکردەوە وانیشان دەدات کە لە بەرانبەر ئامریکا دا تەنیا هێزێکی دواکەوتوو و کونە پەرەست و توندڕەو هەیە کە موقاوەمەت دەکات. بزوتنەوەی رادیکاڵ و پێشڕەو لەم ولاتانە کە نایهەوێ لە بەرانبەر سیاسەتی ئامریکا دا سەر دانەوێنێ، چۆن دەتوانێ خۆی بە بیروڕای گشتی رۆژئاوا بناسێنێ؟**

د: ئەمیری حەسەن پور:

من پێم وایە دەبێ بزوتنەوەی رادیکاڵ و پێشکەوتنخواز گرێ بدرێتەوە بە حەرەکەتێکی جیهانی کە لە دژی سەرمایەداری لە کایە دایە. خەڵك لە ئامریکا، لە کانادا، لە ئینگلستان و لە فەرانسە حەرەکەتێکی دژی شەڕیان وەرێ خست بە هیچ چەشنیك ئەو حەرەکەتە لە بەر ئەوە نەبوو کە سەدام بپارێزن لە بەر ئەوە بوو کە دەیانزانی ئامریکا نییەتێکی باشی نییە دەیانهەویست پێشی ئەو شەڕە بگرن چونکە پێیان وابوو کە رژیمێکی تر دینێتە سەر کار کە ئەو وەختی گەلانی عیراق ئەگەر لە دژی بەشەڕبێن ئامریکا خۆی سەرکوتیان دەکا.

لە هەر حال گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست هاوپەیمانیان هەیە لە نێو گەلانی ئامریکا و کانادا و ولاتانی تر خەڵکی ئەو ولاتانە پێیان خۆش نییە کە دەوڵەتەکانی خۆیان زوڵم بکەن لە خەڵکی فەلەستین یان خەڵکی عێراق. هاندەری ئەوان ئەوەیە دەڵێن دەوڵەتانی ئێمە نابێ زوڵم لە وێ بکات دەڵێن نابێ چەك بفرۆشن بەو رژیمانە. بزوتنەوەی ئاشتیخوازی دەڵێ دەوڵەتی ئامریکا یا فەرانسە یا کانادا حەقیان نییە چەك بفرۆشن بەو رژیمە دیکتاتۆریانە کە وابوو ئەوانە هاوپەیمانی ئێمەن دەوڵەتی سەدام چەکی کیمیایی لە کوێ هێنا زۆرتری ئەو شتانەی کە پێویستی بوو بۆ ئەوەی چەکی کیمیایی دروست بکرێ لە ئامریکا و ئورپا وەری گرت. دەوڵەتی رەیگان کە ئەویش وەك دەوڵەتی بوش و لەو دەوڵەتە نیوە لیبراڵ و نیوە کانسیرویتیو بوو دەیزانی کە لە هەڵەبجە دەوڵەتی سەدام چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکان بەکار هیناوە گاڵ برایت چوو پێی گوت: من بە چاوی خۆم دیومە کورد جینوساید کراوە. بەلام دەوڵەتی رەیگان قەرزیکی یەك میلیارد دوڵاری دا بە عێراق. گەلانی ئەو ولاتانە دژی شەڕن لە بەر ئەوەی دەزانن ئەو شەڕانە لە دژی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانە دیارە بزوتنەوەی دژی گلوبالیزاسیون کەم و کوڕی خۆی هەیە بەلام ئەو بزوتنەوانە هاوپەیمانی گەلی کورد و گەلانی عەرەب و گەلانی تری ناوچەن.

**یونس مەولود پور:**

**با بە تایبەتی بچینە سەر هەل ومەرجی ئێستای کوردستانی عێراق بە ڕای ئێوە دەسکەوتی خەڵکی کوردستان لەم هەل ومەرجەی کە بە هۆی حوزوری ئامریکا لەو ناوچەیە رەخساوە چی دەبێ؟**

د: ئەمیری حەسەن پور:

ئێستا ٢ ساڵ و نیو دوای شەڕ و روخانی رژیم بەداخەوە عێراق وێرانتر لە جارانە ئێستا هیچ کەس حکومەت ناکات، تەنیا لە کوردستان دەکرێ بڵێین حکومەتێك هەیە لە دەرەوەی کوردستان لە بەشی عەرەب نشینی عێراق بەراستی من نازانم کێ دەسەلاتی هەیە دەوڵەتی ئامریکا لە خودی بەغدایش دەسەلاتی خۆی ناتوانی دابین بکات. دەوڵەتی عێراقیش هەروا ناوچەیەکی بچوکیان بۆ خۆیان دروست کردوە کە لەوێشدا ئەمنییەتیان نییە جابۆیە لە هەل و مەرجێکی وا دا دیارە باسی دەوڵەت کردن کەمێك زەحمەتە بەلام هەرئەوەش کراوە تا ئێستا هەرچی کە دەوڵەتی ئامریکا کردویەتی و ئەودەوڵەتەی عێراق کردویەتی و ئەو نیمچە دەستورە کاتییەی پێشوو کە دایاننابوو پێموایە لەوانە دا دەرکەوتوە کە دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەوڵەتێك نییە کە بتوانێ مافی گەلی کورد، مافی دابین کردنی چارەنوسی گەلی کورد دابین بکات هەروەها ناتوانێ بەرژەوەندی ژنان لە عێراق دا دابین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکات. دەوڵەتێکی دژی ژنە، دەوڵەتێکی تئوکراتیکە، دەوڵەتێکی نادیموکراتیە. ئەوەندەی کە تا ئێستا بووە دژی دیموکراسیە. دەوڵەتی ئایەتوڵلا و شێخ و دەربەگ و سەرمایەداری ڕاکردووی تازە گەڕاوەیە دەوڵەتی ئەوجورەکەسانەیە، دەوڵەتێکی ئازادیخواز نییە جابۆیە پێم وایە لەو هەل ومەرجە دا گەلی کورد و هەروەها دیارە گەلی عەرەبی عیراقیش ماف دیاری کردنی چارەنوسی خۆی هەیە من پێم وایە بۆ گەلی کورد باشترین ڕێگا ئەوەیە لە عێراق جیابێتەوە و دەوڵەتێکی هەروەك ئامریکا لە ئینگلستان جیابۆوە دومیللەتی چێك و ئۆسلوواك لە یەکتر جیابونەوە، گەڵی کوردی عێراق جیا بێتەوە و دەوڵەتێکی سەر بە خۆی کوردی هەبێ. دیارە ئەوە کێشەی نەتەوەیی حەل دەکات. بەڵام کێشە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە کوردییە نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتییە ئەوە چارەسەر ناکات، بەڵام کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکات. ئەوەی ئێستا لە ئارادایە گەرچی خەڵکی کوردستان ویستی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەر بە خۆ دەربڕیوە لەو هەڵبژاردنەی رابردودا ئەو پرسیارە کرا بەشێوەیەکی غەیرە رەسمی لەوانەی کە دەنگیان دا کە ئایا دەتانهەوێ لە عێراقدا بمێننەوە یان نا؟ زۆربەی خەڵکەکە گوتیان نا ئێستا باسی دەستوری نوێی عێراق لە ئارادایە، من گەش بین نیم کە ئەو دەستورە دەوڵەتێکی دیموکراتیك بێنێتە سەرکار دەوڵەتێکی شێوە تئوتراتیك یانی محوەر دێنێتە سەر کار کە ماف ژنان، ماف خەڵکی زەحمەتکێش ماف بەرژەوەندی چینی کرێکار، ماف چارەی خۆنوسینی گەلی کورد ئەوانە هەمووی ژێر پێ دەخرێن.

به هەمووی ئەوانەوە، من دەمەوێ لە سەر هەل و مەرجی ئێستای عێراق ئەوە بڵێم کە نازانم ئەو وەزعە تا کەی درێژەی دەبێ من پێم خۆشە هەر ئێستا ئەو وەزعە تەواو بێت چونکە بەڕاستی زۆر پەرۆشی ئەوەم خەڵك خەریکن لە ناو دەچن لە وەزعێکی یەکجار ناخۆش دان لەو گەرمایە نە ئاو هەیە نە کارەبا هەیە نە ئیمکاناتی نەخۆشخانە هەیە هەر رۆژە ئەو هەمووە خەڵکە دەکوژرێن و بریندار دەکرێن بەڕاستی خەڵکی عێراق زۆڵمێکی یەکجار زۆریان لێ دەکرێ. بەڵام نازانم کەی تەواو دەبێ. ئەمن بۆ خۆم دەڵێم راستیەکەی کاتێك کە ئامریکا ئەو بەرنامەی شەری دەست پێ کرد ئەمن پێم وابوو کە عێراق هیچ کات ئاوای لێ بە سەرنایەت. پێم وا بوو دوای ماوەیەکی کەم ئامریکا کۆنترۆڵی دەکا و کارەبا دەبێ ئاو دەبێ و مەدرەسەکان دەکرێنەوە و پێم وابوو دەوڵەتێکی تەواو ژێر دەستی خۆی دەوڵەتێکی دیکتاتوری دێنێتە سەر کار بەلاّم دەتوانێ کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات. یەك شت دەتوانم بڵێم، پرۆژەی ئامریکا بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی ئاوا بێنێتە سەر کار و ئەمنییەتی خۆی تەئمین بکات ئەو پرۆژەیە تا ئێستا شکستی خواردوە.

***



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# وتووێژ لەگەڵ شەهرزادی موجاب

ئامادە کردنی: یونس. م



**پ: مەبەستی تۆ لە سەفەری ئەم داوییانەت بۆ کوردستانی عێراق چیبو؟**

و: ئەمن بۆ ماوەیەکی کورتی ٢هەفتە هاتم بۆ کوردستانی عێراق زۆرتر بۆ ٣ هەدەف یەکێك بۆ ئەوەی دەمهەوێت بزانم کە تەجروبە و دەسکەوتی ڕێکخراوی ژنانی کوردی عێراق لە ساڵی ٩١ دوای ڕاپەڕین تا ساڵی دەرگیری کوردستانی عێراق یەعنی ساڵی ٢٠٠٣ واتە ئیشغاڵی ئامریکا چۆن بوو وە ئەوەی کە ئیرتباتی نێوان ڕێکخراوی ژنانی کورد لە کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوەکان و ئەفرادی فەعاڵی سیاسی ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات چۆنە؟ ئەوە لێکۆڵینەوەیەکە کە ئەمن لە تەرەف زانکۆی تورێنتۆوە دەیکەم. دوهەم هەدەفم ئەوە بوو کە ئەمن لە مێژە لە سەر مێژووی ژنانی کۆمەڵە لێکۆڵینەوە دەکەم. لە گەڵ ژنانی کۆنە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات وتووێژم کردوە وە زۆرم پێ خۆش بوو بزانم ژیانی ژنانی پێشمەرگە لە ئوردوگاکانی کۆمەڵە چۆنە؟ چونکە هەم زۆرم بیستبوو هەم عەکەسەکانیانم لە ساڵانی پێشوەوە دیتبوو و هەم ئەوەی کە ژنانی پێشمەرگەی کۆن و ئەوانەی کە هێشتا فەعالن زۆریشم بەحس کردوە لە گەڵیان بۆیە دمهەویست ئەو شتانەی کە بیستومن لە نزیکەوە ببینم. سێهەمیشیان ئەوەی کە ئەمن زۆر لە مێژە کە لە بەینی زانکۆی تۆرێنتۆ و زانکۆی سلێمانیە قەراردادی ئاکادمیکم داناوە وە ئەوسەفەرە مەجالێك بوو کە لەگەڵ زانکۆی سولێمانیە و وەزارەتخانەی کاری باڵا و مەسئولینی هەرێمی کوردستان و ئەندامەکانی یەکێتی بەحسی دامەزرانی موتالعاتی ژنان لە زانکۆی سلێمانیە دانیشتنمان بێ. ئەوە بوون ئەو سێ هەدەفەی من لە سەفەری ئەم دواییانەم دا.

**پ. لە سەردانەکەدا بۆ کوردستانی عێراق کە لە نزیکەوە لە گەڵ کۆمەڵێك لە ژنان سەردانت کردن و چاوپێکەوتنت کرد وەزعی ژنان ئێستا لە کوردستانی عێراق چۆن دەبینی؟**

و. ئەمن هەر وا وتم لە دوای ڕاپەڕین وەزعی ژنانی کوردستانم لە دورەوە دونباڵ کردوە لە ساڵی ٢٠٠٠ یش سەفەرێکی کورتی دیکەم کرد بۆ ئێرە وە ئەوانەی کە هەر چی دەگوزەرێ لە خەبەر و لە دیداری ژنی مەسئولین ورابەرانی ڕێکخراوەی ژنان کە دێنە دەرێ لە کۆنفڕانسەکانی دەرێ بەشداری دەکەن یاهەر وەها لە تەریق ڕۆژنامەکان وئەخبار وئەوانەی کە لەسەر ئینترنێت دا هەیە لە نزیکەوە ئاشنا بووم، بەڵام بە هاتنم بۆ ئێرە و لە نزیکەوە دیتنی شتەکان زۆر شتم بۆ روون بۆوە . نوکتەی ئەوەڵ ئەوەیە کە ئەمن پێم وایە ڕێکخراوەی ژنان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له كوردستان ئێستا خەباتی ئیجتماعی دەکەن یەعنی خەدەماتی ئیجتماعی بە ژنان دەکەن نەك ئەوەی کە خەباتی سیاسی بکەن. ئەوەی دوایی تەوزیح دەدەم کە مەقسودم لەوە چییە؟ ئەمن پێم وانییە کە خەباتی ئیجتماعی لە خەباتی سیاسی جیایە بەڵام پێم وایە کە جۆرێك خەباتی ئیجتماعی و خەدەماتی ئیجتماعی بۆ ژنان هەیە کە باری سیاسی ئەو کەمەوە ئەمن پێم وایە ئێستا رێکخراوی ژنان لە کوردستانی عێراق زۆرتر ئەو خەباتە ئیجتماعیە دەبەنە پێشیٚ یەعنی چی ئەوە؟ یەعنی ئەوەی کە مەسەلەن زۆرتر پەناگاە بو ژنان دادەنێن یا مەسەلەن بە هۆی ئەوە کە ژیانی ژنانی ئەنفال کەمێك خۆشتر بکەن کەمێك لە باری ئەو زوڵم وستەمەی کە لە ژنانی ئەنفال کراوە کەمتر کەنەوە، سەبارەت بەوە کاردەکەن جەریدەی زۆر دەدەنە دەریٚ یا بەرنامەی رادیوییان داناوە، گوڤاریان داناوە. بە عیبارەتێکی دیکە ئەگەر بە موختەسەر بڵێم ئەوەیە کە موشکلێکی ئیجتماعی ژنان دەبیننەوە وە سەبارەت بەو رێکخراوەیەك دادەنێن وە سەعی دەکەن بە جۆریك ئەو موشکلە بۆ ژنان حەل بکەن لە بەر ئەوەیە کە زۆرتری ریکخراوەکان لە سەر مەسەلەی تەلاق کار دەکەن یا لێکۆڵینەوە دەکەن یان لە سەر مەسەلەی خودسوزی ژنان کار دەکەن، لە سەر مەسەلەی خەتەنە لە کوردستان کار دەکەن یا کوشتار بە ناوی شەرەف یان توندوتیژی دژی ژن، سەبارەت بەو مەسائیلە کار دەکەن. چۆنیش کار دەکەن؟ زۆرتر ئەوەیە کە جەلەسە و بەحس دادەنێن یان مەسەلەن ریکلامی تەبلیغاتی لە رادیو لە تەلویزیۆن و لە شوێنە جۆراوجۆرەکان دایدەنێن. مەسەلەن زۆر جالبە کە موجەسەمەی ژنێك کە خەریکە زەنجیری ئیسارەتەکەی خۆی دەپسێنیٚ ئەوەیان لە دەروازەی شار داناوە یان مەسەلەن ژنێکی تر کە خۆی دەسوتێنیٚ وەلی خەریکە لە و خۆسوتاندنە رەهایی خۆی یان ئازادی خۆی دەبێن.یٚ ئەو جۆرە ئیقداماتی تەبلیغاتی و ئیقداماتی ئیجتماعییە بۆ ئەوەیە کە خەڵکەکە کەمێك هوشیار بکەن سەبارەت بە توندوتیژی ژنان یان کارێك کە زۆری دەکەن و زۆر بەرنامەی لە سەر دادەنێن بەرنامەی رۆژی ٨ی مارسە. ئەو جورەکارانە زۆر دەکەن بەڵام مەسەلەیەك کە من مەترەحی دەکەم ئەوەیە کە بۆچی بەوانە دەڵێم زۆرتر حەرەکاتی ئیجتماعین بۆچی ئەوە حەرەکەتی سیاسی نییە؟ بە نەرزەی من هەر حەرەکەتێکی ئیجتماعی بۆ خۆی حەرەکەتێکی سیاسیە ناتوانین ئەوانە لەیەك جیا بکەینەوە بەڵام مەفهومی سیاسی کە من لێرە بەکاری دەهێنم بەومەعنایەیە کە بەنەزەری من ئەو حەرەکەتە ئیجماعیەی کە ژنانی کوردی ئێرە دەیکەن، ئەوە فەردە کە کار دەکا و بە شکڵی جونبشی دیموکراتیکی رادیکاڵی فمنیستی نییە وە ئەوە رێکخراوە کەخەدەماتێك ئیرائە دەدەن لە واقع خەدەماتێك کە دەبیٚ دەوڵەت ئەو کارانە بکات نە رێکخراوەی ژنان ئەوە وەزیفەی دەوڵەتە کە سەبارەت بە خودسوزی، خود کوژی، قەتڵی ناموسی، قەتڵی شەرەف، تەلاق، ژیانی ژنان خۆش بکات، لە سەر مەسئەلەی ئازادی و بەرابەری ژن کار بکات ئەوە شتێکە کە دولەت دەبیٚ دایمەزرێنیٚ. وە دەر نەتیجە وەزعێك کەئێستا هاتوەتە پێشیٚ هەمووی ئەوانە رێکخراوەی ژنان دەیکەن وە ئەوە دەخوازیٚ رێکخراوی ژنان زۆرتر یارمەتی دەوڵەت بدا کە برێك ئیقداماتی خۆی کەمێك ریفۆرم بکات دەرنەتیجە ئەو رێکخراوانەی ژنان زۆرتر ئەو کارانەی کە دەیکەن کارێکی رێفورمیستیە چونکە ناتوانن هیچ تەغیرێکی ئەساسی لە وەزعی قەوانینی دەوڵەتی بدەن، مەسەلەن قانونی ئەحواڵی شەخسی، حەقی تەلاقی ژنان، مالکیەت، وەراسەت، حەقی سەرپەرەستی منداڵ هەمووی ئەوانە و موهیمترینیش حەقی مالکیەت و حەقی ژیان حەقی ئابوری بۆ ژنان ئەوانە ناتوانن بکەن دەرنەتیجە داخوازیەکەیان خەدەماتی ئیجتماعیە وە لە باشترین حاڵەت شتێکی ریفۆرمیستییە یەعنی بە ریفۆرم رەوابتی ئیجتماعی دروست بکەن نە ئەوەی کە بتوانن کە قوانینی بەرابەر بۆ ژن و پیاو دابنێن.

ئەگەر کە ئیمە ئاوا فکر بکەین کە چۆن دەتوانین ئەو داخوازیە ئیجتماعیانە تەبدیل بە حەرەکەتێکی سیاسی بکەین، رێکخراوی ژنان کاتێك دەتوانن حەرەکەتێکی سیاسی بکەن کە ئەوەڵەن بە شکڵی جونبشێکی ژنان بێنە دەریٚ دووەمەن مەسئەلەی ئەسڵییان ئاشکرا کردن وە دژایەتی کردنی پیاو سالاری بێ پیاو سالاری مەخسوسەن لە وڵاتی کوردستان و لە زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیاوسالاری فئودالی مەزهەبی ناسیونالیستی سەرمایەدارییە، یەعنی فەقەت هەر پیاوسالاری نییە،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیاوسالارییەکە کە تەواوی ئەو خەسڵەتانەی تیا تێکەڵاوە یەعنی ئەگەر رێکخراوەی ژنان یا ناتوانێ ئەو مەسئەلە چارەسەر بکات و موبارزەیەکی ئەساسی وتێگەیشتوو سەبارەت بە مەسئەلەی پەدەرسالاری کە گوتم لە گەڵ مەسئەلەی فئودالی و مەزهەب و ناسیونالیزم و سەرمایەداری تێکەڵاوە، ئەوە فەقەت هەر خەدەماتی ئیجتماعی دەکات ئەوەنییە کە بتوانێ حەرەکەتێکی سیاسی بەرێوە ببات. بە نەزرەی من ئەو جۆرەی کە تێیگەیشتووم و ئەو سەردانەی کە کردومە و نوسراوەکانی رێکخراوەکانی ژنانی کوردستانم خوێندۆتەوە و لەگەڵ رابەرەکانی قسەم کردوە ئەمن پێم وایە کە قەد بە باشی لە مسئەلەی مەرد سالاری حاڵی نەبوون وە ئەوەیە کە لە سەریشی کار ناکەن و لەدەستوری بەرنامەی حەرەکەتی ئیجتماعی سیاسیەکەشیان دانییە.

لە باشترین حاڵەت پیاو سالاری فەقەت بە شکڵی مەسائلی کلتووری و سونەت و ئایین تەوزیح دەدەن ئەوە دەڵێن کە کلتوری ئێمە ئەوەیە ناڵێن پیاو سالاری لە کوردستان چۆن کار دەکات نایبینن کە پیاوسالاری لە زەباندا هەیە لە فەرهەنگ دا هەیە لە هونەردا هەیە لە رەوابتی نێو ماڵ و خانە وادەدا هەیە لە ئەحزابی سیاسیش دا هەیە، وە چوون ئەوە نابینن ناتوانن تەحلیلێکی باش لە ئیدئۆلۆژی مەردسالاری سەرمایەداری فئودالی مەزهەبی و حەتتا لە تەئسیری شەڕ چ شەڕی پێشمەرگایەتی چ شەڕی ئێستا لە دژی ئامریکا کە کوردستانی داگیر کردوە ببینن وە ئەسڵەن لە دەستووری کاریان نییە. ئەمن ئەوە بە گەورەترین موشکلی رێکخراوەی ژنان کوردستانی دەزانم.

**پ: بەڵێ سپاس هاورێ شەهرزاد بۆ تەوزیحاتەکەت بەڵام هەر وەك خۆشت دەزانی کۆمەڵێك رێکخراوی ژنان هەن لە کوردستانی عێراق کار دەکەن سەرفی نەزەر لەوەی کە چەند دانەیەکیان پێش ئینتفازە پەیدا بوون باقیەکانیان لە دوای ئینتفازەی ١٩٩١ وە لە کوردستان پەیدا بوون، تۆش کە لێکۆڵینەوەیەکی دور و درێژ و پربە پرت لە سەر مەسەلەی ژنانی کوردستانی عێراق هەبووە حەز ئەکەم خۆت باسی ئەوە بکەی کە ئەو رێکخراوانەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراق بۆ ژنان کار دەکەن چۆن پەیدا بوون؟**

و: خەباتی ژنانی کوردستانی عێراق خەباتێکی دورودرێژە. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش راپەرینی ٩١ هەر ئەوەی کە خۆت باست کرد. رێکخراوەی ژنان لەوێ بۆ بەشداری دەکەن بە نەزەری من ئەوە دەبێ جیابکەینەوە و زۆریش موهیمە. یەکێك ئەوەی کە مەسەلەن ئەوەی کە یەکێتی پێشمەرگەی ژنی هەبوو بەڵام نە ئەوەی بەشکڵی خەباتێکی زۆر گەورە و موهیم بێ بەڵام ژنان لە نێو شاری سلێمانی و شارەکانی تر خەباتیان دەکرد ئەوانە زۆرتر ئەوانە بوون کە ئیدەکانی سوسیالیستی و چەپیان هەبوو وە خەباتی ئەوان خەباتێکی زۆر گرینگ بوو. من لە قسە کردن لەگەڵ رابەران و فەعالینی جونبشی ژنانی کوردستان ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تەوجوهێکی زۆر کەم بۆ مێژووی خەباتی ئەو ژنانەی کە لەشاری سلێمانی کە لە ژێر دەستی رژیمی سەدام دا بوو چەندەش ژیان سەخت بوو ئەو دەم، بەڵام ئەوانە بە عنوانی نیروی چەپ بە عنوانی ژنانی سوسیالیست خەباتیان دەکرد و خەباتێکی زۆر موهمیان دەکرد و بە شوجاعەت و جەسارەتیش خەباتیان دەکرد بەڵام بەداخەوە ئەو مێژوو نەناسراوە. یەکێك لە شتەکانی کەمن کردومە لەو سەفەرەدا ئەوە بوو کە ئەو ژنانەی کە لەو خەباتەدا بەشدار بوون تەشویقیان بکەم کە مێژووی خۆیان بنوسن. ئەو میژووە ئەو خەباتە کە کردویانە بینوسن. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە تاریخی دەورەی موعاسر مێژووی جەدیدتری خەباتی ژنان لە کوردستان ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوای راپەرینی ساڵی ٩١. ئەوە دەزانین لەساڵی ٩١وە حکومەتێکی نیمە سەربەخۆیان لە کوردستانی عێراق دامەزراند. ئەوە بەحسێکی زۆری لە سەرە کە ئەوە چ جۆر حکومەتێك بوو کە بە ئینگلیسی پێی دەڵێن"یو ان دێ فاکتێد ئستەید"یانی نمونەیەك بوو کە دەوڵەت دامەزرا وەلی دەوڵەتی سازمانی میللەل بوو نە دەوڵەتی خۆی. دەوڵەتێك کە حوکمەتەکەی ئەو بە سازمانی میللەل بوو بەڵام واردی ئەو باسە نابین چونکە ئەوە بۆ خۆی باسێکی دورودرێژە کە ماهییەتی ئەو حکومەتە لە مەنتەقەی بەئیستلاح مەنتەقەی مەداری ٤٩ کە دەوڵەتی ئامریکا و ئینگلیس دەیپارێزێ لە هێرشی رژیمی سەدام، ئەوە باسێکی دورو درێژە زۆریش لە سەر ئەوە لێکۆڵینەوە بوو بەڵام شتێکی دروست بوو وە ئەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو کە بەرنامەی سیاسی ئەحزابی کورد ئەوە بوو کە لەو فورسەتەی ئیستفادە بکەن حکومەتێك دابنێن بە ئیستلاح سەربەخۆ بێت وە ئەوە بێ کە حکومەتی میللی مەدەنی دابنێن ئەوە بەحسی ئەوە کە حکومەتی مەدەنی دابنێن یەعنی"سیبلْ سوسایتی" دابنێن وە ئەوەی کە ئیجازە بدەن، ڕێگا بدەن بۆ ئەوەی کە نیروهای ئیجتماعی وەکو ژنان، وەکو خوێندکارەکان، وەکوو کرێکارەکان، وەکوو مەسەلەن ڕۆژنامە نوس، وەکو ئەحزابی چەپ هەموو ئەوانە سەر بگرن بە عنوانی نمونەی دامەزرانی حکومەتێك یان نیزامێکی دێموکراتیك یان نیزامێکی مەدەنی. یەکێك لەوشتانەی کە لە نیزامی مەدەنی موهیمە بەشدای ژنانە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر دامەزرانی نیزامی مەدەنی و حکومەتی دەوڵەتی ئوروپایی و دەوڵەتی دەرەوەی وڵات چۆن دایناوە و بەشداری ژنان لەوبابەتە دا. لەو زەمینەیەدا چەند شتێك زۆر موهیمە یەکێك ئەوەی کە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوەی ژنان سەر بگرن ژنان بەشداری بکەن دەر نەتیجە بۆ نمونە حکومەتی هەرێمی کوردستان نمونەیەك بێت بۆ بەشداری کردنی ژنان لە فەعالیەتی ئیجتماعی سیاسیەوە زۆربەی سازمانەکانی سازمانی میللەل وەکوو یونسکو، یونیسف، یو.ان. هەموو ئەوانە هاتن پارەیان لێرە داناو وە زۆر یارمەتیان دا بۆ کارەکانی ئەوان زۆربەی زۆری ئەوە دەرئامەدی بەرنامەی قەراردادی۹۸۶ و ئەو بەرنامەیەی نەفت بەرابەر بە خۆراك ئەوانەش زۆریان داناوە بۆ ئەوەی کە ئیش بکەن لە سەر ژنان. دەوڵەتە ئوروپاییەکانی وەکوو سوئێد، وەکو نۆروێژ، وەکو هولەند ئەوانەش زۆر بەرنامەیان داناوە وە پارەیان دا بۆ مەسەلەی ژنان، ئەوە بۆ ئەوە بوو وە ئەوە زۆر موهیمە کە ئێمە ئەو مێژوە بەباشی بزانین چونکە دەزانین چی دەگوزەرێ و بۆ چی ئاوایە. ئەوەیە کە ژنان و وەزعی ژنان بەشداری ژنان لە جامعە و فەعالیەتی سیاسی ئەوە میزانی وەکوو دەرەجەیەکی دیموکراسی جامعە نیشان دەدات بەدەرەوەی وڵات بە دنیای غەرب ئێستا مەسەلەی دیموکراسی بەوە ئەندازە دەگرن. یەکێك لە معیارەکانی مەسەلەی مەدەنیەت ئەوەیە کە ژنان چۆن بەشداری دەکەن لە فەعالیەتی سیاسی _ ئیجتماعی. بنابەرئێن ئەوە بوو کە دەوڵەتی هەرێمی کوردستانیش دەیهەویێت خۆی نیشان بدات کە زەرفیەتی ئەوەی هەیە هەم سەر بە خۆبیت هەم مەدەنی بێت لەبەر ئەوە دەوڵەتی هەرێمی کوردستان زۆری پێ خۆش بوو وە پشتیوانی دەکرد لەوەی کە مەسەلەی ژنان مەترەح بکات ویارمەتی بدات ڕێکخراوەی ژنان دامەزرێنن. ژنانی کوردیش هەم تەجروبەی سیاسی وهەم تەجروبەی عەمەلییان بوو و ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو کە بەشداری بکەن لە بەر ئەوە ئەوانیش بەشداریان کرد. بەڵام شتێك کە دەبێ باسی بکەین ئەوەیە کە چ کەسانێك لەو ڕێکخراوانە سودیان برد و چ بەرنامەیەکیان دامەزراند؟ من پێم وایە کە زۆربەی ئەوەڵێن و گەورەترین ڕێکخراوەی ژنان کە دامەزران و زۆریش بەشدار بوون لەوەدا سازمانەکانی ژنانی وابەستە بە ئەحزاب بوون یەعنی ئەوانەی کە سەر بە خۆ نەبوون مەسەلەن یەکێتی نیشتمانی یا پارتی دیموکرات یان بەعزە ئەحزابێکی تریش مەسەلەن حیزبی شیوعی، حیزبی زەحمەتکێشان ئەوانە بەشی سازمانەکانی ژنانی خۆیان دامەزراند وە زۆر لەوە ئیستفادەیان کرد حەتتا ئەحزابی ئیسلامیش بەش و گروهی ژنانی خۆیان دانا. گروهێکی تر کە لەوە سودیان برد ڕێکخراوەی ژنانێك بوون کە لە زاهێردا سەر بە ئەحزاب نەبوون بەڵام لە بنەوە سەر بە ئەحزاب بوون ئەوە چۆن لە بنەوە سەر بە ئەحزاب بوون؟ مەسەلەن زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی کە کەسانی سەر بە حیزبێکی موشەخەسیان هەبوو مەسەلەن سەر بە یەکیەتی یان پارتی بوون دەسەڵات بوون وە ئەوکەسانە ئەگەر بەرنامەی دامەزرانی ڕێکخراوە و بەرنامەی ژنانیشیان تەرح دەکرد هەر لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبی خۆیاندا بوو. ئەوانە ئەو دو گروهەن کە زۆر سودیان برد لە بەرنامەی ئەو پرۆژەی بەئیستلاح مەدەنی کردنی حکومەتی کوردستان. بەڵام کەسانی سەربەخۆش هەبوون وەلی ئەو ئەفرادە موستەقلە یارمەتیان کەم بووو موشکلاتیان زۆر بوو وە ئەوەی کە بتوانن کاملەن موستەقل بن نەیاندەتوانی ڕێکخراوەی خۆیان دامەزرێنن. شتیك کە من دەمهەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە بە باوەڕ و بۆچوونی من ئەو ڕێکخراوانەی ژنانی کورد لە چوارچێوەیەکی موحافزەکارانە یەعنی لە دیدگای سیاسی موحافزەکارانەوە سەبارەت بە بەشداری ژنان لە فەعالیەتی سیاسی _ ئیجتماعی، دامەزران. ئەوەش بەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەلیلەیە کە زەمانێك ئەو رێکخراوانە لە کوردستان دادەنێن کە کوللەن جونبشی بەینەلملەلی ژنان و جونبشی فمینیستی لە سەتحی جیهانی دا بە ڕوی چەرخشێکی محافزەکارانە و ئوفتێکی سیاسی ببۆوە، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە من پێم وایە ئەو لێکۆڵینەوەی کە من دەیکەم زۆر نیشان دەدات کە چۆن بوو لە مەنتەقەیەکی وەکوو کوردستان وەزعی ژنان دەکرا هەر دەقیقەن لە چوارچێوەی وەزعی جونبشی فمنیستی و جونبشی ژنانی بەینەلملەلی بێت وەهەر ئەو ئوفتی فەرهەنگی _ سیاسییە بێت کە کوللی جونبشی ژنان لە جیهان لە ساڵانی ٨٠ بەدواوە کردویەتی.

**پ: شەهرزاد بەر لەوەی کە بچیتە سەر تەوزیح دانی ئەو چەرخشە پرسیارێکم لا گەلاڵە بو کە حەز دەکەم لەگەڵ تو باسی بکەم هەڵبەت داوای لێبوردن دەکەم کە قسەکەم پێ بڕی من یانی بەو تەوزیحاتەی کە تۆ دات ئەو نەتیجەیە وەردەگرم کە ئەو ریکخراوانەی کە دوای ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق پێکهاتن هەڵقولاوی نێو جامعەکە نە بوون یەعنی لە بەتنی جامعەکە نەهاتبونە دەرێ بەڵکو بەپێی هەندێك گەلاڵە و تەرحی مەراکزی بەینەلملەلی وەك سازمانی میللەل پێك هاتن وە هەریەکەی وەك بۆ خۆشت دەزانی یەکێك لە لقەکانی چەوساندنەوەی ژنانیان گرتەبەر و رێکخراویان بۆ پێك هێنا وە بەو قەناعەتەش دەگەم بۆیە ناتوانین مەسەلەن لێرە بلێین جونبشێك بە ناوی جونبشی ژنان لە کوردستانی عێراق لە ئارادایە هەر دەیگێڕمەوە سەر ئەوە کە لە بەتنی جامعەکە هەڵنەقوڵیوە نازانم ڕای تۆ لەو پەیوەندیەدا چیە؟**

و: منیش ئەو نەزەرەم هەیە بەڵام بەو توزیحەوە ئەوە دەبێ هوشیار بین کە باسی ئەوە ناکەین کە بلێین رێکخراوەی ژنان لە کوردستان بە دەستی خارجی دامەزرا ئەوە بەهەر حاڵ ژنانی کورد خەباتیان کرد و دەیانزانی موشکیل ومەسائلی ژنان چییە یا ئەحزابی کورد بەرنامەی ژنانیان هەبوو ژنان بەشداریان لە بەرنامەیان کرد بوو بەڵام ئەوە دەتوانین بلێین بێ یارمەتی سازمانەکانی دەرەوەی وڵات مەخسوسەن لە نەزەر ماڵییەوە یا دامەزرانی بەرنامەی مەدەنی دیموکراسی لە حوکمەی کوردستان ئەوان نەیاندەتوانی ئەو هەموە رێکخراوە لە کوردستان دابنێن وە من پێم وایە باسێکی دروستە چونکە دەگەڕێتەوە سەر نوکتەیەك کە دەڵێین بۆچی ئەو رێکخراوانە زۆرتر خەدەماتی ئیجتماعی دەکەن تا فەعالییەتی سیاسی. تەوزیحێکی دەقیقتر بۆوەی کە دەڵێم ئەو چەرخشی موحافزەکارانە وە یا ئوفتی ئەوە چی بووە وە چۆنە کە من دەڵێم ئەوە پەدیدەیەکی جەهانی بوو لە جونبشی ژناندا وە فەقەت بە ژنان کوردستان مەربوت نییە وە نوکتەی جالب ئەوەیە کە چۆنە کە لە کوردستان بێ ئەوەی کە پەیوەندی هەبێ بە جونبشی ژنانەوە لە دەرەوەی وڵات هەر دەقیقەن ئەو خەتی سیاسی و رەوشی سیاسییەی گرتە پێش کە ئەوانی تر گرتیانە پێش. ئەوە بە نەزەری من ئەوەیە کە دوای دەسکەوتێکی زۆر موهیم و گرینگ بۆ جونبشی ژنان لە ساڵانی ٦٠ی میلادی مەخسوسەن دەسکەوتی ژنانی رەش لە ئامریکا وە دەسکەوتی ژنان لە بەشدار بوون لە دژی شەری ڤییەتنام، ئەوانە مەسائیلێکی یەکجار گرینگ سەبارەت بە ئازادی و دیموکراسی و بەرابەری ژن و پیاو مەترەح بوو لە جونبشی ژنان و یەکجار رادیکاڵ بوو وە ئەوە موبارزەیەکی فیکری و عەمەلیەیەکی یەکجار گرینگی لە سەتحی دنیا مەترەح کرد کە بۆ ئەوەڵین جار مەسەلەی ژنان لە باری تەبەقاتیەوە یەك نین لە نەتیجە مەسەلەی ژنانی کریکار لەگەڵ مەسەلەی ژنی بۆرژوا یەك نییە. ئەوەی کە هەر دوکیان ژنن بەو مانایە نییە کە داخوازی ئیجتماعی و سیاسیان یەکێك بێت. یەکێك ئەوە زۆر مەترەح بوو یەکێکی تریش مەسەلەی خەباتی ژنان لە جیهان سهێەم لە دژی کولۆنیالیزم بوو. لێرەدا نە تەنیا مەسەلەی نابەرابەری بەینی ژن و پیاو هەیە نەتەنیا مەسەلەی تەبەقاتی هەیە بەڵکوو مەسەلەی خەبات لە دژی کۆلۆنیالیزم و ئمپریالیزمیشی تێدایە. ئەوانە هەم لە نەزەری موبارزەی تئۆریکی عەزیم وە موبارزەیەکی عەمەلی یەکجار گرینگ لە جونبشی جیهانی ژنان دەستی پێکردبوو کە خەباتێکی زۆر زۆر موهیم بوو بەڵام بە داخەوە وەکو هەموو جونبشەکانی دی دوای ساڵانی ٦٠ وەهەر وا کە بەرەو روی ساڵانی ٧٠ دەڕۆین هەموو جونبشەکانی ئیجتماعی ژنان،کرێکار، خوێندکارەکان، جونبشی دژ بە شەڕی ڤیەتنام، هەموو ئەوانە دنیای سەرمایەداری سەرکوتی کرد لە بەر ئەوەی کە دیتی ئەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەمووە جونبشە ئیجتماعیە ریشەی سەرمایەداری ریشەی ئەمپریالیزم ریشەی کلونیالیزم دەکێشێتە ژێرسوئالەوە و تەبدیل دەبێتەوە بە نێهزەتێکی جیهانی کە خەتەرێکی عومدە بۆ دنیای سەرمایەداری بوو. لە بەر ئەوە شتێکی دیکەشی ئەو دەم کە ئێمە دەبێ لە نەزەر مێژوویی لە نەزەرماندابێ کە زۆر موهیمە، لە ئەواستی ساڵی ٧٠ جونبشەکانی دژی ئەمپریالیستی دەست پێ دەکات یەك دەوری جەدیدی دژی ئەمپریالیستی دەست پێ دەکات. ئینقلابی ئێران خۆی یەکێك لەوانەیە کە یەکجار نەقشێکی تاریخی نەقشێکی مێژوویی موهیمی لە کوللی خەباتی دژی ئەمپریالیستی لە دنیا دەگرێتەوە. ئێران و نیکاراگوئە لە نەزەر جونبشی دژی ئەمپریالیستی تەقریبەن هەمزەمان بوو. بەڵام بۆ ئەوەی سەرکوتی بکەن بوحرانی ئیقتسادیش کە هەیە خەڵکەکەی یەکجار ناڕازین لە وەزعی ئابوری وەزعی سیاسی. نیروهای موحافزەکار لە هەموو شوێنێك دێنە سەرکار. لە ئامریکا رەیگان دێتە سەرکار. مەسەلەن لە کانادا نیروی سیاسی موحافزەکار دێتە سەر کار لە بریتانیا دەورانی موحافزەکاری تاچێرە ئەوە دێتە سەرکار. لەو بەرەشدا هەروا کە گوتم ئاشوبێکی ئابوری سیاسیە ئامریکای لاتین وەزعی زۆر خراپە لە نەزەری ئیقتسادیەوە ئافریقا، ئاسیا هەمووی ئەوانە. لە نەتیجە لەو وەزعە دا دنیای سەرمایەداری تەسمیم دەگرێ ئەو وەزعە کۆنتڕۆڵ بکات وەناهێڵێ بە جونبشێکی عەزیمی دژی ئەمپریالیزمی سەرمایەداری تەبدیل بێت ئەوەی کە چۆن ئەوە سەرکوت دەکات، ئەوەیە کە بەرنامەیەکی ئیقتسادی عەزیم دادەنێ بۆ ئەوەی کە بازار گەورەتر و عومدەتر بکات بازارەکەی گوستەرش بدا.

وە دەرنەتیجە مەسەلەی ژنان لەو وەزعی ئاشوبە ئیقتسادیەوە تەبدیل بکات بە مەسەلەی فەرهەنگی، بە مەسەلەی بومی و مەسەلەی قەومی بو ئەوەی کە بڵێ خەباتی ژنی هێند جیبایە لە خەباتی ژنی ئێرانی لە خەباتی ژنی نیکاراگوئە یا لە ژنی ئافریقایی کە پەیوەندی ئەوان جیا بکاتەوە و بڵێ خەباتی ئیقتسادی هەر کەسێك موشەخەساتی ئیقتسادی خۆی هەیە و رەبتی بە دنیای سەرمایەداری ئەمپریالیزم نییە ئەوانە شتێکی تایبەتییە و هەر مەنتەقەیەکی دنیا بۆ خۆی جیاوازە. وە دەرنەتیجە بەرنامەی خسوسی کردن و گوستەرشی بازار کە دایناوە بەو مانایە بوو کە خەدەماتی ئیجتماعی کە دەوڵەت دەیدا مەخسوسەن ئەوانەی کە بۆ مەسەلەی ژنان بوو کە دەوڵەت ئەو کارانەی زۆر دەکرد تەبدیل بوو بە دامەزرانی بەشی خسوسی کە ئەو خەدەماتی ئیجتماعیەی کە دەوڵەت وەزیفەی بوو بیدا، بەشی خسوسی بیکات. یانی چی بەشی خسوسی؟ یانی چی بکا مەسەلەی بەشی بێهداشت، تەندروستی، ئاموزش، حەقی بازنشستەگی، بەڕێوە چوونی ژیانی ژنان مەسەلەن دامەزرانی مەهدی کودەك هەمووی ئەوانە بوەتە کاری بەشی خسوسی کە ئەو کارانە بکات. پروژەی گوستەرشی بازاری جیهانی و دروست کردنی سازمانە گەورە تجارەتیەکان مەسەلەن دروست کردنی سازمانی تەجارەتی جیهانی W.T.O یا سازمانە گەورە مالیەکانی تەجارەتی جیهانیانی وەك سندوقی بەینەالملەلی پول کە ئەوانە بەرنامەی ئەساسی کولی دنیای سەرمایەدارییان بە خسوس کردنەوەیان بەرەو پێش برد.

وە ئەوە بوو کە حەتتا مەسەلەن دەوڵەتەکانی ئیسکاندیناوی کە بەرنامەی تایبەتی بۆ ئەوانەی کە ریفاهی ئیجتماعیان هەبوو وە مەخسوسەن رفاهی ژنان، بە هەموو ئەوانەوە بە تەدریج لە بەین چوو لە ساڵانی ٨٠ لە بەین چوو و ئێستاش رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبێتەوە و بەرەو خراپ بوون دەچێت.

**پ: مەبەستت دەوڵەتەکانی رفاهە؟**

و: دەوڵەتەکانی رفاهە لە نەتیجەدا ئەگەر ئێمە باسی ئەوە بکەین کە تەئسیری ئەو پرۆسەیە لە سەر جونبشی ژنان چی بوو ئێستا لێکۆڵینەوەی زۆر باش هاتوتە دەرێ

مەسەلەن دونیای ئامریکای لاتین و هێند و ئافریقا ... کە دەڵێن ئەوە بوو کە جونبشی ژنان ئەو پروسەیەی تەبدیل کرد بە رێکخراوەکانی ئەفرادی خسوسی یەعنی بوەتە رێکخراوەی فەردی، موتەفەرەقە بوو، لەت و پار بوو، بوەتە رێکخراوەی فەردی لە جیاتی ئەوەی کە جونبشی ئیجتماعی بیّ. دوهەم ئەوە بوو کە رابەری جونبشی ژنانی تەبدیل کرد بە گروهێکی یا فەردێکی یا دەستەیەکی چکۆلە کە ئەو ریکخراوەیە بەڕێوەی بەرن وە لە جیاتی رێبەرانی جونبشی ژنان مودیران و مەسئولانی رێکخراوی ژنان دروست بوو یانی ئەوانە بوونە مەنی جرس وەکو ئیدارە وەکو بیزنس ئەوانە بە رێوە ببن دوایی ئەوە بوو کە وەزیفە و هەدەفی رێکخراوی ژنانی مەحدود کرد بۆ ئەوەی کە هەر خەدەماتی ئیجتماعی بدەن یانی نەقشی دەوڵەتی پیّ بازی بکەن وە ئەوانە دەر واقع بۆ خۆیان بوون بە بەشی خسوسی، بەشی بازار. ئەو رێکخراوانە وەکو ئەوەی کە خەدەماتی ئیجتماعی کە دەوڵەت قەرار بوو بیدا دایان بە بازار بیدا، ئەوانەی جونبشی ژنانیشی دا بە ریکخراوەی ژنان بیدا ئەوە ئەو پروسەیە بوو کە ... دروست کرد. من لێرەدا دەمهەویّ نوکتەیەك بڵێم: ئەویش ئەوەیە کە وەختێك من ئەو باسەدەکەم دەڵێن ئەو بیرو باوەڕەی تو ئیشکالێکی تێیدایە ئەو ئیشکالەش ئەوەیە کە رێکخراوەی ژنان یەعنی N.G.O بۆ خۆی سەر بە خۆیە چون نە بە ئەحزاب وابەستەیە نە بە حکومەت وابەستەیە نە بازارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە دەڵێن ئەوە بەشی مەدەنی و دامەزرانی رێکخراوە یان N.G.O ی ژنانی یەعنی ئەوەی کە هەر سەر بە خۆبێت و ئەوە تۆ ئەو جۆرەی کە تەوزیحی دەدەی کە ئەوەی دەڵێی سەر بە خو نییە ئەوە دروست نییە بە نەزەری من ئەوە دیدگاهێکی لە نەزەری تئوریك دیدگاهێکی غەڵەتە لە دەرکی N.G.O وجامعەیەکی مەدەنیەوە. ئەوەش بۆ ئەوەیە کە جامعەی مەدەنی لە دنیای سەرمایەداری کە پەیدا بووە و باسی دەکەن ئەوەیە کە دەڵێن ئێمە سازمانەکانمان دەویّ، رێکخراوەنی ئیجتماعیمان دەویّ، جونبشی ئیجتماعیمان دەویّ کە موستەقیل لە دەوڵەت بیّ، لە حکومەت بیّ، وە موستەقیل لە بازاڕ بێت یەعنی پێی دەڵێن جێگای سێهەمی هەیە و ئەو کەسانە دەوڵەت، بازار و ئەو سازمانانە بە شکڵی سیّ لایەیەکی جامعە دەبینن. پەس تەوزیحی من بۆ ئەوە ئەوەیە کە من پێم وایە لە جامعەی سەرمایەداری هەر وەك جامعەی کوردستان ئێمە شتێکی ئاوا کە بڵێین هەر موستەقیلە و سەر بە خۆیە، شتێکی وا ناتوانین بیبینینەوە بە جۆریك کە هەم سەر بە حکومەتە هەم سەر بە بازارە لە نەتیجەدا ئەو باسە کە ئەگەر رێکخراوەی ژنان موستەقیل لە حکوومەت بن، سەر بە خۆن، ئەوە نییە من پێم وایە کە ئەوە دیدێکی غەڵەتە وە دەرنەتیجە ئەو بەرنامە سیاسی و ئیجتماعییەش کە بۆ ژنانی دادەنیّ لە دیدێکی خراپەوە دایدەنیّ. نوکتەیەکی دیکە کە هەیە و من هەمیشە لە باسی جامعەی مەدەنی دا کردومە، ئەوەیە کە وەختێك موهیمترین شەرت و مەرجی جامعەی مەدەنی ئەوەیە کە حکومەت بۆ خۆی حکومەتێکی دیموکراتیك ومەدەنی بێت یا حیزبەکە بۆ خۆی حیزبێکی دیموکراتیك ومەدەنی بێت وە ئەوە بەومانایەیە کە بەرنامەی بەرابەری ژن و پیاو لە دەستووروڵعەمەلی خۆیدا بێت، بەرنامەی دژی پیاو سالاری لە دەستوروڵعەمەلی خۆیدا بێت. من هەمیشە پێم وایە کە بەرنامەی بەرابەری ژن و پیاو بەرنامەیەکی کورتە، بەرنامەیەکی مەحدودە ئێمە بەرنامەیەکی درێژ مودەت و بەرنامەیەکی ئەساسی، ناسین و ریشەکەن کردنی پیاو سالاریە. ئەوە فەرقی هەیە، بەرابەری ژن و پیاو بەشێك لە ناسینی پیاو سالارییە نە ئەوەی کە بتوانیّ پیاو سالاری لە بەین بچێت. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو مێژوە کە خەریکم باسی لێوە دەکەم و ئەو باسانە مەسەلەی جونبشی ژنانی کوردستانیشی تێیدا، و ختێك کە لە تەجروبەی ژنانی ئامریکای لاتین وئامریکای جنوبی وئامریکای شومالی و ئافریقا و ئاسیا و هەموو ئەوانە چاو لیّ دەکەین، زۆربەی رێکخراوەی ژنان یان N.G.O ی ژنان لە باشترین حاڵەت دەیانتوانی دەسکەوتێکی ریفورمیستییان هەبیّ لە مەوردی ژناندا.

مەسەلەی ریفورم چۆنە یانی وەختێك دەڵێم دەسکەوتی ریفورمیستی هەبیّ یانی چۆنە؟ یانی مەسەلەن ئەوانە دەیانتوانی ژنان فێری مەهارەتی تازە بکەن، مەسەلەن کامپیوتریان فێر بکەن یان فێری درومانیان بکەن یان فێری بەعزەکارێکی تکنیکی و غەیرە تکنیکییان بکەن. چۆن منداڵ بەخێو بکەن؟ چۆن باشتر بە ماڵی خۆیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

رابگەن و ئەو جورە شتانە. نوکتەیەکی زۆر جالب ئەوەیە کە من ئێرەم نەدیتوە زۆربەی N.G.O کان دیکەی جێگاکانی تری دنیا ئیدەیەکیان هەیە بە نێوی ئەوە کە توانایی و هوشیاری بە ژنان بدەن، توانایی و هوشیاریدان بە ژنان بە مانای ئەوە نییە کە دیسانەوە بگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە مەسەلەی سەرمایەداری و پیاو سالاری و ئەوانە بەدیدگای فمنیستیەوە فێربن، فەقەت ئەوەیە کە داخوازی بەرابەری قانونی وە داخوازی ریفورمیستی بۆ ژن و پیاو بکەن و ئەوەی کە مەسەلەن بڕێك لە مەوردی وەزعی ئابوری ژنان بەشداری بکەن. ژنانی تەوانمەند بیکەن کە بتوانن بۆ خۆیان کەمێك ئیستقلالی ماڵیان هەبێ یانی ئەوەکە دەرئامەدیان هەبێ کارێك بکەن مەسەلەن درومان یا خەباتێکی ناسیونالیستی بۆ دامەزرانی حکومەتی جەدید و ئەوانەدا بوو کە ئەوە خۆی شتێکی زۆر تایبەتییە و موشەخەسەیەکی خاسی خەباتی ژنانی کوردە. بەڵام حەتا لەو چوارچێوە تایبەتییەی کە چاوی لێ دەکەین ئەو رەوشە جیهانی‌یە هەر تیکرار دەبێتەوە و رێکخراوە و N.G.O کانی ژنانی کوردستانیش هەر وای لێهاتوە.

**پ: ئەرزیابی خۆت لە رێکخراوە N.G.O کانی ژنان لە کوردستانی عێراق چی‌یە بە سەرنج دان بەوەی کە لەم ماوەیەدا سەردانی هێندێکیانت کردوە و لە نزیکەوە دیتووتن؟**

و: ئەو ئەرزیابییەی کە من دەیکەم دیسان هەر ئەوە رەوشە جیهانیە نیشان دەدات وە ئەوە بەنەزەری من شتێکی تایبەتییە. من وای دەبینم کە موشکلی گەورەیان



کاری دەستی کە بۆ خۆیان دایبنێن. ئەوە پرۆژەی کوللی ئەو N.G.O یانەیە لە هەر شوێنێکی دنیا بێ. یەعنی حەتتا لە دامەزرانی پرۆژەکان و بەرنامەی سیاسی و ئەساسی N.G.O کان چاو لێ بکەی حەتتا لەیەك وشە لەیەك بەرنامە و لەیەك تەرح ئیستفادە دەکەن وە ئەوە بۆ من زۆر جالبە کە حەتتا دەبینم کە لە کوردستانی عێراقیش دەقیقەن هەر ئەوانە تیکرار دەبێتەوە.

**پ: دەتوانین بەوقەناعەتە بگەین کە لەت بوونی رێکخراوەکانی ژنان وە خسوسی بوونی ئەو رێکخراوانە مەسەلەن ئەووێکە رێکخراوەکە کەسێك، ٢کەس و ٣کەس هەموو شتەکانی بەدەستەوە بگرن، مودیریەت و هیدایەت و هەمووشتێکی؟ ئەوە شتێکی جیهانییە یان تەنیا موختەس بە کوردستانی عێراقە؟**

و: هەروا کە باسم کرد ئەوە بە نەزری من شتێکی جیهانیە و موختەس بە کوردستان نییە ئەوەی بۆ من جالبە ئەوەیە کە خەباتی ژنانی کورد لە چوراچێوەی هەیە یەکێك ئەوەیە کە بەر ئەساسی پرۆژەیەکی خسوسی، پرۆژە بە پرۆژە کار دەکەن یەعنی موشکیلێکی ئیجتماعی ژنان دەبینن و ئەوە پێشکەش دەکەن بە N.G.O یەکی بەینەلملەلی یا ئەوەی کە N.G.O یەکی کوردی هەر لە کوردستانەوە وە پرۆژەی دەکەن. مەسەلەن دەڵێن ژنانی ئەنفال نیازیان هەیە کە لە باری ئیقتسادیەوە یارمەتیان بدرێ ئەوە دەکەنە پرۆژەیەکی ٢ مانگە و ٣ مانگە دەیبەنە شوێنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەن گەرمێن لە جێگاکانی دەوروبەری سلێمانیە کە ژنانی ئەنفال دەژین ئەوە دەبێتە پرۆژێیەك بۆ ئەوان و ئەوان بەم جۆرە بەرنامە دادەنێن.

ئەوەش ئیشکالە لە بەر ئەوەی کە ناتوانێ بەرنامەی درێژ ماوەی ئیجتماعی سیاسی دابنێ. دەبێ هەر موشکیلێکی ئیجتماعی ببینێ و موشکلێکی رۆژ هەبێت تا ئەو جێ بە جێی بکات وە دەرنەتیجە یەکێك لە موشکلاتەکانیان ئەوەیە کە فۆندی مەحدودی هەیە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فۆندەکانیش بەر ئەساسی پرۆژە بە پرۆژە کاردەکەن. موشکیلێکی تر ئەوەیە کە لە راپەڕینەوە تا ئێستا ئەگەر چاوی لیٚ بکەین تەقریبەن ١٤ ساڵ دەگوزەریٚ. کادرەکانی زۆربەی ریٚکخراوەکان یانی رابەری ئەوان سابت بوو، نیروی گەنج نیروی تازە کادری جەدید کە لە نەزەر دیدی سیاسی و فمینیستی پەروەردە بێت وە نیروی تازە بهێننەوە ئەوەیان نەکردوە وە رابەریەکەی هەر رابەریەکی سابت مایەوە وە ئەوە بۆ خۆی موشکیلێکە دەرنەتیجە هوشیاری فمینیستی زۆر کەمە حەتتا لە باشترین حاڵەت هوشیاری فمینستی لیبراڵییە کە لەوەش دورتر ناچێتەوە زۆر کەم دەبینن کە ئیستسنا بێت من ناڵێم نییە بەڵام قاعدە وایە کە لە باشترین حاڵەت دیدگاهێکی لیبراڵی فمینیستی هەیە و ئەسلەن دیدی فمینیستی تێیدا نییە. موشکیلێکی تر کەمن دەیبینم ئەوەیە کە هەموو ریٚکخراوەکان یەك شت دەکەن یانی کاری تیکراریان زۆرە وە ئەوە دەبێتە هۆی رقابەت لە بەینیاندا. ئەوە دقیقەن رەوابتی بازاڕییە، رەوابتی بیزنسە کە وادەکات رەقابەتی تێدایە، تیکراری کاری تێدایە وەکو ئەوە وایە کە تۆ کالایەکت هەبێت بتهەویٚ بیبەی لە بازار بیفرۆشی بۆ ئەو کارەش هەر دەبیٚ رەقابەت بکەی تا بتوانی کالاکەی خۆت باشتر بفروشی. لە بەر ئەوە مەسەلەن ٣ سەنتەر هەیە دروستە هەر کام بە تایبەتی بەرنامەی جیای خۆیان هەیە، بەڵام هەر کە هەن زۆر زەحمەت دەکێشن زۆر کار دەکەن بۆ ئەوەی کە بتوانن فەند وەربگرن کە پرۆژەیەکی پیٚ دابنێن بەڵام ئەگەر یەك بگرن لەوانەیە بە قازانجیان بێت وە بتوانن خزمەتیکی زۆرتر بکەن لە جیاتی ئەوەی کە لەت و کوت بن. دوایە مەسەلەی رقابەت بۆتە هۆی ئەوە کە بە شکلی رەقابەتی فەردی و شەخسیش بێت مەسەلەن ئەوانەی کە بتوانن دەسترەسیان بە دەرەوەی ولات بێت و باشتر خۆیان بناسن لە نەتیجەدا فەندی باشتر وەردەگرن. ئەوانەی کە بتوانن سەفەر بکەن بۆ کۆنفرانسی دەرەوە و شتەکانی خۆیان لە دەرەوەی ولات پەخش بکەنەوە و تەبلیغ بکەن دەر نەتیجە باشتر دەناسرێن وە ئەگەر لە دەرەوەی ولات فەند بدەن بەوانی دەدەن چونکە ریٚکخراوەکانی تر ناناسن دەرنەتیجە ئەو رقابەتە هەر عەینەن وەکوو رقابەتی کالایە کە رقابەتی بازاری دەرونی و بازاری خارجی هەیە.

شتێکی تریش کە من هەستم پێکرد ئەوەیە کە بڕێك خود سانسوری تێدایە لەو کارانەی کە دەیکەن. ئەگەر مەسەلەن موشکلێکی ئیجتماعی دەبینن لە جیاتی ئەوەی کە لە دیدی فمینیستیەوە چاوی لیٚ بکەن و رەخنەی لیٚ بگرن لە بەر مەسائلی سیاسی و مەسایلی سەر بە حیزب بوون چاو پۆشی لێدەکەن. مەسەلەن فەقەت تەوزیح دەدەن کە ئەوە سوننەتی ئێمەیە کلتوری ئێمەیە. ئەو خودسانسۆریە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوە کە دیدگاهێکی ریفورمیستیت هەبیٚ. دیدگایەك کە ناتوانی مەسەلەی پیاوسالاری مەترەح بکەیت، رەخنەی لیٚ بگریت و لە دژی بیت. یەکێکی تریش هەر لەو پەیوەندیەدا من پێم وایە کە زۆر زۆر کەم کاری دەکەن سەبارەت بەوەی کە ریشەی ئەو بەحسانەی کە دەیکەن لە مەوردی دین و سونەت ئاییین و کلتورو.... مەترح بکەن و زۆر باش بۆ خەڵکی تەوزیح بدەن. لەو بابەتەشدا من پێم وایە کە کەم کارییان کردوە تا ئێستا وە باسەکانی باشیان نەکردوە یەعنی خەباتی باشیان لەو زەمینەیەدا نە کردوە. بە نەزەری من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو مەسەلە دێموکراسی و مەدەنیەتەی کە هەیانە ئەوەیە کە هەر ئەو فەعالییەتە ئیجتماعیە بکەن تا فەعالییەتی سیاسی ئەگەر بیانهەویٚ فەعالیەتی سیاسی بکەن پێشیان پیٚ دەگرن نەك ئەوەی کە هەڕەشەیان لە سەر بیٚ بەڵکو فەند ناتوانن وەربگرن یا مەسەلەن ئەوە کە حمایەتی دەوڵەتیان لە سەر نابیٚ وە ئەوە بۆ خۆی مەحدودیەتێکی هەیە وە چۆن بەرنامەی سیاسی درێژ ماوەیان نییە ئەو بەرنامە ئیجتماعیانەی کە دایدەنێن لانی زۆر ئەوەیە کە مودام خۆیان خەریکن ورك شاپ دادەنێن. یانی ئەو ووٚرك شاپانە کە بە نێوی ئەندامەکانی رێکخراوەکان دایدەنێن، زۆرتر لە سەر ئەوەیە کە پرۆژە چۆن بنوسن، پارە چۆن پەیدا بکەن، ئەرزیابی بەرنامەکان چۆن بکەن، راپۆرتی چۆن بنوسن وە ئەو جۆرەکارانە دەکەن زۆرتر خەریکن ئەو مەهارەتانەی کە فێر دەبن مەهارتی ئەوەیە، نە مەهارەتی ئەوەی کە چۆن ژنان بەشدار بکەی، چۆن جونبشی ژنان دروست بکەی ئەوانە مەهارەتی سیاسین وە ئەوانە نیانە. وە دەرنەتیجە چۆن بەرنامەی سیاسی درێژماوەیان نییە وە بەر ئەساسی هەر ئەوەی کە باسم کرد پرۆژە بە پرۆژە کاردەکەن ناتوانن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بزوتنەوەی سەر بە خۆی دێموکراتیکی ژنانیان هەبێ وە هەروا بەشکلی ڕێکخراوەکانی لەت و پار ماونەتەوە. من دو نوکتەی تر باس بکەم پێش ئەوەی کە بگەڕێینەوە سەر نوکتەکانی تر، یەکێکی تریش ئەوەیە کە من هەستم بەوە کرد کە بۆ فەعالییەتی ژنانی عەرەب لە دنیای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مەتالب وە دەسکەوتی زۆریش بە زمانی عەرەبی هەیە کە زۆربەی ئەوانە دەتوانن لەوێ ئیستفادە بکەن چۆن دیدی ناسیونالیستی‌یان هەیە لەوانە ئیستفادە نەکەن من پێم وایە موشکلێکی گەورە هەیە مەسەلەن من ڕێکخراوەیەکم نەدیوە کە مەتالبی ژنانی فەلەستینی وەدەست کەوێ یان ئەوانە بزانن دەلیم کە ئەوە مەسەلەی زبانیش نییە ئەوانە دەتوانن لەوە ئیستفادە بکەن. وە بە نەزەری من حەتتا لە جونبشی ژنان یا دەسکەوتی ژنانی کورد لە تورکیە و ئێرانیش هێندی شت وەرناگرن. زۆر شتی قەومی و ناسیونالیستی ماوە لە کارکردن و خەباتی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئێرەدا. من پێم وایە نەبوونی دیدگاهی ئەنترناسیونالیستی وە ئەوەی کە ئەو کارانەی کە دەیکەن ناسیونالیستی و دژ بە عەرەبە بۆتە هۆی ئەوە کە نەتوانن لەدەسکەوتی ژنانی عەرەب مەخسوسەن ژنانی فەلەستینی شت فێر بن وە لەوە ئیستفادە بکەن کە ئەوە بە نەزەری من زۆر باشە کە ئیستفادەی لێ بکەن. شتێکی دیکەش کە من پێم وایە کاریان زۆر کەم لە سەر کردوە ئەوەیە کە رابتەیان لەگەڵ فەعالینی ژنی کوردی دەرەوەی ولات زۆر مەحدودە زۆرتر ئیرتباتی فەردیە تا ئەەوی کە مەسەلەن ئیرتباتی تەشکیلاتی یا سازمانی بێت. ئەوە نییە کە مەسەلەن زۆر سازمان و تەشکیلاتی ژنانی کورد لە دەرەوەی ولات هەیە ئەوەش بۆ خۆی مەحدودە بەلام من پێم وایە ئەگەر کە ئیرتباتی تایبەتیان هەبێ دەتوانن دەسکەوتی ژنانی کوردستانی عێراق بەرەو پێش بەرن. من ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی عێراق ئەو جۆرە ئەرزیابی دەکەم.

**پ: داوای لیبوردن دەکەم چون پرسیارم زۆر لا گەلالە دەبێ چونکە مەوزوعەکە گرینگەو دەبێ بە وردیش قسەی لە سەر بکرێ یەکیان ئەوەیە کە بەو تەوزیحاتەی کەدات ئەوە حاڵ و وەزعی ئەو ڕێکخراوانەی ژنانە کە N.G.O ن یان بە قەولی خۆیان دەڵێن سەر بە خۆن ڕێکخراوەکانیش کە حیزبەکان بە شێوەیەکی فورمال پێکیان هێناون ناتوانن بەدەر لە سیاسەت و پرۆگرامی حیزبەکانی خۆیان کاربکەن. ئەی باشە کەسانێك کە لە دەرەوەی ئەو دوانە دەیانهەوێ کارێك بکەن بۆ ژنان، دەیانهەوێ کارێك بکەن بۆ ئەوەی ژنان بەمافەکانیان بگەن یانی لانی کەم ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیەی کە لە سەریانە بڕێکی دابشکێنن، لەو مەقتەعە زەمانییەدا دەبێ چی بکەن بە بڕوای تۆ؟ بەشێکی تریشی پرسیارەکەم ئەوەیە دەتوانین بڵێین بە کوللی N.G.O کان مانعێکن لە سەر ڕێگای ژنان بۆگەیشتن بە مافەکانیان؟**

و: با لە پرسیاری دوهەمەوە دەست پێ بکەین من پێم وانییە کە N.G.O کان مانع بن بەلام جونبشی ژنان مەحدود دەکەن وە ئەویە کە دەبێ لە سەتحێکی بالاتر لە نەزەری سیاسی لە نەزەری خەباتی سیاسی لە نەزەری هوشیاری ژنان لە نەزەر دیدگای فمینستی دەبێ بیبەنە سەتحێکی سەرتر و تەبدیلی بکەن بە جونبشی یەکگرتوو و تەشکیلاتی دیموکراتیك بو ژنان کە بە هەر تەرز و فیکر و ئیدئولوژی و بیرو باوەڕی سیاسی هەموو ژنان بتوانن لەودا بەشداری بکەن. من پێم وایە پرسیاری یەکەمت کە ئەو ژنانەی کە بۆ خۆیان موستەقلن نە سەر بە ئەحزابن بۆ خویان ڕێکخراوە و N.G.O یان هەیە بەلام پێیان خۆشە بەشداری بکەن دەبێ چی بکەن، من پێم وایە لەو زەمینەیەدا دەبێ کاربکەن. دەبێ لە سەر ئەوە کار بکەن کە مەسەلەی ژنان نە کرێ بەشکلی پرۆژە و فەقەت بە شکلی موشکلێکی ئیجتماعی بیبینینەوە، دەبێ حەلی بکەین ئەگەر من چاوی لێ بکەم لە فاسلەی ئەو ١٤ساڵە ئەگەر بمهەوێ دوای ئەو شتانەی کە دیتومە و خوێندومەتەوە، نەتیجەی لێ وەر بگرم ئەوەیە کە من پێم وانیە لە کوردستانی ئەمرۆش تەغیرێکی ئەساسی لە ڕابتەی بەینی ژن وپیاودا پێکهاتبێ دوای ١٤ ساڵ خەبات و ئەو هەمووە ڕێکخراوە کە دایاناوە ئەو هەمووە خەباتەش کە کردویانە من نامهەوێ ئەوە باس بکەم کە خەباتێکی هەر هیچ بوو خەباتێکی یەکجار زۆریان کرد و جەسارەتی زۆریان هەبوو ئەو ژنانەی کە لەو ڕێکخراوانە و بەو مەحدودیەتانەی کردویانە بەلام نەیادەتوانی تەنانەت ڕابتەی قودرەت وە ڕابتەی بەرابەری بەینی پیاو و ژن دەسکەوتێکی کاریگەریان هەبێ ئەوە چۆنە؟ من بەر ئەساسی چی ئەو ئیدعایە دەکەم؟ بەر ئەساسی ئەوەیە کە ئەمڕو ئەگەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چاوی لێ بکەی دەستووری عێراق مەسەلەی دین و مەزهەبی تێدایە. ئێمە بۆ خۆمان دەزانین کە مەزهەب دژی ژنە هەر مەزهەبێك کە بێت، مەزهەبی ئیسلام بێت، مەسیحیەت بێت، یەهودیەت بێت هەموو مەزهەبەکان. مەزهەب بە ئیستلاح سازمانێکی ئیجتماعییە کە پیاو سالارانەیە وە پیاوسالاری و دیدی ئیدەئالیستی مەزهەبی مەترەح دەکات وە ناتوانیٚ حەق وحقوقێکی بەرابەر بۆ ژن و پیاو دابنێ. دوایی ئەگەر شتێکی تر چاو لیٚ بکەین، کە من کردومە، ئێمە مەسەلەن ناوەرۆکی ئاموزشی خوێندکارەکانی کوردستان چاو لیٚ بکەین. ئەویش ژن وەکو ئینسانێکی موستەقیل، ئینسانێك کە حەق و حقوقی بەرابەری هەیە مەترەح ناکات، دیسان ژن یان دایکە یان ئەوەی کە دەبیٚ خزمەت بە خانەوادە بکات، سەر پەرستی خانەوادە و ئەوانە وەلی من باسەکەم ئەو نییە کە ژن نابیٚ مەسئولی خانوادە بیٚ وەلی ئەوەی کە ئیستقلالی سیاسی و ئیقتسادی و رەوابتی دیموکراتیکی حاکم بیٚ بەر خانەوادە موحتەوای ئاموزشی نیشان نادات. ئەگەر موحتەوای فەرهەنگی و هونەری چاو لیٚ بکەین، ئەتو مەسەلەن ئەو بەرنامەی تلویزیون کە لە کوردستان چاوی لیٚ دەکەیت زۆربەی موسیقا زۆربەی ویدیوکانی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە ژن بە دوای هاوسەرەکەیدا بۆ رابتەیەکی عاتفی دەگەڕیٚ وە ئەوەیە کە تەواوی وابەستە بەو فەرهەنگ و کلتورەیە. ئەو فەرهەنگ و کلتورە تەنانەت لە باری هونەریش دا تەغیرێکی تێدا نابینن لە بەر ئەوەیە کە دەڵێم دەسکەوتی ١٤ ساڵی رێکخراوی ژنان، ئێمە لە چی دا دەبیٚ ببینین وەختیك لەوەدا نەیبینین؟ زبانی کوردی هێشتا زبانێکی دژ بە ژن ماوە فەرهەنگەکەی دژ بە ژن ماوە موحتەوای ئاموزشیەکەی دژ بە ژن ماوە. لە بەرچی وایە؟

من پێم وایە لە بەر ئەوەیە کە ئەوانە بە ئاگاهی فمینیستی، هوشیاری فمینستی و زانیاری فمینیستییەوە لەو بابەتەدا خەباتیان نەکردوە. من پێم وایە ئەو دیدگاهە مەحدودە فمینیستی لیبرالییە کە لە باشترین حاڵەت ئێمە باسی دەکەین ئەوە مەحدود بە قشری رەوشەنفکری شەهرییە حەتا ئەگەر ئەوەش بێت. بنابەرئین ئەگەر مەسەلەن ئێمە چاوی لیٚ بکەین لە یاسا و قەوانینی مەنتەقەی حکومەتی کوردستان، ئێمە بەرنامەی تایبەتی بۆ ئەوەی کە تەکلیفی ژنای ئەنفال ڕون بکەنەوە دایاننەناوە یەعنی قانون نییە قانونی غەیرە مەزهەبی سکۆلاریان دانە ناوە. فەتوای مەزهەبییان داناوە بۆ ژنی ئەنفال. فەتوای مەزهەبی چییە؟ ئەوەیە کە ئەگەر ژنێك ٢ ساڵ ئاگەهی لە رۆژنامە بدەی ژنی ئەنفال کە مێردەکەی خۆی نەماوە هاوسەرەکەی نەماوە ئەوە دەبیٚ ٢ ساڵ راوەستیٚ ٢ شاهیدیشی هەبێت تا تەکلیفی ڕون ببێتەوە کە ئەوە ژنی بێوەیە تا بتوانیٚ حەق و حقوقی وەراسەت و میرات و منداڵ و ئەوانە بەدەست بێنی. پەس ئەوە ١٤ ساڵە رێکخراوەی ژنان لەسەر ئەنفال کار دەکات بۆ دەبیٚ وەزعی ژنانی ئەنفال ئاوا بیٚ؟ یا ئەوەی کە حەقی مالکییەت، حەقی فەعالییەتی سیاسی، حەقی تەڵاق، حەقی هێزانەت، حەقی منداڵداری ئەو قانونە بۆ تا ئێستا نەیتوانیوە بیگۆڕن. شتێکی تر کە دەمهەویٚ باسی بکەم ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسیارەی کە کردت ئەوەی کە حزوری ژنان دامەزراوی رێکخراوەی ژنان لە جامعە دا بە خودی خود بەمەعنی ئەوەیە کە وەزعی ژنان و رابتەی بەرابەری بەینی ژن و پیاو دامەزرێنیٚ. بەنەزەری من ئەوە موهیمە لە بەر ئەوەشە کە پێم باشە کە رێکخراوەکان هەن وە دەسکەوتی باشیان هەیە بەڵام ئەوە تەنیا شەرت و مەرجی ئەوە نیە. شەرت ومەرجی ئەسڵی ئەوەیە کە رێکخراوەکانی ژنان بتوانن دیدگاهێکی فمینیستی دیموکراتیکی و رادیکاڵیان هەبێت کە ئەوان نیانە. نوکتەی ئەسڵی باسەکانمان کە تا ئێستا کردومانە دەگەرێتەوە سەر ئەوە. وە ئەوەیە کە ئەوان نەیاندەتوانی رابتەی قودرەت ( قودرەت بە مانای تەفاوەتی تەبەقاتی بە مانای قودرەتی پیاو سالارانە وە قودرەتی هەر رەوابتێکی سەرمایەداری کە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی تەبەقاتی وە حەتتا مەسەلەی ناسیۆنالیزمیش بۆ خۆی بەشیکی مەسەلەی قودرەتی تێدایە)، نیاندەتوانی ئەوانە واردی تەواوی عەرسەکانی کاری خۆیان بکەن و ئەوە بە عنوانی پرۆژەیەکی سیاسی مەترەح بکەن. لە بەر ئەوە ئێمە وەختێك کە دەڵێن بتوانین بیکەین و رابتەی قودرەت کە لە هەموو عەرسەکانی رەوابتی ئیجتماعی دابیٚ ، لە خانوادە دەتوانن مەترەح بکەن لە ستەحی کومەڵایەتی دەتوانن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەترەحی بکەن و لە ستەحی دەوڵەتیش دەتوانن مەترەحی بکەن لە سەتحی بازاریش لە ڕەوابەتی سەرمایەداریش مەترەحی بکەن. ئەگەر ئەوە بکەن یانی پیاو سالاری لەخانەوادەدا دەبینن لە کومەلگایدا دەبینن لە دەولەتیدا دەبینن و لە بازاریدا دەبینن وە چوون ئەوەیان نەکردوە یان بەومانایەیە کە ئەوان قەد نەیاندەتوانی خەباتێکی چالاك و باش و ئەوەی کە خەڵکەکەشی دەرگیەرە بیکەن ئەوەی کە ژنەکانی هەموو کوردستان دەرگیرنی بیکەن سەبارەت بە مەسئەلەی پیاو سالاری، سەرمایەداری،فئودالی، مەزهەبی، بیکەن.

من گەورەترین ڕەخنە کە هەمە لە ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەیە کە ئەو دەسکەوتەیان نەبوو وە دەرنەتیجە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لەگەڵ چ موشکلاتێك ڕوبەرون چون ئەو دەسکەوتە سیاسیەیان نەبوو.

**پ: لێکدانەوەی خۆت لە ڕێکخراوە N.G.O کانی ژنان لە کوردستانی عێراق چیە بە سەرنج دان بەوەی کە لەم ماوەیەدا سەردانی هێندێکیانت کردوە و لە نزیکەوە دیتووتن؟**

و: ئەو لێکدانەوەیەی کە من دەیکەم دیسان هەر ئەو ڕەوشە جیهانیە نیشان دەدات وە ئەوە بروای من شتێکی تایبەتییە. من وای دەبینم کە گرفتی گەورەیان هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە لە سەر ئەساسی پرۆژەیەکی خسوسی، پرۆژە بە پرۆژە کار دەکەن یانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ژنان دەبینن و ئەوە پێشکەش دەکەن بە N.G.O یەکی نوینەتەوەیی یا ئەوەی کە N.G.O یەکی کوردی و هەر لە کوردستان پرۆژەی بۆ دادەنێن. بونمونە دیانهەوەی ژنانی ئەنفال لە باری بابورێوە یارمەتیان بدرێتێ ئەوە، دەکەنە پرۆژەیەکی ٢ مانگە و ٣ مانگە دەیبەنە شوێنە جۆراوجۆرەکان، بۆوینە گەرمیانو ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیە کە ژنانی ئەنفال دەژین. ئەوە دەبێتە پرۆژیەك بۆ ئەوان و ئەوان بەم جۆرە بەرنامە دادەنێن.

ئەوەش کەم کۆری تێیدایە لە بەر ئەوەی کە ناتوانێ بەرنامەی درێژ ماوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی دابنێ. دەبێ هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ببینێ و کێشەیەکی ڕۆژ هەبێت تا ئەو جێ بە جێی بکات. وە لە ئاکام دا یەکێك لە کێشەکانیان ئەوەیە کە فۆندی مەحدودی هەیە و فۆندەکانیش لە سەر ئەساسی پرۆژە بە پرۆژە کاردەکەن. کێشەیەکی تر ئەوەیە کە لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ئەگەر چاوی لێ بکەین نزیکەی ١٤ ساڵ دەگوزەرێ. کادرەکانی زۆربەی ڕێکخراوەکان یانی ڕێبەرانی ئەوان نەگۆڕاون، هێزی ،گەنج هێزی تازە کادری نوێ کە لە نەزەر دیدی سیاسی و فمینیستی پەروەردە بۆ بێت لە دێبەری ئەو ڕێکخراوانە دانابیندرت و رابەریەکەی هەر رابەریکی لە گۆر ماوەتەوەو وە ئەوە بۆ خۆی کێشەیە، هە بۆیە هوشیاری فمینیستی زۆر کەمە تەنانەت لە باشترین حاڵەت هوشیاری فمینستی لیبراڵییە و لەوە زیاتر نییە، زۆر کەم دەبینن ڕەنگە دەگمەن بێت من ناڵێم نییە بەڵام قاعدە وایە کە لە باشترین حاڵەت روانگەیەکی لیبراڵی فمینیستی هەیە و ئەسلەن روانگەی فمینیستی تێیدا نییە. موشکیلێکی تر کەمن دەیبینم ئەوەیە کە هەموو ڕێکخراوەکان یەك شت دەکەن یانی کاری دووپاتەیان زۆرە وە ئەوە دەبێتە هۆی رقبەرایەتی لە نێویان دا. ئەوە ڕێك پەیوەندی بازاڕییە، پەیوەندی بێزنێسە کە ڕەقابەتی تێدایە، دووپاەی کاری تێدایە وەکو ئەوە وایە کە تۆ کالایەکت هەبێت بتهەوێ بیبەی لە بازار بیفرۆشی بۆ ئەو کارەش هەر دەبێ رقبەرایەتی بکەی تا بتوانی کالاکەی خۆت باشتر بفروشی. لە بەر ئەوە بۆوێنە ٣ سەنتەر هەیە دروستە هەر کام بە تایبەتی بەرنامەی جیای خۆیان هەیە، بەڵام هەر کە هەن زۆر زەحمەت دەکێشن زۆر کار دەکەن بۆ ئەوەی کە بتوانن فوند وەربگرن کە پرۆژەیەکی پێ دابنێن بەڵام ئەگەر یەکگرن لەوانەیە بە قازانجیان بێت وە بتوانن خزمەتیکی زۆرتر بکەن لە جیاتی ئەوەی کە پرژوبڵاو بن. هەروەها مەسەلەی رقەبەرایەتی بۆتە هۆی ئەوە کە بە شکڵی رقەبەرایەتی فەردی و شەخسیش بێت مەسەلەن ئەوانەی کە بتوانن دەستیان بە دەرەوەی وڵات رابگات و باشتر خۆیان بناسن لە ئاکام دا فەندی باشتر وەردەگرن. ئەوانەی کە بتوانن سەفەر بکەن بۆ کۆنفرانسی دەرەوە و شتەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات بلاو بکەنەوە و تەبلیغ بکەن لەئاکام دا باشتر دەناسرێن وە ئەگەر لە دەرەوەی وڵات فۆند بدەن بەوانی دەدەن چونکە ڕێکخراوەکانی تر ناناسن ئاکام دا ئەو رقەبەرایەتی هەر عەینەن وەکوو رقەبەرایەتی کالایە کە رقەبەرایەتی کی بازاری دەرونی و بازاری

خارجی هەیە. شتێکی تریش کە من هەستم پێکرد ئەوەیە کە بڕێك خود سانسوری تێدایە لەو کارانەی کە دەیکەن. ئەگەر مەسەلەن کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینن لە جیاتی ئەوەی کە لە روانگەی فمینیستیەوە چاوی لێ بکەن و رەخنەی لێ بگرن، لە بەر مەسائلی سیاسی و مەسایلی سەر بە حیزب بوون چاو پۆشی لێدەکەن. بۆ وینە تەنیا تەوزیحی ئەوە دەدەن کە ئەوە سوننەتی ئێمەیە کلتوری ئێمەیە. ئەو خودسانسۆریە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوە کە روانگەیەکی ریفورمیستیت هەبێ. روانگەیەك کە ناتوانی مەسەلەی پیاوسالاری بێنیتە ئاراوە، رەخنەی لێ بگریت و لە دژی بیت. هەر لەو پەیوەندیەدا من پێم وایە کە زۆر زۆر کەم کاری دەکەن سەبارەت بەوەی کە ریشەی ئەو قسانەی کە دەیکەن سەبارەت بە دین و سونەت ئایین و کلتورو... زۆرباشی شێ ناکەنەوە. لەو بابەتەشدا من پێم وایە کە کەم کارییان کردوە تا ئێستا باسی باشیان نەکردوە یەعنی خەباتی باشیان لەو زەمینەیەدا نە کردوە. بە بروای من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو مەسەلە دیموکراسی و مەدەنیەتەی کە هەیانە ئەوەیە کە هەر ئەو هەڵسورانی کۆمەلأیەتی‌یە بکەن تا هەڵسوورانی سیاسی ئەگەر بیانهەوێ هەڵسوورانی سیاسی یان هەبێ پێشیان پێ دەگرن نەك ئەوەی کە هەڕەشەیان لە سەر بێ بەڵکو فەند ناتوانن هۆند وەربگرن یان دۆوتنەن ئەوە کە پشتیوانی دەوڵەتیان لە سەر نابێ وە ئەوە بۆ خۆی مەحدودیەتێکی هەیە وە چۆن بەرنامەی سیاسی درێژ ماوەیان نییە ئەو بەرنامە کۆمەڵایانە کە دایدەنێن لانی زۆر ئەوەیە کە بەردەوام خۆیان خەریکن ورك شۆپ دادەنێن. یانی ئەو ووَرك شۆپانە کە بە نێوی ئەندامەکانی رێکخراوەکان دایدەنێن، زۆرتر لە سەر ئەوەیە کە پرۆژە چۆن بنوسن، پارە چۆن پەیدا بکەن،لێکدانەوەی بەرنامەکان چۆن بکەن، راپۆرت چۆن بنوسن وە ئەو جۆرەکارانە دەکەن. ئەو شتانەی کە فێر دەبن زۆرتر ئەوەیە، نەك مەهارەتی ئەوەی کە چۆن ژنان بەشدار بدەن لە سیاسەتەدا، چۆن بزووتنەوی ژنان دروست بکەی ئەوانە شارەزایی سیاسین وە ئەوانە نیانە. لە ئاکام چۆن بەرنامەی سیاسی درێژماوەیان نییە وە لە سەر ئەساسی هەر ئەوەی کە باسم کرد پرۆژە بە پرۆژە کاردەکەن ناتوانن بزوتنەوەی سەر بە خۆی دیموکراتیکی ژنانیان هەبێ وە هەروا بەشکلی رێکخراوەکانی پرژۆبلأوو ماونەتەوە. من دو خاڵی تر باس بکەم پێش ئەوەی کە بگەڕێینەوە سەر خاڵەکانی تر، یەکێکیان ئەوەیە کە من هەستم بەوە کرد کە ژنانی عەرەب لە دنیای رۆژهەلأتی ناوەڕاست بابەت و دەسکەوتی زۆرباسیان بە زمانی عەرەبی هەیە کە زۆربەی ئەوانە دەبێ کەڵکیان لێ وەر بگیردرێ.بەلأم چۆن روانگەی ناسیونالیستی‌یان هەیە لەوانە کەڵك وەرناگرن من پێم وایە ئەو کێشەیەکی‌گەورەیە بۆ وێنە من رێکخراوەیەکم نەدیوە کە وتاری ژنانی فەلەستینی بلأوی کاتەوە. ئەوانە دەتوانن لەوە کەڵك بکەن. وە بە بروای من تەنانەت لە بزووتنەوەی ژنان یا دەسکەوتی ژنانی کورد لە تورکیە و ئێرانیش هێندی شت وەر گرن. زۆر شتی قەومی و ناسیونالیستی ماوە لە کارکردن و خەباتی رێکخراوەکانی ژنانی ئێرەدا. من پێم وایە نەبوونی روانگەی ئەنترناسیونالیستی وە ئەوەی کە ئەو کارانەی کە دەیکەن ناسیونالیستی و دژ بە عەرەبە بۆتە هۆی ئەوە کە نەتوانن لەدەسکەوتی ژنانی عەرەب بەتایبەت ژنانی فەلەستینی شت فێر بن کەڵکیان لێ وەرگرن. شتێکی دیکەش کە من پێم وایە کاریان زۆر کەم لە سەر کردوە ئەوەیە کە پەیوەندی‌یان لەگەڵ هەڵسووراوانی ژنی کوردی دەرەوەی ولأت زۆر بەرتەسکە زۆرتر پەیوەندی فەردیە تا ئەەوی کە بۆ وێنە پەیوەندی تەشکیلاتی یا رێکخراوی بێت. بەلأم من پێم وایە ئەگەر کە پەیوەندی تایبەتیان هەبێ دەتوانن دەسکەوتی ژنانی کوردستانی عێراق بەرەو پێش بەرن. من رێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی عێراق ئەو جۆرە پیناسە دەکەم.

**پ: داوای لیبوردن دەکەم پرسیارێکم لاگەلأله بووە کە ئاوا مەترەحی دەکەم بەو تەوزیحاتەی کەدات ئەوە حاڵ و وەزعی ئەو رێکخراوانەی ژنانە کە N.G.O ن یان بە قەولی خۆیان دەڵێن سەر بە خۆن، ئەو رێکخراوانەش کە حیزبەکان بە شێوەیەکی فورمال پێکیان هێناون ناتوانن بەدەر لە سیاسەت و پرۆگرامی حیزبەکانی خۆیان کاربکەن. ئەی باشە کەسانێك کە لە دەرەوەی ئەو دوانە دەیانهەوێ کارێك بکەن بۆ ژنان، دەیانهەوێ کارێك بکەن بۆ ئەوەی ژنان بەمافەکانیان بگەن یانی لانی کەم ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیەی کە لە سەریانە بڕێکی دابشکێنن، لەو مەقتەعە زەمانییەدا دەبێ چی بکەن بە بڕوای**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**تۆ؟ بەشێکی تریشی پرسیارەکەم ئەوەیە دەتوانین بلێین بە گشتی N.G.O کان کۆسپیکن لە سەر رێگای ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان؟**

و: با لە بەشی دوهەمی پرسیارەکەت دەست پێ بکەم من پێم وانییە کە N.G.O کان کۆسپ بن بەلاّم بزووتنەوەی ژنان مەحدود دەکەنەوە وە ئەویە کە دەبێ لە بواری خەباتی سیاسی، لە بواری هوشیاری ژنان لە بواری روانگەی فمینستی دەبێ ببینە ئاستێکی سەرەوەتر و بیکەن بە بزووتنەوەی یەکگرتوو و تەشکیلاتی دیموکراتیك بو ژنان کە بە هەر روانگەی فیکر و ئیدئولوژی و بیرو باوەڕی سیاسی، هەموو ژنان بتوانن لەودا بەشداری بکەن. سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت کە ئەو ژنانەی کە بۆ خۆیان سەر بە خۆن نە سەر بە ئەحزابن بەلاّم پێیان خۆشە بەشداری بکەن دەبێ چی بکەن، من پێم وایە لەو بوارەیەدا دەبێ کاربکەن. دەبێ لە سەر ئەوە کار بکەن کە مەسەلەی ژنان نە کرێ بەشکلی پرۆژە و تەنیا بە شێوەی کێشەی کۆمەلاّیەتیببینەوە، لەماوەی ئەو ١٤ساڵە ئەگەر بمهەوێ دوای ئەو شتانەی کە دیتومە و خوێندومەتەوە، نەتیجەی لێ وەر بگرم ئەوەیە کە من پێم وانیە لە کوردستانی ئەمرۆش ئاڵ وگۆڕێکی بنەرەتی لە پەیوەندی نێوان ژن وپیاودا پێکهاتبێ، دوای ١٤ ساڵ خەبات و ئەو هەمووە رێکخراوە کە دایاناوە ئەو هەمووە خەباتەش کە کردویانە، من نامهەوێ بڵێم کە خەباتێکی هەر هیچ نەبووە، نا خەباتێکی یەکجار زۆریان کرد و جەسارەتی زۆریان هەبوو، ئەو ژنانەی کە لەو رێکخراوانە و بەو مەحدودیەتانەی کاریان کردوە بەلاّم نەیادەتوانی وە تەنانەت لە پەیوەندی هێندن پەیوەندی بەرابەری نیوان پیاو و ژن دەسکەوتێکی کاریگەریان هەبێ، ئەوە چۆنە؟ من بەپێ چی ئەو ئیدعایە دەکەم؟ لە پیی ئەوەیە کە ئەمرو ئەگەر چاوی لێ بکەی دەستووری عێراق مەسەلەی دین و مەزهەبی تێدایە. ئێمە بۆ خۆمان دەزانین کە مەزهەب دژی ژنە هەر مەزهەبێك کە بێت، مەزهەبی ئیسلام بێت، مەسیحیەت بێت، یەهودیەت بێت هەموو مەزهەبەکان. مەزهەب بە ئیستلاح رێکخراوێکی کۆمەلاّیەتی‌یە کە پیاو سالارانەیە وە پیاوسالاری و روانگە ئیدەئالیستی مەزهەبی مەترەح دەکات وە ناتوانێ حەق وحقوقێکی بەرابەر بۆ ژن و پیاو دابنێ. دوایی نەوە ئەگەر ئێمە بۆ وێنە ناوەرۆکی ئاموزشی خوێندکارەکانی کوردستان چاو لێ بکەین. ئەویش ژن وەکو ئینسانێکی سەربەخۆیی، ئینسانێك کە حەق و حقوقی بەرابەری هەیە مەترەح ناکات، دیسان ژن یان دایکە یان ئەوەی کە دەبێ خزمەت بە خانەوادە بکات، ژن نابێ مەسئولی خانوادە بێ، ئەوەی کە ئیستقلالی سیاسی و ئیقتسادی و رەوابتی دیموکراتیکی حاکم بێ لە سیستمی ئاموزشی ئێرەدا نییە. ئەگەر ناوەرۆکی فەرهەنگی و هونەری چاو لێ بکەین، ئەتو مەسەلەن ئەو بەرنامەی تلویزیون کە لە کوردستان چاوی لێ دەکەیت زۆربەی موسیقا زۆربەی ویدیوکانی هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە ژن بە دوای هاوسەرەکەیدا بۆ پەیوەندێکی عاتفی دەگەڕێ وە ئەوەیە کە بە تەواوی وابەستە بەو فەرهەنگ و کلتورەیە. ئەو فەرهەنگ و کلتورە تەنانەت لە باری هونەریش دا ئاڵ وگۆڕێکی تێدا نابینن لە بەر ئەوەیە کە دەڵێم دەسکەوتی ١٤ ساڵی رێکخراوی ژنان زۆر کەمە، ئێمە لە چی دا دەبێ ببینین کاتێك لەوەدا نەیبینین؟ زمانی کوردی هێشتا زمانێکی دژ بە ژن ماوە فەرهەنگەکەی دژ بە ژن ماوە ناوەرۆکی ئاموزشیەکەی دژ بە ژن ماوە. لە بەرچی وایە؟

من پێم وایە لە بەر ئەوەیە کە ئەوانە بە زانیاری فمینیستی، هوشیاری فمینستی و زانیاری فمینیستییەوە لەو بابەتەدا خەباتیان نەکردوە. من پێم وایە ئەو بۆچونە مەحدودە فمینیستی لیبرالییە کە لە باشترین حالەت دا ئێمە باسی دەکەین ئەوە مەحدود بە تویژی روناکبیری شارییە. لەم رووەوە ئەگەر مەسەلەن ئێمە چاوی بکەین لە یاسا و قەوانینی ناوچەی حکومەتی کوردستان، بەرنامەی تایبەتی بۆ ئەوەی کە چارەنوسی ژنانی ئەنفال ڕون بکەنەوە دانەنراوە یەعنی قانون نییە قانونی غەیرە مەزهەبی سکۆلاریان دانە ناوە. فەتوای مەزهەبییان داناوە بۆ ژنی ئەنفال. فەتوای مەزهەبی چی‌یە؟ ئەوەیە کە ژنی ئەنفال کە مێردەکەی خۆی نەماوە هاوسەرەکەی نەماوە ئەوە دەبێ ٢ ساڵ راوەستێ ٢ شاهیدیشی هەبێت تا تەکلیفی ڕون ببێتەوە کە ئەوە بیوەژنە تا بتوانێ حەق و حقوقی وەراسەت و میرات و منداڵ و ئەوانە بەدەست بێنی. ئەگەر ١٤ ساڵە رێکخراوی

ژنان لەسەر ئەنفال کار دەکات بۆ دەبێ وەزعی ژنانی ئەنفال ئاوا بێ؟ یا ئەوەی کە مافی خاوەنداریەتی مافی هەڵسۆڕانی سیاسی، مافی تەلاق، مافی هێزانەت، مافی منداڵداری بە بێ ئەو قانونە بۆچی تا ئێستا نەیتوانیەوە بیگۆڕن؟ شتێکی تر کە دەمهەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسیارەی کە کردت، ئەوەی کە بەشداری ژنان، دامەزراوەی ژنان لە کۆمەڵگادا بۆ خۆی بەمانای ئەوەیە کە وەزعی ژنان و پەیوەندی یەکسانی بتوانی ژن و پیاو دامەزرێنێ. بە بڕوای من ئەوە گرێنگە. ڕێکخراوەکان هەن وە دەسکەوتی باشیان هەیە بەلاّم ئەوە تەنیا بەس نیە. شەرت ومەرجی ئەسڵی ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان بتوانن ڕوانگەیەکی فمینیستی دیموکراتیك و ڕادیکاڵیان هەبێت کە ئەوان نییانە. خاڵی سەرەکی باسەکانمان کە تا ئێستا کردومانە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە. وە ئەوەیە کە ئەوان نەیاندەتوانی پەیوەندی هێز (هێز بە مانای جیاوازی چینایەتی بە مانای هێزی پیاو سالارانە وە هێزی هەر پەیوەندی‌یەکی سەرمایەداری کە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی چینایەتی وە تەنانەت مەسەلەی ناسیۆنالیزمیش بۆ خۆی بەشیکی مەسەلەی هێزی تێدایە)، نەیاندەتوانی ئەوانە واردی تەواوی عەرسەکانی کاری خۆیان بکەن و ئەوە وەکوو پرۆژەیەکی سیاسی بێننە ئاراوە. لە بەر ئەوە ئێمە وەختێك کە بتوانین بیکەین و پەیوەندی هێز کە لە هەموو بوارەکانی پەیوەندی ئیجتماعی دابێ ، لە بنەماڵەدا دەتوانن مەترەح بکەن لە ئاستی کومەلاّیەتی دەتوانن مەترەحی بکەن و لە ئاستی دەوڵەتیش دەتوانن مەترەحی بکەن لە ئاستی بازاریش لە پەیوەندی سەرمایەداریش مەترەحی بکەن. ئەگەر ئەوە بکەن یانی پیاو سالاری لەخانەوادەدا دەبینن لە کومەلگایدا دەبینن لە دەولەتیدا دەبینن و لە بازاریدا دەبینن وە چوون ئەوەیان نەکردوە یان بەومانایەیە کە ئەوان قەد نەیاندەتوانی خەباتێکی چالاك و باش و ئەوەی کە خەڵکەکەشی دەرکی بیکەن ئەوەی کە ژنەکانی هەموو کوردستان دەرگیری بیکەن سەبارەت بە مەسئەلەی پیاو سالاری، سەرمایەداری،فئودالی، مەزهەبی، بیکەن.

من گەورەترین ڕەخنە کە هەمە لە ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەیە کە ئەو دەسکەوتەیان نەبوو وە لە ئاکام دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە لەگەڵ چ گیروگرفتێك روبەرون چون ئەو دەسکەوتە سیاسیەیان نەبوو.

**پ: بەڵێ شەهرزاد تەوەری باسەکەمان لە باسی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستانی عیراقەوە دەگوزینەوە سەر بزوتنەوەی ژنان لە ئیران وەیەکەم پرسیاریشم کە هەروەك پێشوو وتم دەکرێ دەروازەی کومەلیك پرسیاری جۆراوجۆر بێت لەو پەیوەندیەدا ئاوا لەگەڵ تو دێنمە ئاراوە کە تۆ لیکدانەوەت لە بزوتنەوەی ژنان لە ئیران چیە و خۆت بزوتنەوەی ژنان لە ئیران چۆن هەلدەسەنگێنی؟**

و: ٢٧ ساڵ لە شۆرشی ئیران تێپەردەبێ وە بە باوەری من بزوتنەوەی ژنانی ئێران وە بەشداری ئەوان لە شۆرشە وە تا ئیستا ئەوەیەی کە وەك یەکیك لە گرینگ ترین هێزە کۆمەلاّتایەکان کە لە ئاست جمهوری ئیسلامی راوەستاوە ژنان بوون، یەکیك لە گرینگ ترین هێزە کۆمەلاّیەتی‌یەکان کە تا ئیستا ٢٧ سال خەباتی خۆی لە دژی جمهوری ئیسلامی درێژەی داوە ژنان بوون. ژنانی ئیران لە بزوتنەوەی نێونەتەوەویی ژنان دا بەشدارن وە ئەوە بە بروای من دەسکەوتیکی زۆر پربایەخە. ئەگەر چاو لە خەباتی ژنانی ئیران بکەی دەبیینی کە هەزاران ژن زیندانی سیاسی بوون بە هەزاران ژن کە ئەندامی رێکخراوە سیاسیە چەپەکان لە ئیران بوون گیانیان بەخت کردووە، بەو هۆیانەیە کە ئیمە دەبێ بزوتنەوەی ژنانی ئیران وەك دەسکەوتیکی زۆر گرینگ و پربایەخ چاولێ بکەین. بزوتنەوەی ژنانی ئیران بە تایبەت بزوتنەوەی ژنانی چەپ شکستیکی گەورەی لیی کەوتوە دوای ئەو ٢٧ سال ئەو شکستەی کەخواردویەتی نەیتوانیوە جوبرانی بکاتەوە یانی بە شێوەی ئەوەی کە لە سەردەمی شۆرش دا چەند سەد هەزار ژن لە هەموو شوینی ئیران بەشدرایان دەکرد لەخەباتی سیاسی دا، ئەوە ئیتر دووبارە نەبوەوەو بەداخەوە ئەوە شکستیکی گەورەیە، ئەوەش چونە؟ ئەوەی کە سەر کوت توندی زۆلم وزۆری جمهوری ئیسلامی دەستی پیی کرد. لە سالی ١٩٨٠ میلادیەوە گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ئێران پروژەی ئیسلامی کردنی کۆمەڵگای ئیران لە ژنانە وە دەستی پیی کرد بۆ مەسئەلەی داسەپاندنی حجاب و بۆ مەسئەلەی گۆرینی پەیوەندی یانی جیاکردنی نەوەی ژن و پیاو لە ئیران و لە راستیدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بزوتنەوەی ئیسلامی کردن لە مەسەلەی ژنانەوە دەستی پیی کرد شتیکی دیکەش کە قەد نابیٚ لەبیرمان بچیٚت ئەوەیە کە ئەحزابی سیاسی چەپیش ئەحزابیکی پیاوسالارانە بوون ئەوە نەبوو کە ئەحزابی سیاسی چەپیش بۆ خۆیان هەموو بەرنامەیەکی دروستیان سەبارەت بە هەلس و کەوت لەگەڵ مەسئەلەی ژنان هەبوو. بەبروای من هەر ئەو باسانەی کە کردمان سەبارەت بە ژنانی کوردستانی عیراق سەبارەت بە ژنانی ئیرانیش هەر وایە و کاریگەری ژنانی نیونەتەوەشی تێیدا بوو لە بەر ئەوەیە کە ئەگەر چاوی لیی بکەین ژنانی ئیران دوای سەرکوتی جمهوری ئیسلامی و گەشەی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی بویناد گەرانە لە ئیران ئەوانەش جوریکی تر خەباتی خۆیان لە ئیران بەرەو پیش برد تایبەتمەندی ئەوخەباتە چەند جورە، یەکیك ئەوە بوو کە ژنانیك کە لە دەرونی دەولەت فەعالیەتیان دەکرد بە ناوی هەڵسورانی بزوتنەوەی ژنانی دەوڵەتی یانی هەڵسوراوانی دەولەتی یانی ئەوەی کە بۆ وینە موشاوری وەزیر بوون یاسازمانی وەزارەتخانەی مەربوت بە ژنانیان داناوە، ئەوە بەشیك لە هەلسوراوانی ژنان لە چوار چیوەی دەولەتی دابوون یەکیکی تر ئەوەیە کە فەعالینی ژنان بوون کە لە چوارچیوەی ئیسلام فەعالیەتیان دەکرد یانی پیان وابو کە ئیسلام بەرابەری ژن و پیاو دەدا و فەعالیەتی خۆیان لە چوار چیوە ئیسلامیە دا درێژە پیٚ بدەن. ئەوانە زۆر باش لە دەرەوەی ولات و بە تایبەت ئاکادمیسیەنە ئیرانیەکان لە دەرەوەی وڵات فەعالیەتی ئەو ژنانەی تئوریزە کرد بە عنوانی فمینستی ئیسلامی ئەوانە بو خۆیان نەیاندە کوت فمینیست.

**پ: ئەوە لە چ سالیکەوە سەری هەڵدا؟**

و: ئەوە دوای شۆرش لە نیۆراستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی وە ئەوە خاڵیکی زۆر گرینگە لە نەزەری میژووی بزوتنەوەی ژنانی ئیران کە پیم وایە سەرەنجی کە می پیٚدارەوە، کە ئەوانەی کە لە ئیران فەعالیەتیان دەکرد لە چوار چیوەی ئیسلامیەوە دەیانکوت کەئیسلام دەتوانی داخوازی بەرابەری ژن و پیاو بدات و دابینی بکات وە لەو بابەتە کاریان دەکرد. وە ئەوە ئاکادمیسیەنیکانی ئیرانی لە دەرەوەی ولات بوون کە بە نیوی فمینیستی ئیسلامی وە کاریان دەکرد. ئەوەش چون باو بوو؟ ئەگەر لە بیرت بیٚ باسمان کرد کە بزوتنەوەی ژنانیکی رادیکال بوو لە سالانی ٦٠ و ٧٠ دا کردیان بە بزوتنەوەی ژنانی قەومی، میلی، بومی لە بەر ئەوە فمینیستی ئیسلامی بەشی لەوە دابوو کە وەکو فمینیسم ژنانی بومی دەرەوەی ولات یان بۆ وێنە ژنانی رەش پێست یا بۆ وێنە ئەوەی کە ژنانیك خەباتیان دەکرد کە دینی مەسیحیەت ریفورم بکەن، ئەوەش نمونەی ئیسلامی ئەوە بوو دەیانکوت ئەوە زۆر جیاوازە، زۆر باشە ئەوە شتیکی تایبەتە کە لە ئیران دەرکەوتوە بزوتنەوەی فمینیستی ئیسلامی دروستی دەکەن. گروهیکی تر کە من پییان دەڵیٚم ئیسلاح تەلەب و ریفورمیست بوون، هەم ژنان مەزهەبی تییدا بوو هەم ژنانی غەیرە مەزهەبی. یەعنی هەم ژنانی ئیسلامی تێیدا بوو هەم ژنیك کە خۆی بە موسلمان دانە دەنا ئەوانە کە ریفورمیست و ئیسلاح تەلەب بوون مەبەستیان زۆرتر ئەوە بوو کە کەمیك تەعدیل کەمیك ئال و گۆرو لە یاساکانی دژ بە ژنی جمهوری ئیسلامی دا دروست بکەن زۆرتر ئەوانە روشنفکرانی شاری بوون کە لە بارەی یاسایی کاریان دەکرد بۆ نمونە مهرئەنگیزی کار، شیرینی عیبادی ئەوانەی کە دەیانهەویست یاساکانی جمهوری ئیسلامی کەمیك بگورِن بو ئەوەی کە بە قازانجی ژنان بیٚت مەسەلەن کاری ئەوانە خەباتی ئەوانە سەبارەت بە تەلاقەوە کە ژن ماف تەلاقی هەبیٚت یا ژن بتوانی زورتر لە خەباتی سیاسی بەشداری بکات نوینەری پارلمان ببیٚت و لە هەلبژاردن دا بەشداری بکات یا ماف میرات و ئەوانە. ئەوانە هەر دو گروە بوون، مەبەست گروهی ئسلاح تەلەب هەم مەزهەبی بوون هەم غەیرە مەزهەبی. لە دەورەی سەرۆك کۆماری خاتەمی زۆر یارمەتی ئەو پروژەیە (دوەمی خورداد و پروژەی ریفورمی) دەولەتیان دەدا. وە ئەوان لەو سەردەمەدا بەهیٚز بوون. گروهێکی تریش کە من پیٚم وایە دەتوانین لە بزوتنەوەی ژنان ببینن ئەوەیە کە ژمارەیەك هەلسۆراوی سەربە خۆی چەپن کە ژمارەیەك رەنگە پیٚشوتر چەپ بوبیٚتن یان کاری تەشکیلاتی و سازمانی چەپیان کرد دەبیٚ تەجروبەی ئەوەیشان هەبیٚت بەلاّم ئەمرو سەربە خۆیان کار دەکەن ئیشی ئەوانە زۆر بەسختی و دەسکەوتی کەم و لاوازە. لەم رووەوە ئەگەر چاوی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لیبکەین بزوتنەوەی ژنان ئیران بەو مانایە کە تەشکیلاتی هاوبەش تەشکیلاتی سەراسەری تەشکیلاتی سەر بە خۆ تەشکیلاتی مەسەلەن سیاسی ئاوامان نییە. ژنانی ئیرانیش وەکو کوردستان هەڵبەت بەشکلی دیکەیەوە گەورەتر و موتەنەوع تر تەبدیل بوون بە ریکخراوەکانی ژنانی پرژوبلاو فەردی و بۆچونی تاك كە جارجار لە بەر گوشاری کۆمەلآیەتی ژنان بەتایبەت نەسلی نوێی ژنان کە لە ژێر زەبرو زەنگی جمهوری ئیسلامی هەلاك بوون ئەوە دەبیٚ بە حەرەکەتی خود ریسك کورت ماوە. مەسەلەن ئەوەیی کە هێندیك جار بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی دانشجویی یان بزوتنەوەی کرێکاری یامەسەلەن پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی، روژنامە نگار و روشنبیری ئیسلامی دەگرن کە لە زیندان دا دەست بە سەریان دەکەن. لە ئاکام دا دەتوانم بلێم بزوتنەوەیەکی موتەشەکیل دیموکراتیك لە ئیران لە ئارا دا نییە.

**پ: ببورە شەهرزاد من قسەکەت پی دەبرم رەنگە لێرەدا دو بوچون ببێت لە بەینی من و تودا یان رەنگە یەك بو چون بێت، بەلآم هەر کە سە بە شێوازی خۆی دەری ببریٚ راستە بزوتنەوەی ژنان لە ئیران توشی سەرخوردەگی سەیرو عەجایەب بوە. جمهوری ئیسلامیش لە یەکەمین ساڵی هاتنە سەرکاری هێرشی کردەسەر ژنان و زۆر یاسا و داب و نەریتی دواکەوتوانەی بەسەردا سە پاندن بەلآم کە سەرنجیکی ورد دەدەیتە ناو کومەلگا دەبینی کە بزوتنەوەی ژنانیش بیٚ دەنگ دانەنیشتوە تا هاتوە هەنگاوی هاوپشتوە هیندیك پیشرەوی کردوە بۆ نمونە رەنگە لە دەیەی ۷۰ ژنان توانیبیتیان ئازادانە لە پارکی لالەی تاران مەراسمی ۸ی مارس بگرن یا لە سینەمابەهمەنی تاران یان لە شارەکانی کوردستان رەنگە وەزعەکە تاییەتی تریش ببێت. من پیم وایە بزوتنەوەی ژنان توشی ئەو سەرخوردەگییە عەجاییەش نەبوە کە بچێتەوە نیو خۆیی، بەلآم بە پیی لێکدانەوەیەك کە لە مەقتەعیکی زەمانی دیار کراوی هەبوە هێندیك حەرەکەتی کردوە وە فەرزەن ئەگەر دەبینی ژنان تەواو لە چکەکەیان لە سەر نانین ئیستا گوشەیەك لەسەریان دادەپوشن رەنگە ئەوە حەرەکەتیکی خود جوش نەبیٚ کە مەقتەعی ببێت رەنگە ئاستی خەبات و موبارزەی ژنان ئیستا بەو حەدە گەیشتبیٚ، نازانم تو ئەوە چون دەبینی؟**

و: من هەروەك باسم کرد بزوتنەوەی ژنان ۲۷ ساڵە لە ئیران و خەباتی ئەوان خاموش نەبوو بۆ وێنە مەسەلەی حیجاب قەد چارەسەر نەبووە. قەد جمهوری ئیسلامی نەیتوانی مەسەلەی حیجاب لە ئیران چارەسەر بکات ئیمە دیاردەی حیجابمان هەیە دیاردەی بی حیجابمان هەیە دیاردەی بەد حیجابی مان هەیە تەنانەت بۆ سەرکوت، جمهوری ئیسلامی ئەوانەی تەبەقەبەندی کردوە ئەوە بو خۆی نیشانەی خەباتی ژنانە کە قەد راناوەستیٚ شتیکی دیکەش ئەوەیەکە وەختیك چاو لەمەسەلەی ژنان لە ئیران دەکەین هەموو کەس پیی سەیرە ئەوەی کە ئەو هەمووە فشارە هەیە لە جیایی ژن و پیاو لەدەرس خویندن لە ئیش کردن لە بونیان لە بواری کۆمەلآیەتی، دەبینن ٦٠ دەرسەدی خویندکارەکانی زانکۆکانی ئیران ژنن لە زۆربەی رشتەکان، یانی دانشجوی خویندکاری ژن لە ئیران زورترە تا خویندکاری پیاو. یەکیکی تریش ئەوە کە دەبینن بە تایبەتی بۆ ئیش کردن بەشی خسوسی و سرویس ئەوانە زۆرتر ژنن کە دەیکەن، بەلآم شی کردنەوەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی کە ئایا جمهوری ئیسلامی نەیدەتوانی ئەو جیایی کە پیی خوش بوو وەکو مەسەلەن عەرەبستانی سعودی بۆ ژن وپیاو لە ئیران دامەزریٚ یان مەسەلەن وەکوو رژیمی تالەبان لە ئەفغانستان دامەزریٚ بۆ نەیدەتوانی جمهوری ئیسلامی ئەو بەرنامەیە دابنیٚ ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ سەر بۆ چونی سەبارەت بە کۆمەڵگای ئیران. جمهوری ئیسلامی کاتێك هاتە سەرکار لە ئاخرەکانی دەیەی ۷۰ میلادی تویژی مام ناوەندی شاری یەکی زۆر روشد کرا لە ئیراندا بوو ئەوە ئەو تۆیژە نەبوو کەتۆ بتوانی سەرکوتی بکەی و بینێریە بۆ مال و بلێن لە مالیٚ دانیش ئەوە هێزی تازەی کۆمەلآیەتی بو کە بەگەشەی سەرمایەداری لە ئیران گەشەی کردبوو وە ئەوە هێزە بو کە جمهوری ئیسلامی خۆی پێویستی پیی بۆ پێك هاتەی نوێی کۆمەڵگای ئیران و بەرەوپیش بردنی ئابوری لە کۆمەڵگای ئیران. جیاوازی ئیران و ئەفغانستان لەوە دا بوو یان جیاوازی عەرەبستانی سعودی و ئیران لەوەدابوو ئەو هێزە تویژی مام ناوەندی شاری روناکبیرانی خوێندەوار کە داهاتویەکی مودین و پیشکەوتووی دەویست لە بەر ئەوە درێژەی ئەو ریبازی چینایەتی فکریە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کە مەسەلەی ٨ی مارس مەترەح دەکات لە بەر ئەوەشە کە جمهوری ئیسلامی کە چەند سالەی دوایی دا، دوای دەورانی سەرۆك کۆماری خاتەمیيە کە دەبینن ژنان موقاومەتی زۆرتر دەکەن و بە هەرجۆریك بێت بە هەرهەلاکەت و ختەریك بێت ٨ی مارس جەژنی دەگرن لە جیاتی ئەوە کە رۆژی لە دایك بوونی فاتمە جەژن بگرن چون لە ئیران بەرەسمی رۆژی لەدایك بوونی فاتمە رۆژی ژنە نەك رۆژی ٨ی مارس. بەلام ژنان دەیانهەوێ خەباتی خۆیان نیشان بدەن لەنەزەری سومبلەوە ئەوە زۆر موهێمە رۆژی ٨ی مارس جەژن بگرن. لە ئیران ناهێلن ژنان بچنە ئیستادیومی وەرزشی موبارزە دەکەن فشار دەهینن کە بچنە ستادیومی وەرزشی کە ژنانیش لەوێ بەشدار بن. بەلام ئەوە دەگەریتەوە سەر خالێکی تر وە ئەوە ئەوەیە کە ئایا ئەو حەرەکەتانە تا ئیستا توانیویە یاساکانی دژی ژنی جمهوری ئیسلامی بگۆڕێ. ئایا توانیویە ئەو بۆ چونە دواکەوتوانەی پیاو سالاری مەزهەبی فئودالی سەرمایەداری کۆمەڵگای ئیران بگۆڕن.

ئەو هەمووە خویندکار هەیە، دەتوانن کار بکەن و لە بواری کۆمەڵگایەتی و فەعالیەتی سیاسی بەشداربن بەلام ئەو پەیوەندییە هەر وەك خۆی ماوە ئال گۆڕێکی وای بە سەردانە هاتووە. من لە بەر ئەوە دلێم گۆڕێنی ئەوە پیویستێکی ئەساسی بو بە بزوتنەوەیەکی بەربلاو هەلسورانی بەربلاو و هەلسوْرانی بەردەوام بەدی دێت ئەوەیە بیروباوەری من.

**پ: بەڵێ شەهرزاد یەکیکی تر لە پرسیارەکانم ئەوەیە، با بزانین رای ئیوە سەبارەت بەو ریکخراوە N.G.O یانە چین کە لە ئیران و کوردستان پیك هاتوون وە کار بو مەسەلەکانی ژنان دەکەن؟**

و: لە ئیرانیش یەکجار N.G.O ی ژنانە هەیە لە کوردستانیش زۆر پەیدا بووە لە هەر شوێنیك مەسەلەن لە سنە، مەهاباد، مەریوان، سەردەشت، بوکان لە هەمووی ئەو شارانە ریکخراوەی ژنان دروست کراون بەلام ئەو جورەی کە من زانیاریم هەیە سەبارەت بە N.G.O کانی کوردستانی عیراق بو ئیران نیمە چون لیکولینەوەی دەقیقم نە کردوە. بەلام شتێك دەزانم ئەوەیش ئەوەیە کە ئەو جۆرەی کە من تیگەیشتوم ئەوانە پییان دەلێن N.G.Oی خۆ جیی. ئەویش نازانم فۆندی ئەوانە لە کویٚ دیٚ و چ رێکخراوەیەکی دەرەوەی وڵات فۆند بەوان دەدات وە یا ئەوەی کە بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوان چییە بەلام من کە لە دەرەوەدا چاوی لێدەکەم هەر ئەو دیاردەی رێکخراوەکانی کوردستانی عیراق یانی بە ئیستلاح گرفتەکانی کۆمەڵایەتی زۆرتر دێنە ئاراوە و لەوە زورتر نای بینم. بەلام بۆ وینە بانگەوازیکیان دەرکرد چەند مانگ لەوە پێش بۆ نارەزایەتی بو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەوە بانگەوازێکی گشتی بوو هی ژنان و نزیکەی ١٣ گروهی ژنان ئەو بانگەوازەیان ئیمزا کرد کە من ئەگەر جوان لە بیرم بیٚ ٥ یا ٦ رێکخراوەی ژنانی کوردستان ئیمزایان کرد بو. من پیٚم وایە کە ئەوە حەرەکەتیکی زۆر باش بوو. حەرەکەتی بزوتنەوەیەکی گەورە لە ئیران بوو کە ژنانی کوردی ئیرانیش تێیدا بەشداریان کرد بوو. وەلی شتیك کە من بتوانم باسی بکەم ئەوەیە کە ئەگەر لەگەڵ کوردستانی عیراق بەراوردی بکەم بزوتنەوەی ژنانی ئیران دەستکەوتی فەرهەنگی و ئاموزشی یەکجار زۆرتری بوو بۆوێنە سەبارەت بە رۆژنامەنگاری لە باری گوڤارو شتی تر ئەوانەی کە تەرجومەیان دەکەن تەرجەمەی وتاری باشی تییدایە تەنانەت لیکولینەوە. لیکولینەوەی میژویی، لیکولینەوەی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ژنان کە دەیکەن شتی زۆر باش و تایبەتی تییدایە یەکێك لە شتە باشەکان مەسەلەن یاساکانی دژ بە ژنی جمهوری ئیسلامی وە ئەوەی کە قانونی ئەساسی ئیران دا هەیە یاسای رێکخراوی نەتەوەیە کگرتۆکان سەبارەت بە لە نە بوونی هەلاواردن سەبارەت بە ژنان چۆن ژێر پیی دەخات ئەوانە زۆر لێکولێنەوەی باشن کە لە ئیران دێتە دەرێ دوایی لە باری هونەر سەبارەت بە فیلم سەبارەت بە سینەما سەبارەت بە شانۆ سەبارەت بە موسیقی ئەوانە زۆر دەسکەوتێکی باشن و بە گشتی حوزوری نیۆنەتەوەیی ژنانی ئیران دابین دەکات. ئەوە بۆ خۆی دەسکەوتێکی زۆر باشە بەلام شیٚ کردنەوەی ئەوەی کە بوچی لە ئیران ئاوایە لە کوردستانی عیراق وانیە ئەوە دەگەریتەوە سەر ئەو جیاوازی‌یەی کە من بۆی دادەنیم ئەوەی کە پیی دەلیم ژنانیك کە دەولەتیان هەبیٚ هەرێمیان هەبیٚ وە ژنانیك کە دەولەتیان نەبیٚ و هەریمیان نەبیٚ. ژنی کوردستان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەولەتی نەبوو هەریمی خۆی نەبوو. ئەوە جیاوازییەکی زۆر گەورەیە. ئەگەر بگەرینەوە سەر ئەوەی کە بۆ چونی سەبارەت بە بزوتنەوەوی ژنان لە ئیران لە داهاتودا چی لیی دێت؟ من پیّم وایە هەروا کە باسم کرد لە ٢٧ساڵی رابردوو گرینگ ترین هێزی کۆمەلآیەتی ئێران. کە خەباتی خۆی ئیدامە دابێ لە هەموو بوارەکانی و لە ئاستی جۆراوجۆر دا ژنان بوون. مەسەلەی جیایی دین لە دەولەت داخوازیەکی زۆر عەدالەتخوازانە و دیموکراتیکە. ئەمن پیّم وایە هێزی چەپ، رێکخراوەکانی چەپ تەشکیلاتی چەپ یەکجار کەم کارییان کردوە. هێزی چەپ دەبێ مەسەلەی پیاو سالاری مەزهەبی فئودالی سەرمایەداری باش ئاشکرا بکات ئەوە گەورەترین ئەرکی فمنیستی چەپ ئەرکی فمنیستی سوسیالیستی مارکسیستی چەپە کە دەبێ بیکات. من پیّم وایە هێزی چەپی ئیران زۆر کەم کاری کردوە وە بۆ خۆی لەو مەسەلەیەدا زۆر لە دوایە. من یەك رێگا دەبینم تەنانەت هێزی چەپ یەکگرتویەکیان هەبێت لە سەر مەسەلەیەکی دیاری کراو مەسەلەی ژنانە لە وێدا دەتوانن زۆر پیکەوە یارمەتی بدەن وە پلاتفورمیکی دیاری کراویان هەبێت پلاتفورمیك سەبارەت بە مەسەلەی ژنان لە ئیران دەبێ چۆن مەترەح بێت دەبێ چۆن خەباتی لە سەر بکەرێ ئەوە مەسەلەیەکی گرینگە.

**پ: شەهرزاد ماندونەبی تەوەری باسەکەمان دەگوزینەوە بۆ سەر مەسەلەیەکی تر بو خوشت دەزانی ئیمە لە سەردەمیکدا دەژین کە سیاسەتی نیئولیبرالی باڵی بەسەر هەموو دنیادا کێشاوە وە کلتور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆشی هێناوەتە ئاراوە وە بێ گومان کاریگەری شی هەبوە لەسەر هەموو بزوتنەوە کومەلایەتیەکان بە بزوتنەوەی ژنانیشەوە. ئیوە وەك هەلسوراویکی بزوتنەوەی ژنان کە دەمیك سالە لەم بوارەدا کار دەکەن پێت وایە کاریگەرکانی نیئولیبرالیزم لەسەر بزوتنەوەی ژنان لە ئاستی دنیادا چون بوو وە و بۆ بەرامبەرکێ یا خود موقابلە لەگەڵ ئەو سیاسەتانە دەبێ بزوتنەوەی ژنان چی بکات؟**

و: باسی نیئولیبرالیزم باسیکە کە بۆ خۆی پەرەگرتنی بازاری جیهانیە وە تایبەتی کردنی ئەو بازارەیە ئەگەر بە کورتی باسی بکەم. ئەم سیستمە ئیدولۆژی خۆی هەیە ئیدئولوژیەکەش ئەوەیە کە لە ناو بردنی خەبات و بزوتنەوە کۆمەلآیەتیەکان کردنیان بە خەباتی قومی، فەرهەنگی. دوشتیکی جیاواز خەریکە دەچێتە پێشی یەکیك ئەوەیە کە لە یەك لا ئیمە دەبینین کە بە پروژەی نیئولیبرالیزم و پەرەگرتنی ئەو بازارە، سەرمایە و کاپیتال لە هەموو شوینی خۆی دامەزرێنی خەڵك ئەسیر دەکات زولم وستەمی خۆی زۆر دەکات و بزوتنەوەکان بەرتەسك دەکاتەووە ئەو دوشێوەیە خەریکە دەچێتە پێشێ کە ئەوە ئیدئولوژیەکەیەتی. بە بروای من لیکولینەوە لە رێکخراوەی ژنان مەسەلەی نئولیبرالیزم و ئیدئولوژیەکەی ئاشکرا دەکات وە من پیّم وایە کە ئەو باسانەی کە کردومانە سەبارەت بە رێکخراوەی ژنانی کوردستان عیراق رێك ئەو پروژەیە نیشان دەدات وە ئەوە زۆر گرینگە کە ئیمە ئەوە ببینین وە ئەوە ئەو پروژەیە کە لە باری ئابوری سیاسی نئولیبرالیزمە لە باری ئیدئولوژیکیش خسوسی کردن و چکولە کردن و مەحدود کردنی بزوتنەوە کۆمەلآیەتی کانە.

**پ: شەهزاد تۆ کاریگەریەکانی گلوبالیزاسیون لە سەر بزوتنەوەی ژنان چۆن دەبینن؟**

و: گلوبالیزاسیون بۆ خۆی پروژەیەکی نئولیبرالیستیە، بەلآم من دەمهەوێ لێرەدا شێتکی تر باس بکەم ئەوەش ئەوەیە کە من جەهانی بوونی سەرمایە یاگلوبالیزاسیون وەك مەفهومیك چاو لێ دەکەم کە سیمای قێزەونی ئەمپریالیزم دا دەپۆشێ، ئەوە ئەمپریالیزمە یانی جەهانی بوونی سەرمایە ئەمپریالیزمە.

من ئاوای دەبینم مەسەلەن کارگر لە بوکان و مەهاباد وە دێن بو کودستانی عیراق لە بەشی ساختمانی کار دەکەن. مەسەلەن سەرمایەدارانی تورك و فارس و عەرەب وئەوانە دێن بو کوردستان وە بە راحتی لێرە سەرمایەگوزاری دەکەن ئەوە بۆ خۆی پرۆژەی جەهانی بوونی سەرمایەیە. بەلآم پەیوەندی خەلکەکەی، هاتو چۆی خەلکەکەی پەیوەندی بزوتنەوەی خەلکەکەی سنورو کۆسپێکی گەورەی لە بەر دەم دایە یانی ئەگەر سنورەکانی هەموو شوینی ولات بو هاتو چۆی سەرمایە روخاوە و نەماوە و سەرمایە بەئاسانی دەتوانێ لە هەموو جیگای جیهان لە جۆلەدانێ وەختیك دێتە سەر بزوتنەوە وخەبات، لە دژی مەرز و حەدیکی زۆر تایبەت دادەنین. و بە دوای جەریانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تیروریستی ١١ی سیپتامبر یەکێکی و هاوپشتی نێوان بزوتنەوەکانی هەرولاّتیك وەك: بزوتنەوەی ژنان یا کاریگەر یا دانشجویان ئەوە پچراوەو نەماوە. خەباتی دژی جەهانی بوونی سەرمایە (ئانتی گلوبالیزاسیۆن) ئەوە بزوتنەوەیەکە کە جیهانیەو زۆر گرینگە، بەلاّم رەخنەم لە وانە هەیە.

چونکە ئەوانە زۆرتر خەباتە کەیان بۆ ئەوەیە کە ە پەیوەوندیەکانی سەرمایەداری ریفورم بکەن. خەباتیك نییە لە دژی کاپیتالیزم، خەباتیك نییە لە دژی سەرمایەداری خەباتیك نییە لە دژی ئەمپریالیزم. مەسەلەن لە کانادا ئانتی گلوبالیزاسیۆن یان خەباتی دژی جیهانی بوونی سەرمایە دەیهەوێ کە بەرژەوەندی کانادا بپارێزی.

ئوروپا دەیهەوێ بەرژەوەندی ئورپایی بپارێزی. ئامریکا دیهەوێ بەرژەوەندی ئامریکا مەسەلەن لە بەرانبەر چین بپارێزی ئەوە نییە کە بزوتنەوەی ئەنترناسیونالیزمی نێونەتەوەیی لە دژی سەرمایەداری بێت، ئەوە نییە کە بزوتنەوەی ئەنترناسیونالیستی لە دژی ئەمپریالیزم بێت.

**پ: ئایا ئەو زەرفیەتانەی هەیە کە ببێت بزوتنەوەیەك لە دژی تەواویەتی سەرمایەداری؟**

و: ئەو زەرفیەتەی هەیە بەلاّم رابەری دەوێ. رابەری سیاسی دەوێ، رابەریەکی ئیدئولوژیکی سیاسی چەپی دەوێ کە بتوانێ بەو ئاراستەیە دا. بیبات لە بەر ئەوە کە هێزی دیموکراتیك هەر چەشنە بۆچونێکی فکری تییدایە هێزی لاوی زۆری تییدایە وە زۆریان پێی خوشە کە بەشداری بکەن، بەلاّم بەشکلی تەشکیلاتی دیموکراتیکی سیاسی چەپ جەزب نەبن. ئەوانە بە شکلی N.G.O کان عەمەل دەکەن ئەسلەن N.G.O هەیە کە کارەکەی دژی ئانتی گلوبالیزاسیونە.

**پ: پێت وایە کە بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەووی ژنان دەتوانن هاو جیهەت لە سەر یەك ریگە حەرەکەت بکەن؟**

و: ئەمن پێم وایە بزوتنەوەی ژنان ئەگەر ناتوانێ مەسەلەی چینایەتی مەسەلەی پیاو سالاری (مەسەلەی چین زۆر گرێنگە لە بەر ئەوەی پەیوەندی بە بزوتنەوەی کرێکاری یەکجار لازمە و گرینگ). زەق کاتەوە هەر تەبدیل دەبێتەوە بە رێکخراوەی ژنان کە حەرەکەتە کۆمەلاّیەتێکان بەرەوریفورم دەبات، بۆیە پەیوەندی لەگەلّ بزوتنەوەی کرێکاریە کە دەتوانێ لە دژی سەرمایەداری بێت، پەیوەندی لەگەلّ بزوتنەوەی کرێکاریە کە دەتوانێ لە دژی ئەمپریالیزم بێت بەلاّم پەیوەندی بزوتنەوەی کرێکاری لەگەلّ بزوتنەوەی ژنانە کە




دەتوانێ لە دژی پیاو سالاری بێت دژ بە مەزهەب بێت دژ بە سونەت و کلتوری دوا کەوتووی پیاو سالارانە بێت بەم جۆرە ئەو دوانە دەتوانن یەك تر بەهێز بکەن. بزوتنەوەی فمینستی دەتوانی روانگەی چینایەتی وەرگرێ دیدی سوسیالیستی وەرگرێ لە بزوتنەوەی سوسیالیستی و بزوتنەوەی کرێکاری وە بزوتنەوەی کرێکاری و سوسیالیستی دەتوانێ دیدی فمینستی دژ بە پیاو سالاری و دژ بە مەزهەب لە خەباتی ژنان وەربگرێ. من پێم وایە کە ئەو پەیوەندە یەکجار گرینگە تا ئەو دوانە نەبیت ناکرێ بزوتنەوەی سیاسی سەرکەوت بێت.

شەهزاد سپاس بۆ بەشداری کردنت لەم گفتگویەدا
سپاس بۆ ئیوەش

تێبینی: ئەم وتووێژە لە هاوینی رابردودا ئەنجام دراوە

*



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پرۆشە


- چاوخشاندنێ: بەسەر رۆمانی "دایك"ی ماکسیم گورکیدا ١١٨
  ئا. پەیمان
- شێعرەکانی پوشکین سرودی سەربەستی، ئازادی و شۆرشن ١٢٠
  ئا : س. الف
- گارسیا لۆرکا ١٢٣
  شاعیرێکی ئیعدامی لە ئەندەلوس
  ن : ئارام بەختیاری و: پێشەنگ
- هونەر وماتریالیسم ١٢٥
  ن : دوکتور تەقی ئەرانی ئا : پێشەنگ
- چخۆف ی شانۆنامە نووس و " باخی ئالوبالو " ١٢٧
  ن: هوشەنگ حسامی ئا: پێشەنگ
- من هەولم دا مرۆڤ بم (نامەی چارلی چاپلن بۆ کچەکەی) ١٣٠
  وەرگێر: دیاکۆ
- هونەر بۆ رزگاری نەك بۆ فرۆشتن ١٣٣
  ن : فواد شەمس١١/٧/١٣٨٤ و: ناسر حەقپەرەست


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئا : پەیمان

# چاوخشاندنێك بەسەر رۆمانی "دایك"ی ماكسیم گوركی دا

ئەلكس ماكسمۆویچ شكۆف ، ناوی خوازراوی ماكسیم گوركی بۆ خۆی هەڵبژارد كە لە هەموو دنیادا بەو ناوە دەناسریٚ و دەیناسن ،لە ٢٨ی مارسی ١٨٦٨ی زاینی لە نیژنی نووگرود هاتە دنیا .لەم بابەتەدا نامانەویٚ بچینە ناخی ژیانی گوركی یەوە ئەم لایەنە هەڵدەگرین بۆ مەجالێكیتر .

وشەی گوركی لە زمانی ڕوسی دا بە واتەی تاڵ و مەزەی تاڵ دێت و پشكۆف لەم رووەوە ئەم لەقەبەیٚ بۆ خۆی هەڵبژارد چون ژیانێكی تا بلێی تاڵ و پڕ چەرمەسەری بەسەر بردووە و هەر چەند خۆی شاهیدی رووخانی حكوومەتی تزار بوو بەلاٚم دواییش دیتی ئەو حكومەتە ئارمانیەش ، بە سەر ئەنجام نەگەیشت و لە مەسیری دیاری كراو لای دا .

ڕۆمانی ( دایك ) لە لایەنی ئەدەبییەوە و لە ڕەوانگەی پتەویەوە ، وەك بەرهەمێكی پلە دووی گوركی دەژمێردرێت ، بەلاٚم وەك بەرهەمێكی هەڵگری ئەفكاری شۆرشگێرانە ، لە سەردەمی خۆیدا ورەنگە ئیستاش شوێنەوارێكی دیاری لە ڕومانی سیاسی دا هەیە و دام ودەزگای حكومەتی لەو دەمەدا بە توندی دژی بوون . ئەم ڕۆمانە لە زومرەی بەرچاو ترینی ئەو بەرهەمانە بوو كە لە سەدەی بیستەمدا، لە نێو ئەوكەسانەدا وا خاوەن بیٚروكەی شۆرشگێرانە بوون ، دەست بە دەست دەگەڕا و دەسەلاٚتە دیكتاتۆریەكان بە ڕقەوە بە دژی دەوەستان .



لە ڕۆمانی دایك دا ، گوركی لە سەر ئەساسی ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٠٥ داستانێكمان بۆ دەگێرێتەوە . ناوەندی ئەم داستانە ژیانی دایكێكە كە مناڵە شۆرشگێرەكەی دەكەوێتە دەست دارودەستەی تزار ، لە دادگایی كردنێكی گاڵتە جاڕانەدا لەو پەڕی شوجاعەت و بووێریدا داكۆكی لە خۆی دەكات و تەبعید دەكریٚ . ئەو دایكە بووێرە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووانگەی دینیەوە ، لەگەڵ كوڕەكەی دا جیٚاوازی بۆچوونی هەیە بەلاٚم هەست بە زوڵم و زۆری كۆمەلاٚیەتی دەكات و شوێن پێی كوڕەكەی دەگرێت .

دایك ئێستا ئیتر ئەو عەبدەی پێشووتر نییە و دەزانیٚ كە كلیسا دینی كردۆتە دەزگایەكی رەسمی و لە بەر ئەم هۆیە لە چوون بۆ كلیسا خۆی دەبویریٚ . پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە كە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دا بزوتنەوەیەكی ئایینی لە ڕووسیە سەری هەڵدا كە پەیرەوانی ئەم نێهزەتە خۆیان لە بە حوكومەتی كردنی دین دوور دەگرت و لەسەر ئەم باوەڕە بوون كە مرۆڤ بۆ

پەیوەندی گرتن لە گەڵ خوای خۆی نیازی بە کلیساو کشیش نییە و دەکرێ لە گەڵ ئەو دا بەبیٚ( کلیسا و کشیش ) پەیوەندی بگرێت . ئەم گروپە بە توندی کەوتبونە بەر غەزەبی کلیسا و حکومەت و سەرکوت دەکران .

دایك ، بە قەولی گورکی ، بەرەو لای مەسیحیەتی ڕاستین دەکێشێت و" کەمتر خۆ لە عیبادەت و فەرزە ئایینیەکان دەدات ، بەڵام زۆرتر بیری لەو مرۆڤانە دەکردەوە کە بەبیٚ هێنانی ناوی مەسیح کردەوەو ڕەوشی باشیان لە خۆ دەنواند و لە بیری عەدالەت دا بوون "

دایك بەو پەڕی وریایی و لێهاتووییەوە بڵاو کراوەکانی شۆڕشگێرانی دەبردە نێو کارخانەکان و بە دەستی دەگەیاندن ، لە خۆپیشاندان و ریٚ پێوانەکان دا بەشداری دەکرد و دروشمی بە دەنگی بەرز دەوتەوە . لە ئاکام دا مەئمورانی دەوڵەتی، دایك کە ئێستا بڵاو کەرەوەی ئعلامیەی شۆڕشگێرانەیە، قۆڵبەست دەکەن و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە زیندانی دەکەن .

پلاگیا ، قارەمانی کتێبەکەی گورکی، دایکێکە دواتر بوو بە ئۆلگوی قارەمانان و تێکۆشەران. بەڵام نوسەری ئەم کتێبە چارەنوسێکی باشتری لە چارەنووسی قارەمانەکەی بە نسیب نەبوو ، هێندێك لە زمان لووسان بە ئاماژە بە کتێبەکەی گورکی ، نازناوی باوکی سۆڤیەتیان بەخشییە ئێستالین . دەگێڕنەوە ڕۆژێك ئێستالین لە میوانیەك دا ڕووی کردە گورکی و ووتی : هاوڕیٚ گورکی تۆ ساڵانێك بەر لە ئێستا کتێبی دایکت نووسی پێت وا نیە کاتی ئەوە هاتوە کتێبی باوکیش بنووسی ! گورکیش هەر بەو ویقارە هەمیشەییەوە وڵامی دابۆوە و وتبووی : ئەم گەلە هێشتا بیٚ باوکە .

ئەم وتەیەی گورکی ئەویش لەبەر چاوی کۆمەڵێك خەڵك ، لە سەر دڵی ئیستالین قورسایی کردبوو . لەساڵی ١٩٣٤دا کوڕەکەی گورکی کە بە رواڵەت بە هۆی نەخۆشی تەنگە نەفەسی گیانی لە دەست دابوو ، دواتر ئاشکرا بوو کە تەشکیلاتی ئاسایشی ئیستالین دەستیان لە کوشتنی دا بووە ، بە پێی نزیکایەتی گورکی لە دەسەڵات سروشتیە کە ئاگاداری ئەو مەسەلەیەو ڕووداوەکانی تری پشت پەردەوە بوبێت . مەرگی کوڕەکەی ، گورکی بە تەواوی چەماندەوە ، دوا بە دوای ئەم ڕوداوە ، گورکی چەندین جار داوای کرد بچێت بۆ دەرەوەی وڵات ، بەڵام ئیزنی پێنەدرا لە ئاکامدا لە ڕۆژی ١٨ی ژوئەنی ساڵی ١٩٣٦ دا و دوای ئەوەی کە ماوەیەکی بەر چاو لە ماڵە هاوینیەکەی دەرەوەی شار ی ، بە دوور لە جەماوەری خەڵك دەبردە سەر ، بە هۆی نەخۆشی " هەڵامەت "ەوە بۆ هەمیشە چاوی لێك ناو ماڵ ئاوای لە ژیان و خوێنەرانی کرد.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




دەڵێن گەورەترین بەرهەمی پوشکین شاعیری رووس ، ژیانیەتی . هەرچەند ئەو لە تەمەنی٤١ ساڵیدا جوانە مەرگ بوو، بەڵام ئەو تەمەنە کورتەشی بە تە واوی لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بردە سەر .ماوەی هشت ساڵ لە ئەیالەتی قەفقاز و لە جەزیرەی کریم بە شێوەی تەبعیدی ژیا . بگرە جارێکیشیان وەك گۆشتی دەمی تۆپ لە گەڵ دەستەیەك سەربازی تزار دا ، تاشاری ئەرزرومیان ، لە تورکیە ، نارد بەو هیوایەی لەوێ بکوژرێ ، و دوای ئەوەی پەیان بە دژی کلیسایی بوونی برد ، لە رێگای کونترۆڵی نامەکانیەوە ، سازمانی ئەمنیەت بۆ ماوەی ١٠ ساڵی تەواو خستیە ژێرچاوەدێری توندەوە لە ئاکام دا بە پێی پیلانێکی ناموسی لە پێشدا دارێژراوی دوئێل،بە کوشتیان دا .

پوشکین شاعیری شۆرگێر و ئازادی خوازی رووس لە نێوان ساڵەکانی ١٧٩٩ و ١٨٣٧ی زاینی دا ژیانێکی پڕلەرووداو و چەرمەسەری نایە پشت سەر . سەبارەت بە شێعرەکانی وتوویانە : قەت فۆرمی فیدای ناوەرۆك و ناوەرۆکی لە پێناو فۆرمدا لە بیر نەکرد. هیچکام لە لایەنەکانی هونەری بە چاوی سووك سەیر نەدەکرد. .ناویپوشکین دەمخاتەوە بیر مامۆستایەکی پرشۆر و شەوقی وڵاتەکەم. هەرجارێ کە ئاغای باقری مامۆستای گوند دەیزانی کە من بۆ بینینی دایە گەورەم هاتوم بۆ دێ ، بۆئەوەی نیشانی بدات کە رێگای بێ گەرانەوەی سەمەدیبێهرەنگی گرتۆتە پێش و کتێبە ئەدەبیە

کۆمەڵایەتیەکان بە منالان دەناسێنێ، منی بانگهێشت دەکردە دەرسی ئینشای پۆلەکەی تا لەم رێگایەوە رێزوپێزانینی خۆی بۆ ئەو کتێبانەی بەئەمانت لە دۆستەکانی وەرگرتبو دەربڕێ . جارکیان کاتێ سەبارەت بە مێژوی سێعر قسەی دەکرد، روو بە شاگردەکا نی پۆلەکی وتی :پوشکین لە توێژی نەجیبزادەکان و چینی ئەشرافی رووسیەی تزاری بوو، گلنسا کچی کوێخای دێ ، کە خاوەنی ئەندامێکی هەڵچوو سەرو پرچێکی درێژ بوو، بە لەحنێکی نارازیانەوە وتی : ئاغا ! مەگەر باقی خەڵك نانەجیب و بێ شەرەف بوون ؟

منیش وەك خوێندکارێکی دەرچوی زانکۆ کە هەستێکی بەحرالعلومیم تێدا بوو، بۆ کۆتای پێهێنانی حاڵەتی ئاڵۆزی نێو پۆل ،ئیزنمخواست و وتم :مناڵەکان ! هەروەك دەزانن هێندێك لە وشەکان لایەنی مەنفی دیاریکراوی مێژووییان هەیە ، بۆ نموونە ئێستاش لە برێك ناوچەی وڵات بە ژنان دەڵێن :زەعیفە و لەم لایەنەوە گوڵنسا ڕاست دەکات . هیوادارم لە داهاتویەکی نزیك دا واژەناسان وشەی گونجاوتر بدۆزنەوە تا ئێمە ناچار نەبین بۆ چین و توێژی دەستەڵاتداری سەدەکانی پێشو ، لە وشەگەلی ئەشرافی و نەجیبزادە کەڵك وەرگرین .

پوشکین ساڵێك بەر لە بەرێوە چوونی پیلانی کوشتنەکەی لە لایەن دەربارەوە ،دەنووسێ :من بەشێعرەکانم هەستی مەیوی مرۆڤەکانی کۆمەڵگام خستۆتەوە جووڵە ، لەناخی زوڵم و زۆرێژی دا ، ئاوازم بە

بەژنی ئازادی بڕی ، سروودی نزیك بوونەوەی شۆڕشم سەردا و خەڵکم بۆ هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەخت کردوانی لە سێدارە دراو بانگهێشت کرد. تا کاتێ بگرە تەنیا شاعیرێك بەسەر ئەم کورەی خاکەوە مابێ، مرۆڤەکانی داهاتوو یادم دەکەنەوە. شاعیر نە تەنیا مامۆستا و هەڵبژاردەیە بەڵکو پەیام هێنەریشە.

پوشکین زمانی زانستگایی کلیسای لەگەڵ زمانی عامیانەی خەڵك ئاوێتە کرد و لەو دوانە تروسکەیەکی نوێی بەدی هێنا . ژیانی تراژیکی پوشکین شایەد لەوێوە دەستی پێ کرد کە نێردراوی ڕووس لە ئەستانبول –برایم هانیبال ، بابە گەورەی پوشکینی کە ئەو کات خزمەت گوزارێکی ڕەش پێست بوو ، کڕی و وەك دیاریەك هێنای بۆ پتری کەبیر ، تزاری ڕووسیە لە مۆسکۆ وتی ئەمرۆکانێ هێندێك دەڵێن لە ڕێگای وێنەکانیەوە دەکرێ وێ چوونە نیوە ئەفریقایەکانی پوشکین دەست نیشان بکرێ .

پوشکین لە تەمەنی بیست ساڵی دا لەگەڵ شۆڕشگێرانی مانگی دسامبر کە لە مێژوی ڕووسیە دا بە نێوی دکابریستەکان نێویان دەرکردبوو پەیوەندی گرت و شێعرەکانی خستە خزمەت پەرەپێدانی باوەڕ و ئیدەکانی ئەوانەوە . دکابریستەکان ، سەر بە چینی ئەشرافی و خوێندەواری کۆمەڵ بوون کە بە یارمەتی ئاشنایی لەگەڵ دروشمەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕۆمانتیکی شۆڕشگێر ، تێکۆشان دژی دیکتاتۆری و تزاریان دەست پێکرد. ئەوان خوازیاری حکوومەتی مەشرووتە لەسەر ئەساسی قانونی ئەساسی و بەڕێوە بردنی ناوەندی دەسەڵات بوون تا بەر بە زۆر ویژەکانی دیکتاتۆری بگرن . پوشکین یەکێك لە لایەنگرانی هەڵسوراوی مەحفەلی ئەدەبی دکابریستەکان بە ناوی فانوسی سەوز بوو کە بە یارمەتی هۆنراوەی ڕۆمانتیکی شۆڕشگێرانە و پەیرەوی لە بایرۆن ، شاعیری ئینگلیسی دەستی دایە رەخنە گرتن لە تزار و دەربار .

بەشێك لەو شێعرانەی پوشکین کە لەو سەردەمە دا کەوتنە بەر سەرنج و دەم بە دەم دەگەران ئەمانە بوون: ئازادی، دۆمەکان، گوند، دیلی قەفقاز، خەنجێر، پەیکەرە ، پاییز و بەرەبەیانی زستانی. لە ساڵی ١٨٢٦، دوای هاتنە سەر کاری تزاری نوێ و هەڵوەشانەوەی حوکمی تەبعیدیەکەی، پوشکین بە شێوەی نهێنی دەستی دایە بڵاو کردنەوەی ٣٠ شێعر. هەروەها لە بواری نەسریش دا چەند کتێبێکی بەم ناوانە نوسی: کچی سەروان ، ئۆبگین و پۆستچی.

پوشکین لە ماوەی دورخرانەوەی لە دەور و بەری قەفقاز نەتەنیا لە گەڵ جوانی سروشت و ژیانی عەشیرەیی، فەرهەنگی شەڕ کەرانەی تۆلەستێن و باوەڕە ئیسلامیەکان دا ناسیاوی بە دەست هێنا، بەڵکو داب و ڕەسمی تاتارەکانی لێواری دەریای ڕەش و چلۆنایەتی ژیانی گەڕیدە و خێوە تنشینەکانی مولداویشی بینی.

ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبیات وفۆلکلۆری ڕووسیە و نەتەوەکانی تر بوو بە هۆی نزیك بوونەوە لە رئالیسمی کۆمەڵایەتی. پوشکین مۆدێرن گەرا و بە شێوەیەکی ساکار دەینوسی، سیفەتێکی کە ڕەنگە هەر لە سروشتی جوان و ساکاری وەرگرتبوو. پوشکین دەستپێکەر و بنیاتنەری رئالیزمی سەدەی١٩ی ئەدەبیاتی روسیەیە.

تۆماسمان دەنووسێ: ئەو گوتەی ڕۆژهەڵاتی ئوروپایە. پوشکین لە هەر سێ ژانیرە ئەدەبیەکاندا شێعر، درام و ڕومان ڕێگاگەلێکی نوێی بۆ نەوەکانی داهاتوو دۆزیەوە. لە بواری ڕۆمانی مێژووی دا پەیرەوی لە واڵتر ئیسکات دەکرد . داستایوسکی و ئانا ئەحمەد ئوا، تاریفیان دەکرد و خۆیان وەك شاگردی ئەو ناو دەبرد. فۆرمالیستەکانی روسیە ساڵانێك ئەویان بە ڕێ نیشاندەری ریبازی خۆیان دەزانی، بەڵام فتوریستە ئاوانگاردەکان لە شەونامەکانی خۆیاندا نووسیان: واگۆنی دووکەڵی ئەدەبیاتی سەردەم کە وتوتەری، ئەدەبی پوشکین، تولستوی ،داستایوسکی و شەریکانیان بخرێنە خوارەوە. پوشکین بڵاوکەرەوەی شەش ژمارە لە گۆوارێکی ئەدەبی یش بەناوی هاوسەردەم بوو.

دوابەدوای لە سیدارەدانی ژمارەیەك لە ئەندامانی بزوتنەوەی دکابریست لە ساڵی ١٨٢٥، پرسیار گەلێك سەبارەت بە ئەرك و ڕۆڵی ئەدەبیات لە تێکوشان لە ڕیگای ڕزگاری دا بۆ پوشکین ئەدەبیاتی تریش هاتە گۆڕێ . ئەو ڕێگای تێکوشانی هەڵبژارد و سازشی ڕەدکردەوە و سەری خۆشی هەر لەم پێناوەدا دانا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەگەر یۆنانیەکانی باستان گیانی خۆیان لە رقبەرییەکی خۆیناوی دا بەخاتری چارەنوسێکی لە پێشدا دیاری کراو، بەخت دەکرد، ئەشراف زادە لاوە ناسازگارە تزاریەکان گیانی خۆیان لە دوئیلە شانوویە مەرگ هێنەکاندا دەخستە مەترسیەوە تا لە نیوەرۆیەکی زەستاندا، زەوی بە بەفر داپۆشراو بە خۆین بنەخشێنن. چەند ساڵ دوای پوشکین، لرمانتۆف، نابغەیەکی تر، گیانی خۆی لە تەمەنی٢٧ ساڵی، لە دوئیل دا لە دەست دا. دوای کوژرانی پوشکین لە دوئیل دا، رۆژنامەکانی سەردەم نووسیان: گەورەترین " دون ژوان "ی ئەدەبی رووسیە کوژرا !!

دۆستانی ئازیز!

کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی خۆتان بۆ کتێب خانەی پێشەنگ بنێرن.

لە گەڵ رێزمان

پێشەنگ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گارسیا لۆرکا

# شاعیرێكی ئیعدامی لە ئەندەلوس

ن : ئارام بەختیاری
و: پێشەنگ

گارسیا لۆركا ، شاعیر و شانۆنامە نوسی ئیسپانیایی ، سی و هەشت ساڵانە بوو كە لە لایەن فالانژیستەكانی لایەنگری فرانكۆوە ، لە سەرەتای دەست پێكردنی شەڕی نێوخۆیی ئیسپانیا دا رفێنرا و ڕۆژێك دواتر كوژرا . ڕۆژنامە فاشستیەكانی ئەو سەردەمە نوسیان . و هۆی ئیعدام كردنەكەیان ، بێجگە لە تێكۆشانە كۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەكانی ، مەسایلی شەخسی وەك نێر بازی ڕاگەیاند . گارسیا لۆركا لە نێوان ساڵەكانی ١٨٩٨ تا ١٩٣٦ی زاینیدا ژیانی بردەسەر.باوكی یەكێك لە گەورەماڵیكانی ئەیالەتی ئەندەلوس بوو لەجنووبی ئیسپانیا ودایكیشی مامۆستای قوتابخانە بوو . دۆستەكانی ئەیانوت :ئێستاش كە ئێستایە لە ئەندەلوس گۆرانی بێژان لەتاو غەمی گیان تاوێنی لۆركا دەگرین . تایبەتمەندیەكانی ئەم ئەیالەتە مێژوویە ،جوانی سروشت و ئەدەبیاتی فۆلكلۆریكی كۆچەریەكانیەتی كە لۆركایان هەر لە سەرەتای مناڵیەوە خستە ژێركاردانەوەی خۆیانەوە .لەمرۆدا دەشتە پان و پڕحاسڵاتەكەی و بەفری لووتكەیسیراوادا ، بوونەتە هۆی ڕاكێشانی سەرنجی جیهانگەردانی خۆش سەلیقە . لۆركادەیوت : لەسەردەمی مناڵیدا ، لەسەر باڵكۆنی ماڵی بابیەوە ، دەیتوانی تماشای بەفرەكانی لووتكەی سیرالوادا بكات .هەروەها دەیوت : بە هۆی سروشتی سەر سەوز و عەتراوی پێدەشتەكانی ئەوێ ، زۆربەی بەیانیەكان بە سەر ئێشەیەكی شاعیرانەوە لە خەو هەڵدەستام . ئەندلوس خاڵی تێكپەرینی سێ فەرهەنگی ، ئۆروپایی ، ئافریقایی و ئاسیاییە و لە



تەنیشت دەریای مەدیتەرانە دایە . گۆتە دەڵێ : لە ئەندەلوس دا فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناتوانی لێك هەڵاوێری . ئەندلوس نەك هەر لە ژێر تەئسیری فەرهەنگی مەسیحی و ئۆروپایی دا بەڵكو چەندین سەدە لە ژێر نفوزی فەرهەنگی شەرقی و ئیسلام دا بووە . قەومی ماووری ئەلجەزایری و لە سەدەكانی ناوەراست دا ، فنیقیەكان و كارتاژەكان لە دەورانی باستان دا چەندین سەدە دانیشتوی ئەندلوسن بوون . شارەكانی گرانادا و قوتبە و قەڵای ئەلحومرا لە شوێنە دیدەنیەكانی ئێستای ئەندلوسن ، لۆركا لە ژێر تەئسیری فەرهەنگی ڕۆژ هەڵاتی دا هۆگری شێعرەكانی حافز بوو .

شێعری لۆركا تێكەڵاوێكە لە دڕام و سەنعەتی شێعری ، ئۆروپایی و ڕۆژهەڵاتی ، زبر و نیان ، هێرش بەر و دۆستانە . لۆركا خۆی دەڵێ : یەگانە مەوزوعی شێعری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو ئازارە ، ئازرێکی کە لە هەستێکی عەدالەت خوازانەی ئینسانیەوە سەرچاوەی دەگرت ، هەرچەند کە بابەتی شێعری مۆدێرن تەنیایی تاك بوو . لۆرکا لە وتوو ویژێکدا ئەڵێ : من قەت سیاسی نەبووم ، بەڵکوو مرۆڤێکی شۆڕگێڕ بووم ، چون هیچ شاعیرێکی ڕاستەقینەی نا شۆڕشگێر دەست ناکەوێ . هەروەها دەڵێ لە هەر هەل و مەرجێکی دژوار دا ، پێویستە شاعیر لەگەڵ خەڵکەکەی دا پێبکەنێ و بگری . لە کاتی زەروور دا دەبێ گوڵدانە بۆن خۆشەکەی دەستی دانێتە عەرزی و بۆ ڕزگار کردنی لێقەوماوان و زۆرلێکراوان خۆی بخاتە زۆنگاوی بۆگەنیوی کۆمەڵگاوە . ئەوینی لۆرکا سەبارەت بە ئەدەبیاتی کۆچەریەکان و فەرهەنگی فۆلکلۆریکی ئیسپانیا ، بوو بە هۆی ئەوەی هەندێك کەس ئەو بە شاعیری کۆچەریەکان ناو بەرن . پابلۆنیرۆدا ئەڵێ : لە شێعری لۆرکا دا ئەوین و مەرگ دەست لە نێو دەست سەرگەرمی چۆپیەکی وەحشیانەن ، جارجارە ڕوت و قووت جارجارەش دەمامك بە ڕووەوە ، شێعرەکانی نە تەنها هەڵگری ئەلهامن بەڵکو خیرەدیشیان تێدایە . لۆرکا بە هۆی دایکیەوە هەر لە تەمەنی مێر منالیەوە لە گەڵ شێعری مۆدێرنی فەرانسە ، لەوانە بەرهەمەکای بودلێر ، مالرمە و والریدا ئاشنا بوو . ئەو لەگەڵ شێوەکاران و هونەرمەندانی نوێ خوازی ئەو سەردەمەدا ، لە ئیسپانیا ، واتە پیکاسۆ و دالی دا ، هات و چۆی هەبوو . ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بێ ، هێندێك کەس ، بەرهەمەکانی بە وێنەیەکی ڕاستەقینەی واقعیەتە کۆمەڵایەتیەکان دەزانن . لۆرکا دەڵێ : تیاتریش شێعرێکە ئینسانی کراوە ، تیاتر شوێنیکە بۆ وەپێکەنین خستنی بینەر یان گریاندنیان . ئەو بە یارمەتی تیاتر ، ئاوێنەیەکی نایە بەر دەم کۆمەڵگا و دەسەڵاتی ئەو سەردەمی ئیسپانیا ، تا ئەوان دیسان خۆیانی تێدا بدۆزنەوە . ئەو وەك قوتابخانەیەك بۆ فێرکردن و بار هێنان کەڵکی لە تیاتر وەرگرت و کردیە تریبوونێك بۆ پێشخستن و وشیار کردنەوەی کۆمەڵایەتی . لۆرکا دەڵێ : خەلکێك کە یارمەتی تیاتری خۆی نەدات و پشتیوانی لێ نەکات ، ئەگەر نەمردبێ یەقینەن لە لیواری مەرگایە . ڕەخنەگرانی بەرهەمەکەی دەڵێن لە ژێر کاردانەوەی ئیستیك و جوانیناسانەی ویکتۆهۆگۆ دایە ، هێندێکیش شانۆنامەکانی بە کۆمەڵناسانە یان فۆلکلۆریك دەزانن .

یەکێك لە شانۆ نامەکانی گارسیا لۆرکا ،" جێژنی بووکی خوێناوییە ، کەبوو بە ناونیشانێکی پێشگوێی و غەیبگۆیانە سەبارەت بە ڕفاندن و ئیعدامی شاعیران و نوسەرانی دژی دەسەلات لە ولاتانی شێوە فاشیستی دا .

ئەو لە ولاتێك دا ژیا کە لەو سەردەمەدا فەرهەنگەکەی ناوی فەرهەنگی مەرگ بوو . بگرە ئاشکرا بوونی کوشتنە ناجوامێرانەکەشی ، بە هۆی سەرشناس بوونیەوە ، ئاشکرا بوونی کوژرانی بە هەزاران تێکۆشەری گومناوی ساڵەکانی پێشتری لێکەوتەوە .



هەموو پەنجەرەکانم داخست
چون نامەوێ گوێم لە گریان بێ
بەلام لەو دیو دیوارەبۆرەکانەوە
جگە لە ناڵەو گریان گوێت لە هیچ نابێ
***
زۆر کەمن ئەو فریشتانەی گۆرانی دەچڕن
زۆر کەمن ئەو سەگانەی دەوەڕن
کەچی هەزارەها کەمانچە
بۆ دەست و پەنجەی من ڕامن
***
وەڵێ گریان سەگێکی زرپ و زەبەلاحە
فریشتەیەکی گەڵێ گەورەیە
کەمانچەیەکی فرە قەبەیە
فرمێسکەکانیش بەری با دەگرن
گوێت لە هیچی تر نابێ
*

# هونەر و ماتریالیسم



ن : دوکتور تەقی ئەرانی
ئا : پێشەنگ

هونەریش وەك زانست ، فەلسەفە ، ماف و شتیتر یەکێك لە ئاکامەکانی ژیانی مادی بەشەرە .

مەبەست لەم وتارە ئەوەیە کە بیسەلمینین ، هونەر بگرە لەم ڕووانگەوە کە یەکێك لە خۆپیشاندانەکانی " ڕۆحیی " بەشەرە ، ماددییە و بە یەکێك لە دەرکەوتەکانی ژیانی بە کۆمەڵی مرۆڤ دەژمێردرێ . واتە هەروەکو چون زانست و فەلسەفە و ماف و ئایین و بە گشتی تەواوی دیاردەکانی کۆمەلایەتی ، ئاکامی هەل مەرجی کۆمەڵە ، هونەریش بە پێی هەڵدان یان لاواز بوونی شێوەی بەرهەم هێنانی سەروەت لە حاڵی هەڵدان یان نشوستی دایە ، بە واتایەکی تر هونەریش وەك باقی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتر لە ژێر کاردانەوەی هەل و مەرجی بەرهەم هێنان و شەرایەتی ماددی سەردەمەکەیدایەتی .

بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر بێتەوە ،پێویستە بزانین هونەر چییە ؟ و چ ڕۆڵێك لە کۆمەڵدا دەگێرێ .

مرۆڤ هەر تەنیا بیر ناکاتەوە ، ئەو خاوەنی زۆر هەست و عەواتفیشە . هەڵبەت ئەم هەست و عەواتفە نابێ وەك شتێکی غەیرە ماددی چاو لێبکەین . ئەمانەش تایبەتمەندی ماددیان هەیە . لە هەر حاڵدا مرۆڤ لە دیتنی کردەوەی باش شاد و لە بینینی خراپکاری دڵگرانە ، ماوەیەك خۆشحاڵ و سەردەمێك غەمناك دەبێ ، کاتێ کەیلی هیوایە و ئارەزوی لە شتێکە و کاتێکی تر بە پێچەوانە بە گشتی چون هەست و حەز و ئارەزووەکانی بەشەر بێ سنورە ، هونەر ئەم هەست و عەواتفە کۆ دەکاتەوە و لە ڕێگای شکڵ و ڕواڵەتی هەست پێ کراوە وە

وەك :وتە ، دەنگ و جوولە یان لە ڕێگای کەرەسەی ترەوە دەردەبرێ . شێعر ، مۆسیقا و وینەگری هەر کامیان یەکیك لە دیاردەکانی هونەرن . کە وابێ ، دەتوانین بڵێین :

هونەر کەرەسەی کۆمەڵایەتی کردنی هەستەکانە وەیان وەك تۆلستۆی ئەڵێ : هونەر کەرەسەی گواستنەوە و تەشەنەی عەواتفە .

لە گەڵکوو پارچەیەك موزیك لێ بدرێ ، فەوری گشت هەستگەلی مۆسیقا ژەنی هونەرمەند دەچێتە ناخی بیسەر [redacted] و دەیانخاتە ژێر کاردانەوەی خۆیەوە .

بەم چەشنە عەواتفی تاکی هونەرمەند ، دەبێتە هەستێکی کۆمەڵایەتی ، وێنە گری ، پەیکەر سازی ، شێعر و بینا سازیش لەم ڕوانگەوە وەك مۆسیقان . ئێستا کە تەعریفی هونەر ، واتە لێك دانەوەی شێوەگەلی ماددی هەست پێ کراو و دەور و نەخشی کۆمەڵایەتیەکەی ، یانی بە گشتی کردنی هەستگەلی تاکە کەسمان بۆ دەرکەوت ، پێویستە بزانین کە گەشە و هەڵدانی هونەر پەیوەندی بە چ عەوامڵێکەوە هەیە و تا چ ڕادەیەك گەشەو هەڵدانی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی لەسەر هەڵدان و پوکانەوەی هونەر هەیە .

هونەر بە هەر شکڵ و شێوەیەك چاو لێبکرێ و لە نەزەر بگیرێ ، بە شێوەی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ ، بە هۆی زنجیرەیەك پەیوەندییەوە ئاکامی هەل و مەرجی ئابووری و ڕادەی گەشەی کەرەسەی فەننی کۆمەڵگایە . بە هەر ئەندازەیەك ئەبزار و ئالاتی مۆسیقا لە وڵاتێك دا پێشکەوتووتر بێت ، هەر بەو ڕادەیەش بەرهەمە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مۆسیقیەکەی کاملتر و باشترە لە بەرهەمی مۆسیقای ئەو ولاتانەی کە ئێستاش لە کەرەسەکۆن وسوننەتیەکان کەڵك وەردەگرن.

ئەگەر تا ڕادەیەك لە کۆمەڵگای سەرەتایی بەشەر دا ، هونەرێك سەری هەڵدابێ ، یەقینەن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێداویستی بە کردەوەی ژیانی ماددی دا بووە . کۆنترین هونەرەکان چۆپی و مۆسیقا و شێعرن.

لە نێو گەشت و هونەرەکاندا ، بیناسازی خاوەنی لایەنێکی فەننی ترە و لە ئاکامدا ، پەیرەوی بیناسازی لە پێداویستیە ماددیەکان روونتر و بەر چاوترە . لە سەرەتا دا مەبەست لە دروست کردنی بینا تەنیا پێداویستی یەکی بە تەواوی ماددی بەشەر بووە ، مەعبەدەکانی یونان و تاقی گوتێك لاسایی کردنەوەی بینا دارێنەکانی کۆنن کە بە تەواوی لەسەر ئەساسی پێداویستیەکی ماددی بینا کرابوو ، واتە عەینەن هەر ئەو بینایانەمان ، بە کەرەسە گەلێ‌تر و قایمتر دروست دەکرد .



هەڵبەت بە شێوەی نا ڕاستەو خۆ عەواملی ماددی ، بۆ نمونە عەواملی ئاینیش رۆڵی هەبوە . لەوانە گونبەد و منارە بەرزەکانی مزگەوتی موسڵمانان بۆ ئەوە بوە تا دەنگی بانگدەر باشتر بگاتە گوێی خەڵك . لە ئەدەبیاتیش دا ئاڵ و گۆڕی هەل و مەرجی ئابووری بە باشی ئاشکرایە .

بەشێکی بەر چاو لە ئەشعارێك کە لە سەردەمی ملوك ئەلتەوایفی دا وتراوە ، تەنیا لە مەدح وسەنای ئەمیران و دەسەلاّتداران دا بوە و بەشێکی تری هەر چەند ڕاستەوخۆ ملکەچی شەرایەتی مادی نەبووە ، بەلاّم بە شێوەی ناڕاستەوخۆ مەحکومی سیستەمی ئابووری ئەو سەردەمە بوە .

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بە پێی مەکتەبی ماتریالیسم ، بڵێین کە ئەو هونەرانەش بەش بە حاڵی خۆیان بونەتە هۆی گەشەو تەکامولی ژیانی کۆمەلایەتی و پێویستی

سەرهەڵدانی نوسەرانێکی وەك : تۆلستۆی ، تسواك ، گورکی ، سەمەد بێهرەنگی و مارکێز و زۆر کەسی تر ، واتە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی سەدەکانی ڕابردوو بونەتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بە سەدان مرۆڤی هەڵکەوتەی وەك ئەمانە .

بە گشتی پێویستە ئەوە بلێین کە ئەگەر تاریفی هونەر وەك تەعبیری عەواتف ، بە چەشنی ماددی هەست پێکراو ، و دەور و نەخشی کۆمەلایەتیەکەی بە گشتی کردنی هەستگەلە تاکیەکان بزانین ، بەم شێوەیە خوێندنەوەی شێعرەکانی سەعدی و مەولەوی و هاو قەتارەکانیان هەستی ئێمە نابزوێنن . مەگەر ئەو کاتەی ئاستی بیر کردنەوەمان تا سنوری سەردەمەکەی ئەوان بنێنەوە دواوە و لە بیر خۆمانی بەرینەوە کە لە چ سەردەمێك دا دەژین و گوێ نەدەینە گرمەی ماشینی زەبەلاحی گەشەی ئابووری و ئاڵ و گۆڕی کۆمەلایەتی و چاومان لە حاند ئەو شۆڕشە نامۆ و سەر سوڕ هینەرە [redacted] فکرییەی کە پایەی ماتریالیسمی لە دنیای ، لە ، باری ئابووریەوە پێشکەوتوی ، نوێی پێك هێناوە .

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# چخۆف ی شانۆنامە نووس و " باخی ئالۆبالۆ "

ن : هوشەنگ حسامی
وەرگێڕان و ئامادەکردنی : پێشەنگ

شانۆنامە نووسین بۆ ئەدەبیاتی ڕووس بەردەوام سەرنج راکێش بووە . شاعیران و داستان نووسانی ناسراوی ئەو وڵاتە لە سەدەی نۆزدەدا بەشی هەرە زۆریان زەوقی خۆیان لە نووسینی دڕام دا تاقی دەکردەوە . لەوانە دەکرێ ئاماژە بە پوشکین ، تورگینێف ، تۆلستۆی ، گۆگول ، ئسرۆفسکی ، چخۆف و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستیش دا ، گورکی بکرێ . بەڵام ڕاستییەکەی لە نێو گشت ئەو نووسەرە هەڵکەوتوە ئەدەبییانەدا ، هیچیان بە ڕادەی چخۆف لە مەیدانی تیاتر دا نەدرەوشاونەتەوە و هیچیان وەك ئەو گۆشەیەکیان لە مێژووی ئەدەبیاتی شانۆیی دنیا بۆ خۆیان داگیر نەکردوە . هەرچەند چخۆف شانۆنامەی درێژی نووسی بەڵام هەر ئەم بەرهەمانە بەس بوون بۆ ناساندنی بە دنیای تیاتر .

چخۆف یەکێك لەو چەند نووسەرە ناودارانەی دنیایە کە گشت بەرهەمەکانی کراونەتە فارسی و شانۆنامەکانی کراونەتە شانۆ . چخۆف وێناکەری ڕۆژانی کۆتایی سەردەمێکی زۆر هەستیار لە ڕووسیە دایە . دۆرانێکی کە لە سەردەمی دەسەڵاتداری پیتری کەبیرەوە ، واتە لە سەرەتای سەردەمی هەژدەوە ، دەست پێ دەکات و لەو ماوەیە دا ڕووسیە دەچێتە ریزی وڵاتانی گەورەی ئۆروپاوە و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٠٥ دا لەگەڵ شکستی ڕووسیە لە بەرانبەر ژاپۆن دا ، بەرەوژێربونەوە دەست پێ دەکات و زەنگی ڕووخانی لێدەدرێ . لە ماوەی ئەم دوو سەدە پڕ لە گێژاوەدا ، ڕووسیە لایەنی بەرەو سەنعەتی بوونی بەخۆیەوە گرت . بەڵام پیشەسازی هەرگیز ، بەو چەشنەی کە لە ئینگلستان یان ئاڵمان و فەرانسە و ئیتالیا دا شکڵی دەگرت ، لە ڕووسیە نەکەوتە ڕێ .

بافتی دیهاتیانە و بەردەوام بوونی سوننەتگەلی لە حاڵی داڕزینی ئەشرافیەت ، کە پێداگرانە درێژەی بە ژیانی خۆی ئەدا ، بە کردەوە لەگەڵ بوونە وڵاتێکی پیشەسازی لە دژایەتی دا بوو ، گەندەڵی ماڵی بەرین و بەرچاوی دام و دەزگای دەسەڵاتیش دەهاتە پاڵ ئەو دوو هۆکارە و هەل و مەرجێکیان پێك دێنا کە تێیدا نەدارەکان ، نەدارتر دەبوون و ئەشرافیەتیش لە دەرونەوە ، بە شێنەیی بەرو داماوی دەچوو . گشت ئەم هۆکارانە ، وڵاتیان دەخستە بێ دەرەتانیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە . ئەم بێ دەرەتانیە ڕووسیەی بەرەو قەیران پاڵ پێوە نا. پریشکەی ئاگری ئەو ئەمبارە باروتەش ، شکستی ڕووسیە لەگەڵ ژاپۆن دا بوو .

شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ بە سەردا دێ و هەرچەندە بە شێوەیەکی وەحشیانە سەرکوت دەکرێ و شکست دێنێ بەڵام گرنگ ئەوەیە کە گشت ئەم ڕووداوانە چەند مانگ دوای نووسرانی شانۆنامەی باخی ئالو بالو دێنە ئاراوە . هەرچەند لەو کاتەدا چخۆف نەمابوو تا ئەو ڕۆژە پڕ جۆش و خرۆشانە ببینێ ، بەڵام ئاخرین بەرهەمی شانۆیی خۆی لە گەرمەی هەڵچوونی ئەم بزووتنە گرینگە کۆمەڵایەتی _ سیاسی یەدا نووسی . هەر ئەمەش ، بووەتە هۆی قەزاوەتی جۆراوجۆر سەبارەت بە شانۆنامەی باخی ئالوبالو . زۆر لە ڕەخنەگران و بە تایبەت ڕەخنەگرانی ( دوای شۆرشی ساڵی ١٩١٧ ) ئەم بەرهەمەیان بە گشتی وەك بەرهەمێکی سیاسی لە قەڵەم دا و ئەویان وەك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشوازی چخۆف لە گەیشتنی سەرەتای کۆمەڵگای سوسیالیستی ناو لێ برد و لەسەر ئەم ئەساس و داوەریە ، لە مەودای سەدەی بیستەم دا چەندین بەرێوە بردنی جۆرا و جۆر لەم شانۆنامەیە هێنرایە سەر شانۆی تیاتری دنیا .

شانۆنامەی " باخ ئالوبالو " ئاخرین و خەیاڵ ئەنگیزترین بەرهەمی ئانتۆن پاولۆویچ چخۆف لە ساڵی ١٩٠٣ و لە گرمەی خەباتی چینایەتی سیاسیەکانی رووسیەی تێزاریدا نووسراوە و لە ژانوییەی ساڵی ١٩٠٤ دا لە تیاتری هونەری مۆسکۆ چۆتە سەر شانۆ .



بێشك چخۆف یەکێك لە گەورەترین شانۆ نووسەکانی رووسیە ، ئوروپا و جیهانە و جێگا و شوێنێکی دیاری چ لە تیاتری رووسیە و چ لە تیاتری دنیا دا بۆ خۆی دەستەبەر کردوە . " برناردشاو " ، شانۆنامە نووسی ناوداری ئیرلەندی لەم بارەیەوە ئەڵێ:

" لە نێو شانۆنامە نووسانی گەورە و ناوداری ئوروپا دا ، لە دوای ئیبسن ، چخۆف لە پاڵ تۆلستۆی و تورگینیف ، وەك ئەستێرەیەکی پرشکۆ ئەدرەوشێتەوە " ئەوەی بایەخێکی تایبەتی بەخشیوەتە چخۆف و بەرجەستەتر لە شانۆنامە نووسەکانی تری کردوە ، ڕوانینی قووڵی سەبارەت بە دنیای دەوروبەری ،هەست کردن بە لێك هەڵوەشانی چارە هەڵنەگری کۆمەڵگای کۆن و هاتنە ئارایی کۆمەڵگایی نوێیە . هەر بەو پێیەی کە تەنگ و چەڵەمەکانی کۆمەڵگای رووسیە خۆی دەردەخست ، هەر بەو ڕادەیەش پێویستی ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی زەرووری دێتە بەر چاو . هەر ئەم دەرك و ناسینە ، نوسەری وادار دەکرد تا بە پێداگیریەکی زیاترەوە هەنگاو هەڵگرێ و ئەم پێویستیە لە بەرهەمەکانی دا بنوێنێتەوە . ئەو یەکێك لە شانۆ نامە نوسانی رووسیە بوو کە دەستەبەر بوونی ئەم ئاڵ و گۆڕانەی بە چەشنێکی بنەڕەتی ، بە وردبینی و ڕوانینێکی وشیارانەوە هەست پێ دەکرد و بەبێ ئەوەی توشی ڕاڕایی بێت ، بە بیور دەکەوێتە پەیکەری دارە پڕلە گوڵ و شکۆفەدارەکانی " باخی ئاڵ و باڵو " . نیلافسکی دەنووسێ : " ئەو هەستی بەوە کردبوو کە دەوران بەسەر چوە و ژیانی پرتووکاو بێشك مەحکوم بە لەناو چونە . پێویستە شتێکی تر جێگای بگرێتەوە . لەم لایەنەوەیە کە مرۆڤە جوان و ئینسان گەراکانی نوسەر کەیلی هیوا و هومێدن ، بەبێ ئەوەی بتوانن بەکاروکۆششی‌خۆیان ، لە پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی دا بەشداری بکەن ." زۆربەی کەسایەتیەکانی چخۆڤ بە هۆی نەناسینی تواناییەکانی خۆیان ، بێ هیوا سەرکوت کراون . بەتاڵ لە ژیان و بێ جوڵە ، بەبێ مانا و مەفهوم ڕەنج دەکێشن لەوەی کە هیچ کارێکیان لە دەست نایەت ، خۆڕاگریەك لە خۆیان نیشان نادەن و دیسان بە چۆك دا دێن . لە خۆبێگانەیی ئازاریان ئەدات ،بەڵام ناکەونە شوێن هۆ و هۆکارەکەی . هێندێك کەس لە هەڵسەنگاندنەکانیان دا بەرهەمەکانی چخۆف لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕاستای سەبك و سیاقی ئیمپرسیۆنیستی دا دادەنێن ، كە بێ شك جێی پەسەند نیە . ئەو فەزایانەی پێكیان دێنێ ، ئەو فەزایانە نین كە ئیمپرسیۆنیستیەكان وێنای دەكەن بە پێچەوانەی چخۆف پیمپرسیۆنیستەكان هەوڵیان دەدا تا بە دانی وادە و بەڵێنی دوور لە ڕاستیە عەینیەكان ، بینەرانی خۆیان لە ناسینی بنەڕەتی هۆكارەكان و بیركردنەوە سەبارەت بەوان بپرینگێننەوە . هەوڵی ئیمپرسیونیستەكان ئەوە بوو بینەران بە چەشنێ غەرقی ئیحساساتی ئاڵۆز و ناڕۆشن بن كە نەتوانن سەبارەت بەو شتەی وا دەبینن و دەبیستن ، دژ كردەوەی واقع گەریانە و ئوسولی نیشان بدەن ، بیر بكەنەوە و مونفەعل بمێننەوە .

چخۆف لەم ئاكارە بێزار بوو . ڕوانینی قووڵی ، بە بێ ڕیز كردنی وشەی ڕووناكبیرانە ، لە سەر ئەو ڕاستیانەی لە ئارادان و واقعیەتی عەینی دەوێستێ . ئەو بەم وێستان و ورد بوونەوەیە ، ناخی ڕاستیەكان دەردەخات و لە بەرهەمەكانیشی دا ، بەتایبەت لە شانۆنامەكانی دا ، سەبارەت بە بەردەوامی ژیانیان بە شێوەی پێشوو ، بە گومانە و ڕاشكاوانە لێك هەڵوەشانی كۆمەڵگای كۆن پێش بینی دەكا ، و ئەم باوەڕەی خۆیمان بە چەشنێكی زەریف و پڕ لە ڕوانینی قووڵ بۆ وێنا دەكات .

نووسەر بە ڕوونی نیشانی دەدات كە هەل و مەرج و وەزعی كۆمەڵگای نامرۆڤانەی دەسەلاتدار ، بە شێوەیەك دارزیوە كە ئیتر ڕێگا چارەیەك بۆ سەر لە نوێ بنیات نانەوەی لە ئارادا نیە و پێویستی بە گۆڕینە . پێویستی ئەنجام دانی ئاڵ و گۆڕی كۆمەلایەتی لە بەرهەمەكانی چخۆف دا بەردەوام بە چەشنێكی شێلگیرانە لە ئارادیە و پێویستە بە وردی سەرنجی بدرێتێ .

شانۆنامەی "باخی ئاڵوباڵو " نمادی خواحافیزی ناچارانە لەگەڵ دەورەیەكە كە هەرگیز دووپات نابێتەوە و دەبێ بە بەسەرچووی بزانی . چخۆف ئەم داڕمانی ناخ و ڕواڵەتیەی گەلێك زیاتر لە شانۆنامەكانی تر بەرجەستە و وێنا كردوە . نووسەر بەهۆی سەرنج دانی قووڵ لە دەور و بەریەتی كە بە پێداگەرییەكی تەواو ، ڕێگا دەرباز بوونێك ، جیا لە وێران كردنی " باخی ئاڵوباڵو "، ناناسێ و ئەسپەردە كردنی بە حەتمی و قەتعی دەزانێ . تەمەنی سەردەمێك كۆتایی پێ دێت و ناچارە جێگاكەی بە دەورەیەكی تر بسپێرێ . ڕابردوو بە سەرهەڵدانی ڕۆژگارێكی نوێ بەرەو دوا پاڵ پێوە دەندرێ و پێك هاتەكەی تێك دەرمێ . ئەگەر كەسێك ئەم ئاڵ و گۆڕە نەبینێ و بیهەوێ وەك ڕابردوو بژی ، مەحكوم بە لەناو چوونە . شانۆنامەی "باخی ئاڵوباڵو " دەرخەری ئەم ڕاستییەیە . لە كۆتایی دا پێویستە بووترێ " باخی ئاڵوباڵو " تێكەلاوێكی بوێرانەی تەنز و نەرمی و زەڕافەتێكی شاعیرانەیە كە خودی چخۆف لەو بارەیەوە ئەڵێ : " جارجارە لە بڕێك سەحنەی دا ئینسان لەبەر پێكەنین ژان دەكات " .

ئانتوان پاولۆویچ چخۆف دوای نووسینی ئەم بەرهەمە ، وەك ئاخرین شانۆنامەی ، لە مانگی ژانوییەی ساڵی ١٩٠٤ دا ، بە هۆی نەخۆشی سیلەوە ، ماڵئاوای لە ژیان كرد .

سەرچاوە : پێشكی كتێبی "باخی ئاڵوباڵو "

***

**خوێنەری ئازیز!**

**پێشەنگ چاوەڕوانی ناردنی**

**نوسراوە و بابەتی هونەری**

**بە پێزی ئێوەی بەرێزە.**

**دەستی هاوكاریتان بە**

**گەرمی دەگوشین.**

دەستەی بەڕێوەبەری پێشەنگ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# من هەوڵم دا مرۆڤ بم

من هەوڵم دا مرۆڤ بم

من هەوڵم دا مرۆڤ بم

نامەی چارلی چاپلن بۆ کچەکەی

وەرگێڕ: دیاکۆ



جرالدین کچەکەم..

ئێرە شەوە.. شەوێکی نوئێل لەقەڵا بچکۆلانەکەی مندا، هەموو ئەم سەربازانە بەبێ چەك خەوتوون ۹ براو خوشکەکەت و تەنانەت دایکیشت. بەئاستەم توانیم بێ ئەوەی ئەم باڵندە نووستووانە لەخەو بکەم، خۆم بگەیەنمە ئەم ژوورۆچکە نیمچە ڕووناکە، ئەم ژوورۆچکەیەی کەوەك ژووری پێش لەمەرگ وایە.

من لەتۆ گەلێك دوورم. زۆر دوور، بەڵام چاوەکانم کوێر بن ئەگەر ساتێك وێنەکەی تۆ لەچاوخانەکەی مندا دوور کەوتنەوە وێنەکەت لەوێ لەسەر مێزەکەیە، لێرەش لەسەر دڵی مندایە. بەڵام خۆت لەکوێی؟

لەوێ لەپاریسی ئەفسونگەردا، لەسەر ئەو سەکۆ پڕ شەکۆیەی شانۆخاکەی "شانزە لیزە" خەریکی سەماکردنی. ئەوە پێدەزانم و وەك بڵێی لەم بێدەنگییەی شەوگاردا، ترپەی هەنگاوەکانت دەبیستم و، لەم شەوە زەنگە زستانییەدا، بروسکەی ئەستێرەی چاوەکانت دەبینم. بیستومە نەخشی تۆ لەم شانۆ پڕ تیشك و پڕ شکۆیەدا، نەخشی ئەو شاکچە ئێرانییەیە کەبووە بەدیلی خانی تار. شازدە خاتوون بەو سەما بکە، ئەستێرە بەو بدرەوشێوە. بەڵام ئەگەر قاقای پەسنکەری تەماشاگەران و بۆنی سەر خۆشکەری ئەو گوڵانەی کەبۆتیان ناردووە،





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەرفەتی وشیارییان بەتۆدا، لەسوچێکدا دانیشە نامەکەم بخوێنەوەو گوێ ڕایەڵە بۆ دەنگی باوکت.

من باوکی تۆمە جرالدین، من چارلی چاپلینم. کاتێك مندالْ بووی شەوانێکی دوورو درێژ لەسەرینت دادەنیشتمو چیرۆکم بۆت دەگێڕایەوە: چیرۆکی "جوان نووستووەکە لەدارستانەکەدا "چیرۆکی" ئەژدیها بیدارەکە لەدەشتەکەدا" خەوی کەدەزییە چاوە پیرەکانم لۆمەم دەکردو پێم دەوت (برۆ من لەخەونی کچەکەمدا نووستووم) خەونم دەبینی جرالدین، خەون، خەونی بەیانی تۆ، خەونی ئەوڕۆی تۆ، کچێکم دەبینی لەسەر سەکۆدا، فریشتەیەکەم دەبینی لەئاسماندا، کەهەڵپەڕکێو سەمای دەکردو گوێم لەتەماشاگەران بوو کەدەیانوت: "ئەو کچەیە دەبینن؟ ئەم هەر ئەو کچەی لیبووك (دەلقەکە) (Clown) پیرەکەیە، ناوەکەتان لەبیرە؟ چارلی!"

بەڵی من چارلیم من لەلیبووکە پیرەیەك بەولاوە هیچی تر نیم ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە. سەما بکە!

سەما بکە! من بەو شەرواڵە دولپە دڕاوە سەمام کردو تۆ لەبەرگی حەریری شازادەکاندا سەما دەکەی ئەم سەمایانەو لەوانەش زیاتر دەنگی چەپڵە لێدانی تەماشاگەران جاروبار دەتبەنە کەشکەشەی ئاسمانەوە. برۆ! برۆ بۆ ئەوێش! بەلاّم تاوناتاویش وەرەوە سەر زەویو سەیری ژیانی خەڵکی بکە: ژیانی سەما چییە گەریدەکانی کۆلاّنە تاریکەکان کەبەسکی برسیو لاقی لەرزۆك کەلەبەرهەژاری دەهەژێنو هەڵدەپەڕنو سەما دەکەن. من یەکێك لەمانە بووم جرالدین! لەو شەوانەدا کەشەوانی ئەفسانەیی مندالّی تۆ بوونو بەلایە لایەی حەکایەتەکانی من دەچوویە خەو، من دیسانەوەش بێدار دەمامەوەو سەیری ڕوومەتی تۆم دەکرد. ترپەی دڵم دەژماردو، لەخۆم دەمپرسی: چارلی! ئاخۆ ئەم بێچووە پشیلەیە قەت دەتناسێتەوە؟

تۆ من ناناسی جرالدین! لەو شەوە دوورانەدا، بەس چیرۆکم بۆت گێڕایەوە، بەلاّم چیرۆکی خۆمتم قەت بۆ باس نەکرد. ئەمەش بەسەرهاتێکە شیاوی گوێ لێگرتن: چیرۆکی ئەو لێبووکە برسییەی کەلەبێ بایەخترین گەڕەکەکانی لەندەندا گۆرانی دەوتو سەمای دەکردو خێری کۆ دەکردەوە. ئەمەیە چیرۆکی من. من تامی برسییەتیم چێژتووە من ئازاری بێخانومانیم کێشاوەو زێدەتر لەمانەش من ئازاری سوکایەتی پێکرانی ئەو لێبووکە گەریدەیەی کەئۆقیانوسێ لەرۆحبەرزی لەدلّیا شەپۆل دەدا، بەلاّم سکەی خێری ڕێبواری خۆپەرست وشکی دەکاتەوە، هەستم پێکردووە بەگشت ئەمانەوە من زیندوومو لەزیندووان پێش لەوەی بمرن نابێ باسێ بکرێ. چیرۆکی من بەکەڵکی تۆ نایە، با لەتۆ بدوێین! پاش ناوی تۆ، ناوی منە:

چاپلین! هەر بەم ناوە پتر لەچل ساڵ خەڵکی ڕووی زەویم پێکەناندو پتر لەوەی ئەوان پێکەنین خۆم گریام. جرالدین! لەو دنیایەی کەتۆی تێیدا دەژیت، تەنیا هەڵپەڕکێو مۆسیقا نییە.

نیوەشەو کاتێ لەهۆڵی پڕ شکۆی شانۆخانەکە دێیتە دەرەوە ئەو پەسنکەرە دەوڵەمەندانە یەکسەر لەبیر بەرەوە بەلاّم حاڵی ئەو شۆفێرە تاکسییەی کەتۆ دەگەیەنێتەوە ماڵ بپرسە، حاڵی ژنەکەشی بپرسەو ئەگەر دووگیان بوو و ئەگەر پارەیەکی بۆ کڕینی جلوبەرگی منداڵەکەی نەبوو، چەکێ ڕاکێشەو بەدزییەوە بیخەرە گیرفانی مێردەکەیەوە. بەنوێنەرەکەی خۆم لەبانکی پاریسدا فەرمانم داوە تەنیا بەمجۆرە خەرجانەی تۆ بێ لێپرسینەوە قایل بێ، بەلاّم بۆ خەرجەکانی تر دەبێ لیستی خەرج بنێری. جاروبار بەپاس، بەمیترۆ شارەکە بگەڕێو سەیری خەڵکی بکە، سەیری بێوە ژنانو مندالانی هەتیو بکە. لانیکەم ڕۆژێ بەخۆت بڵێ: "منیش یەکێك لەونم!" تۆ یەکێك لەوانی کچم! نە زیاتر!

هونەر، پێش لەوەی دوو باڵ بۆ فڕین بداتە مرۆڤ، زۆرجار دوو لاقەکەشی دەشکێنێ کاتێ گەیشتیە ئەوێی کەساتێ خۆت باتر لەبینەرانی سەماکەی خۆت بزانی، هەر ئەو ساتە سەکۆکە بەجێ بێڵەو بەیەکەمین تاکسی خۆت بگەیەنە دەوروبەری پاریس. من ئەوێ باش دەناسم. لەمێژە ئەوێ بێشکەی بەهاریی قەرەجەکان بووە لەوێ سەماچییەنێکی وەك خۆت دەبینی جوانتر لەتۆ گورجوگۆلتر لەتۆو ڕۆحبەرزتر لەتۆ. لەوێ تیشکی کوێرکەری تیشکهاوێژەکانی شانۆخانەکەی "شانزەلیزە" لەئارادا نییە. تیشکهاوێژەکانی سەماچییە قەرەجەکان، تەنیا تیشکی مانگەشەوە. سەیرکە! ئاخۆ باشتر لەتۆ

هەڵناپەڕنو سەما ناکەن؟ دانی پێدا بنێ کچم! هەمیشە کەسێك هەیە کەباشتر لەتۆ سەما دەکا! هەمیشە کەسێك هەیە کەباشتر لەتۆ لێدەدا.

وە ئەوەش بزانە کەلەبنەماڵەی "چارلی"دا قەت کەسێك هێندە دەمەوەر نەبووە کەبەگالیسکەچییەك، یان سواڵکەرێکی قەراخی رووباری "سن" جنێوێ بدات.

من دەمرمو تۆ دەمێنیتەوە هیوادارم کەهەرگیز لەهەژاریدا نەژیت. لەگەڵ ئەم نامەیەدا چەکێکی سپیت بۆ دەنێرم هەر برێکت پێخۆشە تیایدا بینوسەو وەریگرە بەڵام هەمیشە کاتێ دوو فرانك خەرج دەکەی بەخۆت بڵێ "سێهەمین سکە هی من نییە هی کەسێکی بێ ناوبێ کەئیمشەو پێویستی بەفرانکێکە".

بەدواگەڕانێك پێویست نییە گەر بتەوێ ئەم پێویستمەندە بیناوانە لەهەموو شوێنێکدا دەدۆزیتەوە ئەگەر لەپارەو سکە لەگەڵ تۆ دەدوێم بۆ ئەوەیە کەلەهێزی فریوو ئەفسوونی ئەم مندالانی شەیتانە چاك ئاگادارم من سەردەمێکی درێژ لەسرکدا ژیاومو هەمیشەو هەر ات لەبەر ئەو پەتوانانەی لەسەر پەتێکی زۆر ناسکدا رێ دەکەن پەشێو بووم بەڵام ئەم راستییە بەتۆ بڵێم کچم: "خەڵکی لەسەر زەویی پتەو زۆرتر لەپەتەوانانی سەر پەتی ناپتەو دادەکەونو هەرەس دەهێنن".

رەنگە شەوێ وریجەی گرانبایترین ئەڵماسی ئەم دنیایە فریوت بدات. ئەو شەوە ئەم ئەڵماسە دەبێتە پەتی پچڕۆکی تۆو دواکەوتنو هەرەسهێنانت مسۆگەر دەبێ رەنگە رۆژێ روومەتی جوانی شازادەیەك فریوت بدات، ئەو رۆژە دەبیتە پەتەوانێکی ناشارەزاو پەتەوانە ناشارەزاکان هەمیشە دوادەکەون.

دڵ مەبەستە بەزێرو خشڵ چونکە گەورەترین ئەڵماسی ئەم دنیایە هەتاوەو بەختەوەرانە ئەم ئەڵماسە لەملی هەموو کەسێکدا دەدرەوشێتەوە بەڵام ئەگەر رۆژێ دڵت بەست بەهەتاوی روومەتی پیاوێ لەگەڵیا یەکدڵ بە! بەدایکتم وتووە کەلەم بارەوە نامەیەکت بۆ بنووسێ ئەو ئەوین باشتر لەمن دەناسێ ئەو بۆ پێناسەو راڤەکردنی یەکدڵی شیاوتر لەمنە. لەسەر سەکۆدا جگە لەتیلمەیەك حەریری تەنك شتێك لاشەت داناپۆشێ لەبەر هونەر، مرۆڤ دەتوانێ رووتوقووت سەرسەکۆکەو داپۆشراوترو کیژتر بگەڕێتەوە بەڵام هیچ شتو هیچ کەسی تر لەم جیهانەدا نییە کەشیاوی ئەوە بێ کەکچی نینۆکی پێی لەبەر ئەوە رووت کاتەوە.

رووتی نەخۆشیی سەردەمی ئێمەیە. من پیرەمێردمو رەنگە قسەی پێکەنیندار بکەم بەڵام بەڕای من جەستەی رووتی تۆ دەبێ هی کەسێك بێ کەرۆحی رووتی ئەوت خۆش دەوێت. خراپ نییە کەبیرو هزری تۆ لەم بارەوە هی دەساڵی پێش بێ: هی سەردەمی داپۆشران ئەم دەساڵە تۆ پیرتر ناکات هەر چۆنێ بێ هیوادارم تۆ دوایین کەس بی کەدەبیتە دانیشتووی دوورگەی روتییەکان!

دەزانم کەباوکانو مندالان هەموو کاتێ شەڕێکی بەردەوامیان پێکەوە هەیە. لەگەڵ من لەگەڵ هزرەکانم شەڕ بکە کچم. من حەزم لەمندالانی ملکەچ نییە. لەگەڵ ئەم هەمووەدا پێش لەوەی فرمێسکەکانم ئەم نامەیە تەڕ کەن، دەمەوێ هیوایەك بەخۆم بدەم، ئەم شەو شەوی نوئیلە شەوی پەرجووە! (معجزە)یەك روو بدات تا تۆ ئەوەی کەمن بەراستی دەمویست بڵێم لێی تێبگەی چارلی ئیدی پیر بووە جرالدین درەنگ یان دەبێ لەباتی ئەو کراسەی سەماکردنانە رۆژێکیش بەرگی ماتەم لەبەرکەیو بێیتە سەر گلکۆکەم. نامەوێ بکەویتە ئەرکەوە.

بەس جاروبار روومەتت لەئاوێنەیەکدا سەیر بکە، لەوێش من دەبینیتەوە خوێنی من لەخوێنبەرەکانی تۆدایە هیوادارم تەنانەت ئەو کاتەی کەخوێن لەخوێنبەرەکانی مندا وشك دەبێ چارلی، باوکت لەبیر نەبەیتەوە. من پەری نەبووم بەڵام تا ئەو شوێنەی کەلەتوانامدا بوو، هەوڵم دا مرۆڤ بم. تۆش هەوڵێ بدە روومەتت رادەمووسم.



سویسرا دووەمین کاتژمێر لە٨٧٦٧ کاتژمێری ساڵی١٩٦٣



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# هونەر بۆ رزگاری نەك بۆ فرۆشتن

ن : فواد شەمس١٣٨٤/٧/١١
و: ناسر حەقپەرەست

بوێرانە دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرێکە کە بە شێوەی پێشکەوتوو و ئاڵۆز دەست دەداتە خوڵقاندن. رەنگە هەر بەم هۆیەشەوە بێ کە مرۆڤ بە حەیوانێکی ئامراز ساز ناو دەبەن چونکە بە ئامرازەکانی دەستی داوەتە ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە بارودۆخی سروشتی و لێهاتوویی هێناوەتە گۆڕێ.

یەکێك لە جۆرەکانی داهێنانی مرۆڤایەتی هونەرە لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆریدا. مرۆڤ بۆ جوانی دەست دەداتە خوڵقاندنی بەرهەمەکان. بەڵام چ زەمانێك بە راستی مرۆڤ دەتوانێ هونەری واقعی و ئازاد لە هەر کۆت و بەندێك بەرهەم بێنێ؟ یا واباشترە بڵێم: لێهاتوویی خۆی ئازادانە و ئاگاهانە بگرێتە کار؟

ئەرکی هونەر خوڵقاندنی جوانییە. مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بە جوانی کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە تا ئێستا گوتراوە پێویستییەکی ماددی و ئاشکرایە و هەستپێکراوە دەستی داوەتە داهێنان . ئێستا ئەگەر عادڵانە بیری لێ بکەینەوە مرۆڤ کاتێك پێویستی بوونی جوانی هەست پێدەکات کە پێداویستییە بنەڕەتی، گرینگ و سەرەتاییەکانی چارەسەر کردبێ. مرۆڤ کاتێك دەست دەداتە داهێنانی واقعی و خوڵقاندنی هونەر کە رزگار بێ لەو پێویستییانەی! ئەو کات هونەری راستەقینە پێدەنێتە ناو گۆڕەپانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە. ئەو لێهاتووییە دەبێتە بەرچاوترین و هەستپێکراوترین کردەوەی ژیانی مرۆڤ. سەرچاوە لەو واقعییەتە ماددییانەی ژیانەوە دەگرێ بۆ گۆڕین و باشتر کردنیان نەك بۆ پاساو و داپۆشینیان! داهێنانێکی ئازاد بۆ رزگار بوون! نە وەك گرێبەست کردنی هەرچی زیاتری دەست و پێی مرۆڤەکان!

بەڵام کاتێك کە مرۆڤ، کارەکەی پێگەیشتووترین کردەوەی ژیانی لە بەرامبەر دابین کردنی پێداویستییەکانی سەرەتایی خۆی لە گەڵ پارەدا بگۆڕێتەوە، کاتێك کە هونەرەکەی، شیعرەکەی، تەئاترەکەی، فیلمەکەی و موسیقایەکەی و... بە پارە پێشکەش دەکا، ئەو هونەرە لە بەژنی کالایەکی لە مرۆڤ بێگانەدا سەر هەڵدەبڕێ کە نەك هەر مرۆڤ رزگار ناکا بەڵکو لە فۆرم گەلێکی جۆراوجۆری بێ ناوەرۆك دا گرفتارتری دەکا. بۆ فرۆشتنی زیاتر بەو پەڕی بێ شەرمی دەگا. بۆ بردنەوەی خەڵات لە فستیواڵەکانی بە ناو گەورە و مۆدێرن بە بەکار هێنانی فۆرم گەلێکی هەڵێنجراو، ناواقعی و بە دوور لە ژیانی راستەقینە بە شێوەی درۆیەکی گەورە دەردێ. ئەو هونەرە ئیتر ئەو کردەوە ئازاد، لێهاتوو و هوشیارانەیەی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو بۆتە کالایەك بۆ فرۆشتن و ئامانجیشی نەك گۆڕین بەڵکو پاراستنی بارودۆخەکەیە، ئامانجەکەی نەك باشتر کردنی ژیان بەڵکو فرۆشتنە، ئەوە ئیتر هونەر نییە.

هونەری واقعی لە گۆڕەپانی گشتی ژیانی مرۆڤەکاندا سەر هەڵدەبڕێ. لە شەقامەکاندا دەنگی گیتارەکان دەبیسی، تابلۆ رەسمکراوەکان لە کناری شەقام دانراوە و تەئاترەکانیش لە ناو خەڵکدا پێشکەش دەکرێن، نەوەك هەموویان لە هۆڵگەلێکی موسەقەف و رازاوە؟! بە بلیتی گران ئەویش بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ ژێستی رووناکبیرانەی پێوە بگرن! ئەوە کاری ئازادانەی مرۆڤە خوڵقاندنی بەرهەمێکی هونەریی ئازاد و واقعی لێدەکەوێتەوە. چونکە مرۆڤەکان ئاگاهانە دەست دەدەنە داهێنان نەوەك گرفتار لە فۆرمە هەڵێنجراوەکان. لەو کاتەدایە کە هونەر نەتەنیا ئامانجی باشتر بوون و باشتر کردنە، تەنیا ئامانجی رزگارییە نەك فرۆشتن!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



# دین


- ئایا مارکس یەك دژە مەزهەبی بوو؟ ١٣٥

ن : مورتەزا موحیت و : سەعید ئەمانی

- "ئیسلامی سیاسی" چییە؟ ١٤٠

ن: ئیبراهیم علیزادە

- سۆسیالیزم و دین ١٤٤

ن: لینین و: شیلان غەریب

- ئیسلام، دیموکراسیو خەبات لەدژی ئیمپریالیزم ١٤٩

لە: وتووێژدا لەگەل نوسەری خەباتگێڕی پاکستان (تاریق عەلی)

وەرگێڕانی: سمکۆ محەمەدی

- ئایین لەڕوانگەی "ڕۆزا لۆکزامبۆرگ"وە ١٥٢

ئا: پێشەنگ

- ئەندێشە و مەزهەب ١٥٣

بابەتی سایتی گولشەن وەرگێڕان: عوسمان-م

- جێگا و شوێنی ئیسلام لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا ١٥٨

ن: تۆراب حەق شناش و: دەریا

- ئەوەی کەدەبێ ئیسلام نوسێك بیزانێ ١٦٨

نوسینی: ئەسەد سیف وەرگێڕانو ئامادەکردنی: عەزیز ئاجکیند

- هۆکارەکانی سەرهەلدان و بەردەوام بەهێز بوونی تیرۆریزمی نوێی ئیسلامی ١٧٦

ن: عادل ئەلیاسی


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئایا مارکس یەك دژە مەزهەبی بوو؟

ن : مۆرتەزا موحیت
و : سەعید ئەمانی



یەکێك لە پەیامەدەکانی هاتنە سەر کاری حکومەتی ئیسلامی لە ئێران مەترەح بوونەوەی سەر لە نوێی ڕوانگەی چەپ سەبارەت بە ئایین بوو . بۆ چوونێکی گشتی کە لە بارەی بەر خوردی مارکس سەبارەت بە ئایین ئێستاش لە گۆڕێ دایە ، ، بۆچوونێکی کە بەو پەڕی هێزەوە بە وەسیلەی ڕوانگەکانی ڕایەڵە پەیوەندی دەر و نەزەریە پەردازەکانی بۆرژوازی جیهانیەوە و کۆنەپەرەستانی دەسەڵات دار پەرەی پێ دراوە و بەشێکی بەرچاو لە بە ناو چەپیش دەستیان لە خۆش کردنی ئەم بوارە دا هەبووە ، ئەوەیە کە مارکس (و بە شێوەی سروشتی لایەنگرانی مارکس ) دوژمنی سەر سەختی ئاینن ، چەکی کارا و سەرەکی بۆ پەرە پێدانی وەك گومانێکیش ڕستەیەکی بەناو بانگی مارکس : دین ئەفیون (تریاك) ی جەماوەرە ، کە لە مەتنی ئەسڵیەوە وەرگێراوە و لەلایەن دوژمنانی زانا و نەزانی مارکسەوە بۆ ئیسپاتی ئەم ئیدعایە بەکار هاتوە .

بۆچونی مارکس نەك هەر هیچ پەیوەندیەکی بەم ئیدعایانەوە نیە بەڵکو بە چەشنێك بە پێچەوانەشیان دەوەستێتەوە . لە ڕاستی دا یەکێك لە لایەنە پڕ بایەخەکانی تێکۆشانی ئیدئۆلۆژیکی چەندین ساڵەی

مـــارکس دژی هێگلیـــە لاوەکـــان ، لایـــەنی دژە ئـــاینی بۆچونەکانی ئـەوان بوو . مـارکس بـە پێچـەوانەی هێگلیـە لاوەکـان ، بـە تایبـەتی نەزەریـە پـەردازە سـەرەکیەکانیان _وەك شتێکی شووم و شەییتانی نەیروانیوەتە ئاین بەڵکو وەك دژ کردەوەیەکی پێویستی ئینسان دژی جەور و ستەم و ڕەنج و ئـازار سـەیری کـردوە . ئـەوەی کـە ئایا بـاوەڕە ئاینیە کانی مرۆڤ تـا چ ڕادەیـەك ولامـدەرەوەی نیازەکانیان بووە ، مەسـەلەیەکە لـە لایـەن مارکسـەوە پـەیگیری نـەکرا . باسـەکەی ئێمـەش بـە دواداچـونی ئـەو مەسـەلەیە نیـە . مەبەسـت لـە نوسـینی ئـەم باسـە ڕوون کردنـەوەی ئـەم بابەتەیـە ئایا مـارکس یـەك دژە ئـاینی لەچەشـنی بەشـێك لەچەپە کانی ئێمەبوە ؟ وئایا وەریٚ خستنی جیهـادێکی دژە ئاینی وەك ڕێگا چارەی گشت گیر و گرفتە دنیاییـەکان زانیـــوە ؟ یـــان بـــە پێچـــەوانەوە لـــە بۆچـــونی خـــەڵك دا لایەنگـەلێکی باشیشـــی بـــۆ خـــەبات دژی ســـتەمگەران و زۆرداران پیٚ شك هاتوە .

بۆ ڕونتر بونـەوەی ئـەم باسـە سـەرەتای بابەتەکەم لـە مقالەیەکی بەناو بانگی مارکسـەوە دەست پیٚ دەکـەم واتـە ئەدا کردنی بەشێك بـە بەرەسی کردنی فەلسـەفەی هێگڵ . هۆیەکەش ئەوەیە کە مـارکس بۆ یەکەمجار لـە ڕێگای ئـەم وتـارەوە یەکـەم : ڕێگـای خـۆی بـە شێوەی سیستماتیك لـە ڕێبازی هێگلیە لاوەکان جیا کردەوە و دووهـەم ڕستەی بـە ناوبانگی (دین ئەفیونی جەماوەرە)لەم وتارە دا هاتوە . لەم مقالەیـەدا مـارکس لـە گـەڵ ڕێـز دانـان بـۆ نەقد و بەرەسـی ئاین لە ئاڵمان ، هـەر لـە بەرهـەمی دەیوید ئیشتراوس ەوە بگـرە تـا لودویـك فۆیربـاخ _ ئەساسـی ئـەم ڕەخنانـە بـەم شێوەیە هەڵدە سەنگێنیٚ :

«ئەساسـی ڕەخنـەی غـەیرە دینـی ئەمەیـە کـە ئـەوە ئینسانە دین دروست دەکات ، نەك ئاین ئینسان پێك بێنیٚ ، مەجموعە ئاسـاری مـارکس _ئینگلیسـی_جلٚدی سێهەم لاپەرە ۱۷۵» لە ڕوانگەی مارکسەوە ئەم ڕەخنەیە سەبارەت بـە روونـاکی خسـتنە سـەر بەشـێکی زۆر لـە مەسـایلی کۆمەلایەتی دا ئەهەمیەتێکی تایبەتی هەیە .

بە شوێن ئـەوە دا مـارکس ریشـە و ماهیـەتی ئـاین بـەم شێوەیە تەوسیف دەکات :

(( دیـن ، خودئاگـایی و ڕێـز لـە خـۆ گرتنـی مرۆڤـە ، کـە، یـان هیشـتا خـۆی نەدۆزیوەتـەوە یـان دیسـان خـۆی ون کردوتەوە بەلام ئینسان ، بوونـەوەرێکی هـەلێنجراو نیـە کـە لە دەرەوەی ئەم جیهانە دا خێوەتی هەڵدابیٚ . مرۆڤ ، دنیا ئینسـانی یـە : دەوڵـەت و کۆمەڵگایـە ،ئـەم دەڵەتـە و ئـەم کۆمەڵگایەیـە کـە دیـن ، و ئـەم زانیاریـە پێچـەوانەیە و ئـەم دنیا ئاوەژوە پێك دێنیٚ ، چون خودی جیهان ، ئاوەژوە . ئـاێین نەزەریـەیی بـە کـۆی وەهـا جیهانێکـە : دانشـنامەی کورت و مەنتقی عامە پەسەندییەتی و هـەوێنی مەعنـەوی ئەو : شورو شەوق ، جەوازی ئەخلاقی ئەو و ، تەواوکـەری پڕ هەیبەتی ، سەرچاوەی تەسەللی دان و هێور کردنـەوە و پاســاودەری یــەتی . ئایینــەکان دەســکەوتی خــەیاڵی جەوهەری مرۆڤە . لەبەر ئـەوەی کـە جەوهـەرێکی ئینسانی تر لە وەها دنیایەك دا خاوەنی ڕاستەقینەیەکی لەم چەشنە نیە . (هـ– س) .

مەبەســتی مــارکس لــەوەی کــە « ئــەم دەوڵــەت و کۆمەڵگایەیـە کـە دیـن ، ئاگـایی پێچـەوانە و ئـاوەژوو لـە جیهـان دروسـت دەکـات ، چـون خـودی جیهـان ئـاوەژوە » چییە ؟ ئایا ئـەم دەوڵـەت و کۆمەڵگایـە کـە مرۆڤـەکانی هـەزاران جـار پیشـتر لـە سـەردەمی مارکسـی لـە خـۆ بێگانـە کـردوە ، نەبوٚتــە هــۆی ڕوو هێنــانی هەرچــی زیــاتری جەماوەری خـەڵك بـەرەو لای ئـایین ؟ ئایـا ئـەم ڕسـتەیەی مارکس هیچ پێوەندیەکی بە بەڵگە هێناوەی لـەم چەشـنە هەیـە . کـە ئێسـتا ، شـایەد ، هـەر دیاردەیـەکی عـادی لـە جیهـان دا ، تـەوژیحێکی زانسـتی و عیلمـی هەیـە و یـان جەماوەری خەڵك بـە تـەواوی دەزانـن کـە ، هۆکـاری گشـت ئـەم ڕۆژ ڕەشـیانە مناسـباتی سـەرمایەدارییە ؟ ئایـا تـا زەمـانێکی پـوڵ و کـالا بـوونی هـەبیٚ و ئـەم دیاردەیـە لـە دنیای ئەمرۆ دا — سـەرەڕای دوایـن دەسـت ئـاوردە زانسـتی و تکنولوژیکیـەکان — هـەر ڕۆژە و لەگـەڵ بـالا کردنێکـی هەندەسی دا خیراتر دەبێت ، دەکری چاوەڕوانی ئـەوە بین کـە لـە خـۆ بێگانـە بـوونی بنـەڕەتی و عـیلاج هەڵنـەگری نیزامی سـەرمایەداری لـە زەینـی مرۆڤـەکانی گیرۆدەی ئـەم دەولەت و کۆمەڵگایە ، لە شێوەی ئاین خـۆی دەرنـەخات ؟ ئایـا بـە ملیـارد ئینسـان گـەلێکی کـە لـە وەلاتـانی ئاسـیا ، ئافریقا و ئامریکای لاتین دا لە ئاوی خواردنەوەی خاوێن ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لانی کەمی خۆراك وپاك و خاوینی و فێربوونی سەرەتایی بێ بەهرەن و هەر رۆژە بە هۆی پەیرەوی کردنی دەوڵەتەکانیان لە دەستووراتی بانکی جیهانی ، سندوقی نیۆ نەتەوەیی پوڵ و رێکخراوی تجارەتی جیهانی ، دارو نەدار لە دەست دەدەن ، لەبەرە کەتی دوایین دەست کەوتەکانی زانستی و تکنولۆژیکی ڕۆژئاوا بەهرەمەندن و توانایی خوێندنەوە و ناسینی هۆ گەلی بەد بەختی و چارە ڕەشییەکان و مەرگی نابەوەختی مناڵەکانیان هەیە و سەرنجام ئیتر پێویستیان بە دەست بە دامێن بوونی ئایین و مەزهەبەکان نابێ بۆ تەسکین و کەم کردنەوەی ڕەنج و ئازارەکانیان ؟

بە بڕوای من مەسەلەکە ڕاست بە پێچەوانەی ئەمەیە . بەم واتایەی کە هەم لە رۆژئاوی « پێشکوتوو » شدا لە خۆ بێگانە بوونی ئینسان بە چەشنێکی مەترسیدار پەرەی ئەستاندوە لە ئاکام دا شایەدی سەر لە نوێ گیان وەبەر هاتنەوەی شەپۆلێکی بەرینی ئایینە کانین و بە هۆی بالاّ دەستی ویرانگەری سەرمایە جیهانیەکان و دنیا داگری ئەم سەرمایانە لە دوو دەیەی ڕابردوو دا و لە ناوچونی ئابوری بەشێکی بەرین لە دنیا ،فەقر و برسیەتی و لە ناو چونی ژینگە و ئینسانەکان پەرەی گرتووە و لە ئاکام دا شاهیدی بەرە و ئایین چەرخانی مەترسی داری بەشێکی بەرچاو لە جەماوەری خەڵکین وەك ئاڵتر ناتیوێکی سێهەم ، لە بەرانبەر نیزامی سەرمایەداری و سوسیالیزمی شکست خواردوی شورەوی و ئوروپای رۆژهەڵات دا ین .



تا کاتێك وەها کۆمەڵگایەك بەر قەرار بێت و ژیان لە و دا هەر رۆژە و جەوهەری ئینسان لە ڕاستەقینەی خۆی و دەستە بەر بوونی دوورتر بخاتەوە و لە ئاکامدا لە خۆبێگانە بوون لە کۆمەڵگادا پەرەبستێنێ ، دەسکەوتە زانستی – تکنولۆژیکیەکان ناتوانن باوەڕە ئاینیەکانی خەڵك لە ناو بەرن بەڵکو بە پێچەوانە ، بە جێگیر بوون و کەڵەکە بوونی هەرچی زیاتری ئەم زانست و تکنولۆژیە لە دەست تاقمێکی کەم لە پاوان خوازە غول ئاساکان دا لە خۆبێگانە بوون و چەرخان بەرەو لای ئایین ، مەشروب ، مەوادی موخەدر ، توندوتیژی و گەلێك شتی ئارام کەرەوەی تر و مادە ئەفیونیەکانی دیکە زیاتر دەبێت .

ئەگەر مارکس ڕەگ و ریشەی ئاین لە خۆ بێگانە بوونی دنیایی دا دەبینێ . بەڵام تایبەتمەندییەکی دیکەشی بۆ لەبەر چاو گرتوە هەر بەم هۆیەش دوای ئاماژە کردن بە ریشەکانی زانستی و ماتریالیستی ئاین کە ئەساسەن سەرچاوە گرتوو لە ئشتراوس ، برۆنۆ باویر و فویر باخ ە ، هەر بە دوای ئەودا ئەوەش دەڵێت : ڕەنج و ئازاری ئاین ، یش دەربڕی ڕەنج و ئازاری ڕاستەقینە و نارەزایەتی دژی ئازاری واقعیە . ئاین ئاهی مەخلوقێکی ستەم دیتوە ، قەلبی دنیایەکی بێ قەلب (دڵڕەق)و هەروەها رۆحی هەل و مەرجێکی بێ رۆحە . ئاین ئەفیون (تریاك)ی جەماوەرە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم بوارەدایە کە دەکرێ بە باشی لە مانای ڕستە بەناوبانگەکەی مارکس حاڵی بی و بزانی دەربڕینی ئەم ڕستەیە کەسێکی دژە ئاینی لە ملرکس دروست دەکات ؟ ئایا ڕەنگی دژە ئاینی لەو پاراگرافە دا دەبینرێ ؟ بە بڕوای من مارکس لەم بەشە لە نوسراوەکەی خۆی دا نەك هەڵوێستێکی دژە ئاینی نییە بەڵکو چەشنێك نارەزایەتیش بە هەل و مەرجی سەردەم لە ئاین دا دەبینیّ . ئەو لێرە دا بە ڕونی مەزهەب وەك ئاهی گەلێکی زۆر لێکراو دەبینیّ و سەر ئەنجام مەبەستی لە ئەفیون و تریاك چەشنێك ئارام کەرەوەی دەرد و ئازارە بە دەستە و داوێن بوونی بە هێزێکی نەناسراو .

خاڵێکی تری کە فۆیر باخ بەر لە مارکس هەستی پێکردبوو _ مارکسیش لە نوسراوەکەی خۆی دا ئاماژەی پێداوە _ ئەوەیە کە چلۆن جەوهەری مرۆڤ بە پێچەوانەی نەزەریە پەردازانی بۆرژوا _ خوازیاری چاکەیە نەك خراپە و ئەم جەوهەرە ، لە دنیای ئاوەژوی ئێستا دا ناتوانیّ دەستەبەر بیّ . هەر بەم پێیە مرۆڤ لە ڕێگای دەستە و داوێن بوونی هێزێکی نەناسراوە، ئەو لە مەلەکوت دا دەستەبەر دەکات ، لە بەر ئەوەی کە دەوڵەت و کۆمەڵگای سەردەم هەر چەشنە توانایییەکیان لە مرۆڤەکان ئەستاندۆتەوە ، ئینسان لە ڕێگای پەیوەست بوون بە ئاینەوە ، لە عالەمی خەیالات و لاهوت دا هەست بە هێز و توانایی دەکات . لە درێژەی مقالەکە دا هاتووە :

«ڕەتکردنەوەی ئاین وەك خۆشبەختیەکی خەیاڵی خەڵك ، بە واتای خوازیار بوونی خۆشبەختی ڕاستەقینەی ئەوانە ، خوازیاری دەست هەڵگرتن لە هەل و مەرجێکە کە پێویستی بە گومانە ، کەوا بیّ ڕەخنە و لێکدانەوەی ئاین ، گەرای هەڵسەنگاندنی دنیایەکی فرمێسکاوی یە کە ئاین بە چەشنی خەرمانەی دەوریەتی .»(س ١٧٦)

مارکس بە نووسینی ئەو ڕستانەی سەرەوە وڵامێکی ددان شکێن بە هێگلیە لاوەکان ئەداتەوە چون وەك بەشێك لە چەپەکانی ڕۆژگاری ئێمە ، ئەوانیش دەیانویست بە وەڕیّ خستنی جیهادێکی دژی ئاینی ، هەل و مەرجی ڕاستەقینەی ڕەخساندنی بواری گونجاو بۆ گەشەی دین و ئەو جۆرە خەیاڵاتە ئاینیە، بگۆڕن . مارکس ، بەم ڕوون کردنەوەیە وە ڕاناوێستیّ و لە درێژەی بابەتەکەدا ناوەڕۆکی باسەکە باشتر شیدەکاتەوە :

«هەر کە دنیای واوەی حەقیقەت لە چاوان ون بوو . ئەرکی مێژوو ، دیاری کردنی حەقیقەتی ئەم جیهانەیە . هەر کە دەمامکی ئەو گرفتە موقەدەسە لە سەر ڕوخساری لە خۆبێگانە بوونی مرۆڤ لابرا ، ئەرکی خێرای فەلسەفە ، فەلسەفەیەکی کە لە خزمەت مێژوودایە ، ئاشکرا کردنی لە خۆ بێگانە بوون لە شێوە گەلی ناموقەدەسی دایە . بەم شێوەیە لە ڕەخنەی مەلە کوتیەوە بۆ ڕەخنەی زەوینی ، لە ڕەخنەی ئایینەوە بۆ ڕەخنەی حەقوقی ، و لە ڕەخنەی ئەدەبیاتەوە بۆ ڕەخنەی سیاسی دەگۆردریّ .» ( هـ – س )

به بڕوای من هەر ئەو ڕستەیەی دوایەی مارکس بە بیّ ئەوەی پێویستی بە شیکردنەوە هەبیّ بۆ وڵام دانەوە بە جیهادی دژە ئایینی ئەم گروپە لە چەپ کا فی بێت .

بەڵام مەسەلە کە لێرەدا کۆتای پێنایەت لەبەر ئەوەی وەها ڕوانگەیەك بە زەق کردنەوەی مەسلەی جەنایاتێکی کە نەهادە ئاینیەکان بە درێژایی مێژوو ئەنجامیان داوە ، و بە شێواندنی باسەکە وادەنوێنن کە دژایەتی لەگەڵ جیهادی دژی ئایینی ئەوان بە واتای پێك هاتن لەگەڵ نهادە ئایینیەکانە و ئیمتیاز پێدانیان و یان سازان لەگەڵیاندایە . بەم پێیە ڕونکردنەوەی بابەتێکی زۆر گرنگ لێرەدا پێویستە .

لە وتاری بە جیهێنانی بەشێك بە ڕەخنەی فەلسەفەی حەقوقی هێگل – پێشەکی ئەو شتەی مەبەستی تەحلیلەکەی مارکسە باوەڕ گەلی کۆن و ڕیشەداری بەرینی جەماوەری خەڵك . لەم بوارەدا ڕێز بۆ کەشفەکانی ئشتراوس ، پاوئر و فۆیرباخ لە بواری دەربڕینی زانستیانەی ڕیشە گەلی ئەم باوەڕانە دادەنیّ .

بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە دیمان بە پێچەوانەی ئەو بیرمەندانە لەگەڵ ئەم باوەڕە دینیانە دا نەك هەر لە شەڕ دانیە بەڵکو بە چەشنێك لەوان دا لایەنی دژایەتی لەگەڵ هەل و مەرجی سەردەم و زوڵم و زۆرداری تێدا بەدی دەکات بەڵام کە دێتە سەر باسەکەوەك نهادێك، شێوەی ئاخاوتنی بە تەواوی دەگۆڕدریّ و لە وتارێك دا دەڵی :

ئەساسی کۆمەڵایەتی مەسیحیەت ، کویلەداری سەردەمی کۆنی پاساو کرد ، ڕێزی لە سرواژ گرت لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەدەی ناوەڕاست دا و پێویستیش بێ دەتوانی داکۆکی و پشتیوانی لە زوڵم و سەرکوتی پرولیتاریا – هەر چەندە بە ڕواڵەتێکی خەمبارەوە – بکات . بە گشتی دەزانین کە نیهادە سەرەکیەکانی مەسیحیەت بە بێ ئەوەی نێوچاوانی گرژ بکات سەرکوت و زوڵم و زۆر دەرحەق بە کریکاران و زەحمەتکێشانی پاساو دەکرد و لەگەڵ ئورگانەکانی سەرمایەداری دا ، لەوانە فاشیزم و نازیزم دا هاوکاری دەکرد . مارکس لە درێژە دا دەنوسێ :

ئوسولی کۆمەڵایەتی مەسیحیەت گشت کردەوە دزێوەکانی ستمگەران دژ بە زۆرلێکراوان بە سزایەکی عادلانە بە خاتری گوناهی سەرەتایی و باقی تاوانەکانی تر و بە ئەزموونێك لە لایەن خواوەندەوە دەزانێ .

مەسیحیەت جاڕدەری ترسنۆکی ، خۆ بە کەم زانین و گوێ لە مستییە لە حالێك دا پرولیتاریا قەت ئیجازە نادات بەو شێوەیە سەیر بکرێ .

لەم نوسراوانە دا مارکس کە بەم چەشنە دێتە قسە چۆن تەوجی دەکرێ ؟ بە بڕوای من پاساوەکەی هەر ئەوەیە کە پێشتر باسمان کرد . واتە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دین لە لایەکەوە لەگەڵ باوەڕە ئاینیەکانی جەماوەری خەڵك دا سەرو کارمان هەیە و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ دین وەك نهادێك ، دام و دەزگای مەسیحیەت ( پاپ و دەزگای سەڵتەنەتی و هەروەها دەزگای کلیسا لە دەستەو گروپە مەسیحیەکان دا ) دامو دەزگای ئیسلام (ولایەت ، خلافەت و دەزگای پان و بەرینی ئیمامان و شوێنە موقەدەسەکان و ... ) دا ڕووبەڕووین . هەروەها باقی ئایینەکانی تریش هەر بەم چەشنە .

بە وتەی بیر مەندێك « مێژووی ئایینەکان نیشانی داوە گشت ئاینەکان خاوەنی یەك تایبەت مەندین جیا لە چەند دینێکی سەرەتایی نەبێ . لە لایەکی ترەوە گشتیان پێکهاتەیەکی ئیدئولۆژیکی بۆ چینە دەستەڵات دارەکان پێك دینن تا لە ڕیگایەوە بتوانن پایەکانی دەستەڵاتیان قایم کەن و تەمەنی حاکمیەتیان درێژتر بکەنەوە . بە شێوەیەکی تریش دین وەك لەلاین چینی ژێر دەستەوە تەفسیر دەکرێ ئامرازێکە بۆ دژایەتی و ڕاپەڕین . نمونەکانیشی شەڕە کانی چوتیاران لە سەدەی ١٦ دا لە ئاڵمان و گروپە ڕادیکاڵەکان ی بەشدار لە شەڕە ناوخۆییەکانی سەدەی١٧ی ئینگلستان و باقی شوێنەکانی ترە .»

لە سەردەمی مۆدێرن دا – بە تایبەتی لە ٥٠ساڵی ڕابردوو دا – بزوتنەوە بێ سەمەرەکانی ئامریکاییانی ئافریقایی تەبار ( ڕەش پێستەکان ) بە هەڵکەوت جیا لە کلیسا و کەسایەتیە ئاینیەکان بووە . گرتل وست بیرمەندی ئافریقایی تەبار و مارکسیست و ئوستادی ئیلاهیات و مێژووی ئاینەکان لە زانکۆی هارڤارد ، دوابەدوای لێکدانەوەیەکی زانستی هۆی بوژانەوەی ئاین و ڕووتێکردنی خەڵك ،بە تایبەتی لە دەیەی ١٩٧٠بەم لاوە و ڕەخنە لە حیزبە ئیستالینیستی یە کانی ڕابردوو لە هەڵس و کەوت لە گەڵ ئەم دیاردەیە دا ، دەنووسێ : «بوژانەوەی حەیاتی دین ، خزمەتێکی گەورەی کە دەتوانێ بە ئیستراتژی چەپی بکات ئەمەیە کە داوا لە بیرمەندانی مارکسیست و چەپ بکات ، فەرهەنگی جەماوەری ژێر چەپۆکە و زۆر لێکراو بە تەواوی بە هەند بگرن .» کە بە بڕوای من وریا کردنەوەیەکی زۆربە جێی هێندێك لە چەپەکانە .

بە کورتی ، هەڵس و کەوت لەگەڵ ئاین کارێکی زەریف و گرنگ تر لەوەیە کە لەلایەن ئەو تاقمە لە چەپەکانەوە بە شێوەیەکی ناژیرانە ڕێگا چارە ئیرایە ئەدرێ ،وەك ڕاگەیاندنی جیهادی دژە ئاینی کە تا ئێستا لەتمەی زۆری لە بزوتنەوەی چەپی ڕەسەن داوەو بزوتنەوەی کرێکاری ئێرانیش لەم بارەیەوە زیانی وێکەوتوە . چەپی ئێران ، بە دەرس وەرگرتن لەم ئەزمونە ناسەنجیدانەی ڕابردوو لە لایەکەوە و لەلایەکی ترەوە بە دەرس وەرگرتن لە شۆڕشەکانی سەدەی ٢٠ ، چ لە چین یان لە ویتنام و چ لە بزوتنەوەکانی ئامریکای لاتین هەروەها جیا کردنەوەی باوەڕە دینیەکانی خەڵك ، لە دام و دەزگا ئاینیەکان و خۆ بواردن لە گالن بەرەو تەوهین و سوکایەتی کردن بە فەرهەنگی جەماوەری خەڵك دەتوانن سیاسەتێکی ژیرانە ، زانستی و بە کردەوە لەم ڕێگایە دا بگرنە بەر .

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

"ئیسلامی سیاسی" چییە؟
"ئیسلامی سیاسی" چییە؟
"ئیسلامی سیاسی" چییە؟
"ئیسلامی سیاسی" چییە؟

# "ئیسلامی سیاسی" چییە؟

ئیبراهیم علیزادە

"ئیسلامی سیاسی" زاراوەیەکی تەمومژاویە کەتەمەنی پەیدابوونی لەئەدەبیاتی سیاسیو رۆژنامەگەریدا بەشێوەیەکی بەرین، لەچەند ساڵێك تێپەڕ نابێ. ئەم زاراوەیە بەڕواڵەت دەیهەوێ، ئایینی ئیسلام وەکو مەسەلەیەکی تایبەتی کەسەکانو پەیوەندی رۆحی لەگەڵ خۆیانو خوای خۆیان، لەئیسلام وەکو ئامرازێکی سیاسی ناو کێشەی دەسەلات، لەیەك جیاکاتەوە.

مێژووی واقعیو بنەماکانی ئەو ئاینە ئەوەمان پێ دەڵێن کەمەبەستی داهێنەرانی ئەم زاراوەیە هەرچی بووبێ، داهێنانێکی لەجێگای خۆی نییەو بەکردەوە ئەو راستییە پەردەپۆش دەکات کەئاینی ئیسلامی نەك هەر یەك باوەڕو ئیدیۆلۆژیە بەڵکو بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری، سیاسیو کۆمەلایەتی، یاساو فەرمانی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەیەو هیچ ساتێك لەژیانی ئیسنانی خاوەنی ئەو بیروباوەڕە نییە کەلەژێر کار تێکردنیدا نەبێ. هەموو مێژووی پەیدابوونی ئیسلامو کارکردنی ئەوڕۆی ئەم بیروباوەڕەش، هەر ئەو راستییەی سەرەوە پێداگری دەکاتەوە.

بۆ روون بوونەوەی زۆرتری لایەنەکانی ئەم زاراوەیە سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە رادەکێشین:

یەکەم. بێشك پەیوەندی ئیسلام لەگەڵ سیاسەتو لەگەڵ دەسەلات مەسەلەیەکی نوێ نییە کەتایبەت بێ بەو سەردەمەی کەئێمە تێیدا دەژین. ئیسلام لەهەمان سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، وەك ئاینێك کەچاوی بڕیبوە حکومەت کردنو دەسەلات، هاتە ناو گۆڕەپانی ژیانی ماددیو مەعنەوی خەڵکی ئەوکاتی نیو دورگەی عەرەبستانەوە. مێژووی کێشەو شەڕە خوێناوییەکانی سەد ساڵی یەکەمی دوای سەرهەڵدانی ئیسلام نمونەگەلێکی باشن بۆ ئەوەی کەبڵێین ئیسلام لەهەمان سەرەتاوە ئاینێکی سیاسی بووە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دووهەم. لەماوەی ٢٠٠ ساڵەی رابردوودا کەخەباتی دژی ئیستعماری لەدژی دەوڵەتانی داگیرکەرو دەست درێژییەکانی وڵاتانی ئوروپایی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارادا بووە، مەزهەبی ئیسلام وەك ئامرازێکی فیکری ئیدیۆلۆژیك، ئاڵای ئەم بزوتنەوەو خۆراگریانە بووەو کەڵکی زۆری لێ وەرگیراوە. سیما ناسراوەکانی وەك سەید قوتب، سەید جەماڵەدینی ئەسەد ئابادی، لەرێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستعماری لەجیهانی ئیسلام دا، نمونەگەلێکن لەپەیوەندی نێوان ئاینی ئیسلامو سیاسەت لەم ١٥٠ ساڵەی دواییدا. لەوڵاتی ئێرانیش سەدساڵ لەمەوبەر، لەبزووتنەوەی "مەشروتیەت" کەرەوتێکی سیاسیو موحافزەکار بوو، رێبەرانی مەزهەبی لەژێر ناوی "مەشروعە خواز" سەریهەڵدا کەلایەنگری چاودێری کردنی شەرعو یاسا ئیسلامییەکان، بەسەر کاروباری دەوڵەتو حکومەتدا بوون، یان لەشۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران دا رەوتێکی ئیسلامی سیاسی بەسەرۆکایەتی خومەینیو لەهاوئەنگییەکی بەکردەوەدا لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکانی سەرمایەداری دنیا، کۆنترۆڵی کۆمەڵگای ئێرانی بەدەستەوە گرت.

لەنێوان لقە جۆراوجۆرەکانی ئاینی ئیسلام دا، فیرقەی شیعە بەهۆی ئەوەی کەلەدنیای ئیسلامدا کەمینە بووەو گوشاری لەسەر بووە، زۆرتر لەلقەکانی تری تێکەڵاوی سیاسەت بووەو ویستویەتی لەرێگای دەسەڵاتەوە ئەو زەختو زۆرەی کەبەهۆی کەمینە بونیەوە لەسەریەتی دابشکێنێ.

سێهەم. کۆماری ئیسلامی لەئێران جۆرێك لەئیسلامی سیاسییە. بەپێی بنەماکانی چاودێر بەسەر ئەم حکومەتدا سەرچاوەی یاسا ئەساسیو مەدەنییەکان، قورئان، یان بەوتایەکی تر ئایاتی ئاسمانین. بەو پێیە سەرچاوەی یاسای بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا نەك دەنگی جەماوەری خەڵك بەڵکوو شەرعی ئیسلامەو کەسیش مافی ئێعترازو ناڕەزایەتی بەرانبەر بەو یاسایانەی نییە، چونکە ئەمانە لەئایاتی ئاسمانییەوە وەرگیراون.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەند کەئەم سیستەمە فکریو حکومەتییە لەژێر گوشارە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا ناچار بەگەلێك پاشەکشە لەئاس دیموکراسی پارلەمانی جۆری رۆژئاوایی بووە، بەڵام بەردەوام هەوڵی داوە کەشەرحو یاساکانی مەزهەبی وەك ئامراز بۆ کۆنترۆڵی هەر ئەو دیموکراسییەش بەدەستەوە بگریٚ.

بۆ وێنە: کاتێك بەبوونی مەجلیسی شورا وەك ناوەندێکی یاسا دارێژ ئەرك دەسپێردریٚ، لەهەمان حاڵدا مەجلیسێکی تریش وەك "شورای نیگەهبان" دەکەنە چاوەدێرو دەسەڵاتداری، تاکو ئەو یاسایانەی کەلەمەجلیس پەسەند دەکرێن لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامو یاسا شەرعیەکان هەڵیسەنگێننو کۆنترۆڵی بکەن نەکا لەشوێنێك لەبنەماکانی ئاینی ئیسلامیو یاسا شەرعییەکان، لایان دابێت. یان لەحاڵێکدا کەسەرۆك کۆمار بەرەسمی لەرێگای دەنگی خەڵکەوە هەڵدەبژێردریٚو وا دەنوێنیٚ کەهێزو دەسەڵاتی خۆی لەدەنگو متمانەی جەماوەری خەڵك وەردەگریٚ، لەهەمان حاڵدا وەلی فەقیە لەئارادایە کەلەسەرووی هەر ئەو سەرۆك کۆمارو سەرجەم ناوەندەکانی تری دەوڵەتی جێگیرە، کەبەشێوەیەکی دیکە دیاری دەکریٚ.

چوارەم. لەدەورەی پڕ کێشەو ئاڵۆزی شەڕی سارددا، ئاینی ئیسلام وەك ئامرازێك لەدژی پەرەگرتنی نفوزو دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتو بۆ قایم کردنی "کەمەربەندێکی سەوز" کەولاتانی رۆژئاوا بەدەوری ئەو وڵاتەدا کێشابوویان، بەکار دەهات. پارەو پووڵی نەوتی عەرەبستانی سعودی لەژێر رێنوێنیو چاوەدێری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکادا لەهەر شوێنێك کەمەترسی بەدەسەڵات گەیشتنی لایەنگرانی یەکێتی سۆڤیەت لەئارادا بوایە، دەکەوتە کار. ئەفغانستان یەك لەو شوێنانە بوو کەبوو بەکانگای بڵاوبوونەوەی بیروبۆچونێکی توندڕەوانەی دژی کۆمۆنیستی لەژێر ئاڵای ئیسلام دا. دوای پاشەکشەی هێزەکانی شورەوی لەم وڵاتەو کۆتایی هاتن بەتەمەنی سیاسی لایەنگرانی شورەوی لەئەفغانستان، ئیسلامی توندڕەوی سوننی وەکوو ئامرازێکی بەربەرەکانیٚ لەگەڵ نفوزی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆماری ئیسلامی لەولاتانی ناوەندی ئاسیاو لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەلایەن ئامریکاو عەرەبستانەوە کەڵکی لیّ وەرگیرا. تەنیا کاتێك کەئەم رەوتە کەلەکۆنترۆلی خۆیان دەرچوو و توندوتیژییەکانی رووی کردە ولاتانی سەرمایەداری رۆژئاواو بەتایبەت ئامریکا، لەمەترسییەکان تێگەیشتن و لەدژی راوەستان.

پێنجەم. ئاشکرایە ئیسلامی سیاسی کەلەئیسلام و ئەحکامی بەناو ئاسمانیدا بەشوێن سەرچاوەی یاساو قودەرت دا دەگەڕیّ، لەگەل سەرەتای دیموکراسی کەدەنگی خەلك وەك سەرچاوەی یاساو هێز چاو لیّ دەکات لەدژایەتی دایە. نیزامی سەرمایداری کەبۆ زالبوون بەسەر نیزامی فیئودالیدا و بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی پێویستی بەدیموکراسی هەبوو، لەولاتانی پێشکەوتوو توانی مەزهەب لەسیاسەت دوور کاتەوەو چەندین دەولەتی نوێی سەرمایەداری کەلەئەوان دا دین لەدەولەت جیا بوو سەریان هەلداو دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت.

سەرەتای جیایی دین لەدەولەت دروشمێکی کۆنی بۆژوازییە. بەلام بەتایبەت لەچەند دەیەی رابردوودا کەئەزمە ئابوری و سیاسییەکانی سەمایەداری بەردەوام سەریان هەلداوەو قولتر بوونەتەوە، بورژوازی بۆ بەرامبەرکیّ لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و دژی سەرمایەداری لەزۆرێك لەولاتان سەر لەنوێ دەست بەداوێنی مەزهەب بۆتەوەو ئەم دروشمە کۆنەی خۆی لەبیر بردۆتەوە. لەم رووەوە ئەمڕۆکە لەراستیدا ئەوە سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکانن کەئالا هەلگری سەرەکی ئەو دروشمەن.

ئێمە خوازیاری جیایی دین لەدەولەتین و دین ئەمری تایبەتی کەسەکانەو لەبەرنامەشمان دا لەسەر ئەم خالانە جەخت کراوە.

هەرچەشنە ئیمتیازو هەلاواردن لەکارە دەولەتی و مافەکانی کەسەکان بەپێی مەزهەب و نیزامی مەزهەبی ئەوان یان باوەڕ بوون یان نەبوونی باوەڕ بەمەزهەب، دانی یارمەتی مالی و غەیرە مالی دەولەت بۆ هەلسوڕان و ناوەندە مەزهەبییەکان، رەسم و ئاینی مەزهەبی لەقوتابخانەکان و ناوەندەکانی بارهێنانی دەولەتی دەبیّ هەلوەشێنەوە.

هیچ کام لەمەزهەبەکان وەك مەزهەبی رەسمی ولات ناناسریّ، هەموو دانیشتوانی کۆمەلگا لەهەلبژاردنی مەزهەب یان نەبوونی مەزهەب دا ئازادن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# سۆسیالیزم و دین

لینین

وەرگێڕانی: شیلان غەریب

پێویستە ڕاگەیەنرێ کەدین پایەیەکی تایبەتی هەیە: هەمیشە ئەوە بەهەڵوێستی سۆسیالیستەکان ناسراوە دەربارەی دین. بەڵام بۆ ئەوەی نارۆشنی ڕوونەدات، پێویستە بەوردی مانای ئەم ڕاگەیاندنە دیاری بکرێ. ئێمە سورین لەسەر ئەوەی کەدین پایەیەکی تایبەتی هەیە بەرامبەری دەوڵەت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بڵێین کەدین پایەیەکی تایبەتی لەپارتەکەی ئێمەدا هەیە.

پێویستە دەوڵەت دەست نەخاتە کاروباری دینەوە، هەروەکو پێویستە کۆمەڵە دینییەکانیش هیچ پەیوەندییەکیان نەبێ بەدەسەڵاتی دەوڵەتەوە. دەبێ هەر کەسێ بەتەواوی ئازادبێ لەوەی کەسەر بەچ دینێکە یاخود باوەڕی بەهیچ دینێك نەبێ، یان کەسێکی بێ دین بێ، هەروەك سۆسیالیستەکان کەبەشێوەیەکی گشتی بەبێ دین ناسراون. هەروەها پێویستیشە ڕێگە بەهیچ جیاکردنەوەیك لەمافە شارستانییەکاندا لەسەر بناغەی دین نەدرێ. هیچ وتویژێکیشی پێناوێ، دەبێ هەموو جیاکردنەوەیەکی تایەفەگەری لەناسنامە یاساییەکاندا بسڕێتەوە، هەروەکو ئەوەی کەپێویستە دەوڵەت هیچ جۆرە یارمەتییەکی بەکەنیسەو کۆمەڵە تایفەگەری دینییەکان نەدات، کەوەکو کۆمەڵێ لەهاوڵاتی یان لەدینێکی هاوبەشدا کۆبوونەتەوە، بەتەواوی سەربەست و ئازادن بەرامبەری دەوڵەت.

جیاکردنەوەی تەواو لەنێوان کەنیسەو دەوڵەت دا، ئەوە داواکاری کرێکارانی سۆسیالیستە بەرامبەری کەنیسەو دەوڵەتی تازە، سەبارەت بەپارتی کرێکاری سۆسیالیست، دین پایەیەکی تایبەتی نییە. پارتەکەمان کۆمەڵەیەکی خەباتگێڕی پێشڕەوە هۆشیارەکانە، لەپێناوی ڕزگارکردنی چینی کرێکار تێدەکۆشن. ئەم کۆمەڵە ناتوانێ و ناکرێ، گوێ نەداتە ئەو ناهۆشیاریی و نەزانیی و تاریکستانەی کەلەشێوەی بیروباوەڕی دینیدا، خۆی دەرئەخات. ئێمە داوای جیاکردنەوەی تەواوی کەنیسەو دەوڵەت ئەکەین لەپێناوی لەناوبردنی تەمومژی دین، کوتومت بەچەکی ئایدیۆلۆژی: ئەدەبیاتەکانمان و بانگەشەکانمان. هەرچەندە کۆمەڵەکەمان، پارتی کرێکارانی سۆسیال-دیموکراسی لەڕووسیا، هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە ئامانجی لەناوبردنی هەر گێل کردنێکی دینی بۆ کرێکاران کردووە بەیەکێ لەمەرامەکانی. بەڵام مادام مەسەلەکان وایە، بۆچی لەبەرنامەکەماندا ڕاینەگەیەنین کەئێمە بێ دینین؟ بۆچی ڕێگە لەمەسیحییەکان و براوادەرەکانی تر نەگرین و نەهێڵین بێنە پارتەکەمانەوە؟ لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا، ئەو جیاوازییە گرنگ و بەرچاوە دەرئەکەوێ لەنێوان تێڕوانینی دیموکراسە بۆرژواکان و سۆسیال-دیموکراسەکان دا لەسەر مەسەلەی دین.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەواوی بەرنەمەکەمان لەسەر فەلسەفەی زانستی بەشێوەی بنیاتنراوە، هەربۆیە پێویستە لەپێناوی ڕۆشنکردنەوەی بەرنامەکەماندا باس لەڕەگوڕیشەی مێژووی ئابووری ڕاستەقینەی تەمومژاوی دین بکەین، ناوەڕۆکی بانگەوازەکانمان بەزەروورەت بانگەوازی بێ دینییە. هەر لەپێناوی ئەوەشدا هەڵساوین بەبلاوکردنەوەی ئەدەبیاتێکی زانستی کەسیستەمە بیروکرات و دەرەبەگییەکان هەتا ئەمڕۆش زۆر بەتوندی دژایەتی ئەکەن، هەڵسانمان بەم ئیشانە پێویستە ببێتە بەشێك لەچالاکییەکانی پارتەکەمان.

بۆیە پێویستە بەهیچ جۆرێك نەگلێنە ئەو ڕوونکردنەوە خەیاڵییانەی ئەو کەسانەی کەوا باس لەکێشەی دین کەدەقاو دەق کێشەی ئەقڵەو لەدەرەوەی ململانێی چینایەتییەکاندایە، وەکو زۆر جار دیموکراسە رادیکاڵەکان کەلەبنچەیەکی بۆرژوازییەوە هاتوون لێی دەدوێن. بێهودە ئەگەر کەسێك بڕوای وابێ کەئەو خەیاڵە دینیانە. لەکۆمەڵگایەکدا کەلەسەر چەوساندنەوەی بێ سنووری جەماوەری کرێکاری دروست بووبێ، ئەکرێ تەنها بەبانگەواز چارەبکرێ، چاوپۆشی کردن لەو مەینەتییە ئابورییانەی ناو کۆمەڵگاو پێچەوانە بوونەوەی لەسەری، ئەوە دەربڕینێکی سەرزارەکییانەی بۆرژوازییانەیە. نەکتێبەکان و نەبانگەوازەکانیش پرۆلیتاریا هۆشیارو ئاگاناکەنەوە، ئەگەر خۆی بەخەبات کردنی دژی هێزی سەرمایەی چەوسێنەر خۆی هۆشیارنەکاتەوە. یەکێتی ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانەیەی چینی چەوساوە کەلەشەڕدایە لەپێناوی دروستکردنی بەهەشتێك لەسەر زەمین، بەلای ئێمەوە زۆر گرنگترە لەیەکێتی بیروڕای ئەو پرۆلیتارانەی کەباس لەبەهەشتی ئاسمان ئەکەن. بۆیە خۆمان ڕاناگەیەنین، ناشبێ بێ دینی خۆمان لەبەرنامەکەماندا رابگەیەنین. هەر بۆیەش ناکرێ و نابێت ڕێگە لەو کرێکارانەش بگرین کەدەسیان گرتووە بەهەلی پاشماوەی بیروبۆچونە کۆنەکانییانەوە، کەلەپارتەکەمان نزیك ببنەوە، ئێمە دەبێ هەمیشە بانگەشەی تێگەیشتنی زانستی یانەکەمان بکەین بۆ جیهان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کەمەسەلەی دین بخەینە پلەی یەکەمەوە، کەپلەی ئەو نییە، پێویستیشە واز لەو هێزانە بێنین کەبەڕاستی هاتوونەتە ناو خەباتی سیاسی و ئابووری شۆڕشگێڕییەوە، وازیان لێ بێنین لەبەر ئەوەی کەبەناوی بیروباوەڕی پلە سێیان خەیاڵاتەوە دابەش ببن کەئەوەندە نابات هەموو بەهایەکی سیاسی خۆیان لەدەست ئەدەن و ڕەوڕەوەی گەشەکردنی ئابووری بەخێراییەکی زۆر بەرەو کونجی بیرچوونەوەیان دەبات.

لینین (٣ی دیسێمبەری ١٩٠٥)

## هەڵوێستی پارتی کرێکاری دەربارەی دین

دین ئەفیونی گەلانە، ئەم حکمەتەی مارکس بۆتە بەردی بناغەی تەواوی تێڕوانینی مارکسیستی لەسەر کێشەی دین. مارکسیزم هەمیشە وا سەیری دین و کەنیسەو تەواوی ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵ بوونە دینییەکانە ئەکات، کەئامێرێکی کۆنەپەرستانەی بۆرژوازییە، کەبەکاریان دێنێ بۆ بەرگری کردن لەچەوساندنەوەو گومراکردنی چینی کرێکاران.

هەرچەند ئەنگلس چەندین جار سەرزەنشتی ئەو کەسانەی کردووە، کەویستویانە واخۆیان دەرکەن کە(چەپ تر) یان (شۆڕشگێر تر)ن لەسۆسیال-دیموکراتەکان، ئەیانویست کەبەرنامەی پارتی کرێکاری بەتەواوی دان بەمەسەلەی بێ دینییا بنێت، بەو مانایەی بەرنامەی پارتی دەبێ شەڕی خۆی بەرامبەر دین ڕاگەیەنێت. لەساڵی ١٨٧٤دا لەکتێبی (ئەنتی دوهرینگ)دا، لەگەڵ ئەو هێرشە توندوتیژییەی کەکردییە سەری سادەترین کەموکورتیەکانی (دوهرینگ) فەیلەسوفی ئایدیالیزم و دین، ئەنگلس لەوەش توندوتیژتر سەرزەنشتی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکانی دوهرینگی کرد کەبانگەشەی ڕێگری دینی






PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەكرد لەكۆمەڵگای سۆسیالیستیدا، ڕاگەیاندنی شەڕێكی وا دژی دین بەپێی ڕای ئەنگلس ئەوە ئەگەیەنێ "ئەبێت مرۆڤ لەخودی بیسمارك، بیسمارك تر بێ"، مانای دووپاتكردنەوەی هەمان گێلێتی بیسمارك دژی كاهتویەكان (خەبات كردن لەپێناوی ڕۆشنبیری بەناوبانگ، یان ئەو خەباتەی كەبیسمارك پێی هەڵسا دوای ساڵی ١٨٧٠ دژی پارتی (ناوەندی) كاسۆلیكە ئەڵمانییەكان، بەهۆی هەندێ كاری چەوسێنەرانەی پۆلیسی ئاراستەكراوی دژی كاسۆلیكەكان. بەم هەڵوێستە بیسمارك هیچی نەكرد جگە لەپشتگیریكردنی كاسۆلیكە تێكۆشەرەكان، لەهیچ شتێكا سەرنەكوت جگە لەزیان گەیاندن نەبێت بەمەسەلەی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بەوەی دابەش بوونو جیاوازی دینی خستە پلەی یەكەمەوە، لەجیاتی جیاوازی سیاسی، گرنگی دانی هەندێ توێژی چینی كرێكارو توێژە دیموكراسییەكانی بەلاڕێدا برد، ئەركە بنەڕەتییەكان خەباتی چینایەتیو شۆڕشگێری گرنگی دانەكانیانی بەلاڕێدا بردو بەرەو دژایەتی كردنی كەهوتییەكان كەئامانجێكی ڕووكەشو دووروانەی بۆرژوازییەكان بوو. ئەنگلس لەگەڵ ئەو تاوانبار كردنەی دوهرینگ دا، كەحەزی ئەكرد بەشێوەی شۆڕشگێڕێكی سەرەڕۆ خۆی دەربخاتو ئەشی یەویست دوهرینگ هەمان گێلێتی بیسمارك بەشێوەیەكی تر دووبارە بكاتەوە، لەجیاتی ئەوەی پارتی خۆی بخاتە سەركێشی شەڕێكی سیاسیانەوە دژی دین، دوهرینگ سوور بوو لەسەر ئەوەی كەپارتی كرێكاران بكەوێتە ئیشێكی شێلگیرانە لەپرۆژەی ڕێكخستنو هۆشیاركردنەوەی پرۆلیتاریا بەجۆرێكی وا كەببێتە هۆی لەناوچوونی دین. ئەم بۆچوونە چووە خوێنو گۆشتی سۆسیال-دیموكراتەكانی ئەڵمانیاوە، بۆ نموونە ڕایانگەیاند كەپاڵپشتی ئەو هەڵوێستە ئەكەن كەقەشەكان بەسەربەستی بتوانن بێنە نا ئەڵمانیاوە هیچ



جۆرە لێپرسینەوەیەكی پۆلیسی دژی ئەم یان ئەو دین نەبێت.

"ڕاگەیاندنی ئەوەی كەدین پایەیەكی تایبەتی هەیە" ئەمە خاڵێكی بەناوبانگە لەبەرنامەی (ئێرفۆرت) دا لەساڵی ١٨٩١دا، سۆسیال-دیموكراتی ئەمەی كردە تاكتیكی سیاسی خۆی. ئەم تاكتیكە شێوازێكی تازەی لەڕێبازی ماركسیزم دا بەرهەم هێنا بەئاراستەیەكی پێچەوانە، بەئاراستەی ئۆپۆرتۆنیزم دا. هەندێكیان بنچینەكانی بەرنامەی ئێرفۆرتیان وا لێكدایەوە بەو مانایەی كەپارتەكەمان، ئێمەی سۆسیال-دیموكراتەكان، بەو پێناسەیەی كەدپارتێكین، دین پایەیەكی تایبەتی هەیە. ئەنگلس بێ ئەوەی بچێتە گفتوگۆیەكی كراوەوە لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە ئۆپۆرتۆنیستیانەدا، لەدوای ساڵی ١٨٩٠ەوە، بەپێویستی زانی بەتوندی ناڕەزایی دەربڕێ، نەك بەشێوەی وتوێژ، بەڵكو بەشێوەی ئیجابی، ئەوەبوو ئەنگلس ڕاگەیاندنێكی بڵاوكردەوە: سۆسیال-دیموكراتی پێی وایە كەدین پایەیەكی تایبەتی هەیە بەرامبەر دەوڵەت، نەك بەرامبەر ماركسیزم، نەك بەرامبەر پارتی كرێكاری.

پێویستە لەسەرمان دین لەناوبەرین، ئەوە ئەلفو بای هەموو ماتریالیزمو ماركسیزمە، بەڵام ماركسیزم بەم ئەلفو بایەوە ناوەستێ، بەڵكو دوورتر دەڕوانێ. ماركسیزم دەڵێ: پێویستە بزانین چۆن دژی دین خەبات ئەكەینو لەپێناوی ئەمەشدا، پێویستە سەرچاوەی بڕوای جەماوەرو دینەكەی بەشێوەیەكی ماتریالیزمانە شی بكەینەوە.

پێویستە خەبات دژی دین لەچوار چێوەی ڕاگەیاندنێكی ئایدۆلۆژی ڕووت دا وەرنەگرین، ئەبێ ئەو خەباتە وابەرتەسك نەكردێتەوە بەڵكو ئەبێ ئەم خەباتە ببەسترێتەوە بەپراكتیكی بەرجەستەیی بزووتنەوە چینایەتییەكەوە كەئامانجی هەڵكەندنی ڕەگوریشە كۆمەڵایەتییەكان دینەكەیە. بۆچی دین پارێزگاری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبنەماکانی خۆی ئەکان لەناو توێژە دواکەوتووەکانی پرۆلیتاریای شارەکانو توێژە فراوانەکانی نیمچە پرۆلیتاریای جەماوەری جوتیاران دا؟ بەهۆی نەزانی میللەتەوە.. ئەمە وەڵامی بۆرژوازییە پێشکەوتوەکانو رادیکاڵە ماتریالیستە بۆرژواکانە، هەر بەو شێوەیە بروخی دین، بژی بێ دینی، بانگەشە بۆ بیروباوەڕی بێدینی وێتە ئەرکی سەرەکییان. مارکسیستەکان ئەڵێن: ئەم هەڵەیە، ئەم تێڕوانینانە دەربڕینێکی روکەشی بەرتەسکی بۆرژوزاییانەیە، ئەو بۆچونەی کەئەڵێ رۆشنبیری خۆی کار لەخۆی ئەکات. بێگومان، بۆچوونێکی وا ناتوانێ وەکو پێویستو بەشێوەیەکی بنەڕەتیو ماتریالیستانە رەگوریشەی دین شی بکاتەوە.

لەوڵاتە سەرمایەدارییە تازەکانی ئەمڕۆدا بەر لەهەرشتێك ڕەگوریشەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کەجەماوەری زەحمەتکێش لێی بێ بەشە، دەستە وەستای تەواو و بەرچاوی لەبەردەمی هێزی سەرمایەی کوێردا کەهەموو سەعاتێكو هەموو ڕۆژێك، ناخۆشترین ئازارو سەخترین دەردیسەری بۆ خەڵکی زەحمەتکێش دێنێ کەهەزار ئەوەندەی ئەو بەڵایانە ترسناکترە کەبەهۆی شەڕە گەورەکانو کارەساتە سروشتییەکانەوە بەسەریاندا دێت..هتد. ئالێرەوە کەپێویستە بەدوای قوڵترین رەگوریشەی دیندا بگەڕێین. "ترس خوای دروست کردووە"، ترس لەبەردەمی سەرمایەی کوێردا، کوێر لەبەر ئەوەی کەجەماوەری گەل ناتوانێ تەسەوری بکات، ئەو هێزەی کەگشت ساتێ هەڕەشەی دەردیسەری لەژیانی پرۆلیتاریاو خاوەنکارە بچوکەکان ئەکات، بەڕاستیش، تووشی نابووتی "لەناکاو" و "چاوەڕوانکراو"و کتوپڕیان ئەکات، ئەو هێزەی کەئەبی بەهۆی لەناوبردنیان، کەئەیانکاتە سواڵکەر، یان ئەیانخاتە پەراوێزی ژیانەوەن، یان ئەیانکات بەلەشفرۆش، لەبرسا مردن ئەسەپێنێ بەسەریاندا: ئەمە ڕەگوریشەی تازەی دینە کەماتریالیستەکان ئەبێ پێش لەهەر شتێك لێی بەئاگابن، گەر بیانەوێ هەر بەماتریالیستێکی سادەو ساویلکەو سەرەتایی نەمێننەوە.

کامە کتێبی "سادەکاری"یە کەدین لەناو ئەو جەماوەرەدا رائەماڵێ کەکاری قورسی سەرمایەو ڕیکردووەو ملکەچە لەبەردەمی هێزی سەرمایەی وێرانکەرو کوێردا، مادام ئەم جەماوەرە فێر نەبووە کەخەبات بکات بەشێویەکی گونجاوو ڕێکخراوو بیکاتە پرۆگرامی هۆشیارانەی دژی رەگوڕیشەی ئەم دینە، دژی دینای سەرمایە بەهەموو شێوەکانییەوە.

ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کەکتێبی "سادەکاری" کەدژی دینە، زیانی هەیە یاخود بێکەڵکە؟ نەخێر، ئەو پوختەیەی کەخۆی ئەسەپێنێ بەتەواوی جیاوازە: کاتێ سۆسیال-دیموکراتی بانگەشەی بێ دینی ئەکات، ئەبێ بانگەشەکەی لەپێناوی ئەرکە سەرەتاییەکان دا بێ، ئەبێ گەشە بەخەباتی چینایەتی جەماوەری چەوساوە بدرێ دژی چەوسێنەرەکان.

ئەگەر کەسێك قوڵنەبێتەوە لەبناغەکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکدا، یان لەفەلسەفەی مارکسیو ئەنگڵس، لەم تێزە تێناگات یان "بەلایەنی کەمەوە لەساتەکانی یەکەمدا تێناگات". ئەمە چۆن ئەبێت؟ چۆن ئەتوانین بەو بانگەوازەی ئایدیۆلۆژیو ئەو خەباتەی دژی دوژمنی ڕۆشنبیریو پێشکەوتن کراوە کەهەزاران ساڵە بەردەوامە کە"ئەم دوژمنە دینە" چۆن ئەم هەوڵانە بخەینە خزمەتی خەباتە چینایەتییەکەوە، یان خەباتکردن لەپێناوی مەبەستە دیاریکراوەکان لەهەردوو مەیدانی ئابووریو سیاسیدا؟

ئەم ناڕەزاییە یەکێکە لەو کۆمەڵە ناڕەزاییانەی کەلەسەر مارکسیزم هەیە، کەبەڵگەی تێنەگەیشتنی تەواوە لەدیالێکتیکی مارکسیزم. ئەو ناکۆکیانەی کەبوونەتە هۆی سەرسام کردنی ئەو کەسانەی ئەم ناڕەزاییانە دەردەبڕن هیچ نییە جگە لەناکۆکییەکی زیندو لەواقیعێکی زیندودا، ئەمە نە قسەیەو نە دروستکراویشە، بەڵکو ناکۆکیەکی دیالێکتیکییە.



ئەگەر جیاکەرەوەیەکی ڕەها دانێین لەنێوانی بانگەوازی تیۆرییانەی بێ دینی، یاخود تێکشاندنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیروباوەڕە دینییەکان لەلای هەندێ توێژی پرۆلیتاری، لەنێوانی سەرکەوتن‌و مەرجەکانی خەباتی ئەم توێژە چینایەتییە، ئەمە بۆچوونێکی دیالەکتێکی نییەو دابڕانەکان لەجیاتی ئەوەی نسبی‌و گۆڕاو بن، ئەبنە دابڕانێکی ڕەهاو ناتوانین تێپەڕیان بکەین، ئەوەش دابڕانێکی توندوتیژەو بەشێوەیەك بەستراوەتەوە بەواقیعە زیندووەکەوەو لێشی جیا نابێتەوە، با نمونەیەك وەرگرین: وای دابنێین کەپرۆلیتاریانی یەکێك لەناوچەکان، یان یەکێك لەبەشە پیشەسازییەکان، پێکهاتوون لەتوێژێکی هۆشیاری سۆسیال-دیموکراتی، بێگومان کەسانی بێ دینن، کۆمەڵە کرێکارێکی تریش هەتا ئاستی پاشکەوتوو بەردەوام پەیوەستن بەچینی جوتیارەوەو باوەڕیان بەخوا هەیەو هاتوچۆی کەنیسە ئەکەن، لەژێر کاریگەری کاهنی ناوچەکەدا کۆمەڵەیەکی کرێکارانی مەسیحیان دروست کرد، واشی دابنێین کەخەباتی ئابووری لەناوچەکەدا پێویستی کرد کەمانبگرن. مارکسیستەکان ئەوانەن کەئەبێ لەپلەی یەکەمدا هەوڵی سەرکەوتنی مانگرتنەکە بدەن‌و بەهەموو توانایەکیشیانەوە تێکۆشن‌و بەتوندی بەرەنگاری هەر جۆرە جیاوازی‌و کەرت کەرت بوونێك بن کەبەناوی دیندارو بێ دینەوەو قەڵاچۆی ئەو دابەش بوون‌و جیاوازییە بگرێت. لەڕۆژگارێکی وادا، پێویستە ئەوە دەست نیشان بکرێت کەزیادەڕۆیی لەبانگەشەی بێ دینی دا زیان بەخش‌و بێکەڵکە، ئەویش نەك لەو بۆچوونە بێ مانایەوە کەئەترسن لەکێشەی هەندێك توێژی دواکەوتوو، یان لەدەست دانی کورسیەکی هەڵبژاردن.. بەڵکو لەتێڕوانینی پێشکەوتنی بەکردەوەی ئەو خەباتە چینایەتییەی کەلە سۆسیال-دیموکراتە بێ دینەکانەوە، ئەوە سەد جار باشترە لەوەی کەبانگەوازی پڕوپووچ بکەین بۆ بێ دینی.

لەبارودۆخێکی بەم جۆرەدا، ئەو کەسانەی بانگەوازی بێ دینی ئەکەن خزمەتی کاهینەکان ئەکەن، ئەو کاهینانەی کەلەهەر شتێك زیاتر حەزیان لەجیاکردنەوەی کرێکارانە، نەك بەناوی ئەوەی کێمان ئەگرێ‌و کێمان ناگرێ، بەڵکو بەناوی کێ بڕوادارەو کێ بێ بڕوایە. ئەو ئاژاوەچییانەی کەبەهەر نرخێك بێ بانگەوازی شەڕ ئەکەن دژی خوا، لەواقیع دا یارمەتی کاهینەکان‌و بۆرژوازی ئەدەن، (لەواقیعدا ئاژاوەچییەکان هەمیشە یارمەتیدەری بۆرژوازین).

مارکسیستەکان پێویستە کەسانی ماتریالیست بن، بەو مانایەی دژی دین بن، بەڵام ماتریالیزمی دیالەکتیك، واتە بەشێوەیەکی بەڵگەدار سەیری خەبات بکەن دژی دین، دەشبێ بەکردەوە لەئاستی ململانێ چینایەتیەکەدا بن، کەبەباشترین شێوە جەماوەری هۆشیار بکاتەوە، نەك وەك تیۆرییەکی ڕووت یان وەك بانگەشە بۆ کردن سەیری دین بکەن. مارکسیستەکان ئەبێ حساب بۆ هەموو بارودۆخەکان بکەن، بەشێوەیەکی باشیش خاڵی هاوسەنگی لەنێوان ئاژاوەگێڕو ئۆپۆرتۆنیستەکان دا دەست نیشان بکەن (ئەم خاڵی هاوسەنگییە ڕێژەیی‌و گۆڕاوە، بەڵام بوونی هەیە). هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوەش بن کەنەبکەونە ناو "شۆڕشگێڕێتی" ئاژاوەچییەکانەوە کەتەنها قسەی پڕوپوچ‌و بۆشە، نەبشکەونە ناو دواکەوتوویی‌و خۆپەرستی بۆرژوازی بچوك‌و ڕۆشنبیرە لیبراڵەکانەوە، کەلەخەبات کردن دژی دین ئەترسن‌و هەموو ئەرکەکانی سەرشانیان لەم بارەیەوە لەیاد ئەکەن‌و خۆیان لەگەڵ بڕوا بەخوابوون دا ئەگونجێنن‌و ئیلهام وەرئەگرن، نەك بۆ بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی، بەڵکو بەپێەوانەیەکی بچوکی چەپەڵی بێ هیوا: بێ بەیەکدادان، بێ مەترسی گرتن، بێ ترس‌و بەشێوەیەکی عاقڵانە: بژی‌و واز لەخەڵکی تریش بێهنە بژین..هتد.

بەدیاریکراوی لەم تێڕوانینەوە، پیویستە چارەسەری هەموو کێشە تایبەتییەکان بکەین کەپەیوەندی بەهەڵوێستی سۆسیال-دیموکراتەوە هەیە لەسەر مەسەلەی دین..

**٢٦ مارسی ١٩٠٩**

سەرنج/ئەم وتارەی لینین لەگۆڤار گاورباغی "دەنگی کۆمۆنیستە ئەنتەرناسیۆناڵەکان" بڵاوکراوەتەوە کەلەلایەن شیلان غەریب وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی "سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسیستی"

http:// www. Azadarma.com جارێکی تر بەگرنگی زانیووە دووبارە چاپی بکات‌و بڵاوی بکاتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئیسلام،
# دیموکراسیو
# خەبات لەدژی ئیمپریالیزم
# لە: وتویژدا لەگەل نوسەری خەباتگێڕی پاکستان (تاریق عەلی)

وەرگێڕانی: سمکۆ محەمەدی

**فاوروق سوعدیە:** ئایا ئێوە پێتان وایە کەئیسلامی سیاسی بونیادگەرا هەڕەشەیەکی جیهانییە کەبەدەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا خوڵقاوە، چونکە ئیمپریالیزمی ئامریکا دوای روخانی شورەوی پێویستی بەدوژمنێك بوو؟

**تاریق عەلی:** لەتەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا، جگە لەچەند وڵات، گەشەی بونیادگەرایی ئیسلامی، راستەوخۆ یا نا راستەوخۆ بەیارمەتی ئامریکا ئەنجامی گرتووە. بونیاد گەرایی ئیسلامی، بێ پاڵپشتی ئامریکا نەیدەتوانی کەهێزێکی ئاوا گەورەی لێدەربێت. ئەنوەر سادات لەوڵاتی میسر بونیادەگەرا ئیسلامییەکانی بۆ تیرۆری هێزە ڕادیکاڵو سیکولارەکان بەکار دەهێنا. لەوڵاتی پاکستانیش ژەنەڕال زیائەلهەق رێك ئەم کارەی دەکرد.

لەعەرەبستان پادشایەکی وەهابی هەیە کەئامریکا پشیتوانی لێدەکات. ئامریکا لەئەفغانستان پشتیوانی لەجیهاد دەکرد. ئیسرائیلیس هەر بۆ خۆی حەماسی بەهێز کرد هەتا رێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین لاواز بکات، تا لەم رێگەیەوە بتوانێ کەسانێکی وەك عەرەفاتو جورج حەبەش لەسەحنەی سیاسی دوور بخاتەوە وە تەواوی رێبەرانی عەزیزی مەزهەبی فەلەستین لەسەحنەی سیاسی لا بەرێت. ئەوە گرفتی ئێمە نییە، ئەم کارانە لەلایەن ئەمریکاوە بەئەنجام گەیشتونو ئێمەش شوڵی تاوانەکانی ئەوان دەخۆین.

**فاروق سوعدیە:** ئایا ئێوە لەسەر ئەو باوەڕە هەن کەتۆوی خەبات لەدژی ئیمپریالیزم لەریزەکانی ئیسلامییە بونیادگەراکاندا بەر لەشەڕی سارد وجودی هەبوو؟ بۆ وێنە دەتوانم باس لەهێرش کردن بەسەر پایگاکانی ئەمریکا لەلوبنان بکەم.

**تاریق عەلی:** ئەزمونی لوبنان زۆر جیاوازە، تەشکیلاتی حیزبوڵا لەدڵی حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتبوو وە هەمیشەش بەشێوەی گشتی رایگەیاندبوو کەئامانجی دەرکردنی ئیسرائیلە لەخاکی لوبنان، ئەوەش شیعرێکی جەماوەری بوو، بەڵام بەم حاڵەوە تەنانەت هەڵەکانی ئێرانیش داگیرکردنی عێراقیان سەلماند. هەر بەم هۆیەشەوە ئیسلامییەکانی پاکستان لەدەیەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ و ١٩٨٠ پشتیوانیان لەئەمریکا کرد.

من لەسەر ئەو باوەڕە نیم کەهێزە ئیسلامیەکان دژ بەئمپیریالیزم بن، شەڕی راستەقینەی لەگەڵ ئیمپریالیزم تەنیا دەتوانی لەشێوەی شەڕ بۆ بەرنامە رەهایی بەخشەکاندا ئەنجام بگرێ. ئەوەی کەبونیادگەراکان دەیانەوێ ئەوەیە کەبگەڕێنەوە ئیسلامی سەدەی ٩ تەنانەت تێگەیشتنیان لەئیسلامی ئەو سەردەمەش هەڵەیە.

دوای روخانی بلوکی رۆژهەڵات هێزە کۆمۆنیستەکان بوو کەگروپە مەزهەبیەکان وەك هێز مانەوە کەدژ بەئیمپریالیزم بن.

**فاروق سوعدیە:** پێتان وایە کەئەمە ئەم سیناریۆیە کە"ساموئل هانتینکتون"ی نوسەر وەك"شەڕی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەمەدوونەکان" ناوی لێ دەبا، وە بەلەبار چاوگرتنی ئەو مەسەلەیەش کەدنیای ئیسلام لەچیچین‌و بوسنیەوە بگرە هەتا عێراق‌و ئەفغانستان هەمیشە بەر پەلامار دراون.

**تاریق عەلی:** لەراستیدا ئێمە هەمیشە شەڕێکمان بووە لەباکورو باشوردا لەدژی بەرنامەی تازەی نیئولیبرالی ئیمپریالیزم. لەئامریکای لاتین ١١ی سێپتامبەر، جەژن گێڕا. شەڕی تەمەددونەکان شتێکی بێ مانایە. سەیر لەوەدایە کەئەم تیۆرییە خزمەتێکی زۆر بەئیسلامیە بونیادگەراکان دەکات.

**فاروق سوعدیە:** بۆچی لەدونیای ئیسلامدا بەجێگەی ئەوەی کەوەك وڵاتانی ئامریکای لاتین شەڕەکە بکێشرێتە بواری چینایەتیەوە، ئیسلامی بونیادگەرا سەریهەڵدا؟

**تاریق عەلی:** من پێموایە کەخەباتی چینایەتی سەرهەڵدەداتەوە. بەڵام رەنگە ١٠ تا ٢٠ ساڵیتر بخایەنێ. ئەم خەباتە لەپاکستان‌و ئەندونزی‌و وڵاتانی تر بەردەوام هەیە. کاتێك کەئێوە سۆسیالیستەکان لەشوێنەکانی تری جیهان پەرسەندی جەماوەری بوون، لەوڵاتە ئیسلامییەکانیش ئێوە سۆسیالیستەکان هەبوون‌و لایەنگرانی خۆشیان هەبوو. بەڵام ئەم خەباتانە زۆر وەحشیانە سەرکوت کران. گەورەترین حیزبی کۆمۆنیستی جیهان لەوڵاتی ئەندونیزی بەدەستی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە، سوهارتو و بەیارمەتی ئیمپریالیستەکان سەرکوت کرا. لەپاکستان خەباتی جوتیاران‌و زەحمەتکێشان سەرکوتکراو سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتیش ئیعدام کرا. سەدام حسێن ژمارەیەکی زۆر لەکۆمۆنیستەکانی کوشت‌و ساداتی میسریش وەها جنایەتێکی بەرێوە برد. هەلومەرجی ئێستا، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەنەمانی ئەم هێزانەوە هەیە.

**فاروق سوعدیە:** بەبەڕوای ئێوە ئەگەر شەپۆلێك لەئالۆگۆڕە دیموکراتیکەکان بێتە پێشێ، دنیای ئیسلام بەرەو پیری دەچێت؟

**تاریق عەلی:** بەڵێ.

**فاروق سوعدیە:** ئەگەر کەسانێکی وەك (بن لادن) لەعەرەبستان‌و "ئەخوان‌و لمسملین" لەمیسر، لەئاکامی ئالۆگۆڕە دیموکراتیکەکان بێنە سەرکار، ئەو کاتە چی؟

**تاریق عەلی:** ئەوە شتێکە کەسیاسەتمەدارانی غەربی دەیانەوێ ئەو بەپارادوکسی دیموکراسی لەقەڵەم بدەن. ئەگەر ئێوە دەوڵەتێك هەڵبژێرن کەخۆشتان نەوێ، ئەوە مەسەلەیە. بەڵام ئەوە بۆ ئیمپریالیزمی غەرب کەحیزبە چەپ‌و میانڕەو راستەکان هەر هەموو پەیرەوی لەبەرنامەی نئیولیبرالیزم دەکەن‌و هەموشیان بەگشتی پشتیوانی لەئیمپریالیست بوونی ئامریکا دەکەن، مەسەلە نیە ئەوان هەموو یەك بەیانییەیان هەیەو ئەویش پاراستنی نیزانمی سەرمایەداری. بەڵام هەموو شوێنەکانی دنیا بەم شێوەیە نین. بۆ وێنە ئەگەر لەعێراق دا ئینتخابات بکرێت بێ شك شیعەکان براوەن. چونکە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا پۆل‌و چەك‌و چۆڵێکی زۆریان پێدراوە، هەتا وەك هێزێکی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکان دا سەرکەون، لێیان گەڕێن با دەسەلات بەدەستەوە بگرن، لێگەڕێن تا خەڵکی چارەنوسی خۆی دیاری بکات. لەئێران دوای ٣٠ ساڵ لەئالۆگۆڕی ئیسلامی، تەواوی لاوەکان لەمەلاکان بێزارن. تەنانەت ئەوان هەوڵ دەدەن کەرژێمێکی وەك ئەو کاتەی کەهێشتا حکومەتی ئیسلامی دانەمەزرابوو بهێننەوە سەرکار. نە لەو ڕووەوە کەکتێبەکانی منیان خوێندبێتەوە بەڵکو لەم ڕووەوە کەشتەکانیان بەتەجرەبە بۆ دەرکەوتووە. ئەگەر سعودییەکان دەیانەوێ وەهابیەکان هەڵبژێرن، لێیان گەڕێن با ئەو کارە بکەن. ئەگەر ئیخوان‌و لموسلمین توانی کەلەرێگەی هەڵبژاردنەوە حکومەت بەدەستەوە بگرێ، لێبگەڕێن با ئەو کارە بکات. خەڵك خۆیان فێر دەبن.



**فاروق سوعدیە:** واتا ئێوە پێتان وایە کەئەگەر فاشیزم لەئینگلستان لەرێگەی ئینتخاباتەوە سەرکەوت، دەبێ لێی گەڕێین حکومەت بکات؟

**تاریق عەلی:** ئێمە لێرەدا سەبارەت بەفاشیزم قسە ناکەین. ئێوەش ئەم هەڵەیەی کەزۆر کەس لەدوای ١١ی سێپتەمبەر تووشی هاتن، دوویات مەکەنەوەو ئەمە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەفاشیزمی ئیسلامی لەقەڵەم مەدەن. ئەوان فاشیست نین، وە ئەمە هەڵسەنگاندنێکی دروست نییە. ئەم حیزبانە بۆیە هەن چونکە باڵی چەپو رادیکاڵ وجودی نییە. کاتێك کەخەڵك دەیانەوێ لەدژی نیئولیبرالیزم بەشەڕ بێنو هیچ رەوتێکی تر جیا لەبونیادگەرایی نابینن ڕوو لەکوێ کەن. دامەزراوە غەیرە دەوڵەتیەکان پڕن لەروناکبیرانێکی چەپ، کەهەرکامەیان حەقدەستێکی زۆر وەر دەگرن. چەپەکانی دونیای ئیسلام بەگشتی لەNGOکان نووقم بوونو لەدنیای واقیع بەتەواوی دورکەوتوونەتەوە. پرسیاری ئێستا ئەوەیە کەچ ئەلتەرناتیڤێك هەیە. من پێموایە کەدەبێ هەڵبژاردن بەرێوەچێتو گرنگیش نییە کێ تێیدا سەر دەکەوێ. کاتێك کەخەڵك توانیان کەحکومەتێ هەڵبژێرن ئەو کاتە ئەزمونەکان ئەوەیان فێر دەکەن کەکام حیزبو کام شێوەی حکومەت بەقازانجە. دوو رێگای هەیە کەتێیدا دەکری دەوڵەت بگۆڕدرێ" ئینقلابو ئینتخابات. ئەگەر جەماوەر مەجالی ئەوەیان هەبێ کەبۆخۆیان دەوڵەتەکانی خۆیان لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە بهێنینە سەر کار، ئەو کاتە لەهەڵەکانیان دەرس وەردەگرن.

**فاروق سوعدیە:** سەرەڕای ئەم گشت خاڵە هاوبەشەی نێوان بونیادگەرایی‌و فاشیزم، ئێوە لەنێوانیان دا جیاوازی قاییل دەبن؟

**تاریق عەلی:** ئیسلامیەکان لەوڵاتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن. وەهابیەکان لەگەڵ شیعەکانی عێراق فەرق دەکەن. تاڵیبان لەگەڵ مەلاکانی ئێران جیاوازی هەیە. شتێك کەئەوان یەکگرتوو ئەکات ئەوەیە کەلەقورئاندا تۆوی رێگای رزگاری کۆمەڵگا وجودی هەیە. ئەمە هەڵەیە. چاو لەئێران بکەن، ئایا ئەمە رێگای داهاتویە؟ سەبارەت بەو مەسەلەیەش کەخاڵی هاوبەش لەنێوان فاشیزمو بونیادگەرایی دا هەیە، دەبێ بڵێم کەئێستا لینینیزمیش خاڵی هاوبەشی لەگەڵ فاشیزم هەیە. بەڵام کەسیش بەحیزبێکی ئیستالینیستی ناڵێ فاشیستی.

**فاروق سوعدیە:** بوچی غەرب ئەوەندە بەبونیادگەرایی ئیسلامی حەساسە بەڵام بۆ بونیادگەرایی هیندوئیزم یان مەسیحی وا نییە؟

**تاریق عەلی:** بونیادگەرایی هیندو ئیزم کەشتێکی جیهانی نییەو بونیادگەرایی مەسیحیش شتێکە کەخەڵکانی دەسەڵاتداری غەرب خۆشیان دەوێ.






PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئایین لەڕوانگەی "رۆزا لۆكزامبۆرگ"وە

## پێشەنگ

كەنیسە، بۆ خەبات لەدژی سۆسیال دیمۆكراسی، دوو ئامرازی بەدەستەوەیە. لەو شوینانەی كەوەك ولاّتی ئێمەی (لێهێستان) بزوتنەوەی كرێكاری سەریهەڵداوەو خەریكە خۆی دەناسێنێ‌و چینە سامان دارەكان هێشتا هیوادارن كەلەناوی بەرن، رووحاینیەت بەمەوعیزە هەڕەشە ئامێزەكان، بوختان هەڵبستن بۆ كرێكاران‌و مەحكوم كردنی خۆزەلۆكی ئەوانن لەدژی سۆسیالیستەكان خەبات دەكەن. بەلاّم لەو ولاّتانەی كەئازادی سیاسی مسۆگەر بووە، پارتی كرێكاران بەهێزە، وەك: ئالْمان، فەرانسەو هۆڵەند، روحیانەت بەشوێن ئامرازی ترەوەن. لەو ولاّتانە، كەنیسە ئامانجی سەرەكی‌و راستەقینەی خۆی دەشارێتەوەو ئەوجار نەك وەك دوژمنێكی ئاشكرا، بەڵكو هەروەك دۆستێكی درۆیینە، لەگەڵ كرێكاران دەجولێتەوە.

بەمجۆرە ئەو قەشانە دەبینین كەكرێكاران رێك دەخەن‌و رێكخراوی كرێكاری "مەسیحی" پێكدێنن. ئەوان لەو رێگایەوە هەوڵ دەدەن، ماسی بەتۆڕی خۆیان بگرن. كرێكاران دەخەنە دوای ئەم رێكخراوە دەستكردانەی خۆیان، شوێنێك كەئەوان فێری سوكایەتی دەبن، بەپێچەوانەی رێكخراوی سۆسیال دیمۆكراسی كەخەبات‌و خۆ ڕاگری لەئاست هەڵسوكەوتی خراپ دەداتە بەر سەرنج. لەئاكامدا كاتێك كەدەوڵەتی تزاری لەژێر زەخت‌و گوشارەكانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی لێهینستان‌و روسیەدا بروخێ‌و كاتێك كەئازادی سیاسی لەولاّتی ئێمەدا بێتە ئاراوە، وەك كارگ هەڵدەتۆقن لەناكاو رێكخستنی كرێكاران لەشێوازی رێكخراوەكانی مەسیحی‌و "نەتەوەییگ دەست پێدەكەن، تا ئەوان لەرەوتی خۆیان بەلاڕێدا بەرن. ئێستا سەرەتای هەم هەڵسوڕانە شاراوانە لەژێر ناوی دیمۆكراسی نەتەوەیین كەهاوكاری لەگەڵ قەشەكان لەداهاتوودا زەمانەت دەكات‌و ئەمڕۆكە یارمەتی ئەوان دەكات تاكو بوختان بەسۆسیال دیموكراتەكان بكەن.

جا بۆیە كرێكاران دەبێ ئاگایان لەو مەترسییە بێ تاكو ئەوان نەتوانن لەسبەینێی شۆڕش دا هۆگری وشەو گفتولفتی شیرینی ئەو كەسانە بن كەئەمڕۆ لەسەر مینبەرەوە، دەوێرن لەو دەوڵەتەی كەكرێكاران دەكوژێ، لەدەزگای سەركوتگەری سەرمایە، كەهۆكاری سەرەكی رۆژ رەشی‌و هەژاری پرۆلیتاریایە، بەرگری بكەن. بۆ كرێكاران پێویستە كەمەبەستی بەرگری لەخۆیان لەئاست نەیاران‌و روحاینەت لەسەردەمی ئێستاداو لەكاتی شۆڕش‌و لەئاست دۆستی درۆینەی سبەینێ‌و ئەوان‌و دوای شۆڕش خۆیان لەحیزبی سۆسیال دیموكراتدا رێكبخەن. ئەمە وەلاّمێكە بەسەرجەم هێرشەكانی رۆحیانەت: سۆسیال دیموكراسی بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بیروبۆچونی ئاییینی خەبات ناكات. بەلاّم لەو ساتەوە كەقەشەكان مینبەریان وەك ئامرازێك بۆ خەباتی سیاسی لەدژی چینی زەحمەتكیش وەگەڕ خستووە، كرێكاران دەبێ لەبەرامبەر دوژمنانی حقوقی‌و ئازادییان بخرۆشێن، چونكە پارێزەرانی چەوسێنەران‌و كەسێك یارمەتی بەتەمەن درێژی رژیمی سەرچاوەی فەلاكەت‌و رۆژ ڕەشی دەكات، دوژنمی بابەكوشتەی پرۆلیتاریایە، چ لەژێر عەبای قەشەو چ لەجلوبەرگی پۆلیسدا.

تەنیا رێگای راستەقینە، دۆزینەوەی هەڵسوڕانی ئاگاهانەو رێكوپێكی كۆمەلاّیەتی‌و ئابوری جەماوەرە كەدەبێتە هۆی لەناوچونی گشتی دەمار گرژی ئاینی. ئامانجی بیر جیاوازان‌و روناكبیران دەبێ تا ئەو جێگایەی كەدەكرێ پەیوەندییەكانی نێوان چینە چەوسێنەرو رێكخراوو دەزگای راگەیاندنی ئاینی لەناوبەرن‌و لەهەمان حاڵدا، بەرێكخستنی بەربلاّوی پروپاگەندەی زانستی-فێركاری‌و دژی ئاینی یارمەتی جەماوەری زەحمەتكێش بكەن تاكو بیرو زەینی خۆیان بەتەواوی لەكۆت‌و بەندی دەمارگرژی ئاینی رزگار بكەن. سەرەڕای ئەمانە، زۆر پێویستە كەلەبێ حورمەتی كردن بەهۆگری ئاییینی كەسەكان، كەتەنیا دەبێتە هۆی توندبونی دەمارگرژی ئاییینی، خۆبپاریسترێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئەندێشە و مەزهەب

بابەتی سایتی گوڵشەن
وەرگێڕان: عوسمان-م

ئەوەیکە ئینسان زیندوبوونی خۆی پیّ دەرك ئەكاو لەرێگای ئەندێشەوە پێوەندی لەنێوان بوونی شەخسیی ئینسانەکان لەگەڵ مەوجوودیەت‌و هەبوون دا پێك دێنێ هەست‌و فکرو مێشکی ئینسانە. ئینسان ئەگەر بتوانێ بەهەست‌و بیری خۆی دیاردەکانی دەوروبەری خۆی دەرك‌و ووردو شیبکاتەوە، بوونی خۆی ئەناسێ‌و لەگەڵێ لەپێوەندی دایە، یانی لەباری شعووریەوە زیندووە. ئاوا ئینسانێك چونکە لەئەندێشەی خۆی بەهرە وەر ئەگرێت‌و توانای گومان‌و تاقیکردنەوەو نەتیجە گرتن‌و بڕیاردانی هەیە، بەئاکامێکی مەنتقی کەبەعقڵی گەیشتووە، رەوشتێکی سازگار لەگەڵ ئەوەیکە بەناوی سروشت گەمارۆی داوە پێك دێنێ. هەر بەپێی ئەم مەنتقە تەنانەت بیروڕای زانایانی لایەنگری دین متمانەی زانستێکی بێ لایانەی تاقیکراوو لێکدراوەیان نییە، چونکە بۆ لەقاڵبی دین گونجاندنی ئەو راستیانەی کەلەلەقاڵب هەڵناگرن سەرو گوێی لێکدانەوەکانیان بڕیووەو بەتێبینی دین‌و موقدەساتەکانی لەلێکدانەوەی تەواوی ئەوەشتانەی کەلەگەڵ دین ناتەبایە چاوپۆشیان کردووە. دینەکان، بەتایبەتی دینی شیعە کەبابەتی لێکدانەوەمانە، تەواوی لەحزەکانی ئەندێشەی ئینسانێکی باور دار بەم دینەی لەقاڵبی قازانج‌و خواستەکانی خۆیدا بەکارهێناوە، یانی ژیانی لەدەسەڵاتی ئەو دەرهێناوەو لێی وەرگرتووە.

دین جەوهەری حەیاتی ئینسان کەفکری بەشەرە بەقازانجی دەسەڵات بەخشین بەدین لەئینسانی وەر دەگرێتەوە. بۆ نمونە یاسا شەرعیەکانی قورئان وەك پەیڕەوی ئیسلامی‌و تەفسیری مەلاکان‌و ئایەتوڵڵا جۆراوجۆرەکان لەرەسالەکانیان دا، بۆ تەواوی لەحزەکانی ژیانی بەشەر تەکلیفیان دیاری کردووە. تەنیا یەك دەقیقە لەفکری ئینسانی موتەعەسیب‌و ژێر فەرمانی دین لەدەسەڵاتی خۆی‌و سەر بەئەندێشەی داهێنان‌و خوڵقێنەری فکری سەربەخۆی خۆی نییە. ئیسلام لەوانە بەهاتنە دنیای منداڵێك بەسەر چۆنیەتی ئیزدواجی دایك‌و باوکی‌دا چاوەدێری‌و دەخالەت دەکا کەئەبێ بەتەئیدی مەلاو فەقێ‌و بەوشەی تەلقینی دین ئیزدواج بکەن. چونکە ئیسلام ئەیەوێ خەڵك ژیان‌و کاتە هەستیاریەکانی خۆی هەر وەك هەموو کردەوەکانی تری ماوەی ژیانی تێکەڵاو جیایی هەڵنەگر لەدین بکا. دین بەم شێوەیە رێگا لەئازادی خەڵك ئەگرێ‌و تەنیا لەژێر چاوەدێری‌و ئیختیاری دین دا بۆ بەرێوەبردنی رێوڕەسمی ئیزدواج، منداڵەکەی ئەو ژن‌و پیاوە بەحەڵالزادە دادەنێ. بەم شێوەیە ئەم لەعنەتەی حەڵاڵ‌و حەرام جۆرێك بەزەبری قەمچی‌و هەڕەشە کانی تر بەسەر ژیانی خەڵکدا ئەسەپێنن کەوشەی حەرامزادە یان هەمان زۆڵ لەنەریت‌و عادەت‌و سوننەت دا جنێوێکی ناڕەوایە کەهەر کەسێکی نا موسوڵمان‌و هەر منداڵێك کەبەدوور لەچاودێری دین لەدایك بووبێت لەهەموو مافی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئینسانی خۆی بێبەش ئەکا، تا ئەو جێگایەی کەبەخۆی ماف ئەداتو دایكو منداڵەکە لەژێر ناوی حەرامو زۆڵدا بەردە باران بکا.

ئەوانەی کەبەتەئیدی دین لەدایك ئەبنو هەموو کارەکانیان بەیاسای شەرع ئەنجام ئەدەن بۆ زیندوو بوونو ژیان کردن بەرەسمیەت ئەناسرێن. بەڵام مافی ئینسانی تەواوی ئەوانەی کەهەموو ئەندێشەو وجوودی خۆیان دەربەست ناسپێرن بەدین لێیان وەرئەگیرێتەوە. بەم شێوەیە چونکە ئەم مەسەلەیە لەژیانی هەمووان دا دەستی هەیە، یان هەمووان ئەبێ تەسلیمی دین بنو یان ناچار ئەبێ بەڕواڵەت خۆیان بەبەندەو تەسلیمی دین نیشان بدەن. ئەوانەی کەتەسلیم نابنو عەقڵو ئەندێشەی خۆیان لەبابەت ژیانەوە ئەپارێزنو مل نادەن لەهەموو ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی بێبەش ئەبن.

ڕوونە ئەوانەی کەئیمکاناتی کۆمەڵ لەقاڵبی نەریتەکانی سەرچاوە گرتوو لەدین وەك گوناە و خێر، تەنیا بەدیندارەکان ڕەوای دەبینن. بەپاڵپشتی ئەو جنێوانەی کەبۆ وەدی نەهاتنی خواستەکانی دین دروست کراون وەك لامەزهەب، زۆڵ، زناکار، کافرو بێدینو خوانەناس، دژ بەخواو موفسدفی الارض، نەجس، و زۆر ئیهانەی تر کەلەروانگەی هەر ئینسانێکی عاقڵو بێ تەعەسوبەوە نە تاوانەو نە دەبێ وەك ئیهانە لەفکرو زەیندا تەسەور بکرێ، ئازاد ئەندێشان لەمافی کۆمەڵایەتی بێبەش ئەکەن. بۆ ریاکارانو دیندارە تەعەسوبیەکان لەکۆمەڵگادا پایەی باڵادەستی بەسەر ئازاد ئەندێشان دا پێك دێنن. بەم شێوەیە لەکۆمەڵگادا ژمارەیەك ئەبنە نووری چاوو باڵا دەستو لەمافی زیاتریش بەهرەمەند ئەبن. لەکۆمەڵگایەك دا کەژومارەیەك بەسەر خەڵك دا ئەمر ئەکەنو ئەبنە باڵا دەست، ئەوانەی کەژێر دەستن مافیان بەدەست باڵا دەستان کەلەهیچ بارێکەوە ڕێگرێك نییە بۆ گەیشتن بەخواستەکانیان پێشێل ئەکرێت. یانی ئەوانەی کەلەدارودەستەی باندی ئیسلامییەکانو باڵا دەستان نین ئەمنیەتیان نییەو لەدەستدرێژیو زۆر بێژیو سەرکوتی باڵادەستان پارێزراو نین.

مافو ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی لەوانە، کار لەپیشەی دەوڵەتی، یان ئاسان وەدەستهێنانی ئیجازە بۆ تیجارەتو هەر ئیشێکی ئازاد، وەرگرتنی قەرز یان متمانە، وەرگرتنی هەر جۆرە ئیجازەیەك بۆ دروستکردنی کارخانە یان خانوو و..هتد بۆ گرووپی باڵادەستی سەر بەدین ئاسانەو بۆ باقی خەڵك تەنیا بەرشووەو بەرتیل دان بەکار بەدەستان کەلەدارودەستەی پاوانخوازی دینو یان واستەکانیتر کەوابەستە بەدینن ئەگەری هەیە. بەمجۆرە هەمیشە ئابووری بەستراوە بەدین، ئابووری دەڵاڵیو واستەگەریو بەرتیلە.



گرووپی حاکمی دینی کەبەپاڵپشتی دین بەئاسانیو بەهۆی پلەوپایەوە دەستیان بەسەر مافی خەڵکدا گرتووە بەسەرنجدان بەوەیکە هیچکاتێك ناتوانن کارو بەرهەمهێنان بەباشتر لەمشەخۆری مەلاکانو فەقیەکانو ئیمامزادە سازان نیشان بدەن، قەت ناتوانن ئابووری لەسەر بنەمای زانستیو یان بەرهەمهێنان قەبووڵ بکەن. چونکە لەگەڵ ئەساسی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی یانی گرنگی دان بەو دنیاو بێ بایەخ نیشانی دانی کارو کرێکارو زانستو تێکۆشەران بۆ ژیان لەم دنیایە ناتەبایە.

هەرچەندە کەئیسلام بەکردەوە بەهێنانە ژێر فەرمانی شعووری خەڵك یەکەمین شتێك کەبەشێوەی داییمو لەژێر ناوەکانی خومس، زەکات، حەقی ئیمامان، نەزرو واجباتیتر وەری دەگرێتەوە. دارایيو سامانی خەڵکە بۆ خستنە خزمەتی باندی دینو بەرهەمهێنانەوەی مەلا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەفەیزیەو مزگەوتو مەکتەبی فەقیەتیو حوجرەکان، و پاشان بڵاوکردنەوەی ئەم مەلایانە لەهەموو جێگایەك بۆ کۆکردنەوەو وەدەستهێنانی ماڵو سامانی زیاترو بەرین کردنەوەی بەرهەمهێنانی مەلاو خورافات بەقازانجی دین. بەڵام لەم پێوەندیەدا درۆیەکی گەورەو دایمی کەهەمیشە تەزاهوری پێ ئەکەن بایەخ نەدان بەمادیاتە. ئەبێ بپرسین کەچلۆنە کەمەلاکانو خەتیبەکانو رەوزە خوێنەکان کەئیدیعای بێ بایەخبوونی مادیات ئەکەن، پارەو مادیات لەخەڵك وەردەگرن؟ لەبەرانبەردا خوتبەو خەتمو رەوزەو ئیمامو تەکلیف کەبەپێی ئیدیعای ئاخوندەکان مەعنەویاتە لەبری پارە ئەیدەن بەخەڵك. کەوایە ئایای مەلایەتی شتێکی غەیری مادیە؟ یان ئایا ئەمانە شتێك بەخەڵك ئەفرۆشن کەبێکارو ئیش مادیاتێکی فراوانیان لەبەر دەستدایەو تێرو تەسەلنو ژیانێکی ئاسودەیان هەیە؟

ئیسلام بۆ دەست پێراگەیشتن بەدەسەڵاتو هێز بۆ بەئاسان تاڵانکردنی بەرهەمی کارو تەلاشی خەڵك پێویستیان بەتەواوی ئەندێشەکانی هەر ئینسانێك لەماوەی ژیانی دا هەیە تا لەلایەك بەکەڵك وەرگرتن لەهێزو توانای کاری کەسانیتر هێزی ماڵی تەواوی ئینسانەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیان. لەلایەکیترەوە ئێختیارو گیانو ماڵو داهاتی خەڵك زۆر ستەمگەرانەو بەناوی خواو بۆ خوا لەدەستیان دەربێنن.

لەراستیدا ئیسلام ئایدیۆلۆژیەکی کۆیلەدارییە بۆ خەرەفاندنو تاڵان کردنی دنیا بەقازانجی گروپو تاقمێك کەلەباتی خوا بەسەر پارەو گیانو داهاتو سامانو ئەندێشەی خەڵکەوە ئاسودە ئەژینو ئەوانەی کەتەسلیمیان نابنو کۆیلەیەتی قەبوڵ ناکەن بەقازانجی باندو مافیای دین ئەیانکوژن.

بەم لێکدانەوەیە بەم دەركو ئاکامە ئەگەین کەبۆچی ئیسلام گوناهو خێرو حەڵاڵو حەرام بەتەواوەتی لەخزمەت قازانجی دینو گەمارۆ دانی داییمی مێشکی ئینسانەکان بۆ زەمانەتی بەرێوەچوونی ئەمری قازانج پەرەستانەی تاقمو گروپێکی مافیاییو پشت ئەستوور بەسەر برینو شمشێر، لەهەموو شێوونو لایەنەکانی ژیانی خەڵکدا برەوی پێداوەو ئەیدا؟ ئیسلام هەموو شێوازە وەرگیراوەکان لەیاسا خێڵەکیو عەشایەریەکانی سەردەمی جاهیلییەتی بەناوی یاساکانی خوایی، و بەزەبری کوشتارو هێرش بۆ سەر وڵاتی دەوڵەمەندترو ئینسانیتر بەکارهێنا، بۆ سەپاندنی کۆمەڵێك خوراقاتو داستانی دواکەتووانەی دووپاتکراوەی سەردەمی سۆمەریەکان تا ریوایاتو داستانەکان لەهەموو دینەکانی سامیو دواتر لەکتێبی قورئاندا برێك یاسای نا ئینسانی سەپاند کەئەگەریش لەسەردەمی جاهیلیەتی عەرەبەکان دا بۆ خێڵەکانیان سودبەخش بوو، ئەمڕۆ ئیتر ئەو سەردەمە نییەو خەڵکی ئێمەش خێڵە عەرەبەکان نییەو بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت.

دین رێگا چارە لەتەبلیغی هەڕەشە، کوشتار، تەعزیر، شکەنجە، ترورو سەپاندنی یاساکانی دین لەتەواوی لەحزەکانی ژیانی خەڵك دا ئەبینێ تاکوو بەرۆکی خەڵك یەك چرکەش چییە لەستەمی دین رزگار نەبێ. ئەو رەوشتانەی کەخەڵك هەوڵ ئەدەن لێی هەڵبێن لەوانە خوتبەی مارە کردن کەدین وەك بەڵگەی حاکمیەتی مەزهەب بەسەر پێوەندیو هەستی خەڵك دا بەدەستیەوە گرتووەو بۆ ئەوەیکە خەڵکە سەنگەر بەسەنگەر لەژێر کۆنترۆڵی دین دا پشت راست نەکەنەوە بەفەرزو واجبی نیشان ئەدا. ئەم رەوشتانەی بۆ ئەوەیە کەهەمووان لەم کاتەدا ژیانیان موحتاجی مەلا بێتو وابزانن کەدینو مەلا پێویستییەکی بێ ئەملاو ئەولاو حاشا هەڵنەگرن. ئەگەر خەڵك رەوشتی دڵخوازی خۆیان لەجێی نەریتو یاسای سەپێندراوی دین دابنێن، کارەکەیان حەرامو گوناهەو منداڵەکانیان زۆڵن کەوشەیەکی شەرمەزاریو پەستەو لەمەزهەب کەوتووەتەوە. ئیسلام لەبانگدان بەگوێی منداڵ دا لەیەکەم رۆژی لەدایك بوونیەوە بگرە تا رێورەسمی مەرگو لەنوێژو دوعای هەر رۆژەو چۆنیەتی خواردنو تەنانەت چوون بۆ ئاودەست بەووتنی ئەوراد تا دوعا تایبەتیەکان بەخۆی رێورەوشتی هەیە تا کەسێك بۆ یەك چرکەش بەمەیلی خۆیو ئازادانە بیر نەکاتەوە. ئیسلام لەیەکەم رۆژەوە تا مەرگ بۆ ئینسانەکان دیاری دەکا کەچی بخۆن، چۆن بخۆن، چی بپۆشنو چلۆن یەکتر بۆ ئەنجامدانی ئەمری دینو چلۆن رێ لەکردنەوەی چاوو ئەندێشەی غەیری دینی بگرن. بەڵام ئەمڕۆ ئەبینین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەخەڵك قوڵی رووخاندنی تەواوی دیوارە رەخنە هەڵنەگرەکانی دین سازانیان لێ هەڵماڵیووە.

خومەینی لەکتێبی (ولایت فقیه) لاپەڕەی ١٠ ئەڵێ: "خوای تەبارەك‌و تەعالا لەرێگای رەسووڵی ئەکرەمەوە کۆمەڵێك یاسای ناردووە کەئینسان لەعەزەمەتی ئەو سەرسام ئەمێنێ. بۆ هەموو کاروبارێك یاساو نەریتی هێناوە، بۆ ئینسان بەر لەوەیکە لەدایك بێ تا ئەو کاتەی ئەمرێ یاسای داناوە". بەخوێندنەوەی رەسالەکانی خومەینی‌و ئایەتوڵلاکانیتر کەخاوەنی رەسالەن ئەبینین کەچیها یاسای داییمی بەڵام بەدبەختی خوڵقێن بۆ خەڵك‌و بەقازانجی بەهێزبوون‌و سوڵتەی دین بەسەر خەڵك دا دارێژراوە. لەچۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەوە تا لەگۆڕنانی‌و برێك کفن تێوە پێچان لەلاشەی مردووەکان تا



ئەو یاسایانەیە کەبوونی ئیسلام لەتەواوی شئوون‌و لایەنەکانی ژیان دا جیایی هەڵنەگر بکا، هەرچەندە ئەم تەعلیم‌و تەربیەتانە بێ مەنتق‌و بێ هۆ بن، بەڵام بەقازانجی دین لەئیسلام‌و هەر ئەوەیکە نیشانی بوونی دین لەم یاسایانەدا بسەلمێنێ‌و هەر ئەوەندە بەسە کەئەو رەوشتانە بەزۆر دەرخواردی خەڵك بدا تا تەواوی کاروبارەکان لەژێر سوڵتەو چاوەدێریی دین سازان دا بێ.

هەرچەندە کەهۆی بوونی زیاتری یاساکانی دین، بوونی ئەو نەزمانە لەنەریتەکانی خەڵکانی عەرەبی بەر لەئیسلام بووە کەموحەمەد رێبەری ئیسلام، نەیتوانییوە بیانگۆڕێ‌و بەهەمان شێوە کەبوون یان بەبڕێك گۆڕانکاری کەم کەپێی کرابێ وەك رێڕەوی ئیسلام تەئیدی کردووە. بەڵام یاساکانی سەردەمی جاهیلیەتی عەرەب وەك بێ مافی ژن‌و زاڵکردنی پیاو بەسەر ژنان دا بێجگە لەکۆنەپەرستانە بوونیان‌و گۆڕینی ناویان بەئیسلامی، هۆیەکی سەرەکی دیکەی دانی دەسەڵات بەپیاو لەماڵەوەو زاڵکردنی بەسەر ژن دا لەرێگای ئەم دینەوەو راکێشانی پیاوان بۆ ئەم دینە بووە. ئیسلام باڵا دەستی پیاوی پاساو کردووەو بەیاسای خودایی دەزانێ‌و ژن مافی خواست‌و نارەزایەتی‌و دادخوازی لەم مەزهەبەدا نییە. بەڵام پیاوان بەئیمان هێنان بەم دینە بەبێ هیچ کۆسپێك ئەتوانن بێجگە لەئەمر کردن‌و حکومەت بەسەر ژنەکانی خۆیان داو لەناچار کردنیان بەقەبووڵ کردنی ئیسلام‌و حاکمیەتی پیاوان، خۆیان ببنە سەربازی دینی ئیسلام کەمافیان پێ ئەدات ژنانی بەدیل‌و گیراو لەهێرش‌و تاڵانکارییەکانیان دا بکەن بەکەنیزی خۆیان‌و بەهەر شێوەیەك پێیان خۆشبێ ئەتوانن رەفتاریان لەگەڵ بکەن.

عەقڵ‌و بیری خەڵکانی گیرۆدەی دین جاروبار بەهەڕەشەو جاروبار بەبەڵێنی‌و بەرتیل کەلەمافی خەڵکیتر لەرێگای ئیسلامەوە پێیان ئەدرێ، هێندە هەڕەشە ئامێزو تەماعاوی بووە کەئاساسی ئەم تەعەسوبە نەك لەسەر باوەڕە کۆنەکانی دوور لەباوەڕی قورئان‌و رەسالەی مەلاو ئایەتوڵاکان، بەڵکو لەسەر ئەساسی ترس‌و پاراستنی قازانجی شەخسی‌و یان ئومێد بەوەرگرتنی قازانج‌و یان هێشتنەوەی رێگای سوودی شەخسی‌و هەڵهاتن لەم حیساباتەیە. بەڵام زۆربەی تاکەکانی بەشەر کەنەتەعەسوبین‌و نەعەقڵ‌و کاتی خۆیان دەربەست هەدیە کردووە بەدین، بەبێ ئاکام‌و بێ مانابوونی ئەم دینە دەست‌و پێ گرەیان دەرك کردووە کەوەك تانی جاڵجاڵۆکە تەواوی لەحزەکانی ژیانیانی تەنیووەو تا ئەو جێگایەی لاواز کردوون کەتەنانەت ئەگەر بیانەوێ خۆیان یاسا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانەری ژیانی خۆیان بن، ڕێگای خستنە گەڕی ئەندێشەکانیان لێ ئەگرێ. هەر بۆیە ناچار بوون دەست بدەنە پاکسازی فەرهەنگیو سڕینەوەی تۆزی نەریتەکانو عادەتە دینیەکان لەهەموو بەشەکانی ژیانیاندا.

لێرە دایە کەبەرەوڕووی قودسیەتی دین ئەبنەوەو تێدەگەن کەهۆی موقەدەسو پیرۆز کردنی ئەم یاسایانەو دانانیان بەکەلامی خوداو ئیدیعای موتڵەق بوونی یاسای شەرع بۆ لەدووا ڕاگرتنی بیری خەڵكو بەدەسەڵات گەیشتنی فریودەرانو تاڵان چیانی ئیسلامە. ئێستاکە کەبەشەڕ پەی بەپێویستی گۆڕینی ڕەوشتە دووا کەوتوەکان بردووەو چونکە دینەکان هەر هەموو خۆیان بەتەواو و گۆڕان هەڵنەگر ئەزانن، ژیانی خۆی بەجیا لەدین ئەوێ.

ئێستا ژمارەیەك تێزی ریفۆرمی دینی بەرانبەر بەجیایی دین لەحکومەت دادەنێن، دەلیلیان ئەوەیە کەدینی ئیسلام گۆڕان هەڵگەرەو بەهەر تەفسیرێکی جیاواز ئەکرێ لەژێر ناوی ئیسلام دا کردەوەی جیاوازت هەبێ. ئەمە لەحاڵێك دایە کەبۆ ریفۆرم لەدین دا تەنیا موجتەهێدانو مەلاکان مافی تەفسیرو گۆڕینیان هەیەو خەڵك لەگۆڕینی ئەم یاسایانەدا بەشدار نین. هەروەها دانانی قانون بەدەستی ئەو موجتەهێدانە ئەنجام دراوەو ئەدرێ کەلەتەفسیرو قانون سازیدا مەجازو مافدارن. ئەم شێوە گۆڕینەی یاسا بەدەستی موجتەهێد نەك هەر هیچ فەرقێك لەپاوانی دەسەڵات لەدەست مەلاکان دا ناکا، بەڵکو تەنیا جێگای موجتەهێدانی خاوەن تەفسیری جۆراجۆر ئەگۆڕێت. بێجگە لەمەش ریفۆرمە دینیەکان وەك یاسای نوێ لەگەڵ تەفسیرە نوێیەکانیش بەکەلامی خوداو هەمان یاسای موقەدەس ئەزانن. دیسانەکە یاسای تازە هێنراوە بەتەفسیری نوێی دروست کراوی خۆیان بەیاسای گوران هەڵنەگرو بەشەری نازانن کەئەگەر ڕۆژێك دووبارە خەڵك بەمروور پێویستیان بەگۆڕینی بوو بتوان بەڕۆکی خۆیان لەو یاسایانە رزگار بکەن. هەر بۆیە مەلاکانو موجتەهێدەکان دەست ئەدەنە ریفۆرمو دیسان بەناوی یاسای پیرۆزی خودایی بۆ گۆڕینی هەر یاسایەك بەپێی نیاز یاسای تازە دێنن تا دەستیان لەکوشتارو خوێن رشتن دا ئاواڵە بێ.

نمونەی بەرچاوی ئەم دەردە بێ دەرمانە کەلەریفۆرمە دینیەکانی تا ئێستا دا حاسڵ بووە، ژمارەی دینەکانو لقو پۆپەکانی فیرقەکانو مەزهەبەکانە کەبۆ ریفۆرمو گۆڕینی ڕەوشتە دزێوە تەحەمول هەڵنەگرەکانی دینەکانی بەر لەخۆیان هاتووە. بەهاتنی ئەم لقو فیرقانە نەك هەر یاسا دینیەکانی پێشوو دەستیان لەسەر بەشەر هەڵنەگرت، لقو فێرقەیەکی تری بەدەدری بێدەرمانی پێشوو زیاد کرد. دەردی بەشەر بەریفۆرمە بێ ئەژمارەکانی دینی دەرمان نەبووەو نابێ. تەنیا لەڕێگای یاسای بەشەریو عادلانەو بەدوور لەپاشکۆو بەسراوە بەدین قودسیەت بێ، دەستی بەشەر بۆ گۆڕانکاریو چوونە پێش ئاواڵە ئەکاو وڵاتانی گیرۆدەی دینو دین لێدراو لەچنگی ئەژدیهای حاکم بەسەر چارەنووسی خەڵك دا رزگاریان ئەبێ.

***





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# جێگا و شوێنی ئیسلام لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا

ن: تۆراب حەق شناش
و: دەریا

لەو کاتەی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەرکارو ئەو کێشانەی کەلەگەڵ خۆی هێناویێتە گۆڕێ، زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کەهۆی تەواوی ئەو کێشانە تەنیا لە"ئیسلامی بوونی" ئەو ڕژێمەیەو هاودەنگ لەگەڵ دەستەجاتی ڕاگەیاندن و سیاسی ڕۆژئاوا (کەبۆچونیان سەبارەت بەهەڵچونی بزوتنەوە ئیسلامییەکان و بەگشتی هەموو جیهانی ئیسلام، و بیرهێنەرەوەی دەمارگرژی کوێرانەی مەسیحێکانە) هەوڵ دەدەن سەرچاوەی تەواوی چارە ڕەشێکانی خەڵکی ئێران و هەموو موسوڵمانان ئەویش نەك لەهەموو بوارەکانی ستەم چێشتوی و تەحەمولی زەخت و گوشارەکان و لەلایەکی تریشەوە زلهێزی و جڵەوداری خاوەنانی هێزو سەرمایە، بخەنە ئەستۆی ئیسلام و هەموو ئەو زوڵم و زۆری و هەژاری ماددی و کلتوری و سوکایەتی و فەسادو بێ عەدالەتییە سەرچاوە گرتوو لەپەیوەندێکانی چەوسێنەرانەی ناوەوەو دەرەوە پەردە پۆشکەن.

هێندێك "لەخەباتکارانی" سیاسی پێشوو دڵیان بەوە خۆشە کەبۆ دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی بەدبەختی لەئێراندا، زۆر بەئاسانی و نامەسئولانە لەبەرامبەر ئیسلام دا دەست بکەن بەجنێودان و بەدەمارگرژی ئێرانی گەری، پەنا بەرنە بەر شێوٚنیستی دژ بەعەرەب و پێیان وابێ ئەگەر ئیسلام بەتاوانبار بزانن و بیدەنە بەر قامچی یا وەك هێندێکی تر پەنا بەرنە بەر ئایینێکی تر، دەتوانن شەیتان لەگیان و جەستەی "کلتوری ئێرانی" دەرکەن و "مۆدێرنیتە" لەسەر جێی ئەو دانێن! نمونەگەلێکی ئاوا



"پێشبینی کراو" کەلەشکڵ و شێوازی جۆراوجۆردا بەرامبەر بەرژێم بەکاری دێنن بەرچاون: ڕژێمی فەقێکان، ڕژێمی مەلاکان یا مەلاتاریا، دەسەڵاتی ئاخوندی، ڕژێمی ویلایەتی فەقیە، هێندێك ڕەوزە خوێن، ریشنەکان، عەمامە بەسەرەکان و مۆم فرۆشەکان و شتی تر.. قسەهایەکن کەبێجگە لەدڵ خۆشکردن نەبێ هیچ سودێکی تریان نییەو ئەمەش شتێکی ئاشکرایە کەبەم شێوەیە ناکرێ دوژمن بناسی و لەم ڕێگایەوە بەدژی خەبات بکەی.

وڵاتی ئێمە ڕوبەڕوی باروودۆخێکی پڕ لەکێشە بۆتەوە کەپێویستی بەجواب و ڕێگا چارەسەری گونجاو هەیە. خەڵکی ئێران لەماوەی یەك سەدەدا بۆ سێهەمین جار دوای مەشروتیەت و بزوتنەوەی نەتەوەیی نەوت ڕاپەڕین تا خۆیان لەزەلکاوی سەرتاپا چەوسانەوەو دیکتاتۆری و سوکایەتی و هەژاری و فەسادی هەمەلایەنە بکێشنە دەرێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچیـن یـا تـوژێکی کۆمەڵایـەتی، یـا هەرکەسـێك کەلەروانگەی خۆیەوە چاوەڕوانێکی تایبەتی لەو ئاڵوگۆڕو زاوزێ پڕ ئازارە هەبوو، بەڵام ئەوەیکە بەسەر هێزەکانی هەڵسوڕاوی کۆمەڵگادا سەپا، ئەو رژێمە کۆنە پەرەستەیە کەئێستاش هەر لەسەر کارە. بۆ ئەو کەسانەی کەبۆ لێکدانەوەی ئەو کارەساتە دەکەوتنە شوێن ساکارترین نمونەکان چ شتێك هاسانتر لەوەیکە چاو بڕنە دەمی رژێم و هەرچێکیش کەئەو داوای کرد، وەك راتسییەکی بێ ئەم لاو ئەم لاو هۆکاری ئەو بارودۆخە پڕ لەچەرمەسەریەی ئێستاکەی راگەێنن؟ رژێم خۆی بە"ئیسلامی" دەزانێ و هـەموو جەنایـەتێکیش بـەناوەرۆکی ئـەو بـاوەڕەوە گـرێ دەدا، کەوایە بێگومان هەر ئەمەشە! ئەوەمان لەیاد نەچێ کەقەزاوەت لەبابەت کەسەکانەوە بەپێی ئەوەیکە خۆیان لەبابـەت خۆیانـەوە دەیڵـێن بەتـەواوی تاوانـە. ئەوانـەی کەڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیەی کەبا کرا دەدەنە "بەر زەربە کەوتونەتە دوای رژێم و دروست بەسەر ئەو رێگەیەدا دەڕۆن کەرژێم دایڕشتوە. رژێم خۆی بەئیسلامی دەزانـێ، کەوایـە ئیسـلام سەرچـاوەی هـەموو ئـەو رۆژ رەشیانەیەو لەم بارەیەوە کەمترین زانیاری لەبابەت ئیسلام بەتـەواوی مێـژوو، ئاڵوگۆڕەکـان، لقـەکان و هـەورازو نشـێوەکانیەوە، کەبەرکەبەرایـەتی و هەڵوێسـتی نابـەجێ خۆیـان بەپێشـکەوتووخواز لەقەڵـەم دەدەن، لەدەسـتی راحەت بی و "وەڵامی" مەسەلەکە بدۆزیوە!

دەبێ هـەر لـەو رێچـکەو رێبـازەی رژێـم دا بەشـوێن سـەرەپەتی ئەو بیروبۆچونانەی بەناو دژایەتیدا بگەڕێی، ئـەو جـۆرە نەیارانـە تـەنیاو ئـاو دەکەنـە ئاشـی رژێمـەوە. هـەردووکیان حـەتمی بـیر دەکەنـەوەو بەڵگـە دێننـەوە، هــەردوکیان خــاڵی تونـدڕەوی بەرامبــەری یــەکترین و بەواتایـەکی تـر، دوو رووی دراوێکـن کـەهیچ وەڵامێکـی دروسـت بەمەسـەلەکە نادەنـەوە. رژێـم تێگەیشـتنی خـۆی لەئیسلام تەنیا بەبەرژەوەندی خۆی تەواو دەکا، دیاردەی ئیسـلام لـەناوەڕۆکی کۆمەڵایـەتی و مێژوییەکـەی بێبـەش دەکاو ئەو بۆ جیهانی ئەمڕۆکە، بەشێوەی تەواو و کەماڵ شیاوی بـەکردەوە دەرهێنـان دەزانـێ، بـێ ئـەوەی کـەخۆی ئـاوا بۆچـونێکی هـەبێ و بـەکردەوە نیشـانی دا (لەدرێـژەی ئـەم بابەتـەدا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ). لایەنەکـەی بەرانبەریشـی گشـت کلتـورو کـردەوەی مێـژویی و کۆمەڵایـەتی ئـەو لەقسـەدا بەوپـەڕی توڕەییـەوە بەرپـەرچ دەداتـەوە، ئەویش بێ ئەوەیکە بتوانی خۆی لەکەوشەن و کـارتێکردنی کلتـوری ئـەو رزگـار کـا. ئیسـلامیش هـەروەك جولەکـەو مەسـیحیەت لەدرێـژەی ئەواندا، بزوتنەوەیـەکی ئـاییني فەرهــەنگی و مێـژویی بـەربڵاوو قوڵـە لەمێـژوی مرۆڤایـەتی دا کـەهیچ کـات تێگەیشـتنێکی تـەنیا لەبابـەت ئەودا نەبوە، ئەوە جیهان بینییەکە کەلەپەیوەندی نیزیك لەگـەڵ پێداوسـیتی مـاددی کۆمەڵگایـەکی دیـاری کـراو لەمرۆڤ بەدرێژایی مێژوی هاتۆتە گۆڕێ، گەشـەی کردەوەو لەگـەڵ بەرژەوەنـدی دیـاری کـراوی نەتـەوەکان و دارو دەستەو تەنانەت ئەو کەسانەش کەسەرو کاریان لەگەڵی هـەبوە رەنگی گرتـوە. ئیرادەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کەدەستەجاتێکی کۆمەڵایـەتی دیاریکراو بـۆ داسـەپاندنی بەرژەوەنـدێکانی خۆیـان، پـیرۆزی و هـەتا هـەتایی بونیـان بەتێگەیشـتنی تایبـەت و سـەردەمی خۆیـان بەخشـیوەو رقیـب و نـەیارانی خۆیـان لـەو کاتـەدا بـەدرۆو چاو بەستن بەدوژمنانی ئەو پیرۆزیە دەست نیشان کردوەو لەناویان بردون.

ئەگەر ئیسلام وێنەی دین و کلتورێك کەلەمێژودا هاتۆتە دی لەنـەزەر بگـرین (بەهـەموو لایـەنێکی بنـەڕەتی و مـافی کەئەو لەگەڵ مەکتەبەکانی فکری تر جیا دەکاتەوە)، نەیەك ئیـدۆلۆژی و فـەرمانێکی پـیرۆز کەدەسـت بەسـەراگرتنی واقعییـەت لەدەسـتی ئـەو دایـە، دەتـوانین "شـەڕی نێـوان حـەفتاو دوو میلـەت" بەقـەولی حـافز وتـەنی "بەڵگـە بێننەوە"، دەبێ ئاین ئـەمرێکی شەخسـی و بەشـێك لـەمافی مەدەنی ئەندامانی کۆمەڵگا بزانین جا باوەڕیان پێی هەبێ یا نا، بەکردەوەی دەرهێنن یان نا، پروپاگەندەی بۆ بکەن، یا خەباتێکی بیرورایی لەگەڵ بکەن. تـەنیا بـەم شێوەیەیە کەدەکرێ حیسابی ئامێری دین لەدەوڵـەت جیا کرێتـەوەو خـودی "لائیسـتیە"کەیـەکێك لەدەسـتکەوتەکانی خـەباتی مرۆڤایـەتی و شۆڕشـی فەرانسـەیە بخزێنرێتـە نـاو ژیـانی تاك و کۆمەڵایەتی. هەر لـەو روانگەیەوەیە کەدەوڵـەت دەبێ لەبابـەت ئایینـەوە هەڵوێسـتێکی کـەم رەنـگ کردنـەوەی هەبێ، نەپشتگیری، نەدژایەتی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەباسی سەبارەت بەتێگەیشتنێکی تاك یا جۆراوجۆر لەئیسلام، من خۆم، ساڵی ١٣٥٨ لەچەند نوسراوەیەکدا لەژێر ناوی "ویلایەتی فقیە: گەورەترین کلاوێك کەبەسەر خەڵکی ئێران دا دەچێ" لەبلاوکراوەی پەیکاردا وتوومە "مانای ئیسلام هەر ئەوەیە کەخومەینی دەیڵێ" بەلام ئەمڕۆ بۆم دەردەکەوێ کەئەم قسەیە راست نییە. ئیسلامی خومەینی تەنیا شێوەیەکی شیکراوەی ئەوە. ئێمە کەئامادە نەبوین و نیشین لێکدانەوەی پۆلپۆت، برژنێف و ئیستالین... لەگەڵ کۆمۆنیزم بەیەك بزانین نابێ ئیسلامیش تەنیا بەتێگەیشتن و کردەوەی خومەینی لەئیسلام پێناسە بکەین. ئیسلام کەوەك یەك دین و کلتور زیندو ماوەتەوە، هۆیەکەی پێکهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕو سات و سەودایانەیە کەتێیدا دروست بووەو دروست دەبێ و خومەینیش ئاڵوگۆڕێکی پەیوەندی داری بەبەرژەوەندی خۆی و ئەو چینەی کەئەو نوێنەرایەتی دەکرد لەئیسلام دا پێك هێنا کەلەدرێژەی ئەم بابەتە دا دەست نیشانیان دەکەین.

تەنانەت لەقورئانیش دا ئیسلام تێگەیشتنێکی تاك لەبنەمای خۆی بەدەستەوە نادا. هەموی کۆك کراو لەگەڵ زەمان و شوێنی بزوتنەوەیەکە کەبۆ پاساو تیۆرێك کردنی ئەو خولقاوە. وێنەی هەر کام لەئیدیۆلۆژێکانی تر، هەموی لەدیك بوی سەردەمی تایبەت بەخۆیانن. نمونە بێنینەوە: دینی ئیسلام لەدەورانی سەرەتاییدا واتە ئەو کاتەی کەلەدەستەیەکی چکۆلەو لاواز لەپەیڕەوانی محەمەد تێپەڕ نەدەبوو و دەکەوتە بەر تۆمەت و تانەو سەرکوتی دانیشتوانی مەککە، سازان و نەرمونیانی لەخۆ نیشان دان لەئاست نەیارانی دا بەکاری سەرەکی دادەنا. لەسورەی ١٠٩ (الکافرون)دا هاتوە: "بڵێ ئەی کافرەکان، ئەوەیکە ئێوە دەیپەرستن من نایپەرستم، ئێوەش ئەوەیکە من دەیپەرستم نایپەرستن، پەرستەندەی ئەوەیکە ئێوە دەیپەرستن نیم. ئێوەش پەرستەندەی ئەویکە من دەیپەرستم نین، ئێوە دینی خۆتان هەیەو میشن دینی خۆم هەیە"[١].

لەشوێنێکی تردا کاتێ کەبارودۆخی موسوڵمانان باشترو بەهێزتر ببوو بەلام هێشتاش رەئی و بۆچونی پێچەوانەی بەهێز مابوو، رێگای بەڵگەو هەڵسەنگاندن دەگرێتە بەر. لەسورەی بەقەرە لەئایەتی ٢٥٦دا هاتوە "کاری دین زۆرە ملی نییە، چونکە رێ و نارێی لەیەك جیا کردۆتەوە"[٢] لەکات و هەلومەرجێکی تریشدا بەپێی بەرژەوەندیکانی ئەو قۆناغەی بزوتنەوەی خۆی، سەرمەشقێك بۆ ئاشت بونەوەو پشتگیری لەئاگری ناکۆکی نێوان دەستەکانی دەردەکا: "ئەو کەسانەی کەئیمانیان هێناوە (واتە موسوڵمانان)، جولەکەکان، ئەستێرە پەرستەکان و مەسیحیەکان ئەگەر بەخوداو بەڕۆژی قیامەت باوەڕیان هەبێ و چاکە بکەن نەترسێکیان دەبێ و نەخەفەتێکیش"[٣] لەشێوەی ئەم ئایەیە لەسورەی "بەقەرە" ئایەی ٤٢و هەروەها لەسورەی حەج دا هاتووە کەزەردەشتییەکان و تەنانەت بێدینەکانیش ناو لێ دەباو هەوڵ دەدا کەناکۆکی و شەڕی دەستەیی نەیەتە گۆڕێ: "ئەو کەسانەی ئیسمانتان هێناوە (واتە موسوڵمانان)و جولەکەکان و ئەستێرە پەرستەکان و مەسیحیەکان و وە ئەوانەش کەبێ دێنن، خودا لەقیامەت دا، ئەوان دیاری دەکاو لێکیان جیا دەکاتەوە. ئەو ئاگاداری هەموو شتێکە"[٤].

بەلام ئەو کاتەی دەنگی لەتێرییەوە دێ و بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجی کۆمەلایەتی و ئیسلامی خۆی قسە دەکا، دەرهاویشتنی نەیارانی خۆی بەپێویست دەزانێ. دوای دەست نیشان کردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان خۆی و جولەکەو مەسیحییەکان، دەستبەجێ دەڵێ: "هەر کەسێك جیا لەئیسلام دینێکی تر هەڵبژێرێ لێی قبوڵ ناکرێ و لەئاخیرەتدا زیان دەبینن"[٥]. بەپێی ئاڵوگۆڕی هەلومەرجەکە هەر ئەو دینەی کەخۆی بە"ئاینی ئاسان گیری و رەوشت نەرمونیان"[٦] پێناسە دەکرد، لەو جێیەدا کەگەشەکردن بەکردەوەی زۆرەملێ و خوێنرێژی دەست دەدا، دەڵێ: "ئەگەر لەگەڵ کافرەکان روبەڕووبونەوە، ملیان بپەرێنن تا ئەو جێیەی کەبەخوێن رشتن دوژمن لەپێ دەخەن.."[٧].

هاورەنگ بوون لەگەڵ هەلومەرج و کات و شوێن بۆ هێنانە دی پێداویستیەکانی هەر قۆناغێك، نەك هەر لەو شوێنانەدا کەباسمان کرد بەڵکو لەدەیان شوێنی تریش دا کەهەمویان دەستوری ئەبەدی و پیرۆزو نەگۆڕ ناو دەبرێن، بەرچاو دەکەوێ. ئیسلام بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لەژیانی مرۆڤایەتی لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا بووە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەبەدرێـژایی مێـژوو بەسـەدان شـکڵو ڕەنـگ دەرهـاتووە کەهەر ئەو گۆڕانکاریو جوڵانەوەو "دینامیسم"ە بووە تا ئەمڕۆکەی ڕاگرتـووە. هەڵەیـە ئیسـلام تـەنیا لەیەك شـکڵو ناوەڕۆك دا ببینینو پێمان وابێ پیرۆزو نەگۆڕو زیندووە. جا ئەگـەر ئـەو هەڵەیـە لەتەئکیـدکردنی ئـەودا بـێ سـەلەفی بوونو دەمارگرژی کوێرانەی لێ دەکەوێتەوە، وە ئەگـەریش بەدژی ئەو بێ دەبێتـە مەسـەلەیەکی بوغزانـدن کەلەهـەردوو جۆردا، ڕاستییەکانی ئـەو بزوتنـەوە مێژوییـە نەناسـراوە. مەسـەلەی بوغزانـدنو پوچگـەرایی تـەنیا خـۆی لـەداوێن گرژی ئەو کەسانە دەکوتێ کەباوەڕیان پێی هەیەو لێرەدا شـەڕی نێـوان دەسـتەجاتی لێ دەکەوێتـەوە. ئـەوە مەترسـێیەکە کـەدەبێ پێشـی پـێ بگـرێ، چـونکە لـەئاوا شەڕێکدا هەموو دۆڕاوەن.

ئیسـلامیش وەك هـەر ئیـدۆلۆژێکی تـر ئامرازێکـە کەتاقمێك یا کەسانێك بۆ پاساوکردنی بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، دەبێ ئەو وەك بزوتنەوەیەك چاوی لێ کـەی کـە١٤٠٠ ساڵ لەمەوبـەر لەکۆمەڵگایـەکی دیارکراودا پێشـینەی مـاددیو کلتورییەکـەی هاتۆتـە دیو وەك ڕووبارێك لەمێژوودا کەوتۆتە ڕێو لـەناو لایەنەکانی تردا هـەزم بـووە یـا ئەوەیکـە ئـەوانی لـەخۆیدا هـەزم کـردووە، بەنۆبـەی خـۆی لەڕوداوەکانـدا کاریگـەری هـەبووەو تەمەدونی ئیسلامی لێ کەوتۆتەوە.

لایەنـەکانی خوازیـاری ئیسـلام لـەجیهانی هاوچـەرخ دا یەك ئیسلامی دیاری کراویان نییەو ئێمە تەنیا لـەئێران دا بەدەیان نمونەی شك دەبەین، کەوایە نابێ بێهودە بچینە شـەڕی جنـد. ئـەو بەرژەوەندیانـەی کەدەبنـە هـۆی ئـەو پاسـاوە دینییـە یـان فەلسـەفییە دەبـێ هاوکـات لەگـەڵ پاسـاوە فیکـریو ئیدۆلۆژیکەشـی بدرێتـە بـەر هێـرشو گوشار.

هێنـدێك وا لەگـەڵ ئیسلام دەرگیربوون کەئەو دەسەڵاتە چـــینایەتیەی کەلـــەئێران دا تـــەنیا پشـــتگیری لەبەرژەوەنـدێکانی چـینو توێـژێکی دیـاریکراو دەکـاو بەتێگەیشـتنی چـیانەتییە زاتییەکـەی دژ بەنـەیارانی ماشێنی سـەرکوت وەڕێ دەخـا، لەعـەباو عەمامـەو ڕیشو نوێـژی هـەیـنیدا خۆلاسـەی دەکەنـەوە بەشـێوەیەك کەتەنانـەت تێگەیشـتنیان لـە"ڕژێمـی ویلایـەتی فەقیـە" ئەوەندە لاوازو بەر تەسکە کەگوایە ئەگەر کۆتو شەڕواڵ لەبەرەکان بێتە سەرکار ئیتر هیچ گرفتێك نامێنێ. بەبڕوای ئێمـە هـەر ڕژێمێکی تـریش دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ هاتبایـە سـەرکار بەسـەرنج دان بـەو زەمینـە نائامـادەو نـاکۆکی بەرژەوەنـــدێکانی بەشـــداربووان لەشـــۆڕش داو لەپەیوەنـدێکانی جیهـانی ئەمڕۆکـەدا ئەگـەر ویسـتبای دەسەڵاتی بەشێك بەسەر بەشەکانی تردا بسەپێنێ لەگەڵ ئـەو هـەموو نەیارانـە ڕوبـەڕوو دەبـۆوە کەبێجگـە لەبـەکارهێنانی سـەرکوت، هەڵبـەت ئـەویش لـەژێر نـاوی جۆراو جۆردا، هیچ کارێکی تری نەدەکرد.

نابـێ پاسـاو و سەرپۆشـەکان لەگـەڵ نـاوەڕۆکی کردەوەکانی ڕژێمێك یان تەنانەت کەسانێك بەهەڵە بگرین.

بـەبڕوای ئێمـە ئیسـلام، بـەو تێگەیشـتنەوە کـەڕژێمی کۆمـاری ئیسـلامی لێـی هەیـە ئەسـپی ژێـر پێیـەتیو چەکێکیشە بەدەستێوە. هیچ کات ڕژێم تێگەیشتنی خۆی لەئیسـلام نـەگۆڕ ڕانەگەیانـدوە، بەهـەر شـێوەیەك کەویستویەتی کەڵکی لێوەرگرتووەو ئەگەر بەبەرژەوەندی نەبووە بەتـەواوی ناوێتـە لاوە. هـەر وەك چـۆن کەسـان یـا ڕژێمەکانی تر لەدیمۆکراسی، سۆسیالیزم، ئاشتیو مافی مرۆڤ... وەك ئامرازێك کەڵکیان وەرگرتووە (بێ ئەوەیکە بمانەوێ دروست وەك یەك چاو لەنمونانە بگەین). دەبێ ڕژێـم لــەبواری کــردەوەی کۆمەڵایــەتیو ئامانجــە چینایەتێکەی بدرێتە بەرهێرشو ڕەخنە، دەنا جنێو دان بەئیسـلام نەتـەنیا هـیچ گرفتێـك چارەسـەر ناکـا بـەڵکو ئامرازێکی تر بۆ خەڵك فریودان دەخاتە ئیختیار ڕژێمەوە. هـەن کەسانێك لـەناو ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمدا کەچونکە هـیچ ڕەخنەیـەکیان لـەکردەوەکانی چینایەتی ڕژێـمو ئیدیۆلۆژی سـەرمایەدارانەی ئـەو نییـە بـەو پێیـە نـاتوانن لەڕوانگـەی خۆیانـەوە هـیچ قسـەیەك بکـەن هـەر بۆیـە ناچـارن هێـرش بکەنـە سـەر ڕواڵـەتی ڕژێـمو بـێ هـیچ پشـتیوانییەکەی زانستیو مەنتقی باسەکەیان دێننە سەر هێرش بۆ ئیسلام (کەڕوون نییە واقعەن چییە).

پێویسـتە وەك کلتورێـك (بەبـەرینی مانـای وشـەکە) بڕوانرێتە ئیسلام کەبەدرێژایی مێژوو هەر برپارێکی ئەو بەشـێوەی بڕیـارێکی ئاسـایی دەرهـاتوە، دەکـرێ لەبابـەت کاریگەریە خراپو باشەکانی ئەوەوە قسە بکەن، بیهێڵێنەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یا لەدژی خەبات بکەن. دەکرێ لەگەڵ دین و ئاین بەلایەنی فەلسەفی و بەدژی راوەستین و کردەوەکانی لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی بدرێنە بەر رەخنەو بۆ مەسەلەکانی ئەمڕۆو داهاتوو بەشوێن وەڵام دا بگەڕێین. لەجیاتی جنێودان و نفرەت کردنی ئیسلام و خاڵی کردنەوەی رق و کینەی سەرچاوە گرتوو لەزوڵم و زۆرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئامرازی ئیسلام، دەکرێ لەبیری ئەوەدا بین کەبۆچی ئەو هەمووە جەماوەرە هەژارو بێبەشە لەوڵاتانی موسوڵمان و غەیری موسوڵمان (بۆ وێنە لەئافریقاو ئامریکا) بە(لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان لەو) روودەکەنە ئیسلام، چییان کەمە، بەشوێن چیدا دەگەڕێن و ریشەی هۆکارەکان و ریگا چارە (کەتەبعەن ئاوا چاوەڕوانییەکیشی لێ ناکرێ). لەئاوا جێگاو شوێن و چوارچێوەیەک دا کەدوو لایەنی هاوسەنگی ئەو دوو رقیب و لەهەمان کاتدا دوو هاوپەیمانی وەک بوش و بن لادن، ئەوە جەماوەری ستەم چێشتون کەقوربانی هەمیشەیی ئەون. مەترسی لە"ئیسلامی سیاسی"و سوئیستیفادە لەهەستی ئاینی و سادقانەی کەسانی گیرۆدە بەهەژاری ماددی و مەعنەوی دایە، بەمەبەستی گەیشتن بەدەسەڵات و زاڵبوون بەسەر ئەوان دا.

دەڵێن رژێمی ئێران رژێمێکی ئیدیۆلۆژیکە، گوایە رژێمێکی تر دەناسن کەئیدیۆلۆژیک نەبێ. ئاخر مەگەر



لەئیسلامەکەیاندا چی بەدی دەکەن؟ "حیزب الله"ییەکان کەهۆگری "ئیسلامی سیاسی" (ئیدیۆلۆژی دەسەڵاتی)و ئیسلامگەرایانی دەمار گرژ دەبن، تەنانەت کاتێ کەدەست دەدەنە جنایەت و ئەو کاتەش کەدەبنە بەلای گیانی فاشیزم، خۆیان قوربانین" قوربانی جێگاو شوێنێک کەپڕیەتی لەنابەرابەری کۆمەڵایەتی، سەرکوتی ئازادییەکان و هەموو چەشنە بێ بەشییەک" جێگاو شوێنێک کەهیچ بەدیلێکی بۆ داهاتوو نیەو پێشێل کراوەکان ناچار دەکا بەسەر بزێوی کوێرانەو بۆ لەناوبردنی هەموو شتێک هانیان دەدا" جێگاو شوێنێک کەلەبەرامبەر ترۆدیزمی ئیسلامی‌دا تەنیا سەرکوت و ترۆریزمی دەوڵەتی لەهەموو شوێنێک حازرو نازر پێشکەش دەکا، نەک دۆزینەوەی

لە"دیموکراسییەکانی" رۆژئاوایش دا ئیدیۆلۆژی سەرمایەداری‌ولیبرالیسم دەسەڵات دار نییە؟ ئەگەر لەنێوان سەرجەم حیزبە راست و میانڕەو و سۆسیال دیموکراتەکان، کەبەنۆبە دەسەڵاتی وڵات لەدەست دەگرن بەشوێن جیاوازی ئیدیۆلۆژیک دا بگەڕێی ئاوا جیاوازیەک نابینیەوە. لەخۆڕا نییە کەدەڵێن ئیتر لەنێوان چەپ و راستدا جیاوازیەک نەماوەو ئەو دوو لێکدانەوەیە بێ مانا بوون. تەنانەت کەسانێک هەن کەلە"کۆتایی ئیدیۆلۆژێکان" قسە دەکەن. ئەگەر بڕێک بەڕوونی تاوتوێیان کەین بۆمان دەردەکەوێ کەبەهیچ شێوەیەک بێ ئیدیۆلۆژی نین. بەدڵنیاییەوە رژێمی ئێرانیش ئیدیۆلۆژیکە، بەڵام لەگەڵ سەرمایەداری رۆژئاوایی جیاوازێکەی ئەوەیە کەلەئێراندا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاســـــاوکردنی بەرژەوەنـــــدێکانی ســـــەرمایەداران و دەسەڵاتەکەیان بەپشت بەستن بەئامرازی دینەوە دەکرێ، بەلام لەشوێنەکانی تر ئەم پاساو کردنە لەئەستۆی یاساو ڕێسـایەکە کـەجێی ڕەزامەنـدی چـنی دەسـەلات دارە. لێکدانــەوەی دیــن و یاســا نــەگۆڕ نییــەو پــەیڕەوی لەبەرژەوەندێکانی دەسەلات داران دەکا. بەلام ئەوەندەی هەیە کەلەپاساوکردنی بەرژەوەندێکانی چینی دەسەلات دار بەئامرازی دین لایەنی بەربلاوترو قولتر لەخۆ دەگرێ و تەنانەت ژیانی تایبەتی تاکەکانیش دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ڕژێم لەبەر ئەوە بۆ پاساوکردنی کردەوەو سەرکوتەکانی لەدین کەلك وەردەگرێ چونکە بەو چەقۆیە تیژترو قولتر دەتوانێ ببڕێ. خۆ ناکرێ لەیاسـەیەکی قسەیی لائیك دا کەس بەتۆمەتی مورتەد بوون بکوژێ، بەلام ڕژێم پێویستی بەوەیە کەبکوژێ بۆ ئەو مەبەستەش لەدین کەلك وەردەگرێ. چونکە بێ کەلك وەرگرتن لەدین ناکرێ لەو ڕۆمانەی کەسەلمان ڕۆشدی نوسیویە کەلك وەربگیردرێ و بکرێتە ڕوداوێکی سیاسی بۆ خۆ نواندن و باج گرتن لەجیهاندا. ڕژێم پێویستی بەو کارە هەیەو دەشیکات. تا ئێستاکە ناتوانی تەنانەت بابەتێکیش بۆدزێتەوە کەئیسلام مانعی کارێك بوبێ کەرژێم ویستویەتی بیکا، هەر کارێکیش کەبەشێوەی ئاسایی نەیتوانیوە بیکاو بۆ درێژەدانی دەسەلات دارێتی خۆی پێویست بوە بەپاساوو چەخماخی دین بەکردەوەی دەرهێناوە. ڕژێم بۆ پتەوکردنی هێزی خۆی لەهەر مالێك دا پێویستی بەجاسوس هەبوو، ئەوە دین بوو کەدەیتوانی ئەم ئامرازە دابین کا. "ئەرتەشی ٣٦ میلیۆنی ڕاپۆرت چییەکان" کەخومەینی دەیویست، تەنیا لەو ڕێگایەوە مەیسەر دەبوو. دەنا چۆن دەکرا دایك جۆرێك چاو لەلاشەی بەتیر دابێژراوی ڕۆلەکەی خۆی بکا وەك ئەوەیکە چاو لەلاشەی بەرازێك بکا؟!

لەیادمان نەچێ کەرژێم لەگەل ئیسلام، واتە ئەو ئامرازەی بەدەستێوەیە، هیچ کات دوگم نەبووە، بەلکو هاو ڕەنگ لەگەل هەلومەرج و بەرژەوەندی چینایەتی و ماددی خۆی ئەوی لێکداوەتەوە، جا یا بەکاریان دێنێ یا پێشێلیان دەکا. سەرنج بدەنە ئەو چەند نمونەیەی خوارەوە:

١-خاوەندارێتی لەئیسلام دا پیرۆزە بەلگەکەش ئەو حوکمە ناودارەیە کەدەلێ "خەلك لەئاست سامانی خۆیان دا (ئیمتیازی تەواویان)هەیە"[٨] " بەلام لەسەرەتای کاردا چونکە ڕژێم دەبوایە ڕەسمیەتی خۆی لەڕێگای وەلام دانەوە بەهێندێك لەخواستەکانی بۆ جەماوەر بەدەست هێناباو زەوی خاوەن ملکەکانی سەر بەرژێمی پێشوو دەست بەسەر داگرێ، لەبەرامبەر "ئەسلی خاوەندارێتیدا"، "بڕیاری سانەویە" (واتە ئەو بڕیارانەی کەجیاوازن و لەرووی ناچارییەوە دەردەکرێن) هێنا گۆڕێ.

٢-حەرام بوونی سود لەئیسلام دا زۆر زەقە[٩] بەلام چوون لەنیزامی سەرمایەداری دا هەلسوڕانی سەرمایە، بێ سودو کردەوەکانی بانکی ئیمکانی نییە، لەسالها پێش خومەینیشەوە، سودیان بەحیلە شەرعی و دەست بەدەست کردن "حەلال" کردبوو. بەلام بانکیش بەشدار بوو وە لەجیاتی ڕاگرتنی پولەکە، سودی دەدا. ڕژێم دەبوایە سیستمی بانکی "ئیسلامی" دروستکا بۆ ئەوەیکە سود پاساو بکرێ. سیستمێکی بانکی کەهێندێك لەوشەکانی لەسات و سەوداکانی ئەودا گۆڕاون، بۆ وێنە لەجیاتی وشەی سود دەلێن خەلات یا حەق دەست. ئەو حیلە شەرعییە سەرمایەدارنی شوێنەکانی تریشی تامەزرۆ کردووە، هەر ئێستا لەولاتانی نەوتی کەنداوو هەروەها ئەوروپا، بەتایبەتیش ئینگلیز، بانکە ئیسلامیەکان چالاکن و میلیاردها دولار لەو پاشەکەوتانەی کەپەنابەرانی موسولمان پێیان خۆشنەبووە بەبانکەکانی ئەوێی بسپێرن، لەدەستی خۆیان گرتووە.

٣-مۆسیقا حەرام بوو، خومەینیش لەمانگەکانی سەرەتای هاتنە سەر کاریدا هەروا لەسەر ئەو بڕیارە پێدا گری دەکرد. هەر بەو هۆیەوە هەلسوڕاوە ئایینیەکان ڕادیۆیان بەئامرازی کایەو گالتەو گەپ دەزانی و کڕین و فرۆشتنی ئەویان ئیدانە دەکرد (مەسەلەی ٢٨٨٩ و ٢٨٩٠ لەشیکردنەوەی مەسائیلی خومەینی). بەلام دوای شۆڕش بێ مۆسیقا نەدەکرا ڕادیۆو تەلەفزیۆنی هەبێ، نەدەکرا سرود بەئیسلام هەلبوترێ و پاساو بۆ ڕژێم بکرێ. ئەو ئامرازانە بەبەرژەوەندێکانی ئیسلام (واتە ڕژێم) دەکرا ئازادبێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤-قەتڵی عام کردنی دەیان هەزار ئینسان لەنەیاران و ناردنی سەدان هەزار ئینسان لەشەڕێکی ٨ ساڵەدا بۆ قەسابخانە بەئاسانی جێی پاساوی ئاینی نییە، بەڵام چونکە پێویست بوو بکوژرێن، کوژران و بەسەدان درۆو دەلەسەی لەوێنەی کلیلی بەهەشت یا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیمامی زەمان لەجەبهەو سەحنە سازییەکانی پێویست و بەتۆمەتی مورتەدو شەڕ لەگەڵ نەیارانی خودا.. پاساو کرا.

٥-جاری وابوو بەشێکی تر لەخودی ڕژێم، پاساوو لێکدانەوەکانی بەشی دەسەڵاتداری قبوڵ نەدەکردو بیانوی دێناوە تا لەسەر ڕێگای کارەکانی ڕژێم لەمپەڕ دروستکاو بیانهەوێ وەك مونتەزری لە"زیادە ڕەوی کەئابروی ئیسلام دەبا" پێشگیری بکەن، بەڵام خومەینی مافێکی بۆ دەوڵەتی ئیسلام لەبەرچاو گرت کەتەنانەت بتوانێ پێش بەنوێژەیش بگرێ. جارێکیان خامەینی لەنوێژی هەینیدا رایگەیاند، دەوڵەت بۆی هەیە لەهەموو بابەتێکەوە دەخاڵەتی هەبێ مەگەر ئەوەیکە بەزەروورەتەکانی دینەوە پەیوەندی هەبێ. خومەینی خێرا ئەو ڕۆژە جوابی پێداوەو وتی: "دەرکەوت کەهیچ لەئیسلام نەگەیشتوی. دەوڵەتی ئیسلام دەتوانێ تەنانەت نوێژیش ڕەدکاتەوە".

٦-خومەینی پەیوەندی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیل بەڕەوا نەدەزانی (مەسەلەی ٢٨٣٤ "توضیع المسائل")، بەڵام لەکاتێکدا کەبەنی سەدر هێشتا لەسەر کارمابوو چەکی یوزیان کڕی و پەسەند نامەکەشی لەڕۆژنامەی ڕەسمی وڵاتدا بلاوکرایەوە. مەسەلەی کڕینی چەك لەئیسرائیل لەکاتی شەڕ لەگەڵ عێراق دا کەئیتر هەر زۆر باوە.

٧-ڕژێم پێویستی بەوەیەکە لەناو دڵی خەڵکدا ترس دروست کاو بۆ ئەم مەبەستەش دەست بداتە سەنگساری ژنان کەلەئایەتی جولەکەوە هاتۆتە ناو ئاینی ئیسلام بەڵام بۆ داسەپاندنی بەسەر ژنی مێر داردا پێویستە چوار پیاو چاك شاهیدی بدەن کەکەس تۆمەتباریان لەکاتی کردەوەی جنسیدا بەجوانی و بەچاوی خۆیان دیوە، ئەمە شەرتێکە کەلەڕاستیدا بەکردەوە داسەپاندنی تۆمەتەکە تاڕادەیەکی زۆر محاڵ دەکا، بەڵام ڕژێم ئاوا "بڕیارێکی"پێویستەو هەرچەند کەلەبەرچاو نەگرتنی ئەو شەرتانەش دەیکاتە بڕیارێکی زۆردارانەو غەیری ئیسانی، بەکردەوەی دەردێنێ. کارێکیشی بەسەر شەرتی شەرعی و شتی تری لەم چەشنە نییە.

٨- بەپێی یاسای ئیسلام (کەگشتی بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی جۆراوجۆر داڕێژراوە) جیا لە"وجوه شرعیه" (واتە خۆمس و دژایەتی ستەم و شتی تری لەم چەشنە) نابێ پارە لەخەڵك بستێندرێ، بەڵام ڕژێم دەیستێنێ، هەرچەند کەماڵیات لەلایەن دەسەڵاتە غەیرە "ئیسلامییەکانەوە" داڕێژراوە -چونکە بەرژەوەندی خۆی تێدایە- ڕژێم هەر بەو کارەی خۆی ئەوە دەردەخا کەسیستمی ماڵیاتی ئیسلامی (شتێکە لەجۆری ئابوری ئیسلامی) کەهیچ بونێکی واقعی نەبوو، لەڕاستیدا ئیدعای ڕژێم بجێگە لە"نۆکە ڕەشە" هیچێکی تر نییە کەدەیهەوێ خۆش باوەڕەکانی بەشوێن دا بنێرێ.

٩-خومەینی گەلێك جار بەئاشکرا ئەمەی وتوە کەبەرژەوەندی ئێمە دوێکە لەپاریس ئەمەبوو بەڵام ئەمڕۆ شتێکی ترە. ئەگەر بەشوێن سەرچاوەی بڕیارەکانی جیاوازی ئیسلامی دا بگەڕێین بۆمان دەردەکەوێ کەهەموی لەبەرژەوەندی چکۆلەو شوێنێکی دیاریکراو سەرچاوەیان گرتووە، بۆ وێنە "تەیەمۆم" (واتە لەڕوی ناچاریەوە بەبێ ئاو دەستنوێژ گرتن..) کەوردە وردە بەشێوەی یاساو بڕیاری فەرز دەرهاتووە. هەر بەم شێوەیەش بووە کەلەکاتی عیبادەت دا هێندێك دوعاو جوڵانەوە دروست بووە (بۆ وێنەسونیەکان بەدەستی بەتسراوە نوێژ دەخوێنن بەڵام ئەگەر شیعە نوێژەکەی ئاوا بخوێنێ بەتاڵە یا دەستنوێژکەهەر کامیان بەجۆرێك دەیگرن) ئەگەر وای دانێن کەبارودۆخەکە هەر بەم ڕەواڵە بڕواتە بەرەوە لەکوێوە دیارە کە(نوێژی یەکێتی) کەبەبۆنەی ئاشتبونەوەی سەرکۆمار بەنی سەدرو سەرۆکی وەزیران ڕەجایی لەئێران دا خوێندرا لەداهاتودا وەك نوێژی ئایات (کەبۆ بومەلەرزەو..دەیخوێنن) بۆ بەکردەوە دەرهێنان لەراگەیاندنەکانی کردەوەدانەیە!

دەتوانین چەندین بابەت دەست نیشان بکەن ئەوە بسەلمێنین کەڕژێم لەپێناوی پاراستنی دەسەڵات دا هیچ "خوایەك" ناناسێ و لەگشت شوێنێك جێگای دەستنوێژ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرتنەکانی بۆ کەڵك لێ وەرگرتنی خەڵکە نەك خۆی. چونکە تا بەم رۆ هیچ جەنایەتێك، هیچ درۆیەك، هیچ گاڵتە جاڕییەك (لەوێنەی دەست نیشان کردنی خامەنەیی بۆ "رێبەری"ی و دواتریش بوون بە"مەرجەعی تەقلید" لەجیاتی خومەینی)و هیچ تۆمەتێك لەدژی نەیاران و هیچ جەردەو فەسادو رشوە خۆرێك لەگەڵ گرفتی "یاسایی" و "حەرام کراوەکان" و "ئاکارە" ئیسلامێکان رووبەڕوو نەبۆتەوە. بەدرێژایی مێژوو هەر بەم جۆرە بووە جا چ ئیسلام و چ غەیری ئیسلام. ئیسلام هەرگیز پێناسەیەکی جیاوازی لەبەرژەوەندێکانی چین یا تویژێك نەبووە کەبەجۆرێکی دیاریکراو خۆیانی تێهەڵدەقوتێنن و هەڵوێستەکانیان بەو پاساو دەکەن. نابێ لەخۆوە بەشوێن شتێکی تەنیا دا بچین و خۆمان بەقیل و قاڵ گەلێکەوە لەزانانایانی فەلسەفە داوای یارمەتی بکا، بەهەمان شێوەیە!

هێندێك جار لەو ئاگاداریانەدا کەنەیارانی رژێم دەری دەکەن بەرژێمێکی ئیدیۆلۆژیك ناو لێ دەبەن، بەشێوەیەك کەگوایە ئیتر ئەو ئیدیۆلۆژیە بۆ رژێم یا هەر یەك لەباندەکانی مایەی دەردەسەریەو دەبێتە لەمپەڕی سەر رێگەیان، کەئەمەش لێکدانەوەیەکی هەڵەیە. ئەویکە رژێم کارەکانی خۆی بۆ خەڵك پاساوی ئیدیۆلۆژیك دەکا (لەوێنەی ئەوەی بەشداری لەفلانە هەڵبژاردن "زەرووری شەرعییە" یا "بۆمبی ئەتۆمی لەئیسلام دا حەرامە"!) ئەمە سەرچاوە گرتوە لەوەیکە ئەو رژێمە بۆ بەهێز بوون پێویستی بەپشتگیریی و بەڵگە هێنانەوە بۆ خواست گەلێك هەبووە کەتەنیا بەکلتورو زمانی ئاینی دەکرا بوترێ،




خەریك کەین کەزۆربەیان بێهودەن و لەدوو سێ دەهەی رابردودا لەسەر ئیسلام بەرپا کراون، کەوتنە شوێن ئاوا قاقرێك کەوتنە دوای رژێمە. کاتێك کەهاشمی ئاغاجارییان محاکەمە دەکرد لەیەکێك لەرادیۆکانی دەرەوەی وڵات باس لەوە دەکرا کەپێوەری جەهاد چییەو جێگاو شوێنی جەهادگێر کامەیە؟!!.. بەبڕوای نوسەر رژێم ئەو جۆرە شتانە بۆ پێوە خەریك کردن و خافڵاندنی خەڵك سازدەداو خۆشی بەریشیانەوە پێدەکەنێ. لەڕوانگەی بوش و محافزکارانی کۆشکی سپیشەوە ئەگەر کەسێك بەشوێن تێگەیشتن لەمانای فەلسەفەی "ئازادی"دا بگەڕێ و

ئاینێك کەئامرازی پەیوەندیی و رێکوپێکی بەشێکی زۆری خەڵك بەدرێژایی سەدەکانی دەسەڵات داری بوە، هەڵبەت بەیارمەتی زمانی ئەفسانە پیرۆزەکان و موعجزات و بەڵێنەکانی رزگاری هەتایی و فریودانە سەر سوڕهێنەرەکان کەلەکۆتایێکانی دەورەی شادا بە"زمانی رۆژ"یش رازێنرابونەوە. کەڵك وەگرتن لەو کلتورە یەکێك لەو ئامرازانە بوو کەخەڵکی وەگیان هاتوی خستە شوێن ئەو بەشە لەبۆرژوازی چاوچنۆك و تینو، بەشێوەیەك کەزمانی خومەینی قەندی لەدڵی ئەمپریالیستەکانی رۆژئاوایی دا دەتوانەوە کەدەیانویست تەنیا ڕەقیبەکەیان واتە شورەوی لەئەفغانستان دەرکەن، هەر بەو شێوەیەی

کـەقۆتب زادە دەیـوت کۆمـارێکی ئاسـایی شـورەویش بشێوێنن کەئاکامەکانیشمان دی.

سوار بوون لەسەر پشتی دین بەرژەوەندی گەلێکی بێ وێنـەی هەیـە! هـەر ئێسـتاش رژێـم کـەڵك لـەو کلتـورە وەردەگـرێ، هەرچـەند کـەزۆر کـەمتر لەپێشـوو پێویسـتی پێیەتی. رەفسەنجانی کاندیداتۆری خۆی بۆ سەرکۆماری بەشەرتی دیاری کردنی "ئـەرکی شـەرعی" خـۆی کـردوە! زۆر ئاسـاییە کـەکاتێك پێویسـتی بـەو "زمانـە تایبـەتی و کلتوریە ئیسلامییە" نەمێنێ بەزمانێکی تـر دەدوێ. زمانی باندێك کەبەدەسەڵات گەیشتوە پەیوەندی بەو هەلومەرجە هەیـە کەئـەوی بەدەسـەڵات گەیانـدوە، زمـانی پینۆشـە لەشـیلی، زاهیـدی دوای ٢٨ جـۆزەردان، سـوهارتۆ دوای کودەتا لەدژی سوکانۆو هەروەها یێلتسین لەروسیەو بوش لــەئامریکا لەبەرامبــەر یــەکتردا هەڵســەنگێنن بۆمــان دەردەکەوێ کەلەژێر ناوی ئازادی و دیمۆکراسیدا دەکرێ هـەر ئـەو جەنایەتانـە دوپـات بنـەوە کەبەپاساوی ئیسـلام کـراون. لـەژێر نـاوی مەسـیحییەت دا، ئـەنکیز یسـیۆن و شـەڕی جیهـانی سـەلیبی کەوتـەرێ و بەڕواڵـەت بەپشـت بەستن بەتەورات و هەڵبەت بەتانك و تۆپ، فەلەستین داگیر کرا (ترۆمین)یش بۆمببارانی ئەتۆمی هیرۆشیماو ناکازاکی بە"سپاس لـەخوا"و بـەپێی "بەڵای ئیلاهـی" پاساو کـرد. هەروەك چۆن لـەژێر نـاوی کۆمـۆنیزمیش دا جەنایەتگەلێك روویداوە کەهەرگیز شیاوی لێبووردن نین. پێویستە بڵێین کـەناتوانین ئیسـلام بـێ دەنـگ و بـێ لایـەن لەقەڵـەم بـدەین، چونکە بەو رادەیەی کەلەبەرژەوەندی چینە دیاریکراوەکان لایـەنگری دەکـا هـەر ئـەو دەنـگ و ماهیەتـەش بەخۆیـەوە دەگـرێ. هـەرگیز نابـێ تێگەیشـتنی مێـژویی لەئیسـلام لەبەرچاو نـەگیرێ. هـەروەك چۆن ناکرێ بەلـەدواوە روانین بەرەو پێش برۆین، نابێ بهێڵین مرودکان بەسەر زیندوکان دا دەسەڵات دارێتی بکەن.

لەئاکام دا خراپ نییە ئەوە بزانین کەرژێم چ مەبەستێکی لەگوشار هێنان بۆ سەر ژنان لەبابەت بەرێوەبردنی حیجاب هەیـە؟ وەڵام ئەوەیـە کـەحیجاب ئاشـکراترین نمونـەو تـەنیا مـارکی بازرگـانی "ئیسـلامی"یـە کـەرژێم بـۆی ماوەتـەوەو چینی دەسـەڵاتدار پێویسـتی پێیـەتی، یەکەم بۆ کەسانێك کەکوڵەکـەی کـوێرو سـەر بـەژێری ئـەون (کەهەردوکیشـیان کەڵك لێك وەردەگرن) ئەوە بسـەلمێنن کەبەئیسـلاح غیرەت و نـاموس و پـاك داوێنــی ئیسـلام لــە"هێرشــی کلتــوری" دەپـارێزێ. دووهـەم کاریگـەرێکانی روانگـەی پیـاو مـەزنی ریشەدار لەکۆمەڵگادا دەبێ لەبەرچاو بگرین کەسـەد جۆرە هەوەسـبازی شـەرعی و سیغە لەبابـەت "ناموسـی" خـەڵك بەرەوا دەزانن بەڵام لەهەمان حاڵیشدا زۆر غیرەتی دەروانە "ناموسی" خۆیـان و لەبابەت داسەپاندنی حیجاب بەسـەر ناموسی خۆیاندا لـەقوڵایی دڵـەوە خۆشحاڵن! بـەڵام خاڵی سێهەم و گرینگتر لەهەمووی ئەوانە پێکهێنانی سوکایەتی، تــرس و داســەپاندنی دەســەڵاتی سیاســییە بەســەر کۆمـەڵگادا. سـاتێك بـیری لێبکـەوە هـەر بـەو یاسـا دوو رەسـتەییەی حیجـاب، زیـاتر لـەنیوەی حەشـیمەتی ئێـران دەکەونـە بـەر زوڵـم و ژێـر چـەپۆکی شـارۆمەندانی ئاسـایی ئـەوکات، خۆتـان هـەزاران ئاکـامی ئـەو ژێـر چـەپۆکییە لەبەرچاو بگرن.

رژێمـی سـەرمایەداری چاوچنۆك و تـازە پێگەیشـتووی ئێران لەرێگای پەرەپێدانی چەوسانەوەو ئاخنینی گیرفانی خـاوەن سـەرمایەکان و بەبـەقوڕدابردنی زۆربـەی خـەڵکی ئێــران توانیــوێتی بەپشــت بەســتن بەئیســلام، زۆرێــك لەدەستکەوتەکانی بزوتنەوەی کرێکاری پێشێل کا.

خومەینی هەر لەیەکەم مانگەکانی هاتنە سەرکارییەوە سەرمایەدارانی بەوە دڵنیا کرد کەلەدەسەڵاتی ئیسلامیدا باشتر لەهـەر دەسـەڵاتێکی تـر بەرژەوەندیەکانیان پـارێزراو دەبێ. ئەحمەدی تـەوەککولی وەزیری کـاری دەیـەی ١٣٦٠ زۆری هەوڵدا کەپەیوەندییەکانی نێوان کرێکارو خاوەن کار بـەپێی "یاسـای ئیجـارە"! دارێـژێ، هەرچـەند کەبـەهۆی نارەزایەتییەکانی کرێکاران لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوو، بـەڵام خـۆ گەڵاڵـەکانی تـری رژێـم، لەوانـە دەرهاویشـتنی کەمتر لەپێنج کەس لەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی، بەنەتیجە گەیشت. ئەوانەی کەبەئعتباری وێرانکارییە بـەر بڵاوەکانی ئێستای، رژێمی ئێران بە"بێ عـوورزە" دەزانن خـراپ نییـە ئەگـەر چاوێك بەداهاتـە لەئـەژمار نـەهاتووەکانی دەسـت و پێوەنـدەکانی و کـار گـوزارانی پلـە چـەندی ئـەو رژێمـەدا بگێــڕین تــا بۆیــان دەرکــەوێ کــەئێران بەهەشــتی ســـەرمایەدارانە! هــەر ئـــەو کـــارەی کەســـەرمایەداری

لەسەرانسەری جیهاندا دەیکا، کوێ ماوە تا بەقوڕی ڕەشیدا نەباتە خوارێ؟

کەڵك وەرگرتن لەئامرازەکانی ئیسلام بۆ مانەوەی ڕژێم تەنانەت لەچاڵە نەوتەکانیشی بۆ ئەو گرینگی زیاتری هەیە، بەڵام ئەمە شوشەی تەمەنی ڕژێم نییە. ڕژێمی سەرمایەداری دەسەڵات دار، بۆ مانەوەی خۆی بەکەڵك وەرگرتن لەئامرازی دین دەتوانێ تەنانەت ڕەدکرنەوەی "دەسەڵاتی دینی"یش پاساو بکا. "ماکیاولیسم" دەمێکە بەرلەمانە کەوتۆتە شەلین!

مەبەستی ئێمە لەو نوسراوە کورتەدا بەشی زیاتری دەست نیشان کردنی ئەو خاڵەیە کەبەهیچ شێوەیەك بەکارهێنانی ئامرازی دین ئەو نەتیجەیەی کەهێندێك دەیگرن دەرناخا. ئەوان هەر بەهۆی ئەو پاساوە ئایینیانە، ڕژێم لە"بەرامبەر سەرمایەداری"دا پێناسە دەکەنو بەدوای ئەویش دا، بۆ خەباتی ئێستاکە ئێستراتژی جێگیرکردنی ڕژیمێکی سەرمایەداریو لیبڕاڵو ناسیاو هەڵدەبژێرن. لەکاتێکدا کەزیاتر لەچلێ ساڵە دەسەڵاتی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لەئێران دا بەرێوە دەچێ ئەمرۆکە، تەنیا بەخەباتێکی جەماوەریو هەمەلایەنە کەبۆچونێکی دژی سەرمایەداری هەبێو بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی کۆمەڵگا کەلەزەحمەتکێشان پێکهاتووە لەبەر چاو بگرێ دەتوانێ هەنگاوێك بەرەو پێش بنێ، نەك بەو بەدیلانەی کەهەر کامیان بەجۆرێك لەشوێنی خۆیان دا لێدەدەن، یا تەنانەت بۆ دواوە دەگەڕێنەوە. ئەو ڕژێمە چینایەتیە دەبێ بەخەباتی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری ئێران واتە کرێکارانو زەحمەتکێشانو بێبەشان تێك روخێندرێ کەزیاتر لەهەر توێژێکی تر پێویستییان بەئازادیو بەرابەری هەیە. ئەگەر کەسێکی بەڕاستی دیموکرات بێ دەبێ لەگەڵ ئەو زۆرینەیە یەك بێو لەتەداروکی جیدی ئەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵگرێ.

فێوریەی ۲۰۰۵

<u>سەرچاوەکان:</u>

(۱) قل یا ایها الکافرون. لا أعبد ما تعبدون. ولا أنتم عابدون ما أعبد. ولا أنا عابد ما عبدتم. ولا أنتم عابدون ما أعبد. لکم دینکم ولی دینِ. (سورةء کافرون، أیة ۱ تا ٦ کەگشتی سورەکەیە)؟.

(۲)لا إکراة في الدين قد تبين الرشد من الغيّ (سورة بقره، آية ۲٥٦).

(۳) إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابئين والنصارى من آمن بالله واليوم الآخر وعمل صالحاً فلاخوف عليهم ولا هم يحزنون. (سورة مائده. آية ٦٩).

(٤) إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابئين والنصارى و المجوس والذين أشركوا إن يفصل بينهم يوم القيامة إن الله على كل شىء شهيد. (سورة حج آية ۱۷).

(٥)ومن يبتغ غير الإسلام ديناَ فلن يقبل منه و هو في الآخرة من الخاسرين. (سورة آل عمران آية ٨٥).

(٦) بُعثتُ على شريعة سهلة سمحة. (حديث نبوى).

(٧) فإذا لقيتم الذين كفروا فضرب الرقاب حتى إذا أثحنتموهم.. (سورة محمد آية ٤).

(٨) الناس مسلطون على أموالهم (حديث).

(٩) أحل الله البيع وحرمّ الربوا. (سورة بقره آية ۲۷٥)

***



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئەوەی کەدەبێ ئیسلام نووسێك بیزانێ

نوسینی: ئەسەد سیف
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: عەزیز ئاجکیند

نزیك بەدوو دەیەیە کەئیسلام نوسێ واتە ئەو شێوە ئەدەبییەی کەلەلایەن رژێمە ئاخوندەکانەوە داهێنراوە، لەلایەن رێبەران و تئورییەنەکانی ج.ا یەوە تەبلیغ دەکرێ. بەڵام تا ئێستا پێوانەیەك و میعیارێك بۆ ئەم شێوەیە نەدراوەتە دەرەوەو تەعریف و پێناسەیەکی تایبەتی لێ نەکراوە. هەکەس بەبۆچونی خۆی هەندێك تایبەتمەندی بۆ دیاری کردووە. لەلایەکی دیکەوە گەلێك نوسەر بەدەوری رژێمەوەن کەخۆیان بەئیسلام نوس دادەنێن. بەسەرنجدان بەو شتانەی کەبەناوی ئەدەبیاتی ئیسلامیەوە بڵاوکراونەتەوەو هەروەها بەسەرنجدان بەدووپات کردنەوەی هەندێك لەو قسانەی کەلەلایەن تئورییەنە ئەدەبییەکانی رژێمەوە کراون، دەتوانین ئەوەی لێ هەڵێنجێنین کەقەڵەمی ئیسلامی نوسەکان دەبێ لەخزمەتی بیروبۆچوونی ئیسلامییەکان دا بێت. جگە لەمە هەر شتێکی دیکە، دژی ئیسلام و دژی بایەخەکانی تا ئێستای ئیسلامییەو هەر بۆیە بێ کەڵك و خراپن. لەسەر ئەم بنەمایەیە کەئیسلامی نوسەکان بەدەوری رژێمەوەن و دەوری دەدەن. خۆراکی لێ وەردەگرن و بەمەبەستی خزمەت پێکردنی بوونەتە پاساوچی سیات و فیکرو هەڵسوکەوتەکانی رژێم.

کاتێك راستییەکانی ژیان بەشێوەیەکی غەیرو واقەعی بوترێنەوە، ئاساییە کەگیرو گرفتەکانی ژیانیش ناتوانن خاوەن رێگاچارەی سروشتی بن. ئینسان لەچیرۆکە ئیسلامییەکاندا، یەخسری وەهمەکانە. نوسەرە ئیسلامیەکان زەینی خوێنەر سواری ماشینێك دەکەن تا بەرەو ئەو وێستگانە بیانبەن کەلەدەرەوەی زەمان و مەکان قەراریان گرتووە. ئەوان لەدەس ژیانی ئاسایی هەڵدێن بۆ ئەوەی بتوانن خوێنەر بەرەو سەفەری جیهانی خەونەکان رابکێشن. هەڵاتن و خۆ گێل کردن لەگیروگرفتەکان و ئازارەکان و ئەو نیگەرانییانەی کەلەکۆمەڵ دا هەن و نواندنی تەسویرو وێنەیەکی پێچەوانە لێیان، هەموو ئامرازێك بۆ ملکەچ کردنی ئینسانەکان و ئەوەی کەفێران بکەن کەمل بدەنە چارەنووسی خۆیان.

راستییەکان لەزەین و فیکری ئیسلامی نوسەکان دا تێکەڵ بەخەرمانەیەك لەرووداوە بێ ئەژمارەکانی دەرەوەی ژیان دەبێ و بەرازاندنەوەی وشەکان دەرخواردی خوێنەر دەدرێ.

ئەوە لەئووسووڵ و بنەماکانی ئیسلامی نوسێك کەپەنا بباتە بەر خەون و رۆحەکان و رووداوە نائاساییەکان کەوجودو بوونێکی عەینی و بابەتییانە نییە. ئیسلامی نوس لەبەر ئەوەی کەنایەوێ یان نابێ ژیان بناسێ، پەنا بۆ عەدەم دەبا. سەبارەت بەو جیهانەی کەلەبنەڕەتەوە قابیلی ناسین نییە، قەڵەمی وەگەڕ دەخا. ئەو بۆ ئەوەی کەپەنا بۆ مادییات نەبا چاو لەحاڵت جیهانی دەوروبەری دا دەنوقێنێ و پەنا بۆ خەو دەبا، بۆ ئەوەی بتوانێ حاڵەتە مالیخۆلیاییەکانی خۆی بنوسێتەوەو بیاننوێنێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو نوسەرانە گەلێك هەوڵی ئەوە دەدەن تا بەخوڵقاندن‌و سازدانی بەسەرهات‌و رووداوی نائاسایی کەکتوپڕ خوڵقێندراون دیمەنی سەر سوڕهێنەر بخوڵقێنن.

لەم نوسراوانەدا مرۆڤەکان نەك لەدەروونی چیرۆکەکەوە بەڵکو بەشێوەیەکی تەسادوخی وێنە دەگۆڕێ تا قسەی نوسەرەکانیان بڵێنەوە.

نوسەری ئیسلامی نوس بەو مەبەستە قەڵەم بەدەستەوە دەگرێ‌و چیرۆك لەزەینی خۆیدا تاوتوێ دەکا کەڕاستی‌و دروستی ئیسلام‌و درۆیینە بوونی کوفرو بێ دینی ئیسپات بکات. کەهەڵبەت لێرەدا مەبەستیش لەئیسلام تەنیا بەشی شیعەیەو لەنێو شیعەکانیش دا مەبەست تەنیا لایەنگرانی جمهوری ئیسلامییە. چونکە موسوڵمانی شیعە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بەکافر دادەنێ. هەر لەم ڕێگایەدایەکە رووباری خوێن وەڕێ دەخرێ‌و خوێن‌و شەهید بون لێك دەئاڵێن تا ئایەتە ئاسمانییەکانی پی ٰلێك بدەنەوەو ئەم دونیایەی کەئێستا لەبەردەسدایە بەهیچ‌و بێ بایەخی لەقەڵەم بدەن. خوێنەر کەدەس بەخوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە دەکا، دەتوانێ چۆنیەتی کۆتاییەکەی دیاری بکا.



فاسڵەی نێوان سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە پردێکە کەبەو وشەو کەلیمانە فەرش کراوە کەدەبێ خوێنەر بگەیەنێتە ئامانجی نوسەرەکە. وا دێتە بەرچاو کەچیرۆك نوس، ئیسلامییەکان لەپێشدا، ئاخری چیرۆکەکە دەنوسن. ئەوکات لەسەرەتاوە هەندێك رستەو جوملەی پێوە دەلکێنن. لەم نەوعە چیرۆکانەدا دەتواندرێ بەجوانی شوێن پێی خراپ لێ حاڵی بوونەکان‌و وەهمەکانی نوسەر هەڵ بگیرێ.

ئیسلام نوس، بەقەڵەمێکی ١٤٠٠ ساڵ لەوەپێشەوە، گرسۆزێك بەدەستەوە لەدنیای بەرین‌و ئاڵۆزی ئێستادا سەرگەردانن. هەڵسوکەوتەکان‌و داخوازییەکان‌و مەیلی قارەمانانی ئەم چیرۆکانە لەجادەیەك دا بەدرێژایی ١٤٠٠ ساڵ سەرگەردانن. بەرگی شەڕی قارەمانەکانی ١٤٠٠ ساڵ لەوەپێش بەجۆرەها شێوە دەکرێتە بەر ئینسانەکان‌و کەسایەتییەکانی ئەمڕۆکە، تا رەنگە بەم شێوەیە بتوانن شتێکی نوێ بەناوی هونەری ئیسلام پێشکەش بکەن. بەبۆچونی ئەوان ئەدەبیات بەبێ مەزهەب رەنگ‌و بۆیەکی وا نییەو ناتوانێ سەرکەتوو بێت. هەر لەم بارەیەوە لەژمارە ١٥ی پاشکۆیەکی کەیهان دا کەساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی‌دا بلاوکراوەتەوە، هاتووە:

"ئەدەبیات بەتەنیایی‌و بەبێ پشت بەستن بەمەزهەب ناتوانێ بایەخەکان‌و ئامانجە بەرزەکان بخوڵقێنێ".

دەبێ بڵێن کەبایەخە ئەخلاقییەکانی ئینسان‌و پێوانە ناسراوەکان ژیانی کۆمەڵایەتی لەنوسراوە ئیسلامیەکان دا شوێنێکیان بۆ نییە. لەبەر ئەوەی کەئاسۆی روانینی ئەو نوسەرانە کورت‌و بەرتەسکە، قارەمانەکانی نێو چیرۆکەکانیان بەهیچ جۆرێك‌و لەهیچ رێگایەکەوە ناتوانن خاوەنی پەیوەندیەکی سالم‌و ئینسانی لەگەڵ ژیان‌و کۆمەڵگا بن.

ئەو شتانەی کەلەگەڵ ئیدئولوژی ئەوان دا بێتەوە، چاکەو جێگای رێز لێگرتن‌و پەرە پێدانە، لەغەیری ئەم شێوەیەدا لەلای ئەوان هیچ بایەخێکی نییەو لەدژی رادەوەستن.

لەلای ئەوان هەر کەسێك کەلەمەکتەبی ئیسلام بەدوور بێت، ئینسان کوژو خوێن رێژو خراپکارو دەروون پیس‌و جینایەتکارەو لەبەرانبەردا، موسوڵمان‌و ئەویش شیعەکەی کەئەویش لایەنگری کۆماری ئیسلامی بێ، بەدوورە لەهەر چەشنە خراپەو ناڕەزایی‌و نمونەی پاکی‌و چاکی‌و..هتدیە.

لەئەدەبیاتی ئیسلامی‌دا کەمتر سەرنج دەدرێتە بارودۆخی ژیانی خەڵك‌و کۆمەڵ بەمەبەستی نواندنیان ئامانجتی ئەدەبیاتەکەیان بریتییە لەنواندنی قسەو تئورییەکانی نوسەر. واتە مەبەستیان تەبلیغاتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەزهەبییە. لەم جۆرە نوسراوانەدا بەکەمی دەتوانرێ فیکرو بیرێکی نوێو زەمانێکی کاریگەر بدۆزرێتەوە. تەواوی هەوڵی نوسەرەکان بۆ ئەوەیە کەئایەتەکانی قورئان لێك بدەنەوەو بەشێوەیەك لەنێو داستانەکەدا بیگونجێنن. ئیسلامی نوسەکان زۆربەی جار بۆ ئەوەی کەبنوێنن کەخاوەن بیرو خۆشن، لەنوسراوەکانی خۆیاندا ئەوەندە لەوشەی نابەجێو نامۆی عەیبیو قورئانی کەلێك وەردەگرن، وە ئەوەندە لەم کارەیاندا زیادە رەویی دەکەن کەلەزۆربەی چیرۆکەکاندا نێوەڕۆكو مەسەلە سەرەکییەکان لەبیر دەکرێو تەنانەت جاری واشە ون دەکرێ. بەپێی قسەکانی "خەزایی" کەیەکێکە لەکاربەدەستانی رژێم، "بۆ هونەرمەندانی موسڵمان گرینگ ئەوەیە کەرۆحی ئیسلام لەکارەکانیدا رەنگ بداتەوە".

واتە بەم پێیە بۆ ئەوان، ئامانجەکانیان بریتیە لەتەبلیغو، هونەر تەنیا ئامانجێکە یاخود ئامرازێکە بۆ ئەم کارەو بەس خودی خامنەیش لەم بارەیەوە، وتویەتی:

"هونەر ئامرازێکی زۆر گرینگە. شۆڕشو ئیدئولۆژیو فەرهەنگی شۆڕشی ئێمەیە، پێویستی زۆری بەهونەرو ئەدەبیات هەیە.. شۆڕشو ئیسلام پێویستییان بەشیعر هەیە"

بەبۆچونی ئەوان هونەر تەنیا لەروانگەی ئیسلامەوە دەتوانێ خۆی بنوێنێو بەس. لەهونەری ئیسلامیدا ژیان هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ هۆکارە عەینیو بابەتییەکانو راستییەکاندا نییە. خودا سەرچاوەی هەموو شتێکەو دەتوانێ هەموو کاتێك کار بکاتو بەڕێوەیان ببات. ئینسان لەبەرانبەریدا، مرۆڤێکی بێ توانایە.

کەوایە سروشتییە کەهەموو مەسەلەکان هەر لەهونەرەوە بگرە تا ئابووریو سیاسەت، لەلایەن خوداوە چارەسەر دەکرێن، نەك لەلایەن ئینسان خۆیەوە. لای ئەوان هەر بەو شێوەیەی کەخودا پەیامبەری بۆ رێنوێنی کردنی خەڵك نادرۆتە سەر زەویو ئیمامەکانیشی هەر بەئەم مەبەستە ناردوە یاخود رای سپاردون، کاری هونەرەکانیش دەبێ پێدا هەڵگوتن بەسەر نوێنەرانی مەزهەب دا بێت. لەپاشکۆی بەشی ئەدەبو هونەری کەیهانی ساڵی ١٣٦٤ نوسراوە:

"بەجورئەتەوە دەتوانین بڵێین کەبەبێ پەیوەندی ئەدەبیات لەگەڵ دین، بوونو نەبوونی وەك یەك وایەو ناتوانێ گرینگییەکی ئەوتۆی هەبێت".

یان دەڵێن:

"ئیسلامی نوس حیزبووالهیەکی خالیسە"

هونەر لەبارەگای رژیم دا تا ئاستی تەبلیغات دەهێنرێتە خوارێو ئەم رژێمە کەبەرنامەو ئامانجو ناوەڕۆکی هونەر، بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخی بوونی خۆی دیاری دەکا.

شەڕ لەگەڵ "مونافەقین"، شەڕ، خەبات لەدژی کوفرو ئامریکاو شورەوی هیتر، کەهەر کام لەمانە بریتی بوون لەنێوەڕۆکی ماوەیەکی کورت لەهونەری ئیسلامی، کەئێستاش هەر بەردەوامن. مەسەلەیەك کەبەشێوەیەك لەچیرۆکە عامییانە مەزهەبییەکانی ئەم ساڵانەی دواتریش دا بینراوە. لەچیرۆکە کۆنو قەدیمیەکان دا بەتایبەت لەو زەمانانەدا کەخەلافەتو سەڵتەنەت بۆ خولەفاو شا موسوڵمانەکان بوو، تەرویجی عەقیدەو مەزهەب ئامانجی سەرەکی نوسراوەکانیان بوو.

بۆ نمونە لەیەکێك لەو نوسراوانەدا هاتووە:

"ئەسکەندەر وتی:

بەو مەبەستە هاتووم کەدینی ئیسلام لەهێندوستان بڵاو بکەمەوە".

یان:

"خەڵکی خودا بەرەو خودا بانگەواز بکەم"

هەڵبەت سروشتییە کەهەر کەسێك موخالیفی ئەمە بێت، دەبێ لەنێو بچێ بۆ وێنە بڕوانن هەر لەو دەقەدا ئەسکەندەر دەڵێ چی:

"ئەسکەندەر وتی ئەگەر نەبی بەئیسلام لەگەردنت دەدەم، لەوەڵام دا وتی لەگەردنم بدە. ئەسکەندەری ئەمری دا تا بەرەو لەشکرگای بەرن تا بەسەزای خۆی بگەێنن".

ئیسلام نوسەکانی ئەمڕۆی ئێران هیچ جیاوازیو دژایەتییەکیان لەگەڵ مودەعییە سەرەتاییەکانی خۆیان دا نییە. بۆ نمونە، لەزەمانی سەفەویدا ئەو کاتەی شاکان پێویستییان بەمەزهەب بوو، نوسەرانو دەروێشەکانو حەکایەتو بەسەرهات گێرەوەکان، جلو بەرگی مەزهەبیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبەر قارەمانەکانیان دەکرد، تا گویگرەکانیان وەك کەسانێکی خاوەن ئیمانو فیداکار بار بنێنن. ئەوە پێویستیەکانی رۆژانەی حکومەت بوو کەدیاری دەکرد قارەمانی چیرۆك دەبێ چ جلو بەرگێك لەبەر بکا. زەمانێك کوشتنی سوننی مەزهەبەکان پاداشتێك بوو کەبۆ ئاخیرەت بەحیساب دەهاتو لەزەمانێکی دیکەدا کەسێك بەناوی "جوسین کورد" رادەپەڕێ تا لەگەردنی ئەوان بدا کەلایەنگری سونییەکانن.

"ئیسلامی نوس" بەمەبەستی گەشتین بەئامانجی خۆی، پەنا دەباتە بەر عالەمی خەیاڵ، چونکە ناتوانێ کەڵك لەئایەتە زەمینییەکان وەرگرێ.

دەست پێکردنی ئیسلام بەخەیاڵ شکڵ دەگرێ. وەحی بۆ مەحمەد دێ کەبخوێنە "ئیقرە بی ئیسمی.." وە بەم شێوەیە دینێکی نوێ بناغەکانی دادەرێژێ. چونکە ئیسلام دینێکە چاوەدێری هەموو لایەنەکانی ژیان دەکا، شێوەو بناغەی ژیانی ئیسلام لەسەرو چی ڕاوەستاوە. حەزرەتی موحەمەد لەپەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبردنی ژیانو کاروباری تەواوکەری لەبەرەو ڕووبوونی لەگەڵ هەر گیروگرفتێکی تازەدا حوکمی نوێی دەدایە دەرێ. ئەو بەلایەنگیرانی دەوت: ئەم حوکمو دەستورانە لەلایەن خوداوە پێی وەحی دەکرێو بەم شێوەیە ئیسلام پەیوەندی لەگەڵ جیهانی غەیبو نادیار دا شگڵی گرت. بەپێی ئەم حوکمانە، کەسێك واتە خودا لەجیهانی غەیبەوە چاوەدێری دەستنیدرێتەوەو ژیانی بەبێ خودا ناتوانێ لێك بدرێتەوەو شی بکرێتەوە. هەر بەم پێیە هونەری ئیسلامی بەنەبوونی اختیارو ئازادی تاکەکەس شکڵ دەگرێو هونەرمەندی موسوڵمانیش وەك موسوڵمانەکانی دیکە دینو یەخسیری دەستی جەبرە. ئەو تەنیا لەچوارچێوەی ئەم جەبرەدایە کەئیجازەی گەشەو هەڵدانی هەیەو لەچوارچێوەی ئەم جەبرەدایە کەئیسلامی نوس بۆ نوسینی چیرۆە عامیانەکانی دەست دەداتە فرە وێژیو زێدەڕۆییو لەشێوەی نوسیناو خەیاڵەکانی تێدا دەنگونجێنێ. نیوەرۆکی ئەم چیرۆکە عامیانە بریتین لە:

"تەوەهووم، خورافات، زێدە وێژییە سەیرو سەمەرەکانو کردەوە نایاساییەکان کەسنوری تەبیعەت دەبەزێننو لەئاسمانەکانەوە باری چیرۆك دەکرێن. واتا مەسەلەیەك کەلەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ بۆ جارێکی دیکە لەشکڵێکی نوێدا دەژێتەوە.

خەون، بەشی سەرەکیو زۆرینەی چیرۆکەکانی دەورانی سەفەوی پێك دەهێنا. واتە ئەو شێوازە لەنوسین کەئێستا کەلەچیرۆکە ئیسلاییەکان دا دەبینرێ. بۆ نمونە لە"ئەبو مسلم نامەدا" کەیەکێك لەنوسراوەکانی سەردەمی سەفەویە، زۆربەی ئەو رێنوێنیانەی کەبۆ ئەبو مسلم قارەمانی چیرۆکەکە دێت، لەخەوداو لەرێگای عەلییەوە دەهاتن.

ئێستاش ئیسلامی نوس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە"دەبێ نوسەر تەعبیرگەری خەوبێ".

دەڵێن بەشێکی زۆر لەجیهانی غەیبو نادیار بەهۆی گەشەو بەرەو پێشچوونی زانستو فەلسەفە بەرووماندا دەکرێنەوەو بەشێکیان بەهۆی خەوبینینو بەشێکیان بەچونمان بۆ قیامەتو هەروەها بەشێکی دیکەیان رەنگە قەت بەرووماندا نەکرێنەوە.

ئەو قسەی ئەوان هەر لەسەر ئەو باوەڕانەیە کەرادەگەنین:

"لەجەبهە خوێناوییەکانی شەڕ حەقو باتڵ دا، گەلێك لەتەرحەکانی شەڕو سەرکەوتنەکان بەهۆی دتینی خەونێکەوە بەرێوە براونو بەسەرکەوتن گەیشتوون.. ئەگەر دەرکێکی قوڵو مەزهەبیمان لەخەون ببێ، دەتوانین لەو بەشی تەمەنمان کەزۆربەی کات غەفڵەتەوە بێ کەڵك ماوەتەوە، کەڵك وەرگرین.. نوسەری ئیسلامی دەبێ ئەم بەشە لەتەمەنی ئینسان بەبەشێك لەکاری خۆی بزانێ.. بەپێی ئەم لێکدانەوانەی کەلەسەرەوە کران دەردەکەوێ نوسەری ئیسلامی دەبێ فێری زانستی تەعبیری خەون بێ".

بەبۆچونی ئەم هونەرمەندانە، خەون دەتوانێ ژیانی ئینسان لەکاتی بەخەبەر بونیش دا رێنوێنی بکات.

هەر لەم بابەتەوە دەڵێن:

هەندێك لەپیاوانی خودا کەلەسەر زەوی بەپەیامبر ناسراون، لەخەون دا وەحییان بۆ کراوە. بۆ وێنەی، سێ جار لەخەودا وەهی بەئیبراهیم کردوە کەکوڕەکەی ئیسماعیل بکات بەقوربانی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەروەها شەهادەتی ئیمام حوسێن لەکەربەلا، پەیامبەر لەرێگای خەونەوە پێی دەزانێ و یوسفیش لەخەوندایە کەلەداهاتوی بەشکۆی خۆی ئاگادار دەبێ".

تئورسنیە هونەرییەکانی رژێم، بۆوەی کەئەم ئامرازە سادەییە لەلایەن هەموو کەسێکەوە کەڵکی لێ وەرنەگیردرێ، هەندێك پێوانەو بنەمایان بۆ دیاری کردووە. دەڵێن:

خەونی هەرکەس ناتوانێ وەدی بێت. ئەگەر خەونەکان بەگشتی وەدی بێن، ئەوا ئیتر سەرکەوتنی خەونەکان بەرتەسك دەکاتەوە. کەوایە هەموو خەونێك قەبوڵ ناکرێ و جگە لەمە دەڵێن کەسەرکەوتن و وەدیهاتنی خەونەکان پەیوەندی بەزەمانی خەون بینین و هەروەها ئەو کەسەوە هەیە کەخەونەکە دەبینێ. دەڵێن خەونی سەرکەوتوو دەبێ لەبەرەبەیان دا کەسێك لەپێش یان لەپاش نوێژی بەیانیان بێت. دەڵێن: خەونی چاك فەزای پێویستیشی دەوێ. بۆ وێنە نەوعی جێگاو بانەکەو گەرمای زۆر یان ساردییەکەی، دەبێ بەهۆی ئەوە کەخەونەکان هیچ تەعبیرێکیان نەبێت. وە تەبیعییە کەزوعی خواردنیش ناتوانێ لەواقعییەتی خەون دا بێ تەئسیر بێت. هەر لەم پەیوەندییەدا دەڵێن:

"نەوعی خواردنێك کەلەپێش خەودا دەخورێ و هەروەها ڕادەی خواردنەکەی لەڕاستی و دروستی خەون دا تەئسیری هەیە.

هەڵبەت دیارە کەلەم نێوەدا خەونی کافر هیچ بایەخێکی نییە. لەم بابەتەوە دەڵێن:

"خەونی مرۆڤی خاوەن ئیمان و ڕاست کردار لەخەونی کافرو مونافیق واقعی ترە.

هەروەها خەون لەگەڵ جنسیەتیش دا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیەو خەونی منداڵ و ژن و پیاو تەعبیری جۆراوجۆریان هەیە.

بێچارە ئەو نوسەرەی کەدەبێ ساڵ دوازدەی مانگ بخەوێ بۆ ئەوەی لەخەونێك سوژەیەك بدۆزیتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین کەخەواس و هەڵبژاردنەکانی نێو کۆمەڵ چەکی خەون بەدەستەوە دەگرن تا بیکەن بەئامرازێك بۆ خەڵەتاندنی خەڵك و هەر لەم پەیوەندییەدایە کەدەڵێن:

"نوسەرانی موسڵمان بەپشت بەستن بەهێزی لەبن نەهاتووی خودا، بەردەوام دەنوسن، تا بەم شێوەیە بایەخە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی، بپارێزن.

خەون جێگایەکی تایبەتی لەچیرۆکە ئیسلامییەکاندا هەیە. لەم رێگایەدا کەمتر نوسەرێکی ئیسلامی هەیە کەبۆ نوسین کەڵکی لێ وەرنەگرێ.

سەرنج بدەنە ئەم چەن بەڵگەیە لەم نوسراوانە:

"... پیاوەکە هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئازای ئەندامی بەجلوبەرگی سەفەر پۆشراو بوو، بەرەو لام هات. چاوەکانی وەکو خۆر دەتروسکایەوەو روخساریش هەر لەوێنەی ئاسمان. لەگەڵ هەڵچوونی خوێن "لەنێو بۆشایی خودا" بوومە بینەرو شەیدای سروشت و خولقێنەرەکەی. روخساری بێگەردو بزەی سەر لێوانی پیاوەکە، دەروازەی بەهەشتێك بوو کەبەڕووم دا کرابووەوە. چۆن دەم توانی لەگەڵیا نەڕۆم؟ رووم کردە پیاوەکەو وتم لەگەڵ خۆتا بم بە. پێکەنینێکی وان و لەبەردڵان. بێدەنگ بوو. خوێنیش هەروا هەڵدەچوو. جارێکی تریش داوام لێکرد لەگەڵ خۆی دا بمبات هەر وا بێدەنگ بوو.."

-"سەزم بەدەم پێکەنینەوە هاتە دوان و وتی:

"لەگەڵیان قسەم کردووە" مەبەست لێرەدا بنەماڵەی شەهیدانە ئەوان بەباشی قسەکانی منیان لەگوێ دەگرت و حاڵی دەبوون. دەیان وت شەوانی هەینی دەچنە سەر قەبرەکەیان. خەوەکەیان نزیك دەمو بەیان و هاودەم لەگەڵ شەهیدەکانیان. چ هات و چۆیەکی زۆرو چەندە جوان و رێوپێك.

سەروەرم من بەخیل نیم. تەنیا ئەوەندەم دەوێ بۆ جارێکیش بێ ئەحمەد بیتە خەوم، بەڵێن بێ هیچی لێ نەپرسم.

"لێرەدا مەبەست لەشەهیدەکانە کەدەچنە خەوی بنەماڵەکەیان"

-چیرۆکی ئەمجارە، دەمە قاڵەی دایك و کوڕە لەخەودا.

-.."نەنە کاتم زۆر نییە. دەبێ بگەڕێمەوە. دەمەوێ لێت بپرسم بۆچی ئەوەندە لەگۆشەو کەنارا دادەنیشی و حەسرەت دەخۆی؟ بۆچی ئەوەندە پێت وایە مەجید



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نامرادە؟ ئیتر لەمەوبەدوا نەبگریو نەحەسرەت بخۆ؟ لەدرێژەی قسەو باسەکەا دەڵێ بریا زۆر لەوە زووتر بۆ ئێرە هاتبایەم. مەحەمەد حوسێن بڕوا بکە مەجید ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کەمەپرسە! منیش کەلەخەو هەستام یەکسەر دەستم کرد بەپاڕانەوەو لالانەوەو فاتیحە دادان. نەم دەزانی نیوەشەو یاخود دەمەو بەیانە. هەر ئەوەندەم پێکرا هەزارو یەك درودو سلاوی بۆ بنێرم.

ئەوەش دەبێ لەبەرچاو بگیرێ کەئەم چیرۆکەانە کۆمەڵێك ئامۆژگارین کەدەبێ لەبەرچاو بگیرێنو هەرکامیان ببنە ئاوێنە بالا نوێنی بۆ خوێنەرانو تامەزرۆیانی ئەم شێوازە لەم چیرۆکەکان.




کۆماری ئیسلامیش کەڵك زۆر لەم شێوازە لەچیرۆك نوسو وەردەگرێ تا بەم شێوەیە بناغەکانی دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکات.

دونیای غەیبو چارەنووسو پشت بەستن بەعیلمی غەیب، لایەنێکی بەرچاوو گرینگی ئیسلامی نوس پێك دێنێ.

ئەم لایەنە دەبێ بەتەواوەتی بەئیسلامەوە گرێ بدرێو ئیسلامی نوسیش دەبێ بەتەواوەتی ڕەچاوی بکاتو ئیسلامی بوونی چیرۆکەکە بپارێزێ. ئیسلامی نوس مەجاز نییە لایەنی "فەساد" شی بکاتەوەو یاخود دەس بکات بەپێدا هەڵکوتنی. لەبەر ئەوەی لەناویدا وون دەبێو مەجالو دەرفەتێکیش بۆ ڕاگرینەکانی سەر بەرۆژئاواو رۆژهەلات دەرەخسێنێ کەتەبلیغی پێوە بکەن.

بەشێوەیەکی سادەتر با ئیسلامی نوس دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتو تەنگوچەڵەمەکانی سەر گۆی زەوی، پەنا بۆ ئاسمانو ئیرادەی خودا بەرێو چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانەو لابردنی سەرجەم کۆسپو تەگەرەکان، دەبێ بەدونیای غەیب بسپێردرێ.

بێگومان ئەگەر بێت ئەم ڕاسپاردەیە لەلایەن ئیسلامی نوسەوە بەباشی بەرێوەبچێ ئەوا لەلایەن ڕژیمەوە تەشویق دەکرێ ئەگەریش بێتو جیا لەوبێت ئەوا مۆرکی نۆکەری بێگانەی بەسەردا دەسەپێ.

ئیسلامی نوس تێدەکۆشێ ئەو جۆرە بنوسێ کەلەقورئان دا هاتووە. لەبەر ئەوەی قورئان ئۆلگوی ئیسلامی نوسەکانە. نابێ لەنوسنێك دا کەبەسەبکی ئیسلام دەنووسرێ، لەخەتی ئیسلام لا بداتو دەبێ لەژێر ئالای ئیسلام دابێ. ئەگەر بێتو زەرەیەك نوسینەکە لەژێر ئەو ئالایەو ئەو دروشمەی سەر ئالاکە بترازێ ئەوە بەخەتایەکی گەورە دەژمێردرێ. هەموو هێزو تواناو لێهاتووی نوسەری ئیسلامی نوس دەبی لەخزمەت دۆزینەوەی ئەو کۆمەڵە پیلانو پرۆژانە دابێ کەلەمەکتەبی ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێ. بەواتایەکی تر، ئیسلامی نوس دەبێ بەتەواوەتی لەژێر گاریگەری مەکتەبی ئیسلام دابێو دێر بەدێری نوسینەکانی هەڵینجراوی ئەو مەکتەبە بێ.

گومان لەوەدا نییە کەسەرجەم ئەو پیلانو پرۆژانە نابێ مستحالیك لەمەبەستی رژێم لابداتو دەبێ تەواویان لەژێر ئەو بیروکەیەدا بن کەخۆیان مەبەستیانەو دێر بەدێریان داڕشتوە.

لەوانەیە لێرەدا بواترێ کەئیسلامی نوس "ئیمانی بەدونیاو قیامەت هەیەو بەسەر دونیای غەیب دا زاڵە". ئیسلامی نوس دەتوانێ وەها شتێك لەتەوەهوومو خۆش باوەڕیەك زیاتر نییە. یاخۆ پێوەرو بایەخەکانی هونەرو ئەدەبیات بگۆڕێو بەتەواوی هێزو تەقەلای هۆی بەرەو لای تیشکی خۆرو خودا، هەنگاو بنێو خەڵك بەرەو لای



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئالانەکانو ئایین رابکشێی تا رژێم بەدەرە سەریەکی کەمتر پیلانەکانو کارەکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ.

لای ئیسلامی نوس خەتایەکی گەورەیە کەلێکۆڵینەوە لەسەر باسێك بکات کەجیاوازی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام هەیە. یان خۆ باس کردن لەخوڕەوشتی ئیسلام لەلایەکی ئەو خەتایانە دەژمێردێ کەئیسلامی نوس توشی دەبێت. ئیسلامی نوس نابێ لەنوسینەکانیدا، لەبابەخەکانی ئیسلام لابدات و دەبێ لەسەر رەوتێك پێداگرێ کەئیسلام بەتەواوی بەسەری‌دا زاڵە.

دواکەوتنو خۆ خەریك کردن بەباسێکەوە جیا لەمەکتەبی ئیسلام، خزمەت بەئامانجێك دەکا کەتێیدا بیروهۆشی ئینسان تووشی دارمان دەبێت و لایەنی فەسادو خراپکاری تەشەنە دەستێنێ و بەهێزی دەکات.

بەواتایەکی تر ئەگەر بێت و ئینسان سەبارەت بەو شتەی کەلەدەوروبەریێتی و دەیبینێ و هەستی پێدەکا، بیر بکاتەوەو لایەنە جۆراوجۆرەکانی شی بکاتەوەو قەڵەمی نوسینی وەگەڕ بخات، لەئیسلام لا دەدات و بەرژەوەندییەکانی ئیسلام دەکەوێتە خەتەرەوە.

لادان لەچیرۆکەکان، یەکێك لەو قەرسیانەی کەئیسلامی نوس هەیەتی ئەمە بەشێکە کەموسوڵمانەکان دەس بەجێ تەعبیری جنبی لێ دەکەن. هەر ئەم مەترسییە کەوا لەچیرۆك نوسی ئیسلامی دەکات، پیاو وەك پاڵەوانی چیرۆکەکەی هەڵبژێرێ. بەسەرنج دان بەم چیرۆکانە دەردەکەوێ کەپاڵەوانی چیرۆکەکە تەنیا دەبێ جنسی نێرینە بێت جا گرنگ نییە کەسەکە لاو بێت یا منداڵ. گرینگ ئەوەیە کەدەبێ نێرینە رۆڵی قارەمانەکە بگێرێ. لەبەر ئەوەی ژنان لەدیدی ئەوانەوە زەعیفەو ناتوانێ ئەو دەورە بگێرێ. ژنان بەزۆری لەم چیرۆکانەدا یا دایکن یا خۆ ژنە شەهیدن. شك لەوەدا نییە کەژن دیسانەوە لەدیدی ئەوان دا، مرۆڤێکی دەرەجە دوو دەژمێردرێ و هەر دەخرێتە حاشیەوەو وەك کەسێکی لاوازو ترسنۆك و ئۆقرە نەگرتوو گرینۆك لەچیرۆکەکان دا دەناسرێ.

تەبیلغ بۆ ملکەچ بوون لەبەرانبەر چارەنووس دا، دیارەو داهێنانێکی تازە نییە. ئەمە لایەنێکی گرینگی چیرۆکە ئیسلامییەکانە.

ئیسلامو کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی مێژوو پەرە پێدەری ئەم رەوتە بوون تەواو دامودەزگا تەبلیغییەکەشیان هەر لەم پێناوەدا دەخەنە گەڕ.

"کەواتە شەهریار:

"هەموو شتێك لەچاو قەزاو قەدەر بزانەو هەرچی خودای گەورە خوڵقاندویەتی و بەسەر خوڵقێنەرانی‌دا سەپاندووە، هەر ئەوەیەو کەسیش جیا لەخودای دنیاو قیامەت، ئاگاداری غەیبی کەس نییە."

کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکە ئیسلامییەکان هەر لەسەرەتاوە تا بەئەمڕۆ یەك تین هەر دەڵێی پاڵەوانەکانی بۆ ئەوە بەشداری لەچیرۆکەکان دا دەکەن کەئەرکی یەکتر بەجێ بگەیەنین.

چیرۆکەکان هەر بەیەك شێواز دادەرێژرێن و دەنووسرێن و پاڵەوانانی چیرۆکیش هەر لەیەك قوماشن و جیاوازێیەکیان نییە. ئەوە چارەنووسە ئەوان لەیەك جیا دەکاتەوە یان خۆ لەیەکتر دایان دەبڕێ.

مرۆڤەکانی تری ناو چیرۆکەکان، سیمایەکی شپرزیان هەیەو هەموویان ناهەماهەنگن. ئەرکی ئەم کار ئەکتەرانە، تەنیا گەیاندنی ڕاوبۆچوونی نوسەرەکانیانە.

ئیسلامی نوس بەردەوام تێدەکۆشێ لەو مجوەرە بەرتەسکەی کەبۆی دیاریکراوە، بیرۆکەکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ. قەڵەمی ئیسلامی نوس زمنحاڵی دەردو ئازارەکان، عەشق و خۆشەویستی نییە. ئەو لەراستی‌دا نوسەرێکە بۆ ناساندنی ئیدئۆلۆژی ئیسلامو ئایین و قورئان. بۆ ئەم بەستەش لەوشە گەلێکی سەیرو سەمەرە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك کەڵك وەردەگرێ.

لەهیچ چیرۆکێکی ئیسلامی‌دا، ئینسانی باش و داوێن پاك "مەبەست تەنیا موسوڵمانە" تووشی گیرگرفت نابێ. لەپاڵەوانانی چیرۆکەکە کەسایەتییەك دروست دەکەن کەهیچ کەس ناتوانێ زەفەری پێ بەرێ. کاتێکیش کەشەهید دەبن یان لەلایەن پیاوانی "دژی شۆڕش"وە سینگیان بەگوللە دەپێکرێ، نەك ئەوەی کەنامرن و کۆتایی بەعومرەن نایە، بەڵکو بەهەشتی پان و بەرینیش بەباڵایان دەبڕن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاڵەوانانی چیرۆکەکان هەروەك چیرۆکە کۆنەکانی ئێران، باش و خراپن. ئەگەر بێت و پاڵەوانێك رۆڵی خۆی بەباشی نەنوێنێ، لەکۆتاییدا یا دەکوژرێ یاخۆ سزا دەردێ یا ئەوە کەلەژێر زەخت و گوشاردا دەبێ ئیمان بەرێگای راست بێنێ رێگای رێ رەوانی خودا بگرێتە بەرو ئەگەریش هات و شەهید بوو یان رووداوێکی بۆ پێش هات، دەچێتە دنیای خەیالاتی خۆییەوەو لەڕاستیدا بەرپزی نووستووەکان پەیوەس دەبێ.

عیلمی غەیب ئەو دروشمە بوو کەلەنێوان شەڕی (۱) ساڵەی عێراق و ئێران دا، بەشێوازێك تێکەڵ بەئەدەبیاتی ئیسلامی کرابوو. ئەم بەشە وەك لایەنێکی بەهێزی ئەدەبیاتی ئیسلامی سەیر دەکراو لەلایەن چاوەدێرانی هونەرو ئەدەبیاتی ئیسلامی هەوڵ و بۆ گەشەسەندنی دەدراو تەنانەت لەڕاگەیەنەکاندا تەبیغی بەرچاویشی بۆ دەکرا.

سەرباری هەموو ئەو شتانە کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن و تیشکمان خستە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو شێوازە لەئەدەبیات و هەروەها ئەرك و وەزیفەکانی ئسیلامی نوس، سەدان و بگرە هەزاران نمونەی تر لەئەدەبیاتی ئیسلامی، دەتوانین بێنینەوە کەتەوەهووم و خۆش باوەڕی و عیلمی غەیب، کاریگەری بەرچاویان تیایاندا بووە.

هۆی بەشداری نوسەر لەم چیرۆکانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ زەق کردنەوەی ئەو مەسایلەو دووبارەکردنەوەیان. ئەو مەسایلەش رێك هاوشێوەن لەگەڵ دەورو نەقشی چیرۆکەکان لەسەردەمی سەفەویدا.

ملکەچ بوون، پاڕانەوە، عیلمی غەیب، خورافات، ئەو وشە بریقە دارو رازاوانەی ناو چیرۆکەکانی چەندین سەدە لەمەوبەر پێك دێنن کەئەمڕۆکەش بۆ جارێکی ترو لەسەدەیەکی تردا، گەرەکێتی خۆی تێکەڵ بەو ئەدەبیاتە بکات.

جیاوازیەك کەلێرەدا دەبیندرێ و دەتوانێ تاڕاەیەك کەلێن بخاتە سەر ئەم ئەدەبیاتە بەکارهێنانی وشە گەلێکی تازەو ئەمڕۆییە وەك: شەڕ، خوێن، شەهیدبوون .

هونەرو ئەدەبیات لەبەرچاوی رێبەران و مەلاکان، کەرەسەیەکی تایبەتەو دەبێ بەتەواوەتی لەخزمەت ئیسلام دابێ و نابی لایەنی جۆراوجۆری جیا لەدەسەڵاتی مەزهەبی پێ بدرێ و کاتێکیش زۆر پەسەندو پیرۆزە کەلەخزمەت بەرژەوەندی ئەوان و بەرژەوەندی نیزامەیەکەیاندا دابێ.

هەرکام لەو نوسەرانەی کەتوانی بێتی خزمەتیی بێ ئەوپەڕ بەم رەوتە لەئەدەبیات بکات، لەلایەن رژێمەوە خۆشەویست بووەو هان دراوە بۆ درێژە پێدانی. بەم شێوەیە کەدەبینین شاعیرو نوسەرانێکی یەکجار زۆر بەدەوروبەری رژێمەوەن شت دەنوسن و بناغە هونەریەکانی رژێم دەپارێزن و هەوڵ بۆ سەقامگیر بوونی زیاتری دەدرێ.

زۆر بەکورتی:

ئیسلامی نوس ئێستا هیچ جیاوازێکی ئەوتۆی لەگەڵ سەردەمانی "سەفەوی"دا و تەنانەت سەردەمی خولەفای راشدینیش دا نییە. دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە(۳) دەیە بەسەر شۆڕشی ساڵی (۵۷)، تا ئێستا هیچ نوسەرو شاعیرێك لەعەرسەی ئیسلامی نوسیدا، نەیتوانیوە خزمەتێکی بەکەڵك و بەسوود پێشکەش بکات. کۆماری ئیسلامیش هەر ئەو چاوەڕوانیەی لەئیسلامی نوس هەیە.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین:

لەچوارچێوەی هونەرو ئەدەبیاتی ئیسلام دا هیچ ئیحساسێکی ئەوتۆ خاریج لەبیروباوەڕو ئیدئولۆژی ئیسلامی نابیندرێ.

گومان لەوەدا نییە کەئەم رەوتە ناتوانێ تەمەنی درێژ بێ. لەبەر ئەوەی کەهونەرو ئەدەبیات لەسایەی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا وەچەرخانی بەخۆییەوە بینییەوەو سنوری بەرتەسك و قەتیس ماوی خۆی شکاندووەو بەردەوامیش لەوەرچەرخان و پێشکەوتن دایە.

ئەم رەوتەیە کەدەتوانێ لەخزمەت بەشەری ئازادیخواز دابێ و هەر دیت و چەکەرە دەردەکاو گوڵەکانی زیاتر دەپشکوێن و بەرژەوەندییەکانی ئینسانی ئازا دەپارێزرێ.

***



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بەهێز بوونی تیرۆریزمی نوێی ئیسلامی



عادل ئەلیاسی

تیرۆریزمی ئیسلامی بەڕێوەیە تا شانبەشانی گلۆبالیزاسیون ڕێگای جیهانی بوونی خۆی بپێوێ و شوێن پێی سنوورەکان بسڕێتەوە. مێرشە تیرۆریستی‌یەکەی ١١ ی سپتامبر و لەوانە ویرانکردنی ناوەندی بازرگانی جیهانی، هەنگاوێکی گرینگ بوو . بەڵام نەك یەکەمین هەنگاو . بۆ ناساندنی سیمای جیهانی بوونی تیرۆریزمی ئیسلامی. لە گەڵ خۆتەقاندنەوەکانی ئەم دوایانە لە لەندەن، مێژووی ئوروپاش یەکەمین خۆتەقاندەوەی بە مەبەستی سیاسی- مەزهەبی لە لاپەڕەکانی خۆیدا تۆمار کرد. لە پەراوێزی ئەم دوو رووداوە سەرنجراکێشەدا بە سەدان و بگرە هەزاران هێرشی خۆتەقاندنەوە و کردەوەی تری تیرۆریستی لە لایەن ئیسلامی‌یە توندڕەوەکانەوە لە جیهان روویان داوە کە لە بوواری زەرەر و زیانی گیانی‌دا بە تراژیدیا بۆ مرۆڤایەتی دەژمێردرێن. ئەم چەشنە لە تیرۆریسم کە گەلێك دڕندە و بێ بەزەییە هاوکاتیش گەلێك ڕێکخراوە و پشت ئەستورە بە هێزی ماڵی و ئینسانی بێ ئەژمار کە ڕادەیان هەر ڕۆژ لە زیاد بوون دایە.

لە ئاوا دۆخێکدا ناکرێت بە دوای ئەو فاکتەرە بنەڕەتیانەدا نەگەڕێین کە هێزی بزوێنەری ئەم دیاردەیەن. هەستی بەرپرسایەتی و ئینساندۆستی، ویژدان و وشیاری مرۆڤایەتی وەڵامی لێمان دەوێت کە بۆچی جیهان لەو پەڕی پێشکەوتوویی‌دا کەسانێك لە ئامێزدا پەروەردە دەکات کە کردەوەی لەم چەشنە لە خۆ دەنوێنن؟ ئایا ئەم تیرۆریستانە تاقمێکی سەرلێشێواوی گیرۆدە بە نەخۆشی دەرونین؟ ئایا بە پێی سروشت دڵ پڕ لە قین و ئینسان کوژن؟ یان وەك هەندێك لە توندڕەوە مەسیحیەکانی ئامریکا باسی لێوە دەکەن، " شەیتان" ڕۆشتۆتە رووحیانەوە! ئەگەری ئەوە هەیە کە چەند کەسێك لەم تیرۆریستانە گرفتی دەرونییان هەبێت، بەڵام لەوەدا هیچ گومان نییە کە تیرۆریزمی ئیسلامی پێش لەوەی کە نەخۆشی تاکە کەس بێت نەخۆشییێکی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەو کەسانەی کە هەر جارە بە دەیان و سەدان کەس لە گەڵ خۆیان بەرەو تاریکی مەرگ دەبەن لوتکەی کێوێکن لە کردەوەی جینایەتکارانەی ئیسلامی‌یەکان. ئەم کەسانە تەنیا سەربازانی "بێبایەخی" سوپایەکن کە بە بیری زیانباری ئیسلام چەکدارە و ڕێژە دەکات تا ڕیشەی هەرچی بیرێکی ئازادی و پێشکەوتووخوازی‌یە لە بن هەڵکێشێت. هەر بۆیە ئەم کەسانە تەنیا کۆمەڵێك نەخۆشی دەروونی نین. کردەوەی ئەوان بیرێکی دژی مرۆڤانەی لە پشتە کە پێی دەوترێت "ئیسلام". ئەم بیرە ڕیشەی لە زۆر کۆمەڵگەدا داکوتاوەو هێزی مانەوە و پەرەسەندنی لە جیهانێك وەردەگرێت کە پڕە لە هەژاری و نەداری،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵاواردن، بیٚماقی، شــەڕ، دواکەوتوویی و دابەشکردنی نایەکسانی پێداویستییەکانی ژیان.

درەختی هەوڵەکانی دژایەتی تیرۆریزمی ئیسلامی کاتێك دێتە بەرهەم کە هۆکارە واقیعی و بنەڕەتییەکانی ئەم دیاردەیە بناسرێن و بە بیٚ بەزەییانەش لە گەڵیان مامەڵە بکرێت. گەلێك گرینگە کە لە ڕوانگەیەکی واقیعیی و زانستیانەوە توێژینەوە بکرێت لە سەر پێشینەی مێژووی و هۆکارەکانی مانەوە و بەهێز بوونی. گەرچی ئەمە ئەرکێکی گرانە و لەوانەیە نەك نووسراوەیەك بەلکوو دەیان نووسراوەش نەتوانن هەموو بەشە نەوتراوەکانی ئەم بابەتە تاوتویٚ بکەن، بەڵام هەر دێڕێك کە لەم بارەیەوە بنووسریٚ و هەر هەنگاوێك کە بەم مەبەستە هەڵبگیریٚ دەتوانێت لێکردنەوەی پەڕێـــــك بێت لەو باڵە ڕەشەی کە تیرۆریزمی نوێی ئیسلامی کێشاویەتی بەسەر جیهاندا.



## سەرهەڵدانی ئیسلام = سەرهەڵدانی تیرۆریسمی ئیسلامی

بیٚ گومان توشی هەڵە دەبین ئەگەر پێمان وابێت کە کردەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی لە گەڵ تیولۆژی ئیسلام نامۆیە و ئاکامی خراپ لێحاڵی بوونی تاکە کەسە. تەنانەت ئەگەر چاوپۆشی لە ووتەکانی قورعان بکەین .کە بە ڕاشکاوی بانگەوازی تیرۆر و کوشتار و سەرکووت دەکەن . تەنانەت ئەگەر مێژووی پڕ لە تیرۆری دەسەڵاتە ئیسلامییەکان لە بەر چاو نەگرین و تەنیا بڕوانینە بنەما تەئیدکراوەکانی ئەم ئایینە لە لایەن زانایانی مێژوویی و ئایینییەوە، ئەوا بەو سەرەنجامە دەگەین کە ئەم ئایینە بە تیرۆر سەری هەڵداوە، بە تیرۆر پەرەی سەندووە و بە تیرۆریش درێژەی بە مانەوەی تا ئەوڕۆی خۆی داوە.

*　*　*

بە پێی تیولۆژی ئیسلام خودا (اللە) بوونێکی ئیلاهیو خولقێنەری هەموو شتێکە. ئەو بەرنامەی هەیە بۆ ئەو جیهانەی کە ڕۆژانێك بۆ خۆی پێکیهێناوە و چاوەدێری هەنگاو بە هەنگاوی ڕەفتار و کرداری دانیشتوانیەتی. ئاگاداری لە بەرنامەکانی اللە لە لایەن پەیغەمبەری ئیسلامەوە (موحەمەد) بە مرۆڤایەتی گەیشتووە. موحەمەد ئەو پەیامەی لە ڕێگەی فریشتەیەکەوە بە دەست گەیشتووە و ئەویش لە کتێبێکدا کە پێی دەوترێت "قورعان" و کتێبی پیرۆزی موسوڵمانانە، کۆی کردونەتەوە. بابەتەکانی قورعان لە هەموو ئەو بووارانە دەدوێت کە پەیوەندیان بە ژیانی واقیعی و خەیاڵات، ژیانی ئەوڕۆ و دواڕۆژی ئینسانەکانەوە هەیە.

هەموو موسوڵمانێك بەرپرس کراوە کە پەیڕەوی لە ووتەکانی قورعان بکات. هیچ کەس بۆی نییە ووتەکانی قورعان بگۆڕێت. بەڵام "زانایانی" ئایینی ئیسلام بۆیان هەیە ڕوونکردنەوەیان لە سەریان هەبێت، تەعبیریان لە سەر بکەن و شی بکەنەوە کە "خالقی" عالەم بە ڕاستی چی دەوێت!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم پێناسە کورتە بە ڕاشکاوی ئەوە دەگەیەنێت کە لە بنەمای فیکری ئیسلامدا تولێرانس و فرە فکری بێ بایەخە، هەموو بیر و ڕێنوێنی و زانستێکی پێویست بۆ مرۆڤایەتی ـ چ بۆ ئێستە و چ بۆ داهاتوو ـ لە ووتەکانی قورعاندا هاتووە و هەر بیر و ڕێنوێن و زانستێکی تر ڕاستەوخۆ دژایەتی کردنی خواستی "خولقێنەری" عالەم و، بەم پێیە لە سەر موسلوڵمانان واجبە کە بە توندی دژایەتی بکەن. ئەمە بۆخۆی چەشنێك لە تیرۆریزمە" داخستنی هەموو دەرگایەك لەسەر بیری نوێ، پیرۆز زانینی فیکرێکی دیاریکراو و بانگەێشت کردن بۆ سزادان و بە کارەێنانی توند و تیژی لە بەرانبەر لایەنگران و پەیرەوانی بیر و فیکری تر، یان ڕێگەنەدان بە هەمووان بۆ تاو و توێ کردنی ئەم فیکرە دیاریکراوە! بەڵی، ئەمە تیرۆریزمە بە مانای تەواوی ووشە.

سەرەکی ترین کێشەی مێژوویی لە نێو خێڵ و لایەن و پیاوانی ئایینی ئیسلامدا، کێشە لە سەر چۆنیەتی تێڕوانین لە ناوەڕۆی قورعان بووە. ئەم کێشەیە دوو گۆڕانکاری مێژوویی لە نێو بازنەی جیهانی ئیسلامدا پێکهێناوە. یەکەم، ئەوکاتەی کە موسوڵمانان بە سەر دوو بەشی شیعە و سوونییدا دابەش بوون. دووهەم، نەمانی مۆنۆپۆلی عولەما بۆ تەعبیر کردن لە ئاینی ئیسلام لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بەدوواوە.

دوابەدوای مردنی موحەمەد و لە سەرەتای زەمەنی خەلافەتدا، سەرەتای ئەم گێرەو کێشە لە نێو خێڵە موسوڵمانەکاندا سەری هەڵدا. "زانایانی ئایینی" (عولەما) کە ئەرکی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ووتەکانی قورعانیان لە ئەستۆ بوو ناکۆك بوون لە سەر مەبەستیان. هەر لە یەکەمین سەدەی سەرهەڵدانی ئیسلام و لە ئاکامی کێشە و ململانێی نێوان خێڵە موسوڵمانەکان، مووسڵمانان بە سەر دوو بەشی سەرەکی شیعە و سوونییدا دابەش بوون. خەلیفەی چوارەم، عەلی ابن‌الطالب کە خزمی موحەمەد و مێردی تاقە کچەکەی (فاتومە) بوو، لە ئاکامی ناکۆکییێکدا کە لە نێو خێڵی قورەیشدا هاتە پێش، کوژرا. لەو کاتەوە لایەنگرانی عەلی کە شیعەکانن بە کەمایەتییەك لە ناو جیهانی ئیسلامدا ناسراون، زۆر کات لە ئۆپۆزیسیونی دەسەڵاتە ئاینییەکاندا بوون و لە بازنەی ئەم دەسەڵاتەشدا ئەگەر بووبێتن کەمینە بوون. هەر لە یەکەمین سەدەی سەرهەڵدانی ئیسلامدا چەندین بەش لە نێو شیعەکانیشدا پێکهات، لەوانە زایدیەکان، ئیسماعیلیەکان و دوازدە ئیمامییەکان.

تا نزیك بە کۆتاییەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو "عولەما" مۆنۆپۆلی هەبوو بەسەر تەعبیرکردنی ئیسلام و ڕاگەیاندنی ڕەسمی مەبەستی "الله". بەڵام لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە گرینگانە کە لەم ماوەدا هاتە دی ئەم مۆنۆپۆلە لاواز و، جاری واش، بنەبڕ کرا. تا ئەو کات بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی ئیسلام لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی گەورەی ڕۆژئاوادا بوون و لەم ماوەیەدا ڕەوتی "سەربەخۆیی" ئەم وڵاتانە دەستی پێ کرد. هەروەها هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکیش گۆڕدرا، بۆ نموونە ئاستی توانای خوێندن و نووسین لە نێو جیهانی ئیسلامدا بە ڕادەیەکی بەرچاو ڕۆشتە سەرێ و لە ئاکامدا کەسانێکی زیاتر لە کۆمەڵێك شێخ و مەلا هەستان بە تەعبیر کردن و "وەرگێڕانی" ووتەکانی قورعان. زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەم تاقمە نوێیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا خوێندویانە و پلەی بەرزی خوێندنیان بەدەست هێناوە. زۆربەیان لە گەڵ فەرهەنگ و مێژوی ئەو بەشە لە جیهان کە پێی دەوترێت جیهانی پێشکەوتوو تێکەڵاویان هەبووە. لە گەڵ ئەمەش ئەوە ئەوان بوون کە پێشەنگی ڕوانگەی گەڕانەوەی سەردەم بوون و هەن بۆ دەورانی موحەمەد و خەلافەت. بەڵام ئایا بە ڕاسی مەبەست و هەوڵی ئەوان ئەوەیە کە زەمان بۆ ئەو سەردەمە بگێڕنەوە؟ بە بێ گومان نەخەیر! سەلمێندراوە کە ئەم بیرە دواکەوتوانەی توندڕەوە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە زۆربەی کات بۆ حەقانیەت پێدان، داسەپاندنی دەسەلات و کۆ کردنەوەی خەڵکانی ناڕازی لە هەلومەرجی ژیان، کەڵکی لێوەر دەگیرێت. ئەوان لایەنگری ڕاگرتنی کۆمەڵگا لەو پەڕی دواکەوتوویدا هەن، بەڵام بۆ داسەپاند و ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان لە هەموو ئامراز، شێوەکار و کردەوەیەکی مودێرن کەڵك وەردەگرن. دیاردەی خۆتەقاندنەوە و کردەوەی تری تیرۆریستی لە چەشنی ئەوڕۆ لە لایەن ئەم تاقمە نوێیەوە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پەرەسەندی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا

سێ ئیمپراتۆری دەسەڵاتیان بەسەر جیهانی ئیسلامدا کردووە، ئیمپراتۆری خەلافەتی ئیسلام، ئیمپراتۆری سەفەوییەکان لە ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانی‌یەکان. عوسمانی‌یەکان، کە دوایین ئیمپراتۆری بوون، ناوچەکانی باکووری هێند، باکوری ئافریقا، وڵاتانی ئێستەی باڵکان و هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەراستی‌یان لە ژێر دەسەڵاتدا بوو. لە سەدەی ١٦دا پێشکەوتوویی ئابووری، ستانداردی ژیانی خەڵك و هاوسەنگی سەربازی لە نێوان دەسەڵاتداریەتی "جیهانی ئیسلام" و ڕۆژئاوا تا ڕادەیەك وەکوو یەك بوو. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٧ بە دواوە دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە قیمەتی پێشڕەوی ئوروپایەکان سنوورەکانی بەرتەسك بووە و جێی خۆی بە دەسەڵاتی ئوروپایەکان دا. دووا بەدووای شۆڕشی سەنعەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەك بریتانیا و هێنانە بەرهەمی بێ وێنەی کەل و پەل لە سەرەتای سەدەی ١٨ بە دوواوە و بە کەوتنە گەڕی زنجیرێك لە ئامرازی گواستنەوە ئاوویەکان و پێویستی دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ کەلوپەلە بەرهەمهاتووکانی وڵاتانی سەنعەتی، هاوسەنگی هێزی ئابووری بە قازانجی ڕۆژئاوا گۆڕا. هەروەها توانایی سەربازی جیهانی ئیسلام بەرەبەرە لاواز بوو و لە بەرانبەر سوپای تەیار بە چەکی مۆدێرنی ڕۆژئاوا کاریگەری پێشووی خۆی لە دەست دا. بەم شێوەیە جیهانی ئیسلام لە دوو بواری سەرەکی ئابووری و سەربازی‌دا دوا کەوت و سنووری دەسەڵاتی حاکمانی بەرەبەرە بەرتەسك بووەوە.




زانایانی مێژوویی لە سەر ئەوە هاوبیرن کە لە سەدەکانی ١٨ و ١٩دا دەسەڵاتدارانی جیهانی یسلام گەلێك کوێ بوون لە گەڵ بیری نزیك بوونەوە لە ڕۆژئاوا و کەڵك وەرگرتن لە پێشکەوتووی سەنعەتی و زانستی ئەم بەشە لە جیهان. تەنانەت بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئایینی کە زۆر کات دەوری ڕاوێژکاریان لە دەسەڵاتدا دەگێڕا، هەروەها بەشێك لە توندڕەوە مەزهەبی‌یەکانیش، لەو بڕوایەدا بوون کە دەسەڵاتداریەتی ئیسلام بۆ بەردەوام مانەوەی حاکیمیەتی پێویستی بە مامەڵەکردن لە گەل ڕۆژئاوا هەیە کە بە گرژ و گۆڵییەکی بێوێنەوە ڕێگای سەنعەتی بوون و بە سەرمایەکردنی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دەپێوا. بۆ نموونە لە وڵاتی مێسر ژێنێراڵ عەلی موحەمەد کە لە ساڵی ١٨٠٥ی زایینی‌دا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە یارمەتی لێزانایانی بریتانیایی هەستا بە پێکەوەنانی سوپایەکی مۆدێرن لە چەشنی سوپا ئوروپایەکان، پرۆگرامێکی نوێی ئابووری بۆ سەنعەتی کردنی وڵات داڕشت و ڕاوێژکاران و پیاوانی دەوڵەتی نارده وڵاتانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی فێربوونی سیستێمی ئابووری - سیاسی ئەو وڵاتانە. هەروەها لە دەهەی بیستی سەدەی ١٩ سوڵتان مەحموودی دووهەم، کە دەسەڵاتداری ئیمپراتۆری عوسمانیەکان بوو، دەستی دایە دامەزراندنی قەوارە ئابووری، ئیداری، قەزایی و بەڕێوەبەرییەکان لە سەر ئەساسی سیستمی نوێی ئابووری - سیاسی سەرمایەداری.

لەم ماوەیەدا هەست پێ دەکرا کە ئیسلامی توندڕەو، وەك خوازیاری دەسەڵات و هێزی مێشتنەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بارودۆخـــی کـــۆن، پاشەکشەی کردووە و کەوتۆتە پەراوێزی ئەم ڕەوتە نوێیەوە.

تا نیوەی دووهەمی سەدەی ١٩ بریتانیا تاکە زلهێزی سەنعەتی جیهان بوو. چەرخی کارگا و کارخانەکانی بە قیمەتی چەوساندنەوەی چینی کرێکاری ئەم وڵاتە و داگیرکردن و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتانی تر دەسوڕان. بە گەشەکردنی ئابووری سەنعەتی لە وڵاتانی تری ئوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشبڕکێ بۆ داگیرکردنی هەرچی زیاتری بەشەکانی تری جیهان و تاڵانکردنیان لە کەرەستەی خام، دەستی پێ کرد. سەرەنجام ئابووری ئاسیا و ئافریقا بە تەواوی وێران بوو. دەسەڵاتدارانی ناوچەیی لەم وڵاتانە، کە زۆر جار دەسەڵاتی سیمبۆلیکیان پێ درابوو، ناچار کران بە تەواوی کورسی دەسەڵات بۆ مێرشی وڵاتانی سەنعەتی چۆڵ بکەن. بۆ نموونە فەرانسە وڵاتی ئەلجەزایری ڕەسمەن داگیر کـــرد و ساڵی ١٨٨٢ میسر لە لایەن هێزەکانی ئینگلیسەوە بەتەواوی و ڕەسمەن دەستی بەسەردا گیرا. لە ماوەی ساڵەکانی ١٨٨٠ تا ١٩٢٠ ئافریقا، وڵاتانی ئاسیای ناوەندی و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزانی ئوروپادا ڕەسمەن دابەش کرا.

بە پەرەسەندنی دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم بارودۆخی سیاسی جیهانی ئیسلامی بە تەواوی گۆڕا و ڕێگای گەشەی ئیسلام و هەوڵ بۆ دەسەڵاتی هەموار بوو. بەڵام تا کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو ڕوانگەی "بە تەواوی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵگە" لە پەراوێزی ڕوانگەی "یەکگرتووی هەموو مەزهەب و نەتەوە و ئایینەکان بۆ وەدەرنانی دەسەڵاتە دەرەکییەکان"دا بوو. لە زۆر وڵاتانی عەرەبی ئیسلامییە توندڕەوەکان، ناسیونالیستە عەرەباکان و مەسیحیەکان یەکگرتوو بوون بۆ دژایەتی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان. تەنانەت لە وڵاتێکی وەکوو هێند مولسوڵمانەکان و هیندووەکان هاوپەیمان بوو لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیس. فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی کە خوازیاری ئیسلامیزە کردنی هەموو کۆمەڵگا بوو و دژایەتی هەموو بیر و ئاینێکی دیکە دەکرد هەمیشە وجوودی هەبوو، بەڵام تێکەڵاوی ئەو کەش و هەوا دژی ئیمپریالیستی‌یە بوو کە لەم ناوچانەدا زاڵ بوو. بۆ نموونە " ئێخوانولموسلیمین "، کە جووڵانەوەیەکی توندڕەوە و تا ئێستەش هەڵسوڕاوە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە میسر پێکهات. بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکەی "عبدالحمید" لە ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٣١دا پێکهات، کە ئەویش لایەنێکی توندڕەوی ئیسلامی بوو بەڵام تێکەڵی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە بوو کە دژایەتی دەسەڵاتی فەرەنسەیەکانی دەکرد.

لە چەند سەدە پێشترەوە ئاشکرا ببوو کە ئیسلام دەتوانێت هێزی جموجۆڵ سازکەری جەماوەری بێت و بە کەڵك وەرگرتن لێی دەکرێت جۆش و خرۆشی پێ ڕێك بخرێت.

"سەید جمال‌الدینی ئەفغانی" یەکێك لە ئیدئۆلۆژانی ئیسلامی توندڕەو بوو کە لە سەر ئەم ڕوانگەیە سوور بوو. ناوبراو لە لایەن زۆر کەسەوە وەك دامەزرێنەر و ئیدۆلۆژی فۆندامێنتالیزمی نوێی ئیسلامی دەناسرێت. ئەفغانی لە ساڵی ١٨٣٨ لە ئێران لە دایك بوو بەڵام زۆربەی ژیانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە بە سەر برد. ساڵانێکی زۆر لە مەدرەسە دینیەکانی نەجەف و کەربەلا خوێندی و دواتریش وەك مامۆستای دینی دەرسی دەگوتەوە. ناوبرا موبەلغ و ووتەبێژێکی بەتوانا بوو کە دژی ئەو ڕوانگە زاڵەی نێو عولەما و پیاوانی دینی بوو کە پێیان وا بوو جیهانی ئیسلام دەبێ لە بەشەکانی تری جیهان تاك بکرێتەوە. بە بڕوای ئەفغانی ئیسلام تاکە ئامرازی کاریگەر بوو بۆ دژایەتی کردنی کۆلۆنیالیزم و دەسەلاتی دەرەکی، هەر بۆیە هەموو موسوڵمانان، بە بێ لە بەر چاوگرتنی جیاوازی خێڵەکی، نەتەوەیی و ڕەگەزی دەبوو یەك بگـــرن و بۆ وەدەرنانی ئەو دەسەڵاتانە و پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سەر ئەساسی قورعان "جیهاد" بکەن. ئەفغانی بە پێچەوانەی پیاوانی ئایینی سەردەمی خۆی داوای لە موسوڵمانان دەکرد کە لە گەڵ ڕۆژئاوا و جیهانی سەنعەتی تێکەڵ بن، سەردان بکەن و لە دەستکەوتە زانستی و تکنیکیەکانیان کەڵك وەربگرن بۆ دژایەتی کردنی خۆیان. ئەفغانی پێی وابوو کە ئیسلام تاکە بیرێکە کە دەتوانێ زۆربەی جەماوەری وڵاتانی ئیسلامی بخرۆشێنێت بە بێ ئەوەی کە ناکۆکییە خێڵەکی،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان ببنە کۆسپی سەر ڕێگا. هەر بۆیە لە گەڵ ئەوەی کە ئیسلامی بە ئاینێکی ئاسمانی دەزانی بە ئیدئۆلۆژییێکی سیاسیشی دادەنا کە دەبوو خەڵك لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆ بکاتەوە، دامەزراوە قەزایی و بەڕێوەبەریەکان لە سەر ئەساسی دامەزرێن و یاسا و ڕسومەکانی کۆمەڵ لە گەڵیدا ناتەبا نەبن. بەڵام لە هەمووی گرینگتر خوازیاری پەرەدان بە سنوورەکانی دەسەڵاتداریەتی ئیسلام بوو.

سەیید قوتب یەکێکی تر لە سیما ناسراوەکانی فوندامێنتالیزمی ئیسلامییە کە لە بواری نەزەریی و فیکریدا بە یەکێك لە ئیدئۆلۆژەکانی دەژمێردرێت. ناوبراو لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لە وڵاتی میسر لە دایك بوو. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە ڕووی کردە مەکتەبە دینییەکان و دواتریش خوێندنی ئایینی لە زانکۆ درێژە پێدا.

سەید قوتب، وەك زۆربەی سیمای ناسراوەکانی ئیسلامی توندڕەو لە سەرەتادا تێکەڵاوی و نیزیکایەتییەکی زۆری لە گەڵ جیهانی ڕۆژئاوا هەبوو، بۆ ماوەیەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دوواتریش لە بریتانیا ژیاو دۆستایەتی نزیکی لە گەڵ گەورە پیاوانی ئەو وڵاتانەدا گەلێ پتەو بوو. بەڵام دوواتر ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییەی پچڕا و ڕووی کردە ئیخوانولموسلیمین و لە کودەتای ساڵی ١٩٥٢دا، کە بووە هۆی هەڵپێچانی دەسەڵاتی پادشایەتی لە میسر، بەشداری چالاکانەی کرد. سەید قوتب بە نووسینی دەیان کتێب سەبارەت بە دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام و بونیادنانی کۆمەڵگە لە سەر بناغەی یاسای شەریعە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ڕێبەری ئیسلامییە توندڕەوەکان لە جیهانی عەرەبدا. ناو براو لە کتێب و نووسراوەکانیدا هەموو دەوڵەتانی جیهان، بە تایبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوای، بە "لایەنگرانی شەیتان" دەناسێنێت و بە پشت بەستن بە ووتەکانی قورعان بانگەوازی هەموو موسوڵمانانی جیهانی دەکرد کە لە دژیان "جیهاد" بکەن. هەروەها هەموو ئایین و ئیدئۆلۆژییەکانی تری بە بێ بایەخ و دەستکردی دووژمنانی ئیسلام دەزانی و خوازیاری لە ناوبردنی هەموویان بوو. لە ڕوانگەی قوتبەوە ئیسلام دەبێت

دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێت، شەریعە بکاتە سەرچاوەی هەموو یاساکان و پیاوانی ئایینی ببنە یاسادانەری کۆمەڵگە. دەوڵەتی ئەو کاتی میسر کە دەسەڵاتی خۆی لە مەترسیدا دەدی و پەرەسەندی لایەنگرانی سەید قوتبی هەست پێ دەکرد، لە ساڵی ١٩٦٦دا ناوبراوی ئێعدام کرد. بەڵام ئێعدام کردنی سەید قوتب هیچ کاریگەرییێکی لە سەر پەرەسەندی فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی دانەنا و ئەم ڕوانگەیە هەروا لە پەرە سەندندایە.

* * *

لە مێژووی جیهانی ئیسلامدا ئەگەرچی ئیسلامی توندڕەو هەمیشە یان بە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە نەبووە، بەڵام ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشیك لە دەسەڵات بووە. پیاوان و لایەنە ئایینییەکان هەمیشە دەستیان لە ناو دەستی دەسەڵاتدارانی سیاسیدا بووە" لە گەڵ خەلیفە، لە گەڵ ئیمپراتۆر، یان پادشا، یان ئەمیر، یان سولتان و یان سەرۆك کۆمار هاوکاریان کردووە، بەڕێوەبەرایەتی دەزگا قەزایی و فێرکردن و بارەێنانەکانیان بە دەستەوە بووە و لە ڕووی بەرژەوەندی خۆیانەوە حەقانییەتی دیینیان بە دەسەڵاتداران بەخشیووە.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە کۆتای نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بە دوواوە باڵێکی نوێ لە ئیسلامی توندڕەو سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی ئەم باڵە نوێیە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسیانە بوو کە لە سەر خواستی سەرمایەداری جیهانی و بە کاریگەری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە جیهانی ئیسلامدا هاتبوونە دی. تا ئەو کات . کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم . جیهانی ئیسلام پاشماوەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی بە تەواوی لە خۆی دانەتەکاندبوو، پەیوەندییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سیستێمە لە زۆر شوێن هێشتا حاکم بوون. خواست و پێویستی بۆرژوازی جیهانی بۆ بەکارهێنانی سەروەت و سامانی سروشتی وڵاتان لە بازاڕی پەرەسەندووی سەرمایەی جیهانی، داگیرکردنی ئەم وڵاتانەی بەدواوە بوو. یەکێك لە کارکردەکانی ئەم دیاردەیە پەرەسەندنی ئیسلامی توندڕەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو. بۆ ئەوەی کە توانیبێتم ڕاست بوونی ئەم مەسەلەیە بسەلمێنم پێداچوونەوەیەکی کورت دەکەم بەسەر مێژووی ١٢٠ ساڵی ڕابردووی وڵاتی ئێران کە ئاوا هەلومەرجێك کاریگەری تێکرد و سەرەنجام کەوتە ژێر حاکیمیەتی ئەم باڵە نوێیەی ئیسلامی توندڕەووەوە.

* * *

وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوای ئوروپا کە زۆر دەمێك بوو شۆڕشی پیشەیی تێیاندا ڕووی دابوو، لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویان لە سەرچاوە سروشتی‌یەکانی ئێران کرد و هەوڵیان دا فراوانی بازاڕی کۆمپانیا نێودەوڵەتی‌یەکان بگەیەننە ئەم وڵاتەش. بۆ ئەم مەبەستە ئێران پێویست بوو لە زووترین کاتدا سەنعەتی بکرێت و پەیوەست بێت بە سیستێمی نوێی ئابووری سەرمایەداری جیهانییەوە. دەوڵەتی قاجاریش(١٧٧٩-١٩٢٥) کە تا ئەو کات لە سەر ئەساسی پەیوەندیە ئابوورییەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی حاکمیەتی دەکرد، پەیوەست بوون بەم ڕەوتەی بە مەرجی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەزانی. هەر بۆیە بە وەرگرتنی قەرز و قوڵەی زۆر لە دەوڵەتانی سەرمایەداری و شوێن پێ خۆشکردن بۆ سەرمایەگوزارییە دەرەکییەکان، سەرەتای بەسەرمایە کردنی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی دەست پێ کرد. دەوڵەتی قاجار بۆ سەرکەوتن لەم قۆناغەدا پێویست بوو دژایەی هەموو دیاردە، یاسا و کردارەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی بکات کە ئایینی ئیسلام یەکێکیان بوو. تا ئەو کات دەوڵەتی قاجار لە پشتیوانی لایەن و کەسایەتی‌یە ئایینیەکان و هەروەها کاسبکارانی شارە گەورەکان (بازاڕییەکان)، کە ئابووری وڵاتیان بە دەستەوە بوو، بەهرەمەند بوو. بەڵام بە پێچەوانەی دەوڵەت ئەم دوو لایەنە بەرژەوەندی خۆیان لە مانەوەی نیزامی دەرەبەگایەتی‌دا دەدیتەوە" ئیسلامی‌یەکان دەیانزانی کە گۆڕینی نیزامی کۆمەڵایەتی بە دڵنیاییەوە یاسا و نەریتی نوێی بەدواوەیە کە لەوانەیە دەور و دەسەڵاتی ئەوان لە نێو کۆمەڵگەدا لاواز و بێبایەخ بکات. بازاڕییەکانیش بە باشی دەیانزانی کە لە بەرانبەر کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان و سوپر مارکتەکاندا بازاڕی ئەوان مەحکووم بە لەناوچوونە. هەر بۆیە هاوپەیمانییەتی خۆیان لە گەڵ دەوڵەتی قاجار کۆتایی پێ هێنا و کەوتنە دژایەتی. ئەم دژایەتی‌یە بە دەرکردنی فۆتوا و بڕیاری "جیهاد" لە لایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە دەستی پێکرد. ئەوان هەوڵیان دا کە بە ناساندنی دەوڵەت وەك "نۆکەری بێگانە" و "خائێن" لە نێو جەماوەردا هێز کۆ بکەنەوە و پێش بە بەرەوپێش چوونی ئەم ڕەوتە بگرن. لەم سەردەمەدا بوو کە ووتەبێژ و لایەنگری خواستی دەسەلاتداریەتی سیاسی ئیسلام و پێکەێنانی دەوڵەتی ئیسلامی پەیدا بوون. دروشمە سیاسی‌یەکان جلوبەرگی مەزهەبیان لە بەر کرا و مزگەوت و مەدرەسە دینییەکان بوون بە ناوەندی پڕۆپاگەندە بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسی - مەزهەبی بە مەبەستی بەدەستەوەی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی. هەروەها کاسبکارانیش لە ڕێگەی یارمەتی ماڵی بەم ناوەندانە و داخستنی دووکان و بازاڕ، بەشداریکردن لە ڕێپێوان و نارەزایەتی‌یەکاندا دژایەتی خۆیان لە مەڕ گۆڕینی نیزامی کۆمەڵایەتی‌دا ڕاگەیاند. سەرەنجامی ئەم کێشەیە بوو بە کودەتایەکی نیزامی لە ساڵی ١٩٢١دا. ڕەزا خان کە سەرکردەی ئەم کودەتایە بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ ڕەسمەن کرا بە پادشا و دەوڵەتەکەی دەست بە جێ هەستا بە سەرکووت و داپلۆسینی هەموو بزووتنەوە ئێعتیرازییەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە مەزهەبییەوە بۆ غەیرە مەزهەبی. دەوڵەتی پادشایەتی دەیویست لە کورتترین کاتدا ئابووری ئێران بێنێتە ئاستێك کە وەڵامدەرەوەی خواستەکانی بۆرژوازی جیهانی بێت کە زۆر دەمێك بوو چاوی بڕیبووە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم وڵاتە و خوازیاری هاتنە سەرکاری دەوڵەتێك بوو کە بتوانێت ئاسایش بۆ مامەڵەی ئابوور سەقامگیر بکات. دەوڵەتی ڕەزا خان، کە شێوەی حکوومەتکردنی ئەتاتورکی گرتبووە پێش، زۆر بە باشی دەیزانی کە بۆ پەیوەست بوون بە سیستمی نوێی سەرمایەداری و بۆ بەدەست هێنانی متمانەی بۆرژوازی جیهانی، پێویستە بە بێ بەزەیانە لە گەڵ هەموو ئەو کۆسپانەی کە لە نیزامی دەرەبەگایەتی بەجێ ماون، وە یان پێکهاتەی نیزامی سەرمایەدارین، دژایەی بکات. ئایینی ئیسلام و وورده کاسبکاران پاشماوەی نیزامی دەرەبەگایەتی بوون کە بۆ دەیانساڵ بوو ڕەوتی بەرەوپێش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چوونی کۆمەڵگەیان وەدوا خستبوو و دەبوو بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانە لە گەڵیان مامەڵە بکرێت. هەر بۆیە دەوڵەتی پادشایەتی دەسەڵاتی ئیسلامییەکانی لە دەزگا قەزایی و فێرکردن و بارەێنانەکاندا کوورت کردەوە، لە ماوەی چەند ساڵدا زیاتر لە نیوەی مەدرەسە دینییەکانی داخست و سیستمێکی نوێی فێرکردن و بارەێنان لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا دامەزراند. لە گەڵ سەقامگیرتر بوونی پایەکانی نیزامی سەرمایەداری و پەرەسەندنی پەیوەندییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم نیزامە دەوری کۆمەڵایەتی ئیسلامی توندڕەو لاواز تر بوو. لە لایەکی ترەوە سنووری چین و توێژە نوێیەکان زەق تر بوونەوە" بازاڕییەکان پەیوەست بوو بە چینی مامناوەندییەوە کە دەسەڵاتی بە سەر بەشێك لە ئامرازاەکانی بەرهەمهێنان و بە گشتی ئابووری وڵاتدا هەبوو، ئەو خەڵکەش کە لە کارگا و کارخانەکانە و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا کاری بەرهەمهێنانیان کەوتە ئەستۆ پێکهێنەری چینی کرێکار بوون کە لە گەڵ گەشەی سەنعەتی و پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری ڕێژەیان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیادی دەکرد. هیچ کام لەم دوو چینە سەرەکییە بەرژەوەندیان لە مانەوەی نیزامی کۆن و داب و نەریت و پەیوەندییەکانیدا نەبوو. هەر بۆیە ئیسلام وەك یەکێك لە پاشماوەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی نەیتوانی لە نێو ئەم دوو چینە سەرەکییەدا لایەنگر و هێز کۆ بکاتەوە. لە سەر ئەم ئەساسە کەوتە پەراوێزی کۆمەڵگەوە و کاریگەری خۆی لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە دەست دا.




هەر وەکوو ئاماژەی پێ کرا دەسەڵاتی پادشایەتی لە گەڵ ئەوەی کە دژایەتی ئیسلامی توندڕەوی دەکرد و ئەم دیاردەی بە کۆسپی سەر ڕێگەی پەیوەست بوونی ئێران بە ئابووری سەرمایەداری جیهانی و مەترسیێك بۆ دەسەڵاتی خۆی دەزانی، هاوکاتیش دژایەتی هەموو ڕەوتە ڕادیکاڵ و ئازادیخوازەکانیشی دەکرد کە لە بەرانبەر ئەو شێوە ستەمە نوێیەدا سەریان هەڵدابوو. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا بزووتنەوەیەکی جەماوەری دژی دەوڵەتی لە سەرتاسەری ئێران سەری هەڵدا، کرێکاران دەستیان دایە مانگرتن و ڕێپێوان، خوێندکاران زانکۆکانیان بە مەبەستی ڕێپێوان و ناڕەزایەتی دەربڕین چۆل دەکرد و جەماوەری ناڕازی پێیان پەیوەست دەبوون. تا نیوەی دووهەمی دەهەی حەفتای زایینی دەوڵەتی پادشایەتی لە ڕێگەی هێزی سەرکووتگەر و بە پشتیوانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا توانی لە بەرانبەر ئەم ناڕەزایەتییە گشتییەدا پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بکات. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩دا ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەك پەرەیان سەند کە نە سەرکووتی دەوڵەتی پادشایەتی و نە یارمەتییەکانی دەوڵەتە دەرەکییەکان نەیانتوانی پێشی پێ بگرن. سەرەنجام دەسەڵاتی پادشایەتی لە ئاکامی شۆڕشێکی جەماوەریدا هەڵپێچرا.

ئیسلامی توندڕەو لەم ماوەیەدا بە تەواوی پاشەکشەی پێکرا، بەڵام وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی لە ناو نەچوو. نەسڵێکی نوێ لە ئیسلامیە توندڕەوەکان لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پەیدا بوون کە ئیسلامیان تەنیا وەك ئایینێکی ئاسمانی چاو لێ نەدەکرد کە دەبووا لە سایەی دەسەلاتی دەوڵەتاندا درێژە بە حەیات بدات، بەڵوو بە ئیدئۆلۆژییێکی سیاسی سەردەمیان دەزانی کە بۆ خۆی دەبوو هەموو دەسەلات بێت.

دوو تیۆریسیون و ناوداری ئەم باڵە نوێیە عەلی شەریعەتی و ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی بوون کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوازیاری پێکهێنای دەوڵەتێکی ئیسلامی بوون. شەریعەتی و خومەینی، هەر وەك ئەفغانی و قوتب، بەوە ڕازی نەبوون کە ئیسلام بەشێك لە دەسەڵات بێت، بەڵکوو دەیانخواست بۆخۆی هەموو دەسەڵات بێت. سەرەنجام خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا بە دەسەڵات گەیشت و دەوڵەتێکی ئیسلامی توندڕەوی دامەزراند.

* * *

بە بێ گومان لەو هەڵوێستەدا بە تەنیا نیم کاتێك بنەمای فیکری ئایینی ئیسلام بە هۆکاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تیرۆریزمی ئیسلامی دەزانم. پێشم وا نییە لەو هەڵوێستەدا تاکانە بم کە ئەم بنەما فیکرییە بە تەنیا هۆکار و تەنیا هێزی بزوێنەری ئەم چەشنە لە تیرۆریزم نازانم. تیرۆریزمی ئیسلامی، وەك هەموو دیاردە باش و خراپە کۆمەڵایەتی‌یەکانی تر، کۆمەڵێك ڕیشە و سەرچاوەی هەیە کە بنەما فیکرییەکەی یەکێکیانە. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەم بنەما فیکرییە لە هەموو قۆناغێکی مێژویی و لە هەموو هەلومەرجێکدا دەوری سەرەکی و کاریگەری نەگێڕاوە. قۆناغی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی نوێی ئیسلامی یەکێك لەو قۆناغانەیە کە بنەما فیکرییەکانی ئایینی ئیسلام دەوری سەرەکی و چارەنووسزازییان تێدا نەگێڕاوە.

ئەم نووسراوەمان بەو پرسیارە دەستپێکرد کە بۆچی جیهان لەو پەڕی پێشکەوتوویی‌دا تیرۆریستگەلێك لە چەشنی تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ئامێزدا پەروەردە دەکات؟ لە درێژەی نووسراوەکە وەڵامی ئەم پرسیارەمان بەوە دایەوە کە ئەوە شێوەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکان بوون کە کاریگەرییان لە سەر بووژاندنەوە و پەرەسەندنی تیرۆرزمی نوێی ئیسلامی هەبووە. من لەم بارەیەوە جێگایەك بۆ گومانی خوێنەر دادەنێم کە بۆی پرسیار بێت ئەگەر مەزهەب پاشماوەی نیزامی دەرەبەگایەتی‌یە و بە کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەی نیزامی نوێی سەرمایەداری دەزانرا چۆنە کە ئایینی ئیسلام لە گەڵ گەشە و پەرەسەندنی ئەم نیزامە نوێیەدا نە تەنیا لاواز و لە ناو نەچووە بگرە بەهێز بوو و تا ئێستەش لە گەشە کردندایە. بۆ نەهێشتنی ئەم گومانە لای خوێنەر باشتر وایە ئاوڕێك لە چۆنییەتی دژایەتی نیزامی سەرمایەداری لە گەڵ مەزهەب لە قۆناغی گۆڕینی نیزامی دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئورووپا بدەینەوە و دواتریش لە گەڵ ئەو شێوە مامەڵە کردنەی ئێستەی ئەم نیزامە لە گەڵ مەزهەب بە گشتی و ئایینی ئیسلام بە تایبەتی هەڵیان سەنگێنین.

شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان، بۆ نموونە لە فەرانسە و، شۆڕشە پیشەیی‌یەکان، بۆ نموونە لە بریتانیا، کۆتاییان بە نیزامی دەرەبەگایەتی لە ڕۆژئاوای ئورووپادا هێنا و نیزامی سەرمایەدارییان لە سەر وێرانییەکانی جێنشین کرد. قۆناغی گواستنەوەی نیزامی کۆمەڵایەتی لە دەرەبەگایەتی‌یەوە بۆ سەرمایەداری قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە و پڕ لە مشتومڕ بوو. کردەوەی شۆڕشگێڕانەی نیزامی نوێی سەرمایەداری لە دژی نیزامی کۆنی دەرەبەگایەتی گۆڕانکارییێکی تەندروستانەی بە شوێنەوە بوو بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی" ڕێگای کردەوە تا کۆمەڵگە لە کۆت و بەندی کۆن و بەربەستەکان ڕزگاری بێت کە مەزهەب یەکێکیان بوو. کلیسا، کە پاسەوانی دیاردە و نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە، خاوەنی دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر و پارێزەری دەسەڵاتی پادشایەتی و ئەشرافییەتی دەرەبەگایەتی بوو، کەوتە بەر لافاوی شۆڕشگێڕانەی نیزامی نوێ و لە بەرانبەر شۆڕشی فەرهەنگی، فیکری، سیاسی و زانستی دەورەی ڕینسانس‌دا خۆی پێ نەگیرا و پێگە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ڕوخێندران. بەڵام کلیسا بەو ئاسانییە وازی لە دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگەدا نەهێنا، بەڵکوو بە توندوتیژییەوە ناچار کرا لە بەرانبەر پێویستی‌یە چارەهەڵنەگرەکانی کۆمەڵگەدا پاشەکشە بکات. کەواتە ئەم ململانێیە پەرەسەندنێکی سەرجەمگیر، گشتگیر و سروشتی بوو کە پاش خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی فیکری و مشتومڕی سۆسیوڕۆشنبیری هاتە دی کە لە دەورەی ڕینسانس و لە سەدەی شازدەهەمدا دەستی پێ کرد و بە درێژایی دەورەی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا بەردەوام بوو. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بەم شێوە شۆڕشگێڕانە و گشتییە لە گەڵ کلیسا مامەڵە کرا، ئایینی مەسیح دوواتر نە تەنیا نەیتوانی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی جارانی بە دەست بێنێتەوە، بگرە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە فەزای گشتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵگە دوور کەوتەوە، بەشێوەیەك کە تا ئێستەش لە چوارچێوەی کلیسادا قەتیس کراوە. کەواتە گومان لەوەدا نییە کە نیزامی سەرمایەداری لە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەی خۆیدا یەکەمین دوژمنی مەزهەب بووە و لە ڕاستیدا درشمی "جیایی دین لە دەوڵەت" دروشمی کۆنی بۆرژوازی بووە.

لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکەم ئایا هەر بەم شێوەیەش لە گەڵ ئایینی ئیسلامدا مامەڵە کراوە؟ ئایا ململانێیێکی گشتی، سەرجەمگیر و شۆڕشێکی فیکری و فەرهەنگی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە دژی نیزامی دەرەبەگایەتی و ئایینی ئیسلام ـ بەو شێوەی کە لە دژی کلیسا بەڕێوە چوو ـ بەڕێوە چووە؟ بە مسوگەرییەوە نەخەیر! کۆمەڵگە ئیسلامییەکان نە ڕینسانسیان بە خۆوە دیووە، نە ڕۆشنگەری و نە شۆڕشێکی پیشەیی بە دەستوبرد لە نەوعی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوروپا. کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەتا ئێستەش ملکەچی کۆمەڵێ باوەڕ و نەریتی کۆن کراون و هێشتا ئاسەواری پێشکەوتووی و نوێخوازیان پێنەگەیشتووە! ئایا مەبەست ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگەیانە هێشتا سەرمایەداریشیان پێ نەگەیشتووە؟ نەخەیر! سەرمایەدارییان پێ گەیشتووە، بەڵام نەك لە ڕێگەی شۆڕشی فیکری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستی و ئابوورییەوە. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە دژی نیزامی دەرەبەگایەتی شۆڕش نەکرا، پەرەسەندنی نیزامی نوێ پەرەسەندنێکی هەمەلایەن نەبوو کە لە یەك کاتدا دەوڵەت و کۆمەڵگە بگرێتەوە. بەڵکوو پرۆسەیەك بوو لە ژێر چاودێری دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا. بەڕێوە چوون و بەرەوپێش چوونی ئەم پرۆسەیە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە و نەك لە لایەن هێزە کۆمەڵایەتییە ناوخۆکانەوە، لە سەرەوەی جەماوەر و نەك لە لایەن خودی جەماوەرەوە هیدایەت و بەڕێوەبەرایەتی دەکرا. بەڵام بۆچی بۆرژوازی جیهانی کە بۆ خۆی لە ڕێگەی شۆڕش لە دژی مەزهەب و نیزامی دواکەوتووی دەرەبەگایەتی بە دەسەڵات گەیشتووە، لە بەر و بوومە شیرینەکەی ئەم گۆڕانکارییەی خواردووە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە لەو نیعمەتەدا دەژیت، ئێستە نایهەوێت بە یەکجاری مەزهەب خانە نشین بکات و لەم بەشە لە دەسەڵاتی سیاسی جیای کاتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە بۆ نموونەی ئێران.

لە ئێران سەرەڕای ئەوەی کە ئیسلامی توندڕەو لە بەرانبەر گەشەی سەرمایە و مەیل بۆ پێشکەوتن و نوێخوازی کۆمەڵگەدا ناچار بە پاشەکشە کرا، کەچی لە شۆڕشێکی جەماوەریدا (١٩٧٩)، کە ئەو دەورێکی تیّدا نەگێڕابوو، بە دەسەڵات گەیشت! بۆچی؟

هەر کە ئاشکرا بوو کە دەوڵەتی پادشایەتی چی تر ناتوانێت لە بەرانبەر تەوژمی شۆڕشی جەماوەریدا پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بکات، دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری کەوتنە بیری دۆزینەوەی بەدیلێك کە بەرژەوەندییە درێژ ماوەکانی ئەوان لە ئێرانی داهاتوودا بپارێزێت. هەربۆیە لە کۆنفرانسی ناسراو بە "گوادولۆپ" کە لە ڕۆژی چواری ژانویەی ١٩٧٩دا بەڕێوە چوو، جیمی کارتر سەرۆك کۆماری ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جەیمز کالان سەرۆك وەزیری بریتانیا، ژسکار دستێن سەرۆك کۆماری فەرەنسە و هێلمۆت شمیت ڕاوێژکاری دەوڵەتی ئاڵمان، لە سەر ئەوە ساغ بوونەوە کە ئەو بەدیلە دەوڵێتێکی ئیسلامییە کە هاوکات لە گەڵ دامرکاندنەوەی بڵێسەکانی شۆڕش دەتوانێت پێش بە هەر چەشنە شۆڕشێکی ئاڵو گۆڕ پێکەری کۆمەڵایەتی دیکە بگرێت کە داهاتووی بۆ ئەوان نادیار بێت. بەم شێوەیە ئیسلامی توندڕەو کە لەو کاتەتا خاوەنی پێگەیەکی پتەوی کۆمەڵایەتی نەبوو ، گەڕایەوە سەر ئاستی ڕووداوەکان و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

ئەو شۆڕشە جەماوەرییەی کە دەیتوانی شۆڕشێکی ئاڵوگۆڕپێکەری کۆمەڵایەتی و گشتگیر بێت و پێگە کۆمەلایەتییەکانی ئیسلام بە تەواوی بڕوخێنێت، ئەو شۆڕشەی کە دەیتوانی شۆڕشی فیکری، سیاسی، ئابووری و زانستی بە دوای خۆیدا بێنێت و بە بێ هیچ تەعەسوبێك پاشماوە زیانبارەکانی مێژوو لە گۆڕ نێت و بە زبڵدانیان بسپێرێت، کەچی تەنیا جێگۆڕکێی دەسەڵاتی لە دەوڵەتی پادشایەتییەوە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی بەدواوە بوو! ئەمەش بە هۆی کەم کردنەوەی دەوری جەماوەر و لە پێشدا دیاری کردنی چۆنییەتی بەڕێوە چوونی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە لایەن دەوڵەتانی گەورەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرمایەدارییەوە بە شێوەیەك كە ئاكامێكی نادیاریان بۆ بەرژەوەندییەكانی ئەوان بە دواوە نەبێت. كەواتە ڕەوتی سروشتی بەڕێوە چوونی ئەم شۆڕشە لە كار خرا و كۆمەڵێك ئەنجامی دەستكردی جێنشین كرا.

لێرەدا بە ئاشكرا دەبینین كە گرفتی سەرەكی بێبایەخ نەبوون و دوور نەكەوتنەوەی ئایینی ئیسلام لە فەزای گشتی كۆمەڵگەی مەدەنی . ئەو چارەنووسەی كە كلیسا تووشی هات . پێشگرتنی دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەدارییە لە ئاڵوگۆڕێكی گشتی و سەرجەمگیر كە لەویٚ مەیل و خواستی سروشتی ئەم كۆمەڵگەیانە هێزی ئاڵوگۆڕ پێكەێنەرن نەك مەیل و خواستی دەوڵەتان، لێرەدا ئاڵوگۆڕەكان لە شەقام و كۆڵانەكان، لە كارگا و كارخانەكان، لە زانكۆ و مەدرەسەكان بڕیاریان لە سەر دەدرێت نەك لە كۆشكی سپی و ناوگەی گوادولۆپ. لەم حاڵەتەدا سەیر نییە ئەگەر گرفتەكان بتەقێنەوە و تیرۆریسمی دەمارگرژ و سامناكیان لیٚ بێتەوە. هەربۆیەش نابێت لە ڕووداوە تیرۆریستییەكانی ئەمڕۆ سەرمان سوڕ بمێنێت و سەرسام ببین لە خۆتەقاندنەوەكان، سەر و لاق بڕینەكان، چاو دەرهێنان و بەردەباران كردنەكان. ئەم بەروبوومە لەو درەختە بووەتەوە كە جێگۆڕكێی دەوڵەتانی جێنشینی ئاڵوگۆڕی كۆمەلایەتی كردووە. تا ئەو كاتەی كە دەسەڵاتەكان لە سەرەوە دەسەپێنرێن و لە دەرەوە دهەێنرێن . وەك عێراق و ئەفغانستان .، تا ئەو كاتەی پێش بە ڕەوتی سروشتی ئاڵوگۆڕە گشتی و كۆمەڵایەتیەكان دەگیرێت و، تا ئەو كاتەی كولتوری ئایینی بە سەر فەزای گشتی كۆمەڵگەدا دەسەپێندرێت دەبیٚ چاوەڕێی كاردانەوەی توندڕەوانە بین. دەبیٚ چاوەڕێی پەرەسەندن تیرۆریسمی ئیسلامی، ئایدۆلۆژی ئایینی و تایفەگەری بین كە هەموویان پاشماوەی كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتین و ئێستەش بوون بە ئامرازی پاراستنی نیزامی سەردەم لە بەرانبەر مەیل و خواستی ئاڵوگۆڕی نوێی كۆمەڵایەتیدا. ئەگەر سەرمایەداری كڕاتی خۆی بۆ سەركەوتنی نیزامەكەی بە سەر نیزامی دەرەبەگایەتی‌دا پێویستی بە دژایەتی مەزهەب بوو، ئەوا ئێستە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی پێویستییێكی زیاتری هەیە بە بووژانەوە و پەرەپێدانی مەزهەب. لەم ڕووەوەیە كە هەوڵ دەدرێت دەوڵەتەكان بە ئایدۆلۆژی ئایینی‌یەوە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن (ئیسرائێل، عەرەبستانی سعودیە، ئەفغانستان، عێراق).





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چەند بەرهەمی نوێی بەرێزان:

## سەباح ئیسماعیل

## ئەنوەر حسێن (أ. بازگر)












PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



# توێشوو


- تایبەتە بەیادی سەعید سولتانپور شاعیری شۆڕشگێڕ ١٨٩
  و: کەیوان ئەفروزە ك.عەسەل. ر
- ئەرکی هونەر ١٩٣
  و: مەجیدی مارابی ن: سەعید سولتانپوور
- {لە هەوای تێکەڵی کازیوە دا} ١٩٦
  و: سەعید ئەمانی ن: سەعید سولتان پور
- "وێستگە " ١٩٧
  و: شۆرش محەمەدی شانۆنامەیەکی سەعید سولتان پور
- شێوەیەك هونەر، جۆرێك لەبیرکردنەوە ٢٠٣
  "سەبارەت بەهونەر بەگشتیو تائەتر بەتایبەتی"
  ن "سەعید سولتانپوور"


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# تایبەتە بەیادی
# سەعید سوڵتانپور شاعیری شۆڕشگێڕ

ک.عەسەل. ر
و: کەیوان ئەفروزە



سەعید سوڵتانپور لەساڵی ١٣١٩دا لەشاری سەبزەوار چاوە گەشەکانی بەرووی دینادا کردەوە، ئەو بوو بەئەندامی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش کەدایکی مامۆستای قوتابخانە بوو و سەعیدیش دوای تێپەڕکردنی قۆناغی دواناوەندی لەفێرگەکانی باشوری تاران، دەستی بەوانە وتنەوە کرد –ئەو بەتێکۆشانو کار لەگەڕەکەکانی هەژار نشینو هەروەها باشوری شاری تاران– لەگەڵ بێدادیو ستەمی چینایەتی ئاشنا بوو و لەساڵی ١٩٤٠دا لەبزوتنەوەی نارەزایەتی یانەی مامۆستایاندا هەمیشە لەریزەکانی پێشەوە بوو.

لەرۆژی دوازدەی بانەمەر "رۆژی مامۆستایان" هاورێ لەگەڵ بەهەزاران مامۆستاو فەرهەنگیانی زەحمەتکێش دا راپەڕیو بەیارمەتی خەباتگێڕانێکی وەکوو سەمەدی بێهرەنگی، بێهروزی دێهقانی، حەسەن زیاو زەریفی، بیژەن جزنیو هاورێیانی تریانیو هەروەها بەپەیوەست بونی خوێندکارانو کرێکارانو ستەمکێشانی سەرانسەری ئێران، بزوتنەوەکە بوو بەسەرانسەری. ئەرتەش فێرکارانی دایە بەر فیشەکو دوکتور ئەبولحەسەنی خانعەلی، مامۆستای ئازادیخواز بەفیشەکی ئەرتەشیەکانی شاە کوژراو دەیان کەسی تر بریندار بوون. بەدامەزراندنی هونەر کەدەی ئاناهیتا، بەو هونەر کەدەیەوە پەیوەست بوو و لەساڵی ٣٩ وە تا ساڵی ٤٤ هاوکات لەگەڵ مامۆستایی –چالاکی هونەریشی ئەنجام دەدا. سەعید لەدەرهێنانی شانۆنامەی "سێ خوشکە" لەبەرهەمەکانی ئانتوان چخۆف دا هاوکاری کردو هاوکات بەبەشداری لێهاتوانەی شانۆ– لەساڵەکانی ٤٤ تا ٤٨ خولی زانستگەی هونەرە جوانەکانی تارانی تەواو کردو لەساڵی ١٣٤٧دا کۆمەڵە شێعری "دەنگی میرا"ی کەلەنێوان ساڵەکانی ٦٠ تا ٦٧ دا وتبوویو ٥٨ شێعری لەخۆ دەگرت لە٣٠٠ لاپەڕەدا بەچاپ گەیاند.

یەکەمین شیعری سیاسی سوڵتان پور لە١٥ی جوزەردانی ساڵی ١٣٤٣دا خۆ دەنوێنێ، لەم شێعرەدا سەعید باسی روخانی شاە و شادیو راپەڕینی ئەو رۆژە دەکات. لەساڵەکانی خوێندەواری دواناوەندی داو لەوپەڕی تۆقاندنو سانسۆردا شانۆ نامەکانی "مەرگ لەبەرامبەر" لەوسلین هنچۆفو "وێستگە" لەنوسینی خۆی بەشانۆ دەردێنێ. هاوکات لەگەڵ چاپی "دەنگی میرا" لەساڵی ١٣٤٧دا کتێبەکەی قەدەغە دەکرێت.

ئێستا سەعید پێی ناوەتە ناو کاراترینو هەست وروژێنەرترین گۆرەپانی فەرهەنگی ئەو هونەری هەڵبژاردووە، تا رێ گوشای ئارەزووەکان، ئامانجەکان، رۆژانی باشو بەرابەری مرۆڤەکان بێت" ئەو شێعری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵبژاردووە تاکوو ئامرازێك بێت بۆ دەربڕینی هەست و حەزو ڕەنجی زەحمەتکێشان و کرێکاران. ئەو لەو هونەرمەندانەیە کە-بەتێگەیشتن لەتوانایی و لێهاتوویی مێژویی جەماوەرو هەروەها لێکدانەوەو ناسینی مافەکانی لەدەس چووی خەڵك، بیرۆکەی خەباتی خۆیان بەچەکی کردەوە تەیار کردووەو بۆ وەدەس هێنانی مافەکانی رفێندراوی کارو ڕێکخستنی جەماوەرییەکەی، بەبەهای بەکەم زانین و هەڕەشەو زیندان و ئەشکەنجەو خوێن و مەرگ تێدەکۆشن- دواتر لەکۆڕەکانی شێعری شەوانەی ساڵی ١٣٤٧" بەپێشەنگانەو غیرەتەوە، بەر لەهەموو شاعیرەکان و هونەرمەندەکان، هێرش دەکاتە سەر تاڵان کەری ئیمپریالیزم.

لەساڵی ١٣٤٨دا دوای یەك ساڵ هەوڵی شەوانە ڕۆژی، کارێکی "ئیبسن" لەژێر ناوی "دوژمنی خەڵك" بەشانۆ دەردێنێ. لەشەوی ١١ هەمی شانۆکەدا، ساواك هێرش دەکات و هۆڵەکە دادەخات" سەعید شانۆکە دەکاتە بەرینایی خەبات لەدژی دوژمنانی خەڵکی لەساڵی ١٣٤٧دا لەلایەن ساواکەوە پەروەندەکەی بەنێوی "هونەرمەندێکی مەترسی دار" دەردەکەوێ.

لەساڵی ١٣٤٩دا، لەلەدایك بونێکی ترداو لەکاتی بزوتنەوەی چەکدارانەی دارستانەکانی سیاه کەل لەدژی سیستمی زاڵ" سەعید شانۆنامەی "مامۆستایان" دێنێتە سەر شانۆ، بەڵام مرۆڤ کوژانی ساواك هێرش دەکەنە سەر هۆڵەکەو دەرهێنەرو نوسەرو ڕۆڵگێڕەکانی، دەسبەجێ دەگرن و دەیانبەن بۆ شکەنجەگاکان.

لەڕەشەمەی ١٣٤٩دا، دادگای نیزامی شاە لەلایەن سەعیدەوە دەکێشرێتە بەر مەحکەمەو حکومەتیش ناچار دەبێت کەبۆ ماوەیەك ئازادی بکات، هەر لەو سەردەمەدا کتێبی "جۆرێك لەهونەر، شێوەیەك لەبیرۆکە" بەدوور لەچاوی سەرەڕۆیان بەچاپ بگەیەنێت.

لەساڵی ١٣٥١دا بەتاوانی بڵاوبونەوەی سەر لەنوێی کتێبی قەدەغەکراوی "جۆرێك لەهونەر، شێوەیەك لەبیرۆکە" زیندانی دەکرێتەوە، لەکۆمیتەی کوشتنەکان دا، ئەو جێیەی کەئەمڕۆکە "بەندی سێ هەزاری" کۆماری ئیسلامییە- و هەروەها ماوەیەکیش لەقزڵ قەلعەدا، بەدیلی دەمێنێتەوەو دوای ٦٥ ڕۆژ ئازاد دەکرێت و دوای ئازادی بەپەلە دوابەدوای بەڕێوەچوونی جێژنە شوومەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی حکومەتی شاهان بەسەر ئەستۆی خەڵکەوە شانۆنامەی -ڕوخسارەکانی سیمون ماشار- نوسراوەی "بڕتولت بڕشت " بەڕێوە دەبات.

"ئاوازەکانی بەند" دووهەمین شێعری سەعید، لەساڵی ١٣٥١دا، بەشاراوەیی، قەدەغەکراوو شۆڕشگێڕانە، دەستاو دەست دەگەڕێت، سەعید لەساڵی ١٣٥١ وە تا ١٣٥٣ دەخرێتەوە زیندان و سەر ئەنجام لەساڵی ١٣٥٣دا بەتاوانی بڵاوکردنەوەی "ئاوازەکانی بەند" کەلەسلولەکانی کۆمیتەو ئەوین دا وتبوونی و هەروەها بەتاوانی هەبونی بیروبۆچونی مارکسیستی و یەکسانی خوازانەو بەتۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ "چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران" لەشکەنجەگاکانی ئەوین" کۆمیتەی کوشتار لەبەندی پەهلەوی دا دەس بەسەر دەکرێ، شکەنجە تاقەت پروکێن و نامرۆڤانە" بەسەرهات" بەسەرهاتی ئێویەکی گەرمە لەسەر گۆشت و پێست و زمان و قەمچی کابڵەو چەنگەکی قەسابی"بەڵام شاعیر، شاعیرێکی عاشقە کەهەروا نرکەی دێ و هاوار دەکا.

تاڵە بەندا هەمبێ بەندییەك
لەگەڵ تۆش دا سووتاو هەمە پەیوەندییەك
هەرچەند لەیاوی توندی ئەشکەنجەدا دەسوتێم
لەخوێنی ڕژاوم چەندین خۆر دادەگیرسێنم

شێعرەکانی "کازیوەی بەند"، "غەزەلی بەندو"و غەزەلێکی بۆ قارەمانانی سەهەندو سەبەلانی براکەی هەروەها "غەزەلی رەفیق (هاوڕێ)" دەڵێت.

٢٢ی پوشپەڕی ١٣٥٦ لەزیندان ئازاد دەکرێ تاکوو خۆی بسپێرێتە دەس دەریای شۆڕشی جەماوەر، و هەر لەو ساڵەدا بۆ جاری دوهەم، بەبڵاوبونەوەی بەیانیەیەکی [redacted] ٤٠ کەسی، کانونی نوسەران دەکرێتەوەو دانیشتنی دامەزرێنەرانی دوهەمین دەورە هاوکاتە لەگەڵ ئازادبوونی سەعید لەزیندان و ئەو دەس بەجێ و هەر لەزیندانەوە بەرەو کانون دەرواو دەڵێ: من دوێنێ شەو لەزیندان ئازاد کراوم و ئەمڕۆ هاتووم کەبۆ بەرگری و پاراستنی ئازادی بەیان، بیروبۆچون و کۆڕو کۆمەڵەکان بەکانونی نوسەرانەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەیوەست بەو بەیانیەکەی ٩٨ کەسی کانوان ئیمزا دەکات.

کۆڕەکانی شەوە شێعری کانون لەمانگی پوشپەڕی ١٣٥٦وە دەستپێدەکاتو ١٥ هەزار کەس لەخۆی دەگرێو شێعری سەعید وەکوو چرایەکی درەوشاوە لەنێو دڵەکانی روناکبیرانی جەبهەی "شۆڕش" حەزو ئومێدو توانایی دەخولقێنێ، توودەییەکان هێرش دەکەنە سەر تریبونی چەپەکان تاکوو سیمی مایکرۆفۆنەکە بەمقەست بقرتێنن، جەماوەر، تودەییەکان لەسەر جێگای خۆیان دادەنیشێننەوە، شێعری سەعید شێعری خەباتو راپەڕینە.



رۆژی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٦ زانکۆی سەنعەتی تاران، لەجیاتی ٣ هەزار بانگهێشتکراوی کانون، زیاتر لە١٠ هەزار کەس دەخزێنە ناو زانکۆ، پۆلیسو ساواك گەمارۆی دەورو تادەوری زانکۆیان داوە، پەیامی هاوپەیوەندی کرێکاران لەگەڵ گەمارۆ دراوان لەلایەن نوێنەرانی کرێکاران لەناو زانکۆدا دەخوێنرێتەوە، پەیامو سودو شێعر لەسرودەکانی ئەنترناسیۆنالیستیو دایە هیتر.. تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

شەوە شێعر دەبێتە خۆپیشاندانی سەرشەقامو کار – خانوو– ئازادیو حکومەتی جەماوەری دروشمی سەرەکی خۆپیشاندەرانە، سەدان کەس دەسگیردەکرێ، هەواڵی دەسگیرکردن لەشاردا دەنگدەداتەوەو دایکانو باوکانو ئاشنایانو بینەران دەستە دەستە لەشەودا دەچنە نێو زانکۆی سەنعەتیو سەعیدو زیاتر لە١٠ هەزار کەس، سورد بێژی ئازاد، دەسگیرکراوەکانیان دەوێتەوە، رۆژی دواتر رژێم ناچار دەبێ دەسگیرکراوەکان ئازاد بکاتو ئەو دەم سەعید قبوڵ دەکات کەلەزانکۆوە بێتە سەرشەقامو پۆلیس داوایان لێ دەکات کەهەر کەسێك بەتەنیاو بەئارامییەوە رێگای خۆیان بگرنو بڵاوە بکەن، حەشیمەتێك هێرش دەکاتە دەرەوەو بەپشتیوانانیان پەیوەست دەبنو خۆپیشاندان درێژە دەخایەنێ، لەشەقامەکانی نەواب، ئازەربایجانو کۆڵانەکانی دەوروبەری لەکاتی دەرگیربوون لەگەڵ پۆلیس زیاتر لە١٥٠ کەسیان لێ بریندار کراو دورشمەکانی "کرێکاران برانو براکان بەرابەرن"، "مافی مرۆڤ، دار دەستی مرۆڤ"، "شاه سەگی زنجیرکراوی ئامریکایە" و "بەرادەری بەرابەری" حکومەتی کارگەری" شەقامەکانی دەلەرزاندو نەئاخوندێك لەشەقام بوو بەنەقسەیەك لەدینمەداران.

لەو رۆژانەدایە کەشەوە شێعرەکانی گوتە "لەئەنستیتۆی گووتە" ساز دەکرێ، سەعید لەشەوی (٥)ەمەوە بۆ هەزاران کەس کەتەنانەت لەسەر دیوارەکانو پیادەرۆکاندا راوەستابوون شێعرەکانی "لەبەندی پەهلەوی"و "لەکوشتارگاه"دا دەخوێنێتەوەو خەڵك بۆ خەباتو شۆڕش هان دەدات.

دوای روخانی رژێمی پەهلەوی ئیش بۆ ساتێك لەخەبات بۆ کرێکارانو زەحمەتکێشان واز ناهێنێو لەساڵی ١٣٥٨دا بەنوێنەرایەتی لەلایەن رێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێرانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دەپاڵێورێتو لەوتریبونەوە لەدەورییەك کۆبونەوەیەکی چەند سەد هەزار کەسی لەمەیدانی ئازادی تاران بۆ جەبهەی شۆڕش دەئاخفێو دەس دەکات بەلەقاو دانی رژێمی کۆماری ئیسلامی، ئیتر هیچ جێگایەك بۆ هەڵکردنو سازان نەماوەتەوە، زۆرینەی رەهبەری "سچفخا" لایەنی رژێمی کۆماری ئیسلامی گرتووەو دەستی ناوەتە دەستی توودەییەکان کەلەحاڵێکدا تورکمەن سەحرا، ئەنزەلی، خور رەمشار، کوردوستان، ئازەربایجانو سەرانسەری ئێران هەر کۆڵانو کارخانەیەك بەئەمری خومەینیو دەستی رەشی حیزب الله و خەتی ئیمامیەکانو هاودەستانی توودەییەکان– ئەکسەریەتیەکان باقی دەستەو دایەرەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی.. شۆڕشیان بەخاكو خوێنو خیانەت کێشابوو، بۆیە سەعید نەیدەتوانی بێدەنگی هەڵبژێرێو هەر بۆیەشە هاوار دەکا"

ئەگەر بەغیرەتی خۆمانەوە راوەستاوین، ئەگەر دەزانین حەقو راستی بەئێمەیە، با بێدەنگ نەبین، ئەو شاعیری شۆڕشە" هەر بۆیە ناتوانێ کەلەگەڵ شۆڕشگێران نەبێتو لەگەڵ کرێکارانو زەحمەتکێشان هاو دەنگ نەبێت،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناتوانێ کوژرانی بەکۆمەڵی خەڵکی تورکمەن ببینێو بێدەنگ ڕاوەستێو چاویان لێبکات، ئەو پیان هەڵدەڵێ، بەیادی تووماجو هاوڕێیانی /بۆ سەحرا/بۆ گونبەد/ بۆ "ئابایی" بۆ "ئووبەکانی" سووتاو، بۆ کوردوستان، بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان" بۆ خەبات هەڵدەستێ" ڕێکی دەخاتو لەتەواوی بەربەرەکانیەکاندا بەشداری دەکاو لەشەقامو کۆڵانەکاندا شەو نامە لەکەمەری دەبەستێ.

لەساڵی ١٣٥٩دا لەکاتی بڵاوکردنەوەی تراک لەتاران لەشەقامی شۆڕش لەلایەن گەشتیەکانی سپای پاسدارانەوە دەسگیر دەکرێو بەدادو هاوار" لەسەر شەقام قەرەباڵغی دروست دەکاو لەناو خەڵکدا خۆ دەشارێتەوە.

١٧ی ڕێبەندانی ١٣٦٠ یەکەمین میتینگی دوای جیابونەوەی "ئەقەلیەت" لە"ئەکسەریەت" ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵك ئامادە دەکات. قەرارە کەبۆخۆشی لەمەیدانی ئازادی دا هۆنراوەیەك بخوێنێتەوە" نزیکەی ٤٠ هەزار کەس بۆ لای مەیدان وەڕێ دەکەون، پاسدارەکان بەجلو بەرگی ڕەسمیو حیزبوڵلاییەکان هێرش دێنو خۆپیشاندانەکە خەڵتانی خوێن دەکەن" جەهانگیری قەلعەمیاندواوی کرێکاری کۆمۆنیست لەلایەن سپای پاسدارانەوە دەدزرێو دوای شکەنجەکردنێکی زۆر بەلێدانی فیشەك لەناو دەمو چاوی لەساردخانەی پزیشکی قانونی دا دەدۆزرێتەوەو سەعید هۆنراوەی "دنیای کۆمۆنیست" دەنووسێو ئەوەش دوایین شێعری سەعیدە.

گوللەیەك لەزارا
گوللەیەك لەچاوا
لەنێو وردە سەهۆڵا
لەساردخانەی پزیشکی قانونی
لەبلێسەیەکی مەیودا خوێن ئەدرەوشێ
بلێسەیەك لەزارا
بلێسەیەك لەچاوا
لەکۆبوونەوەی حەفدەی تیرا
لەبازنەی ئاپۆرەی لایەنگرانو خەڵکا
لەنێو لافیتەو دروشمەکانا
لەچەرخانی تفەنگدارانو ڕەوەی پاسدارو گۆپاڵ بەدەستانا
لەپەرژینی تێلاو زنجیرو باتوما
لەنێو سەلای هاویشتنی ترسو
جنێوی شێتانەدا

لەنێوان لافیتەکاندا
شۆڕش
بەنێو چاوانی شکاوو چوڕەی جۆبنەوە
بانگ دێلێ
لەگەڵ دەنگی زولاڵی دنیاو
ڕووبارەکانا و
هاوڕێیانی جیهان
جیهانی کۆمۆنیزم
سروود ئەڵێنو
سروود ئەڵێن
بەدەستە گوڵی خوێن بەدەستەوە
لەسەر شانی میتینگیی مێژووەوە.

ئەو هەروا نرکەی دێو هەڵدەچێتو درێژە بەخەبات لەلای هاوڕێیانو کرێکارانو زەحمەتکێشان دەداتو ئەوان بۆ ڕاپەڕین لەدژی ستەمگەرانی دینو سەرمایە بانگ دەکات بەڵام حکومەتی ڕەش پۆشانی ئیسلامو سەرمایەش لەوە غافڵ نین هەر بۆیە لە٣٧ی خاکە لێوەی ١٣٦٠و لەشەوی زەماوەندەکەی دا لەلایەن پاسدارەکانەوە دەگیرێو دوای ٦٦ ڕۆژ شکەنجە لەسەر هەمان قەرەوێڵەو هەر بەو قامچییانەی کەلەمێژە لەگەڵی ئاشنان لەبەرەبەیانی ڕۆژی یەکەمی پوشپەڕی ئەو ساڵەدا لەسێدارە دەدرێت.

سەعیدی سوڵتانپوور، ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕە، شاعیری ڕەنجو خوێنو کار، شاعیری خەباتو تێکۆشان، شاعیری ژانو خۆشەیوستی، کەوتە سەر زەوی بەڵام هەر ئەو جۆرەی کەخۆی هۆنیبویەوە" خوێنەکەی بوو بەکوتکی دەستی کرێکارانو داسی دەستی جوتیارانو وەرزێران، تاکوو بەو کوتكو داسانە ڕژێمی سەرمایەداری بوکتنو بۆ زبڵدانی مێژووی ڕەوانە بکەن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ئەرکی هونەر

ن: سەعید سوڵتانپوور
و: مەجیدی مارابی

ساڵەهای ساڵە لەم کۆمەڵگەیەدا باس لە ئەرکی هونەرمەندوئەدیب و رۆشنبیر دەکرێ بەڵام بەئاسانی دەردەکەوێت کە ئەم ئەرکە هێشتا ئاوێتەی هونەرو ئەدەبیات نەبوە. کاتێك کە ئەدیب و هونەرمەند هەڵوێستی چینایەتی نەگرن، لەگەڵ دوژمنێکی دیاری کراو ئاشکرا تێك نەئاڵێن. خەڵکی زمانی دەوڵەمەندو کاریگەری ئەوان تێ نەگەن، هاوسەنگییێکی مەنتقی و ژیرانە لەنێوان ئەرزشە هونەریەکان وفەرهەنگی حەڵکدا پێك نەهێنن، و لەروی ریفاهوو بەزەییەوە خەڵك بدوێنێ، نەچێتە نێو خەڵکەوەو لەگەڵیان تێکەڵ نەبن، لەگەڵ خەڵك هەڵس وکەتیان نەبێت و گوێ بۆ قسەکانیان رانەگرن، وەکوو خودایێکی نەناسراو، لە کەش و هەوایێکی تێروتەسەل وبێ نیازی رۆشنبیرا نەی خۆیەوە، بە ئاماژەیێکی خوداوەندانە بەرواڵەت خەریکی چارەسەری هندێك گرفتی هەژاری و بێ بەشی دەبێت. خودایی بکات و بەندەباربێنێت، بە کردەوە بۆچوونی وردە بورژوایانەی هەبێت و بەهەموو خۆدەرخستنەکانی جوان ناسیەوە دڵ بسپێرێ بتەو کردنەوەی پێوەندی فەرهەنگی چینی سەرمایەداری کۆمەڵگەوە! بەمانەشەوە لەقسەدا خەڵك خۆشەویست وتەنانەت خەباتکاریش بێت. هەرگیز ناتوانێت تێگەیشتنێکی دروستی لە ئەرکی هونەر بێت، ئەگەر وەها بێت " ئەرك" ئیتر وشەییێکە بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، سەر پۆشێکە بۆ داپۆشینی بنەماچەوتەکانی بیر،پەردەیێکە بۆ داپۆشینی پێوەندی هەڵە ئامێزی نێوان زەین عەینیەت پێك بهێنێت.

لە چەمکی عەینیەت قسەدەکات، کاریگەریەکەشی تەجەسوومی نا مەنتقیانەی زەینە، باسی ئەرك دەکات و



کاریشی بشێوی و هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنە، خۆی بە هونەرمەندێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنێ وهونەرەکەشی لە خزمەت پتەوکردنەوەی فەرهەنگی دڵخوازی نیزامی دەسەلاَت دارەوبەگشتی بەشداری لە بنەمای ئیدیلیستی کۆمەڵگەدا دەکات. ئەو ئەرکەی کە ئەمرۆ لە ئەدەبیات و هونەردا لە ئارادایە، لە هەنگاوی یەکەمدا، شتێکە جیاواز لە هاوسەنگی دیالکتیکی نێوان زهنیەت و عەینیەت نیە، ئەگەر لەم هاوسەنگیە تێ بگەین، دەتوانین بڵێین یەکە هەنگاوی ئیجابی لەرێگای هونەرو ئەدەبدا هەڵ هێنراوە. سەرچاوەی رەوتی ناسینی ئینسان بینراوی و زەینە، بە ناچاری تابێعی حەرەکەتی ئەم عەینیەتە حاشا هەڵنەگرەیە، دەبێ لە تێگەیشتنە زەینیەکان کە لە بنەمای سووکایەتی، هەژاری، نەخۆشی، و کوێلەتی خەڵکی کۆمەڵگەی ئێستا، دەبێ لە رێگای تێ گەیشتن، لێکدانەوەو ناسینی دامەزراوە عەینیەکانی ئێستا بدۆزرێتەوە، ئەرك لەسەری دابنرێت. دەبێ بە لێکدانەوەو ناسینی هەبوون و کردەوەی رێکخراوەکانی ئیداری، نیزامی،کەلتووری، رامیاری وئاینی، ناکۆکیە سەرەکیەکان بناسین ولەپاڵ ئەم ناکۆکیەدا، ناکۆکیە لاوەکیەکانیش بناسین. هونەرو ئەندێشە ئەرکیەتی بە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێوازە تایبەتەکانی خۆی لە بواری ئەدەبیات و هونەردا، خەریکی لێکدانەوەو شیکاری ناکۆکیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە بن. با ئەو هونەرمەندانەی کە ئیدعا دەکەن، کە بیر کردنەوەی هونەریان ناچینایەتیە، ناکۆکی لەگەڵ هێزەکانی ئیمپریالیزم دایان چڵەکێنێت وبەناچاری ناکۆکی لەگەڵ سیستەمی بەینابەینی فئۆدال_بورژوازی لەگەڵ کرێکاران، ناکۆکی وردەبورژوازی لەگەڵ بەرژوازی گەورە، ناکۆکی رۆشنبیران و ئامێرکاران،هەروەها ناکۆکی گەلێکی تر وەکوو ناکۆکی هونەرمەندان لەناو یەکتردا، ناکۆکی نێوان رێکخراوە دەوڵەتیەکان، ناکۆکی کاسبکاران لە بەرابەر یەکتردا، یان ناکۆکی دین و هونەرو ئەندیشە، هەرهەموویان لاوەکین ونابێت ببنە کۆسپی سەررێگای ناکۆکیە سەرکیە گەورەکان، لەبەر ئەوی کە ئەمە هەر ئەو شتەیە کە هۆکارانی دواکەوتووی ناکۆکیە گەورەکان دەیانەوێت، بەڵام بەداخەوە، هونەرو ئەدەبیاتی ئێمە، ئەوەندەی کە شەهامەت بکات، بەرەو ناکۆکیە لاوەکیەکان دەچێت وخۆی لەم ناکۆکیانەدا نوقم دەکات. لە ئاکامدا ناکۆکی گەورە دەکەوێتە پەراوێزەوەو تەنانەت ئەرزشە دواکەتوانەکانی بەهێزتر دەبن و بەقازانجی جەمسەری چەوسێنەری ناکۆکیەکان تەواو دەبێت. یان باس لە ئەرکی هونەرنەکەین و رێگای خۆمان بگرینە بەر یان بیر لەم چەمکانە بکەینەوە. لەبەر ئەوەی کە تەنها لەرێگەی پەروەردەکردنی هونەری و ئەدەبی ئەم چەمکانەوەیە بە خەڵك کە دەتوانرێ ئەرك بە دروستی بدۆزرێتەوەو بهێنرێتە نێو خەباتی چینی بێ بەشەوە.

هونەرو ئەندیشەی بە ئەرك، بە هاتنە خوارەوەی هونەر مەندو ئەدیب بۆ نێو پێوەندی سووکایەتی پێ کراوی خەڵك و خوێندنەوەو بەدوادا چوون لە ژیانی دەوڵەمەن ولەبواری بەرهەم هێنانی ئەراندنی ئابووریەوەو پێك هێنانی زمان و فۆلکلۆر، ئەگرسێت، کە وایە بە پێچەوانەی، پرو پاگەندەی دوژمن پەسەندی" هونەرو ئەندێشەی دەستووری" ، بەدەرە لە هەرجۆرە داسەپاندنێکی ئیدئۆلۆژیك،چ لەوەها حاڵەتێکدا، هونەرمەند بۆخۆی لە دڵی ئیدئۆلۆژیدایەئەوەی کە دەی خولقێنێت، وەردە وردە، لە هەڵس وکەوتەئابووری، فەرهەنگی، دەروونی، سیاسی و ئاینیەکانی خەڵك گیراوە، کاتێك کە هەڵوێستی چینایەتی هونەرمەند_ جەسوور و ئاشکرا_ دەرکەوێت، ئیتر ئەرك توخمێکی دەرەکی نیە تا بسەپێت، لێرەدا ئەرك لەگەڵ هەموو گەردیلەکانی مادە ، کە لە پێوەندی بەردەوام دایە لەگەڵ لەکگەڵ زەین، لە ئارادایە. لەیرەدا ئەرزشە ئەرکیەکان، ئەرزشە هونەریەکان، ئەرزشەکانی بیروباوەر، لە پێوەنندییێکی جیایی هەڵنەگر لە یەکدان و لەکۆدا ئامانج پێك دەهێنن. کەوایە، هونەرو ئەندێشەیێك کە لە سەر ئەساسی ئیدئۆلۆژی خەباتی نوێ پێك دێت، قەد ناتوانێت سەپێنراو و کلیشەی بێت، لە بەر ئەوەی کە فەلسەفەی علمی جیهان لە روانگەی ئاڵوگۆڕەوە سەیر دەکات، ئەوەی کە لە پرۆسەی ئاڵو گۆر دابێت، بەربڵاو جۆراوجۆرەوئینسان بەرەو دۆزینەوەییێکی نوێ لە سروشت و بووندا رێنوێنی دەکات. بە پێچەوانە هونەرو ئەدەبیاتی ئێستا، کە لەلایەن دەولەتانی کۆمەڵگەی چینایەتیەوە، لە لایەن خوێندنگە رادیۆ، تلوزیۆن و چاپەمەنیەکانتە فێر دەکرێن، بە هۆی هەلسووکەوتی کەمتەرخەمانەوە،خۆ تەسلیم کردنی بەردەوام،کە لە رەوتی مێژودا رەنگی گۆراوە، بەبێ ئەوەی چاوەدێرێکی راستەوخۆ بەسەر کەوشەنی خۆیدا بە پێویستی دابنێت، لە ناوەرۆکدا هونەرو ئەدەبیاتێکی کلیشەی و مردوە، ناوەرۆکی تکراری و وەستاوی هەیە، بەشێوەی وەستاو سەیری سروشت و ئینسان دەکات. هونەرمەندان و بیرمەندانی وەها هونەرو ئەدەبیاتێك، یان بەتەواوەتی تەسلیمن، وەکوو ئاوی گەنیویان لێ هاتوە ، یان هێشتا لەوێ هەستێك بۆ پێوەندی ئینسان و سروشتی ئیستا لە کاردایە، لەم حاڵەتەدا ماند و بێزار لە شێوازە کۆنەکان، و بە هەمان ناوەرۆکی کۆن کە لە نێو بازنەی ئەلازەلیەت و ئەبەدیەتدا دەسووڕێتەوە، بەرەو کەوشەنی فورمخ هەڵدێت وهات و هاوار دەکات لە بەر ئەوەی کە ناتوانێت فورمە بربڵاو و جۆراوجۆرەکانی بوون لە روانگەی ناوەرۆکەوە بدۆزێتەوە، بە ناچاری بە وتنەوەی پێکهاتە رواڵەتیەکەیەوە خەریك دەبێت، کە لەبواری جوان ناسیەوە خاوەنی ئەرزشە، بەڵام وەها ئەرزشگەلێك کە لە رەچەڵکی هەڵسووراوی خۆی دوور کەوتوتەوەدەبێ بە دەستێ وەردانی هونەرو ئەدەبیاتی شۆرشگێر بگەرێتەوە سەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەچەڵەکی کاریکەری خۆی تا لە پێوەندیەکی دوو لایەنەو کاریگەردا لە گەڵ ناوەرۆکی خۆی دامەزرێت. هونەرو ئەدەبیاتی شۆرشگێر، بە تێگەیشتنی کانگای مێژووی خۆی بە پاڵپشتی ریا لیسمی کۆمەڵایەتی، ناچارە بە بەربەرەکانێی لێبراوانە لەگەڵ فە رهەنتگی کۆنی فئۆدال بۆرژوازیدایە، بە ئەستاندنەوەی ئەرزشەکانی لە هونەرو ئەندێشەی قۆناغەکانی رابوردودا، چ لەبواری قەوارەو چ لەبواری ناوەرۆکەوە، گۆرانی لە جیهەتی گونجاندنی لەگەڵ پێویستیە تازەکانی خەڵکانی ئەمرۆ و داهاتوو، بۆ گەشەی فەرهەنگی لاخەڵك تیٚ دەکۆشێت و بۆ هەوڵەکانی خەڵك بۆ بەدەست هێنانی ماڤ وڵەدەس چووی " کار" بواری لەبارو گونجاو دەرەخسێنێت، هەر وەها هونەرمەندان و رۆشنتبیرانێك کە سەرەرای کانگاکانی بورژوازی و بیر کردنەوە گەلێکی لەو چەشنە کە بوچوونێکی لۆژیکیان لای خەڵك هەیە لەلای خەڵك بەهێز بکرێن تا لە کارەساتی نێوان ٢ چین رزگاریان بێت. بەلاٚم کەسانێك هەن کە پارە وەر دەگرن و پلەو پایەیان دەوێت، بۆ ئەوەی بە قازانجی نەزمی کۆن، هونەرو ئەندێشە پێك بێنێت، و بە هاتوو هاواری نابە وەخت بیرو رای خەڵکی بەرەو شوێنێکی نادیار چەواشە بکات. هەر وەها کەسانێکی تر هەن کە بە هاتوو هاوارێکی " ئاست بەرز" لە بواری قەوارەو تەنانەت ناوەرۆکیش، بۆ قایم کردنەوەی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆیان و بۆ بەهرەمەند بوون لە ماڤ و مەزایایی یاسایی رێکخراوەکانی تەسشریفاتی هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی هەم بە دڵی خاوەندەکانی خۆیان جوولاٚبێتنەوەو هەم بە باسە رۆشنبیرانەکانی خۆیان وەکوو هونەرمەندی گەورەو تئوریزانی هونەرو ئەدەبیات و فەلسەفە بناسرێن. هونەرو ئەدەبیتی شۆرشگێڕ، هەرگیز لەم تۆمەتە زیرەك و بەردەوامانەی ئەم کەسە هەلپەرەستانە ناترسێت، لە بەر ئەوەی کە لە بەرەی سیاسەت دا، بەرەو رووبوونەوەی ئەوانەیەوبە دروستی دەرکەوتوە شاراوەترینکاریگەری سیاسی، لە بواری پێوەندی بەردەوامی خەڵك و فەرهەنگ لە راستا ی بەهێز کردنی هەلوومەرجی مەوجوود، لە رێگای هەر ئەم کاربەدەستانەی هونەرو ئەندێشەوە بە کردەوە دەردێت. هونەرو ئەندێشەی شۆرشگێر...... لە پێوانە فورمالیستیەکانی ناسینی جوانی و دوزینەوەی نەخۆشانەی زەینی_ کە لە بواری مودێرنیزم دا ئاسانترین رێگای گەیشتن بە تەسەوری درۆینی ئافراندنە ، خۆ دەر باز دەکەن و مستی توورەی و نەفرەتی خۆیان دەدەن لە پۆزەی هونەرو ئەدەبیاتی بازنەیی کە لە فەزایەك لە توخمی ئالودە بە تراژدیا و گاڵتە جاری پیری و مەرگ و جنسیەتی زایە بودا سەرگەردانە سیمای ئاسمانی هونەرو ئەندێشەیەك کە لە ژێر نێوی مودرنیزم و رابورد و گەری بیٚ مەنتق و نامومکین تەجویز دەکات ، ئیستا بە وبەیانێکی گونجاو بەرەو لای راکێشە متا فیزیکیەکان دەروات، لە لیتەدا دەئاڵێت ، لە بەر ئەوەی کە تەواوی ئەم شێوازەی جوانی، کە پرە لە بێقەراری، سۆز، بیٚ دەنگی ، فرمێسك، ئارامی و گومان، بەگشتی بەبیٚ هیوایی و تەسلیم بە تەقدیرو تیٚ گەیشتنی خودا لەروانگەی هونەرو ئەدەبیاتەوە شکڵ پیٚ دەدەات و لە کۆتایدا مرۆڤی سەڵت و تەنیا لە پانتایی بیٚ کۆتایی بووندا دەنوێنێت. ئەم شێوازانە لە روانگەی هونەرو ئەدەبیاتی شۆرشگێرەوە رەد کراونەتەوە، بەلاٚم هیچ کات حاشا لە بوونی ناکرێت و تەنانەت شیاوی لێکدانەوەو ناسین و دەرمان کردنیشە ، زۆرترین دەرکەوتەکانی ئەم هونەرو ئەدەبیاتە هەڵ دەگەرێتەوە بۆ ئەو هەموو گەندەڵیانەی کە بەدرێژایی چەندین سەدە بە هەوڵ و کۆششی کاربەدەستانی چینی دەسەلاٚت دار و وەرگرتنی بە ناچار و بەردەوامی خەڵك، بەربلاٚو بوەتەوەو ئێستاش دەبێتەوە و بە هۆی تەئیدو ستایشی تەقدیرو تەسلیم و ئیلتجای ئاسمانی شیوەنی بەردەوام و بیٚ هیوایی تێك رووخانی توانای خەبات و ئاڵ و گۆر لە ئینسان، بابەتی دڵخوازی ریکخراوە دەسەلاٚت دارە کۆمەڵایەتیە کانە.

[redacted]

***



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# {لە هەوای تێکەڵی کازیوە دا}

ئەم سلولانە چین؟
ئەم دیوارە نەویەبێ دەربیجانە چین؟
جیا بۆ یەك دوو ڕۆژێك زیاتر
خۆڕاگری یەکی لەرزۆکانە لە بەرانبەر سێڵاو دا
سێڵاوێکی بناغە هەڵتەکێن.

پێکەنین دەمگرێ لە ناڕاستی،تا مەردان
گریانم لە ناخەوە بەڵام ،بە گوڵزارەکانی گیاندا ئاژین:
ئەگەر چی خەرمانەی شەو تێکەڵ بە خوێنی هاوڕێکانم
وە بە خوێنی تازەی منیش
دەڵە_دێوێکی خەڵك ئازار دەر
پیرە سۆزانیەکی نابەکار
لە کومیتە دا ،قەڵای کوشتار
هەر وا سەرگەرمی خوێن خواریە
بەڵام ئەزانم
وە وەکتۆفانە پڕ هەیبەتە کان سەڵام بەرزە:
ئەی باخی لە خوێن دا نیشتوو
دەستەکان
پێیەکان
وەر...ن ئەی چاوە خوێن پێوەکان
لە هەوای تێکەڵی کازیوە دا
لە پشت سەنگەرە سورەکانی ئەوینەوە
لە پشت هەوری شۆعلەو باڕووتەوە



لە گەڵ ئەو بانگانە دا،کە ئەیدا کەڵەبابی قین
لە سەربانی ماڵەکانی خەڵکەوە
لە پشت ئەم شەوەوە
ئەم شەوە بەتەمەنەوە
بەیانی خەڵك
بەیانی هەستانە.

سەعید سوڵتان پور
کردنە کوردی: سەعید ئەمانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



# "وێستگە"

شانۆنامەیەکی سەعید سوڵتان پور
و: شۆرش محەمەدی

مرۆڤەکان: بلیت فرۆش، پێڵاو درو، لاو، پیرەمێرد، پۆلیس، ئەکبەرئاغا

وێستگەی ئوتوبوس لەیەکێك لەشەقامەکانی قەراغ شار. کەپرێکی ئاسن لەسەر پیەیەکی خڕی گەورە دانراوە. دوچەرخەیەکیش نراوە بەپایەکەوە شوێنی بلیت فرۆشتن لای چەپی بۆتکەکەوەیە شوشەکانی شکاوەو مقەبایان تێگیراوە. رووبەڕوو لەکۆتایی کەپرەکەوە باخچەیەکی لاکێشەییو نامورەتەبی بەگوڵە بەرۆژە چێندراو کەدیمەنێکی فەقیرانەی هەیە.

لەتەنیش شوێنی بلیت فرۆشیەکە سیپێك هەیە کەبلیت فرۆشەکە لەسەری دادەنیشێو لەبەر ئەویشەوە سیپێکی تر کەقتوی کارتۆنی بلیتەکانو پوڵەکەی لەسەرە. گەسکێکی کۆن، ئەفتاوەیەکی نایلۆنی چڵکنو کتریەك لەم لاو ئەولا دەبیندرێ. لەپشت کەپرەکە بۆتکەیەکە بەقەد شوێنی بلێت فرۆشتنەکە کەلەتەنکەو دار سازکراوەو دیوارەکانی ناوەوەی پڕە لەکەوشی کۆن، قەیتانو ڕەسمو وێنەی رەنگی ئەکتەرو قارەمانە وەرزشیەکان.

لەبەر بۆتکەکە چوارپایەیەکی کورتی داری لێیەو لەبەر چوارپایەکەش سندانێك داکوتراوە کەلەدەوروبەری ئەو درۆشە، چەکوش، بزمار، قوتو واکسو چەکمەکان بڵاوبونەوە. پێڵاودرو چەند کارتۆنێی راخستوەو لەسەر ئەوانو لەژێر سێبەری گوڵە بەرۆژەکان خەوتوە. لاوێکی بیستو چەند ساڵ، کزو چڵکن.

بلیت فرۆشەکە لەسەر سیپەکە دانیشتوە، پیرە پیاوێکە سەرو ریشی سپی، برۆو سمیڵی رەش. کزو ئازار چیشتوو، دەستەکانی وەك ڕێواسی خۆی لێدراو بەنێوان ئەژنۆکانیدا بەربونەتەوە.

هاوینە، دوو نیوی دوا نیوەڕۆی رۆژێکی مانگی گەلاوێژ. بلیت فرۆشەکە، گەرما لێیداوە چاو لەسەعاتەکەی دەکات کەبرینجەیەکی نالەبار بوو، سەری لێ قەرس ببوو. ئاهەنگی بێ دەنگیەکانی رادیۆ، لەرادیۆی پێڵاو درو کەلەشوێنی بلیت فرۆشیەکە هەڵواسرابوو دەبیسترێ.

لاوێکی بیستو چەند ساڵەی بەنیسبەت رێكو پێك دێت،. ملیوانی کۆتەکەی گرتوەو دەستەکانی بەرداوەتەوە.

لاوس لاو بابە.

بلیت فرۆشەکە (بێ ئەوەی کەچاو لێبکات) سڵاو.

لاو (هەندێك پوڵە وردە دەدات بەئەو) دوو دانە.

بلیت فرۆش (پوڵە وردەکان دەخاتە سندوقەوە، بەستەیەك بلیت هەڵدەگرێ، ٢ بلیتی لێ دەکاتەوەو دەیدا بەلاوەکە) سەیرە.. گەرمە..

لاو (بلیتەکان وەردەگرێ) گەرمە.

بلیت فرۆش گەرمە.. سەیرە.. وایە ئیتر. لاو: گەرمە.. [redacted]

بلیت فرۆش دەوران دەورانە.. بەفر دەبارێ.. دەوران دەورانە.. هاوین ەدێت.

لاو (چاو لەسەعات دەکات) ئوتوبوسەکە دەمێکە رۆیشتوە؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بلیت فرۆش: ٥ خولەك دەبێت. (بلیتەکان ٥ دانە ٥دانە لەسەندوقەکەدا دادەچنێ و پوڵەکانی بەدەنگێکی نزمەوە دەبژێرێ.)

لاو: وا نیوەڕۆیان کەڵکی خراپ وەر دەگرن.. درەنگ دێن

بلیت فرۆش: قاوەخانە فێنكو هەواش گەرم.. وایە ئیتر.. سەیرە.. وایە ئیتر نایەن، درەنگ دێن.. زوو دەڕۆن. ئاوایە ئیتر.. سەختە..

لاو: (گۆڤارەکەی لەسەر سەکۆیەکی بەردی چکوڵە لەنزیك گوڵەبەرۆژەکان دادەنێ و دادەنیشێ) بەڵێ، دژوارە (بێدەنگی)

بلیت فرۆش: پوڵی نان سەنگەکی مانگێك دەخەنە دەستەوەو دەدخەنە ناو باجەی بلیت فرۆشتنەوە.. زۆر سەر سوڕهێنەرە کەکاتێك لەکونێکەوە چاو لەدونیا دەەی، دونیایەکە.. (بێدەنگی) دوسەدو خەفتاو پێنج تمەون و چوار زار (ریال)

لاو: بەڵێ.. (بێدەنگی)

بلیت فرۆش: (رادیۆکەی دەکوژێنێتەوەو چاو لەسەعاتەکەی دەکات. لەگەڵ خۆی قسە دەکات) ئەوەش هەروا زرە زر دەکات، مێشی لەوە گەورەترم نەیوە، ئەلان دەبێ سەد سەعات بێت، بەڵام دوو نیووە–گەرمە ئیتر. سەعاتەکەم شتێکی لێ دەزانێت. (بێدەنگی)– لەو هەوایەدا هیچ کەس نایهەوێ کار بکات. (بێدەنگی) سەعات یا دەبێ کار نەکات یا ئەگەر کار دەکات دەبێ سەعات سەد بێ.

لاو: بەڵێ، لەژێر خۆرەتاو سەعاتەکان کێشیان دێ (واتە سەعات درەنگ دەڕوات)

بلیت فرۆش: هەی.. هەی.. کەسێك کەلەکات بگات دیارە کەکاتەکانی خراپ بۆ دەگوزەرێ.. هەمیشە. هەر وایە. هیچ کات نەبوە کە.. باشە ئیتر کاتێك کەساردە، لەسەرما، کاتێك کەگەرمە، لەگەرما.. (بێدەنگی) ئێستا ئەو تاوانی خۆرە یا مرۆڤ.. وەللە ئەعلەم

لا: خۆرە کەتاوانێکی نییە. بابە تۆ ئیتر دەبی بزانی، تاوانی..

بلیت فرۆش: کاتێك لەوانەیە کەبیبینی کەبڵێن تاوانبارە. کێ بەکێیە؟ (بێدەنگی، بەپێکەنینەوە) ئەگەر خۆر بێننە جێگا من لەو شوێنی بلیت فرۆشتنە دابینیشێنن بەو هەموە گەرمییەی، ئەویش گەرمای دەبێت.

لاو: (بەبزەیەکی خۆر لێدراوەوە) بەڵێ خۆریش ناتوانی لەم شوێنەدا دابینیشێ.

بلیت فرۆش: باشە ئیتر.. هەر ئەوەیە.. دەبێ هەر ئەوەش بێت. (بێدەنگی) خەوتی.. خەوتی.. خەوتی.. کاتێك کەهەستای کەسێك قژەکانی نیشان تۆ دەدات یانی سپی بووە. ئیتر وایە.. هەر کەس کەلەخەو دایە.. بەهرەکەی لەئاودایە. ئەوەش بەهرەی ئێمەیە ئیتر. (روی قسەی لەلاوەکەیە بەپێکەنینێکی تاڵەوە) ٥٠ تمەنی خەرجی سەرو وەزعی منداڵەکان دەبێت. گەورەن ناکرێ پێیان نەدەی، رۆژی ٥ تمەنیش دەدرێ بەدایکیان. باشە، جێبەجێی دەکات، بەقازانجە (نیگەرانەو لەخۆی دایە) شەست و پێنج تمەنیش بۆ کرێ ماڵ.. (بێدەنگی)

لاو: (لەبەر خۆیەوە) ئەوە بێ تواناکانن بەنانی شەویان پشت ئەستورن تا خاوەن دەسەڵاتەکان بتوانن لەدیوەخاناند ڕابوێرن.

بلیت فرۆش: (کەبەتەواوی لە ناخی خۆی رۆچووە) هەی.. هەی.. ماڵ.. ماڵ.. نەیان دا.. نەیان دا.. نەیان دا.. کاتێکیش دایان دیوەخانێکی تەنەکە کە ناویان لێناوە بۆتکە.. چی بکەین، هەر ئەوەیە ئیتر.. (بێدەنگی)

لاو: تابتوانین توانایانێك

ڕابوێرن لەچلۆن دیوەخانێك

بلیت فرۆش: (تورە) بەخەیاڵ خەیاتی دەکات

لاو: کێ بابە؟

بلیت فرۆش: کورەکەم. گەورەترە (لەسەرەخۆو تەسلیم) ئەو سیانەی تریشم دەرس دەخوێنن.. یەکیان پێنجوم.. یەکیشیان حەوتوم. ئەوەی تریشیان یازدەهەمە. هەرسێکیشیان کچن.. ئێستاش جێگای دیسان جێی شوکرە، ئاخری بێچارەیەك دێ و دەیان بات.

لاو: (دڵسۆزو تێنەگەیشتوم پارچە درون خۆ باشە بابە.

بلیت فرۆش کارەکەی پارچە درونە.. (پیرە پیاوێکی شەست و چەند ساڵە دێت. بەبێ ئەوەی کەبلیت بکرێ لەلای راستی بۆتکەکە لەسەر جەدوەلەکان دادەنیشێ. گۆچانەکەی بەجەدوەلی تەنیش شەقامەکەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەڵدەپەسێرێو کڵاوە ناڵەبارە هاوینییەکەی لەسەری لا دەبات.)

(لاوو بلیت فرۆشەکە چاو لەو پیرە پیاوە دەکەن)

بلیت فرۆش کارەکەی پارچە درونە، بەڵام کاری نەقاشی ساختومانیش دەکات.. شاگردی دەکات.. حەوتویەك دەچێت.. پولێك کۆ دەکاتەوەو دواتر خەرجی مەشروباتو ژنانی هەرزەی دەکات.. ئیتر وایە.. سەرم سوڕماوە.. بڵێم چی.. (لەدەست چووە بەڵام بەئاواتی زۆرەوە) هەر ئەو شەوی جێژنی رابردوو بوو، دوای چەند ساڵ دەستێکم کۆتو شەلواری کووەیتی لەگووشك کڕی بوو بە٧٥ هەزار تمەن. شین بوو، خەتی سپی تێدابوو، گەورە بوو.. بردم بۆیان چاك کردم. بەیانی جێژن هەستام، وتم جلو بەرگەکەم لەبەرکەمو دەستی منداڵەکان بگرمو بیانبەم بۆ شاعەبدولعەزیمو شەوی جێژنە با لەحەرەم بین.. هەڵبەت پیاو قسەی خودای بڵێت، ژنەکەم داواکاری ئەوە بوو کەبچین بۆ ئەوی.. هاتمە سەر سندوقەکە.. دیتم کەجلو بەرگەکانمان نەماون.. ئیتر وایە کوڕەکە بردبوی فرۆشتبوی. ژنەکەم لەمنداڵەکانیدا.. قسەی ناخۆشی پێگوتن.. ئاوایە. هەڵسوکەوتی توندوتیە.. منیش لەسەر سندوقەکە دانیشتم.. ئیتر دەتوانی چی بکەی؟ تۆوێك کەخراپە.. خراپە (چاو لەسەعاتەکەی دەکات) دەڵێ چرکە ژمێرەکانی لەناو رۆن دا دەسورێن.

لاو: زۆر گەرمە. نەهات. پیاو حەوسەڵەی نارەزایەتی دەربڕینیشی نییە.

بلیت فرۆش: هەی.. هەی.. دەریشت بڕی چی دەبێت؟ چوار جنێوو کۆڵێك قسە..

پیرە پیاو: نا، نایهەوێ بێت. (بلیت دەردێنی لەساکەکەی)

بلیت فرۆش: دەبی بێت.

لاو: (نازانی بڵێ چی) شتێکی زۆر خراپە..

بلیت فرۆش: دزی خۆماڵییە. پشیلە کەچەرداوە رویە. جارێکیان دایکی لاقی کردبوە گەوشێکەوە کەبیخەنە زیندانەوە.. خستیشمان، چەند رۆژێك وەیلان بوین. ئەی.. ئەی.. وایە ئیتر، دایکە.. مێشکی نییە، بەڵام دڵسۆزە.. هەموو خەرجیەکەی دەبرد شتی پێ دەکڕیو پاشان دەیبرد بۆ زیندان... دیتم وانابێ.. چوم هێنامە دەرێ.. کاتێك هاتە درەێ دیتم کە... وایە ئیتر.. زیندانە، چ چاوەڕوانیەك، دێم کەلەماڵیش گوزەراوە..



لاو: (لەسەرەخۆو دلۆڤان) دزی کردەوە؟

بلیت فرۆش: (لەروی ناچاریو بەتوڕەییەوە) وتیان.. (هەڵدەستێ، ئەفتاوەکە هەڵدەگرێو دەچێ لەشێرەکەی ئەوبەری بوتکەکەوە پڕی بکات).

لاو: (ناراستەوخۆ، روو لەپیرە پیاوەکە) سەختە.. بلیت فرۆشتنیش مرۆڤ چاك وەڕەز دەکات. من نازانم پولی ئەو بلیتانە بۆ کوێ دەچێ؟ (بێدەنگی) لەژێر خۆرەتاوی مانیگ مورداد (گەلاوێژ)دا ئاسن لەناو دەچێت. دوسەدو پەنجا هەزار تمەن.

پیرە پیاو: نا– نایهەوێ بێت.

لاو: (روو لەپیرە پیاوەکە) ئەم گوڵە بەڕۆانەش خۆی چاندونی–رۆژێك ئێوارە لەوێستگە راوەستابوم، ئەوانی چاند. گەورەبوون– وێستگە گوڵی هەبێت باشترە لەوەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەنەردەی لەدەور بکێشن- (بلیت فرۆش دێتو گوڵەکان ئاو دەدات. بەهۆی پریشکەی تەڕایی ئاو پێڵاو درۆکە لەخەو هەڵدەستێ).

پێڵاو درو: ئەوەتۆ سەر لەنوێ خەریکی ئەم گوڵەبەرۆژانەت ئاو دەدەی.. هەی بابە، مرۆڤ دەبێ لەدەست گوڵەکانیش بیکێشێ (ئاوێتەیەك لەدلۆڤانیو نارەزایەتی) لۆچێك بدە بەمن بزانم

بلیت فرۆش: (ئاو دەکاتە دەستی پێڵاو درۆوە. پێڵاو دروش بەسەروچاوی خۆی دادەکا) ساردە.

پێڵاو درو: خۆزگەم بەو کەسانەی کەدوشیان هەیە – هەی- چ خۆشیەکەی هەیە.. مرۆڤ بەردەوام لەبەرئاوی سارد رابوەستێت.

لاو: (وەڕەز) شەرفیان نییە، چایی دەخۆنو داستان دەگێڕنەوە.

بلیت فرۆش: نازانم کام بێ بەزەیی، گەرویەکی بڕیوە. جێگای تیغە.

پیرە پیاو: نا، نەهات، نایهەوێ بێت.

پێڵاو درو: (لەسەر چوارپایەکە دادەنیشێو دەست دەکا بەچاککردنەوەی پێڵاوێك) دەڵێم ئەمرۆ فلانی نەهات.

بلیت فرۆش: نەهات ئیتر- چاوپۆشی لەتیکەیەکیش لەبیابان ناکەن. دەیهەوێ، پولیش دەیهەوێ.

پێڵاو درو: ئەگەر من بەزەلیلی ببینن زۆریان پێ خۆش دەبێت، هەموویان پەستو هیچو پوچن

بلیت فرۆش: ئەگەر بێڵن بمێنیوە، زۆریشە-دژوارە.

لاو: ئێستاش شەڕە لەسەر ئەو ژورە بچوکە؟ خۆیان هێکتار، هێکتار زەوی خەڵکی داگیر دەکەن، بەڵام من لەسەر ئەو بستە زەویە سەد کەرەت دەکێشنە کەلانتەریو شارەداری.

بلیت فرۆش: دەترسم لەکۆتاییدا نەتوانیو پەندێك بەسەرخۆت بێنی

پێڵاو درو: بەخودا ئەگەر خوێنم بێتە کوڵ..

پیرە پیاو: نا-نایات، نایهەوێ بێت.

بلیت فرۆش: (بەبێ حاڵیەوە دادەنیشێ) هەرکات هەوا گەرم دەبێت من دەڵێم مەرگی زەماوەندە.

لاو: دڵت چۆنە؟ لەو گەرمایەدا دەبێ..

بلیت فرۆش: دڵە ئیتر.. ماندو بوو. زۆری لێداوە. دوێنێو پێرێ نزیك بوو بچێ بۆ پشوودان، ئیتر وایە کەم کەم پێش دێ. وێستگەیە ئیتر.

لاو: هات (چاو لەشەقامەکان دەکات) بەڵام نا -دەڵێی لەوێ راوەستاوە- بێگومان گرفتێکی بۆ هاتۆتە پێش.

بلیت فرۆش (بەبێ ئەوەی کەچاو لێبکات) ماشێنی مورتەزایە. هەمیشە گرفتی هەیە.

پێڵاو درو: (بنە پێڵاوێکی دڕاو فڕێ دەداتە بەردەم بلیت فرۆشەکە) هەڵیگرە ببیە وە سەری خە رەنگە یکەوێتە گەڕ.

پیرە پیاو: نایهەوێ بێت. نایهەوێت بێت (بەکڵاوەکەی خۆی باوەشێن دەکات)

لاو: (گۆڤارەکەی هەڵدەگرێت) درەنگ بوو..

دەنگی ئەکبەر: هۆی دادشی – ئافتاوەکەت بگاتێ. گەرمی کردۆتەوە.

بلیت فرۆش: هەی – (ئافتاوەکە هەڵدەگرت، فەرمانبەرداروو پڕ گلەیی) منی پیرە پیاو دەکێشی تا ئەوێ، من ئاوا نیم، باش نییە. هەیکەلی بەقەد هەیکەلی داری گوێژ دەڵێ جوق، ئەوکات – هەر لێی گەڕێ.

پێڵاو درو: بی دەبە من بیبەم بابە – زۆر بۆڵە دەکەی.. باش نییە بۆت. (دەڕوات)

بلیت فرۆش: (وەك نەخۆشو بێ حاڵ) هەر پێرێ بوو – لەخۆوە راوەستا، هیچکەس نازانێ دەڵێم چی.

دڵە ئیتر، هەواش کەگەرمە، رادوەستێ ئیتر. وێستگەیە ئیتر هە.. هە.. هە.. رۆژێك لەگەرمادا لەناو دەچم- دڵم غەزەلی ماڵئاوایی دەخوێنێ- ئیتر وایە. دونیا شوێنی تێپەڕ بونە.

(پۆلیس دێت)

بلیت فرۆش: سڵاو کازم خان

پۆلیس: سڵاو – ئێستاش کەلێرەیە. هەر دەبێ بی شکێنم تا کوێ کاتەوە؟ (یەکێك لەپێڵاوەکانی دەردێنێو لەسەر چوار پایە دادەنێشێ تا بزمار رێژی بکات.

لاو: لەشوێنێك هەر هەیە ئیتر.

پۆلیس: ئیزنی دەوێ ئاغا، هەر ئاوا نابێ. رەنگە سبەینێ منیش پێم خۆش بێتو بێم نەجیب خانەیەك لەسەر خیابان بکەمەوە. ئاواکە نابی. حیسابو کیتێبێك هەیە، شارەداری گەڵا چەندەوەر نییە، ئاغا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بلیت فرۆش: (بلیت فرۆش کەوشەکانی پۆلیس وەردەگرێت تا بنیان لێ بدات)

پۆلیس: ئێستا ٢ مانگە بەردەوام دەڵێت، چەند ڕۆژی تر. من دەستورم پێ دراوە. من کەناماهەوێ، بۆنی ناخۆشی عارەقەی کەوشەکان، خەڵک شێت دەکات. ئاخۆ ئێرەش شوێنە؟ شوێ قات بووە– – ئەوەش بوو بەکار.

لاو: پێم وایە ئەوە پەیوەندی هەبێت بەخۆیەوە

پۆلیس: هیچ شتێك پەیوەندی بەئینسان خۆیەوە نییە. مەگەر شاری هێرتە ئاغا، مەملەکەت حیسابێکی هەیە کتابێکی هەیە، شارەوانی هەیە، ئاواکە نابێت. ڕەنگە منیش سبەینێ بمهەوێ نەجیب خانەیەك لەسەر شەقام بکەمەوە ها، ئەوە کەنابێت.

لاو: پێلاو درون چ پەیوەندییەکی بەنەجیب خانەوە هەیە سەرکار؟

پۆلیس: بۆ نمونە هێنامەوە. ئێستا چ جیاوازیەکی هەیە هەردوکیان بۆنێکی پیسیان لێ دێت.

بلیت فرۆش: من خۆم ئیزنی پێ دەدەم لێرە دوکانێك بکاتەوە. ئیمزاش لەدانیشتوانی ئەم گەڕەکە کۆدەکەمەوە.

پۆلیس: ئیمزای چیو شتی چی، مەگەر بۆ هەر کارێك دەبێ ئیمزا کۆبکرێتەوە؟ ئیمزاش حیسابو کتابێکی هەیە، هەر ئاوا نابێ خۆ، ها ئەوە من پێم خۆش بوو کەئیمزا کۆکەمەوەو ببمە سەرۆکی کەلانتەری. یا دەبی بارگەو بنەکەی بپێچێتەوە، یان..

پێلاو درو: سلاو کازم خان (بەکاڵەکێکی قاش کراوەوە دێتە ژورێ، قاشێك دەدات بەبلیت فرۆش، بلیت فرۆشیش فەرموی کازم خان دەکات، کازم خان چەقۆیەك لەگیرفانی دەدرێنیو دەکیا بە٢ قاشو پێستەکەی فڕێ دەدات).

پۆلیس: لەکۆتاییدا تۆ ناتهەوێ ئەم زبڵانە لەشوێنێك بێ سەرو شوێن بکەی؟ (پێلاو درو کەوشەکانی پۆلیس لەبلیت فرۆش وەردەگرێت تا دوایی بنیان لێ بدات.)

پێلاو درو: هی خەڵکە سەرکار، هی خۆم نییە (قاشێکی تر دەدات بەبلیت فرۆش کەتاکۆتایی دەمێنێتەوە) بەیانی چووم بۆ شارەداری، ئاغای کەیقوبادی وتی تا شەممە ئیزن نامەکەم بۆ دەنوسێ. کۆڵێکم پوڵ خەرج کرد سەرکار

پۆلیس: کۆی کەوە.

پیرە پیاو: نا نایات– نایهەوێ دروست ببێت.

پۆلیس: کۆی کەوە.

پێلاو درو: نابێت، شیشە نییە خۆ بەبای دادەم، ئاغای کەیقوبادی..

پۆلیس: دەڵێم کۆی کەوە.

لاو: سەرکار دەڵێی ئێوە بەدوای بیانوو دادەگەڕێن؟

پۆلیس: پەیوەندی بەئێوەوە نییە ئاغا – کۆی کەوە.

لاو: دەڵێی ناتوانێ. مەگەر نابیستی – ڕەنگە نەتوانێ.



پۆلیس: ئێوە خۆتان تێوەر مەدەن ئاغا. مرۆڤی زیندوو وەکیلی ناوێ.

پێلاو درو: من ناتوانم سەرکار، بەخودا ناتوانم.

پیرە پیاو: نادروست نابێت (چاو لەشەقام دەکات.)

پۆلیس: یاللا کۆی کەوە (سندانەکە لەزەوی دەردەکێشیو بەبۆتکەکەی دادەدا. کەوشەکان دەکەونە خوارەوە.)

بلیت فرۆش: سەرکار چەند ڕۆژی تری مۆڵەت بدە. دەڵێی ئیزن نامەکەی وەردەگرێت.

لاو: (بەتوندیو بەتوڕەییەوە) ئێوە ناتوانن ئاوا لەگەڵ مرۆڤێك هەڵسوت بکەن.

پۆلیس: ئەو جلو بەرگانەم لەبەر کرد تا بتوانم. ئەم قسانەش بۆ دەمی تۆ گەورەن حەزرەتی ئاغا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لاو: دەڵێ ئیزفەکەی وەردەگرێت، ئیتر چ پەیوەندییەکی بەئێوەوە هەیە. ئێوە نەدەبوایە سندانەکەتان فڕێ دابا ناو بۆتکەکەوە.

پێڵاو درو: ئاغا لێی گەڕێن – سەرکار چەند ڕۆژی ترم مۆڵەتی پێ بدە. من ناتوانم، بەخودا ناتوانم.

پۆلیس: نابێت، کۆی کەوە.

لاو: (بەتوندیو هێرش بەر) کۆی ناکاتەوە

پۆلیس: ئەگەر جارێکی تر خۆ تێوەردەی لەدەمت دەدەم ها.

لاو: (یەخەی پۆلیس دەگرێت) مەگەر تۆ چکارەی؟

پیرە پیاو: ئێرە وێستگەیە یان مەیدانی زۆرەوانی؟

پۆلیس: یەخەم بەردە هەی کوڕی قەحبە ژنان.

بلیت فرۆش: (هاوار دەکات بۆ لای ئوتوبوسەکە) هۆی ئەکبەر ئاغا.. ئەکبەر ئاغا

پێڵاو درو: (ئەوان سوار دەکات) بەرم دە ئاغا (وە خۆی یەخەی پۆلیس بەحاڵەتێك لەتوڕەییو بێ توانایی دەگرێت) سەرکار ناتوانم.

(پۆلیس بۆتکەکە بەشەق تێك دەشێکنێ، بوتکەکە دەروخێت، رادیۆکە بەردەبێتەوەو دەشکێ).

پێڵاو درو (سەر سوڕماو و وێران) وتم ناتوانم سەرکار، (بەردێك هەڵدەگرێتو لەخۆی دەدات) وتم ناتوانم.

پۆلیس: هەتا ئێوارێ بارگەو بنەکەت دەپێچییەوە. (روبەلاو) ئێوەش لەگەڵ من دێن هەتا لەمەوبەدوا لاقت نەخەیە ناو کەوشی پیاوی دەوڵەتەوە.

ئەکبەر ئاغا: (دێتە ناو ساحەکەوە) چی بووە براکەم. دەڵێم ناتوانی ببەخشی سەرکار؟

پۆلیس: ئەوەی کەدەی بەخشی حاتەمی تایی بوو.

پیرە پیاو: (ڕۆڵە ئەکبەر ئاغا) دەی وایە کەی دروست دەبێت. هەتا کەی دەبێ لەو گەرمایەدا راوەستم.

ئەکبەر ئاغا: (توڕە) هەتا دەبرژێی – من چوزانم، ماشێنە خراپیش دەبێت.

(پێڵاو درو بەهێواشی کەلوپەلی کارەکەی کۆ دەکاتەوە.)

پۆلیس: وریێ بکەوە.

بلیت فرۆش: ببورە کازم خان ئێوە گەورەیی بکەن.

لاو: (دەستی دەکێشێت) نا بابەگیان، لێی گەڕێ (دەڕوات)

ئەکبەر ئاغا: براکەم قومێك ئاو بخۆمەوە. دەبێ ماشێنی عەلی ئاغا بگاتێ. ئەمەیان بارودۆخی زۆر خراپە. یەکێکی دەوی تا خۆی راکێشی.

پیرە پیاو: نا – نایەهەوێ بێت– نایەت (وەك شیتەکان) خەڵکیان ناوەتە سەرکار، ناویاننە سەر کار، خەڵکیان ناوەتە سەرکار (دەڕوات)

بلیت فرۆش: (ئاو دێنێ بۆ ئەکبەر ئاغا. ڕۆڵە پێڵاو درو) خەمت نەبێ، زەوی زۆرە، وایە ئیتر.

پێڵاو درو: براکەم من دەچم بۆ کەلانتەری، ئاگات لەوانە بێت. (بەدوچەرخە دور دەکەوێتەوە)

بلیت فرۆش: (هەست دەکات دڵی گیراوە) ئاگات لەدەمت بێت. هەتا دەجوڵێیەوە قسەیەکی مفتت لەزار دەردەکێشنو هەر بەویش لەسێدارەت دەدەن. هەمویان مفتەکەین، هەمویان.

ئەکبەر ئاغا: لێی گەڕێ براکەم، ئەم گۆزە لەیەتم بدەیە بیبەم بۆ ئاغا موڕتەزا (گۆزەکە وەردەگرێت) لەتونیان خنکا (دەڕوات)

بلیت فرۆش: (دڵی بەتوندی دەگیرێت، دەیهەوێ بانگی ئەکبەر ئاغا بکات، ناتوانێ. دادەنیشێ) های. های ژیانە ئیتر – ڕۆژێك لەگەرمانا رادوەستێت (روو لەگوڵە بەرۆژەکانی، سەری بەسەر دیواری شوێنی بلیت فرۆشییەکەدا لار دەبێتەوە).

* * *



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# شێوەیەك هونەر، جۆرێك لەبیركردنەوە

## "سەبارەت بەهونەر بەگشتیو تائەتر بەتایبەتی"

نووسینی شاعیرو نووسەری شۆڕشگێڕی ئێرانی
"سەعید سوڵتانپوور"

وەرگێڕانێكی ئازادە لەكتێبێك هەر بەو ناوەوە
وەرگێڕانو ئامادەكردنی سەعید ئەمانی

ساڵانێكە كەلەم كۆمەڵگایەدا، قسە لەئەركەكانی هونەرمەندو ئەدیبو رووناكبیر دەكرێ بەڵام بەهاسانی دەتوانین تێبگەین كەئەم ئەركە، هێشتا لەگەڵ هونەرو ئەدەبیات دا تێكەڵ نەبوە. كاتێك كەهونەرو ئەدەبیات ناوەڕۆكێكی چینایەتی بەخۆیەوە نەگرێو لەگەڵ دوژمنێكی تایبەتو ناسراودا دەست بەیەخە نەبێت، لەخەڵكو زمانی دەوڵەمەندی ئەوان حاڵی نەبێت، هاوسەنگییەكی گونجاو لەنێوان بایەخە هونەریو گەشەی فەرهەنگی خەڵكدا دورست نەكاتو وەكوو زۆربەی ئوستادانی چیرە دەستی دانیشگاكانو هونەرمەندانی بێ نیازی تەلەویزیون، لەروانگەی بێ نیازیو بەرەحمەوە، لا لەخەڵك بكەنەوە، نەچنە نێو خەڵك، لەگەڵیان دانەنیشن، نەخۆنو نەپۆشن، گوێ بۆ قسەكانیان نەگرنو وەك خودایەكی نەناسراو، بەحاڵو هەوای بێ نیازانەو رووناكبیرانەی خۆیەوە بەئاماژەگەلی خاوەندانە دەست بداتە حەلو فەسڵی تویژاڵێكی مەسایلی فەقرو بێ مافییەكان. ببێتە خواو بەندە نەوازی فێر بێت. بەكردەوە بۆچوونی فەرهەنگی وردە بوژوایی هەبێتو بەهونەرو ئەدەبیاتێكی كەبەگشت جلیوە جوانی ئاسانەكەیەوە، جۆشدەری پەیوەندی فەرهەنگی چینی داری كۆمەڵگایە، دڵ بسپێرێو لەگەڵ گشت ئەمانەشدا، لەقسەدا، خەڵكو بگرە تێكۆشەر بمێنێتەوە، هەرگیز ناتوانێ مانایەكی وەكو ئەركی پێوە بێت" خۆ ئەگەر وابێت، ئیتر ئەرك قسەیەك بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەی كۆمەڵایەتییە. سەرپۆشێك بۆ داپۆشینی ژێر بەنا زیهێنیەكانە. دەمامكێك بۆ شاردنەوەی پەیوەندییەكی هەڵخەڵەتێنە كەلەنێوان زەینییەتە عەینییەت دا دامەزراوە قسە لەواتا عەینیەكان دەكاتو شوێنەوارەكەی دەرخەری بێ مەنتقی زەینیەتر. قسە لەئەرك دەكات بەڵام كارەكەی سەرلێشێواویو نامەسئولانەیە. دەڵێن هونەرمەندێكی كۆمەڵایەتییەو هونەرەكەی بۆ قایمكردنی فەرهەنگی دڵخوازی نیزامی حاكم بەكاردێنێو بەتەواوی لەساختمانی ئیدە ئالیستی كۆمەڵ دا بەشداری دەكات.

ئەركێكی كەلەمرۆدا لەهونەرو ئەدەبیاتدا جێی باسە، لەهەوەڵێن هەنگاودا، شتێكی جیا لەهاوسەنگی دیالكتیكی لەنێوان عەینییەتو زەینییەت دا نییە. ئەگەر ئەم هاوسەنگییە بناسرێ، دەكرێ بڵێین، هەوەڵین هەنگاو لەپێناو هونەرو ئەدەبیاتی ئەرك مەنددا هەڵگیراوە.

سەرچاوەی رەوتی مەعریفەتی ئینسان، عەینەو زەین بەناچار سەر بەحەرەكەتی ئەم عەینییەتە حاشا هەڵنەگرەیە. دەبێ لەو بیرۆكە گشتیو زەینییەی كەلەڕیشەی عەینییەتی ڕابردوو سەرچاوەی گرتوە، یارمەتی وەربگرین. بەڵام هەرگیز نابێت پێمان وابێ كافییە. ڕیشەی سووكایەتی، فەقر، نەخۆشیو، كۆیلەتی خەڵكی كۆمەڵگای ئێستا، دەبێ لەرێگای ناسینو لێكدانەوەی نیهادەكانی كەئێستا هەن بدۆزرێنەوەو ئەركەكانمان لەسەر ئەو بنەمایە دابندرێ. پێویستە بەلێكدانەوەو ناسینیو هەبوونو كردەوەی ئەو رێكخراوە ئیدارییانەی ئێستا هەن، چ نیزامی، فەرهەنگی، سیاسیو دینی، دژایەتیە گەورەكان دەرك بكەینو لەپاڵ ئەوانیشدا، دژایەتیە لاوەكیەكانیش بناسین.

هونەرو ئەندێشەی ئەرك مەندو وەزیفەدار دەبێ بەشێوەو شكڵە تایبەتەكانی لەبواری ئەدەبیاتو هونەردا، دەست بداتە تەفسیرو لێكدانەوەی دژایەتیە سەرەكیەكانی كۆمەڵگا. قەیناكات با هونەرمەندانی مودەعی، ئەوانەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەبیر لەهونەری پاڵاوتەو ناچینایەتی دەکەنەوە، بسلەمێنەوە، دژایەتی سەرەکی کۆمەڵگای ئێمە کەدەبێ لەرێگای هونەرو ئەدەبیاتەوە دەرك بکرێ، دژایەتی لەگەڵ هێزی ئیمپریالیسمو بەناچار دژایەتی لەگەڵ سیستمی بورژوازیە. کاتێك ڕوانگەی چینایەتی هونەرمەند، قاتعو ئاشکرایە دیاری بکرێ، ئیتر ئەرکو وەزیفە، شتێکی دەرەکی نییە کەداسەپێندرێ. لێرەدا وەزیفە لەتەواوی رەگەزەکانی مادەدا کەلەپەیوەندیەکی دایمی لەگەڵ زەین دایە دەڕواتە پێش. لێرە بایەخە هونەریو ئارمانییەکان، لەپەیوەندیەکی نەپساوەدا لەگەڵ یەکتری دانو بەگشتی دەبنە هەدەف. هونەرو ئەدەبیاتی تێکۆشەر بەناسینی جێگاو شوێنی مێژویی خۆیو بەپشتیوانی رئالیسمی کۆمەڵایەتی، ناچار قاتعانە بەگژ فەرهەنگی کۆنەو داڕزیوی بوژوازی دا دەچێتو بەئەستاندنەوەی ئەو بایەخانە کەلەهونەرو ئەندێشەی دەورەکانی رابردودا هەن — چ لەروانگەی فۆرمو چ لەروانگەی ناوەڕۆکەوە— و گۆڕینی بۆ گونجاندن لەگەڵ نیازە نوێیەکانی خەڵکی ئەمڕۆو داهاتوو، بۆ بردنە سەرو گەشەی فەرهەنگی خەڵکی دەکۆشێو بۆ رۆژەکانی. هەوڵی ئینسانەکان، بۆ وە وەدەس هێنان مافی لەدەستچوی "کار" بوارێکی گونجاو دەرەخسێنێو هەروەها ئەو هونەرمەندو رۆشنبیرانەی کەلەگەڵ جێگاو شوێنو نزیکایەتیان بەچینی بوژوازیەوە، بەڵام گرایشێکی ئوسوڵیان بۆ لای خەڵکەوە تێدا دەبیندرێ یارمەتی دەدات بۆ رزگاربوون لەکارەساتی هەڵکشانو داکشان لەنێوان دوو چینی دیاریکراودا.

هونەرو ئەدەبیاتی تێکۆشەر بەدەرك کردنی ئازادی نیسبی ئینسانی ئەمڕۆکە دەتوانێ بوونی هەبێتو هەروەها بەدەرکێکی بەرینتر لەئازادی مرۆڤی داهاتوو، دەست دەداتە تێکۆشانی چینایەتی” چونکە هەر لەروانگەی ئەم تێکۆشانە چینایەتیەوەیە کەدەتوانێ دەرکی زانستیو سروشتی خۆی سەبارەت بەهەستی لەگەڵ یاسا سرووشتیەکاندا بگونجێنێ” کەوابوو بۆ یارمەتی نیهادە پێشکەتوو تێکۆشەرە کۆمەڵایەتیەکان — ئەو نیهادانەی بۆ رزگاری گەل تێدەکۆشن— تەیار دەبێتو لەگەڵ بەشداری لەرەوتی تێکۆشانە ئاشکراو نەهێنیەکاندا، مێژووی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵ دروست دەکات.

کۆمەڵگای چینایەتیو بێبەش ئەمرۆ لەجێگاو شوێنێك لەرەوتی مێژوودا قەراری گرتووە کەهونەرو ئەدەبیاتی ئەوان بەناچار لەڕوانگەی شوێنەوارە کۆمەڵایەتیەکانەوە مەزەندەو داوەری لەسەر دەکرێو ئەمە ئەسڵێکی پایەدارە کەلەداهاتوودا پایگایەکی گونجاوترو شوێنەوار دانەتر وەدەس دێنێ.

دەتوانی بەرێگادان بەگەشەی مەفاهیمی ئیدئالیستی لەخۆت داو بەرێوەبردنی خود بەخودی بنەماکانی هونەرو ئەندێشەی کۆنەو بەوتنەوەی فەلسەفەی وێستاوو باو و پێدا هەڵدان بەکولیاتی بێ زەمانو بێ مەکاندا، خولانەوەیەکی خێرا بەمەداری وشەو جموجوڵە متافزیکییەکاندا دەست پێ بکەیتو لەکۆمەڵگایەکی بەم شێوەیە گەنیودا، ببی بەپاڵەوانی هونەرو ئەندێشەو لەسەر بەرزترین پلەی سەکۆی شانازییەکانی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەدا رابوەستیو بەبیرۆکەی فریودەری جاویدانەگی خۆت هەڵفریوێنیو لەڕاستیدا، جاویدانەگی بەعونسورێکی بەبێ جێگاو شوێن بزانیو لەزەمانو مەکانە دیاریکراوەکانی بتەکێنیو بۆ درێژ ماوە، بگرە قەرنێك، جێگای پەسند بێت چونکە فەرهەنگو بیرۆکەی ئیدە ئالیستی، لەدوای بزوتنەوەی رزگاری دەری خەڵکیش شوێنەوارە ڕوخێنەرەکانی خۆی وەدەردەخاتو هەرچەند سەرئەنجام لەبەین دەچێت، بەڵام زۆر درەنگ گیان بەدەستەوە دەدات. بەڵام هەمیشە مانەوە، لەروانگەی مرۆڤی فەرهەنگی تێکۆشەر، شتێکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی پشت ئەستوور بەواتا پویاو ئاشتی ناپەرێزو رزگاری بەخشاکانە.

دوژمن بەباشی پەی بەتواناییو جموجوڵی بەهێزی هونەرو ئەدەبیات بردوە، کەوابوو بەهاوکاری لەگەڵ تاقمێك لەهونەرمەندانو ڕووناکبیرانی دوێنێ سنورەکانی کۆنترۆڵی خۆی پەرە پێدەداو تا دەتوانێ بێ باوەڕی خۆی سەبارەت بەهونەرمەندو ئەندێشمەند وەدەردەخاتو پێویستە ئەوەش بزانین کەڕووناکبیرو هونەرمەندی دڵساردو تێکرماوی دوێنێ، ڕێگا خۆشکەرێکی وابەستەیە بۆ ڕماندنی هونەرمەندانی ڕاڕاو نیوە تێکۆشەرو بگرە تێکۆشەری ئەمڕۆ، وە بەم شێوەیە کەهونەرمەندو ڕووناکبیری تێکۆشەرو تێکۆشەرانی قەدیمی، بەشێوەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شگردی جۆراوجۆر دەکرێن بۆ ئەوەی توانیبێتیان ئەم گوللە کاریگەرانەیان لەخەشابی جەماوەر ڕفاندبێ کەبەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێز ڕوو بەسینەی سیاسەت و فەرهەنگی دواکەوتوانە ڕاگیراون.

* * *



ئێستاش بۆ ئەوەی وتارەکەم لەبواری هونەرو ئەدەبیات و نەخش و دەوری کۆمەڵایەتیەکەی وە هەروەها ئەو بۆچوونە خائینانەیەی بەسەریدا بەکردەوە دەرهاتوە، لەخاڵەتی بەرین بوونەوەی دوور کەوێتەوە، ڕوو دەکەمە تائەتر و نەخش و دەوری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکەی تری لەگەڵ دەوروبەردا باس دەکەم بۆ ئەوەی دەرک و ناسیاویەکی ڕوونترو شیاوی هەست پێکراوترمان لەبایەخی جبهەگیری و سەنگەربەندی هونەرو ئەندێشەو ئەو پلانانەی کەبۆ ڕووخاندنی دێنە ئارا دەست بکەوێ:

تائەتر، ئەو جۆرەی کەئەو کەسانەی شوێنەواریان لەسەر ئەندێشەی من بوە دیویانەو بۆ خۆشم ئەی بینم، بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆو نواندنی کۆمەڵایەتی و واتاکانی، لەبەرەی هونەرو ئەدەبیات دا، حەساسترین پێگەی ناسین و دەرمانی برینە بەناسۆری جەماوەری کۆمەڵگا بێبەشەکانەو پێویستە لەبەرانبەر خەڵکدا، زیندوو و پڕ جمۆڵ، دەست بداتە تەفسیری پەیوەندی زاڵمانەی چینایەتی و شاراوەترین و فەردی ترین ئازارە ڕەوان پێچەکان و، بەڵام شیاوی دۆزینەوەی مرۆڤ ، لەگەڵ سەرنج دانە گشت لایەنیەکانی جێگاو شوێنە نەتەوایەتیەکان، لەمەیدانی چینایەتیدار دەربخات.

هەڵسوڕێنەرانی تائەتر پێویستە بزانن کەدەبێ لەڕاستەقینەی خۆیاندا ڕەگ داکوتن و لەبەر ڕۆشنایی، تەفەکورات و کردەکانی خەڵك، کەرەنج و ئازارو قوربانییەکی زۆری لەپشتەو بەدی هێنەریەتی وەکو دەمامکێك بۆ دیاریکردنی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی خۆی کەڵك وەرنەگرێت یان وەکوو هونەرمەندێکی خەڵکی خۆ دەرنەخەن وە یان ئەگەر وایان کرد ترس و لەرزی ئاوێتە بەحەقارەتیان بنێنە لاوەو تەکلیفی خۆیان سەبارەت بەکۆمەڵ دیاری بکەن. هونەرمەند پێویستە وەك هونەرەکەی لەدرۆو فروفێل بەدوور بێت، ئەگەر تائەترو هونەرەکانی تر حاسڵی دەست ڕەنجی مرۆڤی هونەرمەندن، هونەرمەند خۆی سەمەرەی هونەرمەندانی میللەتێکە کەلەناخی نەجیب ترین و ڕاستەقینەترین ئاوات و ئارەزوە لەدەست چوەکانی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەگەر هونەمەرندو ڕووناکبیر ڕەنج و ئازارە قووڵ و هەمیشەییەکان، کەمایەسیە سەرەتاییەکانی ژیان و نا بەسامانیە ڕەوانی و نیازە سەرکوتکراوەکانی خەڵکی بەباشی بناسێ و بێ بەشیەکانیان وەکو مافێکی حەتمی و داگیرکراو چاو لێبکات، ئەوکات لەسەرەتاترین شکڵ و شێوە بەیانی و کرداریەکاندا، دەتوانێ وتەبێژی بنەڕەتیترین واتا ئیمانی و ئارمانیەکانی خۆی بێت. ئەم کەسانە دایم لەبەر مەترسیدان. ناتوانی بڵێی بیروباوەڕو تەفەکوراتێکی خەڵکی و چینایەتیت هەیەو پێشت وایە هیچ مەترسیەك هەڕەشەت لێناکات، چون ئەمڕۆ خەتەر سێبەری ڕاستیەکانەو بەردەوام ئیسنانە تێکۆشەرەکانی لەژێر تاقیب و چاوە دێری دایەو هەڕەشەیان لێدەکات. هیچ هونەرێك بەشێوەی تائەتر ناتوانێ لەئاگری واتای تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا بسووتێ و شوێنەوار دابنێت. تائەتر ئەم ئیمتیازەی بەسەر باقی هونەرەکانی تردا هەیە، ئەویش ئەوەیە کەرێکخراوێکی ئینسانی و هەست پێکراوەو دەتوانێ ڕاستەوخۆ شکڵ و شێوەی ئیمکاناتی عەینی کۆبوونەوە، ڕێکخراوبوون، بزووتنەوەو تێکۆشان دابڕێژێ لەهەر شانۆیەکدا ئەگەر پرسناژەکان و بەشداران واتە بینەران بەدەورەیەکی تازە لەدەرك و پێویستی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەگەن، پێمان وا نەبێ کارێکمان بەرێوە بردووە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەر ئینسانێك كەدێتە سەر سەحنە گۆشەیەك لەهەستی نەتەوەیەك لەگەڵ خۆ دەبات و دەی نوێنێ تا بكەوێتە بەر تیشكی دادوەری و ئاكام و بەرداشتە پێویستەكانی لێ بەدەست بێت. تائەتر پێویستە ئۆلگووی زیندووی كۆمەڵ بێت و ئەگەری تێكۆشان و رزگاریشی پێوە زیاد بكات. تائەتر دەبێ قەرارگای ئەم راپەرینانە، ئیدامەكاریانەو ئەزموونانە بێت و باوەڕ بەرزگاربوونی ئیسنانەكان بەروونی بدركێنێ.

لەهەلومەرجی بشێوو شكست خواردوی تائەتری ئەمڕۆ، كەهەوڵدەری نەجات و سەرخستنی ئەوین، ئیتر سیلاحی مەراسمە ئاینییەكان، سیلاحی سمبولیسمی ترسنۆك و سەرلێشێواو، سیلاحی ڕەخنە ژورنالیستییەكان، سیلاحی ناڵەو فوغانە رۆمانتیكیەكان و هەیەجانە غەمگینەكان، بگەرە سیلاحی گلەییە توندو ئوسوولیەكانیش، قەتماغەی وەها ژنگێكی لێ نشیوە كەناتوانێ تەنیا باریكە دەمارێك لەئەندامی ماسیوی دوژمنی بێ نیازو مێژووییمان بقرتێنێ. ئێستا هەلومەرجبەشێوەیەكی ترەو ئێمە پێویستیمان بەهونەرو ئەدەبیاتێكی خاوەن هەڵوێست و ڕاشكاو هەیە، پێویستیمان بەتائەترێكی خاوەن هەڵوێست و بەغیرەت هەیە. تائەترێكی كەلەپێگەی سەحنەدا پەردە لەسەر پەیوەندییە ناعادلانەكانی نیزامی چینایەتی هەڵبداتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی بێبەشیش لەناوەندی شكستی ڕاستەقینەی وجودی خۆیدا ڕابگرێ و مەودای نێوان ئەو و مافە لەدەست چووەكەی بەڕوونی بۆ دەربخات و هەمیشە ئامادەگەلێكی بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەدەستەوە بێت. تائەتری تێكۆشەر لەحاڵی گەڕان بەدوای دەرك و دەربڕینی ئەو بچووكترین پەیوەندییە زاڵمانەوەیە" كەگشت فەقرو بێ بەشیەكانی نەتەوەیەك لەكەڵەكەبوونی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. تائەتر، وەك باقی هونەرەكانی تر ئەهرومی سەرەكی خەباتی نەتەوەو چینە بێ بەشەكان نییە، بەڵام پێویستە بتوانێ هەر لەئێستاوە رۆڵی خۆی لەم پێناوەدا بەباشی بنوێنێ.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ناوەرۆك

ڕاگەیاندنی کەڕوکوێر ٤

**وتار:**

- کورتە باسێك لە سەر ئەدەبیاتی داستانی دوای شورش ٦
  ن : عەلی ئەشرەف دەروێشیان و: سەعید ئەمانی
- مێژووی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ١٢
  ع.شوان بەشی دووەم
- بڕاوانە کە عیشق چۆن دەئاژوێ ٢٧
  ن: مەحمود موعتەقەدی و. مانی شەهامی
- شێعر هەستی باڵ گرتووی مروڤ بەرەو عەداڵەتە ٣٢
  ن: کاوە کەریمی
- ناتەبا ٣٥
  ن: کاوە کەریمی
- فاشیزم ٣٨
  "وتەکانی برتوولت برشت لە یەکەمین کونگرەی جیهانی نووسەراندا" پاریس، ژوئن١٩٣٥
  و: مەجید مارابی
- ئیندێکسی بابەتەکانی گۆڤاری ((پێشەنگ)) ٤٣
  لەژمارە (١-١٥) (١٩٨٥ ـ١٩٩٥) زایینی (١٣٦٤ـ ١٣٧٢)هەتاوی
  بەشی یەکەم گۆڤاری پێشەنگ بەکوردی ن: ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)

## چیرۆک

- بەفرینە ٦٦
  بەسەرهاتێك، لەنوسینی عەلی ئەشرەف دەروێشیان و: کەریم ئەمانی
- مان ٧٠
  ن: پەری کریمی نیا
- جگەرە کێش ٧١
  ن: دۆستێکی پێشەنگ
- قالاو ٧٢



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ن: ڕەسوڵ کەماڵی و: لە فارسیەوە: سەباح موڕادی

## شێعر

• من ژیوانم ٧٤
ن: ئەمین محەمەد
• پێناسە ٧٧
ن: بژار ٢٠٠٥/٤/٤
• چەند شێعری کاك ناسری حەق پەرەست ٧٩
• نەوڕۆز ٨١
مەحمود باوەڕێز

## وتوویژ

• وتوویژ لەگەڵ دوکتور ئەمیری حەسەن پوور ٨٣
مامۆستای زانکۆی تۆڕێنتۆ لە بواری ڕوژهەلاتی ناوەراست دا
ئا: یونس. م
• وتوویژ لەگەڵ شەهرزادی موجاب ٩٧
ئا: یونس. م

## پروشە

• چاوخشاندنێ: بەسەر ڕۆمانی "دایك"ی ماکسیم گورکیدا ١١٨
ئا. پەیمان
• شێعرەکانی پوشکین سرودی سەربەستی، ئازادی و شۆڕشن ١٢٠
ئا : س. الف
• گارسیا لۆرکا ١٢٣
شاعیرێکی ئیعدامی لە ئەندەلۆس
ن : ئارام بەختیاری و: پێشەنگ
• هونەر وماتریالیسم ١٢٥
ن : دوکتور تەقی ئەرانی ئا : پێشەنگ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- چخۆف ی شانۆنامە نووس و " باخی ئالۆبالۆ " ١٢٧
  ن: هوشەنگ حسامی ئا: پێشەنگ
- من هەوڵم دا مرۆڤ بم (نامەی چارلی چاپلن بۆ کچەکەی) ١٣٠
  وەرگێڕ: دیاکۆ
- هونەر بۆ رزگاری نەك بۆ فرۆشتن ١٣٣
  ن : فواد شەمس١١/٧/١٣٨٤ و: ناسر حەقپەرەست


## دین


- ئایا مارکس یەك دژە مەزهەبی بوو؟ ١٣٥
  ن : مورتەزا موحیت و : سەعید ئەمانی
- "ئیسلامی سیاسی" چییە؟ ١٤٠
  ن: ئیبراهیم علیزادە
- سۆسیالیزم و دین ١٤٤
  ن: لینین و: شیلان غەریب
- ئیسلام، دیموکراسیو خەبات لەدژی ئیمپریالیزم ١٤٩
  لە: وتوێژدا لەگەل نوسەری خەباتگێڕی پاکستان (تاریق عەلی)
  وەرگێڕانی: سمکۆ محەمەدی
- ئایین لەڕوانگەی "رۆزا لۆکزامبورگ"وە ١٥٢
  ئا: پێشەنگ
- ئەندێشە و مەزهەب ١٥٣
  بابەتی سایتی گوڵشەن وەرگێڕان: عوسمان-م
- جێگا و شوێنی ئیسلام لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا ١٥٨
  ن: تۆراب حەق شناش و: دەریا
- ئەوەی کەدەبێ ئیسلام نوسێك بیزانێ ١٦٨
  نوسینی: ئەسەد سیف وەرگێڕانو ئامادەکردنی: عەزیز ئاجکیند
- هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوام بەهێز بوونی تیرۆریزمی نوێی ئیسلامی ١٧٦
  ن: عادل ئەلیاسی




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## تویێشوو


- تایبەتە بەیادی سەعید سولتانپور شاعیری شۆڕشگێڕ ١٨٩
  ك.عەسەل. ر و: كەیوان ئەفروزە
- ئەركی هونەر ١٩٣
  ن: سەعید سولتانپوور و: مەجیدی مارابی
- {لە هەوای تێكەڵی كازیوە دا} ١٩٦
  ن: سەعید سولتان پور و: سەعید ئەمانی
- "وێستگە " ١٩٧
  شانۆنامەیەكی سەعید سولتان پور و: شۆرش محەمەدی
- شێوەیەك هونەر، جۆرێك لەبیركردنەوە ٢٠٣
  "سەبارەت بەهونەر بەگشتیو تائەتر بەتایبەتی"
  ن "سەعید سولتانپوور"




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com